# نووسەری کورد

## گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد

ژمارە ٥ ٢و٤ خوولی ڕاپەڕین تشرینی یەکەمی ١٩٩٢

سەرنووسەر

دکتور عزالدین مصطفی رسول

•

سکرتێری نووسین: محمد موکری

دەستەی
نووسەران

جەلال بەرزنجی
قوبادی جەلی زادە
زاهیر ڕۆژ بەیانی
عبدالله سەراج
حەمە کەریم عارف
ڕۆوف بێگەرد
سعدالله پەرۆش
خدری سلیمان

نەژاد عزیز سورمێ

ناوونیشـــــــان

هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ
نزیک کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین

هەواڵنامەی کتێب

له شیعره بڵاونه‌کراوه‌کانی ماموّستای نه‌مر «کاکه‌ی فه‌للاح»
١٩٨٨

## ره‌هێڵه‌ی مه‌رگ

که ( باڵاميێو)
دەستی کرده مل شنروێ
بەرامبەر (کانی ئاشقان)
بەروّژ وشەو
بیّ ئەوەی چاو بچێته خەو
وەك پاسەوان
دەستەو نەزمری شاروه ستان
نەیان ئەزانی روّژیّ دیّ
تەم وخەمیّ دایان ئەگریّ
بەسەر تەرمی هەزارانا
دەبیّ بوّ کورد قران بگرین
بوّشاری خاموّشان بگرین

★ ★ ★

جاران ، جاران
جارانی زوو
وام ئەزانی
بەدەست شەر فروّشانەوه
تاك وتەرا لێره ولەویّ
هەر مروّڤ جوانه مەرگ ئەبیّ
خەیاڵ، ئەوخەیاڵەی نەبوو
شاریش گەوره بیّ یان بچوك
بەبروسکەی تاوانباران
ستەمکاران
وەك مروّڤ جوانه مەرگ ئیّ‌ەبیّ

★ ★ ★

(هیروّشیما) و (ناگازاکی)
لە دوورەوه
بە دەم ناڵەی ئەتوّمەوه
هاواریان کرد
خویّن خوّره مروّڤ خوّرەکان
چڵێسە تێر نەخوّرەکان
بازرگانە فاشیستەکان
قاسەو گیرفان پەرستەکان
بەخویّنی ئێمە سەرخوّشن
شەر فروّشن
خویّن ئەنوّشن
چاو سوورو ئەتوّم هاوێژن
ژەهری زوّرو ستەم ریّژن
ئێمەیان کرد بەگوّرستان
بوّ هەزاران، هەزار ئینسان

★ ★ ★

جاران، جاران
جارانی زوو
وام ئەزانی ژەهرو دەرمان
بوّیە هەیە
بوّیە ئەو داهێنانەیە
بوّ بزەو بوّ گەشەی ئینسان
، ئەوەش کەمارو مێروە
مێش و مەگەزی زیندوە
مروّڤ ژەهری بوّ رشتوە
کەچی هەڵەبجەی جوانەمەرگ
بەدەم گیانەلاوە ووتی:
لەدەمە دەمی نەوروّزا

مەرگی باران
بەهەزاران جەرگی تاران
لەناو دۆزەخی ستەم دا
لەگلارو پاشەرۆکی
سالآنی چەرخی بیستەمدا.
کەچەرە دوکەڵی ژەهر
لەجێی هەوری باراناوی
رەشماڵی مردنی هەڵدا
بەسەر شارو دەشت و دەردا
وەك رەهێڵە
لەیەك تاوا
مردنی نیو دەقیقەی
پۆل، پۆل مرۆڤی کورد باری
بەچەند چرکەیەك چی ئەکرێ
چی گیانداره ئەبێ بمرێ
کوا کێ ووتی لەم وولاتە
بەرهەمی یەکسانی قاتە
تەماشا تابلۆی ئەو شارە
تەرم و لاشەی بەهەزارە
لەهەم و رەنگ
لەهەم و دەنگ
ئەگەر مرۆڤ ئەگەر ئاژەڵ
سەرانسەر تێکەڵن تێکەڵ
گشت لەکوشتنا یەکسانن.
یەك بەهان و یەك بایەخن
بەبێ ئەوەی پێ بزانن
بەدیار زەقەی چاوی هەرچی
بنکەو دەزگای ئینسان هەیە
هەرچی کەوا ئەنجوومەن و
دەستەی نێو دەوڵەتان هەیە
بەبەرچاوی چی ئایین و
چی فەلسەفەو ویژدان هەیە
چی ئینجیل و قورئان هەیە

لەکوردستانی بێ نازو دڵشکاوا
لەهەڵەبجەی چەپکە گوڵێ
لەمێژە سیس و ژاکاوا
بۆمبارانی ژەهرو دەرمان
بەهەزاران
مەسیحیو وسڵمان هەیە
دەستەی مافی ئینسان هەیە
بەستەی مافی ژیان هەیە

کام ئەهریمەن کام ئەژدەهاك
کام هۆلاکۆ، کام جەنگیزخان
کام نەیروونی تاوان پەرست



کام هیتلە روکام درندە
دەستی تاوانی وای وەشان
پەڵەی ڕەش ڕەشی نەفرەتی
مێژوی خستە سەرناوچەوان

★ ★ ★

جاران (نالی)
بۆ (حەبیبەو) بۆ (خاك و خۆڵ) شیعری ئەووت
یان (مەولەوی)
بۆ مەرگی (عەنبەر) خاتوونی
بەخوڕ فرمێسکی شیعری ڕشت
خۆ (کەمالی)
بۆ (ئەحمەد موختار) ی شاعیر
دلۆپە ئەشکێ بوو دڕشت
دوێنێ گۆران
بۆ (هیوا)ی جگەر گۆشەی‌و
(ساوای بێ دایك) چی نەوت
بەڵام شاعیری کورد ئەمڕۆ
هەتا ماوە
ئەبێ پرسەی شیعری گەرم
نەوەك بۆ تاقە ئینسانێ
بەڵکو بۆ گەلا ڕێزانێ
بۆ درووێنەی مرۆڤی کورد
لەنەورۆزا
بۆ وەرزی خەزانێ دانێ..



**گفتوگۆیەکی ئازاد لەگەڵ**

# رووناکبیری کورد مامۆستا سەلاحی موهتەدی


**گفتوگۆ وئامادە کردنی**

**نەژاد عزیز سورمێ**

**ئازاد جندیانی**


ئەم گفتوگۆیە؛ رووبەروو لە دانیشتنێکی تایبەتیدا، ناوەراستی مانگی دووی ئەمساڵ (١٩٩٢)، ئەو کاتەی کاک سەلاح لە کوردستان بوو ئەنجام دراوە.. ئەمەی دادێ (دەقی گفتوگۆکە) وەکو خۆی لەبەر کاسێت بێ دەسکاری نووسراوەتەوە.

**نەژاد :** سەرەتا بەخێر هاتنێکی گەرمت لێ دەکەین مامۆستا سەلاح ، پێمان خۆش بوو کە لەم دەرفەتەدا پێک گەیشتینو چاومان پێتان روون بووەوە .. راستی حەزیشمان کرد دانیشتنەکەمان خۆمانە بێ بەراستی ئێمە هیچ پرسیارێکمان ئامادە نەکردووە لە تاقە پرسیارێک زیاتر .. ئەویش هی کاک ئازادە پێم خۆشە هەر خۆیشی پرسیارەکە بکا ...

**ئازاد :** پێمان خۆشە هەر لە خۆتەوە دەست پێ بکەین ، کاک صلاح موهتەدی لای ئێمە زیاتر وەکو سیاسی یەک ناسراوە ، بەڵام کاک صلاح وەکو نووسەریش لای ئێمە ناسراوە ، ئەو چیرۆکە درێژەی کە ناوی ( کێ رەچەی شکاند ) ، حەز دەکەین هەر لەو چیرۆکەوە سەرەتای کاری ئەدەبیت شتێک بزانین ، هەروەها ئەوەی کاک نەژادیش پێش دانیشتنەکە باسی کرد، وابزانم چیرۆکی ( نانو فیشەک ) بوو، رەنگە ئەویش سەرەتایەکی تر بێ ... حەز دەکەین ئەوە بکەینە دەرگایەک بۆ چوونە ناو گفتوگۆکەمان ، هەروەها باس کردنی ئەو مەسەلانەی پێویستیان بە لێدوانە ...

**کاک صلاح :** بەڵێ سووپاستان دەکەم ، لە کوێوە دەست پێ بکەین ڕەنگە لەوەوە لە کوردەواریدا بە حوکمی ئەوەی شیعر ئیمکانی لەبەر کردنو سینە بە سینەو گوێستنەوەی لەمەوە بۆ ئەو هاسانتر بووە و نەثر وەکو ئێستا بۆیان داناوە پەخشان، ڕێگای زەحمەت بووە بۆ بڵاو بوونەوە چونکە کتێبو نووسراو چاپەمەنی دەوێ لەبەر ئەوە نەثر یا پەخشان رابوو ردوویەکی کۆنی نی‌یە لە کوردەواریدا ، جا ئەگەر شتێکیش بووبێ زەحمەت ڕاگیراوە وەکو دەڵێن ئەگەر نووسراوەی خەلکو ئەدەبیاتو نووسینو هەر بەشێک بەرهەمەکانی بیری ئینسان میللەتانی دیکە لە مەکتەبەو لە هۆزە لە زۆر جێگادا توانیویانە بیپارێزنو ڕابگرن ، ئەدەبیاتی کوردی لە کوێدا پەرەی سەندووە ، ئەدەبیاتی کوردی ئەوە بووە کەدەست بەدەست نووسراوەو شاردراوەتەوە بە نهێنی لە کەلێنو کەلە بەرو قەڵەشتی دیوارو لەبن عەرزو ..., ..., ..., ... ، ئەدەبی کوردی ، ئەدەبێک نیە لە مەکتەبەکان دا خوێندرابێو پەرەی گرتبێو گەشەی سەندبێ، ئەدەبێکە لە قەڵەشتی دیوارو گونو بەردو لە شاخو کێلوو لە ئەشکەوتو لە ماڵەکان لە کۆچەو کۆڵانی شارەکان دەست بە دەست بووەو هەتا جارێکی هاتوون بپرسنەوە ماڵێک بپشکنن بەشێکی سووتێندراوە لە جێگای وادا ، پەخشان زەحمەت بووە پەرە بستێنی شیعر هاسانترە بە دەستەوە ترە لە بارترە ، چەکێکی سووکو هاسانو لە بارو بە دەستەوە بووە ، بۆیە پەخشانی کوردی رابردووی زۆر نی‌یەو نەیتوانیوە پەرە بستێنێ ، بەڵام لەگەڵ گەشە کردنی کۆمەڵ لەگەڵ گەورە تر بوونەوەی شارەکان لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی خەڵکی خوێندەوارو نیشتەجێ بوونیان چ لە شارەکانی کوردستان چ لە پایتەختەکانی وڵاتانی داگیر کەری کوردستان کە هەیانە لەگەڵ ئەوە پەخشانیش دەوری خۆی بینووە یەعنی ئیمکانێکی زیاتر بووە ، بێجگە لەوە وسائلو مەوزوعاتو سۆژەی تازە هاتە گۆڕێ ، کە ئەو سۆژانە،ئەو موزوعانە نەدە کرا لە ناو شیعردا بە تەواوی بگووترێ ، ئەگەر ئەتۆ بتەوێ هەموو جەوانب،هەموو قوژبنەکانی ژیان یا بەشێک لە ژیان یا کومەڵێکی جیاوازی ئینسان نیشان بدەی نا چار دەست بۆ غەیری شیعر بەی ، ئێمە لە کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی چلەوە ( هەتاوی ) وەکو خوێندەوارو لە سەرەتای شێستەکانەوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دروست بوو بە نهێنی ، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکان ناوێکی هەبوو کۆمەڵەی خوێندکاران کورد لە زانستگاکانی ئێران ئەمانە جگە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەی خۆیان دەیکەن ئەو کارەی کە بۆ رزگاری دەیکەن

دەستیان دا کارێکی فەرهەنگی نووسینو گەشە پێدانی زمانو ئەدەبی کوردی ، قوتابخانەیەکی نوێی کوردی دامەزرا لە شیعرو لە نەثردا لە جێگای کەشدا نووسراوەو رەنگە منیش مساهەمەم هەبێ بریێک لەو مێژووەدا،لە شیعردا سوارە پێک هات، فاتیح شێخ عەلی ئیسلامی و عەلی حەسەن و کومەڵێکی تری خوێندەوارانو ئەهلی تەحیقیق و لێکولێنەوە لەسەر شتی کومەڵایەتیو فەلسەفە پەیدا بوو کە بەرهەمەکانیان بە کوردی بنووسن شان بە شانی ئەوە وەکو ئەمیری حەسەن پوور یا خەڵکی کە بەڵام شان بە شانی ئەوە دەستیش درا نووسینی پەخشان ، ئەوەی من ئێستا بۆتان باس بکەم ئەو سەردەمە، کە شۆرشی ( کوردستانی عیراق ) دەستی پێ کرد بوو و بەشێکی زۆر



لە رووناکبیرانی کوردستانی ئێران هاتبوون لەشۆرشەکەدا بەشداریان کرد بوو ، رەنگە بەشێکیان برێک نا هومێدیو دڵساردیشەوە گەرا بوونەوە و هەڵویستەکانی ئەو سای سەرکردایەتی شۆرش لەگەڵ حەرەکەی رزگاریخوازی کوردستانی ئێران و هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران ، وای لێکردن کە ئەو فکرە زیاتر بڵاو بێتەوە کە لە باتی کوردستانی عیراق بکەن بە قاعیدەیەک،بنکەیەک بۆ کارو فەعالیاتی خۆیان وەک هەمیشە وابوو چۆن ئەو خەباتە بێننەوە نێو کوردستانی ئێرانو ئیشەکە بخەنە سەر بارێکی دیکە بەشێکی باری نهێنیو بەشێکی باری ئاشکرایی فەرهەنگیو نووسین بوو لە ئەنجامی ئەوەدا بوو کە دەست کرا بە بڵاو کردنەوەی کومەڵێک بەرهەمی بە نرخ لە تەحقیقو لێکولێنەوەی تاریخی ، عیلمی ،

فەلسەفی لە شیعر و پاشانیش لە پەخشان ئەوجار ئەمن دەچمە سەر پەخشان سالی ١٩٦٧ یا ١٩٦٨ شۆرشێکی چەکدارانە دامەزراولە کوردستانی ئێران دەستی پێ کردو سەری هەلدا کە کەسانێکی ناسراوی وەک سمایلی شەریف زادەو مەلا ئاوارە و سلێمانی معینی و بەقیەی سەرکردە شەهیدەکانی ئەو سەردەمە هەمووتان دەیناسن و ئەوان بە دەستیانەوە گرت ئەمانە لە واقیعدا بالی نیزامی بالی عەسکەری حەرەکە کە بوون ، بالی سیاسی بزووتنەوەکە ئەوە بوو لە شارەکانی کوردستانی ئێران و گوتم درێژەی ئەو کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستان کە لە پێشوودا هاتبوو وە پاشان ئەویش لە نێو خۆیدا گەشەی کرد بوو و ببووە حەرەکەیەکی تەنزیمی گەورە ئەمە بالە سیاسیەکە بوو ئەو دوو بالە بە یەکەوە هاوکاریان دەکرد ، بۆ چوونەکان لە لایەکەوە رەنگ دانەوەی نا هومێدیەک بوو لە شێوەی سەرکردایەتی ئەو حەرەکەتە لە لایەکی دیکە هەر بێجگە لەوە، هەلقولاو بوو لە واقیعو وەزعە تازەکەی دنیاو کوردستانیش .

ئەو وەختە بیرو باوەری چەپ بە فراوانی لە هەموو دنیادا و بە تایبەتی لە راپەرینەکانی خیلافی چینی سۆڤیەت دەستی پێ کرد بوو بیری نویی سۆسیالیزم و مارکسیزم بلاو ببووە دژایەتیەک دەکرا لەگەل مارکسیزمی تەقلیدی ، وەنە بی ئەوە هەر لە رۆژهەلاتی ناوە راست ، هەموو لە بیرتانە شۆرشی مانگی مەی لە پاریس ئەو حەرەکەتە تازەی چەپ لە رۆژهەلاتی ناوە راست دا بلاو بووە وە لە نێو کوردیشدا بلاو بووە ، کەوا بوو حەرەکەتە سیاسیەکە لە لایەکەوە لە واقیعێکی وەزعی کوردستان و سیاسەتی ئەم سەردەمەی شۆرشی کوردستانەوە هەلدە قولاو لە لایەکی دیکەشەوە لە واقیعێکی جیهان و بۆچوونێک کە رووناکبیری کوردیش وەکو رووناکبیری هەموو دونیا دەیبیست و دەیخوێندەوەو تەئسیری وەر دەگرت لەو سەردەمەدا کە شۆرشە چەکداریەکەی ( ٦٧ و ٦٨ ) ی کوردستانی ئێران کە سمایلی شەریف زادەو مەلا ئاوارە لەگەل بوون دەستی پێ کرد و لەو کاتەشدا کە پەیوەندی پتەوو رێکو پێک بەر قرار بوو بەینی ئەو بزوتنەوە سیاسی و فەرهەنگیەی کە لە شارەکان بو لەگەل ئەم بزووتنەوە چەکداریە وە هاوکاری و هاو خەباتیەکی پتەو ساز بوو ، بەشێکی زۆری ئەم چیرۆکانەی کەوا ئێستا لێرە باسی دەکەیت و لە منت پرسی بەرهەمی ئەو وەزعە سیاسیەی ئەو سەردەمەیە .

**نەژاد :** دیارە نان و فیشەک بەرهەمی ئەو کەش و هەوایە بووە؟

**کاک صلاح :** نان و فیشەکیش بەرهەمی ئەو وەختەیە ، وەک رچە شکاندیش بە نەوعێکی دیکە رەنگدانەوەی ئەو وەزعەیە ، نووسراوێکی دیکەش



هەیە بە ناوی ( براڕۆ ) کە باسی شەڕی برا کوژی دەکا.

**نەژاد :** وا بزانم لە یەکێک لە گۆڤارەکانی دەرەوە بڵاوت کردوتەوە .

**کاک صلاح :** راستیەکی ئەمن نازانم چونکە ئەوانە لە دەست من چوونە دەرێ ئێستا بۆت باس دەکەم چۆن لە دەست من چوونە دەرێ ، ئەوانە بەرهەمی ئەو وەزعە تازەن ، جا شتێکی خۆشە لە عەینی کاتدا نیشاندەری سیاسیو فەرهەنگی کورد دەکا وەختێک ئەوانە بڵاو دەبوونەوە ، نە دەکرا ئیمکان نەبوو چاپی بکەین لە رێگای چاپخانە بڵاوی بکەینەوە هەر کەس وەزیفەی بوو وەکو ئەرکێک،دەست نووس بڵاوی دەکردەوە شار بە شار دەگەڕاو دەست نووس بڵاو دەبووە ، پێشمەرگەش کە ٦٧ و ٦٨ دەستیان دا بووە حەرەکەتی چەکدارانە پێیان بوو لە کۆبوونەوەی خۆیان لە گوندەکان کە کۆدەبوونەوە لە مزگەوتەکان چیرۆکەکانیان دەخوێندەوە بۆ خەڵک و بۆیە بەشی زۆری ئەو چیرۆکانە بەو زمانە نووسراون کە ئەگەر خوێندرایەوە جەماوەرێکی زۆری خەڵک بتوانی کەڵکی لێ وەرگرێ،بتوانێ لێی تێبگات .

**نەژاد :** یەعنی شتەکە زیاتر تەوجیهی یە .

**کاک صلاح :** بەڵێ لەگەڵ ئەوەش نازانم ئێمە چەند توانیومانە ئەو چیرۆکە ئاوا بنووسین کە خەڵکەکە تێبگا چونکە بەشێکی زۆری رشەکانی دەگەیشتەوە سەر کێشەکەی کرێکاروە تەنانەت سەر کێشە تەنزیمیەکانی ئێمەش ، من دەزانم ئەوە هاسان نەبوو بۆ خەڵکی دەرەوە بەتایبەتی بۆ خەڵکی غەیری رووناکبیر ، غەیری ئەو خەڵکە رووناکبیرەی کە ئێمە تێیدا دەژییانو کارمان تێدا دەکرد زۆر هاسان نەبوو تێگەیشتنی بەڵام هەوڵ دراوە تەنانەت ئەگەر گۆشەیەکی لێ دەدرێ ، ئیشارەیەکی پێ دەکرێ ، ئیشارەیەکی خەفیف لە بۆ ئەوانە کە بتوانێ بە هاسانی تێی بگات .

**ئازاد :** مامۆستا لێرە دەکرێ قەتعێکی بچووکت بکەم ئەگەر ئیجازە هەبێت ، من بەش بە حاڵی خۆم لە چیرۆکی(کێ رەچەی شکاندادا) دەوری رۆشنبیر دەورێکی بەر چاوت داوەتێ کە ئەوەی بە بیرم بێ لەو حاڵەتەی ئینعزالو کردنەوەی ئەو بوقعە زەمینەی کە ئەتۆ معالجەی دەکەی ئەو شوێنەی کە ئەتۆ معالجەی دەکەی ئەو مامۆستایەی بۆ رێ پیشان دانی خەڵکی زەحمەت کێشی ئەوێ دەورێکی باڵای دەبێ کە

لەو ئینعیزالە لەو دووره پەرێزیەی کوردستان خەڵکەکەی ئەویٚ دەربازی بیٚ دەکریٚ هەندەک بیگێرینەوە بۆ سەر دەوری رۆشنبیری لەبەر پاکردنی ئەو شۆرشەی کە جەنابت باسی کرد .

**کاک صلاح :** بێگومان ، چۆن نا ، من ناچمە نێو ئەو دووریژە تەفسیلە کە لە ولاتانی تەنانەت لە ولاتانی سەناعیش لە وولاتانێکیش کە سیفەت پەرەی سەندو ژمارەیەکی زۆر کرێکار هەیەو هەبووە بیرو باوەری چەپو تەنانەت بۆچوونەکانی مارکس خۆی لە دیدا لە حەلەقەیەکی رووناکبیری دا گەشەی کردووە هەر چەند هەڵقولاوە ئەو سەردەمە لە وەزعی چینی کرێکار بەلام بە دەستی خوێندەوارو رووناکبیر کراوە بە کیوری ، جا چۆنە ئەوە وەختێک بێ لە وولاتانی وەکو جیهانی سێیەمو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوە راستو بە تایبەت کوردستان کە واقیعیکی جینایەتی وانە بووە کە کرێکارو پرو لیتاری کورد ئەوەندە زۆری وە دژایەتی ئەو لەگەلٚ خاوەنکاری کورد و لەگەل سەرمایەداری کورد بگاتە ئەو رادەیەی لە ئەنجامی ئەو ململانە دا بیری چەپ گەشە بکا بەڵکو راستیەکەی ئەوەیە لە رۆژهەلاتی ناوە راست وە بە تایبەتیش لە کوردستانی ئێمە کە دیار دیاردەیەکی ترت بۆ باس دەکەم بیری چەپ لە پێشدا لای رووناکبیرەوە هاتووە جاپاشان هەوڵ دراوە کرێکار تێبگەیەندریٚ نەخوازە لەکوردستان کە هەر بەشێوەیەکی دوو لونە ئەوە کە هەر بیرە کە خۆی لە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی میللی کورد سەرچاوەی گرتووەوە/چەپەکانی کورد تا ئەو جێگایەی من تێیدەگەم و خوێندومەتەوە هەر هەمیشە بۆ چوونی چەپ وەکو نوسخەیەکو دەرمانێک بووە بۆ دەردە کومەلایەتیەکەی کورد کە لەسەر هەموویانەوە دەردی ژێر چەپۆکی و نەبوونی سەربەخۆی میللیە یەعنی تەنانەت چەپەکانی کوردیش بەتایبەت ئەو کەسەکە پێی دەڵێن چەپی کورد هەر چەند بلێ کورد لە ئەڵقەی چەپی کورد چوونە دەریٚ ئیتر بە هیچ بزووتنەوەی کوردەوە خۆیان نەبستۆتەوە ئەوە حسابێکی کەیان هەیەو هەر دەوریشیان.نەبووە لە مێژوودا بەلام ئەوەی پێی بلێن چەپی کورد تەنانەت ئەوەش بیرو باوەرە چەپەکەی لە واقیعدا نووسخەیەک بووە یا رەچەکەیەک بووە نووسراوە ئەو پێی وا بووە باشتر سەرکەوتنی کورد مومکینەو ئاوا رزگاری دەکات ، ئیمکان ترە ، جا ئەو جارەکە لە ناو ئەو کوردستانە دیارە باسی ئەوەی کردوە کە کرێکارو زەحمەت کێشو خەباتی چینایەتیش یەعنی خەباتی چینایەتی لە کوردستان دەمەویٚ نەتیجە وەربگرم کە خۆی شان بە شان بڵێن مەحسوولە یا بەرهەمێک بووە



لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد ، چینـــەکانی جـۆراو جـۆری کوردستان هەولیان داوە بۆ رزگاری لـە زەمـانی کۆنـەوە لە زەمانی دەرەبەگایەتی پاشان لە سەرمایەداری جا دوایـەش رووناکبیر و خوێندەوار هاتن جا گەر وابێ ئـەو رزگاریـە بـە دەستی جووتیارو زەحمەت کێش دێتە ئەنجام ، جا بۆیە خوێنـــدەواری کـورد دەوری پێشرەوی هەبووە لە(کێ رچەی شکاندیشدا) ئـەوە سـەعی کراوە کە بکووترێ وەختێک خوێندەوارو رووناکبیری کـورد خـۆی حازر دەبێت لە ژیانا خوێندەوارو رووناکبیریەکەی خـۆی وابێتە دەرێ بچێتـە نێو جەماوەر لە بیری ئەو وتواناو وزەی جـــەماوەر تـــەرکیبێکی نـوێ دروست دەبێ و رەنگە زۆر کەس ئیرادی لـەوە گرتبێ کە ئەوە دەوری کرێکار کەم دەکاتەوە لە بەرامبەر دەوری رووونـــاکبیر مـــن کـــەمی ناکەمـەوە . واقیعەکـــە وایـــە .

**نـەژاد :** منیش هەر وای دەبینم ، مەبەستم لــە کـــوردستانی ئێران کە چینی پێشرەو ، ئێوە ناوتان بە(چینی پێشرەو)برد ؛ خوێندەوارو رۆشنبیر، زیاتر لە لایەنە سیاسیەکە رەنگی داوەتـەوە وەکا لایەنە ئەدەبیەکە، نوختەیەکی ترهەیە حەز دەکەم متەوجیهی بن ، جـەنابت بـاسی پەرەسەندنی پـەخشانو مەسەلەی شیعرو پەخشانتـان کـرد ، راستەیەکەی ئێمە روژنامەگەریمان بەو حیسابە زۆر کـۆن نیـیـە ، ( ٢٢ نیسـانـی ١٨٩٨ ) لە قاهیرە دوور لە کوردستان ، ئـەو دوورە دەستیـەش ئـەو کارەی بەسەر کوردستاندا نەبووە،بەراستی لەو مەسەلەیەدا .. ئەگـەر باسی زمانی ئەو ساش نەکەین من پێم وایە تەئیسری هەبووە کەم تا زۆر ... کە پێشکەوتنی پەخشانیش زۆر پەیوەندە بە رۆژنامەکەری لـە پاڵ ئەوەی پەیوەندیشە بە نووسینی تر مـەسەلا نـووسینی سیاسی یا لە شێوەی کتێبیش دا بووبێ کە دیسان هەر کەم بووە ..

مەعلوومە وەکو ئێستا نەبووە دوای راپـەرینی کـــوردستانی سەر بە عیراق .. کە وای دەبینم راپەرینو بزاڤ لە هەر لایەکی کوردستان بێ دەبێ بە قوولیەکی ستراتیژی بۆ لایەکانی تر واتـــە کـــوردستانەکانی سەربەئێرانو تورکیاو سوریا .. راستی حەزمان دەکـــرد لـــەم کۆشە نیگایەیـــەوە بیـــرو رای ئێوەشمـــان کـــوێ لـــێ بـــێ .

**کاک صلاح:** رۆژنامەگەری کورد بەلێ دەورێکی کـەورەی هـەبووە ، نەک هەر لە یەک پارچەدا بەڵکو رۆژنامەگەری کورد بیـــرو بـــاوەڕی کـــوردایەتی و رزگاریخوازیو ئازادیخوازی لەم پارچە شەوە بردۆتە ئەو پارچە .

**نـەژاد :** مەبەستم لــە نەشرە ...

**کاک صلاح :** نەثرەکەش بالذات لە ڕێگای ڕۆژنامەگەریەوە بووە ، بۆ ئاگاداریتان هەمو ئەو کەسانەی لە یەکەمین حیزبی سیاسی کوردستانی ئێرانیدا دەوری گرنگی یعنی لە کۆمەڵەی ( ژ . ک ) . کومەڵەی ژیانەوەی کورد دەوری ئەساسیان هەبووە ئەو حیزبەی کە توانی بناغەی حیزبایەتیەکی نوێ پێشکەوتنخوازوسەربەخۆ خوازو یەکگرتن خوازی کوردی دابمەزرێنن ئەوە هەمووی لەژێر تەئسیری ئەو ڕۆژنامەندا بوون کە ئەو کاتە لە کوردستانی عیراقەوە دەهات بۆ کوردستانی ئێران تەنانەت بە قاچاغ بڵاو دەبووەو بە دزیو بە نهێنی دەیانخوێندەوە ، ئەوە ڕاستە .

**نەژاد :** بە نیسبەت نوقتەی یەکەمەوە کە عەرزم کردن ، ڕۆشن فکرەکانی کوردستانی ئێران زیاتر لایەنە سیاسیەکەیان گرتووە یعنی بە گشتی لایەنە سیاسیەکەیان گرتووە ... مەسەلا ئەگەر لی ڕامێنین نووسەرانی کوردستانی سەر بە ئێران ئەوەندە بە ئەدەبی فارسیە موتە ئەسیر نین ، یا بڵێین ئەوەندەیان سوود لە ئەدەبی فارسی وەر نەگرتووە کە لە پاڵە خویانە، ئەوەندەی نووسەرانی کوردستانی سەر بە عیراق سوودیان لێ بینیوە... یا هەر چی نەبێ شتێکیان لێ گەڵاڵە کردووە .. هەر بە نموونە لە مەسەلەی نوێخوازی لە شیعری کوردی دا بەو ڕادەیە نەبووە کە لەم دیو کوردستانی عیراقدا هەیە .. کە لەوانەیە یەکێک لەو ئەگەرانەی ئەو زەمینەی خۆش کردبێ شیعری فارسی بووبێ لە نیماوە پێدا وەرە تا ( احمدی شاملو ) و ئەوانی تر .. بە حەقیقەت من دەمێکە ئەو تێبنیەم لا دروست بووە .. هەتا ڕادەیەک تووشی برادەری کوردی ئەو دیو بووم هەندێ جار تا ڕادەی ئەوەی ناوی شاعیرێکم هێناوە نەنیاسیوە ، بەو مەعنایەی نەیخونیدۆتەوە ...

**کاک صلاح :** شاعیرە نوێکانی ئێران ناناسن ؟

**نەژاد :** بەڵێ بەڵێ ... مەبەستم فلانە شاعیر .. یعنی شاعیرێکی دیاری کراو.

**کاک صلاح :** ئەی زیاتر لە سەر تەئسیری چ بوون ؟

**نەژاد :** ڕاستی من وای لێ حاڵی بووم لەژێر تەئسیری کلاسیکیاتی کورد دا دەر نەچووبن ڕەنگە هەبن .. یا ڕەنگە ئەوەش بە هۆی ئەوە بووبێ کە خوێندن لە ئێران بە کوردی نەبووە یا هەرقەدەغە بووە ..

**کاک صلاح :** ئەگەر ئەمن واتێ بگەم ئەتۆ دەڵێی ئەدەبی نوێی فارسی زۆری تەئسیر نەکردوەتە ئەدەبی نوێی کوردی لە کوردستانی ئێران .

**نەژاد :** بەڵێ .

**کاک صلاح :** شیعری نوێ لە کوردستانی ئێرانیشەوە هەرسەرەتاکانی دەگاتەوە سەرەتاکانی سالی ١٩٦٠ دوو سەرچاوەی هەیەسەرچاوەیەکیان شیعری

نوێی کوردی بوو کە شارەزاییو ئاشنایی ئێمە لەگەڵ ئەو شیعرە یەکەمجار لە گۆرانەوە دەستی پێ کرد لە دیوانەکەی گۆرانەوە کە بە نهێنی هات بۆ ئێمە لە ٥٢ و ٥٣ وە تەبع ببوو لێرە بەهەشت و یادگارو فرمێسکو هونەر، بەڵام ٥٢ و ٥٣ نەگەیشتە ئێمە بڵێین جیلی تازە لە ( ٥٩ ) و ( ٦٠ ) ەوە لە(٥٨)ەوە پاش چواردەی گەلاوێژی کوردستانی عیراقو کرانەوەی سنوورو زیاد بوونی پەیوەندی ئێمە توانیمان بەرهەمەکانی گۆران ببینین وەلێوەرا تەئسیری شیعری نوێی کوردی کەوتە سەر شاعیرو ئەدیب و هونەرمەند کوردە گەنجەکانی ئێران بەڵام ئەمە بەس قاچێکی بوو ، قاچەکەی دیکەی شیعری نوێی ئێرانە کە خۆی بە بیستو پێنج ساڵ سی ساڵ پێش ئەوە دەستی پێ کرد جا نازانم لەگەڵ باوەڕەکەت ئەگەر متفق نەبم چیم بە سەر دێ بەڵام بەشێک لە شاعیرە نوێ کانی کوردستانی ئێران لە سەرووی هەمووانەوە (سوارە)، رەنگە تۆ چاک نەزانی کە لە شیعری فارسیدا دەستێکی کەمتری نەبوو کە لە شیعری کوردی وە بەرهەمە فارسیەکانی سوارە بە شیعری نوێ ، ئەو کاتە لە نێو رووناکبیرانی کوردا کەمتر بڵاو نەببووە لە بەرهەمە کوردیەکان لە نیماوە تا شاملو تام. ئومید . تا نادر پوور تا فەروخی فەروخزاد تەئسیریان هەبوو بەڵام ئەو تەئسیرە ...

**نەژاد :** من ئەو مەوزوعە بە گشتی باس دەکەم ، من هەندێ لە بەرهەمەکانی سوارەم دیوە ، بەڵام من باسی شاعیرێک ناکەم ، مەبەستم ئەوەیە بڵێیم شیعری فارسی کە دیارە ئێوە تیایدا شارەزا ترن .. ئەو کارە کاریگەرەی ئەوەندەی بەسەر ئەدەبیاتی داهێنانی کوردی سەر بە عیراق هەبووە بە تایبەتیش ئەم دە پازدە ساڵەی دوایی نیو ئەوەندە کاری نەکردوتە سەر داهێنانی کوردی لە کوردستانی سەر بە ئێران .. ئەگەر چی لەوانەیە تەئسیرەکە بۆ ئێرە لە رێگای تەرجەمەیشەوە بووبێ ...

**کاک صلاح :** ئەوە ئەگەر بچمەوە سەر بارەکی سایکۆلۆجی دەچمەوە سەر شتێک کە کورد لە کوردستانی عێراق زۆرتر دڵی بەلای زمانی فارسی دەکورکێنێ تا خۆی کورد لە کوردستانی ئێران ، ئەوە بەشێکی دەچێتەوە سەر سیاسەت ، تو جەزرەبەکەت لە دەست زمانو ئەدەبو فەرهەنگو سیاسەتو سەر نێزەی عەرەبەوە چێشتووە بە شێوەیەکی گۆشەیەکی چاوت لەو دیوی سنوورە ئەوە نەک هەر لەسەر شیعری شاملووە ئەوە لەسەر گۆرانی بێژەکانە تەنانەت بەداخەوە هی خراپترین گۆرانی بێژە فارسەکان عادەتەن لە ئێرانێ بە گۆرانی بێژی دەرجە سێو چوار دادەنرێن ، تەماشادەکەی زۆر برەوێکو رەواجێکی

زیادیان هەیە لەم دیوەی کوردستان کەچی لەم دیو کەخۆی خەڵکەکەی دەبێ هێندە برەوی نی‌یە ، فارسی پێخوش بوونو فارسی پەسند کردن تەنانەت جیگایەک تێکەڵە لەگەڵ فارسی نەزانین،گەیووەتە جێگایەک زۆر ووشەی فارسی وەرگیراوە و هێنراوە ناو زمانی کوردی هەر بە هوی ئەوە شوکور عەرەبی نی‌یە، کەچی تەماشای دەکەی ئەوە کوردیش نیە ، ئەوە بەشێکی دەچێتەوە سەر ئەوە ، ئەوە شتێکی روحی‌و نەفسی‌یە ، نەتیجەی وەزعی سیاسیە ـــ نازانم چەنــدە لــە کوردستانی ئێرانیش پێچەوانەی هەیە ، باوەر ناکەم زۆر هەبێ بەڵکو بێگوومان لە کوردستانی ئێرانیش پێچــەوانەی ئەوە دەبیندرێ ، یەعنی خۆ دەپارێزن لە بەکار هێنانی زۆر ووشە کە پێیان وایە ئایا ئەوە فارسی‌یەو پێش گیری دەکا لە پالاوتنو رازاندنەوەی جوانکردنی زمانی کوردی‌و دەر کردنی ووشەی بێگانە ئەوان ئاوای دەبینن ، بەشێکی دەچێتەوە سەر ئەوە ، ئەوە لە گۆرانی لە نووسین لە شیعر تەنانەت ئەو دڵ بۆ چوونە ئەو دڵ پێخـۆشبوونە ئەو جەزبە رەنگە هەتا لە عاداتو رسوومو عیلمو سینەما تەماشا کردنو دانیشتنو نان خواردنو هەستانیش تەئسیری بوو بێت هەر چی لەو دیو سنوورەوە بوو بێت بە شتێکی جوانو رازاوەو پیـرۆز داندراوە وەک نەوعێک دژایەتی بووە لە بەرامبەر نەوعێک بەرەنگاری بووە بەرامبەر ئەو داپلوسینە ئینسانەی کە بەسەر گەلی کورد هاتووە لە کوردستانی عیراق ، بەشێکی دەچێتە سەر ئەوە .

**ئازاد :** دیارە دوو سەرەتا لە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی عیراقی پیشینە ـ یەکی ئەوەندە دوورو درێژی نیە، ئەو چیرۆکەی جەنابت ئەوەی کەمن خوێندبمەوە کێ رچەی شکاند لە رووی تەکنیکیشـەوە جگە لە رووی ئاوە روکەوە پاشکەوتوویی نیە بەپێی قـۆناغی پێشکەوتنی سەقافەی کوردی بەشێوەکی گشتی گونجاوە لەگەڵ سەردەمی خـــــۆی داوە پێشینەیەکی تریش هەیە لە کوردستانی ئێراندا مەسەلەی رومانەکەی ( **پێشمەرگە** ) ئەوەی رەحیمی قازی کە دوو پێشینەی زۆر گرنگن لە مەجالی نەثر،لە مەجالی چیرۆکدا کەچی دوای ئەوە ئەو حاڵەتی ئینقطاعە کە دروست بووە بۆ دروست بووە ئەگـــەر رەچاووی ئەو قسەی جەنابت کە تەئسیراتی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ئەدیبەکانی کوردستانی ئێران دا هەبـــووە .

**کاک صلاح :** بۆ چی ئینقطاع بوو بۆچی ئەو پسانەوە دەبیندرێت، ئەگەر باسی چیرۆکی پێشمەرگە بکەین لە دەرەوەی کوردستان چاپ بووە وەختی خۆی کە پاش رووخانی جمهوریەی کوردستان کۆمەڵـەی خوێندەوارو



ڕووناکبیری کوردستانو لە دەرەوە بوونو
لە سۆڤیەت بوونو ئەم چیرۆکە
چاپکراوە و هەرگیز ڕێگای نەبوو لە
کوردستانی ئێران بڵاو بێتەوە ، کوردی
ئێران قەد ڕێگای نەبوو
بیخوێنێتەوە ، تا ئەو سەردەمانە
ئێستا ئەمن لەوی نیم ، نازانم ڕێگا
هەبووە بلاوی بکەتەوە یان نا ، ئەوە بەشی پێشمەرگە یەعنی چیرۆکی
پێشمەرگە..

چیرۆکەکانی ٦٧ و ٦٨ تۆ دەبینی هەموویان چیرۆکی کورتن یائەوەی
کە لە ئەو بکا پێی دەڵێن چیرۆکی کورتی درێژ یەعنی لە هەر حاڵدا
ناتوانن بگەنە ڕومانی گەورە ، چونکە ڕێگای نەبووە تەبع بکریو بە
ئازادی بڵاو بێتەوە دەبێ بە نهێنی بینووسی بە نهێنی بڵاوی
بکەیەوە ، بە نهێنی حەجمو قەوارەی لەوە زیاتر نەدە بوو ، ئەمجا
چونکە ئەوانە بەرهەمی خەباتێکی سیاسی کومەڵایەتی فەرهەنگی
خەڵکن نەک بەرهەمی وەزعێکی ئاسایی و ئیعتیادیو قانونیو ئازاد
لەبەر ئەوە هەڵچوونو داچوونەکەیان بەرز بوونەوەو نزم
بوونەوەیەکەیان دەبێت بە فەرعێک بە نەتیجەیەک لە ئەنجامی ئەو
هەڵچوونو داچوونە، یەعنی تا خەباتە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکە گەرم
بووە تۆ چیرۆکی بۆ دەنووسی شیعری بۆ دەنووسی حەوڵی بۆ دەدەی
وەختێ ئەو خەباتە شتێکی بە سەر دێ یان زۆر توندو تیژ بووە تۆ
نەتوانی بڵاوی بکەیتەوە یا خاو بووەو بیرو باوەڕەکەی عالەم بە
جۆری نوشوستێکی تووش بوو لە شەستەکان وە بیرو باوەری سیاسیو
کۆمەڵایەتی فەرهەنگی لەناو وڵاتی کوردا پەرەی سەندووە ئەو
بەرهەمانەی لە حەفتاتیرورو ئیرهاب ئەوەندە زۆر بوو کە ئیتر
ئەگەر تۆ بتوانیبا شت بکەی زۆر ترینو گرنگترین شت ئەوە بوو کە
کارە سیاسیەکەت بکەی ڕێگا نەدەما بۆ کاری فەرهەنگی هەتا ئەگەر
کارە فەرهەنگیەکەش بە نهێنی بوو بەڵام هەر چۆنێک بێ بەقەد کارە
سیاسیەکەو ڕێکخراوەکە نەبوو نەیتوانیوە ئەوەندە نهێنی بایە
تەنیعمەتی ئەوەندە بوو بەلای بەشێک لە دابرینەکە ئەوەیە بەڵام من
بەشێکی دی دەبینم کە زۆر گرنگەو دەبێ لە ئاسۆیەکی سەر
زەمینەیەکی تاریخی تەماشا بکرێ ئەویش ئەوەیە بەدانەوە لە چل
پەنجا ساڵی ئەخیردا دەوری زمانو ئەدەبی فەرهەنگی کوردی لە
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللی کوردا بەکەم گیراوە بەکەم دانراوە
لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە زور جیگادا ئاوا گبووتراوە

که گوایە زمان وەسیلەی تێگەیشتنو تێگەیاندنە تۆ بیرو باوەڕەکەی خۆت بلێی جا بە هەر زمانێک بێ . فەرق چییە ئەو بۆ چوونە هەڵەیە، ئەوە لەبەر چاو ناگرێ کە زمانی کوردی خۆی یەکێک لە ئەسبابەکانی مانەوەی میللیەتو میللەتی کوردیە وجودی‌نەتەوایەتی تۆ ئەگەر بمێنێنتەوە یەکێک لە ئەسبابی مانەوەکان وە بەڵکو مهم ترینو گرنگ ترینیان بەلای منەوە،قەتعەن گرنگ ترینیان زمانە ، چونکە تۆ لەگەڵ داگیر کەری خۆت ڕەنگی پێستت جیاوازی نیە وەک بلێین جەزائیر لە بەرامبەری فەرەنسا هەبوو هند بەرامبەر ئینگلیز هەیبوو تۆ دینیشت زۆر جیاوازی یا هەر نیەتی یان زۆر کەمە بەینی جیاوازی دین ، خاکە کەشت وانیە بلێی زۆر دوورم و بە حرێکمان لە بەین دایە، بەشێوەیەکی ڕەسمیش ئەتۆ بە مستعمرە دانەندراویت ئا ئەوە لە باری قانوون سیاسیەوە عالەم بزانن کە تۆ مستعمەرەی ، ئەی ڕەگەز ئەی نەتەوە ، ئەی وجودی میللی بۆ کورد چۆن دیاری دەکا لەگەڵ میللەتی باڵا بەرز لەگەڵ داگیر کەر گرنگ ترین بەر چاو ترین وکار پکەر ترین وەسیلە بۆ دیاریکردن و بۆ مانەوەو بو بەقای میللەیەتی کوردی زمان بووە لە کۆنەوە هەتا ئێستاش . ئەو کەسەی بە کوردی قسە دەکا کوردە ئەوەی دیکە دەبێ خۆی بکاتەوە کورد بچێ حەول بدا کێشە بکا،لە ئێران مەسەلەیەک هەیە دەڵێ وەڵڵا من باوکم کورد بووە زۆر مەعلوومە جیلێگی بەسەر داهاتووە کە شارێکی کوردستان نییە بووبە فەرمانبەرێک و بووبە کریکارێکو دانیشتووێکی ئەو شارە پاش سی چل ساڵ کەسی کوردی نەبێ لە کوردایەتی دەشوردرێتەوە یەکێک جالەوان من ڕەنگە لەبەشی یەکەمی قسەکەمدا باسی بیری چەپو ئەوانەم کرد ڕەنگە ئەو ئینطباعە بێنێ کە من دیفاعی لێ دەکەم بەلام من بە پێچەوانە دەمەوێ هجووم بکەمە سەر ئەوە کە یەکێک لە وانە ئەو بیرو باوەڕە چەپە بوو کە ئێمە واتێگەیەندرا بووین ، دەتوانم بلێم-بەشێک لە ئێمە ، بەشێکی زۆر لە چەپ واتیگەیەندرا کە زۆر گرینگ نییە بە هەر زمانێک قسە بکەیت تەنانەت هەتا ئێستا لە بەشێکی زۆر لە کوردستان بۆ نموونە کوردستانی تورکیا ئەهمیەتی زمانی کوردی نازانێ ، داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکرێ، داوای یەکگرتنەوەی هەموو خاکی کوردستان دەکرێ کەچی بۆ ئەو داخوازیو داوایە زمانی کوردی بەکار ناهیندرێت بە زمانی تورکی داوا دەکرێت جا ئەو ئیرادەی کە لەسەر کوردستانی تورکیا دەیگرین ئەو مشکلە لە کوردستانی ئێرانو عیراقیش بووە هەر چەند بەو دەرەجەیە بەر چاو نەبووە ، بەینی شەڕی جیهانی یەکەمو دووەمدا لە دەورەی تەنانەت

لە حیزبی هیواوە وە لە کۆمیتەی ئەفسەرانی ئازاد دایان نا هەتا شۆڕشەکەی بارزان نە رۆژنامانە کە بلاو کرانەوە دەورێکی باشیان دیت یەعنی دەرکی ئەهمیەتی زمانی کوردیان دەکرد لە کومەلەی ژ.ک لە چوار سالەکەی را لە پاش چل هەتا رووخانی کۆماری کوردستان ئەو پێنج سالەش دەورێکی گرنگ درا بە زمانی کوردی یەعنی رۆل و نەقشی زمانی کوردی لە راگرتنو پاراستنیو مەوجوودیەتی میللی گەل کوردە زاندراو سەلمیندراو ئیشی بو کرا بەرز ترینو ناسراو ترین شاعیرو نووسەرە کوردەکانی ئێران لەو چەند سالەدا هاتنە بەرهەم . هەژار،هێمن،خالەمین، سەید کامل ئەوە بەرهەمی ئەو سەردەمە لەو لاترە وەکو نووسەر زەبیحی،قزلجی هەموو بەرهەمی ئەو سەردەمەن بەرهەمی سەردەمێکش کە میللەتی کورد دەیزانی بەهۆی پاراستنی زمانو ئەدەبی کوردیە وە دەیوانی قەومیەتی خۆی بپارێزێ وجودی نەتەوایەتی خۆی راگرێ لە توانەوە .

**نەژاد :** بە رای من ئەوەی زۆر تەئکیدی لەو مەسەلەیە کردووە ، مامۆستا هەژار بوو .

**کاک صلاح :** بەلێ ، جا ئەوە مامۆستا هەژاریش بەرهەمێکی ئەو وەزعە بووە بەرهەمی وەزعەیە کە بیری نەتەوایەتی کورد بەلای منەوە روون تر بوو زولال تر بوو ساغ تر بوو دەمەوی نەتیجەیەکی سیاسی وەر گرم لەم بەحسە ئەدەبیەم ، ئەویش ئەوەیە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ، فکری نەتەوایەتی ، فکری پێکهێنانی دەولەتی میللی لە پەنجا سال لەوە پێشەوە لە شەری جیهانی دووەم بەو لاوە تا ئێستا لە باتی بەرەو پێش بچێ بەرەو پاش چووە! ئێمە داخوازیەکانمان لە نیو چەرخ دا ووردە ووردە کەم کردۆتەوە هەر هاتووینو بەهۆی ئەوەی چونکە گووتراوە ئەو داخوازیانەی پێشی مومکین نابێ غەیرە عەمەلین بە ئێمەیان سەلماندووە کەداخوازیەکانم کەم کەینەوە کەمی کەینەوە هەتا هاتووینە سەر ئۆتۆنۆمیەت کە تەنانەت حدودەکەشی بۆ خۆمان مەعلووم نەبووە ، ئەوە هەر پراگماتیزم نەبووە کە گوایە ناکرێو ناگونجێ ئەوە یەکێک لە ئەسبابە ئەسیاسیەکانی هێرشی فکرێکی چەپی نا تێگەیشتووی نەزانی کورد نەناس بووە کە لە پەنجا سال بەسەر ئەمەدا زال بووە ، لە حزبەکانی وەکو خۆیبووت وەکو هیوا وەکو شۆرش هەتا بێینە کوردستانی ئێران وەکو کۆمەلەی ژ.ک کە بە ئاشکرا هەموو گووتویانە ئیستیقلالی کوردستانمان دەوێت هەموو گووتویانە یەکگرتووی کوردمان دەوێت لە باری سیاسیشەوە گووتویانە بێ لایەنین ، کێ دۆستی ئێمە بێ حازرین دۆستایەتی بکەین ، خۆمان بە هیچ کەسەوە نا بەستینەوە لەوە هیناو یانین کر

دوو یانین بە ئەحزابی ئۆتۆنۆمی خواز مەسئەلەی کورد لە هەموو ئاستی کوردستاندا هاتۆتە قەواری یەک پارچە لە کوردستان لەسەر بەخۆی را کراوە بە ئۆتۆنۆمی لە بیری یەکگرتنەوەوە واکراوە کە دابەشکردنەکە بەشتێکی ئەیەوێ بزانین ئەحزابە کوردیەکانیش لەوانە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەپاش چەند مانگ پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەسەر ئەو بناغـــە دامەزراون ، دامەزرانی ئەوانە لەسەر وێرانە وە لەسەر کەرەسەی رووخاوی بیرو باوەری میللیو ئاشکراو ئازادی نیو چەرخی پێش خۆی دابوو ، نیو چەرخ سەدە بزووتنەوەی ئەوەی رزگاریخوازی میللیٔ کورد،ئیستیقلال خوازی ، ئازادی خواز وە یەکگرتنەوە خـواز بـووە . پاش شـەڕی جیهانی دووەم و تەئسیری ستالینیزم وە تەئسیری یەکیتی سۆڤیەت وە هەتا تەئسیری ئازەربایجانو سەرۆکـی ئـازەربایجان ئەو کاتەی سۆڤیەت بافلوق مەسئەلەی کوردی لـە مەسئەلـەیەکی نەتەوەیەکی دابەشکراوی داگیر کراو کە مافی خۆیەتی ئیستیقـلالو سەربـەخوی خوی بخوازی کردبی بە مەسئەلـەی ئـەقلیەتیکی میللی لـە چوار چیوەی هەر یەک لە وولاتەکاندا لێرە را ئێمە بووین بە ئەقەلیەتـی میللی یەعنی لە واقیع ئەقلیەتی میللی بووین وەکـو زولـم لێ کراو بەلام وەکو ئەندیشەو زهنو بیرو باوەر لە زهینـەتی خۆماندا خومان بە ئەقلیەکی میللی زانی لە چوار چیوەی هـەر یـەک لـە ولاتەکانـدا

**نەژاد :** مامۆستا جەنابت باسی مەسەلەی چەپت کرد ، بـە حـەقیقەت من لەگەلٚ بۆچوونەکانتدام لەمەڕ چەپ بە نیسبـەت میللـەتی کـوردو مەسەلەی قەوارەی نەتەوایەتیوە ، بەلام لێرەدا ئەوە دێتە پێشەوە ، عەجەبا بوونی چەپ تەئسیری فەرهەنگیی ( کـە مەبـەستم تـەئسیری ئیجابییە ) نەبووە لەسـەر کـورد ؟

**کاک صلاح :** بێگومان ، بێگومان ، بەرێ وەللا ، مەعلـوومە لـە هەموو دنیادا تەئسیری هەبـووە ... لە کوردستانشیدا هەر هەبـووە .

**نەژاد :** من مەبەستـم ئاوها بەو عموومیەتە نییە بـەڕاستـی .

**کاک صلاح :** بەلێ تەئسیری هەبووە، بەلام تەئسیرەکە دوو لایـەنە لـە بـاری ئەوەیە ، بیری ئینسان بەرەو دەردو ئـازارە کۆمەلایەتیـەکان بـەرێ بەرەو لێکۆلینەوەی بەرێ لەو مەشاکیلانـەی هەیـە کە چارەسەری چییـە .

**نەژاد :** بە تایبەتیش کە هەمیشە سووتەمەنی شۆرشەکانی نەتەوایەتیشمان ، هەمیشە زەحمەتکێشو رەشو رووتەکانمـان بـوون ..

**کاک صلاح :** بەلێ راستە بەلام بەو جهەتی من ئاوایە کە لـەو بـارەوە بیـری ئینسان بەرەو بیر کردنەوە لە مەسائلی کۆمەلایەتی وەزعی چینایەتی



سەبەبی ناخۆشیو نارەحەتیەکان بێت و
بیەوێ ریشەو رەگی ئەوانە بدوزێتەوەو
بیەوێ رێگای حەللی کۆمەلایەتی بۆ
ئەوانە پەیدا کا .
بەلای منەوە تەئسیری باشو ئیجابیەتی
هەبووە بەلام ئینگاری ناکرێ کە ئەو چەپە لە پەنجا سالی رابردوودا وەمەقسەدی منیش لەو چەپە بە تەنیا ئەحزابی رەسمەن کۆمۆنیست نییە ، مەقسدم حزبی شیوعی عیراقیو حزبی تودەی ئێران ، پاشان حزبی کۆمۆنیستی ئێران ...
مەقسەدم لەوانە نییە مەقسەدیشم ئەحزابێکە بە خۆیان دەگووت ئەحزابی چەپی شۆرشگێر ( ماوی ) ئەوانیش بە تەنێ نیە تەنانەت مەقسەدی من لەو ئەحزابە کوردیانەشە کە بە نێوی کوردایەتی دروست بوون وە لەسەرووی هەموانەوە حزبی دیموکرات لە ئێران پارتی دیموکرات لە عیراق کە بۆ سی چل سال تەنیا شۆرە سواری مەیدانی خەباتی کوردایەتیش بوون ، تەنانەت ئەوانیش فەرهەنگە سیاسییەکەی خۆیان لەو جیهانە بینیە چەپەوە وەردەگرت وە لەژیر تەئسیری ئەو جیهان بینیە چەپدا بوون و، بۆیە مەجموعەی هەموو ئەوانە ، من بەوە دەبینم کە لە باری بێ رەنگ کردن یا کەم رەنگ کردنی بزووتنەوەی میللی و داوای ئیستیقلال و سەربەخۆیی وە تەسک کردنەوەو بەر تەنگ کردنەوەی یا چکولە کردنەوەی بە ماهیەی ئەقەلیەتی میللی لەناو چوار چیوەی یەک دەولەتی دیدا ، جا من دەمەوێ بچمەوە سەر زمان جا ئەو دەورە ئەو بۆ چوونە گەیاندینە سەر ئەوە جا زمان قیمەتیکی زۆر گەورەی نییە ووشە بە کوردی بێ یا بە عەرەبی یا بە فارسی بێ قەیناکا مهم ئەوەیە تۆ داخوازیەکت بگەیەنێ مەتلەبەکەت بگەیەنی بەلای منەوە ئەوە تەئسیری زۆر تر بوو تا ئێستاش لە دەرەوەی وولات وە بەشێکی زۆریش لە ژوورەوەش پارتە سیاسیە گەورەکان کوردی لە هەموو پارچەکان نووسراوەکانیان بە غەیری زمانی کوردی دەنووسن نووسراوە گرنیگوئەساسەکان بە زمانی کوردی دەنووسن .

**نەوژاد :** لەوەشیان خۆشتر ، راستە ، زۆریش راستە تا ئێستا هەتا پارتو حیزبە کوردییەکانیش زۆر جار دیومە نامەیان لە بەینی یەکتر بە عەرەبی بووە !!

**کاک صلاح :** خەبەرنامەو راگەیاندنو زۆرشت لە دەرەوە دەبینین یا بە تورکی یا بە فارسی یا بە عەرەبی یە ، ئەوە دەورەکە کەم دەبینی ..

نەژاد : هەر بو نموونەی ئەو دەور کەم بینیەیە سەیر دەکەین یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی (١٩٧٤) دەرچووە،ئاخر، ١٩٧٤ بەنیسبەت تەئریخێ دوینێیە ، کە ئەویش بە داخەوە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو و .. داخرا ...

کاک صلاح : لە کاتی گەشە کردنی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤، کە کاتی گەشە کردنی زۆری زمانو فەرهەنگی کوردی بوو ئەمە حەقیقەتێکە بە ڕاستی ...

نەژاد : بەلێ بەلێ ، جا عەرزت ناکەم ، ئەویش ئاخرو ئۆخر بوو کە بیر لەو مەسەلەیە کرایەوە ، ئەلبەت کە جەنابیشت ئاگاداری لە شەستەکانەوە کورد ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بە عەرەبی هەبووە ، کەچی قەت بیر لەوە نکراوەتەوە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەمان بە کوردی هەبێ.. هەمیشە ، ڕۆژنامەیەکی حەفتانە یا نیو مانگیمان پێ سەرو زیاد بووە .. کە ئەمەش جێی داخە بەراستی .

کاک صلاح : یەکێ لەو دەلیلانەی کە دەیدوزنەوە ، دوو دەلیلن کە هەر دوکیان بەلای منە جێگای خۆیتی یەکێکیانئەوەیە ، گووتیان ئێمە خەیاڵمان هەیە خەڵکی غەیرە کورد تیبگەیەنین دراوسیکانمان کە یەعنی میللەتانی داگیر کەر ، ئەوە یەکێک لە قسەکانیتی بۆیە من دەمەوی بڵێم ئەوە پەنجا ساڵە وا دەکەین نەتیجەی نەداوە ، لە ڕەفتارو کرداری سیاسیو کۆمەڵایەتی چینە جۆراو جۆرەکان بیرە جۆراو جۆرەکانی میللەتانی داگیر کەر دیار نیە کە ئەو تیگەیاندنانەی ئێمە دەوری هەبوو بێت ئەوە یەک نە عەرەب نە فارس بۆمان نووسیوە ئەوە خۆی لە جێگای دیکە ، بۆچوون باشو پیشکەوتناخوازو ئازادی خۆی وەرگرتووە ، پشتگیریەکی ئێمە دەکا بەلام جەماوەری خەلکەکە جامعاتو زانستگا گەورەکان ، خوێندەوارو ڕووناکبیرە بەرز و شاعیرە گەورەکان تێیدا نی‌یە کە بەهۆی ئەوە کە تیمان گەیاندبن لەبەر ئەوە ڕەبینین پەنجا ساڵە ئێمە بە زمانی غەیری کوردی قسە دەکەین تەئسیریکی ئاوای نەبووە دوو دەلیلیک دێنینەوە دەلێک ئاخر ممکنە خەلکەکە مەسەلە فارسی باشتر بزانی یا عەرەبی باشتر بزانێ ، یا تورکی بزانی خەڵقی خۆمان ، بۆیە بەوەی دەلێین ، من جارێ ئەوەڵەن دەلێم ئەوە هەروانیە خەڵکەکە پێکاسانترە ئەگەر بەکوردی بۆی بنووسی بەلام خۆ ئەگەر لە برێک شوێن وابێ کوردی خوێندن و کوردی نووسین باو نەبووبێت ئاخە ئەی چۆن تۆ فێری دەکەیت ئەگەر بە کوردیەکە بۆی نووسی ، خۆ ئەو ڕۆژنامە تۆ بۆی دەنووسی چونکە سیاسیەو لەگەل بیرو باوەڕەکەی ئەو دەگونجێ بە ئەرکی خۆی دەزانێ بیخوێنێتەوە ، ئەوە خۆی وەسیلەیەکە بۆ فێرکردنی کوردیەکە هەموو دەچتەوە سەر ئەوە کە لە پەنجا ساڵی ئەخیرمانی کوردی

دەورو نەخشی ، إنعکاسی بۆ پاراستنی مەوجوودیەتی میللی بە باش
دەرک نەکراوە کەمی ئەهمیەت پێ دراوەتی و حەولی لەگەل نەدراوە
ئەوەندەی کە پێویستە ئەگەریش کەسێک بۆ خۆی کرد بێتی شاعیرێک
هونەرمەندێک نووسەرێک بە زۆری زۆرداری بە عشق و ئەوین و
ئارەزووی خۆی کە بە بەرامبەر ووشەی کوردیو زمانی کوردیوئەدەبی
کوردی کردویەتی نەک نەتیجەی دنەدانی هێزە سیاسیەکان بوو بێت،
هێزە سیاسیەکانی ئێمە وەکو پێشرەو بوون بۆ کاری سیاسی بەلام
پێشرەو نەبوون بۆ ئەوە کە بە کوردی نووسینو خوێندنو ئەدەبی
کوردیش ئاوا پەرە پێبدەنو ئەوە بکەن بەیەکێک لەئەرکە پیرۆزەکانی
خۆیان کە دەبوو بیکەن جا ئەوە نەتیجەی ئەوەیکە هەر سەردەمێک
ڕێگا بوو بێت بیرو باوەڕێکی ئاوا لە نێو کورددا پەیدا بوو بێت
لایەنگری لە زمانو ئەدەبو فەرهەنگی کوردی کرد بێت ، فەرهەنگوکە
باش پیشدەستی کردوە . بۆم حسیب کردی چوار سال پێنج سالەی
جمهوری کوردستان یا بزووتنەوەی . تا ٧٠ کوردستانی عیراق کە بە
نهینی بوو یا ٧٠ تا ٧٤ کوردستانی عیراق کە ئاشکرا بوو لەو کاتە
دا کە ئەهمیەتی پێ نەدراوەو هێزە سیاسیەکان خۆیان بۆ تەرخان
نەکردووە گرنگیان نەداوەتیو حەولیان بۆ نەداوە ووردە ووردە لەکزی
بووە .

**ئازاد :** کاک صلاح دەمەوی لێرە مداخلەیەکی بچووک وەرگرم ئەگەر ئیجازە
هەبی ئەو تەشخیصەی جەنابت کردی بو ئەو چەرخە معینانەی کە
هەلو مەرجی لە بار بوونە چ لە باری سیاسی چ لە باری هەندێ
ئازادی را دەربرینو ئازادی بە کوردی نووسینو ئازادی ئیبداعاتی
کاری خەلقی ئەدەبی لە کوردستانی عیراقدا یا لەکوردستانی ئیراندا
هاتە پێشەوە ئەوە شتێکی زۆر راستو تەواوەو تەشخیصە بەلام ئەگەر
بێتو مقارنەی بکەین بەو سەردەمەی کە زەمانی شا تەماشا دەکەین
لە ئەدەبیاتی کوردستانو کورد لە کوردستانی ئێرانیدا بەو شکلە
یعنی شیعر پێشرەوتیکی بە خۆیەوە دیوە هەر چەندە ، نەگەیشتوتە
ئاستی ئەوەی کە سوارە بەجێی هیناوە بەلام هەندێک دەنگ هەندێک
خەلک هەندێک شتی نووسەر یا شاعیر تایبەت پەیا بوون هەندەک
هەنگاوی هەلیناوە مەسەلە یەک لەوانە عەزیزی ئالی نازانم وە
شارەزابت پێ هەیە لەگەلّ هەندێک لە کورەکانی سنە تا رادەیەک
پێشکەوتنیان بە دەست هێناوە لە رووی تەکنیکی شیعریەوە بەلام بۆ
لە مەجالی چیرۆکدا کە ئەو خەترە زەمەینەی دەرفەتی ئەوە هەبووە
بواری ئەوەش هەبووە چەند سالێک دوو سێ سالێک بە حەدێک بۆ

خۆی دەسەڵاتێکی هەبووە بۆ بڵاو کردنەوە لە وەرەدەش لەناو ئۆرگان و جەراگیدی حیزبی دیموکراتو کۆمەلەو فیدائی خەلقو نازانم چی بە حساب نووسیویانە بۆ لەو ئاستەدا مەسەلەی چیرۆک هەر لەپاشە کشەدا بووە مەسەلەن بە پێچەوانەی کە شیعر پێشرەفتی لە چاو سەردەمی پێش خۆی جگە لە سوارە دیبێ .

**کاک صلاح :** وەڵلاهی خۆ من لە باری شیعریشەوە، هەر ئەو گلیەی یا ئەو تێروانیننەم هەیە ئەمن دەڵێم نە شیعری کوردی گەیشتە هیچ
لە پاش ٧٩ وە لە ئازاد بووندا وە لە کاتێکدا کە دەستمان ئاوەلە بوو کە رێگا هەبووە کە چاپەمەنی هەبوو کە رۆژی هەزاران لاپەرە رەش دەکراوە بۆ قسەو قسەلۆکو شەرە جنێو لەگەڵ یەکتر بەلام دوو لاپەرەمان رەش نەکردەوە بۆ نووسینی شیعرێکی باش دیارە بەولا تەریقەوە بەشێوەیەکی دوولونە بووە وەک چیرۆک بریک وەختی زیاتر دەوێ برێکیش بەلاغەتی فیکری زۆرتر دەوێ کاتی دەوێ وە دەزگای بلاو کردنەوەی دەوێ راستیەکەی ئەوە دەچێتەوە سەر لیتشوانی سیاسی من ئاوای دەبینم من لە ٧٩ وە یەعنی لە ٧٩ کوردستانی ئێران وەکو ٦٠ و ٦١ی کوردستانی عیراقی دەبینم هەلێک هاتە گورێو کەلکمان لی وەر نەگرت لە رووی سیاسیەوە بۆ کەلکمان لی وەر نەگرت نەک لەبەر ئەوە کەڵکمان لێ وەر نەگرت کە پیاوی خراپ بووینو پیاوی بێگانە بووین ، خائین بووین لەبەر ئەوانە نە، لەبەر ئەوە بەلای منەوە بۆ چوونو لێکدانەوەی سیاسی‌مان نا تەواو کەمو کورتو کرچو کال بوو ٧٩ شارووخاوە هەمووەدەزگا داپلوسینەری دەولەتی ئیران کە بە چەندەها سال نەبوونە بارە تاریخەیەکی ٢٠٠٠ و ٢٥٠٠ سالٚ بەلام بە دەیان سەدە مشکلی سەربەخۆی کورد مشکلێک بووە لەگەڵ ئێران دەولەتی مەرکەزی ئێران رووخا قودەرەتی حوکمەت نەما لە گوندێکەوە تا شارێک ئێمە لە ٧٩ تیتۆلێکمان دانەگرت لەوە کە لە چلەکانەوە کۆمەڵەی(ژی.کاف)کردی وە پاشان جمهوریەی کوردستان کردی جمهوریەی کوردستان ماوەی حەیاتی هەموو یازدە مانگ بوو و مەیدانی خەباتیشی لە چوار چیوەیەکی جوغرافیای تەنگو تەسکە بەر بوو هەر لە موکریانو ئەویش لە بەشێک موکریان هەموو موکریانی نەگرتەوە کەچی جومهوریەکیان دامەزراند کە ئەلئان بۆ ئێمە بناغەیەکی قانوونی نیە لە هەر پارچە یەکی کوردستان بلێین ئێمە جمهوریو دەولەتو قانونی خۆمان هەبووە و داوای دەکەین ئەوە تاریخ باسی دەکا دەسکەوتە کەچی لە ٧٩ وە لەسەر چۆمی ئارازەوی تا عیلام عەسکەرو کار بەدەستی حکومەتی ئێرانی تێدا نەبوو، پێشمەرگە هەیە، هەموو خەڵکمان لەگەڵە

شەش مانگ تا ساڵ تا دوو تاسێ تا رەنگە هەموو زەمانەکە بەو فراوانیەی نەبووبێ تاوچە جوغرافیاییەکە بەڵام هەر فراوان بووە و کەچی لە هەموو ئەو مودەتەدا ، بەخشدار بووە یا هەموو وەکو یەک هیچ تاحیەکمان دانەنا دەزگایەکی ئیداریمان دانەنا دامەزراوێکی نەک دەولەتێکی قانوونیمان دانەمەزراند بەڵکو نەمان توانی تەنانەت لە شارەکانیش بەشێوەیەکی قانوونی بدەینە دەست هێزێکی باوەر پێکراو ، چونکە بڵێم بۆ چونکە لە ئاستی سیاسیەوە سەر لێ شێواو بووین ئامانج چیە ، ئامانجەکەمان یەکگرتنی نوێ دەگرێتەوە هەموو ساغ نەبوونەوە لە سەر ئەوە کە دەبێ ئامانج پێکهاتنی دەولەتو دەسەڵاتی سیاسی گەلی کورد بێت ئەم نوقتە موشتەرەکەکەمان بیت جا پاش ئەوەی ئەو نوقتە موشتەرەکەمان بە بەدی هینا ئەو جا هەر کەس کوری باوکی خویەتی،هەر کەس یەک بۆ کرێکار حەولْ دەدا یەک بۆ سەرمایەدار حەول دەدا یەک بۆ دەرەبەگ حەول دەدا یەک بۆ موسلمانیەتی دەکا یەک چەپە یەک راستە هەموو ئەوانە رێگای هەیە بەڵام هەموو ئەوانە لە کوێ دەکرێت دەبێ چۆن نیشتمانێک پێک بێت ، هیچ پرۆژەیەک هیچ بیرو باوەرێکی سیاسی هیچ ئیدەیەکی سیاسی مومکین نىیە بچێتە ناو کومەڵەوە چونکە ئەو کومەڵە ئەرزی خۆیو نیشتمانی خاکی خۆی ئەبێ ئێمە دەبێت نیشتمانمان هەبێت ئێمە وەلاتێکی بێ وە تەرین ، وەتەنمان هەیە بەلام بێ وە تەرین ، بۆ بێ وە تەرین، چونکە وەتەرەکەمان دەسەلات و دەولەت سیاسی خوی لەسەر نىیە لەسەر ئەوە ساغ نەبیوینەوە وە چونکە لەسەر ئەوە ساغ نەبیوینەوە و بناغەمان بۆ ئەوە دانەدەنا کەم نىیە نووسراوە لە کوردستانی ئێرانەوە بەڵام ئەو هەولە جارێک بەشی هەرە زوری بەفارسیەوە بەشی هەرە زۆری شەرەفتەو هەراو موجادەلەو کونومێکی سیاسىیە لەسەر ئەوە کە ئەورو ئێستا چ تاکتیکی سیاسی دروستە ئەلئان چ تاکتیکێک بکەین من دەڵێم بچینەوە پێشەوە تۆ دەڵێی برێک بێینە دواوە لەگەڵ حوکمەت چ بکەین چ نەکەین ئەو کێشە لەسەر تاکتیکاتی سیاسی رێگەی ئاسۆی دوا رۆژی لێ گرتین کەوا ئەورۆ چ دەکەین سبەینێ چ دەکەین ئێمە خەیالمان هەیە کوردستان بەرەو کوێ بەرین، جا ئەو سەر لێشێواوی سیاسی یا بلێم ئەو یەکنە گرتنەوەی سیاسی لەسەر خالە ئەسیاسیەکانمان بۆ سەر ئەدەبمان بۆ سەر فەرهەنگمان لە هەمووشیان زیاتر رەنگی داوەتە سەر چیرۆک یەعنی بوو بە قەیران ، من پێم وایە هەر ئەوەشە کە لە ٩٠ و ٩١ دا جارێکی تر کورد لە پارچەیەکی کوردستانی عیراق تووش بووە ئەدی ئەوە چ لی بکەین ،

ئەری ئەوە ئێستا کوردستانمان پێیە چی لێ بکەین لە سورکیو تا جەبەل حەمرینت پێیە چی لێ دەکەی هەتا ئەوە ساغ نەبێتەوە زۆر شتی دیکەمان بۆ ساغ نابێتەوە .

**نەژاد :** بە یارمەتی ماموستا .. وا دیارە قسەکان لکو چل دار تردەبن ، پرسیاریک هاتە پیشەوە ، حەزم کرد بەر لەوەی لە بیرم بچیتەوە .. بەوەی ئێوە ماوەیەکی چاکە لە دەرەوەی کوردستان لە هەندەراندا دەژین ، لە ئەوروپایێ ، نازانم ڕاتان ، یاخود با بلێین بەرای ئێوە عەجابا شتێک هەیە لە دەرەوە بە ناوی ئەدەبی مەهجەری کوردی یا فەرهەنگی کوردی مەهجەر لە وەندەی ئاگاداربن لێی ..

**کاک صلاح :** وەڵلا نا توانین بلێین نیيە ، چونکە لە وجووددا هەیە ..

**نەژاد :** مەبەستم ئەوەیە بلێیم سیماوتایبەتمەندی خۆی هەبێ ؟

**کاک صلاح :** جا من بۆت عەرز بکەم ، وەکو وجود هەیە کە خۆی دیاردەیەکی سەربەخۆ بێت ، ئەوە کە هێشا سیماو روخسارو رواڵەتی تایبەتی خۆی بەوە گرتبێ نەبوو بێتە دریژەیەکی ئەدەبی ناو وولات ، هێشتا ئەو رووخسارەی بە خۆیەوە نەدیتووە ، هێشتا تا ئەدیبێ تایبەتی خۆ تا نووسەری تایبەتی خۆی کە لە مەهجەر یا لە دوورە وولات پەروەردە بووبێ گەورە بووبێ و. نووسینەکانی رەنگ دانەوەی ژیانی کومەڵی کوردبێ لەو وولاتە هێشتا نەگەیشتوونێ هێشتا نووسراوەکانی ئێمە لە دەرەوەی وولات هی ئەو نووسەرو شاعیرانە کە خۆیان لە کوردستان ژیاونو زمانو فەرهەنگو ئەدەبی خۆیان لە زانستیەکەی خۆیان لە کوردستانەوە وەرگرتووە یەک ، دوو کە باسیش دەکەن ناوەرۆکی چیرۆکو شیعرو داستانەکانیان هەوەزی تایبەتی کوردستانە لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەدەبی دوورە وولات ئەدەبێک بێت کە هەم خەڵکەکەی بە پاری زەمەینەوە ئەوەندەی پێ چوو بێت لە دوورە وولات ژیابنو لەوی پەروەردە بوبنو هەمیشە ناوەرۆکی باسەکەیان باسی ژیانی خۆیان بووبی یا ئەو کۆمەڵە خەڵکە کوردەی لەوی با تێکەلیو پەیوەندی ئەوان لەگەڵ خەڵکی دیکە ئەوە سوژەی چیرۆکو داستانەکان بێت هێشتا نەگەیشتونەتە ئەوە بەلام ئەم جورە نووسراوە هەیە، شیعر هەیە رۆژنامەگەری ئێستا زۆرەو کەم نیيە ، ئەمما هێشتا لە واقیعدا بەشێکی ئەدەبو نووسینی کوردەواری خۆمانە کە نەقل بووە بۆ دەرێ نەک سەربەخۆ .

**ئازاد :** کاک صلاح دەتەوێ بلێیت ئەدەبی مهاجرانە نەک ئەدەبی مەهجەر .

**کاک صلاح :** ئەتۆ باسی ئەوەت کرد کە بۆچی لە دەرەوە ئەو شاعیرو نووسەرانە کە لە ولات بوونو بەرهەمی خۆیان بڵاو کردۆتەوە لە مستەواو رادەیەکی بەرزیشدا بوون ، بەڵام کە چوونە دەرێ تەماشا



دەکەین لەو رادەیەدا نەماون وە هاتوونەتە خوارێ نزم بوونەوە وە بەرهەمەکانیان لە حیث نوعیەتەوە دابەزیوە ، وەللای من چوزانم نازانم ، بەلای من ئاوای تێدەگەم ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی زۆر سەربەخۆ دوور لە خەباتی سیاسی نەبووە وەکو برەک لە میللەتان لە ژیانی ئیعتیادی خۆیاندا هەن ئەگەر تۆ بچیتە ولاتێکی دەرەوە مەسەلە بزوتنەوەی رزگاریخوازی هەتا مەسەلەی خەباتی چینایەتی ...

ئەوە هەمووی گەیشتوونەتە رادەیەک کە ئیتر چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە میللەت کەوتوتە ژیانێکی ئاسایشەوە ئەدەبیاتو هونەر ئیتر هەمووی بە خەباتی سیاسیەوە نەبەستراوە ، ژیان هەموو رەنگەیە .

**نەژاد :** مامۆستا جەنابتان باشی بۆ چوون ، رومانووسێکی وەک مارکیز ، مەرج نی‌یە بەو ئەو راستەو خۆیەی پەیوەندار بە خەباتی سیاسیەوەی تێدا بێ .

**کاک صلاح :** جا من خەیالم هەیە ئەوە بلێم ، عادەتەن میللەتان ئاوان ئەدەبیاتوهونەرونووسین ، چەشنە داهێنانو خوڵقاندنێک کە ئینسان دەیکا ، پێویست نیە خۆ هەمووی راستەوخۆ بە خەباتی سیاسیەوە نووسرابێ ئەگەر زورفی واقیعی نا چارت ئەکا بەلام لە کوردستان لە هەر دوو دیوی بە درێژایی تەقریبەن مێژووی ئەدەبەکەمان و نووسینەکەمان شتی لێ ماوەتەوە دەبینی هونەرو ئەدەبو نووسینو تەنانەت وێنەگەریو پەیکەر تاشیو هەر شتێک کە خوڵقاندن و ئیبداعێکی لە مێشکو فکری ئینسانەوە بێت بەجۆرێک یازۆر ئاشکرا یا ناراستەو خۆ بە خەباتی سیاسیمانەوە بەستراوەتەوە ئەوەش نا چاریەکە هاتووە لە وەزعی داگیر کەریماون وە لەخەباتی بێ وچانمان یەعنی خەباتەکە بەشێکە لە ژیانمان بۆیە ئەدەبەکەش بەوەوە بەستراوە هەر کەس ، من ئاوای تێ دەگەم نازانم بۆچوونەکەم راستە یا نا بەلام هەر شاعیرێک هەر نووسەرێک ئەوەندە شیعرو نووسینەکەی تامو بۆنی خۆشی هەیە هەتا ئەو رادەیە تامو بۆنی خۆشی هەبووە تا ئەو رادەیە لەسەر دل دەنیشێ کە لە دکیەوە هەستا بی وەکاتیکی دەوێ خۆی لە خەباتەکە بەشدار بووە دەبینێ خۆی ئەو کەسە زۆر لە خەباتەکە بەشدار نەبووە و مەقسەدیشم ئەوە نی‌یە بەس پێشمەرگە نەبووە چەکی پێ نەبوو بێت بەلام بە جورێک لە حەلقەی ئەو خەباتەدا نەبوو بێت ئەدەبەکەشی بالفعل باسی ئەو

خەباتە دەکا کە خۆی تێدانیە قسەکەی بێگانەیــە ، بۆیە زۆر دەبینم لە دەری ئەو کەسانە کە دەچنە دەرێ بە ماوەیەکی دوور لـە خەباتە کە دوور کەوتنەوە تەماشا دەکەین رەنگـە قسـەی مەعقول بکەن بەڵام ئەو تام و چێژو بۆنەی کە لە ئەدەبەکەیاندا بـووە کـە لـە کاتێک لە ژوورێک بوون ، کاتێک لەناو خەبات دا بوون ئــەو تامــەی نیــە وەختێک لە دەرێیە .

ئازاد : کاک صلاح ئەگەر ئیجازەبی نازانم قسەکەشت دەبــڕم .

کاک صلاح : ئەری وەڵلا ئەمن ئەدەبی مەهجەر بــەوە دەبینــم شتێکـی گەشە کردووی زۆر باشی کە نەوعیەتی جیا بێ لـەو نەوعیەتەی باسمان کرد لەوە کە لە کوردستان دا هەیە خەلکەکەشی ئەوە نەبن ، جاری هێشتا پێـک نەهاتـووە .

نەژاد : بەلام من تەعلقیکم لەسەر قسەی کاک صلاح هەیە ، زیاتـر ئەوانەی دەرەوە ، بە حەقیقەت زۆربەیان ، نالێـم هـەموویان ، بـەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەرووی تەکنیکەوە دابەزیون، ئەمە نوختەیەک، نوختەی دووەم مەسەلەی خەباتی سیاسی‌یە ، تـەبیعی لـەرێی فەرهەنگی‌یەوە کە من پێم وایە بە جۆری تریش دەکرێ ، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر خودی داهێنان ، بەڵگەیش بۆ ئەمە هەیە ، بــەڵگەمــان لــەم بارەیەوە هەیە کە لەوانەیە جەنابیشت تەسەوریان بکــەی .

کاک صلاح : باشە ئەمن ئەو پرسیارە لە تۆ دەکەم، کامە بەشی ئەدەبی کوردی لە شیعرو نەثر لە شێوەکانی دیکە هەیە کەتۆ دەیبینی باسی بەشێک لە ژیانی خەڵکی کوردەواری بکا بـەڵام رەنگێکی سیاسی پێوە نەبووبێ ، چونکە وا بووە ، بۆیە مەفروزە خۆ میللـەت نابێ وابێ ئەگەر لە ژیانێکی ئاسایی دا بێت بەلام ئێمە لە ژیان زروفی و هەلو مەرجێکـی نائاسی داین بە درێژایی ، لانی کەم لە پاش،لە نیوەی چەرخی نوزدە بە دواوە ئێستا نزیک بە ١٥٠ ساڵە ، ئاگرێــــک هەڵگیـــرســاوە نەکوژاوەتەوە ئەم ئاگرە بەربوتە ماڵی هەمووکمان، جیل لە دوای جیل ، کوڕ لە دوای باب ، یا دەر بە دەرییە ، پێشمەرگایەتیە ، گیرانە، راست بوونە دەوڵەمەند ، ئەگەر دەوڵـەمەند دەبێ بەهۆی سیاسەتەوە دەوڵەمەند دەبێ خەڵک ئەگەر هەژار بووە ئـەوا بـەهۆی سیاسـەتەوە هەژار بووە لە کوردەواری ئەو جۆرە کە تەئسیری لـەسیاسەت کردووە تەئسیری کردو وە لـەسەر ئەدەب و هونەریش ، ئـەدەب و هونەری ئێمە نەیتوانیوە خۆی رزگارکا لە چوار چیوەو جـەغزی سیاسـەتێکی کـە کورد تێیدا دەژی جا بۆیە لە باری تەکنیکیەوە نەیتـــوانیوە کـەڵک وەرگرێ و تۆ ئەوە لە من دەپرسی من خەیالم هەیـــە بلێـم جـا کـوا دەکرێ لە لایەنی کەم لە بۆ چوونی منەوە زۆر زەحمەتـە ئـەوە بکرێ

کە تەکنیکێکی بەرز ببێتەوەو دەسکەوتو بەرهەمی جوانو رازاوە بنەخشێ بەبێ ئەوەی ئەو تەکنیکە لەگەڵ ناوەرۆک پەیوەندێکی راستەو خۆی هەبێ ناوەرۆکەکەش نا چارە هەر بە سیاسەت لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێک هەولێ دابێ شتێکیش دروست بکا کە لە باری

تەکنیکیەوە بەرزبێت بەبێ گوێدانە ناوەرۆک زۆر نەچونە پێشێ جێگایەکی وای نەگرتۆتەوە ، من ئەوە دەلێم ئەدەبی مەهجەر بۆیە گەشەی نەکردووە نە لە ناوەرۆکەوە نە لە تەکنیکەوە کە خەڵکەکە هەر بە هەستو هۆش لەگەڵ خەباتەکەن بەڵام بە جسمو لەش لەگەڵ خەباتەکەنین ، باسی برسی کردن لە کاتێکدا زۆر بزوێنەر نیە زۆر راستەقینە نیە بۆیە دەلێم دەبێ بە رۆژوو بێ بۆ ئەوەی هێندێک برسی بێ هەتا هەستی برسیەکان بزانێ .

نەژاد : من لێرەدا لە مەسەلەی برسیەتی، لەگەڵ مامۆستا یەکدی ناگرمەوە .. جا ئەگەر من تێر بمو جێم خۆش بێو نەوتو سووتەمەنیم هەبێ ، بە حەقیقەت پێم وایە باشتر دەنووسمو چا تریش فکر دەکەمەوە .. بەڵام من نوختەیەکی ترم خستە پێش ، ئەویش ئەوە بوو حەزم کرد بزانم ، ئەدەب بە مەعنای ئەدەب ، دیارە کە مەعلوومە ئەدەب فیکری تێدایە ،سیاسەتی تێدایەو فلانو فلانی تێدایە ، بەڵام ئێمە باسی راستەوخۆو ناراستەو خۆمان کرد ، ئێمە باسی مارکیزمان کرد دەپێشداو بە نموونە هێنامانەوە ئەوەی پادداشتی نۆبلی وەرگرت ، باسی زۆر شت دەکا کە لە وڵاتەکەیدا پێشێل دەکرێ ، بەڵام تەماشا دەکەین ئەو بەو راستەوخۆیەوە باسی ناکا ..

من رەئیم وایە نووسەر ( داهێنەر ) دەبێ وابێ ، ئەگەر نووسەر ویستی تەوجیهات بدا پێم وایە بە خوتبەیەک یا وتارێک باشتر تەوجیهاتو تەبلیغاتی خۆی دەگەیەنێو چاتریشو راستەوخۆ تریش کار بۆ گروپو حیزبەکەی دەکا ..

جا ئەوە قسەی نێرودایشە ، ( بالفعل ) یش هەر وایە ..

بەڵام ئەوەندەیش هەیە ( داهێنەر ) بزانێ لە خزمەتی کێدا نەک بۆ کێ دەنووسی .. ئەمن مەنزوورم لە راستەوخۆو ناراستەوخۆ ئەمەیە ..

کاک صلاح : جا کاک نەژاد وەنەبێ لەگەڵ بۆ چوونەکەت موخالف بم یەعنی بۆ چوونەکەت زۆریش موتەفیقم و رەنگە بە قسە حەولم بۆ ئەوە دابێ بەڵام خۆ ئەمن لەوەوە ناچم کە من چیم پێ خۆشە یەعنی ناتوانم ئەوە لە وەڵامەکەی تۆدا بەراوردی بۆ بکەم کە من چیم پێ خۆشە بێگوومان ئەمن لەگەڵ ئەوەم کە ئەدەبەکەمان گەشە بکا بەبێ ئەوەی راستەوخۆ بە سیاسەتەوە بە سترابێت بەبێ ئەوەی راستەوخۆ نەک هەر بە حزبەوە بەسترابێ . بە سیاسەتیشەوە با نە بەسترابێت

بەلام ئەمن دەلێم وانە بووە تا ئێستا . چونکە وا نەبووە لەبەر ئەوەی ئەدەبێک دوور لە سیاسەت گەشەی نەکردووە جا کەی وای لێ دێ وە بۆ چیش وای نەکردووە مەعلوومە ئیدی دەلێم ١٥٠ سال تووشی ئەو وەزعەی بووین گەشەمان نەکردووە ئەو ئەدەبە .

**ئازاد :** کاک صلاح ئەمن لێرە دەمەوێ مناقەشەکەت تۆزەک ببەمەوە سەرە تاکەی ، جەنابت لەو چیرۆکەی کێ رچەی شکاند دیارە وەکو بەشێک لە تەئسیراتی چەپ لە تەئسیرات سۆڤیەت لە تەئسیراتی مارکسیزم چ ناوێکی لێ بنێین تەئسیراتی واقعیای ریالیزمی واقیعەتی ئیشتراکی ریالیزمی سۆسیالیستی لەسەر زۆربەی زۆری ئەوانەی کە چەپ نمابوون لە ئازادا بوون ، ئەمن بەش بە حالێ خۆم پێم وایە لەو چیرۆکەیدا ئیستفادەت لە جۆری ناوەرۆکەوە ئیستیفادەت لەو مەزهەبە ئەدەبیە کردووە زائدا ئیستفادەت لە رەمزیش کردووە لە بەکار هێنانی بە تەلەکانیدا ئێستا حەز دەکەم ئەوە بکەمە دەرگایەک بۆ ئەوەی سوئالەکەم بپرسم ، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا تەجروبەی بینا کردن سۆسیالیست لە یەکێتی سۆڤیەتی دا کە شکستی هێناوە دیارە لە هەموو بوارەکاندا شکستی هێناوە نەک تەنها لە بواری ئابوریو کومەلایەتی دا لە بواری ئەدەبیشدا شکستی هیناوە ، ئەو شتەی کە جاران پێمان دەگووت ریالیزمی سۆسیالیستی پاشە کشە یەکی زۆری کردووە وە لە کوردستاندا هەر چەندە ئەو تەئسیراتە زۆر موباشرو تەنزایراتەی تیور بزە کردنی بۆ نەبوو ، جگە لە کۆمەلەی ئێران کە سەردەمێک بە ناوی گروپی کارکەری ، کانوونی ئەدەبیاتی کارگەری ، حەز دەکەم ئەو سوئالە بکەم بە رای جەنابت نازانم ئەو مەسئەلەیە لە کوردستانێ تا چەند لەناو ئەدەبی کوردیدا پاشە کشەی کردووە چ شتێکی تازە بێت وایە چەکەرە دەکا .

**کاک صلاح :** وەللاهی ئەوەی کە خەریکە چ شتێک خەرێکە چەکەرە دەکا نازانم ئەوە ئینسان دەیهێلێتەوە بۆ دوا رۆژ بلا واقیعەکانی سەر سامە کە با بزانین چی دێتە گۆرێ بەلام ئەوەی کە چەند پاشە کشەی کردووە ئەوەی پی دەلێن ریالیزمی سۆسیالیستی بێ گوومان پاشە کشەی کردووە بە قەد ئەدەبەکەشی نا چار کەم یا زۆر .. پاشە کشە دەکا بە قەد خودی بیرەکە یەعنی سۆسیالیزم وەکو بیر چەند پاشە کشە دەکا ئەدەبی سۆسیالیستیش یا ئەدەبی موتەئەسیر لە سۆسیالیزمی بێگوومان کەمو زۆر بەو قەدەرە پاشە کشە دەکا بەلای منەوە رووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە باری سیاسیەوە دووشتی ئیسپات دووشتی نیشان دا ئێمە کە لە دەرەوە بووین بەلایەنی کەم زۆر چاومان لێ بوو وە

کامیرای تەلەفزیۆن کونو کە لە بەریو قــوژبن نــەما لــە کۆمــەڵی فاشیستی دا کە نیشانی عالەمی نەدا یەک خۆیان وەک دەوڵەت پاش رووخانیان دەرکەوت پاشکەوتوو بون ، ژیانو گـوزەرانی خـەڵکیان بە کەم کوری تەئمین کرد بوو نالەبار ناتەواویو جیـــاوازی بـــەینی چینەکانی کومەڵ هەتا بلێی زۆر بوو فــەرقو جیاواز بووو ئیرهاب و تیرور لەسەر عەقیدەو بیرو باوەر هەتا تا بلێی زۆر بـــوو وە مــن نەتیجە وەر دەگرم کە خۆی وەکو کومەڵ کۆمــــەڵێکی دوا کــەوتوو ناخۆشی غەیرە ئینسانی بوو نامولائم بوو لەگەڵ تەبیعەتی ئینسان ، ئەمە بەشێک ، خۆیان هەر لە خۆیاندا رووخانی ئەوانە رزگار کردنی ملیۆنەهاو سەدەها ملیۆن ئینسان بوو لە دەست ئەو دەوڵەتانە کە بە راستی ژیانێکی ناخۆشیان بۆ خەڵکی خۆیان زامن کرد بوو ئەمە بەشیکی بەلام بەشی دووەمی کەمن دەمەوی لیرە قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کەئەوانە رووخ ن خو یائەو کوسپە ئەولەمپەرە ئەومانیعەیان لەسەر رێگا لا برد کە ر ئینسانێکی ئازادیخواز بیر بکاتەوە ئەری چی دانێین ئەریٚ چ کۆمەڵێک دانێین بۆ بــەختەوەر کــردنی ئینسان یەعنی ئەوان لە حەفتا ساڵ خویان وەکو ئالتــەر ناتیڤــێ جیهانی مەوجوود ناساند بوو وە لەسەر ئەو حسابەش پێشی هەر بیر کردنەوە یەکی ئینسانی ئازادیخواز خاوەن بیرو باوەر فەیلەسوف خەبات کار شۆرشگێر کە دەیویست نارازی بی لە وەزعی مــەوجوود کە دەیویست رێگایەک بدۆزیتەوە بۆ دوا رۆژی ئینسان پــاڵ پێوە دە دراو هان دە درا بۆ ئەوەی ئەو جامیعەیە کەچی ئەو جامیعەیە خۆی جامیعەیەکی هەتا بلێی نالەبارو دز بوو ناشیرین بوو من گووتوومە ئەوان بە لا چوون خۆیان لە باریو عنەویەوە ئینسانی ئینسانیان لە کورەی ئەرز ئازاد کرد لە دەست ئەوە کە ئیتر قالبێک بـــە تەنیـــا رێگـــای خۆشبەختی بزانێو حەولی بۆ بداو ئیتــر بیــر بکاتــەوە دەرگای بیر کردنەوەیان کردەوە لە کۆنەوە لــە زەمــانی سپارتاکوسەرە خەباتی ئینسان بووە ، باشتر بووە وە لە زەمانی ئەفــلاتوونەوە وەکــو تیکوشانی ئینسان بووە بۆ دۆزینەوەی کۆمــەڵێکی خۆشبــەخت بێت ئەو بیرە هەر مابوو وە ئینسان هەمیشە تــەلاشی کــردووە کە چی دروست بوونی دەوڵەتی سۆڤیەتو پــاش ئــەوەش وڵاتانی دیکەی سەر بە سۆڤیەت بۆ سەردەمێکی ۰ ، ۷۰ ساڵــە ئینســانی موتەفــەکیر ئینسانی خاوەن بیرو باوەری لێ کردا واز بێنێ لــە تەقــەلا بۆ بیر کردنەوە ، شتێکی نیشان دا ووتی ئەوە رێگاتــە ئیتر تۆ چەند هەزار ساڵە تێدەکۆشی گەیشتوویتە ئێرە ئەم نیهایەیەتی ئێمــــە بــەو

قەناعەتە گەیشتین کە ئێمەی ئینسان کە بە درێژایی‌و پانایی گورەی ئەرز رێگامان بۆ کراوە دەستمان ئاوەڵەیە وەزهنمان ئێستا ئاوەڵەیە بیر لەوە بکەینەوە ئەرێ چ بکەین کۆمەڵێکی بەختەوەر بۆ ئینسان دانیین کیهان کۆمەڵە بەختەوەرە دادەندر بە کامە بیرو باوەر کامە ئیدیا کامە ئەندیشە بەلای منەوە رووخانی سۆڤیەت دەرگای لەسەر بە شەریەت کردەوە بۆ هەر چ ئازا وانە تر بیر کردنەوە لە دوا رۆژی خۆی وە لە دوا رۆژی بە شەریەت وە دۆزینەوەی ئالتەر ناتیڤێک بۆ جیهانی مەجوود بۆ سیستەمی مەوجوود ئەو سیستەمە مەوجودەی جیهان ئەگەر خەیالمان بێ بیگورین چۆنی بگۆرین چی لێ بکەین .

نەژاد : باشە مامۆستا تۆ پێت وایە ئەم سیستەمە جیهانیە نوێیە کەئێستا ناوی دەبرێ ئالتەر ناتیڤێک بێ بۆ یەکێتی سۆڤیەتی کۆن .

کاک صلاح : هیچ جێهانیک نەهاتۆتە کایەوە ، خەیالم هەیە بلێم .

نەژاد : ئەوەی نوقلانەی بۆ لێدەدرێ ؟

کاک صلاح : خەیالم هەیە وا بلێم من خەیالم هەیە بلێم هیچ جیهانێکی نوێ نەهاتوتە کایەوە جیهان دوو بەش بوو جیهانێک کە لە غەربەوە جیهانی ولاتانی سەرمایەداری پارلەمانی بوو سەرمایەداریەک کە لەسەر بناغەی ئیقتصادیو ئیقتصادی بازاری ئازاد داندراوە وەکو ژێر خان لەسەر خانیشی وەکو پالو ماریزم وە بلورانیزم حوکمی پالو فرە حزبایەتی داندرا لە لایەکی دیکەوە لە بەرامبەر ئەودا جیهانێکی بوو کە لەسەر سۆسیالیزمو ژیان کۆلیکتیفو ئیقتصادی کۆلیکتیفو سەر خانەکەشی حوکمی ئەو ئەحزابیو حوکمی تاکەحیزب کۆمونسیت بوو ئەو دوو جیهانە لە بەرامبەر یەک دا بوون، جیهانی دیکە نەبووە ، ئەگەر بووبێ جیهانی فەقیرو فەقەراتی بووە جیهانی دەوری نەبووە وە هەمیشە لە حاشیەی یەکی لەو دەولەتانە بووە خۆی بە کلکی یەکی لەوانە هەلپە ساردووە ، ئەگەر رووخاوە چی رووخاوە ، با ئیمە سەرووی واقیع بین بلوکی سۆسیالیزم رووخابوو . ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە سەری ئەمەیە جیهانێکە کە لە باری ئیقتصادیەوە کە لەسەر بناغەی بازاری ئازاد داندراوە لە باری سەر خانەوە لەسەر بناغەی ئازادی بیرو باوەری سیاسی فرە حزبایەتی ئەو جیهانە سەرکەوتووە ، رەنگە ئەو کەسانەی مەیلی دلیان بەلای سۆسیالیزمەوە بوو بێتو یا هەر رەسمەن لە ئەحزابی کۆمونیست دان لە هەموو جیهاندا بەشدار بووبن ئێستا بەوە دلخوشی خۆیان بەوە بدەنەوە ئەوە ریفۆرمێکی سۆسیالیزمە ئەوە نوێ بوونەوەی سۆسیالیزمە ئەوە نوێ بوونەوەی کۆمونیزمە من وای دادەنێم من

وای دەبینم ئەوەی کە پێی گووتراوە ئەندێشەی سۆسیالیستی یا ئەندێشەی کۆمۆنیستی ئەوە رووخاوە نەک دەوڵەتەکە پێش ئەوەی دەوڵەتەکان بروخێن ئەو ئەندیشەیە ئەو باوەرە رووخاوە ئەو باوەرە لەناو لانکەکەی خۆیدا رووخابوو لە مۆسکۆ و بەرلین و براغەوە رووخاوە ، نە ئەمساڵ نە پار زۆر لە مێژە بەڵام ئەو رووخانە زۆری دەویست هەتا بگاتەوە رووخانەوەی دەوڵەتیش .

**ئازاد :** مامۆستا دەکرێ ئەو مێژووەمان بە تەئریخ بۆ دەرکەیت .

**کاک صلاح :** وەڵڵا زۆر زەحمەتە ئەو تەئریخە بەڵام بێگوومان لە راپەرینەکەی بەهاری چیکوسلۆڤاکیاوە لە بەهاری پراگەوە روناکبیری ئەوروپا هەستی بەوە کرد ئەوەی هەیە ئەوە نەبووە کە ئارەزووی دەکرد ئەوە ئەو واقیعە نی‌یە لە ١٩٦٨ ەوە هەموو جیهان زانی کە تانکەکانی سۆڤیەت لە پێشدا لە پۆڵەندە چیان کردو پاشانیش کە بەهاری پراگیان بێ هێنا ئینهایارێکی بەسەردا هێنا جا ئەو ئینهیارە خەیاڵم هەیە بڵێم ئەوە بەسەر روناکبیرانی ئەوروپای غەربی هات بەوە وشیار بوونەوە کە ئەوەی ئارەزوویان هەبوو پییان وابوو لە ئەوروپای شەرقی شتێکی باشە ئەوەیە بەڵام خۆی لەنێو خۆیدا ئێمە پێمان وایە لەناو خۆیدا ئازادی نەبووە بۆیە رووخاوە ، پێش ئەوە ئازادی نەبێ ئابووریش نەبوو وەتو دەبێت لەناویدا ژیابیت تابزانی کریکارێکی چیکی ، پۆلونیایی ، بۆلغاری وەک کرێکارێکی ئەلمانیای رۆژهەلات لە مەعمەلەکەی خۆی کە ئیشی نەیەک نەنیوە نەیەک سی نەیەک چوار نەیەک دەی ئەلمانیای غەربی وەرناگری ئەی چ حکومەتێکی کرێکاریە کە ژیان بۆ کرێکاری خۆی تەئمین نەکا ، هەر بۆیەشە ئەو فکرە سەری نەگرت لە ئەوروپای غەربی تۆ چۆن بە کرێکارانی ئەوروپای غەربی دەڵێی وەرەبچین ئەو سیستەمە بینین کە کرێکارێک خۆی ماڵی هەیە ، ترومبیلی هەیە ، تەلەفزیۆنی هەیە یەک مانگ ئیجازەی هەیە بە کرێی تەواوە بچێ بۆ گەران ئەگەر بێکار بوو زەمانی کۆمەلایەتی هەیە وە ئەو دەبینی لەلایەکی دیکە کە خەڵک برسی‌یە وە لالەیەکەی دیکەوە بەشی یازدەو دوازدە وەستاوە لە وڵاتانی شەرقی بۆ کرینی ئۆتۆمبیلێک لە دوکانەکات شت نی‌یە ، خۆراک نی‌یە خواردەمەنی نی‌یە وە ئەگەر هەیە نەوعیەتی خراپە خەستەخانە جێگای رابواردن جێگای حەسانەوەی ئینسان کاتی پیریو ناتەواوی هیچ کامیان لە نەوعیەتەوە ناگانە ئەوروپای غەربی یەعنی لە مونافەسەیەکی ئیقتصادی کە بۆ باشتر کردنی ژیانی کومەڵ کراوە شکستی خواردووە پێش ئەوە کە لە شتی دیکەی سیاسیو فیکری و ئەندیشەو لە باری ئابووریەوەش شکستی خواردبوو ، بەڵام لە باری



سیاسیشەوە ، بەلای منەوە بەلایەنی کەم
ئەگەر زووتری نەلێین لە ١٩٦٨ ەوە لە
بەهاری پراگەوە تێکشکاندنی تانکەکانی
سۆڤیەت شکستی خواردووە ئەم شکستە لە
ژووریکو ئەو رووخانە لە ژووریکو ئەو
رووخانە رووخانی ئەوە بوو کە ئینسان بە
ژیانی کولیکتی و دەتوانی هەم سیاسەتو
هەم ئیقتصادی هەم ئابوریەکەی بچەقینی ..
ئەم تەجرەبەیە شکستی خوارد ئینسانی کولیکتی نەیتوانی ئەوەندە
دلسۆز بێ یەعنی وانە کراوە پەروەردە بکری ئەوەندە دلسۆز بێ کە
کولیکتقەزمەکەی خوی بپاریزی شت بوو بە ئیقطاعی عام ئەوەی کە
بووە بە ئیقطاعی عام کاری دەکرد نا دلسوز بوو مەکینیە کە خەلک
ئیشیان تیدا دەکرد خزمەت کارو کار بەدەست و فەرمانبەر و
هەلسورینەکان کاری تیدا دەکا پاکو خاوینایان رانە دەگرت لەوە لە
مەعمەلو فابریقە ئیشی دەکرد کریکارەکان بە تەواوی ئیشیان تیدا
نەدەکرد ، مدیری مەعمەلیش بە تەواوی چاکی ئیدارە نەدەکرد لە
بەشی زەراحەتو فەلاحەت وای لی هات لە هیکتاریک زەوی کەمتر
بەرهەم پەیدا دەبوو تاوەی لە ولاتان دونیای غەربی لە هیکتاریک
زەوی بەرهەم کشتوکال پەیدا دەکەی ، تو لە ئینتاج دا دواکەوتی ،
تو لە موسابەقەی بەرهەم هینان دواکەوتی ، تۆی سۆسیالیست تۆی
دونیای سۆسیالیزم دەبوو برووخن وە رووخا لەگەڵ ئەندیشە کە
رووخانی جا ئەو ئەندیشەیە رووخانی یەک زوری دەویست تا وەکو
دەولەتەکانیش بروخین دوو وە زورتری دەوی تائەو شەپولی رووخانە
وە ئەو شەپولی رووخانی ئەندیشەو بیرو باوەرەکەش لەگەل رووخانی
دەولەت رەنگ دانەوەی دەداتە جیهانی سیەم هەر وەکو جیهانی
سیەم کە درەنگتریش سۆسیالیزم وەرگرتووە ، درەنگتریشی بەردەدا
وە ئەوەیە حکمەتی ئەوەی کە بۆ ولاتانی لە ئاسیا ئیستا ماوە ، لە
ئاسیا شل بە کوریایی شمالیو قیتنامیشەوە بە هەموو ئەو خەباتە
شورشگیرە پر قارەمانیەتە پیروزەشەوە کە کردیان بو رزگاری خویان
بەلام دوا روژیان نیە وەمن هیچ گومانم لەوە دانیە کە وە رووخین
بە جینیشەوە بەلام وەکو شەپولی دەریا ئەگەر لە کانگای شەپولەکە
بوەستی بەلام زوری پی دەچی وردە وردە ئەو شەپۆلە دەگاتە قەراخ
ئیمە قەراخی جیهانین کە ناری دەریابین هەتا شەپولەکانی دەگاتە
ئێمە تێی دەچین بەلام ئەو شەپۆلە دەگاتە ئێمە ، تەئسیر دەکاتە
سەر ئێمە ، بیرو باوەری ئێمەش چ لە سیاسەتو چ لە ئەدەب

ئەوەندەی لەژێر تەئسیری چەپ بووە دەگۆڕێ بەلاَم تۆ لەمن دەپرسی دنیای دوا: ...ەر چمالی دی ئالتەر نـاتیقی پـاش ئـەوە چ دەبـی دونیای ئیستا ئەو دونیا دەبی ئەم سەرکەوت‌و دونیای دیکە ژێرکەوت جیهانی دیکە بەرەو کوێ دەچی نە لـە توانای مـن دایە ئیستا وە نە لە توانای باوەڕکەن هیچ کەسیکی دیکەیە هـەر چـ...ند خاوەن بیرو باوەڕو موتەفەکیربی کە ئیستا پیش بینـی بکـا چـی دەبـی ، تەنها شتیکی دیکە ئەمن دەتوانم بینیم‌و لەبەر چاوم ئەوەیـە کە ئینسانی موتەفەکیر ئینسانی خاوەن بیرو باوەر مێشکـی ئـازاد بـووە لە بیر کردنەوە لە ئالتەر ناتیقیک بیر کردنەوە لـە بە دیلێک کە عیبارەت لە جامیعەیەکی خۆشبەخت لەو جامعەیەی کـە لـە هـەزاران سالەوە پەیـوەست بووە بو گوزەران بو ئازادی بو خزمەتی ئینسان وەکـــو تاکە فەرد ئینسانی ئیستا پاش ئەوە کەشتـە بـە نرخـەکان وەکو قیم ئەزشەکانی ئینقلابی ١٩١٧ کەوتوتە ژیـر پرسیـارە ئیستـا ئەرزش و قیەمەکانی شورشی فەرەنسی هاتوتـەوە گـوری پیدا گووتن وجودت بە سەرتاکە فەرد هەموو ئەو شتانەی دەوی بـەر بەرەکانیـەک لـە باری فکرییەوە لە باری زهینەوە لە بەینی ئینقـلابی ئوکتوبـەرو شورشی مەزنی فەرەنسیدا لەوەدا دەبینیٚ شۆڕشی ئوکتوبـەر ی بڵێن لەپێشدا شۆڕشی فەرەنسا ئینسان وەکو تاکە فەرد دەبینی پاشـــان ئـەرک و وەزیفەو دوا روژ هەلّدپنجی لە وجودی تاکـە فـەردەوە کەچی شورشی ئوکتوبەر کومەل بەجی دیلی ئینجا تاکە فەرد لەنـاو کومەلـدا بەلای منەوە لە باری فەلسەفیەوە ئیستا جیهانی ئیستـــا بـــە تایبـەت جیهانی پیشکەوتووی سەر عەردی کەوتوتـــەوە ســـەر ئـەرزشەکانی شورشی ئوکتوبەر کەوتوتە سەر تاکە فەرد ئازادیـەکانی تاکـە فەرد ، کەوتوتەوە سەر بایاخدانانن بـو تاکـە فـەردی ئینسان ئەم ئازادیانە چین یەک ئازادی ینسان لە باری سیاسیەوە تـو مـافی دەنگدانت هەیە وەکو ئەوەی لە شورشی فەرەنسادا پییـــان گـــووتن هـاوشـاری هاووولاتی یا بریک لە موتەفەکیری ئیستای کورد دەڵین شارومەند تو شارومەندیکی ئەو ولاتەی خاوەنی هەقیکی وەکـو هەمـوو کـەس ئیتر نەچین نە طبقاتی ئیجتماعی نە سەروەت‌و دەولـەت تـەئسیری هیچ کام نابی لەسەر ئەوە کە وەک تاکە فەرد لە دەنگداندا لەدینا بوون یا نە بوونیەتی وە ئەو جا ئازادیەکە دەگـــاتە ســـەر ئیقتصـاد لە ئیقتصادا لە ئابووری ، ئابووری تو سنوریکی بـو دانانـدری مەگەر ئەوە کە تو تەجاوز بکەین وە بە تەجاوزی قاتوونی، کەوا بوو ئازادی ئینسان لە سیاسەت لە دیناوە عیبارەت‌و ئیقتصـــادو ئابـووری لە شیوەی ژیان‌و هەڵبژاردنی خۆت لە دروست کــــردنی‌عائیلـــــە و هاوسەرگرتن وە هەموو ئەوانە ئـەو قیەمـەن کە دەگەرێتـەوە سـەر

شۆڕشی تازە قیەمەکانی شورشی ئوکتوبەر کە ئینسانی ، تەنیا وەکو تاکێک لەگەڵ کۆمەڵ دا دەدیت ئەوە ناتەوانی خۆی ، بەراستی خۆی لەوە کە ئینسان خۆشبەختکا دەرخست ، ئەمەیە ئەو رووخانەی کە لە ژووری هات ، ئابووریە کەمو کوریە نا تەواوەکەش لەگەل دزی و فزیو بی ئەخلاقیەکەی ژووریک کە لە نەتیجەی ئەوەدا هاتە گوری رووخا بەلام تو لە من دەپرسی کە کەی دیت بو ئیرە بەلای منەوە ئەو رووخانە شەپولەکەی درەنگ دەگاتە ئیرە بەلام ئەو شەپولە هەر دەگا چۆن وەختیک سۆسیالیزمیان دانا ئێمە بە دەیان ساڵ پاش خەلکی دیکە گەیشتینی ، چەکەرەی بیری مارکسی وە سوسیالیزم چون لە کوردستاندا تازە دانەدانە لە سیەکانەوە پەیدا دەبوو کە بلیین ١٥ ـ ٢٠ سالش لە حکوومەتی سوسیالیزمیش تیپەربوو وە سەد سالیش وە هەشتا نۆهەد ساڵیش لە دانانانی مانیفێستی کۆمونیستەوە تێپەربو تازە چەکەرەی دەگەیشتە کوردستانو یەکە یەکە رووناکبیرو خوێندەواری کورد بیری سۆسیالیستیان وەردەگرت بەلای منەوە ئەوە دواکەوتوویی کۆمەڵو نەبوونی پەیوەندو علاقاتە دەست لێ هەڵگرتنو واز لێهێنانشی بە نیسبەتی ئێمەوە درەنگ ترە لە دونیای دیکە ، بە نیسبەتی ئێمەی کورد بە نیسبەتی ولاتانی ئاسایی بە نیسبەتی ولاتانی ئەفریقایی درەنگ ترە لە ولاتانی ئەوروپایی ولاتانی ئەوروپایی خویان پێش دەست بوون لە دروست سۆسیالیزم دا خۆیان دەست پێش خەر بوون لە رووخاندنیشی دا ، ئێمە چ لە وەرگرتنی دا وە چ لە واز هێنانی دا بەدوو واندا دەرۆین وە ئەوە هیچ چارەی تێدانیە .

**ئازاد :** سوپاست دەکەین مامۆستا ماندووشمان کردی .

**کاک صلاح :** سووپاستان دەکەم و زۆر مەمنوون .

# «هۆی پەیدابوونی شانۆگەری لەشاری سلێمانی دا»



حەمە كەريم هەورامی

پەیدا بوونی شانۆگەریی کوردی لەشاری سلێمانیدا هەروا لەخۆیەوە؛ لەپڕێك دا نەهاتووە کایەوە، بەڵکو بەر ئەنجامی چەند هۆیەکی گشتی‌یە.. ئەو هۆیانە لەهەمان کاتدا زەمینە خۆشکەرو پاڵ پێوەنەری روناکبیرانی کورد بوون؛ بۆ ئەوەی پەلە لەو پەیدا بوونەدا بکەن، تا گەلی کوردیش وەك گەلانی دەورو دەرای بەو جۆرە هونەرە ئاشنابن و لەکاروان دوا نەکەون.. ئەم هۆیانەی خوارەوە بڕێکن لەو هۆیە سەرەکیانەی کەشاری سلێمانیان ئاوداشت کرد بۆ چەکەرە کێشانی هونەری شانۆگەری:-

١- شاری سلێمانی لەسەرەتای دامەزراندنیا، بەو نیازەوە بنیات نرا کەببێ بەئاسانەی هەموو کوردو شان بەشانی شارەکانی ئەو سەردەمەی جیهان راوەستێ[1]. شوێنی بازاڕو مزگەوت و گەرماوو شەقام و گۆڕەپان و گۆڕستان و سەرای تیا دەست نیشان کرا، خەڵکی دەست ڕەنگین و کارزان و خاوەن پیشەو زاناو دانای هەموو لایەکی کوردەواری هێنرانە ناو شارو نیشتەجێ کران.. جۆرە پێشبڕکێ‌و خۆ هەڵقوتاندن و خۆ بردنە پێشەوەی خەڵکەکە گۆڕی بەگەشاندنەوەی ئابووری‌و رۆشنبیری شارەکە دا.. مزگەوت و فەقێ‌و مەلا؛ تەکیەو خانەقا، شێخ و دروێش و سۆفی، دیوەخان و میرزا، ئەمانە بوون بەبنکەو پایەی کومەڵی شار، هەر گرۆیەك هەوڵی دەدا خۆی پێش بخاو سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشێ، ئیتر بەر بەرەکانێ لەپێناو بەرهەم هێنان و ئاشنا پەیدا کردندا هاتە کایەوە؛ پیشەسازەکان لەناو خۆیاندا مل ملانێی یەکتریان دەکردو بایەخیان بەرەختی‌و نەختی بەرهەمەکانیان دەدا.. مەلاو فەقێش هەوڵیان دەدا دەریای خوێندن و شەریعەت وا بەرین بکەن کەکەشتی طەریقەتی سۆفیانی تیا نقوم ببێ.. شێخ و سۆفی‌و دەروێشیش دەیانویست کەشتی خۆیان بەسەر دەریای شەریعەت دا تێپەڕێنن.. ئا بەو جۆرە شارەکە بناغەی لەسەر روناکبیری‌و پیشەسازی دامەزرا..

٢ـ فەرمانڕەوایانی شار ئامێزی خۆیان بۆ ڕووناکبیران و شاعیران و مەلای بەماریفەت و قوتابی ئایینیو ڕابەرانی تەریقەت و میرزاو خۆشخوانان کردەوە..
ئیتر مزگەوتەکانی ناو شار لەلایەکەوە شوێنی خوێندن و زانیاری بوون، لەلایەکی ترەوە شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕێنموونی خەڵك و بەجێ هێنانی خواپەرستی بوون.. لەهەمان کاتیشدا کاروان سەرای ڕێبواران و بێ دەرەتانان و سایەی حەواندنەوە بوون.. هەر لەویش دا لێکۆڵینەوەو چەندو چوونیو ڕامانینی فیکری ساو دەدران، مەلاو زاناکان فەقێی زۆریان لەدەور کۆ دەبوونەوە، ئەوەیان شاعیرێکی لێهاتوو بوایە، شیعرەکانی دەبووە کەرەسەی تاقیکردنەوەی هزرو بۆچوونی ڕاست و وەك سەنگی مەحەکی تێگەیشتن و چەشەی ئەدەبی لێ هات. ئەو مەلایەی دەمەوەرو زمان پاروو ڕەوان بوایە دەبووە خەتیب و لەمزگەوتی «جامعە»دا لەڕۆژی هەینی دا گوێیان بۆ وتارەکەی دەگرت.. ئەمەش بوو بەهۆی تیژ ڕەویو بەربەرەکانێی یەکترو پەلەکردن لەسەر خۆ دەرخستن و ئاملاندنی خودی کەئەمە ئەوەندەی تر باری ڕووناکبیری خەڵکی گەشاندەوە..
وێڕای ئەوەش خەڵکی شارەکە هاتوو چووی هەندەران و وڵاتانی دەرەوەیان دەکردو ئاشناییيان لەتەك ڕۆشنبیری وڵاتە ڕۆژئاواکاندا پەیدا کردبوو، ئەو کەسانە بۆ ئەوەی واپیشان بدەن کەوڵاتی «تمدن» یان دیـووە بۆیە لاسایی خەڵکی دەرەوەیان دەکردەوەو هەندێ شتی نوێیان ناوەخەنی ڕەویەی گشتی خەڵکەکە دەکرد.. یەکێك لەوانە شانۆگەری بوو..

٣ـ ئەو سەیـرانـانـەی کەلەنـاو پیشەسازان و کاسبکارانی سلێمانیدا ببوو بەرەویەو نەریت، بەتـایـبـەتی کەلەوەرزی بەهـاردا ساز دەکـران.. بەهــەر ساڵێـك گرۆیـەك لەپیشـەسـازەکـان سەیـرانەکەیان ساز دەکرد، یاریو، وازیو گەمەی جۆراو جۆریان بۆ ئەو بۆنە ئامادە دەکردن، بەشێـوەی گەمــەو لاسـایی حکـومـەتێکیان دادەناو پاشایەك بۆ سەرکردەی ئەو حکومەتە هەڵ دەبژێررا، ئەویش بەپێی دەستەڵات و توانای خۆی چەند وەزیرو گزیرو پۆلیس و فەرمانبەری دەست نیشـان دەکردن.. داراییو ئازوقەیەکی زۆریان خر دەکردەوەو تاقی شاهانەیان لەسەر شەقامەکان دروست دەکردن و دەیان ڕازاندنەوە.. سەرۆکی حکومەت واتە پاشا لەئاهەنگێك دا چقـەی شاهـانەی لەسەر دەنراو بەخۆیو دەست و پەیوەندییەوە لەڕۆژی سەیرانەکەدا لەتەك وەزیـرەکـانیـا بەژێـر تاقـەکاندا دەڕۆیشتن و خەڵکی ناو شاریش بەرێزەوە لەم بەرو لەوبەری شەقـامـەکـانەوە پێشوازیان لێ دەکردن و بەرای چاویان بەدیتنی پاشا ڕوون دەکردەوەو بەرەو سەیـرانگای سەرچنار بەرێیان دەکردن.. لەوێ تەختی شاهانە بۆ ئەو پاشایە دروست دەکرا، لەوەختی چوونە سەر تەختەکەیدا خەڵك دەستە نەزەر ڕادەوەستان و جوقەی شاهانە دەژەنرا، پاش دانیشتن و سەقـامگـیر بوون فرمانی شاهانە دەر دەچوو کە یاریکەرو کڵاوچیو تەقڵەبازەکان دەست پێ بکـەن.. خۆ ئەگـەر ناحـەزێـك گەمەی بەدەستەڵاتی پاشا بکردایە یان یەکێك گێرە شێـوێنیـیـەگی بەرپـا بکردایە بە توندی سزا دەدرا.. سزادانەکەش یان بەلێدان و «خەرج ـ غەرامە»دان بوو یان بە حەپس کردن و شار بەدەر بوون..
لەسەر جۆری ئەو سەیرانانەو بەگەمە پێکهێنانی حکومەتی شاهانەی گەمە لەووی وترا زیناری پتر

هەیەو لێرەدا شوێنی باسکردنیان نی‌یە.. بەڵام ئەوەی شایەنی باس بێ «ئەورەحمانی خامە» دوا پاشای ئەو جۆرە سەیرانانە بووە کە لەپاش ساڵی (١٩٢٢)دا قەدەغە کران و کۆتاییان پێ هات..
ئەم هۆیانەو چەندان هۆی تریش کە ریشەیان دەرچووە وە سەر ئەو ئارەزووە دەروونیانەی خەڵکی ئەو کاتەی شاری سلێمانی کە نووشتابوونەوەو لە ترس داگیرکەرو ستەمکاردا بەئاشکرا تەسەل نەدەکران، تۆوی هونەری شانۆگەرییان لەو شارەدا چاند.. ئەوەبوو دوا بەدوای قەدەغەکردنی سەیرانی پیشەسازەکانی شاری سلێمانی‌دا یەکەم تەزووی ژانی لەدایک بوونی شانۆگەری‌ی بەلەشی شاردا هێنا..
هەر ئەو گەمەیە بەجۆرێکی تر خۆی نواند.. لەجغزی گەمە چووبووە دەرەوە، خەریك بوو بێ بەحەقیقەتێکی گومان لێ‌نەکراو، مەترسی خستنە ناو دڵی ئینگلیزەکانەوە، ئەوان و زۆر کەسی تر نەیان دەزانی گەمەیە یان کارێکی راستەقینەیە.. کەسەرکوت کرا لەبارێکی تردا لەپەردەیەکی واڵاتردا خۆی رازاندەوە کە داهێنانی تەمسیل کردنە..
٤ـ ئەو روناکبیرانە کە یەکەم چالاکی شانۆگەری‌ی کوردیان بەرپاکرد، لەپاش دا (جەمعیەتی زانستی کوردان) یان[٢] پێك هێنا زۆربەیان هامووشووی ئەستەمبوڵ و بەغداو موسڵ و شام و حەڵەبیان کرد بوو.. ئەو تەمسیل کردن و شانۆگەریانە کە لەو وڵاتانەدا نوێنرابوون و کاریان لەو روناکبیرانە کردبوو.. ماخۆلانی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کەلەو بارەوە هەبوو بێ ئارامی کردبوون، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەو بارمتەیە دەگەڕان کە قەرەبووی یاری‌و گەمە قەدەغە کراوەکانیان بکاتەوە..
ئیتر هیچ دەرێکی تر نەبوو هەناسەی تیا بدەن بۆیە پەنایان بردە بەر ئەو روناکی‌یەی کە لە قەڵا رۆژنەی هونەری دراماوە دەتروسکایەوە.. لەلایەکی تریشەوە ئەو ئاوێنە بوونەی باری کۆمەڵایەتی ناو شارو، ئەو تێرو تەسەلی‌یە ئابووری‌یەی پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ ئەوەی پەنا بەرنە لای روناکی هونەری شانۆگەری بێ گومان روناکبیرانی کورد چە بۆ خوێندن و چە بۆ بازرگانی هاتووچووی تورکیایان دەکردو لە ئەستەمبوڵ چاوی خۆیان بەهونەری شانۆ روشتبوو، ئەو کاتەش ئەو هونەرە لەوێ لەپەرە سەندابووە.. هەر لەسەدەی هەژدەهەمەوە بزووتنەوەی شانۆگەری لەتورکیادا پەیدا ببوو.. سوڵتانەکان بەتایبەت ـ سوڵتان عبد المجید ـ بایەخێکی زۆربەی بەو جۆرە هونەرەدا بوو. وای لێ هاتبوو لەکۆشك و تەلاری سوڵتانەکاندا هۆڵی تایبەت بۆ شانۆو جوقەی موسیقای ئاهەنگ تەرخان دەکران[٣].
٢ـ دامەزراندنی کۆمەڵە رۆشنبیری‌یەکان؛ بەتایبەت (جەمعیەتی زانستی کوردان) دامەزرێنەری ئەو گروپ و کۆمەڵانە بۆ هوشیار بوونەی خەڵك و دەوڵەمەندکردنی هونەرو ئەدەبی کوردی دامەزران.. ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵانە ئەستێرەی گەشەی هونەرو ئەدەبی کورد بوون.. بەسەر دەستی ئەوانیشدا هونەری شانۆگەری سەری هەڵدا.. بۆ وێنە: (پیرەمێرد، رەفیق حلمی، زێوەر، شێخ سەلام، شاکر فتاح، توفیق وهبی، کەریم زانستی...) ئەمانە رێگەیان بۆ هونەری شانۆگەری لەسلێمانی ئاچۆخ کرد..

---

(١) زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد.. (دوکتور عیزەدین مستەفا.)
(٢) ـ (جەمعیەتی زانستی کوردان لەساڵی (١٩٢٦) لە سلێمانی پێك هاتووە.
(٣) تەماشای المسرحیة العربیة فی العراق: الدکتور علی زبید) ل (٤٠) بکە

# بارانی ئەفسوس



جەلال بەرزنجی

سێبەر نەبوو،
لەشی خەون لەوەرگەی خاك بوو
خاکیش پیالە یەك ئاوی گوشراوی گیای هاوین
(کەلوی) لە بیران
بەختی دەرژاند
تۆوە تێکئالاوەکان،
نەمانی گرفتان..
تەنێکی نارەحەت بوو تاجی
بروسکە رواندیە گردی بلوران
هەور لەچۆڵیان لەبارچوو..
نهێنی غار غارێتی ئەسپەکانی «قۆنگرە»
چوونەوە چەکمەجەی چیا..

---

بەشێکە لە قەسیدەیێکی درێژ
سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە
ساڵی ١٩٨٣ و لەم دوایەش دەستکاریم کردووە



هێلکەکان خاکیان شاش بوو،
نەتروکان
لاسایی هەڵۆی دەکردەوە
ترۆپك بردیان.
خشپەی جوانی دەمامك کرد؛
کراسی ئاودامانی دڕی..
دەربەند تێك چوو
دەریا گۆزەیی..
لەهەڵبزرکانی بارانێکا..
چەمایەوە شوێن پەلکەزێرینە..
پەلکە زێرینە وەکو تەونی جاڵجاڵۆکەی
پێ نەکرا.
خلکی بەردا
شیر دەرکومرا..
بۆکەنی لەئاوان دەرکەن،
بۆکەنی تا ناو گیاو ژووری خەوتن دەڕوا
زەمین گێژترە لەسەری من!
قالۆنچە لولیان دا..
خەون پەرموازە..
چاو پیرۆزەیێ نەهات
هەوەسێکی نامۆ بیبات..
بیکات بەیاری زانێکی
تیپی بروسك..
دەبیگێڕەوە ئەی پیری کات
بەسەر هاتی ئایندە!
دوا گالیسکە داهێنەرەکانی بردەوە..
تۆزی هەڵالان ئامادە نییە،



لەجۆزەردان شتێك چاك كات.
تەون و تەم ئاڵۆزكانە دارگوێزان
سمۆرە بێ مەنووا،
ڕووناكی كورتە ناگاتە بەر پێیان
سروشت لەبا ئاوس نەبوو
سروشت نەزۆك بوو
یان
با
لیتراوی كاڵ..
ڕژایە سەر سێوە كۆنەكان..
نەگەیشتە خرۆكەی ژنلن
بۆنیان گران بوو
سەرەتای بەهار بوو
دەرگاكان كراوە
مەمك ڕژان
هزر ڕژان..
بازوو ڕژان
دەی خەیاڵ كۆكەرەوە..
هێشووی باران برە..
نیشتە سەر لاوك و حەیران و هەورەكان..
تەمەنیان بردەوە كودیلان
جوامێریان لەگەڵ خاكدا جووت كرد
فرندە بگوازنەوە كوێ؟
باران برە.
باران
برە..
باڵندەی تەتەر نەگەڕانەوە..



لەسەر سەبەتێکی پڕ لەکڵاو ڕۆژنە
هەڵنیشن،
تا ئەمجارەیش
ژنان لەبەر بارانی هەوەس
کچێتیان بگەڕێتەوە
دار کەران..
ماسی گران..
بازرگانەکان..
بەرهەمیان بردەوە تونێل
تۆیش زێدەی ڕۆحت
بردەوە پەرستگا..
ئێ هۆ!.
دوا کۆك!.
یەکەم ڕۆژ بوو
یارییە غەمبارەکەت دۆڕاند.
خۆشهاتنت لەکەس پێ نەکرا
ماڵئاوایش هەروا..
نامەکەت شەمێ کەو،
بیدە دەم ئاو..
چاو پیرۆزەییێ،
لەکەنارێ دەیگرێتەوە.
دەبیگێڕەوە ئەی پیری کات
بەسەر هاتی ئایندە..
ئارەزوو
ڕژانە سەر مافووری کەرە..
بای دەربەند توندی کردوو..
هێندەی جرجانت لەگەڵ خاکدا پێ نەکراو،



جووتت بەردا..
هێزە پەرت بووەکەشت گرفت بوو
رەهایی لەساتێکدا دەمامکی فڕێ دا.

ئێوارەی ناوەوەم و
ئێوارەی دەرەوەوەم بەسەر یەکتریدا ڕوخان.
تۆزێان نیشتەوە سەر ئێرەو خەیاڵ..
تازە هیچیان ناچنەوە چوارچێوەی شاخ
خانمی کفن دروو
دەرزیەکەت لەزەمەندی نەستدا وون
لەم دیو ئاسۆیش..
دوا ماڵئاوای کەری داهێنەرەکە بوویت
حەوت ساڵی تریش بخەوە..
کۆترەکان دێنەوە دەراو
دەستت لێک دە
نەپیر دەبیت
نەلەگەڵ خاکدا ڕەنگین!
خانمی کفن دروو..
جوانی پشت نەکرا..
بەشی کردنەوەی مەتەڵانە ئێوارەیێک
لەجیاتی گوڵە حاجیلەی بانان بڕوێ.
ئەوسا..
بۆ دواجار لەزەماوەندی خرۆشانەوی زەمەن
بانگت دەکەم..
تووکت سپیاتی بەردەدات.
ئاگری ژێر لێفەت..
شادیو نیگەرانی تێکەڵاو دەکات.
دەبیگێڕەوە
ئەی پیری ڕەند
بەسەر هاتی ئایندە..

شمشێری هزر پەرەوازەی بێ هودەیی
منیش قاچێکم گێچاوی رۆژئاوا
ئەوی ترم شمشالی رۆژهەڵات..
لەرێگە گوڵ گوڵیەکەدا..
هەردووکیان دەرژێنەوە خۆیان..
شیریان دەرژێتە درزی خاك و
سەر بەردان
بەهەنگاوی جاران ناگەمەوە رامان..
بۆ ئاوی ناگێرمەوە..
قمقموك دەرشێنەوە ناوی
جوانی تاراوگان،
هێندەی دی لاسار دەبێ
سێوەکان
لەپەنجە لەرزۆکەکان گیر نابن
بای دار ئاوس..
لەتۆزی هەڵالان لا دەدا..
پیشیلەی بەبا
چاوەڕوانی رەشەمێ ناکات
هەلێکی سوور دەیانبا.. دەدیبا
نەشادبم..
نەنارەحەت..
تفەنگۆچکە لەلوورکان دروست مەکە!
ئاور لەکەسکاوی بۆقان
هێشووی هەوەسی جێ ماو مەدەوە
ئایندە دەمامکی دراند..
باران برە..
تاتە شوری مێکوکانی کردە لانە..
ئاگرە پەرەوازە بووەوە..
پایزە
پایزیش زووتر لەمن داهات
نەبەشەو

هەوڵنامەی کتێب



ئەلەغەرییبیان
سەیری ئاوێنەم نەکردبوو..
کلیلەکان
لەگەڵ دەرزی خانمی کفن دروو
لەئەستدا ون..
دوا تیشکی هەتاو
لەپرچت دە..
لەئاوێنان ئارەزوو زیندوو
سڵاو..
هێلانەی نیوە روخاوی دوای زستان...
گیا رەشی خەرەندانە
شمشاڵانی رووتبەوە ناوی...
تاج متروبەکرا
دوا زریان..
هێلکەکەی ئەم سەری دەرخست
ئێمە وامان ووت؟
وا زەویمان دایە دەستت؟
لیتراو...
لیتراو..
بۆ هەشتەمین جار هێنایەوە
فرندە بگوانەوە کوێ؟
خەنجەر خوێن رشایەوە...
لێوەکان شیری گومرا...

هێزە...
هێز...

هێلکاری خاك...
سەرەتا وا نەبوو
شەرە
شەر
تا جاران بە هەنگاوێکی کورت

گێژترە لەسەری من.
بەخێر بێیت:.
قامکە گیای بەر باخەڵی دەرهێنا
بەراووردی یارییە
غەمبارەکەی کردەوە...
لەگەڵیا...
چاکەو خراپەی ناخ
چالاکیان وەستاند..
شەرێکی بێ هودەیە...
(ئەوەی تا ئێستا ماڵی نەبێ
تازە، ماڵی پێ دانانرێ)
برام مرۆڤ:.
دووریان نیم!
سێبەر نەبوو
وام دەگووت
لە سێبەران جەستەم رزی
چاوم کوێرو شێداربوو

دەگەیمە رامان..
بۆ ئاوی ناگێرمەوە..
رۆحی جاویدی
پەرامووچەی سەر گۆڕانە....
حەوتەمین ساڵ...
دێمەوە هەمان دەراو..
سۆزو شتی تر...
هێزو شتی تر...
بەرایی و شتی تر...
کلیلیان لە نەست نەدۆزیەوە...
پاڵەوانی پەروێزان بوو
قاڵونچە نەویشیان لول دا...
سەری زەمین.

هەواڵنامەی کتێب



هەر وا دەڵێم.
گرفت ئەوانن
ئێوارەو خود
یا ئێوارەکانی ئەم دیو..
لە ڕێگەی ئاسۆگە
خرانە
ناو
چوار چیوەی چیا...
لیتراو هات
لیتراو...
من و فرندەکان بگوازینەوە کوێ؟
ساتەکانی نووسین و
چیترنا!

ماوەیەتی

# نه ء



کەژاڵ ئەحمەد

لە ناو مندا بحیلێنە
لەگەڵ شەماڵی غوروری
ڕۆحدا غاردە ...
بەچی ئەچێ ؟!
ئەمە چاخی مێژووی بەردینی ئافرەتە
خۆزگە دەم توانی بەقاقای گریان بدوێم
یان بە پرمەی پێکەنین
خۆزگە دەم توانی بەڕوانین
زریکە بتەقێنمەوە
سانایە لام نەغمەیەك لە سەرنج داینێم
سەمایەك لە وەستان داڕێژم
بە هێما گۆرانی بڵێم ..
وەلێ گرانە لام بدوێم
گرانە هێلانەی زمان
بدەمە وشە باڵندەی دڕو نامۆ
یان بە مارێك لە ئەووکم دا
تۆوی هێلکەو زەڕنەقووتە بێدایك و باوکەکانی
دەنگم بخوا ..
ئاخ .. تەواو پەستم لەدایکم
چەند دڵنیام لە مێیەتی ماکەوەکان
هێندە گوومان ئەکەم لەوەی
کچمان «کچ بێ و
ژنمان «ژن» بێ
من دەڵێم؛ پێ دەچێ
دایکیشم باوکم بێ
دایکە بابە: پێم بڵێ؛ چی بڵێم ؟؟

نابینی لە ناو وتن دا
چۆن گۆشاو گۆش سەر بڕراوم ؟
چۆن بەردەوام سەر دەبڕرێم؟
باوکە بابە: بێ خوایشی خۆم
هاتوومەتە دنیاکەتان
دنیای سمێڵ و نێرگەلە
ڕێك وەك نەبوو
یان وەك کەسێکی نەهاتوو
باوکە ... بابە ..
لە ژووی سکی خاکمەوە
لە بار ئەبرێم!
لەساتی سەر جووقانمەوە تۆ خەریکی
تەدارەکی زیندە بەچاڵ کردنمیت و
بەردەوام ئەم سڕیتەوە و
بەردەوام ئەکوژرێم ...
کەچی من هەر لە «نەء» یکی جاویدانەدا
ڕوواوم
کەچی لەدوای ئەو هەموو جۆرە مردنە
هێشتا ماوم
هێشتا بە پێوە وەستاوم...
لە ژووری سکی دایکمەوە
پەنگریان ڕژاندە ناخم
بۆیە شیعرم ئاگریی‌یە
ئاگریان لە هەناوم دا
بۆیە سۆزم زەردەشتی‌یە
بەگەورەیش
خاکیان ڕژاندە سەر زامم
بۆیە خوێنەکەم خاکی‌یە ...

●●●

ئافرەت و کوردستان
ئەم جووتە چەند لەیەك ئەچن .
چەند وەك یەکین .
سەیرە .. سەیرە
خۆم لە کوردستان بۆ جودا ناکرێتەوە



وای دەبینم خۆڵ و خۆڵین
ژیلەو ژیلەین .. ئاو و ئاوین
چەند گرانە
لە پانتایی ویرانیدا لەیەك ئەچین
سووتان .. کۆمان دەکاتەوە
برین .. کۆمان دەکاتەوە
ڕابوون .. کۆمان دەکاتەوە
زەلیل بوون و
چەوسانەوەو
«شێت» بوون کۆمان دەکاتەوە
ئەی هاوارە،
لە داستانی کارەسات دا
بۆهێندە لە یەکتر ئەچین ؟
لە خاڵی گوومان دا
بۆ هێندە جیا دەبینەوە؟
لە (نەء) دا؛ بۆ هێندە یەك ئەگرینەوە
نازانم .. نا
چەند گرانە!
خۆم و کوردستانم بۆیەك ناخرێتەوە...
چەند گرانە..
خۆم لە کوردستان بۆ جودا ناکرێتەوە...
●●●
پەنجەرەکانی نەووتن ..
پەنجەرەکانی پەنجەرە .
ئێستا من پرم لە قسە
ئێستا من پرم لە شیعرو
لە خەم و خەم و خەم و خەم
لێوان لێوم لەئەشکەنجە
یەك بەیەك دەتانکەمەوە
پەنجەرەکانی نە ووتن
پەنجەرەکانی پەنجەرە ..

# دژێکی دژ

١. گوڵەکان مەحکوومن بەوەی
دڕکەکان دراوسێیان بن
چەند دڵم بۆ گوڵ دەسووتێ ...

٢. سێبەر بەبێ ئارەزووی خۆی
کراوە بەژنی هەتاو
دڵم بۆ سێبەر دەسووتێ ..
٣. سواری دەم و لووت پێچراوی
قەترانیی شەو
ناهێڵێت کچی ڕووناکی ـ
لە شوێنێك دا ئۆقرە بگرێ
دڵم بۆ ئیشك دەسووتێ ..
گوڵ بوویتایە ئەت دەهێلا
دڕك دراوسێی عومرت بێ
سێبەر بوویتایە (تەڵاقی) خۆت لە هەتاو
وەردەگرت و
ڕووناکی بوویتایە هەرگیز
ڕات نەدەکرد.



# سیاسەتی کەڵشێر

لە دەرەوەی مندا بۆ خۆی ئەقووقێنێ
کەڵەشێرە ..
حەقیقەت گوێی بەتەناڤ
سپێدەی بانگیا هەڵناخات
دەنگی نێرە ..
دەست ڕێژێك جنێوی بۆ دێت
ئەقووقێنێ ..
دەست ڕێژێکی تری بۆ دێت
ئەقووقێنێو .. ئەقووقێنێ

چەند بێ ئەقڵە
بۆ ناچێ بۆخۆی بخەوێ؟
منی مریشك
چەند گاڵتەم بەکەڵەشێر دێ...

## ★ کاڵ بوونەوە ★

شێت بوونم کووت وپڕنیە
ووڕدە .. ووڕدەیە شێت بوونم
سپێدەیەك «حەمەدۆکم»
وتی: «تۆ جوانترین شێتی»
چەپڵەی گەرمی پێکەنین و
حووڕتم لێ‌دا
ئەوساتۆکە نامێژوویی و زۆرکەمانە
من برسێتی‌و
من تینوویتی‌و
من چەوسانەوەم لێ دەتکا
خوێنی بیابانی ساردو
خوێنی بیابانی گەرم و
خوێنی (سیاسەت) و وڵات
ئەینووکی جەستەیان تەڵخ کردبووم
دیار نەمابووم لە تەمتوومانی شێتیا
نەم توانی بڵێم ..

جوانی چیم «حەمەدۆکم»؟..
کاڵ بوونەوە؛ کەی جوانی‌یە ؟؟.

## دەهری بوون

ویستم بزانم چەند قەڕنە
لەسەر کورسی کاسەی سەری
زەمین ومن دانیشتووی

ئەم توانی بزانم !
قەبارەی کارەسات
ژمارەی قوربانی ..
هەڵوەرینی برژانگی دایکایەتیمان
دەریای خوێن
بڵێی ئەمانە بەس نەبن
بۆ ئەوەی تێبگەیت
تۆ (بە تەنیا) هیچ ڕەوانیت
هیچ نابەخشی بێجگە لە ویرانی
بێجگە لە مردنێکی نائینسانی
لەو مەرگەوە تا ئەم مەرگە
کوانێ .. کوا
(چنگی پەری) ت بۆ زێری دووگیانم نەهانی
لەو ساتەوە تا ئەم ساتە
چیت پێ بووە ؟؟
هەموو بوونت ئەتك کردوو
هەر وازت نەهانیو
هەروازت نەهانیو
هەروازت نەهانی
. یەك بەیەکی پەنجەرەکان پێوە نەدەن
ڤ ی سیاسەت ئەمگرێت و
بەردە فرکێی نێوان ئەو هەموو حیزبانە
شووشەکانی نافرەتیم ووردو خاشی ئەکەن
دواین جاریش ..
ئەزانم گیانە ئەزانم
من دایکێکی منالکارەو
کۆرپەلەیەکی دایکانەم
دواین جاریش ..
نازانم گیانە نازانم
من مەهزەلەم یان ئینسانم ؟.
ئەزانم گیانە ئەزانم
نازانم ..
گیانە ..
نازانم ..

★ ★ ★



+ نیوارەیەك
ئەو هات بۆ دیداری یەکێ
لەم گۆڕستانە بەرینە ئافرەتی‌یە
کۆتری چاوی ڕەهاکردو پێ‌ی نەزانی
ئەمە دنیای پاش ڕشتنی کیمیاویی‌یە
★ نیوارەیەك (نیوەڕۆ + ئێوارە) تێکەڵێك لە نیوەڕۆ و ئێوارە

نەی زانیبوو لەم کیشوەرە
لە خاتوو (فروغ) بەولاوە ئافرەت نی‌یە...
بەر لەوساتە نەی زانیبوو
مێ کامەیەو !
نێر کامەیە ...
★★★
پێدەچی پەنجەرەکان بن
پەنجەرەکا نەووتن نەکەمەوە ..
پەنجەرەکانی پەنجەرە
ئێستا من پڕم لە قسە
ئێستا من پڕم لە شیعرو
لەخەم وخەم وخەم وخەم
لێوان لێوم لە ئەشکەنجە
«دەمەوێت نەگریم و ئاژاوەی جیهان و
هێمنی (حەمەدۆك) بەئەشکم تەڕ نەبێ
وەلێ چیبکەم ؟!.
فەرمانی ڕۆحمە قرچە قرچ نەسووتێ
فرمێسکەکانم لەماڵی چاوما تەنگە نەفەس نەبن
پەنجەرەکان ئەکەنەوەو دێنە دەرێ»
خۆزگە دەم توانی بە قاقای گریان بدوێم
یان بە پرمەی پێکەنین
خۆزگە دەم توانی بەڕوانین زریکە بتەقێنمەوە
سانایە لام
نەغمەیەك لەسەرنج دابنێم
سەمایەك لەوەستان داڕێژم
بە هێما گۆرانی بڵێم ..

وەلی گرانە لام بدوێم ...
وشەم نیە سەر بە ڕەگی زمانم بێ
بوونم نیە سەربە تفری ژیانم بێ
سەیرە .. سەیر
من بۆ کوردستانێك ئەمرم
عاشقانی ناهێلن کوردستانم بێ
من خۆشم ئەم زانی
لەسەر ئاسمانێکی پیاوو
لەسەر زەمینێکی پیاوو
لەسایەی خوایەکی پیاودا
ئەم «نەء» ی بالایەم چۆن زوا!
من ئێستاش نازانم
باڵی لق و باڵی گەڵاو
باڵی ڕەگی ئەم درەختە مزمەعیلە
بۆکوێ ئەڕوا ؟.
سەیرە .. سەیر
ئا لەم سەردابی عومرەدا
تەنگە نەفەسم بە بۆنی باڕووتی ئەو هەموو پیاوە!
کەچی ئەو درەختی «نەء» م لە «نەء» دا بۆ
ئاو ئەدات و پرچم دەکات
بەمەزاری
شیعرو سۆزو تەقینەوە
ئەمە بارانی ڕابوونەو
وەرزی ساڵی ناتەبا بوون
وەرنەبەری و پێشوازی کەن
بەکەرنەڤالی هەلهەلە ...
کچان و ژنانی تەرم
وەرنەبەری ...
دوا هەناسەکانی شەرم
بەکەرنەڤالی هەلهەلە
پێشوازی کەن
ئەمە تیشکەو ئەمە پەرجوو
بۆ ئەم چاخی بەردینی مێژووی نافرەتە
نالێرەوە؛

نۆڤیانووسێک نەبم لەنا قایل بوون و
زێدێک نەبم لەگلەیی و ڕەت کردنەوە
منم بارانی رابوون و
وەرزی ساڵی ناتەبابوون
وەرنە بەر ڕەحمەتی پرچ و
سنگی بەفەری ئەم هەلە
کۆببنەوەو پێشوازیم کەن
بە کەرنەڤالی هەلهەلە
ئالێرەوە بچوکتانم ..
ئالێرەوە پێغەمبەرم
بەڵام نە خواوەند ناردوومی و
نەدایکم چاوەڕێی کردووم
نەساحیرێک
نەنیشتمان و نە خەڵك ...
تازووە بەرد بارانم کەن
باگوومان لە پێغەمبەرایەتیم نەکەم
تا باوەڕم پێ بهێنن
بەردەبازی هەزار پرسیار
لەسەر ڕێگام دا بروێنن
من خۆم چاوەڕێی باوکم بووم
دایکم بینێت.
خۆم
چاوەڕێی خۆم کردووە
لە دایك بم ...
من خۆم مامانی خۆم بووم و
خۆم ناوکی خۆمم بڕیوە ....
باوەڕ بێنن ...
منم بارانی رابوون و
وەرزی ساڵی ناتەبا بوون
وەرنە بەر ڕەحمەتی پرچ و
سنگی بەفەری ئەم هەلە
کۆببنەوە و پێشوازیم کەن
بەکەرنەڤالی هەلهەلە

مایس و حوزەیرانی
١٩٩٢

# بێ دەنگی



عبدالله پەشێو



کەمن کڕ دەبم، تۆ مەمدوێنە
تامێوەی داری سەرم پێ نەگا
چڵی زمانم ڕامەوەشێنە

★ ★

هەر من بێ دەنگ نیم
تۆ سەرنج بدە کەڕەوەزی چیا
سینگ دەداتە بەر شیری بروسکە
چەند کڕو کپە

★ ★

کەمن کڕو بێدەنگ دەبم
واتێنەگەی دەسبەتاڵم
لەناوەوە
وەك بەدالەی تەلەفۆنم
لەهەزار لاوە سەرقاڵم

★ ★

هێندە باسی نیشتمانی خۆم بۆ کردی
هەتا گریانت لێواو لێو بوو بەنەوینی
بەناواتی چاوەبڕێژی

بەشارو دێی
دەستێك بدەی لەبرینی
کەمن کپ بووم
کپیم زین کە
تەماشام کەو ڕکێف لێدە
نیشتمانم خڕ دەبینی

١٩٨٠/٨/٥
پۆتسدام

# مردن

ئەوەی دونیا جێ دێڵێ
شێوەی ڕۆژی مردنی
چۆن بوو هەروا دەمێنێ
لەلای دۆست و دوژمنی
مردن ماڵم تۆ هەر دێی
ڕۆژێکی ناوا وەرە
خۆم بۆ لات بەرزیوە بم
ڕۆژێکی ناوا وەرە
لاوبم دڵدارو دڵتەڕ
سەربەرزو بەپێوە بم



١٩٨٢/٥/٧
مۆسکۆ

# دوو مرۆڤ لەدوو کاتدا



**ڕەووف بێگەرد**

لەگەڵ گەرمەی چێشتەنگاودا، کەشمشێری خۆر دڵی ئاسمانی ئەبری، ناو شارو هەردوو چیاکەی ئەم بەر ئەوبەری ڕووی خۆیان بەتیشکەکەی دەشت، ئەوکاتە هەموو شتێك لە جووڵەو بزاوتی ئاسایی خۆیدا بوو، مندالان لە سەری کۆڵانو سووچی دیوارەکاندا تازە پێك دەگیشتن، ژنان ئاوڕشێنی بەردەرگایان دەکردو مێرد منالێکیش بە سواری کەرێکەوە هاواری نانە ووردەی بوو، چینەکەرەکان لەدەشتەکەی ئەوبەرمالانەوە خۆیان دابووە بەر خۆرەکەو، بەبالّ پێگیدا انو یەکتری ڕاونان سستی شەویان لە لەشیان دەردەکرد، حاجی عەلیش گۆچانەکەی ئەخستە دەستیو ملی بەرەو دەرەوە دەنا، وەك هەموو ڕۆژانی تری لەبەر دەرگاکەیاندا ئەوەستاو تەماشای ئاسۆی دەکرد، ڕاست بەرەو ئەو شوێنــەی کەلووتکـە چیـا دوورەکـە هەربـەقەدەر بالای زەلامێك دەردەکەوت، لەڕۆژێکی وادا ڕەنگـە خۆڵەمێشیـەکـەی جارانی ئەبـوە بەیکـەرێکی برۆنزیو ئەبریسکایەوە، هەناسەیەکی قووڵو تاسەیەکی بەکەفو کوڵیشی ئەخستە ناودەروون و مێشکی حاجیەوە. کەتێری لێ ئەروانی ئەوسا بەبەردەم مالی ـ عەبدوڵا ـ دا ئەهاتو لەشاخی کەڵە کێویەکەی سەر دەرگاکە ڕادەما، تەماشای خانوە دوو نهۆمیەکەی ـ کلاولار ـ ی دەکرد کەتاقە مالێك بوو بەسەر ئەوانی تردا بڕوانێت و سەربانی ڕیزە خانووەکە لەیەکتر جیابکاتەوە.

لەدوا پێچی کۆلانەکەیشدا بەرەو لای چەپ وەر ئەچەر خایەوەو ئەکەوتە ڕووکاری شیوەکە، لەوێوە بەرەو دواماڵەکانی دەشتەکە ئەکەوتە ڕێ، دارتووەکەو خانووەکەی بەرانبەری ئەبوونە مۆگناتیزی اویو هەنگاوەکانیان بەکێش دەکرد، بەکەنار شێوەکەدا تا نزیکی ئەو سەری دەڕۆیشت، ئەوێ دارتـووە بەـووکەکەو کەناریشی کێڵگەی گەنم و لەوبەریشیەوە باخەکەی مام ڕەشید بوو، لەژێر

دارەکەدا پشووی دەگرت، لەوێوە لووتکەی چیاکە زیاتر دەردەکەوت، تیلەی چاویشی ئەدایە لای خانووەکەی - پاکیز -، گۆچانەکەی بەلقێکەوە هەڵدەواسی، دادەنیشت و پشتی بەقەدە باریکەکەیەوە دەقرساند.

ئەو ڕۆژە لەو چێشتەنگاوە دڵ کێشانەبوو کەلەبەرچاوی حاجی عەلیدا هەمووشتێک جوان دەی نواند، شنەیەک سەمای بەگەڵای دارەکە دەکرد، خۆرەکەیشی لەمەتەرێزی نێوان گەڵاکانەوە پەڵەی زێـڕینی دادەبـاراند، دڵی حاجی لەبزاوت و سەرکێشییەکی بەتاسەدا بوو، بۆیە هەرکە لەبن دارەکەدا توێتکەی گرت زووجگەرەیەکی داگیرساند، چاوئەندازێکی تری گوڵە گەنمەکان وجۆگەلە باریکەکەی پاڵ باخەکەی کرد، پاشان چاوی بەدەرگاکەی ماڵی خاتوو پاکیزەوە گیرسایەوە، کەکەسی نەدی مژی جگـەرەکـەی قووڵتـرو لەسـەرخـۆڵەکـەیش چوار مشقی دانیشت، تەماشای گەڵا وردەکانی دارەکەی کردو پاشان چاوی لەئاسمانە شینە بێگەردەکە بڕی:

(تەنیا ئاسمانە وەک خۆی ماوە، ئەوسایش هەرواشین بوو، بەڵام خۆ نەک وەک چاوەکانی پاکیز شینێکی پیرۆزەیی کاڵ، لەنێو کێلگەیەکی سپیدا وەک ئەستێرە دەدرەوشییەوە، ئەی ئێستا؟ ئای.. کاروانەکەی ڕۆژانی ڕابووردوو ئەوسا لەپێشەوەو ئێستا لەدواوە تەکەمان دێت، ئەوسا....)

(- پاکیزوەرە پاڵمەوە، سڵ مەکە، ئەم دارە گەڵاکانی چڕن و قەدی ئەستوور، لەهیچ لایەکەوە دەرناکەوین.

(- عەلی تۆ زۆرت پێیـەو کەمی دەردەخـەیت، دارکەران لەدەورمان زۆرن و سەرەتاتکێی نهێنی زانینیش لەژمارە بەدەر.

(- دەوەرەو دەرگـای دنیام لێ دامەخە، چاوە شینەکانت ئەژنۆیان شکاندووم و بوومەتە نێچیری بەردەم چەقۆی ڕاوکەر.

(- ئەم قسانە بۆ خۆت بکە، نایەم.

(- چۆن نایەیت کچێ؟

(- پێم وتیت و برایەوە، دەستە خوشکەکانیشم لێ مەخەرە گومان و دڵەڕاوکێ.

(- دێمە خوازبێنێت.

(- ئەی ئەو سوورەڤڵەی لەسەر بێشکەوە لێیان مارە کردوویت؟

(- دیسان! دەوەرە ژێر دارەکە.

(- نایەم بتۆپێت.

(- ئەی بۆ وا تەماشام دەکەیت؟ من ئەزانم حەزت لێمە، حەزێکی زۆریش.

(- ....

(- بۆ دەنگ ناکەیت؟ کام لەلاوانی گوند لەمن قۆزترن؟

(- کەس.. درۆم پێمەکە.

(- ئەی بۆ؟

(- کاتی ئەم حانە حەپەشێیە نیەو لەکارم مەکە).

حاجی عەلی ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا ، سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی کرد وچاوی بڕیەوە بەردەرگاکە:
( بەهارەکەی تەڕبوو، ئاوونگ بەسەر گەڵای درەخت وگژوگیا - کانەوە ئەبریسکانەوە، کچگەل بەهەوای شان کنگریان دەکرد، هەندێکیان تاق و تیق کەوتبوون ولەملە قوتێی ژوان گرتنا بوون، - نوقڵ - لەبەندەنەکەی دوای - کەوا سەوز - ەوە دەنگی هەڵبڕیبوو، ئەی چریکاندو چیالێی بەدەنگ دەهاتەوە، لەپایینیشەوە - حەمە - ی ئامۆزای کرد بوویە قریوە. کە کەوتنە سەر هەوای - خاڵۆ ڕێبوارەکەی ئەو دیو - هەموو دەستمان سڕبوو، وەستاین، نەشئەی شەماڵ و نەجریوە وجووکەی تەیرو تواڵ ما، ئەت ووت گەردوون بۆ ماوەیەك وەستاوە و هیچی تیا نابزوێت. لەپڕا لای - دۆڵی گڵەزەرد - ەوە ئاسکەیش بوو بە کۆتری جووتە کوژراو و بەری لای ڕاستی چیاکەی هێنایە دەنگ، ئارەقەی سەرگۆنای پاکیزیش هەر لە ووردە ئاونگی سەر قارچکێکی سپی دەچوون، دیسان ڕووم لێ نایەوە:
(- پاکیز ئەمرۆ ڕۆژی عاشقانە، تۆدڵێکی مردووت هەیە .
(- هەر لەبەر ئەوەی وەك تۆ حەشەری نیم
(- هەمـوو کچ و کورەکـان بێ دەنگ بوون، وا دیارە لەژواندان، خوادەزانێت ئێستا لە ئامێزی یەکتردا چ ناڵە وچرپەیەکیانە، منیش لەمە زیاتر خۆم پێ ناگیرێت.
(- قیر بە قەرەس.
(- ئاوا : دەیسامن وا هاتم وتۆیش چی دەکەیت بیکە.

وەك ئاسکێکی سڵ کەر لەبـەر دەممـا دەرچـوو، بەسەر تاشە بەردو دەوەنەکاندا بازرەقەی دەبەست، بەدەم ئاوردانەوەوە ئەتریقایەوە بەڵام لەراکردن نەدەکەوت، ئەی ئەبێ من لەو کەمتر بم؟ هەرکە رووی لەنشێوییەکە کرد دڵم خۆش بوو، لەپڕا پێی هەڵکەوت و بەدەما ڕەهێڵ بوو، هاوارێکی کردو ویستی هەستێتەوە، بەڵام من وەك سێبەری کەپر بەسەریەوە وەستام، تەماشای ڕووشانی قاچ و ناولەپێم کرد:
(- خەم مەخۆ... سەلامەتیت، هیچت لێ نەهاتووە.
(- وازم لێ بێنە عەلی، خۆم نادەمە دەست ژندار.
(- دیسان خوێ بەبرینەکانمەوە مەکە، چاوت دەخۆم، چاوە شینەکانت.
(- عەلی من بۆ تۆ نابم، بۆ ناچیتە لای مارە براوەکەی خۆت؟)
تەقـەی دەرگـاکـە چاوی بە - حاجی عەلی - وەرگـێڕاو هێنایەوە سەرخۆی، پاکیز بەتەشیەکەی دەستیەوە لەبەر دەرگا وەستاو بەدەنگی بەرز ووتی:
- حاجی.. ئەوە لێرەی؟
- ئەی چی بکەم پاکیز، شوێن لەمە خۆشترم دەست دەکەوێت؟
- بەخێر بێیت.
ئەویش هەر لەبەر دەرگاکەیاندا چینچکەی کرد، چەند جارێك چاوی لەحاجیو دارەکە بڕی:

(ئەم پیرە بۆ ئەمەندە حەزی لەم ژێر دارمیە؟ ئەڵێی لەبن دارتووا لەدایك بووە، خەلکی گیانی خۆی لێ بۆتە تەوق و کەچی ئەو هەر بەخەیاڵ ئەژی، پیری ئاخر شەڕ، ئای.. جا ناهەقیەتی؟ من و ئەو دارە یادگاری هەموو تەمەنی ئەوین، تەمەنی چیاو بن بەردو گۆلەزی لاوێتیو راوو گوندەکەمان، ئای دارتووە گەورەکەی ـ سەر کێلان ـ بڵێی ئاسەوارت مابێت، ئەی ـ کانی خەلیل ـ؟ کەلەوێوە بۆ ئەو بەرت دەڕوانی لووتکەی ـ چادر ـ هەر لەسەری ککەڵە کێویەك دەچوو، لەدامێنیشەوە ـ دۆڵی گڵە زەرد ـ لیپاو لیپ بەفر بوو. کەلەناو گوندییش تێ ئەپەڕیت بەردە زەق و زۆپەکانی ڕێگای پیری ئەکەوتنە مەلاسی هەنگاوە گورجەکانت. بڵێی ئەمانە تامی جارانیان مابێت، ئەشێوابن؟ کێ ئەڵێ؟ گورگی ناوڕان بەوە دادەکەوێت کەملی هەمووی بشکێنێت.

لەژوورەوە دەنگی ـ نەنە ـ بەك هەڵی سڵەماندەوە، کربوو، زیاتر دەستی لەخولاندنەوەی تەشیەکە داگرت، حاجی عەلیش لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەیەکی تردا سەری وەك تەشیەکە کەوتە خولانەوە.

**(ـ پاکیز ئەمشەو مانگ هەڵنایەت.**

**(ـ جا ئەڵێی چی؟**

**(ـ سەعات دوانزە دێمە پشتیرمکە.**

**(ـ عەلی تووشی کاشەیەکم مەکە؟**

**(ـ کێ دڵداری ناکات پاکیز؟ ئەشێ ئەم دنیایە لەمن و تۆدا ببڕێتەوە؟**

چاوە شینەکانی واهەڵهێنا ئەت ووت پێم دەڵێت: فەرموو، دەستم ڕادەگرم بەسەریا بڕۆ.

پاکیز هاواری لێ کرد:

**ـ حاجی ماڵ و منالت لەچیدان؟**

**ـ باشن، ئەی ئەوانی تۆ؟**

**ـ چاکن، لەگەڵ نەخۆشیەکتدا چۆنیت؟**

**ـ زۆر باشم.**

پاکیز کەوتەوە تەشی بادان.

(خوا بتگرێ عەلی، خۆ ڕۆژی کنگرکردنەکە نەی هێشت چاو بکەمەوە، وەك سەگ سەرو چاوی ئەلستمەوە، هەناسەی گەرم و دەست و پەنجەیشی جێگایان بەخۆ نەدەگرت، یەکەسارم بوو بکەومە ئامێزی کورەوە.

لەگەڵ دەنگی منالێکدا هاتەوە سەرخۆی:

(ـ خوایە تۆبە، بەم بەیانیە خەریکە ئەکەومە گوناهی ڕەشی هەرزەکاریەوە، بلێ پیرە چیە بەم چێشتەنگاوە سونگەت لێ گرتووین. خوا لێم نەگریت. ئاخر خۆ ئەو یادگارانەیش نەبێت مرۆڤ تەق ئەکات، تەقی مەرگ، ئەم شارە لەگۆڕ ئەچێت، هەموو شتێکی تیا مردووە، چی ئەبینیت، ئەم ساڵ بەفرەکەیش نەبووە میوانمان، تەنیا لووتکەکەی پیرە مەگروونی گرتەوە کەلێرەوە هەناسەیەکی بەیادگارە خۆشەکانمان ئەدا. کەبەری ـ بەرچاڵ وزیندانە ـ بەفردای ئەپۆشیو ڕەشای... ما

ئیتر کێچ ئەکەوتە کەوڵی باوکم، هەر شەو تفەنگە داداشە ئەستێرە نیشانەکەی دەرئەهێنا، لەئامێزی ئەگرت و دەستی بەهەموو لەشیا دەگێڕا، ئەکەوتە چەرخ و گەردانی، پاشان سەیری ئەکردین و ئەی ووت: (خوا بیکات سبەینێ ئەم وەختە لەدووکەڵی گۆشت برژانن خەلەستووین، کچێ پیرۆز سبەی سەعاتێ شەوی بمێنێ دەرئەچم، ئەبێ زوو بگەمە - کورگە - کە، کاڵەو پێتاوو کورتەك و جووت جامانەکەم بۆ دەربێنە.

(- ئەی پەستەك و دەست کێشە خوریەکەت؟

(- دەم خۆش، هەر خوا بیکات ئەمشەو نەی بەستێت و هەور لەسەر بێت، دەی پاکیز تۆ حەزت لەگۆشتی مەڕە یان کەڵە کێوی؟

(- ئەگەر چی ماسی لەدەریادا مامەڵە ناکرێت، بەڵام باوکە گۆشتی مەر خۆشترە.

(- بەڕو تفەنگی چاك و ڕاوچی وەك باوکت، ئیتر بۆ ماسی ناو دەریایە؟

(- ئەی ئەگەر تا بەیانی گۆری؟

(- منیش لەوە ناەوێم، ئەی حەمە تۆ ئەڵێی چی؟

(- سبەینێ ئەم وەختە مرین لەگۆشتا.

(- تۆ هێشتا منڵیت و سەرمو دەرەی بەڕو سەرما ناکەیت.

(- ئای! دادە پاکیز.. پارو پێراریش هەروا نەبوو؟

(- پێرارتان لەبیرە کەڵە کێویەك خۆی کرد بەناو دێدا؟

(- لەتاو سەرماو برسیەتی، قالەی شوان لەگەرووەکەی دەربەندا هەر بەسەگەکانی گرتی.

(- ئەی ئەوەی خۆت کوشتت؟

(- نازانم، من هەموو کوشتنێکم لا ناخۆشە.

(- بەڵێ.. بەڵێ دایە گیان بەڵام گۆشتەکەی چاك ئەخۆیت؟

(- ئێوە دەست بەچزو بز ئەکەن و منیش بڵێم چی.

(- دایکم کەگۆشتەکەی ئەجوێ بۆی ئەگری.

(- ئافەرین پاکیز، هۆن هۆن فرمێسك بەچاویا دێتە خوارێ.

(- خاتوون تۆیش ئەمەت پێبوو؟

(- ئەی بۆ راست ناکەم، خۆت نائێ گۆشتی کەڵە کێوی بۆ باداری باشە؟)

گەڵایەك لەدارتووەکە بووەو نیشتە سەر لووتی حاجی عەلی، لێی کردەوەو باری دانیشتنەکەی چاك کرد، سەگێك بەمڵ و مووش لێی نزیك کەوتەوە، کەتێی خوری سڵەمیەوە، تروسکەیەکی کردو بۆی دەرچوو، عەبا بەسەرێك لەکۆڵانەکەی سەرەوە وەدەرکەوت، منالێکی بەدەستەوە بوو، ناسی، کەگەیشتە ئاستی سلاوی لێکرد، ئەمیش پێی ووت:

خێرە زارا؟

- خاڵە حاجی دوو رۆژە ئازادم نەخۆشە، هیچ ناخوات.

- بیبەرە خەستە خانە.

- وا به تەمام.

- ئەی حەمەی مێردت چی ئەکات؟
- بڵێم چی ئەکات ؟ بێجگەلە خۆشاردنەوە کاروکاسی ترماوە؟ - هەرنای بینم!
- چۆنی ببینی، شەوو ڕۆژ لەسەڵەوە کەوتووە، بۆ گەنجی ئەمڕۆ خێری لەخۆی دیوە! خۆ زۆریش حەز بەدانیشتنی لای تۆ دەکات.
- ئەی بۆ نایەت؟
- ئەڵێ کە خاڵە حاجی ئەبینم وا ئەزانم لەناوباخ ورەوەزەکانی خۆماندام.
- قوربەسەر من ئینجا هی ئەو، بۆ باخ و ڕەز ماون؟
- ئەی تۆ لێرە چی ئەکەیت، نەخۆشیەکەت چۆنە؟
- چی بکەم کچم، منیش هەر دەردە حەمەمە، دێمە ئەم ناوە دوانی لای خۆمان ببینم و تۆزێ دڵم بکرێتەوە.

کە زارا ڕۆیشت حاجی تەماشایەکی لای پاکیزی کرد کە بە پێوە بوو، تەشیەکەی نیوە بالایەک هاتبووە خوارێ و بە دەستیەوە بوو بووە خولخلوکە، بە خۆی ووت: ( ئەم زاڵە پیر نابێت ،ئێستایش خۆی بە گەورە کچێك ناگۆڕێتەوە، ئاخر خۆ کوڕەزاو کچە زاکانیشی لەمنداڵیان ڕەت کردووە، جا توو خوا حەیف نیە پیربێت؟

پیری چۆن لە ڕووی دێ ڕوو لە پاکیز بکات؟ سەیری چۆن چاوی تێ بڕیوم، بڵێی ئەویش لەهەمان خولیاو یادگار گێرانەوە دابێت؟)

(نە خۆشی نەبوایە عەلی وای لێ دەهات ؟ بۆ کوڕە کوڕەی گوند ئەیان توانی شان لەشانی بدەن؟ شەوی پشتێرمکە چۆن دەربازبوو؟ هەرکە گوێی لەدەنگی پێ بوو وەك بروسکە بۆی دەرچوو، دایکم گومانی لێکردم، بەلام هیچی نەدی، چی ببینێ؟ منیش ئەوەندە بێ دەسەلات نەبووم، خۆم لێ نەبان کرد، پێم ووت: منیش گوێم لەدەنگێك بوو، ترسام نەك یەکێك بەتەمای دەست وەشتاندن بێت. بەلام بەوەی باش بوو لەتاریکیدا بووین، ئەگینا ئەگەر لەش و سەرو قژمی لەڕووناکیا بدیایە کۆستی دەکەوت، ئەمەندەی هەڵگلۆفتبووم تا دوو ڕۆژیش نەهاتمەوە سەرخۆم، عەلی چ زاڵمێك بووی؟ ئەت ووت هەرگیز ئافرەتی نەدیوەو بۆنی پێوە نەکردووە، ئیتر شەوانە هەر ئەم لاو ئەو لام ئەکردو خەو نەدەچووە چاوم، دایکیشم زوو زوو دەی گوت: پاکیز خوا پێم نەگرێ تووشی داوی هەتیوێك بوویت، ئاگات لەخۆت بێت، خۆت باوکت باش ئەناسیت، سووسەیەك بکات هەڵت دەواسێت. ئەبوو چی‌بکەم؟ عەلی هۆشی لێ بڕیبووم، وەك ماسیی ناو تۆڕم لێ هاتبوو).
- دایە من ئەڕۆم.
- ئێ - باشە کوڕم.
- هیچەت ناوێ؟
- سەلامەتیت.
- ئەوە خاڵە عەلی نیە؟

- بۆنیە، دڵی بەوداره ئەکرێتەوه.
- هەر ئەوداره؟
- چی بکەین رۆڵە، خەڵکی مەنزڵ و ماوایەکین، کەمێک ئەبینین هەزار یادگاری منالیو گەنجیمان بیر ئەکەوێتەوه.

سەروەت سڵاوی لەحاجی کردو رۆیشت.

(ئەبو سەروەت کوری من بوایە، بەڵام چی لەداب و نەریتی بووچی گوند ئەکەیت، ئەبوو هەر ئامە بهێنم، چونکە بەمناڵی لێم ماره کرابوو، تاوان بەتاوان. خوشکە تەلێمیان دابوو بەباوکی ئامە، تەلێی حەڤدە ساڵ و ئەوی پەنجا ساڵ، ئەوەتا تا ئێستاش من هەر باجی خۆمی لەسەر ئەدەم، ئامە مردوو کورێك و سێ کچی بۆ هەڵرشتم، هەموو تەمەنی جوانیم لەسەر دانان، دەربەدەریم دی، وائێستایش نانی منەتیی زاواو بووك ئەخۆم)

(کەسمان خێرمان نەدی، ئەو رۆژەی عەلی ئامەی هێنا هەموو دنیام لەبەر چاو تاریك بوو، هەر ئەوە نەبوو خۆم نەسووتێنم، نەم ئەویست کەسیش تێم بگات، ئەمزانی دوای چەند رۆژێك منیش بەنابەدڵی ئەدرێم بەرەشیدی دووژنە، چونکە ئەویش کچەکەی دابووە فەرهادی برام، ئیتر تەمەنی هەرزەکاری من و عەلی بووە گەڵا زەردەکەی پاییز. رەشە مردوو بەدوو کورو دوو کچەوە بێوەژنی خستم، ئەمە هەژدە ساڵە من باڵم بەسەریاندا گرتووە، لەخوا بەزیاد بێت، پێ گەیشتن و وا لەسێبەریاندا ئەژیم)

پاکیز تەشیەکەی توندتر باداو ئاوری بۆ ناو حەوشەکە دایەوە. پاشان لەسەرخۆ هەنگاوی بەرەو لای دارتووەکە نا، حاجی وەك زەوی تینوو هەموو لەشی بووە تاسەیەکی رووت و چاوەرێی ئەو لێزمە بارنە بوو، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پاکیزدا کەبەرەو لای ئەمی دەنا کسپەیەك لەدڵیەوە دەهات، کەسڵاوی لێ کرد وای هەست کرد بۆ ماوەیەك دنیا لەبەرچاویا گۆڕا، کەمێك شڵەژا بەڵام گەرماو گەرم پێی ووت:

- کچێ تۆ بۆ ئەوەندە بێ بەزەییت؟
- عەلی مەکە وەرەوە قسەی هەلەق و مەلەق.
- ئەزانیت لەم تەمەنەی من و تۆ دا مرۆڤ منداڵ دەبێتەوه؟
- نۆرەی ئەم قەوانەیە.
- بەسەری سەروەتی تۆو رێبواری من، کەمی نیە،
- مەیکە بەگاڵتەی مناڵان.
- ئەڵێم بەگۆڕی باوکی هەردووکمان.
- چۆن؟
- ئێستا پێش هاتنی تۆ بیوومەوه بەکوڕەکەی جاران، چادرو دۆڵی گڵە زەردو پیری نەیان ئەگرتمە خۆ.
- عەلی تۆ بڵێی ئەو شوێنانە وەك خۆیان مابن؟ بڵێی گۆڕەکەی پیره مەگرونیشیان نەسووتاند بێت؟
- جا خۆزگا، ئەگەر بێجگە لەبەردی بێ گیان شتی تر بوایە بەو زوڵمە قایل نەدەبوو، خۆزگا

بسووتایە.
- کورە عەلی وایش نا.
- واز لەوە بێنە، ئێستا هەموو ئەو شێخ و مەشایەخانە لای من تاوێرە بەردێك ناهێنن کەدەبنە سەنگەرێك، بەڕاست پاکیز تۆ هیچ یادی ئەو ڕۆژانە ناکەیتەوە؟
- هاتیتەوە سەر بەزمەکەی خۆت؟ کورە من و تۆ تازە لەڕێی چیا ماوین؟
- وا مەڵێ، بەخوا من هێشتا گورم پێیە، وایش هەست دەکەم ئەم دنیایە بەدڵی ئێمە ئەگۆڕێ.
- ئەم قسانە بکەیت ئەگەڕێمەوە.
- کێ لەماڵە؟
- هەموویان.
- هەموویان کێن؟
- منداڵەکانی سەروەت.
- قەت چۆڵ نابێت؟
- بۆ؟
- هەروا.
- عەلی ئەزانی قسەی قۆڕ ئەکەیت؟
- مەبەستم هیچ نیە پاکیز، تۆ سەری منداڵەکان پرسیارێکت لێ دەکەم - دەی، بەڵام مەچۆرەوە سەر قەوانەکە.
- ڕۆژێك لە - سەر کەڵ - ەوە سەرئەکەوتین، تۆ ئاوێنەیەکی بچووکت پێ بوو، زوو زوو دەرت ئەهێناو سەیری خۆتت پێ دەکرد، دەستت بەقژتا ئەهێنا، لەبیرتە؟

- ئەی ماڵت ئاوا، خۆ هەزارساڵ نیە!
- دوایی ئەوەیشت لەبیرە، کەلامان دایە پەنا تاوێرەکە؟
- ئای! دیسان کەوتیتەوە قسەی زیاد.
- پاکیز بڵێم چی؟ من نە لەژن حەسامەوەو نەلەکوڕو کچ، ئەم دەربەدەرییەش سەبری ئەیوبی ئەوێت، دوورە وڵاتی کونی کردوتە جەرگم، بۆنی هەموو ئەو چیاو دەشتەم بەتۆوە ناوە.
- ... چی بکەین؟ ئەی من خێرم دی؟ ئێمە هەر لەئەوەڵەوە چارە ڕەش و نەگبەت بووین
- ئەی ئەڵێی چی؟
- چی؟
- ئێستا بەیەك بگەین.
- پیرە، تۆ نەخۆشی پرزەی بڕیویت، تەمەنت لەشەست ساڵی تێپەڕیوە، تازە ئەتەوێت پیرێژنێکی وەك من بخوازیت؟ ئەمانە خەیاڵی شێتانەن.
- باشە بەهێنان نا.
- وەك خوابەدی.. بەڕاستی پیری ئاخر شەڕی.



هەواڵنامەی کتێب

- کچێ بەخوا هێشتا گورم پێماوە، لێم مەترسە.
- ئەرێم، تاقەتی وورێنەو قسەی قۆرم نیە.
- دڵم پێت ئەکرێتەوە، تکات لێ دەکەم.
- دەبیبڕەوە.
- بەڵام بەراست قەت ئەم ماڵە چۆڵ ناکەن؟
- بۆ چیتە؟
- هەروا.
- نەء..
- با.. رۆژێك هاتم کەستان لێرە نەبوون، تا نزیك نیوەڕۆ دانیشتم چاوم بەنەبینینت کوێر بوو.
- چوو بووین بۆ ماڵی - سەعدە - ی کچم، میوانداریان کردبووین، شەویش هەر لەوێ ماینەوە.
- رۆژێکی تر بیان نێرەو خۆت بمێنەرەوە.
- نای جۆن ئەبێت؟
- بو نابێت؟ من و تۆ بەگەنجی بەیەك نەگەیشتین.. دەبا بەپیری بێت.
- بو تووشی گوناهی هەزار لۆغانەمان ناکەیت، عەلی بەسە بیبڕەرەوە.
- بروا بکە خوایش پێی خۆشە.
- دەك گورچکت برێ بۆ راستت.
- پاکیز.. ئێستاش گەورە کچێك ئەژیت.
- لای تۆ، هەر بەو داخەوە سەر بنێرەوە،
- جا خێرت دەکات؟
- ئەی بۆ ئامەت هێنا؟
- ئەوسای من و تۆ ئێستا نەبوو، ئەگینا فرێم ئەدایە کەورگێکەوە..
- تازە هەموو شتێك برایەوە، داخێکەو باهەر لەدڵاندا بێت.
- لای تۆیش؟
- ئەی بڵێم چی؟ تۆ وا ئەڵێیت.
- دەی کەواتە دڵم خۆشکە.
- بەچی؟
- بەپیری.
- خۆت فش مەکەرەوە، ئەبێ دەست بدەنە باڵت.
- وایش نا، بەسەری ئەو کورانە کەتۆ ئەبینم گورم تێ ئەکەوێت، وا ئەزانم هێشتا ژنم نەهێناوە.
- خوا تۆبە، ئەم کەوڵە کۆنە خەریکی قسەی هیچ و پووچە.
- توو سەری ئەو کورانەت.

- چی؟
- ئەوەی پێم ووتیت.
- عەلی تۆ لەئاوێنەدا خۆتت دیوە؟ سی چل ساڵ لەمەو پێش دنیایەکی تربوو، تۆ تازە منداڵ ئەبیتەوە؟
- ئەزانم، کارەساتەکانیش پرزمیان بریوم، بەڵام دڵم وا ناڵێ.
- من و تۆ تڵپی تەرمان پێ نەماوە، ئەبێ دووعای ئەوە بکەین منداڵەکانمان دەرمان نەکەن.
- ئاخر دڵم واناڵێ، پاکیز تۆ خۆیشت باشی ئەزانیت.
- ئێستا چیت ئەوێت؟
- بەم پیریەو بەجووتە لەژووریکداو...
- باشە، چاوەڕێبە.
- کەی؟
تۆ چاوەڕێبەو هەقت نەبێت.
- ئاخر تاکەی؟
- تاکەی؟ تامردن.

تشرینی یەکەمی ١٩٨٩



هەواڵنامەی کتێب

# کێویی

مارف عومەر گوڵ



میژووم، خوێنێکە چاوی گرتووم
ئیمڕۆکە زیخ بارانێکە،
جەستەی کردوومەتە تارایەکی ئاڵ ئاڵ
سەرما بردەڵەی کردم ئەم لەش کوتانە،
بۆ نیشتمانەکەی دایە گەورە سوێم بۆتەوە
ئاگردانەکەی جاران، لەژێر پەروودا ونبووە
دارستانەکەی جاران، هەر پرچ دەرنێ بەسەر وێرانەوە!
لەدوور وڵاتیدا،
لەبێوڵاتیدا،
بەڕۆژ ئەندێشەیەکی کپ دەستەسەرم دەکات
بەشەو تاك و تەنیا، لەگەڵ ئازیزاندا گفتوگۆیە
ئەگەر خەو بینێ نەبوایە، ئێستا کێویی ببووم!

ئۆکرانیا ـ کییڤ
١٩٩٢/١





# كۆست

پیشکەشە بەگیانی
د.عبدالرحمن قاسملـــــو

پیم نەگوتی ئەم سەدەیە
سەدەی تاوان و نەفرینە
سەدەی ناچاندنی مەرگ و
برینی خستنە سەر برینە
پیم نەگوتی ئەم هەورازە
دەستەموی سەد داوە ری یە
بە تایبەتیش ، لەم سەردەمە پر وەیشوومەی
لوکە پاسەوانی گوی یە
هاواریشمان بی سەدایە
ئاخر لەم جەنگە لە چرەو کەرەسیسەی تاریکیەدا
هەموو شتیک دەسەلاتەو
زەبرو زەنگ فەرمانرەوایە
پیم نەگوتی لەم دنیایە
ئەوەی ولاتی لە ژیر پی و
چەکمەی داگیر کەر نغرو بی
ئەوەی تینوی ماچی لیوی زەردە پەرو
تیشکی زیرینی ئاسو بی
با دەیان جار ،
لە دوای شکست هەستیتەوەو
بەرەنگاری کوسپ و تەگەرە و نسکوبی
مادام ولاتی نغرویە
دەبی رەنگیشی نغرو بی
دەبی رەنگیشی نغرو بی ! ؟

* * *

جەوهەر کرمانج

من تا دەنگم بواری دام .. هاوارم کرد
ئاگادار بە ...
پیت بخە سەر تاشە بەردی گەورە گەورە
ئەوان چاتر بو هەنگاوت دەبن بە پرد
ئاخر ئەم هەورازە سەختە ،
هەموو بالای لەتوو لە ری‌ی نیوە مەرگ لوول دراوە
سەرکەوتنی ،
بارتەقای لە دایک بوونە و
هەنگاویکی سەد هەنگاوە
زوویش  پیم گوتی :
کەچی تو وەک هەمیشە خووت
باخی لیوت ،
گولی خەندەیان تیا پشکووت
چاوت چەشنی ،
دوو چرای هەمیشە لە سووت
ری یان خوشکرد،
لە بەردەم ئەسپی سەرکیشی زمانت دا
ئەسپ کەوتە جلیتانی و
پەردەی هەلمی لە سەر رووی ،
گومانم گومانت دا
گوتت ئیمە
فیری چەنگە چری‌ی سەخت و
بە شاخی لووس هەلگەرا نین
فیری کوست و
فیری کۆست و
بەڕەو کۆچ و راگویزانین
ئێمە برینیکی قوولی ،
بە قەتماخە داپۆشراوین
ناوە ناوە دەکولیینەوە
دەسماڵێکی بەخوێن تەڕین
دوای شوشتن و هەڵخرانێک
بۆ چەندین برینی دیکەش دەشێینەوە
ئێمە و ئەوان وەکو مووی سەرو گوێزانین
پاییز و گەڵا ڕێزانین
هەڵدەوەرێین



لە ژێر پێ یان دەڕزێینەوە
بەڵام وەکو ،
نەباران و بامان دیبێ و
نە پۆستالیش بە سەرماندا تێپەڕی بێ و
نە دەمی ئاگرینی گوێزان
دوای چەند دڵۆپە بارانێ
جارێکی دی ،
سەر لە نوێ
بە گڕ خەزان و پۆستاڵ و
دەمی گوێزاندا دێینەوە
زۆر بە گوڕ تر ،
سروودی بوون دەڵێینەوە

* * *

ئەم وڵاتە ..
وەتی دنیا هەیە .. هەیە
هەتا ئەمڕۆش
هەمان چارە و
هەمان سولتان و دەستەیە
ئەوەی گۆڕابێ بە تەنیا
ئاکار و سیما و غەرگەیە
تەماشاکەن :
جارچی هەر جارچی گۆڕینە
وەتی دنیا هەیە .. هەیە
هەر ئەوەیە ،
لە دیار بەکری شێخ سەعیدا
هەواڵی کوژرانی خۆر و
تریفەی مانگ و ئەستێرەی بە زەویدا
هەمان چارە و ،
هەمان شێوە و دەنگ زڕەیە
تەمی رەشی کێشا بە سەر
چاوی گەشی سلێمانیدا
هەر ئەوە یە کە جاڕی دا :
ئەسپێکی شێ ،
سەرو یاڵ و بڕ خوێناوی
زین و رکێف ئاڵاو لەپی

هەواڵنامەی کتێب

نەرم .. نەرم
وەکو ئەوەی کەژاوەی بووک
یا تەرمی عەگیدە سواری لە سەر پشت بی
سم .. لە جی سم
یاغر .. یاغر
لە دەربەندی بازیانەوە بەرەو شار دی
خەلکینە باش سەرنج بدەن
هەستنە سەرپێ
وا خەریکە دەگاتە جێ
ئەسپ لە ئەسپی مەلیکی کوردان دەچێ
بە نیسکە .. نیسک
سەردانە ویو
ماندو و شەکەت
بۆ ئێرە جلەو کێش دەکرێ
تەماشاکەن ، هەستنە سەر پێ
دەست بە سەر چاوتان وەبگرن
باش سەرنج دەن
گەردەلوولێک .. باریک باریک
باڵا بەرەو ئاسمان هەڵچوو
وەکو تەشی سووڕ دەخوات و
تاریک .. تاریک
ڕێگا دەگرێ لە هاتوو چوو
تەماشاکەن :
دەست بە چاوتانەوە بگرن
لە درزی پەنجەکانتاندا بۆی بڕوانن
وا ئاڵایە باڵاو پێشـانەی ئاڵاوە
بردی .. بردی
وا قووتی دا .. وا تواوە
سلێمانی جارێکی دیش نوقمی تاریکی کراوە



* * *

ئەم وڵاتە ..
وەتی دنیا هەیە .. هەیە
هەمان چارە و
هەمان شێوە و
هەمان جارچی دەنگ زرەیە
دوای ئەوەی کە ،

دەست و مەچەک بە کەلەبچە
پێ بە زنجیر
بوژاینـــەوە،
جارێکی دیش ، بە دیواری تەلەسماوی
مەرگ و ژین هەڵگەراینەوە
ئەم جارە لە مەهابادا
لە ناو گێژەلووکەی زام و
لە بەر هەناسەی زریان و رەشە بادا
خوێنمان کردە گەرووی چوارچرا شیتەوە
بە گرێکی عەشقی مەم ـ ی دامانگیرساند
هەر ئەم جارچیە شوومە بوو دەمە دەمی
ئێوارەیەکی کز و مات
بانگی راهێشت :
زریانە هات .. زریانە هات
زریانێکی پەل و پۆرەش
وەک حەزیایەکی چوار سەرەی لموز درێژ
لە کۆشکی ـ نیاوەرانەوە ـ
لە ناو کەڵی بۆگەنی شاژنی بێ نوێژ
خزایە ناو چاوی گەشی
پیتەختی کوردستانەوە
تەماشاکەن :
وا چراکان کوژانەوە
ئەوەتانی .. لە چوار لاوە
شمشێر هەڵکێشرا لە گیانیان
لە چوار لاوە پف کرایە گڕی سووری
جەژنی یەکەم داگیرسانیان
کوژانەوە ..
گوم بوون .. گوم بوون
دەریایەک ڕقی ژەهراوی رژا سەریان
وا نقوم .. بوون ..
نقوم .. نقوم .. وا نقوم بوون
* *
هێشتا هەر ئێوارە بوو
برژانگی ئەستێرەیەک
باوەشیان تێک وەرینا
هێشتا هەر ئێوارە بوو

دەلاقەی زامێکی دیش
تافگەی خوێن تێی فوارە بوو
رژایە ناو دەریاچەی
خەمی بێ سەرو شوێنا
هەر ئەو ئێوارەیەش بوو
لە ولاتی زیندان و
کۆست و کۆچ و راگوێزان
پەنجا ملیۆن چاو ئەشکیان
هەلڕشت وەک گەلا رێزان
ملیـــۆن لیـــو چوونـــە ژێـــر دەواری ماتـــەم و
ژێر پرسەو تەم و مژدا
هەر ئەو ئێوارەیەش بوو
ئەسپێکی دیش لە مەیدان
لە پشتەوە ئەنگاو تراو
سواری لە خوێن شەلاڵی
کەوت بە سەر یاڵ و بژدا
هەر ئەو ئێوارەیەش بوو
چوار ئەستێرەی ئاسمانی
ولاتی کوردەواری
گوڵی ڕەشیان لە یەخەوە
تاڵ .. تاڵ پەرچەم و قژدا
× × ×
کۆستمان کەوێ
چاومان کوێر بێ
چۆن لیگەراین دەنگی جاڕچی
بە دروازەی گوێمان فێر بێ
لە دوای ئەم هەموو ژانەوە
لە دوای ئەو هەموو کەوتن و هەستانەوە
چۆن هێشتمان جارێکی دیش دەستی دزمان ،
بخرێتە ناو گیرفانەوە .. ؟ !
× × ×
ئەم جەستــە یە ،
مەدەنە بەر پەنجەی شێلان
برین لە برین ئالاوە و
هەموو قەتماخە بە سەرە



بە دەسرۆکەی تەڕ دایپۆشن
ئەم چاڵە زامانە ئێستاش
هەناویان پڕ سەرە ڕم و
نووکە شمشێر و خەنجەرە
لەم وڵاتە ،
ڕەشماڵی پرسە هەڵدراوە و
هەموو شتێک دەست بە سەرە
وڵاتی مەرگ و گریانە
هەموو داستانەکان لێرە
بە گریان دەست پێ دەکەن و
دوا بەندیشیان هەر گریانە
کەچی هێشتا بۆ ئێمە هەر ،
تاوانە گەر ،
لە ڕەوی سەرە و ژوورماندا
لە کۆچی بەرە و خوارماندا
لە کۆستی شۆرە سوارماندا
لە راگوێزانی شارماندا
لە سووتانی هەوارمان دا
لە دووری تاقە یارمان دا
تاوانە گەر بە دەنگ بگرین
هەر بستێکی ئەم خاکە نیوە سوتوە
گومێک خوێنی هەڵمژیوە
کەچی هێشتا ،
برین دەخرێنە سەر برین
ئەم ئاقارە ،
یەکپارچە گڕو بۆن سۆیە
کەچی هێشتا دەروونمان سەهوڵبەندانە و
لە سەرمانا هەڵدەلەرزین
ئەم وڵاتە ..
گرکانێکی ئەزەلیە و
کەچی هێشتا ئاگردانێکی تیا قاتە .. !

× × ×

ئەی شابازی وڵاتـــی کـەو
تۆش وەک سمکۆ ،
لە سەر سفرە و خوانی مێوانیا کوژرای
وەکو تریفەی مانگە شەو
ئەریی جلەوکێشـــی تیشکی دەمە و بەیانیا کوژرای



به کوشتنت
ویستیان جاریکی دیش سابلاغ
له خم و خوێن هەڵبکێشن
ویستیان بووکی کوردستانی قژ خەناویم
بە کەزی و بسکان ڕاکێشن
کوژرای چونکه دەیانزانی
هەموو دەمەو گزنگانێک وەکو بەوری تووڕە و برسی
بە چنگــە چـری بە کیــوی
بەرە بەیان هەڵدەگەڕێی
بو پرشنگی خۆر دەڕوانی
دەیانزانی ،
سەری بەرزت وەکو لووتکە
تیشک دێنێ بۆ وڵاتی
کە نوقمی تاریکە شەو بوە و
دەستی رووناکی نایگاتێ
دەیانزانی ،
وەکو قەڵای دم دم سەختی و
دەستت بە زنجیر ڕانایێ
دەیانزانی ،
ئەگەر هەموو لەشکری شاو سولتانەکان
دەورت بگرن
قەت بۆیان نایێتە رایێ
تو دم دم بووی
(( دم دم قەڵای زێرین لە پی ))
(( لە شکری چەند شای پێ حەپی ))
(( هەتا خوێن لە جەستەی گەڕا ))
(( بە پیوە ما و دانە تەپی ))

× × ×

لەم کوستەشماندا هەر بە تەنیا بووین
هەر ئیمە و قاچی نابەزیندراو و
دەستی داڵدەیی و گەورەیی چیا بووین
هەر تەنیا خۆمان
مەکوی پەژارەو ماتەم و خەم بووین
لە تەک نسکۆدا
وەک چۆن تەنیا بووین

لە پرسەی شێخ و مەلیک و قازی و مەلا و سمکۆدا
ئەمرو کەش تەنیایین
لە پرسەی تۆدا

× × ×

دەستمان شکێ
چاومان کوێر بێ
چۆن لێگەراین جارێکی دیش
دەنگی جارچی ،
بە دەروازەی گوێمان فێربێ
لە دوای ئەم هەموو ژانەوە
داوای ئەو هەموو داگیرسان و کوژانەوە
چۆن هێشتمان دەستی دزمان
بخرێتە ناو گیرفانەوە .. !

× × ×

وا ئەمجارەش
دەست بەزامم وە دەگرم و
رادبمەوە سەر پێ یان
بەلام توخوا ئەمجارە گەر
سەر قافلەیی
کوێرە رێگای بەرە و کۆست و
بەرە و کۆچ و
ئاوارە بوونیـــان کەوتە بـەر
گەر ئەمجارە
کلاوی خوێنیان چووە سەر
وەک شەیتان رەجمیان کەن و
مەترسن .. مەرد بن بوێرن
سەریان بە دەستار داکەن و
بە گەرووی ئاشیان بسپێرن .. ! !

* * *

هەواڵنامەی کتێب

نیوه شەوه و،
تاریکی دۆڵێکی گەورەی زۆر دژواره
گڤەی بایه ،
ورشەی داره
چاو وەک چرای هەڵایساوی
بن کۆڵیتی ماڵه کوردێکی هەژاره
نیوه شەوه و ،
بەفر و گولله هەردوو وێکڕا دادەبارن
درەنگ وەختەو
هەموو دنیا پێڵووی له ئامێزی خەوه و ،
گولله و بەفر
دەڵێی جووته گورگی هارن
بەفر سپی ،
سپی وەکو ،
کراسی بووکی سەر زینی
گوللەش سوور .. سوور ،
وەک برینی
دڵی زاوای پەکشەوەیه
پەردەی بنوخشێ بە خوێنی
بەفر سارد .. سارد
تیژ .. تیژ .. وەکو دەمی سیکارد
گوللەش گەرم ..
گەرم وەک پشکۆی ئاگردان
نیوه شەوه و هەردوو وێکڕا
سەری لوتکه دە پەستنەوه وەک باگوردان
* * *
چیا بەرده ..
بەرد .. سەنگەره
سەنگەر هەتا ژێر چەناگەی
قور و لیتەی بێ جەمسەره

لە ناو ئەم قوڕ و لیتەش دا
جووتێک پێڵاو
جووتێک پێڵاوی لاستیکی قەیتان رزیو
لا لغاوە هەڵتلیشاو
لە ناویان دا .. دوو قاچی سڕ
گوواو .. تەزیو
کەمێک سەرتر ،
پشتێنێکی هەشت نۆ گەزی
هەتا قەفی دوامینی ئاو
بستێک سەرتر ،
دڵێکی خورت ،
لنگە فرت کەر
وەکو چۆلەکەی سەر براو
هەوراز تریش دووشانی بەرز
فیشەکدان لێ شەتەک دراو
لە هەموویان بەرز تریش
سەرێکی رەق ،
دوو گوێچکەی وشت
دوو چاوی زەق
ئەم دوو چاوە خەو تێزاو و ئێشکگرانە
چاوی گەشی پێشمەرگەکانی سەر لووتکەو
ناو سەنگەری بەرەنگاریی کوردستانە

# داستانی مامەڕێ ئەسمەر



د. شەکراو رەسووڵ

**پێشەکی :**

کوردستان شوێنی شورەسوارانو ئازاو عەگیدانی کوردە جیژوانی مەمو زینە، هەر لە بەرەبەیانی میژووەوە لانکەی ئەوینو خوشەویستی پاکو بیگەردی کوردان بووە، هەر بن بەردیکی یادگاری پیشمەرگە و جووتە دلداریکەو هەر ئەشکەوتو کیویکی جیگای دەنگدانەوەی ئاوازیکی رەسەنی دلدارییە.

بە راستی کە مروف بەنیو فولکلوری کوردیدا بە تایبەتی بەیتە دلداریەکان گەشتیک بکات وا هەست دەکات ئەم ولاتە کیلگەیەکەو تووی ئەوینداری پیوەکراوە.

کەسی هەیە لە نزیکەوە کە گوی لە گیرانەوەی داستانی شیرینو فەرهاد گرتبی بوکروزی دلی شیرین نەگرتبیو کزەی جەرگی فەرهاد کاسی نەکردبی؟

کی لە نزیکەوە تەمی هەناسەی ساردی کاکە مەم بەری نیوچاوانی نەگرتووەو لە رقی بەکرە شوغارو دلساردی و نامرادیی خاتوزین لیوی خوی نەکروژتووەو گەردی خەمان دلی دانەگرتووە؟

کام لاوی دلگەرمو ئەویندار هەیە ( چ کیژ بی چ کور ) بەنیو عیلی مەلا نەبیدا نەسوورابیتەوەو لەگەل خەمو پەژارەی ( خەزال ) ی دلەکوتەی نەگرتبیو دوژمنی لاسی نەدابیتە بەر پلارو رەخنە؟

غوربەتو ئاوارەیی " شیخ فەرەخ " لە ولاتی شامو تامەزرۆی بو دیداری شادبوونەوەی ( داودیە ) و ( خاتوو ئەستی) ی بە ئاکام نەگەیشتوو دلی کیی نەهەژاندووەو دل بە خەمی دلە ئەویندارەکەی " خاتوو ئەستی " هەستو هوشی کیی نەتەزاندووەو لە قوژبنی کزو ماتی نەخزاندووە؟ .

بەلی ئەم ولاتە ولاتی ئەوینو سەوداسەری کوردایەتیو دلدار-
ی‌یە هەموو شاخو دار بەرووبەکی موری عیشقی جووتە
دلداریکی بە ئاکام نەگەیشتووی پیوەیە... جا منیش بە
پیویستم زانی دلداری ئەم جووتە لاوە بخەمە سەر کاغەزو
ناسورەکانی " مامەری " دلدارو " ئەسمەری کابایز " ی
شوخو شەنگی توماربکەمو لەسەرزاری شایەریکی خوین‌شیرین
و روح سووکەوە لە ( کاک حەسەن ئەمین ) ەوە بە دەستم
گەیشت.
هیوام وایە یادی ئەو دوو دلدارە زیندووبکەمەوە .. کە
میژوویەکی زور کونی نی‌یەو لەوانەیە رووداوەکە لە سەردەمی
حەمەئاغای کویەدا روویداوەو کەسانی داستانەکە بە روونی
رولی خوی پی سپیراوەو شوین لە کانی مرادو دامەنی
گومەتارە.

هەولێرنامەی ئەژین

**کورتەی داستانەکە:**

ئەم داستانە رووداوی ئەفینی دوو دلدار ( مامەر و
ئەسمەر ) دەگیریتەوە کە حەوت سال بە نهینی حەزیان
لە یەکتری کردووەو خوازبینی‌کەری ئەسمەر دلداریەکەیان
ئاشکرا دەکات.
هەر بویە لە حەشمەتا ئەسمەر قاسد دەنیریتە لای مامەر و
ئەنجام مامەر سەفەری تایبەتی خوی ناکاتو ریگای مالی
ئەسمەر دەگریتە بەر بەلام لە ریگا دوژمن بوسەی بو
دادەنینو بریندار دەبی.. برینی دوکتوران چارەی ناکات
تەنها ئەسمەر نەبی.. بویە کە وەلامی برینداری مامەر
بە ئەسمەر دەگات، ئەسمەر ئاگای لە خو نامینیو شەرمی
لەبەردەم باوکی دەشکیو دەداتە پرمەی گریانو باوکی
تی‌دەگەیەنی دەبی سەردانی مامەر بکات.. چونکە دوو دلدارن
دلداریەکانیان پاکو خاوینو دووربەدوور بوون.. کە باوکی
ئەسمەر بەسەرهاتی ئەسمەری زانی دلی پیی سووتاو وەکو
باوکانی تر رەفتاری ناشیرینی نەنواندو پیی ووت:
کچم مەنعیت ناکەم لەو سەفەرەی.. چونکە وەک تو وەختی
خوی ئەو دەردەم بە چاوی خوم دیتووە.. برو سەردانی
عاشقی خوت ( مامەر ) بکە.

که ئەسمەر لەگەل دەستەخوشکانبی (خەجیج و جەواهیر)
چوونە لای مامۆر .. مامەر لە سەرەمەرگا بوو بە بینینی
ئەسمەر شاگەشکەبوو.. هەردووکیان دەستیان لەناو دەستی
یەکتر کردو بریاری مردنو ژینیان پیکەوە دا.
داستانە

مامەر دگو ناسر براله بە تەمامە سەفەریکی بکەم
لو کن حەماغای کویی، برادەریکی گەلە ماقولو خانەدانە،
دەبا بچمە سەردانی، مامەر سوار بوو. لە نیوەی ریی
تەسادفی کانی مرادی کرد لەسەر
کانیی مرادی
لە دامەنی گومەتاری
دانیشت لەبەر سیبەری داری
جغارەکی تیکرد لە وی بواری
ئەوجا لەپاشی مامەری داخوازیکەری ئەسمەری کابایزی هاتن
دانیشتن لە کیلی مەنداوی، لە بانیی نوی، لە پشتی وسو
مەریان، لەسەر زیی بادینان، ئەسمەری بخوازن.
ئەسمەری وەکی زانی داخوازیکەریی وی هاتینە گوتی:
- کو وابی لەپاش مامەری بمخوازن.
بە دزی بابی خو هەستا دەناو رەشمارا گەرا، گوتی:
- کە قاسیدیکم لو پەیدابکا لوم وە دو مامەری رابچی بە
چار زیری زەمانی، برینە مامەری مردن باشترە لە ژینی
نەوەک وازم لیبینی بە خودایکەمە.
با بگەریتەوە لە پشتی قمپەکو ماخارا.
ئەوەتانا لوخو بمگیرتو بە زەبری خەنجەری بمکاتە
کابانی ماری، لاکی ساوام پی رابژینی لە قصری خاروانی،
لە قەولی ئەسمەریو مامەری، رابمینن بزانن چ قەولیان
هەیە قەولو شەرتی ئەشقان چ بە پەیمانە، چەند دژوارە،
دەردی ئەشقەتیی چەند هارە، چەند رەنگ زەردو لیو بە
بارە.
ئەسمەر هەستا بە دزی بابی دەنا رەشمارا گەرا، گوتی:
- کی بی قاسیدیەکم لو بکا بە چار زیری زەمانی لوم وەدو
مامەری رابچی؟
قاسیدی بە چار زیرا پەکری گرت، قاسیدی ئەسمەری بەریکەت لو
دوو مامەری، وەختی قاسید رویی چ دەم بوو؟

وەختی چریکەی دار گەرا بوو، وەختی دەنگی بلبلا بوو،
بەران بە من هیشتا گەورەکچ لە خەوی هەرنەستابوون،
دەخەومابوون، چاوەکەم لویی لوی نەمام بەوی بواری.
مامەر دانیشتبوو لە بن سیبەری داری، ئاورەکیداوە لەسەر
ملی راستی مامەری، گو :
- کاکی من ناسر دە تو لیرابمینی توزەک دیارە لە گەردی
ئەشکەو لو شاری کویی سەقایی لە پیشی ئاریانی، نزانم
ئەو قاسیدە نە وکیمە ریوبارەکە نە قاسیدی ئەسمەری
لیم قەوما چاوەکەم بەوی بواری.
ئەوجا ناسر گو :
- مامەر کوە زانی کە خوا قاسیدی ئەسمەرییە یانی نا؟
گوتی :
- برام لە فکری ئەسمەری هەموو دەمی درم قاسیدە،چاوم
دووربینە دنیایی سەراوبن دەنوری زو ترسیم قاسیدی
ئەسمەری بی لیم بقەومی.
قاسید گەییە مامەری گوتی:
- قاسیدی ئەسمەری وە دوو-توی ناردیمە بە چار زیری
زەمانی بە کری گرتیمە، وەختی دونی هاتیە سەفەری
داخوازیکەری ئەسمەری هاتینە، دانیشتینە لە کیلیی
مەنداوی، لە بانیی توی، ئەوجا ئەسمەری ئەمن ناردیمە
گوتی: ( برینە مامەری مردن باشترە لە ژینی نەوەک
وازم لیبینی بکەونە دەستی عالەمی ئەوجا با سەفەری
خوی بەتاربکاتو تەئجیل بکاتن لە دوایی قەپەکو مام
خارا بمگیریتو بە زەبری خەنجەری بو دری خو ئەو سارا
بواری، لە مانگی نیسانی، بمکاتە کابانی ماری، لانکی
ساوام پی رابژینی لە قەسری خاروانی...)
وەکی مامەر ئەو خەبەرە زانی گوتی :
- ناسر کاکی من، خو ئەمن سەفەرم لی بەتاربوو لەبەر
مارداریی ئەسمەری با بگەریمەوە.
ناسری گو :
- کاکی من مامەر بە تاقی تەنی مەچوو نەکو دوژمنا بوسە
لی دانابیەوە با لە برای نییە کوشتنی.
مامەری گو:
- مەترسە ئەگەر ئیشی میردا بەر مەیدان بی لەبە سەد
سواری دوژمنا سەر دانایینم.

ئەوجا مامەراغا گەراوە سواربوو لـــە جوانە مـایینی شینکی ســی سـاری لە زینەکەی زەردی سابراغی شلی رانیی رکیبی دەستی جەرەوی نەیزانی دوژمنی لـەپیشن بەوی سبیانی...
مـامەراغە گەییە ئاقاری ماری سەید ئەحمەدی رەشــوانـی شەرەکی لی قەومـا هەر لە سبیانی هەتا بانگی نیورانی.
مـا کـە مامەریان بریندار کرد بە دوو گـوللـــەی کـارخانی دەستو رکیبی رەش بوون دە خوینی رەشو تاری.
ئەوجا مامەری دگـو:
- جوابەکم لو بدەنە حەسەنی برا بچیتە شـاری هـەولـیری دوو دختورا بینی لەکنم دانیشن، ئەو دختورانە بە چاوانم چاو دەنی، بە دەستانم دەست نەکەنی، بە دمکی چەقوی برینانم واراکەن، بە کلچووکی بونی کارخانانم لـە برینا پاکژ وەکەن، چنکی پایزوک گەلـــە ساردە، ئـــەو پـایـــزە دیتەخواری لە گەردەگەردی رواندزیا لە هـــەر ســـی باویا بەسەر کوسپەیی دیونی، داکیشتەوە سەر داری شەکرانی بـا لە برینی من نەدا بەو برینانە با نەمـرم لــە گـەردەنی ئەسمەری گەلە زەردە با لیم نەبیتە دەردی مردنی...
مامەری دگـو :
حەسەن برالە گەلە شرم گەلە شەپرزەمە ئەمن لەبەر برینی خو گەلـــەک بیخیرم لـە حارو برینی گەلەک بیزارم ئـەو دختورانە چ چارو مەفەریان پی لە دەردی مـــن نـاکـــری، چیدیم بیزەلـەت مەکەن بە دەستی دختوران، ئەنگو برون لە باتی دختورو تەبیبان ئەو لـــو بـرینی مـن باشـترن، جوابەکم لو بدە خەجیجە شـــلی وسو رەحمانی مار لـــە شیخانە، چەند سارە گەورە کچە لـــە مـارە بابـی شـەوی لە بن لیفی تەنیشـتـان دەگوری ئاخان دەکیشی، شــەوی لە بن لیفی هە بالیفی لـەگەرە خو دەنوینی ئـامـیـز و باوەشی داویتی بەرا سیبوریی دەردی پی نایی چاوەکەم.
جەوابی دیم لو بدە جەواهیری شی محەمەدی بادینی، نیو شەوا لەبن لیفی خەوا نابینی سبیانا لـــە دەراوو کـانیا خەونی خو گیریتو چ پروپیریژنا ســـەر لـە خــەونـا وی دەرناچی سیبوریی دەردی پی خوش‌بی.
جەوابی سی‌یەم لو بدەنە ئەسمەری کـابایزی وەکی جوانە مایینی شیخی عارەبا، لە کـەنـدو چـومـا تەورانیە دەنی خوناوی بواری یەکەوتیە سە مەمکو کـەفەرا.

هەرسیکم بین لەکن دانیشن، ئـەو چیترن لـە دختوران گەلە خوشە بە برینداری پیبیان لەسـەر چوکی خەجیجی دانیم، سەر وە سەر رانی ئەسمەری بکەم، جەواهیرە شور لە ناوەندی دابنیشی بەرو پشتوکانم شل وەکەن قایشـی بەراتیلم لە پشتی وەکەن، زنجیری سەعـاتیـم لـەسـەر کەلەکا دەلابینن.

ئەوجا مەرحەمەکی لو من وەگرن لـە ژەنگـی گـوا،ی، لە
خرنو خاری گەردەنی لـە ئارەقی ناو مەمکا بە فرمیسکی
چاوا بە پەنجەیی بە خەنە لـو مامەری باوینە
سەر برینی برینوکەم گەلە بیخیرن مار ویران، بیپیچـن
بە روخی شەوی بە لفکی چاروگی، پایز گەلـە ساردە بـا
لـە برینی من نەدا بەو برینانـە بـا نـەمـرم گـەردەنـی
ئەسمەریم گەلـە زەردە با لیم نەبیتە شەربەتی مردنی.

ئەوجا مەیتی مامەریان هیناوە قەسـری خـاروانی ، بەران ئەسمەری نەزانیبوو کە خوا مـامەر لو مـاری گەریتەوەو نەشی زانیبوو بریندارە یان نا؟

ئەوجا لە خاروانی نیوە شەوی قاسـید لو ئەسمەری چـوە کیلیی مەنداوی پشتی وسو مەریا، خەبەری بدەنە ئەسمەری کە مامـەر بریندارە.

ئەوجا قاسید لە خاروانی گەییە کیلی مەنداوی کە ئەسمەری گوتیان ئەسمەر دەبا قوری حەفت گوندانت وەسەربی ئەگەر دونییت قاسید وەدو مامەری رانەناردبا مامـەر ناگـەراوە تووشی بریندار بوونی نابـوو.

ئەوجا وەکی خەبەر گەییە ئەسـمەری زانی ئەسمەری لەبەر دەرکی رەشماری دەستەکی وە ئەستووندی رەشماری گـرتی، دەستی دی دەبەر ماری دەستی بە گریانی کـردلـە پیش بابی خو کابایزی.

کابایزی گو :

ـ کچم ئەسمەر بوچ دەگرییی چت زانیە بە وی سبیانی؟

گوتی:

ـ بابە کو نەگرییم دەرین مامەراغە بریندارە بە دوو گوللی کارخانی.

کابایزی گو :

ـ ئەوجا کچم وا مامەر بریندارە ئەچیشـت بـە مامـەریە گەنگیت دیتیەو گەنگیە ناسی لویەگریی مار ویران؟

گوتی: بابە، ما تو نزانی ئـەوە حـەوت سـارە بە دزی تـو پاوانی مەریمە، دەبی ئیزنم بدەی بچمـە سـەردانـی مامـەراغـەی.

کابایزی کو :

ـ کچم زور عەیبە لو گەورە کچان چ جاریان دنیا نەدیتبی بچنە سەردانی خەرکی.

جا ئەسمەری شەرمی لەکن هەرکیرا کوتی:

ـ بابە پیی‌ناوی حەوت سارە بەدزی تو پاوانی مامەریمە، ئیزنم بدەی هەر دەچم، ئیزنیشم نەدەی هەر دەچم، نەخو روژی قیامەتی لە حزوری خواو پیغەمبەرا مەحکەمی خو و مامەریت پی‌کەم ئەمە ئاشقین لە دەستلیک‌بەردانی سەرە مەرکی لین بکەیتە کوسپی مردنی.

بابی ئەسمەری وەکی گویی‌ی لەو قسانە بوو لە ئەسمەری زوری در بە گچی خو سوتا چنکی بابی ئەسمەری وەک بابی کچی ئەو زەمانەی زالمو غەدار نەبوو.

گوتی :

ـ کچم مەنعیت ناکەم لەو سەفەرەی، چونکی وەک توم بە وەختی خو ئەو دەردەم بە چاوی خو دیتیە برو لو ئەو سەفەرەی لو سەردانی ئەشقی خوت چونکی دەردی ئەشقی‌یەتی کەلە کرانە، چ دەرمانی لو نینە، کچم برو سەردانی مامەری بکە بەری وەختی دانی هیواری سیبەری پیبەرە مەقلوبی کیل‌بو تو لو سەفینە شیتی خوشناوا نزاریی سەفین کەتە سەر ماری دیانا زەردی کرد چناری دیوانی، سەفینوک بە باسگو تەلانە بوارا بازو شەهین لو خو لیکەن هیلانا بکەرینو.

ئەوجا ئەسمەرو خەجیجو جەواهیر چوونە سەردانی مامەری برام وەختی کەییە خاروانی، ئەسمەر لە قەسری خاروانی چووە ژووری، وەکی مامەراغە دەماری مردنی لە ئەسمەری راما ، چ لە ئەسمەری رابمینی؟

ئەسمەری بەژنی دەری‌ی بەیداغ، تیلاکەی کەلە خوارە، چاوی دەری‌ی ژیر پیارەنە، روومەتی دەری‌ی توپی کوریە، ئەسمەری مەمکی کەلە کچیلوکەنە دەست لە بنی نەبی لی‌ی کیر نابی کەلەک کچکەنە لەناو باغەری.

ئەو ئەسمەری دەستی خوی لەناو دەستی مامەراغەی نا.

حەیران حەیرانە
دەرمانی دەردە هەرانیسنانە
ئی جەز لیک کچ کردنی کەلە خوشە

بەرا دەستێ لیک بەڕدانی ئەسمەری کابایزی
بە مردنو ژین لەکەر مامەراغەی
دەردەکی کەلە کـــرانە.

هەواڵنامەی کتێب



# ئەو زامەی بوو بەمانگ!

شێرکۆ بێکەس

بەورێکی تری نێو داستانی قارەمان کۆچی کردوو مێژوومان بۆ ساتەوەختی پڕ بەگەرووی دەربەندوو ئەشکەوت و کەوێڵ و بەرگێلەکانمان زریکانی.. زریکەی مێوو سەرچاوە: لەخوێن جمانی ئازادی‌یەوە ئەگرێ.. ئەو دەمە خاك ژانی بەبوومەلەرزەی ڕاپەڕین و زاووزێی شەهیدو تەقینەوەی شیعرو لرفەکردنی بەلووزەوی خەمی دایکانەوە ئەگرت!

مانگێکی دیکەی گەرمەسێر کۆچی کردوو. ئەستێران دابارین و پێ دەشتیان ئاڵ و واڵاکردوو منداڵانی پێ پەتی‌و دەم وچاو خۆڵاویی ئێمەیش بۆ یەکەم جار لەبەردەم دەروازەی مزگێنی‌دا گوڵەزەردی زەردەخەنەیان چنیەوەو باوەشیان بەلاملی بەهارێکی مژدە پڕژێندا کرد..

ئەو دەمــە، لەهەناوی قرچە قرچ پێ کەوتووی بەرکاوو گردوڵکەکانەوە.. گوڵەگەنمی ڕیشاڵ سووری بەیـانی‌یەکی تازە، کازیوەیەکی دەم ولێو زیوین، گەردن کافورلی، بەژن زراڤی چاو پڕ لەتریفەی، دەست وپێل زێڕین لەدایك بوو.

لەو ڕۆژەوا.. لەپەڵە خوێنێکی سەر سنگە هەڵقرچاوەکەی «دووزەوە» لەزاری لێو بەخەندەی برینێکی ڕەشتاڵەوە سەمــەلی ئازادیمـان سەری دەرهێنـاو بوو بەشـایی قوربانیەکانمان! بوو بەڕەشبەڵەکی سێدارەو هەر هەموو برینەکانمان!

دووز.. دووز مەچــەکی تووکنی حەمــرین، بازوو بەندەکەی عاشقانی بەفرو گرە ناو دەمی کوڕێکی دیکــەی گەردەلوولی خۆی ماچ کردوو سەری خستــە سەر ڕانی سۆزو خۆشەویستیی گەرمێنی‌و دواتر بەپەنجەی نەرمی شەماڵێکە لە«دەربەند باسەڕ» ەوە هاتوو پێڵوەکانی ماندوومان ئاڵ هەڵگەڕان و بوون بەگوڵجارو ئەم زامەیشمان بوو بەمانگ و ئێمەیش بەخەرمانەی!

ئەو دەمە، دوور لەو مانگە، من لەژووری تەنیایی‌و نامۆییەکی شێداری دڵ گۆشێندا خەریکی ئەوە بووم لەو گوڵجاری گەرمێنە کراسێ بۆ شیعرێکی نوێم بدرووم.. لەپڕ بازێکی پەرووباڵ سپی

هات و لەسەر سەرم لەنگەری گرت و بەدەم چریکەی سۆزێکی «مەولانە» ئاساوە شیعرەکەی پێ بڕیم و وتی:

لەنێوان پەڵە خوێنەکەی دووزو سەرەتای هەڵکردنی ئەو زریانەدا:

**مێژوویەکی دووکەڵاویی..**
**ئازایەتیەکی چاو سەوز..**
**سەفەرێکی تەلیسماویی..**
**مێژوویەکی دووکەڵاویی..**
**خەونێکی ئاگراویی.. لەهات و چۆدان!**

**بازەکە سوورێکی بەچوار دەوری تەنیایمدا خواردوو دیسانەوە وتی:**

**حەمە ڕەش.. واتە کێوێکی ڕەش..**
**ئەسپی شەوێکی قەترانیی..**
**زەویەکی بەخەڵووز کراو..**
**نانێکی ڕەش داگەراوی بن ڕەشماڵ**
**سووتەمەرۆی ئازارو یان قەدی دارگوێزێکی ڕەشەبا بەزێن!**
**یان گەواڵە هەورێکی ڕەشی ئاوس بەکوڕو کچی باران**
**یاخود لەشەوەزەنگدا بریسکە بریسکی دووچاوی**
**بەورێکی برۆنزیی..**

سەرەتای هاتنە ناو ناو ئەم دۆزەخی داستان و ئەوینەی پێش مەرگایەتیی.. سەرەتای یەکەمین ئەم برینە جێ بەخۆنەگرە، بەرەو گەردوو گوڵ بەیانی پێش مەرگایەتیو خۆ بەخاجدا داکوتان لەسـاڵانی زووتـرەوە، بازرقەی بەست و ئەمەیش سەربوردو بەیتێکی برایموك ئاسای عەشق و سووتانی خۆی هەیە:

ئەوەتا لاوێکی وەك تاژان باریکەلەو وەك هەڤاری گوڵ کردوو خوێن گەرم و وەك کەڵی سەر ڕەوەز زیت و چاوبگێر. وەك هاژە هاژی سیروان بێ ئارام، عەشقی خاك، دار، بەرد، تفەنگ و چارەنووسی خوێنی خۆی داوەتـە دەست کوردستـان بەتـوێشـووی نانی ڕەشی بەستۆتە پشت و هەورازو نشێوکەی ئەکاو دەروێش ئاسا دەرگای یەك بەیەکی بارەگاو مەقەرو مەڵبەندەکان ئەقڵیشێنێتەوەو داوا ئەکات و، هاوار ئەکات و ئەیەوێ ببێ بە «پ . م» ئەیەوێ شاڵاو بۆ مەرگ بەرێو چنگ بنێتە چنگی دڵە ڕێوی بەعسییانەوەو کلك و گوێی بڕراوی ئەوان بۆ کەلارو باوە شاسوارو دوزو خانەقین بەرێتەوە بەڵام هەموو جار دەستی (نەء) بەڕووی ئەم سۆراخە شەیدایەوە ئەنراو ئەگەڕایەوە دواوە!..

**سەرەتا بوو! ئەم فیشەکە بێ تفەنگ بوو.**
**ئەم پشکۆیە بێ کوانوو بوو.**
**ئەم پرسیارە بێ دەرام بوو.**
**ئەم جوانووە بێ ڕەگە بوو.**

بەڵام ئاخر چۆن:
سیامەند لەعەشقی خەج بێزار ئەبێ!
قولنگ لەکون کردنی بێتون و
فەرخ لەباڵای «پەری خان» و

یان گەرمییان لەهەتاوی سوور وەرس ئەبێ سۆراخی ئەم بەردەوام بوو هەر وەکوو (لاس) سووری ئەخوارد! وەك چکەچکی دڵۆپە ئاوی ئەشکەوت و دەراڵەکان بڕسی ئەم وشکی نەئەکرد، بەرد کونکەر بوو.

هەتاکوو سەنگەر وەری گرت
هەتاکوو چەك شانی ماچ کرد
تا ڕەوە ئەسپ تێکەڵ بەحیلەی خۆیان کرد..

وائێستە «حەمە ڕەش» و ڕەوە ئەسپ بوون بەڕێزە مەشخەڵانێو ئەچنە چاوی دێوو درنجی بەعسییانەوە، ئەو ئێستە حەمە ڕەش بووە بە تەندوورەی گەردە لوولێکی گەرمییان، لەهەر کوێیەك سەربازی مردنی لێ بێ ئەم لەوێیە، لەهەر کوێیەك گوڵ بکوژرێ ئاو بکوژرێ، هەتاوو شەماڵ مەبرن ئەم دەستی تۆڵەی لەوێیە.

وێستان بەقەد کلووی بەفر ئەم حەمە ڕەشەی خۆش ئەوێ. گەرمە سێریش بەقەد شنەی شەوانی ماوێنان و ئەڵڵاوەیسی خۆشی ئەوێ..

ئەزموونی تاڵ فێرگەی ئەون.
بست بەبستی ئازارەکان ئەناسێت و ئاشنایان.
وەکوو خوشك و براو ئامۆزاو بن ئامۆزای خۆی
هەر لەدوور را، یەکە یەکەی درەختەکان،
گوێبانەو دەرگای ماڵ و مەزراکان ئەناسێتەوە.
نەخشەی گەرمییان بەری دەستییێتی.
وەك تاڵە مووەکانی ڕیشی قامیشەڵان و مێرگەکان و
لارێو بن دەوەن و باخەکان ئەناسێت و لەگەڵیاندا
ئەدوێو ئەبنە پەناگەی شەوانی.
ئەشکەنجە قاڵی کردووە..
ئەم دەرچووی قوتابخانەکانی ستەم دیلایی خەڵکە.
هەندێ جار ئەم سەر لەڕێگە وەانگە ئەو تنیك ئەدان.
هەندێ جار ئەم توونی بابا لە نێو / ٢/ وونیان ئەکات

بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی ئەم بەورە ڕەشەماندا بوو تەلیسم و ترس ڕەبایەی بەعس شکاو خۆی کرد بەناو ئەڵبەنداکنی مەرگداو گەیشتە سەر سەری نەهەنگ.

کاری سات گەورەو گەورەتر بوو هەڵەبجە بوو بەهەموو کوردستان و هەناسەیشی بەهەناسەی هەر هەموومان
ژیان تاریك و تایکتر بوو

دۆڵپای ئەنفال هات
ئاخ گەرمە سێرەکەم

تۆ ئەو ئاسنێ سوورەی لەهەموو جارێکی کۆست کەوتن ماندا بەر لەهەموومان لەشت نێزە ڕێژ ئەکرێ و بەردەوام هەموو جارێکیش لەهەر پشووداننێکدا دوای هەموومان خوێنت ئەگیرسێتەوە.

**ئاخ گەرمە سێرەکەم ! ئاخ**
**تۆ یەکەمین چاوی بەفرمێسکمانی‌و**
**دوا زەردەخەنەی دەم و لێومان!**
**دۆڵپای ئەمەوییەکان هات**
**دۆڵپای ئەنفال هات.. ئیتر:**
**لەگەڵایەکەوە بۆ ساوایەک**
**لەبنچکێکەوە بۆ چۆڵەکەیەک**
**لەخرکە بەردێکەوە بۆ جۆگەیەک**
**لەکارژۆڵەیەکەوە بۆ کانی‌یەک**
**کەوتنە بەر تاعوونی بەعسییان**
**دۆڵپای ئەنفال هات**
**بوو بەتارومار**
**دژوار بوو دژوار بوو دژوار!**

کینەی شمشێری تەتەرەکان، خۆشەویستی‌یان ئەنجی ئەنجی کرد وا هاتبوون کوردستان لەبندا ببرنەوە، وا هاتبوون مێژوومان ریشە کێش کەن، سیمامان بسرنەوە، واهاتبوون دوا ئەستێرەمان کوێرکەن و دوا ئەسپمان بخەسێنن..

**تارومار بوو تارومار**
**دووکەڵ بوو دووکەڵ بوو دووکەڵ**
**چاوی خوایش ئاوی کرد**
**ئاسن قریشکانی‌و نەرم بۆوە.**
**ئازایەتیی چورچورەیەکی کەمی مایەوە.**
**وەك ریچکەکانی بەردەم شارە مێروولەیەك، وەك ئەو**
**ڕێچکانە، زین، زین ڕیزبوون، بەرەو قاقری**
**مردن، بەرەو گەردە لوولی مردن بردیانین.. چاڵ، چاڵ**
**چاڵ، لەیەك گۆڕداو چوار سەد دایك و باوکم، لەیەك**
**گۆڕ داو پێنج کورو کچ، لەیەك گۆڕداو گوندێکم بەئاسانی**
**جێگەیان ئەبۆوە، تارومار بوو، تارومار**
**لەوساتەدا بۆ سەدو هەشت هەزار ئاوات و خەونی زەردە سووری زیندە بەچاڵ کراو.**
**بۆ سەدو هەشت هەزار باڵای هەڵومریوە**



هەواڵنامەی کتێب

بۆ سەدو هەشت هەزار باخی خنکاو
یەهودا گریا
مەرگەوەر گریا
لەو ساتەدا هەر «صدام» بوو پێ ئەکەنی!.
ئالەو دەمە دۆزەخیەدا، حەمەرەش، حەمەرەشی
کوڕی زیزانەی کوڕی سەرقەڵای کوڕی دوزی کوڕی حەمرین
لانەی ئازارەکانی چۆڵ نەکرد.
نەرۆیش و خەیاڵی گەرمییانی نەبردە ئێران و تووران.
دەستی لە کەمەری کفری بەرنەدا.
وەک سیروان مایەوە، وەک کەرکووک ئەسووتا
وەک قەڵای شیروان لەوێ بوو.
لەو دەمەدا ئەو بۆ شیعری دەست و پل گۆنەکردووی ئێمە
گرەی نیوەروانی «هەکز» بوو
بۆ ورەیش
حەمە رەش
ئەم دەستی زمناکۆو
ئەو دەستی بەمۆ بوو.

★

هەتا ئیستەیش لەدووئاواندا کەدوو ماسی رەش
ئەگەنەیەک و رۆژگاری ئەنفال باسی ئەکەن.. دوو ئاخی
پڕ بەسینەی شەپۆل بۆ حەمەرەش هەڵ ئەکێشن
دوو گردی دراویش کە سەرئەنێن بەسەری یەکەوە
باسی هەنگاوەکانی حەمەرەش بۆ یەک ئەکەن.
دوو درەختیش کە پێکەوە هەڵ ئەپەرن
یادێکی دەستەکانی ئەو هەر ئەکەنەوە.
ئێوە گوێتان لێ نەبووە
من شیعرم گوێچکەی زۆر سووکە
هەموو جارێ کە زمناکۆ
سوێند بۆ گەرمەسێرم ئەخوا
ئەڵێ بەسەری حەمەرەش

★

ئەی بەوری رەش! ئەی هەڵمەتی بەردەوامی گەرمیانم
لەترسناکترین ساتە وەختی مێژوومانا
تۆ قاچت رەگی خاک و

سەرت پڕو پۆی بەێشەمان و
هەردوو چاویشت دوو گۆمەکەی
دەربەندیخان و دووکانمانن.

لێرە بە دواوە حەمە ڕەش
وتی: شیعرم ئەوێ!

★

من داوای دوو گوڵم
لەداری ژاڵە کرد
بۆ سنگی حەمەڕەش
کەچی دار لەڕەگ و ڕیشەوە
خۆی لەعەرد هەڵکێشاو
بەپێی خۆی لەگەڵما
هات بۆ لای چاوانی حەمەڕەش
بە(با)م وت مەهێڵە
ئەو مانگە بچێتە هەورەوە
من ئەمشەو لەدووزدا
بۆ باڵای حەمەڕەش
تریفەم لێ ئەوێو خەرمانە
بیکەمە بەر زامی.. حەمەڕەش
با وتی:
تۆیش نەڵێی
مانگ خۆی دێو
ئەو زامە ڕەشتالە ئەگرێتە باوەشی
کۆترێکم ناردە لای «کوڵەجۆ»
خوازبینی وەنەوشەی کیژێکیم بۆ بکاو
بیهێنێن بۆ کوری زایزانە.. حەمەڕەش
کەلەو سەر هاتەوە پێی وتم:
تەماشا تاچاوی برینی ئەو بەورە بر ئەکا
بەگوڵجار وەنەوشەی هەر هەموو پێڵومان
بەگوڵجار هەڵاڵە
بەگوڵجار نازەنین
بەرێوەن بۆ ئەوەی ماچیکەن

بۆ ئەوەی بەئەوین دایپۆشن
گەرمێن ئەو لەشەی حەمە ڕەش!

★

هەر گابەردی نێو دەربەندێ
وتی: لێرەم
خۆ بەردە قارەمان نییە.
هەرچی گوڵێ سوور چوەوە
خۆ گوڵەکەی «پەری خان» و «عوممان» نییە.
هەر کەسێ قوڵنگ بەدەس بوو.. فەرهاد نییە.
خۆ هەر کەسێ باریکەلەو چەك لەشان و
یان ڕیشدار بوو.. مامە ڕیشەی داستان نییە
هەر کەسێکیش ناوی حەمەو حەمەڕەش و گەرمییانی بوو
حەمەڕەش پێش ئەنفال و ناو ئەنفال و دوای ئەنفال و
ئەسپە ڕەشی سەر حەمرین و
گێژەلووکەی خوێن هەڵکردووی ناو دوزو
حیکایەتی کێوی ڕەش و
باو بۆرانی زەمان نییە.

★

ئەو چریکانە زۆر «کەم» ن
دار بەداری دارستانێ داچڵەکێنن و
سەرسامی کەن.. وەك حەمەڕەش.
ئەو عاشقانە زۆر «کەم» ن.
چۆك بەبێستون دا بدەن و
هەر بەئەوین دیواری مردن کون بکەن
وەك حەمەڕەش.

★

گەرمەسێر.. گەرمەسێر
دەفتەری خۆڵینی شیعرمەو
ئەی باڵای زیوینی ڕاپەڕین!
تۆیش قەڵەم!
دڵنیام ئەمجارە من شیعرێ ئەنووسم
بەقەدەر حەمەڕەش ئازابێ و
بەقەدەر «سیروان» یش کەڵەگەت!

سلێمانی
١٩٩٢/٣/٢٥

# براباش

قادر کەرەم

بە ئەندازەی چەند گۆڕەپانێکی ڕمبازیکردن، زەوییەکی سەرسەخت ڕووی ئاسمانێکی بێبەزەیی ماچدەکردو کڕێوەی فرمێسکەکانی لە باوەش دەگرت. چەند چیایەکی قووچو لووت بەرزو پشتەو شکێن ببوونە ددانی دەوری مەلاشووی، لەوە دەچوو دەمیان لە کاسە ماستێکی دەشتی گەرمیان هەڵژەنیبیو نووکی لووتیان پێ نەسرابێتەوە.

رچە ڕێگاکانی سەرپشتی وەکو دەماری دەستی ئاسنگەرەکان لە دوورەوە دیاربوون، مەرزەکە لە حەشرخانە دەچوو، ئەبستیلی کۆکردنەوەی مرۆڤ بوو، لەگەل خۆرهەلاتدا بەری ئەستیلەکە ـ لە چەند لایەکەوە ـ بەردەبوو، جۆگەلەی مرۆڤ بە دەماری چیاکاندا هەڵدەگژا، (یەکەم جارە ئاو بەرەو ژوور دەروات)، رەسەدی بەفربارینەکە بەردەوام بە دوایانەوە بوو ـ دەتووت پوورەی هەنگی لە کلۆزی داردا دۆزیوەتەوە، هەتا ڕۆژ هەڵکشایا، پتر عەشاماتی ناو حەشرگاکە بە یەکدا دەهاتنو دیمەنە دڵتەزێنەکان پتر دەبوون.

زۆربەی خەڵکەکە ـ بە پێی پەتی ـ لە چیاکان دەهاتنە خوارەوە، لە چیاکانی ئەو بەریشەوە لە چاو دەردەچوونو نوقم دەبوون، پێیە لە گۆ چووەکان بە شەرە ملی پەنجەکانیان لە قورو چلپاوەکە گیر دەکردو بە ڕێگا دەزوولەکاندا ئاوەدیوی گۆمی بێئوقرەیی دەبوون، دەوەنەکانی شایەتی مێژوو، ئارەقەی خەم لە چلە گرێ گرێکانیان دەتکا.. بە ئاسانی دەهاتنە دەستی بە تواناکانەوە.. لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی بە باشی گڕ بگرنو ڕۆلی ئەمرۆی خۆیان ببینن، ناچار خەمەکانیان دەبوونە چەق و دووکەلێکی چڕ و ناخی خۆیانیان بەوە پاکدەکردەوە کە ببنە دەوارە دووکەلێکی بەرین بۆ سەرتاپا حەشرگاکە.

برا باش وەکو کەلە کێوییەکی پیر بە چیاکاندا هەڵگژا، تەماشایەکی حەشرگاکەی کرد.. ( دیارە ئەم مەردومانە ئاگر پەرستن، ئەگینا ئەم چراخانی ئاگرانە چین؟!) .

بۆی بکرایە خۆیشسی ئاگرێکی لە کۆڵ ئەگرت، بگرە بە درێژایی شەو دەستی لە ملی دەکردو وەکو کاوەی ئاسنگەر بانگی هەڵکردنی هەڵدەدێرا...
( ئاگر یەکێکە لە سێکوچکەی مانی ئەو خەلکە . )

هیشتاگیا ژیریژه بوو، درکیان بەوە کردبوو دوا هەرەشەی سەرماو سۆڵە ـ گەر دەست بوەشێنن ـ سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ دەکاتو هەر بە پێوەو بە کۆمەڵ بن بڕ دەبن، براباش لەبەرخۆیەوە بۆڵە بۆڵی بوو، موچورکەیەک بەناو موخی ئێسکەکانی لەشیدا گینگڵی دەکرد ، زاقو زووقی عەشاماتەکەی ـ هەر جارە ـ بە لایەکدا دەبرد، کە هێور دەبووەوە دەنگەکانی ناوەوەی باشتر جیا دەکرانەوە بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی ناوەوەی دەبوونە یەکێک لەوان بە ئاستەمیش نەیدەتوانی لەوانی جیا بکاتەوە.
لەگەل یەکێک لە شەپۆلەکاندا هەڵوێستەیەکی کردو وای بۆ چوو کە ڕەزمی ناوەوەی دەروونی لە پێشەکیی هەڵگرتنی تەرمی پاڵەوانەکەی سەر شانۆی بیری دەکات، چاوەکانی داچەقاند ( داخستنو کردنەوەیان بو ئەمشەو یەکن ) دەستی برد بە نیوە لەرزێکەوە مشتی قاویتی قەرەخەرمانی لە کیسە تووتنەکەی بن پاڵتۆکەی دەرهێنا وەکو تروشکە ئاوەدیوی قورتەکەی ئەودیوی دەماکەکەی کرد، کلۆیە شەکری هەڵداو دایخرماند.. یەک دوو جار بە تێوە هاڕاوی گلمانیو تام دەمی دایەوە.. ( ئەمە بۆ خۆی رووبارە هێزیکە، دەبا ئیتر هەر دەمی گوێزانی سەرما خۆی لەم لەشە توکمەیە بسوێ ، کەس قوچی لە ئاسن داوە؟!. )
وەکو جلەوی هەڵسو کەوتی لە دەست دەرچووبێت وابوو، کۆمپیوتەرێک بووە چاوساغی ( بە خوا شتی چاکە داراو نەدارا بە یەک ڕێگادا دەرون،بە یەک چیادا هەڵدەزنێن، یەک تاریکستانی ئەودیو دامان دەپۆشی، سەیرە ، ئەی سەرچاوەی ئاوی روون لە تاریکیدا نییە؟!)
ئەوەی ووتو براباش وەکو فرینکە بە دەروی خۆیدا سووڕایەوە زۆربا ئاسا بە قەڵەو بازەی سەما کردن ویستی لێدانەکانی دڵیوەکوهەنگاوەکانی دادیی خێراتر بکات ، بە پێچەوانەی هەموو ڕەوکەران بەرەو قورگی حەشرگاکە کەرایەوە .. تروکەی ئاگرەکان قیبلە نومای هەڵواسراوی ئەو بیابانەی مێوانە نەگەیشتووەکان بوون ـ خۆیشی نەیزانی کەی و چۆن گەشتەوە ناو حەشرگاکە ـ لە چیا هاتنە خوارەوە ، لەسەر کەوتنی گرانترە ، چاوەکانی هەڵخست ، بەناو ماڵە بێ دیوارو بێ ژوورەکاندا نەرمە هەنگاوی دەنا،لە پڕ هەستی بە خشەخشی هەنگاو نانەکانی کرد ، دەستی بردو نایلۆن لەپی پێچراوەکەی تۆ نەکردەوە ، ئەو بەشەی ببووە ریخۆڵەو لە دوای دەخشا، پێی ڕاستی نایە سەری و هەنگاوێکی گەورەی بە پێی چەپی نا ،ساتمەیەکی کردو شڵپەی لە زەویەکە هەڵسان ، مناڵێکی زیت ـ کە هەڵمی پیش ئاگر لە لەشی بەرز دەبووەوە وای لە تریقەی پیکەنین و وتی : ـ
ئەری وەڵلا دۆزییەوە ، ئەری وەڵلا دۆزییەوە ...
برا باش خۆی کۆ کردەوە دەستێکی بە شان و شەوکەتی خۆیدا هێنا .. ( تەری و قور ، جیاوازیان نییە ، ئەمە چوار ڕۆژە بۆ یەکەمجار گوێم لە

قاقای پێکەنینی لە ناخەوە دەبێت ، ئەو لەمن ئازاترە ،ئەوە نییە سەرماو برسێتی و ماندوو بوون و مردنیش، پێکەنینیان لە بیری نەبردوتەوە - راستە منداڵ پیاوە بەڵام بەژنی کورتە - ) ویستی رووداوی شانۆگەرییەکەی ناوەوەی کۆ بکاتەوە ، کەچی ، بیرۆکەیەک خواستەکەی سەربری .

- ( ئەمرۆ - بۆ یەکەمجارە - من خۆم دەرهێنەرم بەڵگەشم ئەوەیە کەس ئەم پاڵتو و نایلۆن و شەکرو قاویت و دەما مکەی بۆ هەڵنەبژاردووم خۆم رێگام گرتۆتە بەر ، کیسە توونتنەکەی باوکم کردە چاخ ، ئا .. باوکم ئەبێ ئەو کام رێگای گرتبێتە بەر .. مافی خۆیەتی کەس نابێ نەخشەی مانو نەمانی کەسانی دی بکیشێت ، هەرکەس خۆی سەر پشکە ، مردن گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ .. تەنیا خۆشەویستی نەبێ مافی هەیە گاڵتە بە مردن بکات خۆی کردە کیش و یەک دوو گوریس چووە دوواوە .نزرە نزری ژنێک بووە ئەنجامی گوێ رایەڵبوونی .. بریبوونە ئەو کۆڵووە بەفرانەی هەرە قسەکانیان لە ئاستی کڵپەی ئاگرەکەدا بوونیان نەوەما ... دەستی کردە ژماردنی ئاگرەکان .. یەک ، دوو ، سەد ، چوار س س ... چیم لەمەداوە ... گرەکەی ناوەوەم کە لە ژمارەی هەموویانە .

عەشاماتەکە جۆراو جۆر کرۆشکەیان کردبوو ، تەنیا سەرماو بەفرەکە نەبێ نەیان دەویست بگورێن .. نزرە نزرەکە لە هەموو شتی دایبری .. لێی نزیک بووەوە .. بە خۆیدا هاتەوە ( هیچ شانۆگەریەک نەیتوانیوە گۆشە یەک لە ئاوا دیمەنێک بەر جەستە بکات ، هەموومان لە ئاستی ئەم راستییانەدا کلۆل و فتین .. ) مشتی قاویتی فت کرد ، لە گەڵ پژمیندا - تەپ و تۆز - لە دەم و کونە لوتییەوە هاتنە دەرەوە ، دەم و لووتی خۆی گرت و ئەوەی مابووەوە گلماندی و ئاوە دیوی کرد ، چاوی گواستەوە سەر ژنەکە وەکو سوجدەی بردنێ وا بوو ، بە قاچ و دەستەکانی کە لە بەری سوجدە بردنەکەی پر کردبووەوە ، پشتی کردبووە ئاسمانە سپییەکە، سنگو، بەرۆکی داپۆشەر بۆ ساواکەی ، نەدەبزوا ، هەموو شتێ هەڵدەلەرزی ، کەچی ئەم دەتووت پایەی هەموو ئاسمانە ، گەر بجولی زەوی بە سەر ئاسمانا دەروخێنێت - ... ( ئەمە چ جۆرە نوێژو سوجدە بردنێکە !! خوانەکا سەریش هەڵبرێت ! ) - ئەری خوشکە چیتە ؟ بۆ وا ئەکەی ؟ دەتوانم یارمەتیت بدەم ؟ . ٢٢

ژنەکە سەرێکی هەڵبری و تیشکی گرێکی نزیک بووە بلاجکتۆرو رووناکایی خستە سەردەم و چاوی ، بۆیە مەیەکی گولەنگ خوساو بە تویلێوە نووسا بوو ، زولفەکانی پلیتەیان کردبوو ، رەنگی زەردە پەرانە خۆی نواند برژانگ و برۆکانی تێک گیر دەبوون ، ووتی : -

- رێوی بە پیری ئەو کەسانەوە هاتووە، حەزیان بە پیاوەتی کردنە ، ئەم شەو مەردو نامەرد پاک و پیس دەکرێن ، بەلام یەکێ ئەڵێی ؟ مەدەن لە خۆم بدەن لە بوام وا دەزانم دەدەن لە رەشکەی کا ...

براباش به پەلە هەرچی کلۆشەکرێک لە گیرفانیدا مابوونەوە، کردیانییە گۆێلی ژنەکە، بگرە ئەمە پاشماوەی هەموو سەروەتەکەمە... ناو بە ناو کلۆیەکی بخەرە دەمتەوە، سەرماکەی لەشت دەشکێنت.

- من هەست بە سەرما ناکەم .. هەست بە دووەم جگەرسووتاوم دەکەم،دوێنی کچە چوارساڵەکەیم بە دەستی خۆم نایە چاڵ، ئەوەی وا خۆم بۆی کردوتە پەرژین تاکە چرای رێگای ژیانمە، براو باوکمە، سامانو بینایی دیێەکانمە شتیکی لێ بێت منیش تەواوم، ئەم پاشایەم بمینێ دنیا هی خۆمە، سواڵی حەوت وڵاتانم کردبێ دەیکەمە پیاو..

- باشە زەلامێ،کەسێ، برایەک لەگەڵتا نییە؟! تۆ بەم منالەوە چۆن دەرئەبەی؟ هێشتا زۆرت لەپێشە.

- خوا دەلیلی داماو و کلۆلو بێ دەرەتانانە ( کەنێ دەرمێ کۆریانی پر دەبێتەوە ) منێ لەم حەمکە سەرلێشێواوانە زیاتر نیم، خوا بکەم پاشام نەمری، لەمرو خراپتر نابینم..

- بۆ ؟ دیارە توش لە کەسو کارت دابڕاویت؟

- بۆ ئەم حەمکە بەشەرە کەسی یەک نین ؟ کێ دەپەرژێتە سەر کێ؟! پادار ئاگای لە بێ پا نییە، چوار رۆژی رەبەقە ئەم کورەم بە تای شانەوەیە.. لە کیسەیەکی نایلۆنم هەڵکێشاوە نەکا تەر بێ.. بەڵام کچەکەم ـ هەی دایکی بمرێ ـ ئەوەندە بە پا رێی کرد تا لە پا کەوت، بە دەم لەرزەوە بووە پەپوولەی بەهەشت، دڵی بە تەنیایی منو پاشای برای نەسووتا.

براباش هەر چەندی کردو کۆشا نەیتوانی دلۆپە فرمێسکەکانی ببینێ، لەرەی دەنگیو تف قووتدانو لووت سرینەکەی وەکو ئیسفەنج بەرەنیسکی گریانەکەی هەڵدەمژی ـ نەکا پاشا لە شیرینی خەوی بن لیفەی سنگو بەرۆکی ڕاپەڕێت ـ

- ئەی باوکی؟

- برا گیان ماڵت ئاوا بی.. کلۆشەکرەکانت پاشام بۆ گەرم دەکاتەوە... هەر کەسەو بە گیرەی توانای خۆی.

- خۆتیش لەبیر مەکە، کورەکەت بەبێ تۆ، بە نەماو حیسابە.

- ئەوەندە خەمم خواردووە نامەوێ تامەکەی لە دەممدا بگۆرم.. دیارە ئەمەش چارەنووسە.

- باوکی کوڕەکەت؟

- من خۆم باوکیم، گەر گوللەی وێلی تەقەقەی خۆشی نەیکوشتایە دیاربوو ئێستا بەم حالە نەدەگەیشتین، ژن و منداڵ بەبێ سەرگەورە سەریان لێ دەشێوێت.

- پیاوی بێژنیش دوو جار سەر لێ شێواوە ( بلێ تاکو ئەم تەمەنە ریش ماش و برنجەم ژنم نەهێناوە، کارێکی چاکم کردبێ؟! بۆ نە، دەنا منیش

ئێستا هیچ نەبووایە منداڵێکم مردبوو.. چۆن دەمهێشت؟! گەر وایە دەبا نەهێڵم ئەوانەی تەنیشتم بمرن، وا دیارە خوا بۆ ئەم کارە منی گەراندەوە دوواوە.).

شەو نیو بوو بوو، بەفرەکە کردبوویەوە، ئاسمان دەتووت ورچ لستوویەتییەوە ڕەشەباکە هەر پێی لێ هەڵدەگرت، گفەگفەکەی چیاکانیشی بێزار کردبوو، لە دوورەوە دەنگی جاردەرێک بەرز بووەوە:

• ڕەحمەتی خواتان لێ بێت، حەوت منداڵ لە برسانا مردوون، با گەنجەکان بێن و بییانشارنەوە، ئەگینا بمیننەوە تا بەیانی ژمارەیان زۆر دەبێ و بۆمان ناشاردرێنەوە.

براباش،چاوەکانی جن جن بوونەوە، هەستی کرد چوونەتە تەوقی سەری، تەکانێکیدا بۆ بەشداریکردن کەچی... ( نەء .. ئەوان مردن تەواو، ناشتن و نەناشتنیان یەکن.. هەموومان لە یەک یەخچالداین سەرما وا بکات تا مانگێکی کەش بۆنیان تێ ناکەوێت، زیندووەکان گرنگن... ڕزگارکردنی پاشاو دایکی لە ناشتنی هەموو مردووەکانی جیهان گرنگترن، بۆ ئەمرۆ و ئەمشەو وایە، ڕەنگە سبەینێ وا نەبێ.)

ژن و منداڵەکە وورتەیان لێوە نەدەهات، براباش بازنەی بیری تا دەهات بچووک دەبووەوە و لەسەر سەری ژن و منداڵەکە خەرمانەی دەدا ... ڕەشەبایەکە بەناو کوڵانەکانی جلەکانیدا فرکەی دەکرد.. دەنگی جاردانەکە لە کەلەشێری ناوەخت دەچوو...

- خەڵکینە مردووەکان هی هەموومانن ، ئێمشەو ئەوان و سبەی ئێمەین .. مردن هەر مردنە ، زەوییش هەر زەویی خووایە ، هەموو کەسێ دەبێ، سێ مردوو بشوات ، سێ کفن بدورێت ، سێ گۆڕ لی بدات ، ئەوا کفن دوورین و شوشتنەکان هیچ ، دەوەرن هیچ نەبێت گۆڕەکان لێ بدەن .

وشەی مردن پتر دایکەکەی بە ساواکەیەوە دەنووساند ،دەتووت ئێستا بەزۆر لە ژێر سنگ و بەرۆکی دەردێنێ و لە گەڵ ڕەشەباکەدا بەرەو قورگی تاریکی دەیبات ( ئەمشەو ئەو شەوەیە قەرەوەیسی تیا کوژرا. ) . . . (ئەم مردنە بوو بە چی ؟ ئەڵێن ژنان ئاشووبە دەنێنەوە ، کەچی کوشتن و برینەکەی پیاوان ئەنجامیان دەدەن ... خۆزگە پیاو بوومایە خۆم دەمزانی لغاوەی کێم هەڵدەتلیشان و سلی کێم سارد ئەکردەوە ... بۆچی بۆ ئەوەی تۆ هەبی دەبێ من نەبم ؟ )

دوانەکانی برا باش وەکو دەنووکی لەقلەق ئاوازی دەژەنی ، نەیدەزانی دەست و قاچەکانی بخاتە کوێوە ... وا هەستی دەکرد بەشێکە لەو مەرزە بەستووە ، هەر چەند ئەندیشەکانی کۆ دەکردەوە ، هەر هەمان بازنەی ژنو ساواکەی تەنیشتی بوو .. ( چەن بێکەس بێ بەبێ دەنگی دەمرێ ......

.. ئەوە من بوومایە دنیام لە یەک دابوو هیچ نەبوایە دەچوومە تەنیشت یەکێک لەو ئاگرانەوە )

- خوایە هەرئەمەم ماوە پێمی ڕەوا ببینە ، ڕۆژ چاو بکاتەوەو بیگەیێنمە مەنزل .

برا باش خۆی کردە کێش و پالتۆکەی لەبەر خۆی داکەندو بە دەم لەرزەوە - بە ئاسپایی و بێ وورتە ، بە جوانی - ژن و منداڵەکەی پێ داپۆشی .گوێی لە ژنەکە بوو ووتی : -

- هێشتا بەزەیی و چاکە ، هەوێنی کردەوەی کەسانێکن .. خوایە .. خوواو..

برا باش پاشەکشەیەکی کرد ، دەنگی هاواری دووعاو زاق و زیقی منداڵان و سینگ کوتانی ژنان و جاردان تێکەڵ بە دەنگەکانی ناوەو بیری برا باش دەبوون ، هەتا دەهات سەرماکە کندەی لە ئەتەمەکانی دەکرد پلەی گەرمایی خوێنەکەی گلۆلەی کەوتبووە لێژی ، دەستەکانی بەرەو ئەوە چوو بوون لە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی سەری دەر بچن .. ( من ئاگر ناکەمەوە، نزیکیشی نابمەوە ، هەزارەهای وەکو من - بە بێ بڕیار - ئەمەیان پێ ئەنجام دراوە، تا ئەمشەو بە قوربانی خۆم دەبووم ، لە ئێستاوە دەبمە قوربانی کارێکی مەردانە ، دەبمە گرو ئاگر بۆ ئەو ژن و منداڵەی کە سێ جار کۆسیان کەوتووە ، منیش دەبمە ( مانولیی ) ئەم مەرزە و ڕێگای ژیان بۆ دوو کەس خۆش دەکەم . )

جاردا نەکە لە چەند قۆلێکەوە بەردەوام بوو .. ( دەڵێن پیاو تا لووت و گونی نەرچین و لە گۆ نەچن ، ئەوا لە دەس و پێ ناکەوێت . ) دەستێکی برو بۆ لووتیو ئەو دەستەکەشی بۆ ئەوێی ، دیار بوو دەستەکانی نەیان توانی هەواڵی ڕاستەقینەی پێ بگەیەنن .. ( چووار شەو و چووار ڕۆژ نەخەوین ، بێ خوراکی ، کارێکی سەیرە ، پاڵەوانی کام شانۆگەری، داستان ، ئەفسانە ئەمەنە نەنوستروە ؟ ! ئەمانەپاڵەوانی ڕاستەقینەن ، کەسیان نەکوشتووە و خۆیان دەکەنە قوربانی ... بەکێ دەڵیی ؟ کێ دەتوانی ئەمانە تۆمار بکات ، گەر نەمردم دەبمە یەکەمین دەرهێنەری ئەم ڕووداوانە ... کورم دەوێ سەر بۆ ئەم دایکە و نموونەی شەکراوی جوانە مەرگی دانە نەوێنی . )

لەگەل بیروکەکانیدا کاروانی دەکرد ، هەتا دەهات بوونی بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە دەوەنێک و ئیتر بەزەوییەوە بنووسێ بگرە خۆی بەو داپۆشێت . ڕەشە بایەکە تویژی لە شەوەکە هەڵدەگرت ، جار دانی ، کورە غیرەتێ ، کوڕینە سیلەی ڕەحم ، دەنا ئیوەش مردوون ... هەر دەنگی دەدایەوە. دەنگی بانگدانی نویژی بەیانی زاق و زووق و شپرزەیی عەشامەتەکەی پتر کرد. هەزاران دەست بەرە و ڕوخساری ئاسمان بوونەوە : داوا کارییەکە شتێک بوو - بەزەیی - بەزەیی دیار بوو ڕەشە باکە نزاکانی بەرەو خوار دەکردەوەو نەیدەهێشت ڕیگای ئاسمانی بێگەرد بگرنە بەر، دەنا ... کەس لە کەس تێ نەدەگەیشت ڕاستر نەدە پەرژانە سەر ئەوەی گوێ ڕایەڵی یەک بن .. ووردە ووردە برا باش دەبووە شێترە بە فرینە ، ناو بەناو چاوەکانی دەتروکاند : - ووتی

١٧ـ ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتیی چاپکردنی کتێبەکە دەکەن پاداشتیـــــان دەدرێتێ و راستەوخۆش بەرپرسیارن لە هەڵـــە بـــژاردن و کەمـــوکوڕییـــە چاپەمەنییەکانـــی کتێبەکە .

سەرنج :

١ـ بۆ دارشتنی ئەم پرۆژەیە سەیری چەند یاساو پێرەوی ناوخۆییک کراوە.

٢ـ مەبەست لە وشەی دەزگا لێرەدا ( دار ) ی عەرەبییە .

٣ـ خۆشحالم بە سەرنج و تێبینی و رەخنەی هەر برادەرێک کـــە دەربـــارەی ئەم پرۆژەیە دەخرێتـــە روو .

هەواڵنامەی کتێب

# چەند هۆنراوەیەك

مارف ئاغایی

## «تەنیایی»

لەو دیوی پەنجەرەکەدا:
چناریکی گەڵا وەریو هەڵدەلەرزیٚو
بایەکیٚ سڕی پاییزی
. لەپێش چاوی .
گەڵاکانی نوقمی گەردە لولیٚ دەکا
لەم دیوەی پەنجەرەکەدا:
کەسیٚ دیارە
دوایین دەستە چیلەی یادی
بەئاگردانی تەنیایی خۆی دەسپیریٚو
وردە... وردە
خامی سپی
بەسەر خۆیدا هەڵدەکێشیٚ

## «مەودا»

بۆ شکۆفەی گەشی بەهارو
باسی خەزان:
لەباوەشی گەرمی ژینا توانەوەیە
بۆ گەڵای زەردی پاییزی
باسی بەهار: ئەفسانەیە
ئای سروشت دەست بەداوێنتم
مەودای وەرزەکانت کورتە!

## «وێنە»

هەور: کامێرا
بروسکە: فلاش
نم نمەی باران:
بۆ شوشتنەوە
دڵی منیش قاب
ئا... ی نیشتمانم
هەتا یەك چرکە
بۆ لێوەکانت
بزە قەرزکە

## «ناهومێدانە»

ئەرێ ئەمن کێم؟
تاچاو بڕ دەکا
حەلقەی پرسیارم
بەقەڤ ڕێدا هەڵپەساردووە
بەڵام حەلقەکان
تەناڤ دارن
تەرمی وڵامم
پێ نیشان دەدەن
تا زیاتر لەخۆم نزیك دەبمەوە
زیاتر لە «بوون»م
دڵسارد... ناهومێد
بڵێی ڕۆژێك بێ
بەم ڕاستیە بگەم
من تراویلکەم.

هەواڵنامەی کتێب

# پڕۆژەیێک بۆ دامەزراندنی دەزگایێکی بڵاوکردنەوەی کوردی لەکوردستاندا

ئامادەکردنی/ حەمە ساڵح فەرهادی

**گومان لەوەدا نیە کەرادەی پێشکەوتنی هەر نەتەوەیێك بەندە بەئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵانی خەڵك و هۆی سەرەکیش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵانی خەڵك کتێب و چاپەمەنییە هەمە جۆرەکانە لەگشت بوارێکی ژیاندا.**

زۆربەی ئەو کەسانەی کە قەڵەم بە دەستن و دەتوانن لە ڕێگای هەست و هۆش و بیرکردنەوەیانەوە خزمەتێک پێشکەش بە نەتەوەکەیان بکەن ، ئەو کەسانە گوزەرانیان ئەوەندە لەبار نیە تاکو بتوانن بە تەواوی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆیان و ماڵ و منداڵیان وەکو پێویستە جێ بە جێ بکەن چ جای هەوڵدان بۆ کتێب چاپ کردن بە ئەرکی زۆرو بێ بازاری کتێبی کوردی و کەم درامەتی خوێنەری کورد، بۆیە کتیب بە چاپ گەیاندن لە ڕۆژگاری ئێستاماندا کارێکی ئەوەندە گرانە کەم نووسەر دەتوانێت خۆی لە قەرەی بدات و ئەگەر ئیروسیایشی کردو پێی لە جەرگی خۆی نا بۆ ئەوەی کتیبێک چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوە ئەوا دەبێ بە قەرز کردن و کەل وپەلی ماڵەوە فرۆشتن و لە

دەمی ماڵ و منداڵ گرتنەوە کتیبەکە چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوەو زۆر جاریش بۆ فرۆشتنەوەی بە ناچاری پەنا دەباتە بەر هەندێک ڕێگای نادروست بۆ ئەوەی باری گرانی سەرشانی کەمێک سووکتر بکاتەوەو پشوویێکی بێتەوەبەر . بۆیە لەو بارودۆخە ناسکەی نووسەراندا دامەزراندنی دەزگایێکی بڵاوکردنەوەی کوردی ـ کە بتوانێت ئەرکی چاپ کردن و سەرپەرشتی و فرۆشتنەوەی کتێبی کوردی لە ئەستۆدا بگرێت و هەموو جۆرە بابەتێکی ڕۆشنبیری کوردی بلاو بکاتەوەو ئەو ئەرکە قورسانەش لە کۆڵ نووسەر بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیەی کە خەریکی چاپ کردن و فرۆشتنەوەی کتێبەکەیە بۆ بەرهەمێکی بە پێزی دیکەی تەرخان بکات ـ کاریکە لە رادە بەدەر پێویستە .

بۆیە من لەلای خۆمەوە لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ئەو پرۆژەیە پێشنیار دەکەم و دەیخەمە بەردەمی لێپرسراوو نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەی پرۆژەییکی تێرو تەسەل لە داهاتوویێکی نزیکدا و دوای گفتوگۆ لەسەر کردن و راگۆڕینەوە خەونی دەیانساڵەی خەمخۆرو ڕۆشنبیرو نووسەرانی کورد لەم بارەیەوە بێتە دی .

**ئەمەش دەقی پرۆژەکەیە:**

**یەکەم** : ناوی پرۆژەکە ( دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردستان ) بێت .

**دووەم** : جۆری دەزگاکە : دەزگایێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ بێت و سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەبێت .

**سێیەم** : شوێنی دەزگاکە : هەولێر یان هەر جێگاییک بەشیاو بزانرێ لە کوردستاندا .

**چوارەم** : ئەرکەکانی دەزگاکە :

١ـ چاپ کردن و پەخش و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لە هەموو بوارێکی ڕۆشنبیریی کوردیدا .

٢ـ زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیکورد .

٣ـ بایەخ دانێکی تایبەتی بە کتێبی وەرگێڕاو لە زمانە بێگانەکانەوە بۆ زمانی کوردی و بە پێچەوانەش .

٤ـ لەبەر ئەوەی دەزگای بڵاوکردنەوە پێویستیەکی لە رادە بەدەری بە چاپخانە هەیەو بێ دابین کردنی چاپخانەییکی تەواوو گونجاو ناتوانێت کارەکانی خۆی وەکو پێویستە بە ئەنجام بگەیێنی دەبێ دەزگاکە بەر لە هەموو شتێک چاپخانە دابین بکات .

٥ ـ دامەزراندنی ئەرشیفێک کە هەموو جۆرە کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارو بەلگەنامەی تێدا بێت بۆ سوودی ڕۆشنبیرو نووسەرانی کورد .

ذ ـ پێوەندی کردن بە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و دەرەوە .

٧ـ لە چاپ دان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی .

ظ ـ پیتاک و یارمەتی کۆکردنەوە بۆ دەزگاکە لە کاتی پێویستیدا .

٩ـ سازکردنی کۆڕو فیستیڤال و کۆنگرەی زانستی و ئەدەبی .
١٠ـ دامەزراندنی چەند فەرمانبەرێک بۆ دەزگاکە بە پێی پێویست و بە شێوەی کاتی یان ساڵانە یان هەمیشەیی لەگەڵ دیارکردنی کاروبارو مووچەیان .
١١ـ هەر بریارێک جگە لەوانەی پێشەوە کە ئەنجوومەنی دەزگاکە بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی بریاری لەسەر بدەن و سوودی رۆشنبیریی کوردی ونووسەرانی تێدا بێت .

**پێنجەم** : ئەنجوومەنی دەزگاکە : دەزگاکە لەلایەن ئەنجوومەنێکەوە بەرێوە ببرێت کەلە ( ٧ ) حەوت کەس پێکهاتبی و بەم شێوەیەی خوارەوە :
١ـ سەرۆکی ئەنجوومەنی دەزگاکە .
٢ـ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن .
٣ـ رازگری ئەنجوومەن .
٤ـ لێپرسراوی کاروباری کارگێری و دارایی .
٥ ـ سێ ئەندامی دیکەی ئەنجوومەن .

**شەشەم** : ئەنجوومەنەکە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی یان لە لایەن هەر لایەنێکی یاسادانانی بەرپرسیار دادەمەزرێندریت لە گەڵ رەچاوکردنی خاڵی حەوتەم .

**حەوتەم** : مەرجەکانی ئەندامی ئەنجوومەن :
دەبێ ئەندامی ئەنجوومەن بەلای کەمی ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی .
١ـ کورد بێت و کوردییەکی رەوان بە قسەکردن ونووسین بزانێت و شارەزاییەکی باشیشی لە رۆشنبیریی کوردیدا هەبێ .
٢ـ مرۆڤێکی پاکو رەوشت بەرز بێ .
٣ـ تەمەنی لە ( ٣٠ ) ساڵ کەمتر نەبێ .
٤ـ ئامادەیی تەواوی هەبێ بۆ خزمەت کردنی رۆشنبیریی کوردی .

**هەشتەم** : ئەرکەکانی ئەنجوومەنی دەزگاکە :
ئەندامانی ئەنجوومەن هەریەکەیان ئەم ئەرکانەیان پێ دەسپێردرێت :

**ئەرکەکانی سەروکی ئەنجوومەن :**
١ـ لێپرسراوی یەکەمی دەزگاکەیە لە هەموو روویەکەوە .
٢ـ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان دەکات و بریارەکانی جێ بە جێ دەکات .
٣ـ هەموو کاروبارەکانی ئەنجوومەن رێک دەخات .
٤ـ فەرمانی کەل و پەل کرین و پارە سەرف کردن دەدا بە گوێرەی یاساو پێرەو.
٥ ـ دەتوانێت هەندێک لە ئەرکەکانی بخاتە ئەستۆی جێگری سەرۆک .

**ئەرکەکانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن :**
١ـ یارمەتی سەروک دەدات لە راپەراندنی کاروبارەکانیدا .
٢ـ جێگای سەرۆکی ئەنجوومەن دەگرێتەوە لە کاتی ئامادە نەبوونیدا لەبەر هەر هۆیێک بێت .

**ئەرکەکانی رازگری ئەنجوومەن :**

١ـ بریاردەرە بە ناوی ئەنجوومەنەوە .

٢ـ کۆبوونەوەکان رێک دەخات و تۆمارەکانی ئامادە دەکات .

٣ـ بەرپرسە لەوەرگرتنی پاکنووسەکانی بۆ دەزگاکە دین بو چاپ کردن .

**ئەرکەکانی لێپرسراوی کارگێری و دارایی :**

١ـ بەرپرسە لە کاروباری کارگێری و دارایی بەرانبەر بە ئەنجوومەنیدەزگاکەو لایەنە چاودێرییەکان .

٢ـ بۆدجەی دەزگاکە ئامادە دەکات و پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکات بۆ رەزامەندی بوون لەسەری .

**سێ ئەندامەکەی دیی ئەنجوومەن :** ئەرکەکانیان لە لایەن ئەنجوومەنەوە بۆ دیار دەکرێ .

**نۆیەم :** ئەنجوومەنەکە بە لای کەمی مانگی دوو جار کۆ دەبێتەوە بۆ گفتۆگۆ کردن دەربارەی کاری ئەنجام دراوو پلان دانان بۆ کاری ئایندەیان کۆبوونەوەکەش رێبازی ئاسایی خۆی وەردەگرێت ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ئامادە بوون و بە پێچەوانەش ئەگەر لە نیوەی کەمتریان ئامادە بوون ئەوا کۆبوونەوەکە دوا دەخرێتو لە تۆماری تایبەتیی کۆبوونەوەکانیشدا ئەمە دەستنیشان دەکرێ .

**دەیەم :**

١ـ ئەگەر سەروکی ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەییکدا ئامادە نەبوو ـ لە بەر هەر هۆییێک بێت ـ جێگر جێگای دەگریتەوەو لە کاتی ئامادە نەبوونی جێگریش رازگری ئەنجوومەن جێگای دەگرێتەوە .

٢ـ هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن ئەگەر ( ٣ ) سێ کوبوونەوە لە سەر یەک یان ( ٧ ) حەوت کۆبوونەوە لە سالێکدا بەبێ هۆ ئامادە نەبوو لە ئەنجوو مەنەکە دوور دەخرێتەوە .

٣ـ لە کاتی چۆل بوونی شوێنی هەر ئەندامێک ـ لەبەرهەر هۆییێک بێت ئەنجوومەنی دەزگاکە بە نووسراوێک ئەنجوومەنی نیشتمانی یان ئەو لایەنەی کە لێپرسراوییتی ئاگادار دەکاتەوە بۆ شوێن پرکردنەوەی .

**یازدەهەم :** بودجەی دەزگاکە :

بودجەی دەزگاکە لەم داهاتانەی خوارەوە پێک دێت .

١ـ ئەو پارەیەی کە دەولەت یان ئەنجوومەنی نیشتمانی یان هەر لایەنێکی لێپرسراوی ولات سالانە بۆی تەرخان دەکات .

٢ـ ئەو یارمەتی و کۆمەکانەی کە لە لایەن کۆمەلەو لایەن و رێکخراوە کوردستانییەکان و دەزگاکانی جیهان و دۆستانی کورد لە دەرەوەی ولات بۆی دێت .

٣ـ ئەو پارەیەی کە بە پیتاک کۆکردنەوە یان لە لایەن دەولەمەندە نیشتمان پەروەرەکان و هاوولاتیان بە دەزگاکە دەگات .

٤ـ ئەو پارەیەی کە لە ڕێگای فرۆشتنی چاپەمەنییەکان و کەلوپەلە پەککەوتووەکانییەوە بۆی دێت .
٥ ـ هەر پارەو دیارییەک کە بە شێوەییکی ڕاست وشیاو بۆ دەزگاکە بێت و ئەنجوومەنی دەزگاکە بە ٣/٢ ی ئەندامانییەوە پەسندی بکەن .

**دوازدەهەم : چەند خالێکی گشتی :**

١ـ نابێ هیچ پارەیێک بەبێ بەلگەنامەو موستەنەدو ڕەزامەندیی ئاسایی سەرف بکرێ .
٢ـ ئەندامانی ئەنجوومەن و فەرمانبەرانی هەر یەکەیان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە کاتی ون بوون و تێ هەلنەهاتنی هەر پارەو کەلوپەلێک کە لە ژێر سەرپەرشتی و دەستەلاتی ئەوان دایە .

**سێزدەهەم : دەستەلاتەکاتی دەزگاکە:**

١ـ ئەنجوومەنی دەزگاکە دەتوانێت کەلوپەلو کەرستە لە کەلک کەوتووەکان و کتێبە دراوەکان لە تۆمارەکانیدا بسرێتەوە بە مەرجێک نرخی هەر جارێکیان لە ( ٥٠٠ ) پێنج سەد دینار پتر نەبێت و ئەگەر لەو نرخەش زیاتر بوو دەبێ ڕەزامەندیی لایەنی لێپرسراوی بۆ وەربگیرێ .
٢ـ ڕێککەوتن لە گەل خاوەن چاپخانەو کتێبخانەکان بۆ لە چاپ دان و فرۆشتنی کتێبەکان لە ڕێگای کەمترین نرخەوە .
٣ـ دیار کردنی پارەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و بە سەفەر ناردنی ئەندامەکانی بۆ هەر لایێک .
٤ـ دیارکردنی پارەی پاداشتی نووسەرو پسپۆرو سەرپەرشتکاری چاپ لەسەر بنچینەییکی زانستی و شیاو .
٥ ـ دیاری بەخشین بەو کەسانەی کە لەماوەی سالێکدا خزمەتی بێ پایانی دەزگاو ڕۆشنبیریی کوردییان کردووە .
٦ ـ دەزگاکە دەتوانێت ١٥٪ یهەر بەرهەمێکی بە خۆرایی پێشکەش بە دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و لایەنە هەمە جۆرەکانو نووسەران بکات .
٧ـ دەزگاکە دەتوانێت بلاوکراوەییکی سالانە دەربکات کە تایبەت بێ بە چالاکییەکانی خۆی لە ماوەی سالەکەدا .

**چواردەهەم : چۆنیەتی کتێب چاپ کردن لە دەزگاکەدا :**

١ـ دەبێ کتێبەکە کوردی بێت یان دەربارەی لایەنێک لە لایەنەکانەکانی کوردەوارییەوە بێت .
٢ـ نووسەرەکە پاکنووسەکەی لە گەل داوا کارێیک پێشکەش بە دەزگاکەدەکات و ئەو ئەندامەی کە لە وەرگرتنی پاکنووسەکان بەرپرسیارە لای خۆی تۆماری دەکات و ژمارەو بەرواری وەرگرتنەکە بە پسوولەیێکی تایبەتی دەداتە نووسەرەکە .
٣ـ دەزگاکە خۆی کاروباری ئیجازە وەرگرتنی کتێبەکە تەواو دەکات و ئەگەر لە

سانسورەوەش ڕێگای بلاوکردنەوەی پێ نەدرا ، ئەوا دەزگاکە بە نووسراوێکی تایبەتی پاکنووسەکە بۆ نووسەرەکەی دەگەرینێتەوەو هۆی گەرانەوەکەیشی دیار دەکا .

٤- ئەنجوومەنی دەزگاکە بریاری چاپ کردن و چاپ نەکردنی پاکنووسەکە دەدات و دەشتوانێ بۆ ئەم مەبەستە پشت بە پسپورێک ببەستێت .

٥ - ئەگەر بریاری لە چاپ نەدرانی درا دەبێ دەزگاکە پاکنووسەکە بە نووسراوێک بۆ نووسەرەکەی بگەرینێتەوەو هۆی لە چاپ نەدانەکەیشی تێدا دیار بخا.

٦ - پاکنووسەکان پاش ئەوەی کە رەزامەندیی لە چاپ دانیان بۆ دەردەچێ ، دەبێ بە پێی گەیشتنی بۆ دەزگاکە ریزی چاپ کردنی بۆ بگیرێت و نابێ هیچ کتیبێک لەبەر هیچ هۆییک پێش وپاش بخرێت .

٧- بریاردان لەسەر چاپ کردن وچاپ نەکردنی پاکنووسەکە لەسەر بنچینەی ناوەروک و پوختەیی کارەکەو سوودی راستەقینەی کتێبەکە دەبێت نەک لەسەر بنچینەی ناوو ناوبانگ و دەسەلاتی نووسەرەکەی .

٨ - هیچ کەس و لایەنێک بۆی نیە کە بریاری ئەنجوومەن دەربارەی چاپکردن و چاپ نەکردنی کتێبەکە هەلبوەشێتەوە .

٩- دەبێ کتێبە چاپ کراوەکان هەموو بابەتێک بگرێتەوەو هەمەجۆر بێت .

١٠- هەموو بلاوکراوەکانی دەزگاکە بەپێی ئەو رێنووسە دەبێت کە کۆری زانیاری کورد بریاری لەسەر دەدات .

١١- هەموو چاپکراوەکانی دەزگاکە بەیەک قەبارە دەبیت و ئەو قەبارەیەش لە یەکەمین کوبوونەوەی ئەنجوومەنی دەزگاکە بریاری لەسەر دەدرێت .

١٢- لەسەر بەرگی یەکەم و دووەمی کتیبەکە بنووسرێ ( لە بلاوکراوەکانی دەزگای بلاوکردنەوەی کوردستان ) و ژمارەیشی لەسەر دابنرێت .

١٣- دەبێ نرخی کتیبەکە لەسەر بەرگەکەی بنووسرێت و ئەوەش رەچاوبکرێ کە دەزگاکە دەزگایێکی خزمەتگوزاییە نەک بازرگانی .

١٤- بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری نووسەران بتوانن بەرهەمەکانیان لە رێگای دەزگاکەوە بلاو بکەنەوەو دەزگاکە لە لایەن چەند کەسێکی کەمەوە دەستی بە سەردا نەگیرێ ، نابێ هیچ نووسەرێک لە ماوەی ( ٣ ) سێ سال لەیەک بەرهەم زیاتری لە رێگای دەزگاکەوە بۆ بکرێتەوە بۆ بەرهەمی قەبارە گەورەش کە لە چەند بەرگێک پێک دێن ئەوا هەموو بەرگەکان مامەلەی یەک بەرهەمیان لە گەلدا دەکرێ .

١٥- دەبێ نووسەرەکە بەلێن بدات کە تا ماوەی ( ٣ ) سێ سال بەسەرچاپکردنی کتیبەکەدا تێپەر نەبێ دووبارە هەمان کتێب چاپ نەکاتەوە .

١٦- نووسەر لە ٥٪ ی دانەی کتێبەکەی بە خۆرایی دەدرێتەوەو پاداشتێکی شایستەیشی پێشکەش دەکری .

لە سنووری بە شێر بوونەکەی ئەورا نەمابوو، دەستەکانی دەتووت دوو پاڵەوانەی دیوارێکی زگ داوی ئەو گەرمیانەن ، قاچەکانی بە تەرمی راکێشا بوون ، لەلای خۆیەوە ژمارە حەوتێکی گەورەیان دەنواند، زۆر دڵی بەو دیمەنی ژمارەیە خۆش بوو ، دە تووت دروشمی هاتنە دیی ئاواتە لە دەس چووەکانییەتی و لەسەر سنوری جێ نەهێشتن ئەنجامی داوە .. چاوەکانی تەپ و لمیان بوو ، ژنەکە لە بن پاڵتوکەوە هاتە دەرەوە ، مناڵەکە لە بن ژنەکەوە زیت بووە وە هەڵسانە سەرپێ ، ژنەکە پاڵتۆکەی بۆ براباش درێژ کردوو ووتی ماڵت ئاوا ـ براگیان ...

براباش بە هەزار حاڵ بە سەری پاڵتۆکەی رەت کردەوە ، ژنە کە پاڵتۆکەی ئالانە منداڵەکەیەوە و ـ وەکو تێسکەی تفەنگ ـ تێیتەقاند... گۆڕ هەڵکەنەکانی گردەکەی بەرانبەر براباش سەر قاڵی کارەکەیان بوون ، براباش حەزی دەکرد ـ وەکو دوا هیوا ـ دیمەنی ژنەو منداڵەکەی تای شانی ، دوا تابلۆی سەر بیلبیلەی چاو لێکنانی بن .. لە گەڵ ئاوا بوونی ئەواندا ئەمیش دوالێدانی دڵی کردە کە لە ژمارەی رێز لێنان ... مێروولە مرۆف فرکەیان دەهات ، ئاژەڵ ، ڕەوە رەشە ولاخ ، هاکا خۆی دەکردە ناو خەلکەکەدا ، ئەمان ئەمان لە خەلکە کە ببوونە بەلا مەترسیی لا رێکانییان دەخستە دڵی عەشاماتەکەوە ... گۆڕ هەڵکەنەکان دەستە دەستە نوێ دەبوونەوە، وا بڕوا مردووان لە زیندووان زیاتر دەبن ئاسمان شین دەچووەوە ، بەفرەکە ببووە ئاوینەیەکی گەورەی بەر هەتاوی ئەو ناوە ، رەشەبایەکە رووی وەرگێرایەوەو روو بەرووی ئوغرکەران بووە وە ـ وەکو بیەوێ بڵێ بەس ، هەتا ئێرەو تەواو، براباش راست بوو ، گەرچی ماوەیەکە دڵی لە لێدان کەوتووە ....

لە گەرانەوەدا پاشاو دایکی بە هەنگاوی وردیلانە هاتنەوە ئەو شوێنەی پاڵتۆکە لە مردنیانی پاراست ـ ئەو کوێستانە تازە تازە گوڵە سوورەکانی دەشەکانەوە ، دەر و دەشت سەوز دەچووە وە ، براباش بە خۆل داپۆشرابوو، تەنها دەم و چاوی نەبێ باران بە دەری خستبوو ، دەتووت پێدەکەنی دووسی گوڵە سوورەی ژوور سەری بە شنەی شەماڵەکە دەجوولانەوە و دەم و چاوی براباشیان ماچ کرد ، دایکی پاشا داریکی لە پشت سەری چەقاند و لەچکە سەوزەکەی لە ملی خۆی کردەوە بەدارەکەوەی بەست و ، دوو سێ بەردیشی لە سەر یەک کەلەکە کردوو ، دوو دلۆپ فرمێسکی رشت و بەرەو قووڵایی هەواو خاکی نیشتمان هەنگاوی نا ، بە نووک لووتی پاشا یاریی دەکرد و دەیووت :ـ

ـ کە ژنت هێنا و خوا کوڕی داپێت ، دەبێ ناوی بنێی ( برا باش) شەرت بێ هەموو نەوروزێکیش سەر لەم پیاو چاکە بدەین ...

# سێ هۆنراوە



محمد کوردۆ

## «گۆڕ»

دایکێکە جگەر سۆز
کفرە لای ڕۆڵەی خۆی لەبیر کا
ماتڵێکە بێ تاپۆ
چەن خۆشە!!
کەس نی‌یە لێمانی داگیرکا!

★

## «گوڵەندام»

کەرەت بووی
بۆنێکی هێندە خۆش
ئەو ناوەی گرتە کۆش
خەریك بوو
دوات کەوم، بانگت کەم
وام زانی بوویتەتە گوڵ فرۆش!!

★

## «قورعان»

- دوێنێ شەو کە گێتی
لە کۆشی نەرمۆی خەوێکدا
خامۆشی دایپۆشی
کزەبا ئەهات و دەنگێکی ئەهێنا

هەواڵنامەی کتێب

وەك دەنگی بۆڵە بۆل
شەرو شۆڕ وەك هەرا
نەتزانی کەچی بوو
ـ قورعان بوو لەمزگەوت دەرکرا!!

★

# داستانی خولەپیزە

## فایەق نامۆ

**١ـ خەڵکی دێ**
ڕەش سوارێك بەرەو گوند دا دەکێشێ
وادیارە پۆلیسە.. و
بەسوڵتەو فرمان دەستەی «شا»
نێردراوە
سەرانەی لە ماڵ و لەڕان و سەر دەوێ
**٢ـ دۆستینە ئەم گرە**
ئەمێژە دوو کەڵی لەجەستەی کەنەختێ
خەڵکی ناو شارو گوند هەڵدەستێ...
**٣ـ ئاخ وداخ هەزار ئاخ**
بۆ هێزێ بۆ مەردێ بۆ دەستێ
پاوانی تەمەنی ئەم خەڵکە
ئاگر بڕ بکات و
مەچەکی پڕ گریان ببەستێ
**٤ـ خەڵکینە! کوڕینە! بێ دەنگ بن ئەم مارە،**
بەئێوە ناکوژرێ
ئەم قورە هیچ پێیەك
نایشێلێ نای پەستێ
**٥ـ نابرا وامەڵێ هەر قوڕەو**
لەژێر پێ دەنیشێ
هەر پۆڵاو ئاسنە لەکورەی ئاگردا
دەپیشێ...!
**حیکایەت خوان:**
چیا وەکو ئافرەتێکی
جگەر سووتاو
قژی زەردی خەزان بردووی،
خۆی دەرنیو
ڕوو لەدەرگای
شارو گوندی ئەم نیشتمانە دەوەستا
نزای دەکرد...
بەو مەرامەی
ڕۆگار وەچاغی ڕوون بکاو
ڕۆڵەیەکی نەجەرەی لەئامێز بنێ...
تا لەدەستی ستەمکاری ڕزگاری بکات..!!
هێندەی نەبرد
دەستی سەحەم
سکی تۆڵەی پڕ داخ کرد...و
خولە پیزە لەدایك بوو..!!
**خولە پیزە:**
چ ـ ژانێکە
ئەم وولاتەی بێشکە ئاسانیا دەژەنرێت
چ (مجلس) ی شاهانێکە،



هەواڵنامەی کتێب

لەجیاتی باز پەپوی شوومی تیا هەڵدەدرێت..
من دڕ بەتاریکی دەدەم
من کاروانم،
لەڕێگای باریکی دەدەم
من لەشەوێکی نوونەکدا
ئەستێو بەردی
تۆڵە لەرووی یەکتر دەدەم
من لەباوەشی چیادا
تیر لەباڵی
مەلی وەنەوزو ڕەو دەدەم
سەرە ڕێگای نەکێڵدراو دادەچێنم (٢)
پرچی سەوزی گشت ڕووبارێکی شێواو... و
ماسی گیراو دادەهێنم..!

**پیرە:-**

تەماشاکە:
چ - باران و گریۆمیە..!
لورەی ڕەشەبای ناوەختە،
لەم وەرزەدا:
ئاسمان لەشار دڵگیربووە..و
باران لەشاردا نابارێت...،
بەرێی یاساخدا مل دەنێت..!
لەم وەرزەدا:
ڕووبار ناتوانێ کراسی،
سووری زستان
لەبەر خۆی دابماڵێت..و
وێنەی مانگی هەڵبزوکاو
بەسینگی خۆیدا هەڵواسێ..!
لەم وەرزەدا -
مانگیش سەیری ڕووبار ناکا... و
بەکۆڵانی شاری شەرما
خۆی لەبن پەردەی ڕەشپۆشی
هەوری گازندە وەردەنێ..
دەشالاو بە
تۆر لەسکی ڕووبار دەژنێ
ڕەزی کۆڵەس تێر ئاوبکە!

**یەکێ:-**

لەو ساوە
کە «خولە» تفەنگی، لەئامێز، خۆگرتوو
زمانی بەلولەی
تۆزگرتووی، داهێنا
خەنجەری، نەبەردی‌ی، بەسینگی، شەودا کرد،
لەوساوە:
تارمای، تاوان و تەرمی ژان،
وەك لیلێ، پێش کاتی، کازیووە،
وون بوون و، دیار نەمان.
ئەم خاکەش، وەك گوڵە، شەونمی، دەم دەمی، ئێوارە
دەمی وەك، خونچەی خۆی،
بۆ خەندە، دەپشکواند،
گەروی سەر، گۆنای خۆی
بەشنەی، شەماڵی، سەربەستی، دەتەکاند.

**تالە:**

منیش لەهاوشانی «تۆ»دا
لەناو کۆشکی مەتەرێزدا
کاروانی شەو دەگەیەنم بەکازیوە
تۆر لەقەوزەی ڕووبار دەدەم
جێگای مەلی سەرما بردووی
بێ هێلانەو
ناوسك خاڵی
لەنەرمایی پێلوەکانمدا سازدەکەم
بۆ مل هەڵکێشانی پەپوی ئەم ئازارە
بەسەر پردی
شەوە زەنگ و
مەرگی نەبینراوی خۆمی
لانەوازەدا باز دەدەم
ئەوەی نەشیاوە دەی شێنم

ئەوەی نەرواوە دەی چنێنم
خولە پیرە:
کەواتە تۆ
پشتت بدە بەپشتەوە...
لێ بگەڕێ
خوێنی بازووت
بەبازوومدا گوزەر بکات
ئەوسا بنوارە چەخماخەی،
هەوری تۆڵەم
لەناو شەوی ئەم زستانە پڕ لەئازارو
ژانەدا
چۆن پایتەختی
«پاشا» دەهێنمە لەرزە..!
حیکایەت خوان:
لەو ڕۆژەوە
کە «تاڵە» بازووی وەك پۆڵای
لەناو بازووی «خولە» ئاڵاند
هەوری چڵکن
پشتی ڕەقی بۆ کەنیشکە قژ زەردەکەی
بەند بووی ئاسۆ
نەرم... نەرم دادەنەواند
هەیدا ...هەیدا
خۆری قژ زەرد
چاوی بەسەر لوتکەی شاخ و
جێی نسرم و
بەستەڵەکی ئەم نیشتمانەدا دەخشاند
پیرە:
ئێستا ئێوە
دوو هەڵۆن و
بەسەر ڕەوەزی شاخەوە
ڕوو لەئاسۆی بێشکەی خۆری
ئەم نیشتمانە تەزیووە
بۆ بەرز فڕین
جووتە سووپای

شاباڵەکانتان لێك دەدەن
تەنیا ئێوەو ڕەوە هەڵۆی
پاشە فرتان
لەزمانی من تێ دەگەن
وەبەرز بفڕن،
بەرز بفڕن
لەشەقەی باڵی بەرزە فڕی
بێ دەنگ مەبن...
یەکێ:
لەو ڕۆژەوە
پیرۆز گۆرانی سەربەستی
بۆ «خولە» و «تاڵە» دەچڕی
پۆلە هەڵۆی
دەم زەلکاوی سەرپۆشی تەم
بەسەر کێشراو
بۆ سڕ دەرکردنی باڵیان
بێ دوو دڵی
لەشەقەی باڵی پڕ زەنگی خۆیان دەداو
لەشەقەی باڵی پڕ زەنگی...
یەکێ:
«خولە سەلکەش»
بۆ «با» دەرکردنی باڵی
نێو قەفەسی
ئەو ڕۆژگارە گردراوە
ڕوو لەجێراوگەی سەربەستی
تاڵەو خولە پیرەی بەبەرد
سنووری دیلێتی دەبڕی
خولە پیرە:
کەواتە ئێستا هەر سێکمان
بۆ ئاگری پێش کاروانی
ڕوو لەسەهۆڵ بەندانی ئەم ـ
شەوە ڕەش و بێ چرپەیە،
دەبێن بەسیکوچکەو کاسە شیری کاروان

هەوالنامەی کتێب

لەسەر سەرمان
دەکوڵێنین و
هەوێن دەکەین..!
بەو مەرامەی
ووردە... ووردە بێ چۆك دادان
بەشاروچکەی هیوا بگەرێن
**کۆرس:**
ئێمە هەر سێکمان
تۆیش بەرەین بۆ: کاروانی سووری
ئەم ئێوارەیە
گورانی ئێمە کڵپەی ئاگری
ژێر سەهۆڵبەندی ئەو شەوگارەیە
یەك بازو یەك دەست
یەك هیواو رێگا
کاروان رێ دەکەین

نابەبێ وەستان
بەبێ دامرکان
رێی سەهۆڵگرتووی
روو لەشار خۆش کەین..
**حیکایەت خوان:**
لەو شەوە لێڵ وچرەدا
مانگی گوللە...،
شەوە زەنگی بەمانگە شەو ئاشناکرد
قرمەی گوللەی
شێرانی ناو دارستانی
چری شەوگار
داستانێکی
بەسامیان بۆ گێرانەوەی
گوند تۆمار کرد...
دارستانێکیان
بۆسەربەستی مێژووی چیا...،
بۆ شێرانی چاو نەکراوەی
روو لەدارستانی تۆڵەی
مافی خوارویان تۆمارکرد...
**یەکێ:**
رەگی شەو...وستەمکاری
لەناو هیوای
دارودەستەی شەو پەرستا
بەبێ وەستان
خۆی توند دەکرد
گەلە گورگی «شا» ی نەزۆك و
دەم داچەقاو
تینو بەخوێنی شێرانی
وێڵ بووی دووای خۆر وکانی وئاو
لەتوولە رێی...،
دەم رووبار وداوێن کەژدا
بۆ سەیان بۆ شێر دادەنا
«لەسەر جاسوسی تفەنگی
سك بە باروت ئاخنراویان
روشەی مەرگیان
هەڵدەکۆڵی...،
خەون وخەیاڵی بەتاڵی
نیشانەی بەخشی دەست «پاشا»و
ئافەرینی مل شکێنیان...
وەکو «فلیم»
لەبەرچاوی
رەشی خوانە بینی خۆیاندا ساز دەدا..
**یەکێ:**
ئەم جارەش دیوانی
داوچنی «پاشا» دوبارە ...
سەرپۆشی...بێ شەرمی و..نەنگیان
دابەسەر دوو چاوی
پڕ خوێنی خۆیاندا
بەهیوای دانانی داوێکی تازەتر
بەنیازی گرتنی
پڵنگی راهاتوری

جەنگی نێو ـ داو ـ وگڕ

**دیوانی شا:**

**شا:** هەمووتان گوێ ڕاگرن.!،
گوێ قووڵاخ ڕاوەستن.،
بۆ ئەوەی قەڵاچۆی بەرزەفڕ سەربگرێت،
گەرمکەمە:
باڵندە لەئاسماندا ڕاو بکرێت..!
بۆ ئەوەی ـ چیانشین،
ڕەو بکات
هەمووتان ـ ئاگری دۆزەخیان نیشان دەن
لەشەوی نوتەکدا،
ئاگری «توتیلە»ی شاروگوند خامۆش کەن
لەپرسەی مەرگی ئەو: یاخیانە ـ داپێکی،
سەرمەست کەر نۆش بکەن،
ئەو کەسەی کەخوێنی یاخییەك.
لەپەنجەی تیژی خۆی بگرێت بۆم
یەك کەوای ئاوریشمی،
لەلایەن منەوە منی «شا»
بەشاندا دەکرێت...!

**حیکایەت خوان:**

ئەر ئەوکاتە بەفرمان ڕەش «پاشا»
بۆقەڵاچۆی بەرزە فڕی
دەس بەنەخشە کێشان کرا
بەهێرش ئاگری گوللە
کۆشی چیا ئاگر درا
یەك..لەدوای یەك گڕی گوللە
بەرەو پرچی چیا دەکشا
لەوگرەدا بەرزە فڕان،
هەڵۆ ئاسا... بەبێ بەروا
چنگیان لەناو:
جەرگی داڵە پۆلیسەکانی «شا» دەدا
لەگەڵ جنگ وزریکەی تۆڵەی هەڵۆدا
کوڵانەی بۆگەنی «پاشا»
وەك گردێکی ژێر کەن کراو
لەگەڵ بوومە لەرزەی قینی
هەڵۆی کەژدا ڕادە تەکا

**یەکێ:**

لەو جەنگە خوێن مژە شومەدا
بەسینگی ئەو کەژە سووتاو ـ و
شێواوە بێ وەیل وزەیرەوە
دو هەڵۆی چاو خەوتووی
خەیاڵی پڕ هیوای سەربەستی
کەوتبوون
ئەو جووتە هەڵۆیە،
بەتیری کوێرانەی
دەستە «شا»ی خۆپەرست
پێکرابوون،
بەتیری خوێن مژی وماف خۆری،
لێدرا بوون...

لەخوار ئەو: دوو مەلە،
بێ گیان وسنگ سووربووی خوێنەوە...،
بەدەمیان پۆلیسی
«داڵ» ئاساو «شا» «پاسکەر»،
سەرسنگ وتەویڵیان،
بەخوێنی ناپاك وبۆگەنیان
سوور بوو ـ بوو ـ

**یەکێ:**

بەس خولەی
سەرکێش وچاو نەترس،
بەچەشنی،
داربەڕووی ڕەگ گیربوو،
لەناخی کەژی فێر:
بەبۆڵەو هێرشی ڕەشەبا،
بەدووندی ئەو شاخە بەرزەوە،

بێ پەروا
هەر بەرووی رژێمی نەیاردا
دەچێتو
باڵە گوللەی رژێمی
نەیار ـ نا ـ خواتەوە
یەك لەدوای یەك گوللەی گڕ گرتووی
تۆڵەو قین
بەخوێنی تەوێلیان ئاودەدا
گڕی مەرگ لەگیانیان بەردەدا
**خولە پیزە:**
سوێند بەبەرووی
لەناو کواونوێ
پڕ لەپۆڵو هەڵقرچێنراو
سوێند بەشیری
مەمکی «پیزەی»
قژ بەژانی مەرگی «تاڵە» دەسکە نەکراو
نابێ خوێنی «خولە»و «تاڵە»
ووشکە دەبێ
دەبێ ژانی تۆڵە لەناو
سینگی دەیان
سەر لەکڕنۆشی «شا»ی شوومدا
بچەسپێنم
دەبێ رەوە داڵی خەمی ئەم برینە پڕ لەئێشە
بەگوللەی چاو سووری چەشبووی
تەوێڵ ژەند رمەکانی
«شای» تینوو بەخوێن
برژێنم..!!
**دارو دەستە:**
لەچاوی ئەو کەسەی،
نیشانی تێك شکاند،
لەخۆشی ئاهەنگی بەرگی ئەو ناکەسەی
کەهێڵی سنووری
پاسایی «شا»ی تێك شکاند
نۆش بکەن پێك لێك دەن
ئاهەنگی سەربەرزی «پاشا»یان
نیشان دەن
زەماوەند بەخوێنیان ساز بدەن
ئاگری سەر زەنشت
لەچاوی ئەوەی چاو لەشاخیان رۆبکەن
ـ بۆ ئەوەی بزانن کەئەوە، ئامانجی ئەوەیە
کەبەرز دەفرێت
یان ئەوەی
بەکوێری هێڵی سەر سنووری پاسایی «شا»
دەبڕێت..
**پیزە :**
هەتا گڕی گوللەی «خولە»
سیحری تاریکی شەوگاری
بۆسەی مەبەستیان بەتاڵ کات
بەهیچ جۆرێك...،
شەم شەمە کوێرەکانی «شا»
چاوی پڕ شەرم و پڕ ترسیان بۆ هەڵنایەت،
ترس رێگایان بەر نادات
تا بەهەوای باڵی خۆیان...،
نێو ئەشکەوت و دەشت و گوندی
ئەم نیشتمانە بگەڕێن
**حیکایەت خوان:**
لەوشەوە زەنگە ژانەدا
لەژێر باڵی ئەو خەمە هاورێی شانەدا
«خولە پیزە»
لەگەڵ لێدانی چەخماخەی،
هەوری تۆڵەی
لەدژی «شا»
رێگای نیشان
بەهەزارەها رێبواری
رێگا وون بووی رێی شاخ دەدا
ئاگری شەوارە کردنی

نیشان بەچاوی پڕ شەرمی
شەم شەمە کوێرەکانی «شا»ی
لەئەشکەوتی خوێن خزیووی
چاو سوور دەدا
**یەکێ:**
وا ئەم جارەش
وەکو جارانی ڕابردوو
دارو دەستەی
«شا»ی لەزینی «دین» دابەزیو
شای لەقووراوی قین چەقیو
بۆ پیلانی گرتێ بەردانەوەی چیا
بوونەوە بە ئاگرە کپەی
ژێر «کا» کۆنەی سەرجێ خەرمان
«تۆزو گەردی ئاسایشیان
«لەچاکەت و کەواکانی شانیان تەکان»
**یەکێ:**
ئەم جارەیان ئاگرێکی
دوکەڵ زەردی بێ شەرمیان
بۆ «خولە پیزەی» شاسوارو
تاکە سوارەڵ داگیرسان

**حیکایەت خوان:**
گوللە وەکو:
ڕێژنە بارانی بەهاریی
سەر بەکڵاوە
لەئەرزەوە...!!
ڕوو لە«خولە پیزە»ی شەیدا.. و
تینوو بەچۆڕاوگەی مەرگی
دارو دەستەی «پاشا» دەڕوات..!
«خولە پیزە»...
لەئەندێشەی تۆڵەی «تالە» و «خولە سەلکە»ی
کەڵەمێرد ـ دا
با لەگوللەی هێزی نەیار ناخواتەوە

وەك و پڵنگ
هەڵەت بۆسەر مەتەرێزی
پڕ لە دەڵە گورگی دەستەی «پاشا» دەبات
لەگەڵ هەڵدانی هەنگاو.. وگوللەی سووردا
هاوار دەکات:
**خولە پیزە:**
سزاو تۆڵە ـ سزاو تۆڵە
ژانی گوللە بەهەتوانی تۆڵە دەڕوات
تەمی تاوان
نەخشەی خوداو ئاینی پێغەمبەرەکانی وون دەکـ
لەئەشکەوتی شەوە زەنگدا
شەوقی چرا گەر کزیش بێت
هەر سەبووری بەچاو دەداو
لەبەستەڵەکی زستانا،
گڕی دەنکە شقارتەیەك
سوپای سەرما دەڕەوێنێو
گیانێکی سڕ دێنێتە گۆ
**لەك جەنگەدا:**
یان کڵاوی قیتی مەردێتیو سەربەستی
لەسەر دەکەم
یان خەنەی خوێنی سەرسنگم
وەك و «تالە» و «خولە سەلکە»...،
بەدیاری بۆ :
پیزەی دایکم دەنێرمەوە
**یەکێ:**
ئەم جارەشیان
«خولە پیزە» قیت و سەربەرز
لوللەی تفەنگی سەرشانی
بەسەرکەوتن ئاشناکرد
لاشەی سەدان جاش پۆلیس لغاو لەدەم
بۆ بن پازنەی پۆلا ئاسای خۆی کرد بەپرد
بڕینی ناو جەرگی پیزەی،
**بەهەواڵی،،**

مەرگ و شکانی دەستەی «شا»
شای بەبەزین نێر... تیمار کرد
**پیرە:**
ڕەبی ڕۆڵە هەموو کاتێ
زاری ووشکی کاتی جەنگت
بەبارێزەی سەرکەوتنت
تێر ئاو ببێ
**ڕەبی ڕۆڵە:**
پاشای تینووی خوێن و مەرگت
هەموو ساتێ... بەهەواڵی
سەرکەوتنت دەم «لغاو» بێ
**شا:**
خەریکە ئاگری ئازاری بێ شەرمی
ئێوەی پووچ قوتم دا
خەریکە ئارەقەی تەریقیی سەر ڕووتان
وەك گێژی دەریایەك لولم دا
چی دی من نامەوێ !
کەسانی بێ شەرم و بێ ئابرو ببینم
کەسانێ لەدەوری خۆ دەگرم
فو بکەن بەقورگی پڵنگدا
کەسانێ نان دەدەم
فو بکەن بەچاوی، ڕەشەباو مردندا
زوو بڕۆن
بەئاگر بەگوللە ئەو گورگە
لەو شاخە دەربێنن
سەرکوێرو کپی کەن
نامەوێ چیدی سەر شۆڕ بکەن
**حیکایەت خوان:**
وا ئەمجارەش بەبێ ئەوەی
کەپشتوێنی (غەزەب) گرتوی پشتیان
کەمێك شل بکەنەوە، پشویەك دەن
گەڕانەوە بۆ گەمارۆدانی خولەی
جەستە کەنەفتو بێ پشو
لەپاشادە خەڵات کرا
لەئارەقەی تەریقیدا هەمووگیانیان
سەراو بوو ..بوو
**کۆرس:**
خولە پیرەی لەشەو یاخی...!
تۆ کاروانت
لەبەیاندا ڕێگا دەکا
بەئەستێرەی کاروان کوژە تێ نەکەوی
گەردنی بەرزی تفەنگەکەت
پردی سیراتی «گەل» یکە
بۆ داوێن پیسەکانی «شا»
دانەنەوی
جڵەو شل کەبۆ «کەحێلە» کەی «غیرەتت»
«گەل» لەبێشەی
ئەم ژیانە پڕ لەئازارە ڕزگارکە
خۆت لەپشتی ئافەرینی
«گەل»یك سوارکە:
**خولە پیرە:**
تف لەئابڕووی
پاشای سەرشۆڕ..
خۆ ئارەقی نێو چەوانی
تێك شکانی ئەم جارەیان

هێشتا ووشك نەبۆتەوە
کوێرا بێ شەرمی ڕێی پێدان
بەرەو جەنگ بگەڕێنەوە؟!!
شەرتە ئەم جارە یان مەرگ
لەئامێزی خۆیم دەگرێ
یان دەبێ دیوانی «پاشا»
ئارەقی شەرم و سەر شۆڕی
هەڵی بگرێ...!!
**یەکێ:**
مەرگ وەك: میوانی
ناوەخت و، بێ ئابڕوو

تێشوله: ناو جەرگی
خانە خوێ....،
دەپچڕێ
مەرگ وەك: قەقنەسی
ناو کورەی گڕی قین
هەمیشە تینوبە چۆراوگە خوێنێکی
ئازادی... خوودایە
**حیکایەت خوان:**
لەو کاتەدا:
لەشاخ و لەدەوەنەکانی کوردستان
چاوەنواری
خواردنەوەی خوێنی «خوله» بوون
لەگیانی «خوله»ی سەرمەستی
هەڵەت بردن
چاوەنواری لەپشتەوە
پێکانی گوللەی تفەنگی
خۆ خۆرێکی
بەلیرە فریو دراو بوو
کەچی لەگەڵ قرمەی گوللەی
چاو زینێکی لەخشتە براوی شوومدا:
چزەی گڕی گولله و باروت
لەپشت سەری
خوله پیزەی روو لەهێزی نەیار هەستا
لەگەڵ پێکانی پشت سەری،
خوله پیزەی جوانە مەرگ دا
رەوە قەله باچکەکانی
شای چاوموّنی
پێش هەڵەتی خوله پیزە
لەرەوکەوتن
بەسەر زەوی و کێڵگەکانی،
کوردستانی
بەمەرگی خوله کۆس کەوتوو
هێوربوونەوەو نیشتنەوە..

**یەکێ:**
لەناو دووکەڵ و
تەمی ئەو مەرگەساتە شوومەدا
بەردی بەر گولله کەوتووی کاتی جەنگ
بۆن خوێنی خوله پیزەی نەبەردوو
بەخۆ... خۆر بەکوشت چووی لێ دەهات
لەگەڵ بۆنی ئەو باروت و خوێنە
پڕ لەسامەدا
وەك تەرزە مەرگی شەرم وز سەرشۆرێ
بۆ نێو چاوانی
دەست و پێوەندی
شای خوێن مژدە چوو...
**یەکێ:**
لەم شەوەدا: پیزەی دایك
پیزەی بەمەرگی دوو رۆڵە
جەرگ سووتاو
هەیدا... هەیدا
بەردوو ئەسێێ
بۆ دۆزینەوەی تولە رێی
روو لەمەنزلگای ئازادی... و
پڕ لەسەربەستی لێ دەدا..
لەوشەوە ساردوو نووتەکە بێ دەنگدا
مۆمی دوا رۆژی ئاهەنگی
پڕ ئازادی
لەبەر چاوی دایە پیزە بەئاستەمێ
تروسکەی دەهات و ئەویش:
بەدوای تروسکەو رووناکی ئەو مۆمەدا
بەبێ وەستان دەڕۆیشت و
هەنگاوی پڕ هیوای دەنا
**پیزە:**
ئەو کەسەی
بیەوێ

ژیانی لەدیلی و ژێر دەستی
ڕزگار کات
هیچ کاتێك
لەمەرگ و
سزادان ناترسێ
کەلەبچەی پێوەند ـ با ـ
زنجیر بێت
کاتێك دێت لەگۆشت و لەخوێنا
بخوسێ و بپسێ...!!!

کۆنای
٣١/١٠/ـ٢١/١١/١٩٨٨

---

★ ناله / برای خوله پیژمیه

# کلۆد سیمۆن و رۆمانی نوێ

نووسینی: زێنەب عبدالعزیز

وەرگێڕانی: قوبادی جەلی زادە

**لەیازدەی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی «١٩٨٥» ی عیسایی، ئەکادیمەیی ستۆکهۆڵم پاداشتی نۆبلی ئەدەبی بە رۆمان نووسی فەرەنسی کلۆد سیمون بەخشی کە یەکێکە لەبناخە لێ دەرانی رۆمانی نوێ. شۆڕ کردەوە دوای بیست وپێنج ساڵ ماڵئاوایی.. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٠ شاعیری نوێ کاری فەرەنسی سان جۆن پێرس وەدەستی هێنا بوو.**

---

ئۆجین هزی، ناسراو بە کلۆد سیمون لە دەی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی (١٩١٣)ی عیسایی لە شاری «تناناریف» لە هەرێمی کتالۆنی ئیسپانی و لەدوورگەی مەدە غەشقەر لەدایک بووە. لەوێوە دەچێتە پاریسو ئەدەب دەخوێنێ، ئەو تەلەسمەی هەموو ژیانی بۆ تەرخان کرد . هەتا ئێستا کلۆد سیمۆن نزیکەی بیست رۆمانی بڵاو کردۆتەوە کە هەر هەموویان سەر بە قوتابخانەی رۆمانی نوێن . سەرەتا کلۆد سیمۆن بە خوێندنی هونەری وێنە گرتنەوە خەریك بوو. ماوەیەکی زۆریش لەم بوارەدا کاری کردوو رەنجی دا، پاشان پشتی تێ کردوو بەتەواوەتی خووی دایە نووسین. ئەم ئەزموونە شێوەکارییەی سیمۆن بووە هۆی ئەوەی کە مۆرکێکی هونەری لە دیدو شێوازی ئەدەبی ئەودا رەنگ بداتەوە.

## رۆمانی نوێ

بنج وبناوانی شەپوڵی رۆمانی نوێ دەچێتەوە قەیرانی رۆمانی تەقلیدی کەلە ئاخرو ئۆخری چاخی رابردوو سەری هەڵدا قەیرانەکەش لەبنەڕەتدا سەبارەت بە چەمکی واقعیەت و مەیلی

ژمـارەیـەکی زۆر لە ئەدیبـان بەلای لاساکردنەوەی نووسەرە گەورەکانی بەر لەخۆیان. نەوەم مێرسیل برۆست هێرشێکی توندو تیژی بردە سەر ئەو تەوژمە خنکاوە لەتۆفانی لاساکردنەوەو گوتی: ژیانی راستەقینە لەنێو ئەو سەرنجۆکە مەلاس دراوانەیە لەقولایی زاکیرە دان کەدەبێ رۆماننووس بیانخاتە سەر پێ بەپەنا بردنە بەر هەموو جۆرە وێنەو کینایەتێك. ئەمەش هەر هەمان مەسەلەیە کە «ئەندرێە جید» بەشۆیەیەکی تر لەرۆمانی «ساختە چی‌یەکان» دا خستی‌یە گۆڕێ، کەهانای بردە بەر لەت لەت کردنی زەمـان و بەکارهێنانی بەڵگەنامەی خەیاڵی بۆ گوزارشت کردن لەواقیع، ئەو واقیعەی دەرحاڵ لەگەڵیدا دەژی.

شەپۆلێکی نوێی رۆمان نووسین ملی نایە مامەڵە کردنێکی تازە دەرحەق بەوەسفی ئەدەبیو.. گێڕانەوەو، کاراکتەرو شێوازو... بەنیازی گوزارش کردن لەکۆمەڵ و جیهان و خود بەهێزێکی نوێ. ئەم تەرزە رۆمانەش ناوی رۆمانی وجودی لێ نرا. رۆمانی «هێڵنج»ی جان پۆل سارتەرو (١٩٣٨)، رۆمانی «نامۆ - ١٩٤٢»ی کامۆ، باشترین نموونەت کەتیایاندا باس لەسەربەستی مرۆڤ دەکەن لەروانگەی ئەو زۆرانبازی‌یەی کەلەگەڵ مێژوودا دووچاری بووە.

لەپەنجاکاندا ژمارەیەکی کەمی نووسەران دووره پەرێز ئیشیان دەکرد، دوور لەهەراو هۆریای راگەیاندن کەدەتوانین بەسەر دوو کۆمەڵ دابەشیان بکەین:

کۆمـەڵێکیـان دەیـان ویست گوزارشت لەجیهـانێکی جودا بکەن کەخوێنەر بەدوای خۆیدا رادەکێشێ، هەر چەندە لێواو لێو بوو لەخەم و کۆڤان و ترس و لەرزو بێ هومێدی کەپەردەی لەرووی لایەنی رەوشتی دنیا هەڵدە ماڵی ئەو لایەنەی تێیدا دەژین، ژیانی تەقلیدی رۆژانەمان.

کۆمـەڵەی دووەمیش دیسان لایەنە ئاسایی‌یەکانی سایکۆلۆجی‌یان رەت دەکردەوەو هەوڵیان دەدا گوزارشت لەهەست و سۆز بکەن بەلام بەوروژاندنی نەك بەشیتەڵ کردنی. وە لەبەر ئەوەش کەتوخمی «زاکیرە» و توخمی زەمان لەلایەن ئەم کۆمەڵەی دووەمەوە گەلێ گرنگی پێ دەدرا، بۆیە ئێمە ناتوانین رەگ و ریشەیان بەهیچ شتێك ببەستینەوە جگە لەچەمکی رۆمانی «مارسیل برۆست».

## رۆمانی نوێ... قوتابخانە نی‌یە

پەیـدا بوونی رۆمـانی نوێ دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ - ١٩٦٨، واتە نێوان دوو مێژوو کەلەفەرەنسا دا مانای ئەدەبیو کۆمەلایەتی‌و سیاسی خۆیان هەیە. ئەو دوو مێژووە واتای شەڕی کۆریاو شۆڕشی خوێندکاران دەگەیەنن.. دیسان یانی ئەو گۆڕانکاری‌یانەی بەگشتی بەسەر چەمك دا هاتن. ئەم موغـامـەرە نوێ‌یەش بەئیشەکانی سمۆئێل بیکت دەستی پێ کرد. پاشان کۆمەڵێ نووسەری دیکە کەبریتین لەئالان رۆب گرێیە.. و ناتالی ساروت و میشێل بۆتورو کلۆد سیمۆن. دەزگای بلاوکردنەوەی «مینۆی» مەردانە باوەشی بۆ ئەم نووسەرە نوێ کارانە کردەوە، کەلە وەختی شەڕی جهانگیری دووەمدا بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی نووسەرانی بەرەنگار بوونەوە دامەزرا.

ئەوەی ئەم کۆمەڵە نووسەرەشی لەژێر دەواری ڕۆمانی نوێدا کۆکردەوە نەرێبازو نەقوتابخانە بوو، بەڵکو هەڵوێستی تێکڕایییان بوو بەڕەت کردنەوەی سەرجەم چەمکی (باو) و هەوڵدان وگەڕان بەوشوێن نوێکاری دوور لەجۆری لاساکردنەوەی تانو پۆو، کاراکتەرو گێڕانەوەی واقیع، هەمدیس کۆشان بۆ گەیاندنی ڕۆمان بەجێیەك کەلەوێدا ڕۆمان خاوەنی یاسا خودی‌یەکانی خۆی بێت. واتە ڕۆمان پشت بەهیچ شتێکی دەرەکی نابەستێ بەڵکو ڕۆمان خۆی لەخۆیدا بوونێکی سەربەخۆی هەیە.

جاهــەمـوو ئەو ڕۆمان نووسانە ڕەدووی تەوژمێکی ڕووتکاری کەوتن کەپشت بەخودی ئەدیبەوە دەبــەستێو بایەخ بەوەسف دەدات، لەگەڵ دەست لێدان و چاکردنی هەڵوێستی مرۆڤ، وەکوو بابــەت، لەئیشی ئەدەبی دا. واتــە ڕۆمــانی نوێ لەبنەچەدا لەسەر بناخەی ڕەت کردنەوەگەمزری حەقــایەت دامەزراوە.. دیسان ڕۆمانی نوێ چەمکی پەیوەندی خوێنەرو ڕۆمانی سەرەوبن کرد. جاران خوێنەر لەڕۆمانی ئاسایی‌دا خۆی پاڵەوانی ڕۆماندا گرێ دەدا، بەڵام لەڕۆمانی نوێدا دەبێ خوێنەر خۆی لەنووسەرەکە ببەستێت و شان بەشان و پێ بەپێ لەگەڵی دا هاوڕێ بێت و بزانێ داخوا نووسەر بەدوای چیدا دەگەڕێو دەیەوێ گوزارشت لەچی بداتەوە. کەواتە خوێنەر دەبێ ببێتــە جۆرێـك لەهۆشیاری داهێنەرانە چونکە ئەوەی کەدەخرێتە پێش چاوی ئەو جیهانە حازر بەدەستەو لێك وەشاوەی پێشوو نی‌یە بەڵکو بنکەدیدی پچڕو پچڕو پەرش و بڵاوو لێك دوورن جا چ سەبارەت بەزەمان چ سەبارەت بەشوێن. دەبێ خوێنەر لەدروست بوون و پێك هێنانی بەشداری بکات. هەروەك ڕۆماننوسانی ئەوتەوژمە دەڵێن؛ ئەم بەشداری کردنە یارمەتی خوێنەر دەدات ورای دێنێ لەوەی کەتوخمەکانی ژیان، خۆی لەواقیع دا پێك بێنێ.

کەوابێ ڕۆمانی نوێ لەنەزەر نووسەرانی دا، بەتەنێ تیووری‌یەو بەس بەڵکو بریتی‌یە لەپرۆسەی بەشوێن داگەڕان و خڕکردنەوەو لێك گرێ دانی ئەو شێوازە پچڕ پچڕەی ڕۆمانەکەی لێ دروست بووە.

بۆیە، مۆرکی ڕۆمان بەگۆڕینی خودی ڕۆمان نووسەکە دەگۆڕێ. هەربۆیەشە سەمتی جیاجیاو شێوازی جیاجیا هاتە مەیدانێ. بەڵام ئەم تایبەت مەندی‌یە، تاکرەوی‌یە لەنووسینی ڕۆمانی نوێ دا، ڕێی کارلێ کردن و کارتێ کردنی نەگرت لەنێوان ڕۆماننوسەکانی خۆیاندا، ئەمەش بووە هۆی ئەوە کەجـۆرێـك لە «مۆدە» لەشەستەکاندا بخولقێت، کەئیدی ڕۆمان بریتی نەبوو لەگێڕانەوەی سەربــردەیــەك یان نووسینی موغــامــەرەیەکی دیاری کراو بەشێوە تەقلیدی‌یەکە یان بەچەمکی حەقایەت ئامێز.. بەڵکو ڕۆمان بوو بەتاقە یەك شت ئەویش موغامەرەی نووسینە.. وورد تر بڵێین ڕۆمان تەمسیلی موغامەرەی زمان و موغامەرەکانی بابەتی دەکرد. ئەوەی ئێستا لەم تەوژمی ڕۆمانی نوێیە پاشەکەوت بووە، جورئەتێکی زۆ لەنووسین داو، ئازادی‌یەکی زۆریش لەگوزارشت کردن کەلەئاکام دا بوونە هۆی تێك شکاندنی هەموو فۆرمە ڕۆمانی‌یە کۆنەکان.. کەچی لەهەمان کاتیشدا بووەی هۆی قورس کردنی ئەرکی بەشوێن کەوتن و بەڕێوە چوون لەگەڵ ڕۆماندا لەبەر زۆری پچڕ پچڕیو لێك ترازان و نەبوونی پەیوەندی‌یەکی مەنتیقی ڕوون و ڕەوان بۆ لێك گرێ دانی ڕووداوو ئەو شتانەی کەیەك لەدوای یەك و بەبێ هیچ لەنگەر گرتنێك بەمێشکی ڕۆماننوسەکەدا دێن.

# «کلۆد سیمۆن»

بەر لەهەڵبوونی ئاگری شەڕی جیهانگیری دووەم، کلۆد سیمۆن تاکە ئەدیبی ناسراو بوو لەنێوەندی کۆمەڵەی ڕۆمانووسانی ڕۆمانی نوێ، تا تالی ساروتی لێ دەرچێت. کلۆد سیمۆن لەساڵی ١٩٤٢ یەکەم ڕۆمانی خۆی «فۆڵبر» بڵاوکردەوە لەو دەمارە هەتا هەنووکە هەر خەریکی نووسینە، دوای ئەوەی نووسینەکانی بەئەزموونە شێوەکاریەکەی خۆی تێرو تەسەل ترو دەوڵەمەند تر کرد، هەر بۆیە وێنە گرتن بەووشە لەسیفەتە هەرە دیارەکانی شێوازی ئەم کەڵە نووسەرەن.

کلۆد سیمۆن لەناوچاوانی ڕۆمانی چوارەمی کەنێوی - با - ی لێ نابوو ناوبانگی‌یەکی چاکی دەرکرد. چونکە ئەو ڕۆمانە سەرکەوتنێکی لەحەد بەدەری بۆ مسۆگەر کرد. بۆیەش بوو کلۆد سیمۆن هەڵکشایە ریزی هەرە بڵندی ئەو ڕۆماننووسانەی کەپەیمانیان مۆرکرد، کەئیدی هەموو ئەو داوە دەزوانەی بەرابردوویان دەبەستێتەوە بیپسێنن و قۆناغێکی ئادگار نوێی ئەدەبی رەنگ ڕێژ بکەن. ئەو کۆنگرەیەش کەلەساڵی ١٩٧١ عیسایی دەرحەق بەڕۆمانی نوێ گرێ درا نیشانەی بەلوتکە بوون و.. نوژەنی هێلی نشێو بوونەوەش بوو لەهەمان کاتدا.

دیسان.. کلۆد سیمۆن تاقە نەفەر نەبوو لەنێو هاوڕێکانی‌دا کەبەلای ئەوەوە نەچوو کتێبێك دابنێ‌و تیوورە ئەدەبی‌یەکانی خۆی تێدا خڕ بکاتەوەو قسەیان لەسەر بکات، بەشکو هەر بەوەندە لێ گەرا کەبـەنیمچـە داپۆشینێکەوە لەناو ڕۆمانەکانی‌دا گوزارشتیان لێ بکات. هاوڕێمان کلۆد سیمۆن خودانی تیۆرێکی دیاری کراو نی‌یە بەڵکو مرۆڤێکی (تلقائی) یەودوور لەهەراو هۆریای دنیـای ئەدەب، وەکوو خاوەن پیشەکان، بەبێ دەنگی خەریکی نووسینی ڕۆمانەکانی خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ لەهێندێك وتووێژدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە(دەق) لەوەختی پرۆسەی نووسین دا بەرە.. بەرە پێك دێت. بەناوو دەنگ ترین ڕۆمانەکانی کلۆد سیمۆن ئەمانەن «کندری توندکراو» ـ ١٩٤٧. «پیرۆزی بەهار ـ ١٩٥٤»، «با ـ ١٩٥٧» «گیا ـ ١٩٥٨»، «ڕێگای فلاندەر ـ ١٩٦٠»، ئوتێـلی مەزن ـ ١٩٦٢»، «مێـژوو ـ ١٩٦٧» کەپـاداشتی مەدسیسی پێ وەرگرت ئەم پاداشتەش بەتەنێ بۆ ڕۆمانی ئەزمونگەری تەرخان کراوە.

ئیشەکانی کلۆد سیمۆن سەر بەسێ قۆناغی جیا جیان، ئەگەر چی هەر هەمووشیان ڕووەو یەك تاکـە سەمتن و یەك ڕووکاریان هەیە. یەکەم قۆناغ ئەو سێ ڕۆمانە دەگرێتە خۆی کەبەنۆبەرەی ڕۆمـانـەکـانی ئەو لەقـەڵەم دەدرێن. کەهێنـدێ ئادگاری قۆناغە گشتی‌یە ئەدەبی‌یەکەی پێشوو هەڵدەگرن. پاشان پێنج ڕۆمانی دیکەی بەدوا داهات کەبەڕۆمانی «با» دەستی پێ کردوو بە «ئوتێلی مەزن» کۆتایی هات. ئەم قۆناغی دووەمینەش قۆناغی کامڵبوونی ئەو فۆرمە ئەدەبی‌یە بوو کەهەڵی بژارد. ئەوجـا بەدرێـژایی پێنج ساڵی رەبەق وورتەی لێوە نەهات، بەڵام بەڕۆمانی «مێژوو» هەر هێنـدەت زانی گرمـژنی لەو بێ دەنگی‌یە هەڵستاند، کەلەوێدا بەعالەم ئاشکرا ئادگاری سەمتە ئەدەبی‌یەکەی، وەدەرکەوت.

## «سێ قۆناغ»

قۆناغی یەکەمی ی کەلەپەنجاکان کۆتایی دێت، تا رادەیەك بەندە بەڕۆمانی واقیعی یەوە، کەپاشکۆیەك بەخۆوە دەگرن شت لەگەشتی خودو ژیننامە هەڵدەهێنجێ، کەم کەمەش بۆن و بەرامەی رۆمانی ئەمریکایی لێ دێت. بەڵام دەکرێ قۆناغی دووەمی بەقۆناغی ئەزموونگەری ناو بنێین، کەتیایدا هێندێ ئاسەواری رۆمانی دەمەلاسکەیی دەبریقێتەوە. وەکوو بوونی چەند سەرە داوێکی چیرۆك، چەند کاراکتەرێك، هێندێ شتی بەر دەست کە رێ بۆخوێنەر خۆش دەکەن بگاتە شوێنەکانیان. لێرەدا کلۆد سیمۆن لەگەڵ رۆماننووسانی وەك جیمس جۆیس و فوکنێر بەخزمایەتی دەگەنەوە یەك. لەقۆناغی سێیەمیش دا خەرەندی لەڕۆمانی ئاسایی دابڕان زۆر بەئاشکرایی و زۆر بەقووڵی وەبەر چاوان دەکەوێ.

شەڕ.. یەکێکە لەبابەتە دیارەکانی نێو رۆمانەکانی کلۆد سیمۆن. وەکوو شەڕی ئەسپان کە لەچوار رۆماندا خۆی دەنوێنێ بەتایبەتی لەرۆمانی ئوتێلی مەزندا هەروەها تێك وپێك چوونی قەیرانی ١٩٤٠ عیسایی لەڕۆمانی «رێگای فلاندەر». پاشان فەرەنسا لەدوای شەڕی جیهانگیری دووەم لەرۆمانی «جۆلیفەر» دا. رۆمانی ڤارساڵ و شەڕی گەورەی یەکەم و پێکادانی ڤارسال. دیسان وێنەی داگیرکران و دەست بەسەرداگرتن، بەوێنەی لێکدی جودا پەدرێژایی چەند چاخێك رەنگ دەدەنەوە. ئەو پارچە پارچە بچووکانەی سەردەمێکی مێژووی تێکڕای خەڵکی بەباکراوندی بناخەیی حسێب دەکرێن چونکە کلۆد سیمۆن لەوێراوە جۆگەلەی بۆ ماسی رەنگاو رەنگی رۆمانەکانی هەڵبەست.

سەرنج بدەی دەبینی هەموو دەمێ شوێن لەڕۆمانەکانی دا یەك تاکە شوێنە، خوارووی رۆژئاوای فەرەنگ. یەك تاەخێزان، کاراکتەرێك بەپردی زەیسنی بەپەناو پێچی سنوور نەناسی مرۆڤ و بەسەر تیشکی خەیاڵگەی رۆمان خوانێك دەپەڕێتەوە، ئەو رۆمان خوانەی قەتاو قەت چیرۆکەکەی بن بڕ نابێت، ئەو کاراکتەرە سەرەکی یەی کە کلود سیمۆن دەیخوڵقێنێ لە وەخت و شوێنێکی دیاری کراودا بەری هەڵدەدات بۆ ئەوەی لە خیلالی رابرووەوە لەرێگەی پارچە پارچەکانی تەوا رووەدی خەواتیر، لە حاڵی حازروا بژیت، ئەو پارچە پارچانەی وەکوو ئەو بازنانەی لەسەر رووی ئاودا یەك بەدوای یەك وێنە دەبەستن.

## رەت کردنەوەی بنەما تەقلیدی یەکان

هەموو رۆمانەکانی کلۆد سیمۆن لەسەر رەت کردنەوەی بنەما تەقلیدی یەکانی حەقایەت پەرش و بڵاوانە و ئەو بیرە راگوزاری یانەی کە بەهەمان بەیەکدا چوون لە واقیعی مرۆڤ خۆیدا روودەدەن. خوێنەر دەبێ خەریکی ئەوە بێت پێکیان ببەستێتەوە و هەموو ئەو توخمانەی بڵاوەیان لێ کردووە لێکیان گرێ داتەوە تا لە شێوازو ناوەرۆکی نووسەرەکە بگات. دەق لەو تەرزە رۆمانەدا پڕیەتی لە بۆشایی ولەت کردن و بڕینەوە و چوونە باریەك ئەگەر هاتوو خوێنەر هەوڵ پێکەوە بەستنەوەی

رووداوەکانی دا وەك چیرۆك، بێ گومان ئەوا کیانی خۆتە، وەکوو کارێکی چاك وون دەکات، ئەمەش بە پێچەوانەی رۆمانی ئاسایی یە کە قۆڵی یەکدی هەڵکێشاوە و زنجیرەیەك پێك دەهێنن کە سەرەتاو ناوەندو بنەتای هەیە.. جا لێرەدا کلۆد سیمۆن نە واقیع دەگوێزێتەوە و نە کورتیشی دەکاتەوە بەشکو بە چەند لەقتەیەکی یەکجار ووردو بە وەسفێکی وێنە ئامێزی لە رادەبە دەرو قەشەنگ دەخاتە روو وەسف لە نووسینەکانی ئەودا کارێکی بناخەیی‌یە.. وەسفی کلۆد سیمۆن گەیاندە دونده هەرە هەڵکشاوەکانی گوزارشت کردنی کە هیچ قەڵەمێکی شاخەوان لە چاخەکانی رابردوودا پێ یان پیا نەنابوو. دەتوانین بڵێن لەلای ئەو، لێك گرێ دان و پێك بەستنەوە پێ‌ی لەسەر خودی رووداو دانە ناوە بەڵکو وەسف و چوونە ناویەکی تەواروودی خەواتیر ئەو لێك گرێ دانە دەخولقێنێ. روون ترین بنکەکانی رۆمانی کلۆد سیمۆن لەبیرۆکەیەکی زۆر سادەدا چڕ دەکاتەوەوە دەڵێ: ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێ بیخولقێنێ قەتاو قەت لە دووبارە دروست کردنەوەی دیدی رووداو تێ پەڕ ناکات.

## «شێوازی»

رەخنەگری فەرەنگی کلۆد روا دەرحەق بەشێوازی کلۆد سیمۆن دەڵێ: کلۆد سیمۆن کۆمەڵێك رستەی کەڵەکە بوو، وەك کەڵەکە بوونی شتەکانی ژیان دادەرێژێ. ئەو رستانە کۆتایی بوونیان بۆ نی‌یە.. پێکەوە نووساون و لێك نابنەوە هەر دەڵێ‌ی مێردەزمەی مێژوون.. گیاو گۆڵێکی بێ تخووب لەناو ئەو رستانەدا کەروێشکە دەکەن کەوا لەپیاو دەکەن ناسنامەی خۆی لەفکر چێتەوە.

ئیمیل هنریۆ لەرۆمانی «با» دەدوێ‌و دەڵێ: «ئەو .. (واتە کلۆد سیمۆن) نووسەرێکی بەقووەت و قووڵە، لەرێ‌ی ئەو رستــە دوورو درێژانەوە نەفەس درێژێکە نەبێتەوە. واقیعی‌یەکە شێلگیرو بەتاقەتە، نامۆو هەمەلایی‌یە. سیمۆن هەر هەموو ئەو شتانەیە، بەڵام لەبەر نەشازی ئەو شێوازەی پێ‌ی دەنووسێ، چەندی خۆم هێناو برد بۆم نەکرا هەتا سەر، رۆمانەکە بخوێنمەوە. ئەو رۆمانە لەکن من خەرمەندێکی قووڵە ئەمما قووڵ.

جیمس جۆیس گوتــەنی: سیمــۆن نووســەرەێکی داهێنەرە بەجۆرێك کەتۆ دوای سەد ساڵ بەهرەی منت بۆ دەردەکەوێ‌و دڵنیا دەبی لەوە کەتۆ وەختی خۆی لەخشتە برا بووی!!..

شێــوازی کلۆد سیمــۆن، بێ چەندوو چوون، گران ترین شێوازی ئەدەبی‌یە، نەك لەرووی ناوەرۆك و شۆڕبوونەوە بۆ قولایی دنیایێکی گەڵێ تایبەت مەند، بەڵکو لەرووی تەرکیبی زمانەوە جگە لەبنکەکانی دیکە. رستە لەکن سیمۆن درێژە.. زۆر درێژەو هیچ چوونە ناویەك و ناوانێك لەناو ئەو رستە دوابراوانەدا نابینیت. ووشەی کەڵەکە کراو زۆر عەجایب سەر لەدوو یەکدی دەنێن هێندێ جار ئەو رستە بێ حەشرو نەشرانە لاپەرە لەدوا لاپەرە وەك مێروستان رێچکە دەبەستن. جاروباریش ناوان و رستــەی بەربــەست و رستــەی لەپڕ قیت بووەوە لەناو ئەو رستە بەربەستانەی هەوەڵی، والەخوێنەری فەقیر دەکەن کەوا هەست بکات ئێستا ئا ئێستا دەخنکێ. ئەو رستە لەبن نەهاتووانە جاری وا هەیە رەنگە فەسڵێك بیربتوون داگیر بکەن.

لەوانــەیــە ئەو شێوازە نامۆیە ڕێ بۆ سیمۆن خۆش بکەن کەلەجغزی زەمەنە تەقلیدی یەکە دەرچێت بەهــۆی ئەو سیغە ئان و ساتی یەی کاری ڕانەبردوو، ئەو سیغەیەی لەکردەی زاکیرەوە نزیکە کەلەسەر سەکۆی لێك نزیك کردنەوەی ئەو وردەواڵە پەرش و بڵاوانەی زەمەندا جێ گیرە، بەڵام لەناو زەین و زاکیرەدا بوونی هەیە ئەمەش دووریەکی دیکە دەبەخشێتە ڕۆمانەکە وەك بڵێی هەردەم ڕوو بەرەو ڕابردوو لەجووڵە دایە، یان وەك سیمۆن لەلکەناونیشانی ڕۆمانی (با) دا دەڵێ: وەك بڵێی هەوڵدانی سەر لەنوێی دروست کردنەوەی شتێکی کۆنە.

پێمان دەکرێ بڵێین: ڕۆمانەکانی کلۆ سیمۆن خاڵی بەرەو نەش و نما کردنی هێلی ڕۆمانی نوێیە سەبارەت بەکەم کردنەوەی بەرە بەرەی قەبارەی پاڵەوان و حەقایەتۆکە لەلایێ‌و. گەڕان بەدوای سیغەیێکی نوێی دەربڕین لەلاییێکی دیکەوە. خوێنەر وا تێ‌دەگا کەڕۆمانەکانی سیمۆن بریتین لەپرۆسەی دۆزینەوە ی هەموو لایەنە نەدیوەکانی زمان. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕەقی‌و ئاڵۆزی‌یەی کەبــەدەوری ڕۆمانەکانی سیمۆن دا شوورەیان هەڵێناوە کەچی سەرەنجام (دید) لەناو مێشکی خوێنەردا بەڕوون و ڕەوانی دەردەوشێتەوە.

## «چوار کایەی ڕۆمان»

دەکرێ تووخمە سەرەکی‌و تایبەتەکانی شێوازی کلۆد سیمۆن لەچوار بواردا خر بکەینەوە.

[ وەسف، زەمەن، تەشق وەهەوا، ڕەنگ وەسف، لەڕۆمانەکانی کلۆد سیمۆن دا جێگایەکی دیار داگــیر دەکەن. وەسف لەوێدا وەسفێکیء قورس و ئەستەمە، لەیەك ساتدا فرە بەردەست و فرە دووریشە. ئەوەندە کار لەخوێنەر دەکات کەهێندەی نامێنێت کەئەو کەسە یان ئەو شتە یان ئەو دیمەنە وەسف کراوە زۆر بە ڕوون وعەنتیکەیی بێتە پێش دەمی. دیسان ئەو وەسفە دژوارو وردە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر لەلێك گرێ دانی ئەو هەموو وردەواڵە تێك پەڕی‌وو تێکەڵ و پێکەڵانە لەتان و پۆی ڕۆماندا دەبینێ. زۆرجار وەسف، وەسفێکی ساتە وەختی‌یە کەڕەنگە ووردە ووردە بەرەو حاڵی نەبوون و گوم بوونت ببات. بەڵام ئەو تەمتوومانە زۆر نابات و ڕۆماننووس خۆی، وەرامی هەموو ئەو پرسیــارانــەت دەداتــەوە نەك ڕاستەو خۆ لەوێ، بەڵکو لەو بەش و فەسڵانەی دوایێ دەیان گەیێ‌ی... هەمدیس بۆ ڕەنگ داکوتان و دڵنیابوون لەو جەستەیەی وەسفی دەکات پەنا دەباتە بەر گەلێك زانستی هاوچەرخ. بەڵام ئەو جۆرە نموونانە لەدنیا ڕۆمان دا تازە نین، کەچی ئەو نموونانە دەورێکی کاریگــەر دەبینن لەپیادە کردن و پێ‌گەیشتنی ئەو وەسف کردنە کەوێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی شتەکە خۆی عەکس دەکاتەوە بەر لەعەکس کردنەوەی ماناکەی.

هەروەها توخمی زەمەن، دیسان، لەتوخمە سەرەکی‌یەکانە کەسیمۆن پشتی پێ دەبەستێ‌و لەبنەچەشدا بۆ دنیای ڕۆماننووسی پێشەخۆی مارسیل برۆستی دەباتەوە، کەهەموو بەرهەمەکانی کردە شوون هەڵگــری زەمــەنی لەدەست چوو. زەمــەن لەکن سیمــۆن نەك هەر تەنیــا دینگەی سەرەکی‌یەو ڕووداوەکانی بەدەوردا دەخولێنەوە بەشکو ڕووداوەکان لێکیش گرێ دەدا. واتە زەمەن نەزەمەنێکی ڕووت و نەزەمەنیکی تیئووری‌یە بەڵکو زەمەنیکی بابەتی‌یە.

تەشق و هەواش ڕۆڵێکی سەرەکی دیکە لەناو ڕۆمانی سیمۆن دا دەگێڕێ. تەشق و هەوا لەڕۆمانی ئەوا پاشکۆیەك نی‌یە ڕووداو لەبەر دەمی‌یەوە قوتە قوتێ بکا، یان بووبێتە توخمی تەواوکەری ڕووداوەکان، بەڵکو تەشق و هەوا، خودی تەشق و هەوا، دەوری یەکێك لەپاڵەوانانی ڕۆمانەکە دەبینێ.. هەر وەك لەڕۆمانی ـ با ـ دا دەردەکەوێ. لەوێ، لەڕۆمانی ـ با ـ دا، با هەردەم لەگۆڕێ دایەو بەخوێنەر پشت گوێ ناخرێ. ڕەنگە خوێنەر هێندێ جار لەخۆی بپرسێ ئەو هەموو بایەخ دانە بە (با)و هەڵس و کەوتی باو ڕەنگ دانەوەی با لەنەینۆکی سروشت و کاراکتەرو ڕووداو لەپێناوی چی؟. خوێنەر تا سێ بەشی ڕۆمانەکە نەخوێنێتەوە سەری لەو ماناو بایەخ پێدانە بێ مانایەی (با) دەرناچێ، کەبەدرێژایی ڕۆمانەکەو لەهەموو هەڵوێست و لەحزەیەکدا وژەی دێ!!. با لەو شارەدا جادەو خانووبەرەو خەڵك و مەزراو، لەساڵێکدا بۆ ماوەی دوو سەدو پەنجا ڕۆژ دەداتە بەر.

بەڵام ڕەنگ و گرنگی ڕەنگ لەڕۆمانەکانی کلۆد سیمۆن دا بەندە بەو ئەزموونە شێوەکاری‌یەی کەکاتی خۆی‌و لەسەرەتادا سیمۆن پێوەی خەریك بوو. ئەو وەختانە پێی خۆش بوو ببێتە وێنەکێش. ماوەیەك ملی هونەری وێنەگرتنی گرت و پاشان وێنەگرتن کەوتە نێو دنیای ڕۆمانەکانی. بۆیە وێنە، جا چ لەوەسف دا چ لەتابلۆیەکی ڕاستەقینەدا، لەریزی پێشەوە دێت. کلۆد سیمۆن بەخۆی دەڵێ: «من دەنووسم، هەر وەك چۆن شێوەکارێك خەریکی تابلۆیەکە. هەموو تابلۆیەکیش بەر لەهەموو شتێك بریتی‌یە لەپێك هێنان».

ئەو بنیات نانە ڕەنگی‌و شێوەکاری‌یە لەڕۆمانەکانی کلۆد سیمۆن دا بۆشایی ئەو گێڕانەوە دەمە لاسکەیی‌یە پڕ دەکەنەوە. جگە لەوەی کەمۆرکێکی شێوەکارانەی سەیر بەڕۆمانەکە دەبەخشێ. ڕەنگە زۆلار جار ڕەنگێکی دیاری کراو لەجێ‌یەکی دیاری کراودا تەریب یا تەواو کەری ڕەنگێکی دیکە بێت لەشوێنێکی دیکەدا. بەڵام گرنگ ئەوە سەرەنجام ئەو توخمە جیاجیایانە لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن، تا بنیاتەکە هەر لەیەکەم ڕستەوە بیگرە تا سەرجەمی ڕۆمانەکە، کامڵ دەکات.

تەبایی بوون و پێکەوە ڕەخسانی ئەو هەموو توخمە لێکدی جودایانە مەزیەتێکی دیکەی نوێ دەخەنە سەر شێوازە غەریبەکەی کلۆد سیمۆن، ئەویش شێوازە تەکنیکی‌و هونەری سینەمای‌یە کەجێ پەنجەی بەڕۆمانەکانی‌یەوە دیارە. ڕۆمانەکانی وا دێنە بەرچاوان وەك بڵێی لەچەند پارچەیەك یان لەقتەیەك لە شوێن و کردە پێك هاتووە کەبۆرە خزمایەتی‌یەکیشیان لەبەینێدا نی‌یە بەڵام نووسەر پەیوەندی‌یان بۆ دەخولقێنێ، کەدەچنە دنیای (کۆلاج)ەوە، واتە هونەری شت پێکەوە نووسان. کەم ئەدیب لەدەستی هاتووە بەم وردی‌یەی سیمۆن ئەو هەموو توخمە پەراگەندان خڕ بکاتەوە

## «ڕۆمانی (با)»

ڕۆمانی ـ با ـ لەساڵی ١٩٥٧ بڵاوبووەوە. ڕۆمانەکە باسی گەنجێك دەکا، دوور لەباوك، لەگەڵ دایکی‌دا دەژی. ئەو دەمەی دایکی زگی بەو لاوە پڕ دەبێت، ڕۆژێك بەسەر مێردەکەی دادەچێت

کەدەچێت کەدەستی لەگەڵ کارەکەرەکەیان تێکەڵ کردوو ئیدی لەو ڕۆژەوە لێکدی جودا دەبنەوە. دوای نزیکەی «٣٥» ساڵ دایکە دەمرێو پاشان باوکیش. لەدادگاوە نامەیەکی بۆ دێ کەتیایدا نووسراوە «فەرموو میراتی باوکت وەربگرە». ئەو باوکەی بەدرێژایی ژیانی چاوی پێ نەکەوتبوو.

پاڵەوان لەو ڕۆمانەداو لەسێ تەوەردا تووشی کاردانەوەو بگرەو بەردەی ئەو میراتە دەبێت کەبریتی‌یە لەرەزێکی یەکجار پان و بەرین. سێ تەوەرەکە ئەوانەن: کوڕی مامی باوکی کەبێوە مێردەو دوو کوڕی هەیـە ئەم تەوەرە سەر بەچینی بۆرژواو ئەرستـۆ کراتـین، کەلەئان و ساتی نغرۆ بوون دان... کارەکـەری ئۆتێلەکـەو مێردە بێ ئیش و قەرەجەکەو دوو منداڵەکەیان کەسەر بەچینی کرێکاری چەوساوەی ئەو شارە ڕۆخ ئاوەن کەنزیکەی بەدرێژایی ساڵ ـ با ـ دەیماڵێتەوە. تەوەری سێیەم پیرە تۆمارکەرو پاسەوانی زەویو ژنە ڕەش پۆشەکەیو تاقە کچەکەیانە کەهەمیشە دەم وچاوی لەناو چەوراتی سووراو و سپیاو دا مەلە دەکات. با.. نەک هەر تەنیا ڕووداوەکانی لێك گرێ دەداو بەس، بەڵکـو فەلسـەفەی دانەریش پوختە دەکاتەوە هەر وەك لەبەش کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ.

«بـەهـاربوو.. لەبیرمە با بەردەوام و بێ ڕەحم بۆ ماوەی سێ مانگ دەی لووراند، بەجۆرێ ئەمر جاروبـار بەرێکـەوت بێ دەنـگ بوایـە (چەند ساتێك یا چەند ڕۆژێك ـ کەلەدوو سێ ڕۆژ تێ‌ی نەدەپەڕاند ـ) مرۆواتێ دەگەیی هەر گوێی لەگفەیەتی.. دەناڵێنێو دەکیفێنێ، نەك لەدەرەوە بەڵکو لەناو سەرو مێشك دا، گرمە گرم و هەراو هۆریا، بایەك پڕ لەتۆزو خۆڵ خۆ دەکوتێتە هەموو کون و قوژبنێ، بن پێڵووی هەوکردوو. نێو زار، خواردن تام خۆڵ دەکات. خۆی دەئاخنێتە سەر پێستی نێوان پەنجەکانی و هەموو ئەو شتانەش دەستی بۆ دەبەی؛ ئەو کاغەزانەی دوێنێ لەسەر مێزێ بەجێت هێشتبوون. قاپ وقاچاغ.. مڵاك. چەنگاڵ. چەقوو».

کلۆد سیمۆن ڕۆمانەکە بەم پەرەگرافە ختم دەکات کەتەعبیر لەکارەساتی بێزار بوون لەدووبارەو سەدبارە بوونەوەی ڕۆژانی ژیان، بێ هیچ لادان وگۆران کاری‌یەك. دووبارە بوونەوە وەرس کەر. هەمان کژ. هەمان ساڵ، هەمان ژیان و هەمان خەڵك. کەدەرەنجام سیمۆن پێ‌ی وایە جوانترین نیعمەتی ژیان مردنە!!.

«پاش ماوەیەکی زۆر کورت دیسان ـ با ـ هەڵدەکاتەوەو تا هاوینی داهاتوو دەستمان لەهێقەی بەم زووانـە دیسـان دەلوورێنێ، لەزەوی بەرین و تەخت بەر دەبێت.. تا دوا پەلکی سووری مێوی سوور هەڵدەوەرێنێ. درەختی چەماوە لەژێر زەبری هەڵکردنی سەرکێشانەی دا رووت دەکاتەوە.بەبێ ئامانج وەك بڵێ‌ی لەنێوچاوانی نووسراوە کەتا هەتایە هەر دەبێ خەریکی تێك و پێك دان بێت، بەبێ هیچ هیوایەك لەکۆتایی‌دا. شەوانە دەناڵێنێ.. ناڵینێکی دوورو درێژ دەڵێ‌ی ڕوح دەدات. حەسـوودی بەپیـاوە نووسـتـوەکـان، بوونـەوەرە فانی‌یـەکان هەڵدەبات کەتوانای لەبیرچوونەوەو ئاشتی‌یان هەیە.. توانای لەزەت وەرگرتن لەمەزیەتی مردن»..

# شاڵاوی دڵ
# فەنتازیای هەرزەکارێکی ڕۆژهەڵاتی ...



زاهیر ڕۆژبەیانی

( شاڵاوی دڵ ) بەرهەمی کۆتایی ساڵەکانی پەنجای ( حسین عارف )ە لە زمان و ڕێنووس‌دا نەبێ ، ئیتر بە ئاشکرا شێوازی چیرۆکی ئەو سەردەمە بەروونی بە تەکنیک و بابەتی چیرۆکەکەوە دیارە ،ئەوەی ڕاستی بێ چیرۆکەکە بریتی‌یە لە دوو بەسەرهاتی جیاجیاو لە دوو کاتی جیاوازیش‌دا ڕوویان داوە ، بەڵام یەکێتی‌یەک و لەیەکچوونێکی ئەوتۆیان لە نێوان دایە بتوانین بڵێین کە بە هەردووکیان خزمەتی‌یەک مەبەست دەکەن .

ڕووداوی یەکەم لە ڕابردووی نزیک‌دا ڕووی‌داوە و لە کورتی بڕاوەتەوە چیرۆک‌نووس کردوێتی‌یە دەسکەلا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکی‌یەکە . واتە کراوەتە هۆیەک بۆ ئەوەی ڕێی بەسەرهاتە سەرەکی‌یەکە خۆش بکات .

ڕووداوە سەرەکی‌یەکە خۆی لە ڕابردووی دووردا قەوماوە . لەگەڵ ڕووداوە نوێیەکەدا ئاوێتەیەکی ( موپاسان )ی کراون . ( موپاسان ) ئاوا دوو بەسەرهاتی لێکچووی دوور و نزیک ئاوێتەدەکات چیرۆکی ( کۆتەرە ) بە یەکێک لەو چیرۆکانە دادەنرێت کە موپاسان ئەم شێوازەی تێدا بەکار بردووە .

لە ڕووداوە لاوەکی‌یەکەدا کچێکی تازە هەڵچوو دەدرێ بە پیرەمێردێک . کچە پێی ڕازی نی‌یە و ئەنجام خۆی دەسوتێنێ .

لە ڕووداوە سەرەکی‌یەکەشدا ژنێکی گەنج خیانەت لە پیاوە پیرەکەی مێردی دەکاو خۆی دەبرێ بەسەر کوڕێکی هەرزەکاردا .

ئەو چیرۆک نووسانەی کە بەر لە " حسین عارف " خۆیان داوە لەبابەتی کچ بە زۆر بەشوو دان و لاو بە پیر دان ، زۆرتر هەر یەکێک لەم دوو ئەنجامە خراپەیان بۆ داناوە ، بەڵام ئەم لەڕێی تێکەڵکێش کردنی دوو بەسەرهاتی جیاوازەوە توانیوێتی کارێکی وا بکات کە هەردوو ئەنجامە باوەکە لە یەک چیرۆک‌دا بە دەستەوە بدات .

ئاشکرایە کە هەردوو لایەن ، کچ خواز و ، کچ بەشوودەر،بەرپرسیاری سەرەکی ڕاستەو خۆن لە دروست کردنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتی‌یەدا .

" حسین عارف " لە ڕووداوە لاوەکی‌یەکەدا ، ترس و سامێکی گەورە

دەخاتە بەر کەس وکاری ـ کچ ـ و لەگەڵ مەرگێکی سامناکدا ترسی ئاوروو تکان و مل شور کردن دەنیتە پیش ـ کچ خواز ـ ئەو کچ خوازەی کە نرخیک بو ویست و ئارەزووی کچ دانانیت و بەزور یا بە زەبری پارە و شتی دیکە خوی دەبریت بە سەریا . بەم جورە هەردوو لایەنەکە لەگەڵ ئەنجام و دزیودا روو بە روو دەکاتەوە ، لە هەمان کاتدا رولی کاریگەر و دەسەڵاتی نهینی کومەڵیش لەبیر ناکات و بە تیوە گلاندنی لاوە هەرزەکارە شانزە ساڵانەکەش ـ کە پاڵەوانی ـ سەرەکی چیروکەکە ـ ترسی لەری دەرچوون و ، سەر لی شیوانی هەرزەکارو تیوەگلانی خەڵکی دیکەش دەنیتە بەر ئەو کومەڵەی کە ریی بڵاو کردن و تەشەنەکردنی نەخوشی کومەڵایەتی ئاوا دەدات .

ئەم چر کردنەوە و ، چارەسەرە هەمە لایەنەیە بو ئەو سەردەمەی کە ئەم چیروکی ( شاڵاوی دل )ەی تیدا بەرهەم هینراوە زور بووە و نیشانەیەکیشە بو زیرەکی و وردەکاریی چیروک نووسەکە . ئەگەر وا نەبوایە ، ئەوسا دەبوو سی‌جار لە سی چیروکی جیاجیادا ئەم بابەتە بکوتیتەوە و هەر جارەشی لە لایەکەوە بوی بچیت و گشت جاریکیش بە ئەنجامیکی جیاواز و باریکی جیاوازدا بیشکینیتەوە . ئەمە ئەگەر لە گوشەنیگایەکی تایبەتی کومەڵایەتی‌یەوە بروانینە چیروکەکە ، بەلام ئەگەر لە روانگەیەکی سایکولوجی‌یەوە تی‌ی بروانین ؛ ئەوسا دەتوانین بلیین ( شاڵاوی دل ) فەنتازیایەکی سیکسانەی لاویکی هەرزەکاری کومەڵی کوردەوارییە کە ئەوسا و ئیستاش پەروەردەی کومەڵایەتی و ئایینی حەز و ئارەزووەکانی سەرکوت دەکەنەوە و ناچاری دەکەن بو دامرکاندنەوەی ئارەزووەکان و راست کردنەوەی کەسایەتی خوی و پاراستنی جیی کومەڵایەتی خوی ، پەنا بەریتە بەر خەون و خەیاڵ . لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین بلیین ، چیروکەکە ( پاکانە ) بو کردنی هەندی لادان و دەرچوونیشە لەو رەوشت و نەریتانەشی کە کومەڵ پەسەندیان دەکات یا ئایین دەیان سەپینیت .

(( فانتازی ) ـ ( Fantasy )) بەدی‌هینانی رەمزیی ئەو حەز و ئارەزووانەیە کە بەدی‌هینانی راستەقینەیان بو مروف نایەتە دی ، ئیتر ئەگەر لەبەر ئەوەی بیت کە کومەڵ بە سووکی تییان دەروانیت ریی بەدی‌هینانی نادات ، یا ئەگەر لەبەر ئەوەی بیت کە ئایین و رای گشتی رەتیان دەکەنەوە ، یا لەبەر نەبوونی توانای دارایی و زانستی و هونەریی بیت ، ئەوهیان گرنگ ئەوەیە کە مروف هەر کاتیک لە واقیعەکە بی‌ئومید بوو پەنا دەباتە بەر زەمینی خوی و خەون و زیندەخەون ئەو ئارەزووانە بەدی دەهینیت و خوی دادەمرکینیتەوە . بەتایبەتی لەو کاتانەشدا کە ئیتر ـ سەرکوت ـ کردن لە هەق نایەت بە تەنها حەزە ناپەسەندەکان بشاریتەوە .

پالەوانی سەرەکی ( شالاوی دل ) لە جوشی لاوی‌دایە . تەمەنـــی شانزە سالە . توانای سیکسی پی‌گەیشتووە . حەز و ئارەزوو تـــاوی لی‌سەندووە . بواری دامرکاندنەوەی نی‌یە بە کردەوە . لە هەل و مەرجی وادا زور سروشتی‌یە پەنا بەریتە بەر فەنتازیا .
ئەوەتا لە مالی خوی‌دا دانیشتووە و کچ و ژن بەپیی خویان دینە خاک و پای و کز و کلولانە خویان دەدەن بەسەر دەست و پـــی‌دا و دەگرین و دەکروزینەوە و دەپارینەوە . داوای خوشەویستی لی دەکـەن ، ئەمیش خوی گران گرتووە و لەسەر خوی و لەرووی بەزەیی‌یەوە و بـــە هەزار نق و جر بە دەنگیانەوە دەچیت .
( نەسرین )ی هەرزەکاری چواردەسالانی دراوسی‌یان روژانە رووی‌خوی دەگری بە کولەوە و دەچیت پیخەوەکەی بو هەل دەگریت و ژوورەکەی بـو کو دەکاتەوە . ئینجاش خوی تی هەل دەسویت ، ئەمیش بەلالووتیکـەوە هەلسوکەوتی لە تەک‌دا دەکا ، نە جاریک و نە دوو ، تا جاریکیان لای خیری لی دەکاتەوە و روویەکی خوشی پیشان دەدات . دەلی :
( ئیتر ئەوی راستی‌بی من لەو ساتانەدا لە دلدا سوور نەبـــووم لەسەر هەلاتن لە دەستی . بوچی لی‌ی هەل بیم ؟! . چی لەمنـــە ! .. کیژولەیەکی نەشمیلەی خرو خەپانی جوان و بە پی‌ی خوی هاتوەتە لام . چی تیدایە ! .. قسەیەکی خوش ، زەردەخەنەیەکی شیرین ، سەیرکردنیکی ئارەزوو مەندانە ، چی تیدایە !. )
( گولچین خان )یش ئەوە هەر مەپرسە ئەویش هەموو شتیک دەنیتـە لاوە و بەپی‌ی خوی بوی دەچیتە ژوورەکەی خوی . ئەویش بو کـــروزی دەگاتە پەرەی ئاسمان و بە گریان و شین و شەپور و لالانەوە بەرد نـەرم دەکا ، کەچی ئەم لیل نابیت و هەر دەست بە روویەوە دەنیت ، تـــا سەرەنجام ( گولچین خان ) پەت دەپچریت و پر بە دەم هاوار دەکات:
( ئا ، شیت بووم .. ئا شیتیش و هاریش بووم ) .
ئینجا بە یەکجاری پەردەی شەرمی دەدریت و خوی باوەشی پیـــدا دەکات و بە دەم باوەش پیدا کردنەکەشەوە پیی دەلیت :
( ـ گیان و دلەکەم .. جەرگ و هەناوم .. بە دەست خوم نی‌یە خـوم پی راناگیری .. دەتپەرستم . ناتوانم لەبیر و هوشی خومت دەربکـەم و وازت لی بینم . ) .
تەماشا ... فەنتازییا چ کاریک دەکا و خەیالی هەرزەکاری ئـارەزوو سەرکوت کرا و تا کوی بر دەکات ! .
سەرنج ورد بکەنەوە چون لە نیوان دوو هیزی دژبەیەک‌دا ، کـــە ( منی بالا )و ( ئەو )ی دەروونی خویەتی ، دەستەوەستان و سەرســـام دەوەستی و نازانی و ناتوانی خوی بەلای کامیان‌دا بخات . لە لایەکەوە

- حەز و ئارەزوو - دەیهاریت و ، لە لایەکی دیکەشەوە ویژدان و عەیبە و ترس .

کە ( گولچین خان ) کامی کامی پێ دەکا و بۆ ئاگربە ئاگرە سووتان - ماوەیەک - خۆی لێ زویر دەکا ، ئەم خۆی هەست بەو دوو هێزە دژبەیەکەی خۆی دەکا و بە زمانێکی پاراو دەڵێ :

( لەو رۆژانەدا کە بەچاوی ترس و سام و پاشە رۆژی رەش دەمروانی‌یە ئەو پیوەندی‌یەی نێوانمان ، ئەو وەزعەیم لێ خۆش دەهات و بڕیارم دەدا منیش وەک ئەو بکەم . بەڵام وەکی تر کە بەچاوی حەز و ئارەزووم و خەیاڵی بە تام و کام تێیدەڕوانی ، ئەوا بە پێچەوانەوە زۆر پەست و خەفەت بار دەبووم و بەڵای ئەوەدا دەمشکاند کە من خۆمی تێ هەڵسووم . )

ئەمە بنەوانەی راستەقینەی کێشە دەروونی‌یەکەیەتی . لە سەریکەوە ( گولچین خان ) بە بەردەوامی ئارەزووەکانی ختوکە دەدات و دەیان هێنێتە جۆش و خرۆش وسوی . لە سەریکی دیکەشەوە ، ترس و سام و پەروەردە سەرکوتیان دەکا و ساردیان دەکاتەوە بەڵام وا دیارە هێشتا هەر تای ( ویژدان )ەکە ، یا با بە زمانێکی زانستی‌یانە بڵێین :

تای ( منی باڵا ) سەنگین‌ترە . پاڵەوانەکە تەنانەت ئەوسا ش کە ( گولچین خان ) خۆی دەکا بە ژوورەکەی‌دا و دەس لە ملی دەکا ، ئەوسا ش هەر ئەوەندەی لە دەست دێت کە خۆی بۆ شل بکات و هیچی تر .

( ئیتر من بە هیچ کلۆجی توانای خوراگرتن و یاخی بوونم نەمابوو . رانەچەنیم و خۆم لەژێر چنگی دەرنەکیشا . تووڕە نەبووم و هەولم نەدا لە خۆمی دوور بخەمەوە . بەڵکو ئەواو بە پێچەوانەوە ورتەو جووڵەم لە خۆم بڕی و تا دەهات زیاتر خۆم بۆ شل دەکرد . )

لەگەڵ ئەو کاردانەوە سەلبی‌یەشدا هێشتا ( منی باڵا ) زۆری لێ دەستێنێتەوە و وەکو زەنگێک لە مەترسی ئەو کارەی ئاگادار دەکاتەوە :

( لە ناکاویکدا زریکەیەک لە ناخی دەروونمەوە بە گرمە و ناڵە سەری هەڵدا و رای چڵەکاندنم و لەو دونیا خامۆشی‌یەی دەرهاوشتمە ناو دونیایەکی پڕ لە هات و هاوارەوە . زریکەکە پەیتا پەیتا دەیقیژاند .

- داوین پیسی .. خاڵە عەوول .. داوین پیسی ... خاڵە عەوول ) ! . )

ئەو دەنگە ناو خۆیی‌یەی ساردی دەکاتەوە و شەرمەزاری دەکات و دەماری پیاوەتی سست و خاو دەکاتەوە . ( گولچین خان ) پەی بەو هەستەی دەبا و سەری گوی کویرەکەی لە کاتی زۆر لە بارو بەجی‌دا بۆ شل دەکاتەوە و بە گیرانەوەی سەرگوزشتەی دایکی و خاڵە عەوول بەسەرهاتی خۆی ، هەموو پیوەندگەکانی بۆ هەڵاوگیر دەکاتەوە و راستی دوو دێوی و دوو رووی پیاوانی وەک خاڵە عەوولی بۆ ئاشکرا دەکات .

( ئەو خالە عەوولە خواناسەت ، من هێشتا منداڵ بووم ، دەستی لەگەڵ دایکمدا تێکەڵ کرد . باوکم هی ئەوە نەبوو وا زوو بمری . لە هەرەتی گەنجێتیدا بوو . دایکم و ئەو خالە عەوولەت کوشتیان . دوای دەس تێکەڵاو کردنەکەیان بە دوو ساڵ مرد ! . )

ئەم خالە عەوولە بە دیمەن داوێن پاک و لە خواترسەی مـــــێردی ( گوڵچین خان )ە هەر هەمان ئەو خالە عەوولەیەکە لە میوانداری یەک د رووی دەمی کردبووە میرزای باوکی پاڵەوان و وتبوی :

( ـ میرزا .. ئەوەش بزانە کە داوێن پیسی قەت بوی ناچێتە سەر ، ئەگەر ساڵەهاش لە باوەشی نەرمی ئەو داوێن پیسی یەدا بە خـــــوشی و دڵنیایی یەوە بەسەر بەری ، ساڵەهاش بتوانی چاو لەو گوناهە گەورەیەی خوی بخەفینی و خوی لی هەڵە بکات ، لە ئەنجامدا لووتی هـــــەر دەچزی بە ساجی ئاگرینی ئەو داوێن پیسی یە دا . )

( ئەو شەوە ئەم قسانە کاریکی قووڵیان لێکردم ... )

بەڵام ئێستا کە ( گوڵچین خان ) سەبەتەی لە سەر مریشـــــــــک و جووجەڵەی مام عەوول لابرد و راستی کەوتە دەشت ، دیارە هەمــــــوو شتێک ئاوەژوو دەبێتەوە و پەند و ئاموژگاری یەکانی خالە عەوولیـــــش هەرەس دێنی لەگەڵ خویان دا ئاموژگاری و ئەزموونەکانی پێش خویـــان راپێچ دەکەن و هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەبنە جی گومان و مایەی دووبارە پێداچوونەوە . گشت کێشانە و پێوانە کومەڵایەتی یەکانیش پووک دەبن و توانای سەرکوت کردنی ـ حەز و ئارەزوو ـ هەڵچووەکانیـــــان نامێنی . ( منی باڵا ) ئیفلیج دەبی و بە تەواوی لەکار دەکەوی . گوی هەڵخە بزانە پاڵەوان دوای قسەکانی ( گوڵچین خان ) چون دێتە زمان .

( بە دەست خوم نەبوو ، بە بیستنی ئەو قسانەی گوڵچین خـــان و بە وردکردنەوەی خوم ، تەوژمی رقێکی توندوتیژ بەرامبەر بە خالـــــە عەوول دایگرتم ...شان بە شانی ئەو رقەم ، بەزەیی و سوزێکی بە جوش بەرامبەر بە گوڵچین خان لە دەروونەمدا بزواو سەری کرد کە ئەوە سـەر لەنوی رێگەی بو حەز و ئارەزووەکە خوش کردەوە تاوبسێنی و کوسپەکەی لە رێگەدا تەخت بکا . ( .... )

شالاوەکەی ئەمجارەی ئەو هێمنانە بوو .. ئەوەکەی من شێتانــــــــە بوو ! .. ) .

( پاکانە - Ratinalization ) کەش لێرەوە سەرهـــــەڵ دەدات . پاڵەوان بە شێوەیەکی ناراستەوخو تێمان دەگەیەنێت کە ئەگەر بەزەیی بە ( گوڵچین )دا نەهاتایەتەوە و رابردووی خالە عەوولی ئاوا بە چڵکنـــی نەدیبایە ئەویش ئاوای نەدەکرد و ئاوا جڵەوی بو ئارەزووەکانی شـــــور نەدەکرد .

مرۆڤ وایە ، کە لە هەڵچوونێکدا کارێکی ناپەسەندی لەدەست دەرچوو دوایی کە ئاسایی بووەوە . ویژدانی زیندوو دەبێتەوە و سزای دەدات و خۆی لەبەر چاوی خۆی سووک دەکات ، ئەوجا بەبێ ویست و ئاگای خۆی پەنا دەباتە ڕێگایەکی دیکەی بەرگری دەروونی و بۆ ئەوەی ویژدانی خۆی ڕازی بکاتەوە و یەکێتی کەسایەتی خۆی بپارێزێت ، بیانوویەک بۆ کردارە نابەجێکەی دەدۆزێتەوە ، ئەگەر نەشبوو بۆی دروست دەکاو تاوانەکەی خۆی دەخاتە ئەستۆ .

پاکانە بۆ بەیەکجاری لەبیر بردنەوەی ڕابوردووی تاڵ و دزێونییە ، بەڵکو بۆ سووک کردنی کاریگەریتی یا وەکی دیکە بڵێین بۆ چەواشە کردنی ( منی باڵا )و کەمکردنی کاریگەریتی ویژدانە لە سەرهۆش . بۆیە شوێنەواری ئەو ئەزموونە هەر دەمێنێ و لەهبیر ناچێتەوە و ناوبەناو - لە هەڵومەرجی لێک چوودا - وەک کونەزام لە خاوەنەکەی دێتەوە سوێ . ئەوەتا پاڵەوانی ( شالاوی دل ) پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ ، لەکاتی ڕێخۆش کردنی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا دەڵێ : ( من بەش بە حاڵی خۆم لەو مرۆڤە ئاژەڵانە نیم ) کە لاڤی لەبیر بردنەوەی ئەو جۆرە ڕابردووانە لێ دەدەن . کەواتە دەتوانین بڵێین ئێستا حەزو ئارەزووەکانی لەبەر پیری نیشتونەتەوە و کەف و کوڵی جارانیان نەماوە و ویژدانی لە جاران زاڵ ترە و لە جارانیش پتر ناخی ئازار دەدا و دەیسوتێنێتەوە . لەوەش ئەچێت ڕەوشت بەرزی و پیاوچاکییەکەی کاتی پیریشی هەر کاردانەوەی ئەو ڕابردووە بێ .

مەبەستی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە لاوەکییەکە و خۆسوتاندنی کچە لاوەکەش ئەوەیە کە خوێنەر بڕوای پێ بکەن و ئەمیش وەک خاڵە عەوولی کونە گورگ وەکو ( گورگی ناوپێستی مەڕ ) تەماشا نەکەن . لێرەش دا وامان بە بای گوێدا دەدات کە ئەگەر نەبوایە لەوانە بوو کاتی خۆی ( گوڵچین خان )یش وای بەسەربهاتایە . کورد دەڵێ : ئەگەر نهێنییەکت لە دڵدا بوو و زانیت لەدڵتدا جێی نابێتەوە و شاردنەوەی ئازارت دەدات و کەسی وات نەدۆزییەوە بۆی بگێڕیتەوە بچۆ لەسەر ئاوێک بیگێڕەوە باری گیانت سووک دەبێت . زانایانی دەروونیشی بۆ حاڵەتی ئاوا دەڵێن : نهێنییەکە یا بۆ ئاوێنەیەک بدرکێنە یان لە کاغەزێکدا بینووسە ، وابزانم پاڵەوانی ( شالاوی دل )یش ئامۆژگاری دووەمی لەگوێ گرتووە و لە حاڵەتێکی وەک ئەوەی باسمان کرد ، هاتووە ئەو ڕابوردووەی خۆی خستوتە سەر کاغەز ( من نووسەر نیم و ( .... ) بەڵام ئەوەتا ئێستا ئارەزوویەکی ئێجگار بە جۆشم هانم دەدا ئەو بەسەرهاتەم بخەمە سەر کاغەز . خۆ وەڵڵاهی من ئێستاش ئەمە بەو نیازە بکەم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم و ئەو بیخوێننەوە . نەخێر .. بەڵکو تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکەی خۆمە . )

وەک لە سەرەتاشدا وتم چیروکەکە بریتی‌یە لە دوو رووداوی لیکچوو ، ئەوەی سەرەتا ری خوش‌کەرە بو بیرکەوتنەوە و گیرانـــــــەوەی رووداوە سەرەکی‌یەکە . رووداوەکان سی و پینج سالیک بەینیانە، لە شیوازیکـــی ( موپاسان )ی‌دا ئاویتەی یەک کراون .

چیروک بیژی چیروکەکە خوی پالەوانی رووداوە سەرەکی‌یەکەیــــــە ، بەلام لە رووداوە لاوەکی‌یەکەدا رولیکی لاوەکی هەیە بویە ئەمەیان بـــە راناوی کەسی سی‌یەمی تاک ( ئەو ) دەگیریتەوە ، بـــــەلام رووداوە سەرەکی‌یەکەی کە خوی پالەوانی سەرەکی‌یەتی بە راناوی کەسی یەکەمـی تاک ( من ) دەگیریتەوە . بەکاربردنی ئەم شیوازە بو چیروکیکــی وەک ( شالاوی دل ) کە لە شیوەی - دان پیدانانە - زور بەجی و لەبـــار و کاریگەرە . دان پیدانان خوشکاندن و زەمی خوکردنی تیدابیت پیویستی بە شایەتی چیروک بیژی فرە ئاگا نی‌یە و خوینەر یەکسەر بروای پـی دینیت تەنانەت پولیس و دادگاش داوای بەلگە لەو کەسانە ناکەن کـە دان بە ناتەواوی و عەیبەی خویان‌دا دەنین لە هەندی حالەتــــــی زور دەگمەن‌دا نەبیت وەک ئەوەی پیرەمیردیک خوی پیوە دەکا بو ئــــەوەی کوریکی لاوی رزگار بکات .

جگە لەوەش گیرانەوەی بەسەرهات لەلایەن پالەوانی بەسەرهاتەکـــــە خویەوە بە مەرجیک لە حالەتیکی ئاسایی‌دا بیت ، بە شیوەیەکی گشتی لای خوینەر وەکو راستی‌یەک تەماشا دەکریت چونکە ئەو چیروک بیـــژە خوی لە هەموو کەسیکی دیکە پتر ئاگاداری کردار و گفتـــار و بیروړای خویەتی بویە پتریش کار لە خوینەر دەکا و بەلای خوی‌دا رای‌دەکیشیت با جیاوازی بیرو باوەریشیان لە نیواندا هەبیت .

بەلام ئەم جورە تەکنیکە وەک لایەنی باشەی هەیە ، هەروەها لایەنــی خراپەشی هەیە ، ئەو لایەنە خراپە نەک هەر لەلای حسین عارف ، لەکن چیروکنووسە جیهانی‌یەکانیش بەدەر دەکەون ، ئیمە لیرەدا قســـــە لەوەندەیان دەکەین کە لەم چیروکی ( شالاوی دل )ەی حسین عــــــارف دا کەوتوونەتە روو .

**یەکەم :** چیروک بیژ ئەگەر هەر خوشی پالەوانی سەرەکی بوو ، ئەوســا هەر دەتوانی دیووی ناوەوەی خوی روون بکاتەوە ، بەلام ناتوانی دیــوی دەرەوەی خوی بەبی لایەنی وەسف بکات و بە شیوەیەک دەری بخات کـە خوینەر گومانی لی نەکات . بو نموونە ناتوانیت بلی بالام وابــەرزو نیگام وا سیحراوی و پرچم وا سەرنج راکیش و رویشتنم واو بەرگـم وا. خوینەر گومان لە وەسفی وا دەکاو رەنگە وەک وەسفی چیروک بیژی بـی لایەن و چیروک بیژی فرە ئاگا بروای پی نەکات . ئەگەردیوی دەرەوەشی دیاری نەکریت ئەوا پالەوانەکە وەکو پالەوانەکەی چیروکی ( شالاوی دل )

دەبیتە پالەوانیکی یەک دیوو سیمای دەرەوەی روون نابیت .
**دووەم :** ئەگەر ئەم پالەوانە چیروک بیژە باسی کاروکردەوە و ، لایەنـە چاکەکانی خوی بکات ئەو کاتە لەوانەیە خوینەر بە فشە و خوهەلکیشان بوی لەقەلەم بدات ئەگەر بە کردەوە و هەلس و کەوت نەیسەلمینیـت .
بو نموونە پالەوانی ( شالاوی دل ) خوی هەل دەنیت و دەلیت :
( بەلی بو من کە بە شانازی نەبی ، بە پیاوی هەرە ریزلیگیراوی بەراو تەدبیری ناو کولانەکەمان ناسراوم و خوشەویستی هەموانم . )
بەلام لەوە دەچیت پالەوانەکە خوی هەست بەوە بکات کە قسەکـەی بونی خوهەلکیشانی لی دیت بویە لە سەرەتادا دەلی ( بە شانازی نەبی )، ئەوەی راستی بیت لە دەقەکەشدا شتیکی وانی‌یە ئەم قسانەی پالـەوان بسەلمینیت ، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە کچە پانزە سالانەکەی بەزور بەمیرد دراوەکەی گەرەک بو داوای یارمەتی دەچیتە لای و دەسەو دامینی دەبیت بەلام خاوەن کچ بە قسەی ناکەن و لە سنووری خوی‌دا رای دەگـــرن ، ئەمەش تەنیا کاری کومەلایەتی ئەو سەردەمەیەتی لە گەرەکەکەدا کردویەتیو وا بزانم پیویست بە وتنیش ناکات خوی دیارە قسەی پالەوانەکە رەت دەکاتەوە و پیچەوانەی دەردەخات .
لە شوینیکی دیکەشدا دایکی هەل دەنیت و دەلیت :
( ئافرەتانی ناو کولانەکە ، هەموو سویندیان بەسەری دایکم دەخـواردو زوریان خوش دەویست ، ئەمەش لە خویەوە نەهاتبوو ، بەلکو ئەنجامی کردار و رەفتاری جوان و بەرزی خوی بوو . )
دیسانەوە لە دەقەکەدا ئەو ( کردارو رەفتارە جوان و بەرزە ) نـا ئاسایی‌یانەی دایکی دیاری نەکراون . بەلکو بە پیچەوانەوە کرداریکـی دزیوی باس دەکریت ئەویش ئەوەیە کە ریگە بو نەسرینی کچە دراوسی‌ی چواردە سالانەی هەرزەکار خوش دەکا خوی پتر لە کورە شانزە سالانـە هەرزەکارەکەی هەلسویت . نەک هەر ئەوەندە بەلکو هەر خوشی هانـی کورەکەی دەدات ئەو هەلە لە دەست نەدات . ئەمەش هەرگیز بە کاریکی باش و بەرز تەماشا نەکراوە و لەناو کومەلی کوردەواریمان‌دا بـــە تایبەتیش لەو سەردەمەدا کە بەسەرهاتەکەی تیدا قەوماوە .
ئەمە بو شانازی و خو هەل نان بەلام کە پالەوان دەلی :
( زور بەبی فەری لەدەست خومەدا . ئای کە بوودەلە و بی دەسەلاتم .)
خوینەر قسەکەی بەبی سی و دوو وەکو راستی‌یەکی گومان لی نەکراو لی وەردەگریت نە لە میشکی خوی‌دا و نە لە دەقەکەشدا بو شایەتو بەلگە ناگەریت .
**سی‌یەم :** پالەوان کە خوی چیروک بیژ بوو ، ناچار دەبی هەندی شـت دەرەنگ ئاشکرا بکات و خوی ـ ئەگەر بو ماوەیەکی کورتیش بووبی ـ لە هەندی راستی گیل بکات و هەموو شتیک نەلی نەبادا تام و چیــژی

چیروکەکە ببات ، لە هەمان کاتیش‌دا بو ئەوەی خوینەر تووشـــــی هەلویستی کت و پر نەبیت ناچار دەبیت ئەگەر بە شیوەیەکی ناراستەوخوش بووبیت خوینەر لە هەندی لایەنی ئەو راستی‌یانە ئاگادار بکاتــــەوە . ئەوسا ش وا ریک دەکەویت خوینەری زیرەک بەرلەوەی چیروک بیژەکـــە راستی‌یەکە تیبگات ، خوینەرەکە خوی لەلای خویەوە هەستی پی دەکات . ئەمیش بو پالەوانەکە بەو سیفەتەی کە هەر خوشی چیروک بیژە دەبیتە نیشانەی خو گیل کردن .

بو نموونە لەم چیروکی ( شالاوی دل )ەدا هەرزوو تیدەگا کـــــە پالەوانی سەرەکی و گولچین خان حەزیان لەیەکە و دەزانیت دەوروخولی چی دەدەن و بە وردی ئاگاداری هەموو هەست و نەستیانە ، کەچـــی پالەوانی چیروک بیژ خوی لی گیل دەکاو بە دەستی ئەنقەست خوی بە هەلەدا دەباو پیچی تی دەخات .

بەرپرسیاری گەمژە گەمژە ئیمەی‌خوینەر تی‌دەگەیەنیت و خوی بە گەلحو نیشان دەدا . لە شوینیک‌دا دەلی :

( لەدلی خومدا دەمووت : "ئەمە لەپای چی و بوچی"؟!.بەچ نیـــاز و مەبەستیکە ؟! . من چیمە بەسەر گولچین خانەوە و چیم لی دەوی ؟!"

یا دەلی :

( راستە مندالەکان زور ئیسک سووک و زیتەل بوون ، بەلام ئاخو هـەر ئەمە بوو بووە هوی ئەو هوگری‌یەم بویان ؟! )

ئەم خو هەلەکردن و خوگیل کردنە خوینەر - بیزاردەکاو پالەوانەکەش گەوج و گەمژە نیشان دەدات .

هەر چونیک بیت دەبی ئەوەش بلیین ، ئەگەر کاتی خوی ئەم چیروکـە بلاوبکرایەتەوە ئیستا نرخ و جی‌یەکی تایبەتی دەبوو لە میـــــژووی چیروکی هونەریی کوردیدا .

# شاعیرێکی پیرەژن
# لە ژیان و مردنەوە دەدوێ



وەرگێڕان و ئامادەکردنی
کەریم شارەزا

شاعـیری ئافـرەتی ناوداری ئینگلیـز (ئـانا باربۆلد)لەساڵی ١٧٤٣ دا لە هەرێمی (لیستە شایەر)ی ئینگلتەرە لە دایك بووە. باوکی مامۆستای قوتابخانەی کوڕان بووە و (باربۆلد)ی لەگەڵ خۆی دا بردووە بۆ قوتابخانەکە و لەگەڵ کوڕان دا پێی خوێندووە.

لە سەردەمێکی زووەوە بەهرەی شاعیریی لەلا تەقیوەتەوە ولە ساڵی ١٧٧٣دا یەکەمین دیوانی شیعـری ناسك وپڕ سۆزی بڵاوکردۆتەوە وسەرنجی خوێنەرو ڕەخنە گرانی سەردەمی خۆی پێ ڕاکێشاوە ولەلای شاعیرە لاوەکان زۆر پەسەند کراوە بە شاعیرێکی شیعر پتەویان ناسیوە.

دوای تەمەنێکی دوور ودرێژی ٨٢ ساڵ و ژیانێکی پڕ ئەرك و ئازار لە ساڵی ١٨٢٥ دا کۆچی دوایی کردووە و، بەر لە مردنی بەچەند ساڵێك، جارێکیان لە ڕۆژێکی خۆش دا، لە ڕۆخ پەنجەرەیەکی ژوورە کەبەوە بەسەر باغچەی ماڵەکەیدا ڕوانی و، سەیری گوڵەکانی کرد، ئنجا چاوی لە سەر ئەو گوڵە جوانانە هەڵگرت ودەستی دایە خامەکەی وئەم هۆنراوە ناسکەی خوارەوەی لەسەر «ژیان» نووسی:

ئەی ژیان!!
ئەی ژیان!
من نازانم تۆ چیت؟!
بەڵام ئەوەندە دەزانم کە من وتۆ
هەر دەبێ لێکتر جودا ببینەوە!!
ئایا دەزانی لەکوێ بەیەك گەیشتین و
کەی و چۆن؟!
ئەمانە هەموویان تاکو ئێستاکە نهێنین!!
ئەی ژیان!

ئێمه ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین
بە یەکەوە لەناو ئاوو هەوای
خۆش و ناخۆش دا ژیاوین
بەیەکەوە لە بەر تیشکی
رۆژی رووناك رۆیشتووین
لێك جودابوونەوە بۆ دۆستان
کارێکی زۆر گرانە!
چونکە لێك دابران
تووشی خەم وپەژارە وفرمێسك دابارینمان دەکات!
خۆشەویستەکەم ژیان!
گەر وادەی لێك دابرانمان هات
ئاگادارم مەکە
بەبێ ئەوەی پێ‌بزانم
خۆتم لێ بدزەوە!!
تەنیا چەند چرکەیەك پێش کۆچ کردن
ئاگادارم بکەوە!
تۆ کات وساتی لێك دابرانمان
دیاری بکەو بەمن مەڵێ!
کاتێك کەوەختی ئەو لێك دابرانە دادێ‌و
تۆ دەڕۆی
پێم مەڵێ: «شەوێکی شادو بەختەوەر!)
بەڵام هەر ئێستا
لەبەیانی رووناك دا
کاتێکی پڕ لەخێرو خۆشیم بۆ بخوازە!!

شاعیری پیرەژن چەند ساڵێك دوای ئەو دانیشتنەی وئەو هۆنراوە نایابە پڕ هەست وسۆزەی، لەهەمان ژوور ولەهەمان گۆشەو بەرامبەر بەهەمان پەنجەرە، رووەو باغچەکەی دانیشت ولە گوڵە جوانەکانی ورد بوەوە ودەستی دایە خامەکەی وکەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ مردن داو بەشیعر ئەمەی خوارەوەی نووسی:

(شاعیر):ـ تۆ کێیت ؟
(مردن): ـ بەخوا سەیرە نام ناسی؟
ئایا چاوە روانت نەدەکردم؟!
ـ بۆ کێم دەبەی؟

ـ لەگەڵ من دا وەرە ئەوسا دەبینی!
ـ ڕێگاکە تاریك ونوتەکە!
ـ بەڵێ تاریك ونوتەکە
بەڵام خۆش کراوە، ملیۆنەها خەڵکی تر
بەر لەتۆ پێ‌ی‌دا ڕۆیشتوون!!

لێرەدا شاعیری پیرەژن (ئـانـا باربـۆلد) خامـەکـەی لەدەست کەوتە خوارەوە ودوای سەعاتێك کارەکەرەکەی هاتە ژوورەوە، بینی نووسنووە، بەڵام چۆن نووستنێك؟ نووستنێکی یەکجارەکی کە دەبێ هەموو کەسێك ئەو جۆرە نووستنە بنوێ!!

---

**سەرچاوە:**


١ـ مجلة العربي ـ العدد ٨، الكويت تموز ١٩٥٩، ص ٥٧، ٥٨

٢ـ مئة قصيدة من الشعر الانكليزي ـ ترجمة واختيار ـ د. رزوق فرج رزوق ـ بغداد ١٩٧٨، ص :١٨


هەواڵنامەی کتێب

# لە خۆبێگانە بوون



**حمە کریم عارف**

خۆم لەخـۆمدا بێ تاقەت ووەڕزم. خەڵکیش شێتە شێتەیان لێگرتومەتەوەو هێندەی دی بێ تاقەتیان کردوم.

ئاخر بۆ؟ خێرتان دەگا، کە قسەی چاك نازانن هی خراپ بۆ دەکەن؟! شێت کەنگێ وایە؟ هەست بەهەموو شتێ دەکەم. لەرێکەوتەکان دەگەم، تا هەموو شتێ لەبنج وبناوان نەکەم ئۆقرەم نایە، بۆن دەکەم، تامی شت دەکەم. دەبیستم، تەنانەت خەون، خەونیش دەبینم.. کوڕینە مەعز بۆ خوا بەس سەرم بکەنە سەر. نەتێك چووم ونەشێتم. هەر خۆم دەردی خۆم دەزانم، دەشزانم کەس لەبری کەس ئازار ناچێـژێ. دەزانم چیمـە، لە کەیەوەو لەچ رۆژەو ساتێك دا تووش بووم. راستە ئەم گرفتارییە بێ تاقەتی کردووم، بەڵام هێشتا نەی بەزاندووم. ژانی لەدایك بوونەوە گرتومی، دەشزانم ئەم ژانە یەکجار خەتەرە، گەلێ بەئازارە، کە لەدایك بوو زۆر بەشکۆو گەورە دەبێ، کە جەریش، دیـارە حاڵەتی جەرینـەکە زۆر لەگوێن ترە، ئەوا ژان گرتوو مەلۆتکە هەردوو پێکەوە تیا دەچن.. لەدایك بوونی بەشکۆ لەدایکبوونی دوبشکە! دایکەکە دەمرێ، دەمرێ.. ئا ئەمەیە لەدایکبوونی بەشکۆ، چونکە دنیایەك لەگەڵ خۆدا وێران دەکا...

با لەباسەکەی خۆمان لانەدەم. جوانیم خۆش دەوێ... دەتوانم سەر لەبەری سەر بهوردی خۆم، وەکو چۆن رویداوە بێ کەم وزیاد بگێڕمەوە.

هەر لەمنداڵیم دا خورە خوری ئاوم خۆش دەویست. ئێستاش هەر خۆشم دەوێ. زۆر جارو هەر لەخۆڕا وام دەهاتە خەیاڵ رۆژێ لەرۆژان ماڵمان لەگوێ چەمێك بووە. (هاڕەو هاژە) ی ئەو چەمەم لابوو بەدڵگیرترین ئاواز؛ بەگروگاڵی منداڵ.

ئێستاش جوان جوان لەیادمە وەختێ منداڵ بووم فرسەتم دەهێنا وشڕە رادێوکەی بابم دەدزی، شەوان لەژوور سەرمەوە دام دەنا، بێ ئەوەی چ ئێزگەیەکم مەبەست بێ، میلەکەیم بادەدا، بادەدا تا لەسـەر خشـەخشێـك دەگیرسایەوە. چونکە رادێوکەی بابم کۆن بوو، هەر وات دەکرد لەسەر خشـەخشێك دەگیرسایەوە. ئەم خشەخشەم لێ دەبوو بەهاڕەو هاژەی چەمەکەی لەمەڕ خۆم، تا درەنگانێ گوێم دەگرت، ئیدی نەمدەزانی کەی خەوم لێکەوتووە، بابم کەی رادێوکەی بردۆتەوە.

وەختێ گەورە بووم لەرەش بگیرێك دا گیرام. گرتنی بەکۆمەڵ سامی کەمترە! پیاوە بەوە دڵخۆش خۆی دەداتەوە: شین لەگەڵ هاو ماڵا جەژنە. رەش بگیری چی؟! جا چتان عەرز بکەم، ئەگەر خەڵکم رەشبگیرستان بن ئەوا لەمن چاتری دەزانن، گەر خەڵکی بەهەشتیش بن ئەوا پێویست بەگێرانەوە ناکا، چونکە نەدەتوانن لەجیاتی من خەم بخۆن ونەلە زمانیشم تێ دەگەن، هەقی خۆشتانە.. چتار داوە لەو سەریەشەیە!...

لەدڵی خۆدا گوتم: رەشبگیرە، چەند سەعاتێکەو دەبێتەوە،

چ بزانم: گەر سوێسکەت دەوێ ئەوە قوڵنەو گەر قوڵتەت دەوێ ئەوە قوڵتە!

هەموو شەوێ پاش ئەشکەنجەو کوتەك کاری، خشە خشێکی سەیر لەمێشکم دا پەیدا دەبوو مێشکی پڕ پڕ دەکردم. خەونم دەدی، لەو خەونـەدا لەمن وایە ماڵان لەگوێ چەمێکی بەهارە هاژەدایـە، شەپـۆڵان بەپـەلەو خێرا وەك ئەوەی یەکدی هەڵبرن، دەهاتن و سەریان بەدیواری ماڵەکەماندا دەکێشا، بەدەم هاوارەوە لەخەو رادەپەریم.

شێتم؟! ئەو خەڵکە بیر سەقەتە ئەوە عادەتیانە نەخۆشییەکانی خۆیان لەچوارچێوەی خەڵکی دی دەگـرن.. بابـە لەخـۆتانا بۆی بگەرێن لەخۆتانا.. سەیرە بۆشیان دەچێتە سەر، پێویستیان بەشێت بێ، شێت دروست دەکەن، پێویستیان بەقارەمان بێ قارەمانێکت بۆ دروست دەکەن ئاولێل نەکا. لێرەدا، لەم گۆترەخانەیەدا: شێت، قارەمان، روخاو، بەزیو، دەست پاك، دزو. بەکەفلەکرێنێ دروست دەکـرێ‌و خێرا بازاری بۆ گەرم دەکرێ. دەبا بیکەن پیاو! سەریان دای لەبەرد. خۆیان چین؟! کۆمەڵە ژمارەیەکی سواون و...

بەخوا حونەرە، تۆیف، تۆیف! هێشتا نەمردووم، نەبووم بەکەلاك کەچی وەکو داڵە کەرخۆرە تێم وروکاون. خەیاڵتان خاوە، قەت بێزم نایەت بتان خوێنمەوە، جاهەر تێم بوروکێن، نابم بەژمارە نا، کەنگی گوێی شەیتان کەر، بووم بەژمارەیەکی پێشومختە مردوو، بێ خەون وخەیاڵ... ئەوساکەش هەر نایەمە نێو ئێوە، بەئاسانی خۆم دەسپرمەوە، چونکە من وەکو دوپشك لەدایك بووم، دایکم بەسەر منەوە رۆیی، بۆیە وەکو دوپشکیش دەمرم، دوپشك کەمەفەرێ نەما، بێ مننەت بەتەپلی سەری خۆوە دەداو دەمرێ. هەرگیز وەکو ئێوە دەرۆزەی ئەوە ناکەم کەسێك لەراهی خۆی بم خوێنێتەوە.

.. شەپـۆڵەکـان بەپـەلەو خێرا وەك ئەوەی یەکـدی هەڵبـرن، دەهـاتن و سەریان بەدیواری ماڵەکەماندا دەکێشا. بەدەم هاوارەوە لەخەو رادەپەریم.

خەڵەفی پاسەوانی زیندان ئەو شەوە زۆری ئەشکەنجەدام. دڵم پێی سوتا. دەمزانی ئەویش گوناحە، خەڵکی ئەم رەشبگیرستانەیە کێ دەڵێ ٦ ـ ٧ منداڵی سەروپێچکەی برسی وەکو گورگی هار دەمیـان لێ دانـە پچریوەو هەرەشەی خواردنی لێ ناکەن! کێ دەڵێ ئەویش جەلادێکی نێچیر یا نێچیرێکی جەلاد نی‌یە!.. ئا ئەوەیە خەتەری بەژمارە بوون... جەلادو نێچیر لەم گۆترەخانەیەدا هەر داوە مویەکیان بەینە، ئافەرین بۆ ئەو کەسەی ئەو داوە مووە ناپسێنێ‌و سوورە لەسەر ئەوەی خۆی بێ‌و بەس.. کێ دەڵێ لەحەژمەتاندا، داوە مووەکەی نەپساندووەو نەبووە بەم ژمارە دزێوە!.. شەوی یەکی یەك بوو. کەمتر دەنگی هاتوچۆی پاسەوان و زیندانەوان و.. وانەکانی دی دەهاتە گوێ. ئەویش کروکپ بەبەر دەرگاکەدا دەهات و دەچوو، جار جار وورتە وورتێکی لێوە دەهات. وام هەست

دەکرد بیەوێ داوای لێ بووردنم لێ بکا، بەڵام نەدەوێرا. رادیۆ شڕامیەکی بچووك لەژوورەکەمدا بەجێ مابوو، مەگەر هەر خوا بزانێ میراتی چ نەگبەت دایکێ بوو. پاسەوان و زیندانەوانەکان بەم یادگارە گوم خاوەنەیان نەدەزانی. خستمە بن سەرم، بەدەم خشە خشەکەیەوە خەوم لێکەوت. چەند خەوتم چەند نەخەوتم نازانم، شەپۆل هات، شەپۆلی چی! هەر یەکەی بەقەد بەژنە زەلامێ. لەخەو راپەڕیم، خەواڵوو سەرسام تا زارم گرتی هاوارم کرد:

- خەڵەف هۆو.. خەیاڵ نەکەی ماڵتان لە گوێ چەم بوو بێ ها!

لەو دیو دەرگاکەوە، بەدەنگێکی ترساوەوە بەزمانی عەرەبی گوتی:

- ها عەزیز ئەوە چیتە؟!

بەخـەیاڵی خۆی دەیویست بێدەنگم بکا. پاش تۆزێ پارچە رۆستێکی بۆ توڕ دامە ژوورەوە. چەشـەو ماسیم بیرکـەوتـەوە. ئەو ماسییـەی هەمـوو شتێکی لەبـیرە تەنیـا مەرگ نەبێ، لەپڕ بەچەشەیەك.. عەسری ئەو رۆژە نەیان بردم بۆ سەر ئاو؛ هەستم بەتەنیاییەکی سەیر دەکرد، حەزم دەکرد کەسێك قسەم لەگەڵ بکا؛ بەڵام خەڵەف نەیدەتوانی. پارچە رۆستەکەم هەڵگرت، ئەم دیوو ئەو دیوم کرد: ئویف! من بۆ ئەمە دەگەڕام، نایخۆم تا تەواو تەواو دەگەنێ، ژەهراوی دەبێ ئەوسا دەیخۆم، بۆ خۆ بەئارامی دەمرم و هەموو شتێ دەبڕێتەوە.. باشە ئەم ددانە کەلەشم نیشانەیەکی چاکە، دێن و جەنازەکەم دەناسنەوە. پارچە رۆستەم بیر چووەوە، پاش ماوەیەك لەژێر گەردو تۆزدا دۆزیمەوە، لەچەرمی کۆنە پێڵاو دەچوو، زمانێکم لێدا، زۆر سوێر بوو. نەخێر تۆزێکم لێ خوارد، بەلەزەتی وەکو خۆی نەبوو. هەموویم خوارد کەچی نەمردم! سەیرە مەرگیش بەهانامەوە نایەت، دیارە سەری قاڵەو نای پەرژێ! گوێم دەزرنگێتەوە:

- (ژیان سەرانسەر گومان و ترسە، گومان لە ماقوڵیەتی لەدایك بوون. ترس لە مردن.)

مەحاڵە بیرم بکەوێتەوە کە یەکەمجار ئەم رستەیەم لەکێ بیستووە، یا لە کوێم خوێندۆتەوە. یا هەر زادەی خەیاڵی خۆم بووەو ئێستا بووە بەمیوانی ئەم تەنیاییەم. نەخێر مەحاڵە بچمەوە سەری! ئەوەندە دەزانم تروسکەیەك، بەڵێ تروسکەیەکی نامەفهوم هەیە کە هەندێ جار بیرەوەری رۆژگارم لەناخدا دەوروژێنێو هەندێ جار داخ و حەسرەتی شەوگارم لێ دەمەزرد دەکاتەوە. رەنگە ئەمە جۆرە هەستێکی ئاڵۆز بێ. بەڵام بێ بنەما نییە، رەگو ریشەی بەناخی ئینساندا رۆچووە، مەگەر تەنیا شاعیری بەهرە مەند جار جار لێ بەختی یا ربێ و پەی پێ بەرێ.. دەنا زانست و زانایان لەوە خێراترو تەقەڵ شاشترن دەستە مۆی بکەن. ئەو خەڵکە ڤیرسیچمەیە هێندەیان سەر کردە سەرم، تا لە گیانی خۆم بێزار بووم و کونجی تەنیاییم گرت.

بەهەموو بوونمەوە لەگەڵ ئەو ساتەدا دەژیم کە خەڵەف ئەشکەنجەی دام.. لە پڕ بلا چەیەك لەهەردوو چاوم دەرپەڕی. سەرم سوڕا، ئازارێکی بەسوتی لە مۆرەغەی پشتم هەستا، بەرەو خوار داگەڕا. هەستم کرد هەناوم داکەوت، سست و خاو بەناولنگم دا هاتە خوارێ، لینج و بە سوێ وەکو خوێنی ناو لنگی کیژێکی بێ نوێژ هاتە خوارێ. پەلم سست سست بوو.

بە گوتڕە گیرام، بەلام دوای حیساب و کیتابێکی زۆرو بێ مەعنا، سەد خۆزگە بەگوێڕەکارییەکە، باجی خۆم داو لە زیندانی بچووکەوە بۆ زیندانە گەورەکە تەشریفی ناموبارەکم هێنایەوە. گەرام. لە شوێنێکی چەپەکدا، لە ماڵی پیرێژن و پیرەمێرێك دا ژوورێکم بەکرێ گرت و کونجی قەناعەتم گرت. ئەم جووتە کەم بەماڵ دەکەوتن. هەر ڕۆژەی لەماڵە بووکێ، لە ماڵە زاویەکیاندا بوون.

خانووەکە بەدڵی من بوو. داروخاو، ئەم لاو ئەو لای کە لاوەیەکی وێرانە، بەردەمی کۆڵانێکی تەنگ، سەریت بگرتایەو بنیت بگرتایە لەمەترێ پانتر نەدەبوو.. ژوورەکەی من لەسەرەوە بوو. بەسەعات وبەدوو سەعات لەبەر پەنجەرەی سەر کۆڵانەکە دەوێستام، زەق زەق دەمروانی و سەرنجم لەسەر هیچ نەدەگیرسایەوە.

جار جار ڕێبوارێ بە کۆڵانەکەدا ڕەت دەبوو، کەدەگەییە ئاستی ژوورەکەی من خێرا لاتریسکەی دەبەست وخۆی دەدایە ئەو بەر، لەوە دەترسا ژوورەکەم لە پڕ هەرەس بێنێ و بەسەریا بروخێ. ڕەوینەوەی ئەو ڕێبوارە کەمانە سەرنجیان ڕادەکێشام. بزەیەکی ساردو سڕ دەنیشتە سەر لێوم و زوو ئاوا دەبوو. من ژوورەکەم، ژوورەکەم و من، دوو قاپ و کۆنە تەباخێك و دەستێ نوێنی شڕو هەندێ ووردە پێویستی دیکەو بڕێ کاری بێ سەرو بەر؛ وەستان لەبەر پەنجەرەکە، نان کڕینێ، پارە وەرگرتنێ لەباجیم.. ئەمە هەموو ژیانی من بوو.

لەخۆرا حەزم دەکرد هەرچی شت هەیە بەفەرامۆشی بسپێرم، گوێ بۆ هەستەکانم ڕانەگرم، لەدنیا دابڕێم، قێز لەژمارەکان بکەمەوە، خۆمیان لێ دوور بگرم. بەخۆم دەزانم هەر ئەمەش سەرنجی خەڵکەکەی هاروژاند: شێت بووە.. تێك چووە!

جا شێت ئەم هەموو ووردە شتەی لەبیر دەمێنێ؟!

کەعەسرانم لێدەهات لەپەنجەرە چکۆلەکەی ژوورەکەمەوە دەمروانییە دەرێ. نیگام لەکۆڵانە تەنگەکە دەگواستەوە، هەڵم دەمروانییە دوورتر، چمکێکی شەقامەکەی دەستە چەپم لێ بەدیار دەکەوت. شەقامی چی، هەرکە ڕۆژ ئاوا دەبوو، دەبوو بەبیابانێکی چۆڵ و سامناك.. ڕێبوارێکی ڕێبوار ئاسایی بەرچاو نەدەکەوت. هەقی خۆیەتی؛ ڕەشبگیرستانە، ڕەشبگیرستان! تا تەواو ماندوو دەبووم زەق زەق دەمروانی.. هەر دەنگ بوو، ولەکاسەی سەرما دەزرینگایەوە:

ـ تێك چووە..

ـ لەتێك چوون تێ پەڕیوەو تەواو...

ـ ئلغرۆڵە چ خودا بەرداوە تۆ وابی لەگەڵی. چ گوناحێکی کردووە... ئاخر عەیبی، عاری؟ هەر بۆ ئەم تەنیاییەی خۆیشت باشە، هاو دەمە هاودەم!

کرو مات دەبووم، چاوم لەدورچاوی باجیم دەبڕی، لەدڵی خۆدا دەمگوت: دە سەیرکە، ئەوجا نۆبەتی ئەم ژمارە سواوەیە! دەڕۆی یالێت ڕاپەرم و بت سڕمەوە؟!

گەروم پڕ لەگریان دەبوو. بەزەییم بەخۆدا دەهاتەوە. پڕ بەدڵ دەترسام بەرازەکەمی زانی بێ، بۆیە خێرا پشتم تێ دەکردو تەپ تەپ بەقالدرمە داروخاوەکەدا وا دەگەرام، تا ناو کەلاوەکە نەدەگیرسامەوە. وێرانەیەکی زۆر بەسام بوو، بەلام زۆرم لەزەت لەو سامناکییە دەبینی، سامناکییەکی بێ ئەوەیو کرو کپ، لەسامناکیو بێدەنگی جەنازە دەچوو. بەدەم خوتەو بۆڵەوە دادەبەزیو لەبن لێوانەوە دەمگوت:

ـ شێت بووه، کوڕەکەم شێت بووه.

گەر ترسی ئەوەم نەبا دەگەڕێتەوە سەرم و بەپرسیار سەرو دڵم دەگرێ، لەنێو کەلاوەکەوە ڕاست دەبوومەوەو پڕ بەزار هاوارم دەکرد:

ـ نا، نا باجی، شێت نەبووم:

دیوتانە خۆشەویستی بێ بەترس؟ ئەرێ کەی دەبێ بەترس؟ ڕەنگە ئەو کاتە ببێ بەترس کەلەسنووری خۆی تێ بپەڕێ. وڕێنە ناکەم نا! زۆر چاك ئاگام لەخۆیە.. هەموو پاش نیوەڕۆیەك دەهاتە دیدەنیم:

ـ ئاخر رۆڵە عەزیز گیان چ خودا بەرداره تۆ وابی لەگەڵ..

هەستم دەکرد لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدرێم. ڕازەکەم کەوتۆتە موڵەق و هاکا کەشف بێ. دەبوو فریای چارەیەك بکەوم. ئەمرۆکە عەسر کە لەبەر پەنجەرەکە وێستا بووم، لەپڕ بە توندی پەنجەرەکەم داخست، بەپەلە پێڵاوەکانم لەپێ کردو چوومە خوارێ. گێژە گێژ ماوەیەك سوڕامەوە. نەمزانی بۆ چی هاتبوومە خوارێ. لەپڕ وەکو یەکێك قاس قونج بێ سووکێ بەرەو ماڵ بوومەوە. کە لەدەرگای حەوشەوە ژوور کەوتم، هەستم بەسووکە ئارامی یەك کرد. کە بەقالدرمەکەدا سەردەکەوتم تەپوتۆزی قالدرمەکە لووتی زوراندمەوەو دووجار لەسەر یەك پژمیم. لە دەنگی باجیم ڕاپەڕیم:

ـ خێر ئیشەڵڵا.

سەرم سوڕما. خۆ هەر پاش نیوەڕوان دەهات، خێرە وابەم عەسرە درەنگە پەیدا بووە؟! وەکو منداڵ بە رووما گرژی یەوە..

چونکە بەخۆی منداڵی نەبوو، خووی بەمنەوە گرتبوو، وەکو دایکێکی تەواو تەواو لە سەرم بانی بوویەوە، گوتی:

ـ ئۆخەی، ئەوە لەپیاسە بووی.. ئاوا کوڕم ناوە ناوە بچۆ دەرێ وبایەکی باڵی خۆت بدەو.. ئاخر خەڵکی لۆمەت دەکەن .. خۆتۆ شێت نە بووی . خوا خوامان بوو جارێکی دی بەسەلاحەتی ببێتەوە ناومان، ئەوا شوکر..

وەك بڵێ دوو دڵ بێ لە تەواو کردنی قسەکەی، هەڵوەستەیەکی کرد، کەمێك لەفکران ڕاچوو و لەسەری ڕۆیی:

... بەڵکو دەچم بە دوای خاوەرداو بۆت دێنمەوە..

هەرکە ئەو قسەیەم بەر گوێ کەوت، لە پڕ بڵاچەیەك لە هەردوو چاوم دەر پەڕی، سەرم سوڕا، ئازارێکی بەسوێ لە مۆرە غەلی پشتم هەستاو بەرەو خوار داگەرا، هەستم کرد هەناوم داکەوت، سست وخاوو لینج وەکو خوێنی ناولنگی کیژێکی بێ نوێژ هاتە خوارێ، چوار پەل و ناو رانم سست سست بوو.

دەك ولیست پڕ بەزار هاوار بکەم:

ـ نا ، نا ..

دەنگم دەر نە دەچوو. مات و بێدەنگ سەرم داخست. جا بۆ ئەوەی چەپکێ قوڕ بەدەمی ئێوەشدا بدەم و جارێکی دی نەڵێن شێت بووە و دەبزرکێنێ، وە سفێکی خاوەرتان بۆ دەکەم : باڵا

بەرز، گۆشتن، سپیکە لەیەکی خوێن گەرم . لووت بچکۆلە، قژ ئاڵتونی ، چاوەکانی نەختێ نیل .. چ عەیب و عارێکی نەبوو. بە خۆشەویستی خوارستبووم.. هێندە بەیەکەوە نەبووین کەمندا ڵمان ببێ. کێ دیویە خۆشەویستی ببێ بە ترس! ئاخ خەڵەف...

سەرم هەڵبڕی، نیگام لە نیگای باجیم هەڵەنگوت. تەمی خەمێکی سەیر نیشتبووە سەر چاوی. هەستم کرد زۆر تەنیایە، هەرچی دەکا ئەم تەنیاییەی هەڵبڕێژێ. نازانم چۆن زارم گەڕاو لەپڕ گوتم:

- زۆر چاکە ، بڕۆ بیهێنە.

ئەو رۆیی چومە بەر ئاوێنە تۆزو گەرد گرتوومکە، بەدوو دڵییەوە پەنجەم برد وێنەی سێدارەیەکم کرد. هێڵنجم هات:

"کەشتێکی دزێوە" بیرم لەشتێکی تازەتر کردەوە، ئەقڵم بەهیچ کوێیا نەگەیی.

لەدەرگا درا خۆم گەیاندە دەرگاکە کردمەوەو لەجێی خۆم رەقە راوەستام خاوەر بوو! ماندوو دەهاتە بەرچاوو بێ متمانەییو نەباوەری بەسیمایەوە دیاربوو وەژووورکەوت بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی:

- ئێوارەت باش

- ئێوارەت باش..

تۆزێ داماوم و:

- ..بژی!

تا هاتنی خاوەریش چ نیازێکم نەبوو. هاتنەکەی حەپەساندمی دەتگوت بێگانەیەکی هەفتا میللەتیو قەتم نەدیتوەو ناشمەوێ بیدینم ترسێکی سەیرم لێنیشت زۆرم لەخۆ نەکرد با بەئاشکرا دەلەرزیم دانیشت، لێی چوومە پێشەوە، دەستم بەقژیا هێنا.

چەشەو ماسیم بیرکەوتەوە: سەیرە گیانلەبەران بەمرۆڤیشەوە بێ ئەوەی بەخۆ بزانن ئەو هەموو پەلەپەلەیان بەپیرە چوونی مەرگە.

لێکدا لێکدا دەستم بەقـژیا دێنا. دەستم لەلەرزین نەدەکەوت لەپڕ چوومە بەرهەیوانەکە، راوەستام، ترسەکەم کەمێك رەوییەوە، هێزێکی سەیرم تێکەرا. مێشکم دەنگ دەداتەوە: هاوەو ماژەی چەمەکەی لەمەڕ خۆمە!!

لەنکاو قالەی کۆنە هاورێم بیرکەوتەوە رۆژێ ئالێرەدا پێکەوە راوێستا بووین ژنێکی باڵای سووروسپی قژ خورمایی لەشەقامەکەوە دەهات... گوتی:

- تەماشا، تەماشا مامۆستا چ پارچەیەك هات!

- توخوا وازم لێ بێنە

- ئەمە چییە عەزیز، دەڵێی پیاونیت: توخوا پیاو هەیە بۆ ئەو پەرییە نەبزوێ..

هەرکە گوتی: دەڵێی پیاو نیت! تاسام مت بووم. پاشان وەکو میشەکە شێتە چووم بەئاسماناو گوتم:

- بۆ پیاو نیم!..

کەمێك داماوم و بەکزییەوە گوتم:

-.. لەهەموو کەسێك پیاو ترم.

- ئەدی بۆ ژنەکەت نایەنیتەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

**کەمێ بێدەنگ بووم، لەدڵی خۆمدا گوتم: بەزاتی خوا لە بنی کولەکەکەی داوەو رازەکەمی کەشف کردووە. ئەو قالەیە بەشەرت، زۆڵی وەك خۆی نەبۆتەوە.**

**لەپڕ دڵم داخـواپـا، بەپەلە گەرامەوە ژووری خاوەر بە دەقی خۆیەوە دانیشتبوو غووربەتێکی سەیر نیشتبووە سەر سیمای کەوتمەوە دەست هێنان بەژێ دەستم دەلەرزی دەم ویست ئەم لەرزینەی لێببرم هەردوو دەستم نایەبینی خاوەر، بە حاڵ خنکە خنکێکی لێـوە هات، تا دەستم زیاتر دەلەرزی، زیاتر لە گەردنیم توندو توندتر دەکرد. چاوەکانی ئەبڵەقــە بوون، کەف کەوتــە لالغــاوەی، زمــانی شۆڕ بۆوە. نەم دەویـــرا بەری بدەم بەدەستمەوە سارد بۆوەو تەپ کەوتە سەر ئەرزەکە لەدڵی خۆدا گوتم: ژمارەیەکی دیش فت، بڕۆژ ئۆغرت خێر بێ، باش بوو بەرازەکەمت نەزانی.**

**سست و خاو ئەمجا بێ ترس چوومە خوارێ. روانیمە دەورو بەرم بەنیخە نیخ بەردی سەر بیری ئاو د،ستــەکەم لابرد، بە پەلە سەرکەوتمەوە، جەنازەکەی خاوەرم هەڵگرت.. خستمە بیری ئاو دەستەکەوەو سەرەکەیم نایەوە. چووم تاوێك لەکەلاوە تاریك و نوتەکەکە دانیشتم دەنگێکی سامناك و بەگلەیی لەگوێم دا زرینگایەوە:**

**ـ غەدار خۆ تۆش نەت کوشتبام هەردەمردم ئیدی بۆ...**

**هەستێکی سەیر دایگرتم هەر لەپەشیمانی دەچوو بۆیە خێرا خێراو لەبەرخۆوە دەمگوت.**

**ـ خەمت نەبێ، شوێنەکەی تۆ گەلێ لەمەی من چاترە بۆ خۆت بارسووك و سەر سەلامەت، نەشادی، نەخەم، نەپێکەنین و نە گریان و نە...نە....نە.**

**نازانم سەعات چەند بوو. پێ‌دەچوو درەنگ بێ چوومە سەرێ لەسەر جێگاکەم راکشام لەپڕ لەدەرگا درا، دەرگام کردەوە باجیم لەبەردەممدا قوت بۆوە:**

ـ عەزیز چۆنی رۆڵە.. ئەدی خاوەر کوا؟

مێشکم کاس دەنگەکە بوو:

ـ.. هەی غەدار خۆ تۆش..

باجیم بەدەنگێکی خەمگین دووبارەی کردەوە:

ـ ئەدی خاوەر کوا؟

هەر هات بەدەمماو گوتم:

ـ رۆیی.

ـ ئەیەرۆ بۆ کوێ؟

ـ نازانم، تۆزێ دانیشت و رۆیی.

ـ باشە نەی گوت بۆ کوێ دەروا؟

ـ نەء..

ـ ئەیەرۆ، ئەدی بۆ هێشتت؟!

دەنگەکە هەر بەردەوامە. وەکو چۆن مێشێکی لاسار لەسەرو چاوی خۆ بتارێنێ بەو شێوەیە جار

جار دەستم هەڵدەتەکاند باجیم هەر وەستابوو، بەبێ تاقەتی‌یەوە گوتم:

ـ خۆ من پۆلیس نیم.

پێم وانـەبوو باجیم تێ بگا چی کەس لەکەس تێ دەگا تا گلەیی لەو بکەم: نیگا حەپەساوەکانی سامناك دەهاتنە بەر چاو.. پشتی تێ کردم و ڕۆیی چوومە بەر پەنجەرەکە نیگام لێ گواستەوە تا لەتاریکی کۆڵانەکەدا نقوم بوو.

لەبەر پەنجەرەکە لاکەوتم نۆقرەم لێ برا پرسیاری بێ وەڵام سەریان ژەنی‌یە ناخەم دڵی خۆم دەدایەوەو دەمگوت: دەڵێن جەلاد هەست بە هیچ ناکا، دەروونی شێلو نابێ، ناخی ناو ڕۆژێ کەواتە من جەلاد نیم! دەی عەزیزە نافەتی خۆت بخەڵەتێنە تا حەز دەکەی خۆت بخەڵەتێنە، لەمەش وەرز دەبی.. کێ دەڵێ لەغەفڵەتێکا تاڵە مووەکەت نەپساندووە!..

ئێستـا بێـدەنگی‌یەکی سامناك باڵی بەسەر تێکرایی بوونما کێشاوە. چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکا دەرەنگە، ئەوا، ئەوا.. هەست دەکەم لەدایك بوونەوەم مەحاڵە، بەخۆوە جەڕ بووم... لەخۆ بێگانەم خوا خەڵەف بگرێ گەر ئەوشەوە بەرێکەوت لەبن دەستیا دەرنەچووبام ئێستا هەر ئێوەی ژمارە، بەنـای نەهـەقە ناوتان دەنام قارەمان.. ڕاوەستن، ڕاوەستن حەز دەکەم ئەم ئیعترافەش بکەم، هەرچی دەکەم لەمەداری ژمارە دەرناچم.. بەڵام من وەعدم داوە، کە بووم بەژمارە خۆم بسڕمەوە، قەت دەرۆزەی ئەوە نەکەم یەکێك لەڕاهی خۆی بم خوێنێتەوە.... بۆیە لەسەر وەعدی خۆمم و وەکو دوپشکی بێ مەفەڕ بەتەپڵی سەری خۆوە دەدەم و....

١٩٨٣

# دو دڵ مەبە

نالە حەفید

ئەو شەوەی دایکت ژان گرتی‌و
لەبەر تەقە نەیان وێرا
سواری کەن بۆ خەستەخانە
گەماروی چوار
د لداری ئەو خاکەی تۆیان دابو.. سەرباز
بەیانی زوو
لەگەڵ فرەی سەمونخانەی
لەو دیوەوە داخراوا
هەواڵەکە دای لەدەرگای
ماڵ بەماڵی هەژارەکان
وەکو ڕەش و سوری گوڵاڵە
بون بە دووانە
زەردەخەنەو قوڵپی گریان.
تۆ نەت دیووە
شەقامی بێ ئینزیباتت قەت نەدیووە
لوتکەی بەرزی
بێ سەربازگاو
ڕێگای پانی
بێ کەلەپچەی کۆنترۆڵت قەت نەدیووە
بەبێ تانەی بنکەی ئەمن و ئیستخبارات
چاوی شات نەبینیووە
لەگەڵ دەمێك دانە نیشتوی
نەبوبێتە بەندیخانەی زمانی خۆی
یاساوڵێك دڵی گرتوی
لەکوێ بیت یان بۆ کوێ بڕۆی.
کەبویت دەستت بازنیکی خنجیلانەو
کەگەورەش بویت
مەچەکەکانت کەلەپچەو
ملت پەتی ڕژێمیکی پڕ کردەوە.

دوو دل مەبە
دەرگای ماڵ و قوتابخانەش کەلەپچە بێت
توکی سەرت یاساوڵ و
بست بەبستی ڕێگاکانیش قەدەغە بێت
دوو دڵ مەبە
ئەو خاکەی تۆی هەڵ هێناوە پیستی لەشتە

# ئاسان نیە
# مرۆڤ ڕاست بێ و بیەوێ بژی

هەموو باسی ئەوە ئەکەین کەئەی بینین
درۆزنەکان
چاویان لەوانەیە ڕاستن
ڕاستەکانیش
چاویان لەوانەیە درۆن.

★

درۆزنەکان
بەدەستێکی بۆیاخ کراو
شتی ڕاستیت پیشان ئەدەن
خەڵکی قوڵاپ
تەنها بۆ ماسی هەڵ نادەن.
لەگشت کەسێك زیاتر ئەمان
پێویستیـان
بەباسی ڕاستی کردنە
پیشەیان هونەری لەخشتە بردنە.
ڕاستەکانیش
بەدەستێکی ڕاستەقینە
دروستکراوت پیشان ئەدەن
تۆش بەو چاوە کزانەوە
تەنها دەستەکە نابینیت
ئەوەی باسی ڕاستی و داد وەهەژار ئەکات

هەواڵنامەی کتێب



بەژمارە زۆرە بەلام
ئەوەی باسی درۆ ئەکات

بەپەنجەی دەست دەی بژێریت
ئەمانە لەفانۆسێکی
بەر رەشەبای
دەستی ژنە جووتیارێکی هەژار ئەچن
وێلە بەدوای بەرخولەیەکی ون بودا
لەدەمی گورگی دەربێنێت.
لەشقارتەی
ناو گیرفانی
رێبوارێکی بەر رەهێڵەی باران ئەچن
هەر پێش ئەوەی دابگیرسێن دەکوژێنەوە
بەلام نامرن لەسەد لاوە دەردێنەوە.

★

بەئاسانی هەر چوار دەوری خۆت ئەبینیت
بەلام زەحمەتە چاو بڕکات
ئەو چوار دەورە دورو درێژە
بۆ کوێ ئەروات؟
ئەو کەشتیەی تۆ سواری بویت
بەچی دیارە
بۆ ئەو جێگایە مل ئەنێت
لەسەر بلیت و پاپورەکە نوسراوە؟
بەو ماسیانە ناتوانین بڵێین ماسی نین
بەلام ناکرێت
لەڕاوچیەکان گومان نەکەین.
ئاسان نیە.
مرۆڤ ڕاست بێ و بیەوێ بژی.

# لەبزێرین



گەواڵە هەورێکی تووڕە
لە چاوەکانی خانووە دەگرمێنن

ڕێژنە بارانی ڕق و سۆز
دەشتەکان
چیاکان
د متەنێننەوە

ئاسمان
لە مەرگی ناوەختی ئەستێرەکان
ڕادەمێنێ ...

ترۆپکەکان
کانی‌یەکان
دەوەنەکان
بە بەرگی غەم و شیوەنیان
کفنی ڕەشی وەرزەکان دەپۆشن

بڕیاری شاه
مەرگەو لە دایک بوون
لە عاستیا تۆقیوە ..

خانۆ بریندار
قەڵاشەکەت
چاوەکان بێدار
قوڕگەکان تێنوو

فرەیدوون سامان

هەواڵنامەی کتێب



بەم شەوە سەختانەش
چراکان خامۆشن و
گۆرستانیکی مات و بێ دەنگ
حەپە حەپی سەگ
ترپەی شەوگەڕ
تفی سەر بەرەو ژوور
چێژی خیانەت . . .
چەشەی مردن . . .
لاوکێکی بێ سەرەتاو کۆتایی
لە قورگی خانۆوە هەڵدەقوولێ ،

قوربان . . .
بە شوێن هەنگاوەکانت دەگەڕێم
بۆنی دارو بەردی دمدم دەکەم
ئەو کێوانەش،
وەک بەرەڤانەکان بریندارن
هاتووم بتکەم بە ڕووگەی نزاو
تێ ڕامانم . . .
هاتووم لە نێو لەپی زێڕینت
بەختی خۆم و
گەلەکەمبگرمەوە ! ؟

# کێو لەگەڵ کێ؟

موحەممەد ڕەمەزانی

شەپیووری شەڕیان لێدا. شۆڕەسواری زرێپۆش بەشمشێرو نێزەی دەستیانەوە هێرشیان برد؛ بەڵام، ئەم پرسیارە وەك پۆلێ ژەنگەسوورەی هارووژاو لە مێشکیان هاژەی دەهات:

– دوژمن کێیەو لە کوێیە؟

هەروا سەریان پێوەنا. ئەسپەکانیان لە زەل [illegible])ا

کلکی ئەسپ هەڵکەندران و بوونە شەیپوور. دەستیان برد بۆ زینی ئەسپەکان. زینی ئەسپ دەست بەجێ بوونە دەهۆڵ. ئەمجار لاقی ئەسپەکانیان کێشا. لاقی ئەسپ بە دەستیانەوە هات و بوونە قوڵە گۆچانی دەهۆڵ کوتان. ئەسپەکان نوقم ببوون و تەنیا گوێچکەیان [illegible] بەدەرەوە بوو. گوێی ئەسپ هەر ئەوەندەی ئەمان دەستیان بۆ برد، هەڵکەندران و پان بوونەوەو بوونە سنج. ئەسپەکانیان لەبیر چووە. گوتیان: «وەرن با بەهێزی مووسیقا شەرکەرەکان هان دەین.» لە شەیپووریان توورانەدو لە دەهۆڵیان دا و سنجەکانیان لێك سرەواند. لەپەستا لە زەلکاوەکەدا ڕۆدەچوون. پرسیارێکی دیکەیان بەمێشکدا هات:

– بەم مووسیقایە کێ هان دەدەین و کێ بەگژ کێ دا دەکەین؟

بەڵام زانیان پیاو لەزەلکاودا پرسیاری هەبێ یا نەی بێ، گرینگ نیەو چارەنووس هەر ڕۆچوونە.

دەست نوێژی هەڵگرت. لە گوێی ئاوەکە ڕاوەستا. دەیویست نوێژ بکا. بەڵام هەرچی کرد دینەکەی وەبیر نەهاتەوە

– ئەرێ من لەسەر چ دینێك بووم؟ لەدوورەوە، لە بەری ئاو، مزگەوتێکی دی، گوتی:

– ڕەنگە من موسڵمان بم و نوێژ لە مزگەوت دا بکەم. بەسواری لۆتکە، بەرەو مزگەوت کەوتە ڕێ. مزگەوتەکە هەتا نزیکتر دەبۆوە، بچووکتر دەبۆوە. کاتێ دابەزی، دیتی مزگوتەکە هەر هەتا ئەژنۆی دێ، گوتی:

– هاوار، من چۆنم لێرەدا جێ دەبێتەوە؟ بەدڵ شکاوی‌و بە هیوایەکەوە ڕوانیە ئەوبەری ئاو. کلیسایەکی بەدی کرد. گوتی:

– بێت و نەبێ، من خاچ پەرستم و نوێژ لە کلیسادا دەکەم.

سواری لۆتکەکە بۆوەو رووی کردەوە ئەوبەری ئاوەکە. کلیسا هەتا لەم نزیکتر دەبۆوە، چکۆلەتری دەنواند. کە گەیشتە سەر کلیساکە، دیتی تەنیا بەقەد هێلانە چۆلەکەیەك دەبێ. گوتی:

- هاوار، من چۆنم لێرەدا جێ دەبێتەوە؟
ئێستاش لەسەر ئاوەکەیەو بێلی لۆتکەکە سەوڵ دەداو خەفەتی ئەوە دەخوا:
- دەترسم پەرستنگایەکم گیر نەکەوێو نوێژەکەم بچێ.

# گاڵتە

ڕۆژێ، کوێرێ، دەست لەسەر شانی چاوساغەکەی بە شوێنێکا ئەڕۆیشت. بەهار وڵاتی بەگوڵ ڕازاند بۆوە. بەڵام چاوساغی منداڵکار هیچ کام لە جوانیەکانی سروشتی نەدەدی، چونکێ کوێرە پەیتا پەیتا تێیەوە دەژاند: «خێرا برۆ هەتیو!» لە چاوترووکانێکە، چاوی کوێرە بینا بووو چاو ساغی بەسترمان کوێر بوو. کابرای کوێر ڕۆژێ ڕووگەشی بە ئاسمانەوە دی کە چەند پەڵە هەوری ناسک بەدەوریا سەمایان ئەکرد. چاوی بەلقی دار کەوت کە ببوونە لانکەی خونچە گوڵ و ڕادەژان. ترسی لێنیشت و ئەمەی بەمێشکا هات:
- دیتن و ڕوانین بەشی من نیە. بێتوو بزانن چاوم دەبینێ سواڵم نادەنێ. من دەرۆزەگەری نەکەم، ناژیم. کە چاوم بێ، لەبرسا دەمرم.
بەپەلە چاوی قووچاندو بەرقەوە مستێکی لە شانی کوێر کێشەکەدا. چاو ساغی هەژار هەر نەیزانی چاوی کوێر بووەو شەقاوەکانی توندتر کرد. ئێستاش هەروایە پرتاو دەرواو وادەزانێ چاوی دەبینێ!

---

**کاک محەممەدی رەمەزانی**

**١- ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی - ١٩٦٠ز - لە شاری بۆکان لەدایک بووە**
**٢- سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشارەکانی بۆکان و بانە و مەهاباد تەواو کردووە.**
**٣- ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی - ١٩٨٨ز - بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لەتاران تەواو کردووە.**
**٤- ئەو کتێبانەی لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەی کردوون بۆ کوردی:**
**ا - شکست و پیروزی - پیکاسۆ.**
**ب - ژیانی هانری ڕۆسۆ - ی وێنە کێشی فەرەنسایی.**
**جـ - سنعەتی شووشە.**
**د - سیاسەتی چین لە ئاسیادا.**
**هـ- ڕۆمانی ج - جان بیرگر.**
**ئامادەی چاپ:**
**و - ڕووداوێکی ئێجگار ناخۆش - دەستوفیسکی.**
**٥- ڕۆمانێکی کوردی - یشی نووسیوە، بەناوی: (زوخاڵ).**
**٦- ئێستا لە زانکۆی ئازاد - ی ئیسلامی، لە بۆکان دەرس ئەڵێتەوە.**

# گڕوگاڵی وجود



جمال غەمبار

بۆ بەشێکی / هەرە/ ئازیزم .../
پارچەیەکی/ ژیانم / (( ڕوزا )) ی /
کچە/ تاقانەم ، / پیشکەشە..../

° پێش / لە دایک بوونت °

سێبەری/ نەرمی ،/ کەزیکم/ وون کردبوو ..
باڵندەی خەو ،/ پشکۆی/ چاومی/ جێ هیشتبوو ،
بەدووی پەنایی ،/ پاساری
کاسەی/ قورسی ،/ سەری وێلم هەڵگرتبوو ..
نیوەی ڕۆحی ، شەکەتمی تیا بشارمەوە .. !
بە دیواری هەرەس بردووی ،
چەشـــەی گورگانـــــی شـەوە وە ،
سەوز بوونی ، گریانی وشکی سروشت و
خاکی دەروونـی خۆم بینـــــــی ...
بینم ، فرمێسکی ئەو شەوە
لە ئاوێنەی زەردەخەنەدا ، ئەیەوێ
بەلیکی زەردی تەمەنی گورگ ، پێ بکەنێ !
من گەرام و ،
لافاوی گەرمی سەفەرم ، غەرقی کردم !
لە سەر تویژاڵی سەر پشتی ئاوێ ، گیرسامەوە ..
بوومە برینێکی گەورە ، ئاوم تووشی وەرەم کردو
پاساری وام بە دیی نەکرد ...
دەرگای سەفەرم داخست و
سەر لەپی خۆم ، کردە بانێژەو پەنایی !
تیا هەڵکورمام ...

+ ئێستا ، بەژنی چکۆلانەم ، لە سەر دەستمە ..
بەرە و ئاسمان ، پەنجەی بەرزم
لەو سەرەوە ، نەویی ئەکەم ..
درکی هەور ، خوێنی پەنجەم نیشان ئەدات ..
گوێم لە چرپەی ئەستێرەکانی ژوور سەرمە ..
گلەیی و راز ، لە بێ دەنگیی ئاسمان ئەکەن ،
لە دەلاقەی ئازارەوە
کزنوش بۆ ئەوینی گەورەی، یەکتر ئەبەن
رەژوو ، بە هەنیەی گەردوونا دێنن
وەک من ، دووپشکی هەراسانی
ژەهر ئەرێژیتە پێستی ئارام بوونی
مێشکیانەوە ..
وەک جاڵجاڵۆکەی ماندووی دەروونم ،
تەونی ئەوینی (( ئافرەتی )) ئەچنن ..
هەراسانن ... نیگەرانن ..
وەک من بە دووی ، ساتە خەونێکا ئەگەرێن ..
بەفری ژانی ، رەش کاتەوە
ساتە خەونی ، زەنگی هەراسنییم کپ کا .. !
* * *
من و ئەستێرەکان ، نەخشەی
زامی بۆ جەستە ئەکێشین..
کەچی کۆتری ئارام بوون ،
ساتی دەنوک ، ناژەنێتە
جێگە زامی هیچمانەوە ...
* * *
چی ی لەم ئازارە سەختەم ، کەم ..
بۆسەر شۆستەی
هەر ئێوارەیەکی تەم گرتوو ،
تووری هەڵدەم ٥.
بۆسبەینێ ، مناڵانی ( مەیانەکەی سلێمانی )
لە گەڵ ( عەلاگەی نایلۆنا )
هەر بەخۆمی ئەفرۆشنەوە .. !
* * *
ناو لە پێ وشک و بێ خوێنی خۆم جێ هێشت و ،
بۆ پێ دەشتی سپێدەیەکی روناکتر ،

شۆر بوومەوە ...
تای زەردی بەرە بەیانم لە چاو گرت ..
پشکۆی چڵ و چێوی شیعرم ، کۆکردەوە ،
وشەیەک ، حەرفێکی ناسک
دادی جگەری سووتاومیان ، بۆ ئەم عەشقە ،
لێ نەپرسیم ..
سەرم خستە نێو چنگی تۆ ،
چاوم بەخشی بە هەنگاوە سستەکانت ..
تۆش لە گەڕانی بێ پەراوی ، دڵ و چاوتا ،
پریاسکەیەکی چڵکنت ، خستە دڵ و دیدەمەوە ..
+ هەنوکە ، پریاسکەیی شل ، لە دەستمایە ..
ئەیکەمەوە ،
نیوەکەی تری روحی خۆم ، ئەدۆزمەوە ..
دەمی ئەگری ... دەمێکی تر ، زەردەخەنەیەک مێوانی
لا ڕی یەتی و
بەدەم گریان و پێکەنینەوە ، بالۆرەیەکم بۆ ئەلێ ،
o(( بەهاری ئەوەلینم بوو ..))
بەژنی خۆمم ، خستە چاوی چەمێکەوە ،
هاژەی دڵمی ، لە سووتانا ، بە دیی ئەکرد ..
چەمێ بوو ، زوو بەوەی زانی
جۆگەی چاوەکانم لێڵە ..
ویستم بخنکێتم ، نەسووتێنم ..
ویستم شەپۆلە سپی یەکان ،
سنگم لەت کەن و، نەسووتێنم ..
کەچی ئەوان ، سەمایان بۆ ،
برینانی نیوە شەوی ئێستام ئەکرد !
ویستم ، بخنکێم ، نەکەمەوە
ژێر هەرەسی بارانی ئەم
ئاسمانە روخاوە وە و ،
گـڕی سووتانـــــــی بێ وادەم ،
بە دیی نەکەم ...
قولنگی ویست و ئارەزووم ،
لە زۆر کەپکەشاخان ، گیر کرد ..
گەرد و گوڵی ، زۆر سپیدەم ،
بە ئارەقەی شیعر ، تەر کرد ..



ساوای زۆر خەرەندە و لا ریم ،
خستە پێرەوکەی بوونەوە ..
کۆڵەوژی زۆر ویستی خۆم ،
لە کوا نووی ریگەکان ، وەر ، دا ..
زۆر شتم ویست .....
کەچی دوکەڵی ویستی خۆم ،
خنکاندمـــــی ... ! !

*   *   *

(٥) دوای لە دایک بوونت (٥)

کچم رۆژاکەم ...
بۆ خۆت ئەدەیتە بەر بارانی ترس .
خۆ تۆ ، نە لوورەی گورگانی برسی ، نیوە شەوانی ئەناسیتەوە و
نە مانگە شەوی دەم (( حوزیران )) یت
گوێت لە سەگوڕەی دەرماڵەکەم بێت ... !
چەشەی نامۆ بوون ،
نەزاوەتە سەر ، زمانی عومرت ..
لە چی ئەترسیت ؟ !
وا هاژەی خەفەت ،
تێکەڵ بە دەریای وجودم ئەکەی ؟

×   ×   ×

ئەی رۆژاکەم ..
چەمی نیگەرانی ، لەم کەونەی وا ، هەرەس دێنێ ..
بەم خاکی رەقی تەمەنەی من ئاشنایە ..
قەلە رەشی ترس و گومان ،
لە مێژە بۆتە میوانی درەنگ وەختەی
بەر ئەم کوختە ..
نامۆ بوون ، میوانە و
" میوانی درەنگ وەختانی شەوی ،
گازەندە و گلەیی ، بە ملی خۆی .. ))
سەر خوانی من ، جگەری برینداری پیاویکە ،
گ بەردی بناری دلی ،
لە غوربەتی شەوانیکا ، بالیفیتی و
وەرس بوون ، سترانی رۆژی .. !

بۆ لەتێ نان ،
دەستبە چاوی‌رەشە بای برسێتیی تۆوە
ئەگوشیت و
خەمێکی خۆش ،
لە دڵیا بۆ چاوەکانی ، تۆ هەڵئەگرێ
ئەی رۆزاکەم !

× × ×

روزا ، کچە غەمگینەکەم ..
ئەسپەکەت گوێ ی ، بەرەو کام هەواری تاریک
قوت کردەوە ،
تۆ قەرەوڵی نیشانەت ، بنێ سەری !
زەمەن ئێستا ... پەڵە هەورێکی تاریکە ،
لە دالانەکانی هاوینی عومرا ، بۆ خۆی ئەگری
بەقا ، نەکەی ..
من وا دروێنەی خۆم ئەکەم ..
پەڵە گەنمی ئەم خەونەم ،
بەدەم شنەی سۆز گرتنی ئەمشەوتەوە
کەروێشکەی گەرمی خۆی ئەکا ..
مل ، لە داسی زەردەخەنەی
فرمێسکاوی تو هەڵئەسوێ .
من وا دروێنەی خوم ئەکەم ،
لە کام گۆرەپانی مێژووی ،
عەشقی بێ چراو هەتاوا
پەیکەری وا ، دابرێژم ،
سینبەرەکەی گەواڵە بێ و



ئەم گڵە وشکەی دەروونم
بکاتە بنی دەریایەک ،
نە هەنگی ئارام بوون ، چاوەکانی تیا گەرم ئەکا !
رۆزا بتخەمە سەر باڵی ،
کام سیمرخی درۆی زەمەن ..
گەورەکانم ... قیبلە نومای درۆی زلیان
خستە دیدەی کەشتیەوانی تەمەنمەوە ..
من .. نە پردی درۆی سپی ،
نە درۆی رەش



هەواڵنامەی کتێب

بۆ پەرینەوەی سەرنجت ، هەڵنابەستم .. !
ڕۆژا درۆی چیت بۆ بکەم ..
کێ چیرۆکی گەرد لێ نیشتووی
چرکەکانی تەمەنی خۆی ،
خستە بەر بارانی سپی . ،
لە پارچە کاغەزی ڕەشا ..
حەقیقەتی عەشق و سووتانی دۆزیەوە
خستیە بەر دەمی سروە با و
دیدەی خۆیی پێ بەرێ خست ...
کێ پووشی درۆی سووتان و ، خۆی نەسووتا ـ
کێ زستانی مەینەتمی لێ وەرگرتم ،
چنگی پشکۆی بە سەر لاشەکەما وەراند
لە زەماوەندی مردنما ، سەر چۆپی گرت
پایزانی ، لە سەر گڵکۆم
ئەرخەوانیکی بۆ چاندم ..
دەرگای گۆڕ و گۆڕستانی ترازاندم ..
ئەوە ڕۆژ ژمێری دڵ و ،
مێشکی منی لە باخەڵە ..
ئەو ئەزانێ ، گەوە و دوندی چیای
ڕۆژو شەوانی من
چەن گوڵە ئەستێرەی عەشقیان
تیا ڕژاوە ...
ڕوزا ، دەوەنی ڕوژانی عومرت ،
کە بوو بــەدار
پیش ئەوەی دەواری هەڵدەی ،
دەستت بخەرە سنگمەوە ،
کلیلی وا لە دڵمایە
سنووقی شیعرو ، زوبانی دایە و بابەی پی بکەوە !
ڕوزا ، دروی چیت بو بکەم ..
بتخەمە سەر ، باڵی سیمرخی کام درۆی زلی تەمەن ..
گەرچی کرنۆش بۆ گەورەیی ڕوحم ئەبەی ،
من بچوکتم ، تۆ سەروەرمی ..
هێشتا ڕەنگی درۆی گەورەت نە ناسیوە ..
تۆ گەورەمی ، من بچووکتم ..
گەوردم ڕوزا ، ..

هەناسەی ئەم ، مامزی سارای ئەوینەم ..
بە ئاسمانی چ رۆژێکی تۆ بسپێرم
ئەستێرەکانی کام شەوت ، بۆ دابگرم
لە کانیلەی کام بناردا
دەستەکانم ، لە مرواری زەردەخەنەکەت
تژی کەم !

ئەشکی ئەو چاوە شینانە ،
کە بەر ئەبنەوە ، ئەشکێن ، وەکو ئاوێنەوی
بەختی ئافرەتی !
بەردی نەفرەتی بەر کەویٚ ..

رۆژا ، گەورەم ...
کە پەرەسێلکەی سەرنجت ،
خۆی لە شووشەی تەزیوی ناخم ، هەڵئەسوێ ..
وا هەست ئەکەم ، هەموو روژی
ڕەنگی شیعری ، کلیساکەم ئەلەرزینیٚ ..
لە خوینما لە بری مەسیح ، مریەمیٚ خۆی لە خاچ ئەدا ..
رۆزا دروی چ‌ت بۆ بکەم -
بتخەمەسەر ، باڵی سیمرخی کام دروی
زلی تەمەن .. !

سلیمانی کوتاییی
١٩٨٩

# تاوسی سپی



هاشم سەراج

**دەیانا**

مشمایەکی زریزەداری قاوەیی لە بەر دابوو
لە بەر دەم دوکانی ئەلەتریک فرۆشی
شەپۆلە تیشک دەیشۆری یەوە
شەری گلۆپە سیفری نێو جامخانەیە - دەروون -
رەنگی پەرچەمی خۆر تۆقینەری
ترووسکە شیعری تێگرتم
هەر ئەوەندەم لە بیرە و بەس
چشم بە خەیالا نە دەهات
(( تازە کار لە کاری ترازا ))
نسکو ئەنجن ئەنجنی کرد بووم
ئەی چارۆگە تەمی دەیانا
خەنجەرێکی ریشوە ئاوریشمینە - خەفەت -
ئێستەش لەت و پەتم دەکات ..
دەبموروژێنە ئەی ساتە وەختی ئاسوودەگی
ئاگری شاوەتی خانەدانی و ئێستاتیکا
شەو تەواو نابێ سپێدەش بە گمژەیی دی
ئەی ژەنگە مێروولەی کۆنە شمشێری بەهرە هەڵوەری
شەختە بەندی دەریا دەروون تێکشکێنە
ئەو بارستاییە مەرگئامیزە لە تەکمایە
بە جانتەیەکی قەترانی یە وە بازانە دە لەنگی
منی توخمی بارەش و پەتاسپێلکەو نەعرەتە
بیر لە سێبەری بە فر رەنگی دۆزەخنشینی دەکەمەوە و
بۆم دەسەمۆ نابێ
منی پاشە بەرەی شیلەی سێوە لا سوورە
دوگمەی کراسم ترازاو ، گۆرەوییەکانم چڵکن و
ئەژنوم دەلەرزن ..



بەخۆ بە خاچێکی کریستالی یە وە
هێدی هێدی لە نێو فەریکە ڕۆنی جەستەی
سرووشتا نغرۆ دەبم
لەم نێوەند سەمەرەیە چ هەیە ؟
(( ئەمێستا  دەروونم نیگەرانە ، چ بلێم ؟ ))
هێندە بە کش و ماتی
لە نێوان حەشاماتی رەشە وولاخ و جۆگەلەسیانی خەلووزی
و بۆ درینی ماسییە لینجە کانا ..
هەزری کریستالی شەکەتی کردم
پشوومان دا
مەریەمی کیژۆلە ـ میعدان ـ
بە بزەی لێوە خالکوتراوەکەیەوە ئاگری تێبەردام
بە پۆشاکی رەشی  بریقەداری بەری یە وە
تەنووری جۆش دا
چەنی لاواز و بنێش گیانی سەماگەردانیەتی
ئێوارە وەختان ئاگر لە پووش و تەپالان جوانە !
شێت هەلگەرام .. هەستی مەرگ بمووروژێنە
ئەم خودە زەرد باوە ، ئاگر رەنگە ، کات لە بەین دەچێت
زۆر لە قاقام دا ، چاوەکانم رۆندکیان تێزا
چەند دانە ماسییەکی سوورەوەکراو
بادی یە پەتاتەیەکی جنراو
جوانی و چەپەلی
خۆشگوزەرانی و چەپەلی
لەززەت و چەپەلی
بسوزێ ئەی لەتە دلی هەمیشە کەیلی خەمۆکی
مردن لە ئێوارەدا
مردن لە سپێدەدا
چ رادەگەیەنێ ؟
جانتایە خەفەتێکی سیایە ئەم لەشە خوزی رەنگە
منی تارمایی لە ئاوێتەیەکدا دەتشارمەوە
ووردە نەینوکن ئارەقەی گەردنت
دەرژێنە سەر سنگ و مەمکەکان
بەفرستانیش شەبەقی بە خولە کەوای
مردووان خەفە کراوە

ئەی تاووسی سەوزەلی بە چاو خەوالوویی جوانی
دە هەڵسە بەو لەنجە و لارەوە ری کە
هەتا خاکی ژێر پێت کۆتایی پێ دێ
مەرگ و ئاژاوەش مۆڵەتی تاقە خەڵوەتی نادەن
لە ژێر ئاسمانی بەستیر رازاوەدا
بە کەسیرەیی هەنگاومان دەهاوشت
ئەی هێزی رەها
(( هیلان و هیلین )) م بپارێز
کەفرستانی میدۆزایە / ئابلۆقە دراوم
شرە داهۆلەکانی کێلگەی رۆحیشم
پەلە پەلە سووتاون
شێوەکان لە یەکدی ناکەن
لە ژێر ئەم قوولە زەردانە و ئەپارتمانە ئاسمانیانە دا
بیر لە چی دەکەیتەوە ؟
ئەی مرۆ رەمل لێدە
مەرگەهی زیندووانە
حەشاماتیش بە گرمۆلەیی لە بەین دەچێت
سەرەتایەکی ئالۆسکاوە .. تەماشای چ بکەم ؟
بە رازاوەیی لە ئامێزم کرد / ئەو سپیپاتە
ئۆفیلیا تاووس لە دەریاچە شیریکدا مەلەی دەکرد
شەوانە مازووەکانی نێو فەخفووری باوەشی زێتر دە بوون
مەرگ بە درەوشاوەیی پێشوازیمان لێ بکات
بەلەز لا جانگیم ماچ کرد
چ برینێکی ئاڵە /
بروام نە دەکرد ئەو کانیلە زەخمە
بە تۆپەلە بەفری سارێژ بکرێت
هیندە بە قەشەنگی هرزە چەوتەکانی رووە و روخساری
گەردوون دەر دەبڕێ
جۆگەلە شیرێکی ئەفسووناویش لە پووز و بەلەکی دەهاتە خوارێ
تارمایی چاکترە لە هیچ
دەوەرە لە نێو شیلەو کەفاوی تاقە سێویکدا
خێوەتی جاویدانەمان هەڵدەین
خەریکە لە بەین دەچین
کاتیش لە ورێنەدا ئەندیشاوی یە
ئەمێستا تەماشای چ بکەم ؟

بەلنگە پاپوجی ئالتوونی و ئەنکوستیلەی نقیم ئاسمانی یەوە
بازی سۆزانیان دەبرێت
سەنگینە ، باڵا بەرزە تاووسکە
پیستی ئاگر رەنگی دەلیسینەوە
خالی بان کوڵمی دە گەزین
قامکە چکۆلەکانی پر قۆلۆنیا
ئەم بوونەوەرە سپیپاتە
لە پەیژان دا دەبەزی
ماتیلدا ، هۆ ماتیلدا لا مول
لە ژێر سکەمل و قەنەفە قەدیفە پۆشەکان
سنگە حشییەتی
بە فریام کەوە (( کۆراسوف )) ی نەفرەت لیکراو
دلۆپە خوێنی خانەدانیم لە شادەمار کە
تەلەفۆنی خوناو بارانکراو ، شووشە بەندی درەوشاو
من ئێسکسووکم کاتێ تەماشای ئاوێنە دەکەم
گیانم بە ئاو خەرمانە دراوە
چراخانی لەشە خرپنەکەم رستە گلۆپی ژێر
پیرە داری جەنکەلستانە
لە پەنجەرەو لەتە زولفت تێدەگرم
باوەشە تەنافێکم شاردوتەوە
بەڵام ، دایکم کولە جوانەکانی ژێر پەیژە دەکەون
هۆ ماتیلـــــــدا
بە تیروکەوانی ئەفسانەیی و مانیی سپی و
جووتە تانجیەکی جەستە سێکسی یەوە
بۆ دووکەلی تەختەی سەوز باوت لێ دێ
بۆنت دەکەم ، بۆنت دەکەم
ئەز شەکەتم ئێسقانم رەشهەڵگەراون و
دەمامکی گیانم دەعەجانە
بنێشتە لینجەکەش بە ددانتا ئاڵاوە
شەوێکی پەڵکە زێڕینەیی بوو
تاووسم تیا ماچ کرد ، دەممان پر گیا خاشخاش
لە پرمەی گریانی دا
تازە ئاگریش پاقژمان ناکاتەوە
دەم و چاوێکی بازنەیی ، دوو چاوی هەنگوینی
پەنجەی زبری بە برینی دڵما داهینا



ڕەنگەکان دەبوونە هەڵم
بیرم لەو تووک و پەرەمووچە سپییانە دەکردەوە
پەر پەر ڕەشهەڵدەگەران
ئەی جوانی یە خوداوەندی یە کە ناسکتر بە
جیهانێکی ئالوسکاو و سەرەتایی بە ژاوە ژاو
ئاخر ئەز شەکەتم
بەخۆ بە تورەگەوە شەو ڕۆمە
ئەسمەر پیچیان بەرزەرنیخ دا
تاووسی لەشم پر پۆقلە تیزاب
نە ژیان هیمنیەکی جاویدانەیە
مەرگیش ویرانەیی و بەس
نەرێژم خودان ئابرووە
گۆرستانم نغرۆ
هەر دوو حەمایلۆکەی تاووسیشیان دزی
وولاتێکی بێ ژێر خان و زانیاریش زەلیل
دەبمسووتێنە ئەی هەر ماسی کینە لە دلّی گەردوون
کاتە خەلووز ڕەنگەکان سەما دەکەن
بوونەوەر ، بە لەنجەوە تارای ئاوێنە
بازنەییەکەی هەڵمالی و ژوورەکەی ( سهرا ) باران کرد
داو داو پرچی بە هەنیەی وەنووسابوون
خەریکە ڕەزمێکی هیمن کۆمان دەکاتەوە
تەفر و تونابە خودی درندە
ئەی جەستەی مەکۆی کوناه
دانە دانە دوگمەی کراسم هەڵدەپچران
من جولیانم ، جولیان سووریل
هەلایسی ئەی دلوپە خوینی خانەدانی
تۆ لە کوێ ی ؟
ساتە چەرمکەکان بەیدەس ناکرین
چالی چەناکەی پر کەف
پاپوجی خەنە ڕەنک
من چۆن بیرم لەم تۆپەلە کزە ئاکمرە بکەمەوە
لەشم لە ئارەقان وەردراوە
شووشەی سەعاتی مەچەکم شکاوە
پەیکەرێکی سفت و سپی لە تەسیوی دەمژی
زمانی مارانە دەجولیتەوە



کەواتا خەنجەرەکە لەبەر تریفەدا بدرەوشێتەوە
ئەی خوداوەند لە گیانە لا دامە
لە بەفر سپی تر ... دەسووتا
کفنی لەبەر دا نەبوو
لە مەرگ لێنجنر .. خەفە تبار تر لە ئاوارەیی
لەشی بە سرووشت وەدەنووسا
زیندەگی من و تۆ وەک مان و نەمان وایە
بە کەفپۆشی لێم مەئالی
لەش کاولترە لە وێرانەیی دنیا
گیانمان بەر بادەکەوی
با یەک لە تارمایش ناکا
ژەنگە قاوە رەنگەکان
مێشوولە ئاسا لە دەورەی بلاژکتوری بالایا
وەردە چەرخان .. ئەو گۆم نەدەبوو
پەر پەر پەرەمووج و تیلتاووسی لی پەرت دەبوون
سرووشت یەکەمین ژەنگی بوونەوەی ئەزەلە -
دەبا بدرەوشێ ئەو چەقۆیە دەسک قەترانییە
تاووسنمان بۆنی هەورو لمی دەریا لووشی لێ دێ
کوانی لە کوێیە
پەپوولەی ماچ لە ژێر چەرچەفی بدەن
هەلایسی ئەی ئاگری چراخانی نەهلسیەت
بەلا تەنیشتی جوانترە
شووشە چلوورەی گەردنی
لەژێر هەتاوی نیوەرۆ وەختانا
زەرەندی گیانم دەپەنمینێ
ژەنگی تۆینای ئەزەل بەسەر قژیا دادەبارێ
بە خروشە ئەو ئاگر گەرمە
کلۆپ نییە ، هەوریشە
لسپێ لەو پرچە برۆنزیە پر چەوراییە
لە قامکم دەئالێنم و
تازە زریزەی کیسە خەوی مەرگ کۆمان دەکاتەوە
ئاخر بەرە و کوێ رێدەکەین ؟
فەنەرێکمان پێبایە ئەم رێگایە رۆشندە بووە
بۆیەی رەشی شەو حەشاریدایەن
گازی لەو بەفر ستانە ،

(( هێلان و هێلیین )) مان ماچ کـرد
زاروک ئازیـزن جگـەر گۆشەنـە .. ئاینـدەش
بە تانیـەی مەرگـم بـە خۆ دادە دەن
شاوەتـی عیشق و ئێستاتێکا دەووروژێنـن
گـازی لـە مەچەگـلان .. گرو گالیانـە
خـۆ لەبـن بالـم دەشارنـەوە
مـردن چێتـرە لـە کەمتـر خەمـی
کاتـێ دەبمـە تارمایـش لە یاد دەکرێن
پێویستـە بە هێمنـی بدوێیـن

لێکـدی رابمێنیـن
ئەگینـا ژاوە ژاو رەزم تێکـدەدا
تەنهـا چرکەیـەک لـە ززەت بەخشبـە
ئەی لەشـە سپیاتەکـە
بوتلـە قۆلۆتیـا ژەهرێـک دەخوێنـەوە
قژی درێـژت بـە دلۆپـە(( جن )) ئاو پرژێن دەکەم
ئەگەر دەریاچەی لێ بایە ئێرە تیر مەلەمـان دەکـرد
کۆنکریتـی برژاویش گەرمی دەکردینـەوە
لـەشمان بـەر (( دوش )) دەدا و
ئاوێنەیەکمان دەشکانـد
سێچکە سلاوەی سەر پێلوی ماتێلدا تـاووس
شیلـەی مێینـەیی لێ دەچـۆڕا
شەماڵیـش لەنجـەی بە ئاوە لکراسیـا دەکـرد
پشـوومان دا
فەخفورییەک چەرەزمـان تروکـان
شارستانـی بـە ئـەی خـودی گەمـژە
ساتـە خەلوز رەنگەکـان نـەدە بوونـە هـەڵم
هێـدی هێـدی دەگریـا
هەڵقولـێ ئـەی کانیلـە کۆڤانی نەفرەت لێکـراو
لە گەنـە گوناهێکی سوور باوە لەشمـان
بارانـی دلۆپـە ئالتونیـش نا بـارێ
دووبـارە پاقژ بێنـەوە
سیامالیکمان بەر چاو کەوتبا تۆزی دەحەساینـەوە و
بوتلە شیریکمان بە خۆ دادە کردو ، قژمان شانە دەکرد
مۆرەمان هەڵدە دا و پێدەکەنین ، ئەنجا گازی لـەو
گەردنـە بەفرستانـە ، ئاخـر گەرمایـە ،

مێشوولەش بەر بادی کردوین
دەبا جگەرەیەک داگیرسێنم
بەلکو زەردە پەرچەمی تارمایی سپی وەدەر دەکەوێ
ئاگری زەرد باوی فەنەری چراخانی پیرۆزە
هەلایسی ئەی گیانی نێو چنگی پلنگی برسی
زیندەگی لە نێو بادامی هەلووژەیەک هێمنترە
لە (( دۆزەخ )) دا خیوەتمان هەڵدا .. چرا خامۆش
دلۆپە خوێنی مەرجانی ئادەمزادە بە درە ختبووەکان
ڕۆشنمان ناکەنەوە
لە (( پاقژگە )) شەختە بەندی دەریاچەیەکمان شکاند
هێوربە کانیلە (( کاستالیا )) بە هرەوەرمکە
ئەی کی کەمان بەزەنگیانە سوورەکانی خەفەتی
ڕۆحم بکا
لەوێ لە ڕۆخ ڕووباری (( لیتی )) دا ماتێلدا تاووس
کراسە سپییەکەی بە لەشی وەنووسابوو
کفن نەبوو .. باران نەدە باری
لە (( فیردەوس )) دا .. لاو لاوەمان لەخۆ لوول دا
پەیتا پەیتا خوڵی لەشمان دادە باری
ئاڵ ئاڵ پێستی دلۆپە ئاوی گەرمی لێ دا دەچۆرا
ئەگەر بە شانە دارینەیەک شانەی بکەی
هێلە ووردیلە تەلیسمدارەکان ئاسەواری خوداوەندن
گەردوون لە تەسێویکی مزرە و تاووسیش شیلەی مێینەیی
دلۆپ دلۆپ پەرشی سەر گەلا لاو لاوانە
خۆ بزڤرێنە ..
ئەی خوێ ی خاک ، خوێ ی کافوور
چنگ چنگ گەلایان لە ئاگردانی خەفەت کەین
ئێستا هێلان گەورە بووە
کراسە خەت خەتەکەی بەرم لەبەر دەکا
ئەی هێزی رەها بمپارێزە
گەردوونی شینە شاهۆی دوورە ماتەمین
لە ژێر بارانی زیووین و پرووشە بەفر و
دەریاچەی لە ززەت دا .. زامدارم مەکە
ئاخر تاووس بە خرۆشە
بە دەنکە هەنارێکی یاقووتی لەش ئاو ساو ، بێزوویەتی

ـ شەو نــەبوو ـ .
لــە بــەر دەم دوكانــی عەلەتریـک فرۆشـێ
دور دەمــی رۆشــن ، ســەوز پــۆش
هیــدی هیــدی
چــەنری بالــە قورسەكانــی خــۆی
هەڵــدەدا ........

١٩٨٩ ـ ١٩٩٢

# کۆچ و
# رستێک خەمی لێک دانەبڕاو



ئەحمەد عارف

پێ هەڵگرن ،
شەوە زەنگی ئەو دیو ئاسۆ
چاوەڕوانی ماچی گەرمی هەتاو دەکا ..
ڕێبوارەکان مات و شەکەت
ردێن هاتوو
وە نەوزی خەو
بۆ پەنایە یا نەبگرێ
هەنگاو دەنێن ..
پێ هەڵگرن ،
ڕیخۆڵەمان ووشک بووە
بۆ نانێکی چەشە سک بووین
لە تینوانا ، لە برسانا
هاوارە ئەم کۆچە بۆ کوێ !
ئاسمان دەتوش تاوێ خۆشکە
ئارام بگرە ، ئەم زریانە یا خەفەیێ ..
ئەو ژنە بۆ کۆرپەکانی
قاچ ناکات و هاکا بمرێ ..
بەم وەیشومەیە ،
ڕێگا و بان گوڵ دەر دەکا
خوا لە تاوا هەڵدە قرچی ..

* * *

پێ هەڵگرن ،
شەویش ماچی ڕۆژ دەکات و
یەک هەنگاوت ،
چەمیش ئەمسال بوتە حەزیا و

هەواڵنامەی کتێب



چاوەڕوانی ئێمە دەکا ..
مەگرین .. گریان
قنینی ناختان دەخواتەوە
فرمێسکی سوێر
یا برواتان نەشواتەوە
ڕێگا ببڕن ،
هەر چەندە ڕێگا بزمار ڕێژە
کاروان دەبێ ڕێگا ببڕێ و
تاریکی ئەم شەوەش ببێ بە کازیوە ..

* * *

ئێمە هاتین
بە درێژایی دە ڕۆژ ڕێگا
بە برسیتی ، لەژێر گرمە و ناڵەی هەورا
تەرمی مردومان وەک مەدالیا
هەڵدەواسێ بەرووی ڕەشی
لیژنەی مافی ئینسانا ..

* * *

کوردستانی ئێمە گشتی هەڵەبجەیە
هەلەبجەش کوردستانی خەمی سەوزە
کیژێکی گەردن زراف و
لێو بە خەندەیە ..

* * *

خوێنی ئێمە
لە بانقی نێو دەولەتانا
دولار دەکا
لەوەتەی هەین دوا وەرقەی
تەقینی قومار چیانین
لە دنیای بیروستریکا دا
ئێمە هەر بەناو ئینسانین

* * *

ئەمشەو گەلی لە مێژوودا
شار جێ دیلێ ، .
را ـ لە عەرزی ئاوارە بوون
پی بە سامان و کردە و کوشەی
چەندین سالیا دادەنی ..

ڕەو دەکەیـــن و ئـەوا هاتیـــن
ڕوژی دەیـــان کارەساتمـــان
چـی دەمینـــی ، .
ڕەو دەکـەین و ئـەوا هاتیـــن
برسیتـی و بـاران تابلویەکـی ڕەش ڕەشـن
میـژووی گـەورە و بچکو لـەمـان دەنەخشینـــی ، .
ئیمـە هاتیـن ڕەو دەکـــەین و
بـە ئاشکرا دەمـو چاومـــان
بیکـــەسی و برسیتیمـــان دەنـــووسینەوە ..

* * *

داکشانـــە ،
داگەڕانـــە ،
ڕەو کردنـی بـی ئامانـە
بـە گـەل مـردن
لـە هـەر کـوی بـی
لـە کـەی نیـو چـاوی ئینسانـە ..

* * *

کـەسی نەبـوو چـرای شـــەوبی
زمانـــی تیـــغ شـــارەزا بـــی
بلەنگـوی ڕاپەڕیـــن و پیـدا گرتـن بـی ،
هـــاوار بکـــا ،
مـن ڕەو ناکـــەم .. لیـــرە نـــاڕوم
ئـەو ئـــور دووەی کەسیـــەی دی
بـــی ورەیـــە ، .
بە زیـــوی دوای کارەساتـــی زور گەورەیـــە
هـەتا لـە تەرمـی سووتـــاوی پاشە ڕوکـی
خـــوی دەترســـی ، .
چیـــدی مـــەڕون .. دەستـم ویـدەن
یـــا بەقـوش یا نەبنـــە هەلـــوی
سەرگـــو مەزی دوا مزگەوتـــی ئـەم ولاتە ..

* * *

ئەستیرەیـــەک وا ئـــاوا بـــوو
گەوالـــەیەک هـەوری ڕەش ڕەش
هـــات بـــە مدیـــوا
بـــە خـــو کـــەون

ئەم کاروانە ، کارەساتی
گەورە گەورەی چاوەروانە ..
ئەوەتانی ، وا لەو کەندە
لە پەنای ئەو تاشە بەردە ،
مندالی لە دایک دەبی ،
دایکی گیانی پیدە سپیری ..
بەری کەون ،
ریگای تیغ و بزماری رەهیلە
بەری پیتان رادە موسی ، .
تەرزەی خەم و توفی مەرگ
برسیتیتان دەهەژینی ..
وا دیارە ئەمشەو خوش ناکا
وا ئەو ژنەش هات بەلادا
کوا خیر خوایە کە بینیژی ..

* * *

پی دەکەنی ،
روو لە ئاسمان
چاو دەگیری بە کورەوی خەلکە کەدا
هیدی ، هیدی
هەوری چاوەکانی بارانیکی پر لە غوربەت دەبارینی ..

بوچی دەلین گوایە شیتان هەستیان نییە !
ئەی پیکەنین و گریانی ئەم بەستە زمانە لە چییە !
ئەی نابینی ئەسپ ئاسا کورژەن دەکا ،
زمانی چوتە کلیلە و
بە جووتی چاو قسان دەکا ..
پی دەکەنی ،
چاوەکانی بو بەر پیی خوی دادەگری
هەر چەند دەکا بستی خاکی
ووشکەوە بوی چنگ ناکەوی
بو ساتە وەختی وەحەسی

* * *

# تاوانی جینۆساید

د. نوری تاڵەبانی
وەرگێڕانی : محمد نوری توفیق

ماددەی دووی ئەو ریکەوتننامەیەی کە کۆمەڵەی نەتــەوە یەککرتوەکان لە کۆبونەوەی ٩ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨ دەریان کردوە دەڵێ تاوانــی ( جینۆ ساید ئەوەیە کە هەر کارێک بە مەبەستی لەناو بردنــی تەواو ، یان بەشێک لە کۆمەڵە نەتەوەیی ، عونسریی یان دینی ئەنجام بدرێ. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەککرتووەکان سوورە لەسەر ئەوەی کەوا جینۆ ساید ( قەلا چۆکردن ـ لەناو بردن ) یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی دژ بە هەموو مرۆڤایەتی دەکرێ .. کە ئەمەش تاوانێکە شارستانیەت تفی لــێ دەکات و تاوانباری دەکا .. بۆیە پێویستە بکەرەکەی و ئەوانەی بەشداری تیادەکەن بە توندی سزای نێو دەولەتیی بدرێن .. مێژوو سەلماندوویەتــی کەوا کەمایەتی یە نەتەوایەتی‌یەکان ئەو گەلانەی کە دوو چاری حوکمرانی ئیستعمــار بــوون ، ئەوان بەشێکی هەرە زۆرن لەوانەی تووشی جینۆساید دەبن ..

لە ماوەی چەند سەدەیەکدا ئەو گەل و نەتەوانەی کە ولاتەکانیان بە زۆر بەو دەولەتانەوە بەستراون کە لە شەردا سەر کەوتوون .. ئەو گەلو نەتەوانە هیچ جۆرە ( ضمانیکیان ) نی‌یە تەنیا (( نییەت باشی )) ئــەو دەولەتانــە نەبێت ، کە خراونەتە پاڵیان ! یان بوون بە ژێر دەستەیان .

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە کە لە راستیــدا لــە ســەر مەسەلــەی نەتەوایەتی‌دا روویدا ، بەوەی هاوبەشەکان لە کۆنگرەی ئاشتیی‌دا ئەو پەری توانایان بەکار هێنا بۆ پاراستنی مافی بچووکە نەتەوەیی و ئاینیەکان، بەلام کۆنگرەی ( فەرسای ) کە بۆ ئەم مەبەستە بەسترابوو بریاری هەردوو ماددەی هەشتاو سێ و نەوەدو سێیان بۆ بدرێ ، بەڵام نەدرا کۆنگرەی (فەرسای) بەوە وازی هێنا کە ئەو جۆرە تەشریعاتە بۆ دەولەتەکان دابنرێ ،کە خۆیان کارو بارەکان جێ بەجێ بکەن (( واتە دەولەتەکان )) ! هەرچەنــدە هەمــوو ئــەو دەوڵەتانە لەو بارەیەوە ، وەک یەک نەبوون ... ئەم مەسەلەیەش بە شێوەیەکی جددی ، سەری هەڵنەدا ، هەتا ئەلمانیای نازی چەندەها ولاتــی داگیر کردو هەزارەها تاوانی بە کۆمەڵ کوشتنی دژ بە بەشەریەت ئەنجامدا ..

لە دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی‌یەوە‌رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی

هەواڵنامەی کتێب

بۆ جارێکی تر دەستی کردەوە بە لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلە گرنگە ، ئەمەش لەسەر رۆشنایی ئەو مەبدەئانەی کە دادگا عەسکەرییەکەی ( نۆرمبۆرگی )ی بۆ دانرا بوو ، بۆ لێکولینەوە لە تاوتنبارانی جەنگەکە ، بە پێی قانونی عقوباتی دەولەتەکان بەو پێیە نەتەوە یەککرتووەکان ئەو پێشنیازەیان پەسەند کرد کە لە (١١) کانونی یەکەمی ١٩٤٨ دا ئیدانەی (( تاوانی جینۆ ساید )) دەکا ، کە حەقی ژیانی کۆمەلە بەشەریەکان رەفز دەکاتەوە ، ئەم کارەش وەک تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ ، یان بە تەنیا . . هەروەها کۆمەڵەی نەتەوە یەککرتوەکان راسپاردەیەکی دەر کردووە بەوەی هەموو هەوڵێک بدرێ بۆ نەهیشتنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو تاوانانە دژ بە بەشەریەت .
هەر لەو بریارەدا هاتووە ، کە ئیبادەکردن کارێکە دژ بە مافی مرۆڤ ، بۆیە پێویستە بە توندی ئەو کەسانە سزا بدرێن ، بکەری ئەو کارەیان ئەو کەسانەی بەشدارن لە کردنیا با بەڵگەو بیانووی ئیبادەکەش هەر شتیک بێ ، سیاسی بێ ، یان دینی یان هەر شتێکی تر .. کۆمەڵەی نەتەوە یەککرتوەکان راسپاردەی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتیی سەر نەتەوە یەککرتووەکان دەکات کە دراسەی ئەم موشکلە گەورەیە بکەن و هەر پێشنیارێکیان هەبێت پێشکەشی بکەن بو ئامادە کردنی پروسەیەک بۆ ریکەوتننامەیەکی نێو دەوڵەتیی لەم بارەیەوە .. پاش ماوەیەک ئەو پروسەیە پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەککرتووەکان کراو لە مانگی یەکەمی سالی ١٩٤٨ دا .

( چوار چیوەی ریکەوتننامە نیو دەولەتیەکە )

پرۆسەی ریکەوتنامە نێو دەولەتیەکە سێ وێنەی تیایە کە لە شەری جینۆ سایددا پەیرەویی دەکرێت .

١ ـ جینۆسایدی جەستەیی
بە نیازی لەناو بردنی بە کۆمەڵ

٢ ـ جینۆسایدی بایە لۆژیی
لە رێگەی مەنعی زاوزی کردنی بەشەریەتەوە

٣ ـ جینۆ سایدی رۆشنبیریی
لەناو بردنی هەموو کاری کە بە مەبەستی نەمان و لەناو بردنی زمانو ئاین و رۆشنبیریی نەتەوەیی و عونسرییە .

ئەم وێنەیەی دوایی لە تاوانی لەناو بردندا چەندو چوویکی زۆری لە کاتی ئامادە کردنی پرۆسەکەدا دروست کردبوو بەوەی مامۆستا Lemkin ،کە یەکێک بوو لەو سێ راوێژکارانەی کە توانایەکی زۆریان لەو پرۆسەیەدا سەرف کرد ئەم مامۆستایە وای بە پەسند دەزانی کە مانایەکی فراوانتر بدرێ بە تاوانی لەناو بردن .. کە ئەو مانایەلەناو بردنی رۆشنبیریش

( کلتوور ) بگرێتەوە ، چونکە هەر کۆمەڵێکی نەتەوەییو دینیو ڕەگەزی پێی ناکرێ لە ژیاندا بەردەوامبێ بە بێ یەکێتییەکی گیانیی ( ڕوحی ) و ڕۆشنبیری ( کلتوری بەلام کەسانێکی تر هەبوون لایان وابوو لە ناو بردنی ڕۆشنبیریی تاوانەکە فراوانتر دەکا ، نەک دەبێ بە هۆی لەناو بردنی ژیانی ئەو کۆمەڵە ، وەک Lemkin لەسەری سوور بوو، بە هەر حاڵ ئەو بەندانەی کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریان لەسەردا ، هیچ ئیشارەتێکی لەناو بردنی ڕۆشنبیریی ( الافناء الثقافی ) تیا نەبوو .. واتە بە پێی بڕگەی دووەم لە ماددەی دووەم لەو ڕێکەوتننامەیە ، ئەو کارانە بە تاوانی لە ناو بردنی دانانی دژ بە نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتیو ئاینی ئەگەر ئەم چوار شێوەیەی خوارەوەی لە گەڵدا نەبێت .

آ . ئەو دەست درێژییانەی کە بە ئاشکرا بۆ لەناو بردنی سەلامەتی لەشو بیرو باوەر و فیکر ئەنجام دەدرێن .

ب . ئەو دەست درێژیانەی دەکرێتە سەر هەموو لەشیمرۆڤ یان پارچەیەک لە لەشی مرۆڤ .

ج . ئەو کارانەی دەبنە بنبر کردنی زاوزێ لە ناو کۆمەڵێک نەتەوەو ڕەگەزو ئایندا .

د . گواستنەوەو زەوت کردنی منداڵانی کۆمەڵێک بە زۆر بۆ ناو کۆمەڵێک تر جگە لەمانە دەقێک نییە بێتە هۆی جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە لەو تەشریعاتە ناوخۆیانەی کە حوکمی قانوونیان هەیە ، بەلام ماددەی پێنجەم پێویستی کردووە لە سەر ئەو لایەنانەی کە مەبەستن ( ئەو حکومەتانە ) کە پێویستە لە تەشریعاتەکانی ، خۆیاندا ئەو کارانەی سەرەوە ( چوار شێوەکەی باسمان کردن ) وە دەشی جێ بەجێی بکەن .

هەرچەندە ئەو کارانەی لە دەقەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە دا بە تاوان ئەژمێرین لە یاساکانی جنائی زۆربەی دەوڵەتاندا ، بەلام ئەو ڕێکەوتننامەیە هیچ دەقێکی ئەوتۆی تیانییە کە ئیجباری قانوون ناسانی ئەو دەولەتانە بکا بۆ گۆڕینی دەقەکانی قانوونە نا خۆییەکان ، بەمەرجی لەگەڵ دەقەکانی ئەو ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتییەدا بگونجێ ! !

لە مەوە دەر دەکەوێ کە ئەو ڕێکەوتننامەیە نەیتوانیوە کە ئەو ئامانجە سەرەکییە جێ بەجێ بکا کە لە پێناویدا ئیمزا کراوە ، کە ئەوەش ، دووپات نەکردنەوەی تاوان و سەربڕینی وەحشیانەیە کە نازیەکان دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامیان دابوو ، ئەوەی خاڵی کەم و کوڕی یە لەو ڕێکەوتننامەیەدا ئەوەیە کە ئەو تاوانانە دراونەتە قەلەم کە تاوانێکن ئەفرادە ئەنجامیان دەدەن، نەک حکومەتەکان ( واتە حکوومەت بێ گوناهە لەو تاوانانە..) ئەوەش دیارە کە دانەری پرۆسەی ڕێکەوتننامەکە گەرەکی بووە یان گەرەکیان بووە کە دەست وەرنەداتە ئەو پەیوەندی یانەوە کە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان دژمێرێ : ! واتە دەست تێ وەرنەدانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە .. ئاشکراشە کەپەیمانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێ نادەن

به دەست خستنە كاری ناو خۆی ئەو دەوڵەتانەی كە تێدا ئەندامن ، تەنیا ئەو قەیدەی فەسلی حەوتەم لەو پەیمانە تایبەتیە نەبێ كە یەكێك لە دەوڵەتە دوژمنكارەكان پەیرەویی د ەكات ئەویش هەرەشە كردنە لە ئاشتی جیهان ، كە لەوانەیە ئەوەش بێتە هۆی دەست تێ وەردان لە رێگەی دپلۆماسی یان سەربازییەوە.. بەلام ئەمە كارێكە كە هەر بە خەیاڵدا نایە روویدا لەسەر دەمی ئەتۆمدا ، ئەبێ ئەوەش بزانرێ كە ئەو رێكەوتننامەیە ، رێ نادا بە پاراستنی سیاسی و ئابووری ،بەڵكو تەنیا بۆ پاراستنی كۆمەڵە نەتەوەیی و رەگەزی و ئایینیەكانە !!

بۆیە گەر دەولەتێك بیەوێت پەیرەویی تاوانی جینۆساید بكا ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ بە ناوی ئەوەوە بیكا كە ئەو كارە بەرامبەر بەوانە دەكرێ كە( دژبە دەولەتن ) ، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە خۆی نەخاتە بەر گوشاری دەقەكانی ئەو رێكەوتننامە نێو دەولەتییەوە .

ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیە كە ماددەی حەوتەمی ئەو رێكەوتننامەیە ، تاوانی لەناو بردن و جینۆساید ) بە تاوانی سیاسیی دانانی !! بەمەش دەوڵەتان بۆیان نییە كە نارەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو كەسانەی كە ئەو تاوانانە پیادە دەكەن .

دووەم ، ئەو كارانەی بەرامبەر تاوانی جینۆ ساید پەیرەو دەكرێن ماددەی شەشەمی رێكەوتننامەكە رێ ئەدا بەوەی ئەو كەسانەی ئەو تاوانانە دەكەن بدرێن بە دادگای تایبەتی لە دەولەتەكانیاندا !! یان بە دادگای دەولەتیی ..بەلام دەقی ئەو ماددەیە بۆی نییە كە ئەو دەولەتە وا لێ بكا كە رازی بێ بەو دادگا نێو دەولەتییە وە ئەگەر هەر ئیجباریشیان كرد كە رازی بێ بەو دادگایە ، ئەو دەولەتە بۆی هەیە سەر پشك بێ لە نێوان دادگایەكی ناوخۆ، یان دادگایەكی نێودەولەتی ، ئەو كەم و كورییەی بە ئاشكرا لەو رێكەوتننا مەیەدا دەبینرێ ئەوەیە كە رێكەوتننامەكە بۆی نییە ، مەحكەمەیەكی دەولەتی دروست بكا بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بكۆڵێتەوە كە ئەو دەولەتانە دژ بە قانونی نێو دەولەتیی دەكرێ .... تەنیا ئەو دەسەلاتانەی هەیە كە داوای ئەو كەسانە بكا كە كاریان خراوە پاڵ لە دادگایەكی ناوخۆ .. لێرەدا دەبینین كە ئەگەر داوای دروستكردنی دادگایەكی نیو دەولەتیش كرا ، ئەو دادگایە تەنیا بۆی هەیە كەسانێك حوكم بدا ، نەك حكومەتەكانیان!!دیارە ئەوەش كارێك نییە كە ئەو دەولەتانەی هاوولاتیەكانیان ئەو تاوانانەیان دراوەتە پاڵ بە ئاسانی رازی بن بەو حوكمەی كە دادگا نێو دەولەتیەكە بە سەر ئەو كەسەیان ئەو كەسانەیا ئەیدا ، كە حكوومەتەكانیان ئەمریان پێ كردوون و ئەوانیش جی بەجییان كردووە ..

هەر چی چۆنێك بێت ئەو رێكەوتنامەیە كارێكی باشە كە لە سەردەمی ئاشتی دا كراوە كە لە رۆژگارێكدا دادگاكانی ( نورمبرگ ) هەمو ئەو گوناهكارانەی

مەحکەمە دەکرد کە لێپرسراوی شخصی بوون بەرامبەر بەو تاوانانەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کرا بوون .. بەڵام ئەمەشیان جیاوازی یەکی لە نێوانیاندا هەبوو ..

ئەو جیاوازیەش ئەوەبوو لە دادگای ( نۆرمبۆرگ ) محاکەمەی ئەو کەسانەی دەکرد کە لەژێر دەستی خۆیاندا بوون. بەلام مەحکەمەیەکی نێودەولەتی تر ناتوانی داوای ئەو گوناهبارانە بکا کە بە ئەمری حکومەتەکانیان تاوانیان کردووەو حکومەتەکانیان تەسلیمیان بەو دادگایەی ناکات.
گەشەو پێشکەوتنی قانوونی نێودەولەتان بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی ئەو قانوونەوە لە لایەن خەلکیەوە، ئەمەش تەنیا بەوە دێتەدی کە دامەزراوێکی قانوونی نێودەوڵەتی دابمەزرێ کە بتوانێ سەیری هەموو ئەو تاوانانە بکا کە کەسان، یان دەوڵەتان ئەنجامی دەدەن.. بەڵام تا ئێستا ئەو دامەزراوە قانوونیە دانەمەزراوە.. زۆر بەداخەوە کە ئەو ڕێکەوتننامەیەی نەتەوە-یەکگرتووەکان مۆریان کردووە و تایبەتمەندە بە تاوانی ( جینوساید ) خالیە لە هەر دەقێک دەربارەی دامەزراندنیەوە.
بەلام سەبارەت بەو تاوانانەی کە حکوومەتەکان ئەنجامی ئەدەن، کەسانێک هەبوون دەیانگووت نابێ حکوومەتەکان راپێچی مەحکەمەی نێودەولەتان بکرێن و لەوێدا گوناهبار بکرێن، کە دیارە ئەم راو بۆچوونەش کارێکی بێبناغەیە، چونکە مەحکەمە نێودەولەتیەکان تا ئێستا چەندەها جار لە کاروباری دەولەتە سەرپێچیکەرەکانیان کۆلیوەتەوەو حکومیان بەسەردا داون ، یەکێک لەوانە دەولەتی ئالا پالامایە کە سەرپێچی لە یاساکانی نێودەولەتی کردبوو، هەر ئەو دەولەتە بەرامبەر بە ( مەحکەمەی عەدلی دوەلی لە جنیف ) دا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە راپێچی مەحکەمە کراو حوکمی بەسەردا درا.
لەبەر رەزاگرانی تاوانی جینۆساید و لەبەر ئەوەی تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ ، بۆیە پارلەمانی فەرەنسی کە بە گشتی دەنگ وەک کارێکی مەبدەئیو مرۆڤایەتی بریارێکی لەسەر ئەو تاوانە دەرکرد کە تاوانێکە بە هیچ جۆرێ نابێ چاوی لێ بپوشرێ .
هەروەها ئەو لێژنە قەزائیەی کە لە پارلەمانی ئەوروپیدا دروستکراوە، داوای لەو دەولەتە ئەندامانە کرد کە هاوکارن لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپی کە هەریەکەیان لە رێی خۆیەوە پێشنیاز بداتە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەیەک مۆر بکات لەسەر قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، ئەویش واتە کۆمەلەی گشتی لە ٩ کانوونی ١٩٤٨ دا ئەو ڕێکەوتننامەیەی دەرکرد، کە بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە هەموو دەولەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا لێپرسراوە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە..

**پوختەو کۆتایی:**

بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مۆریکردووە، بە هیچ جۆرێ تاوانی جینۆساید لە لایەن کەسانێکەوە ناکرێ گەر دەولەتیان لە پشت نەبی، بویە هەر کاریکی تاوانبارییی لەم چەشنە ئەنجامدرا پێویستە تاوانبارەکەی دەولەت بێ نەک کەسێک یان چەند کەسێک، بۆیە هەموو کارێکی لەناوبردنی بە کۆمەل لە هەر ولاتێکدا روویدا یەکسەر دەولەتی ئەو ولاتە لێپرسراوە و دەبێ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە سزای توندی بەسەردا بدا. هەروەها دەبێت بە پەلە مەحکەمەیەکی نێودەولەتی دروستبێ کە تایبەتبی بە موحاکەمەکردنی ئەو دەولەتانەی کە تاوانی جینۆساید لە ولاتەکانیانا ئەنجام دەدەن.

ڕێزلێنانی مەبدەئە یاساییەکان دەکەوێتە ئەستۆی هەموو دەولەتو ڕێکخراوە نێودەولەتی‌یەکان، کەچی زۆر بەداخەوە کە رای گشتی لە جیهاندا و ڕێکەوتننامە نێودەولەتی‌یەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی جددیو کاریگەر هاوکاری لە جێبەجێکردنی مەبدەئە مرۆڤایەتیو یاساییەکان بکەن، ڕووداوە ڕۆژانەکانی دونیاش بەلگەی سەلمێنەری قسەکانمانن. کە ئەمەش پێویست دەکا بە دروستکردنی مەحکەمەیەکی نێودەولەتیانە بۆ ئەوەی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە سزای ئەو لێپرسراوی دەولەتیانە بدات کە قەسابخانەی بەشەریی بۆ گەلەکانیان دروستدەکەن!!! .

---

(١)ـ ئەم وتارە لە ژمارە (٣)ی مانگی تەمموز ، ئاب ، ئەیلوولی١٩٧٠ ی گۆڤاری ( القضاء ) دا بلاو کراوەتەوە، کە لەلایەن پارێزەرانی عیراقەوە لە بەغدا بلاو ئەکرایەوە .

(٢)ـ بروانە Byanchn گیروگرفتی کەمە نەتەوایەتی‌یەکان لە یاسای سزادانی نێو دەولەتی ، لە جەنگی دووەمی جیهانیدا .
نامەی دکتۆرای زانکۆی لیۆن ١٩٥٩ .

(٣)ـ Keyman بێ دەنگی ( تحفظات ) دەربارەی ئەو ڕێکەوتننە نێو دەولەتی بۆ زانیاری دیپلۆماسی و سیاسی .

(٤)ـ پارلەمان دەنگی بەو پروسەیە دا کە لە ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ رۆژنامەی لۆمۆندی پاریسی ١٨ کانوونی یەکەم ١٩٦٤ .

(٥)ـ سەرنجی وتاریکی دیونس العزاوی بدە ـ پێویستیکۆمەلی نێو دەولەتی بە مەحکەمەی جینائی ـ گۆڤاری العلوم السیاسیە ـ المجلدالاول ـ العددالاول ١٩٦٩ .

---

سەرنج : ئەم وتارەی د. نوری تالەبانی لە رێی برای خۆشەویستمان کاک چالاک تالەبانی یەوە پێم گەیشت ئەبوو لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بلاوبکرێتەوە ، بەلام بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەدا ئەبوو بە زنجیرە

بلاوبكرێتەوە كە ئەوەش تاموچێژی وتارەكەی كەم ئەكردەوە ، بۆیەبەپەسەندم زانی كە لە گۆڤاری ( نووسەری كورد) دا بڵاوی بكەمەوە بۆ ئەوەی لە نرخی وتارەكە كەم نەكەمەوە و خوێنەر بە مەبەست بگەینێ .. بۆیە داوای لێبوردن لە بەڕێز د. نوری تالەبانی ئەكەم و دەستخۆشی‌ی ئەوەشی لێ ئەكەم كە پێش ٢٢ سال لە مەوبەر ئەو بابەتەی هەڵبژاردووە و بڵاوی كردوتەوە كە دیارە ئەوەش لە دڵ كرمی‌یی‌وگومان لێكردنەوە بووە بەرامبەر بە كار و كردەوەكانی فاشیەكانی بەغداو لەو سەردەمانەدا كە بەیاننامەی ئازاردا لە ڕۆژانی سەرەتاییدا بوو ..

زۆر سوپاسی دۆست و خۆشەویستم كاك چالاك تالەبانی یش ئەكەم كە منی بیر كەوتەوە و ئەو دیاری یەی بە شایستە ی زانی كەمن بیگۆڕمە سەر زمانی كوردی و گەلەكەمان لەو جۆرە شەرە بگا كە چەند ساڵێكە بەسەر كوردستاندا فەرزكراوە .. كە پێ‌ی ئەڵین شەری جینۆساید ....

حەمە نوری

هەواڵنامەی کتێب

# کەرنەڤاڵی شەیتانەکان

- ئۆژین عزەت -

ووتمان: ژیانی ئەفسانەییمان سووتاند
زۆراواو مەینەتاوامان تێك رمان
نەئاسمان دەلاقەیەك لەگوڵ و تابووتی لێ واڵاکردین
نەرەزمی نەفرەتی تەپڵە جەنگی یەکان خامۆش بوو
مێگەلێ پەیکەری خوارو خێچی بێ ئەدرەس بووین
هانامان بۆ مزگەوت و کڵێساکان برد
دڵۆپ... دڵۆپ ئاونگی شیلەی گیانی باڵندەی لێ ئەتکاو
ئەو نزایانەی بەمنالێ فێریان ببوین
سەریان لەهەورە تاڵەکان نەدەسوی و ئاوێزانی دەریاچەی کەللە سەرەکان ئەبوون!!
بەرەو پیری تەلیسمی ماهەکان چووین..
ڕێچکەی هەنگاوە سوتاوەکانی جادووگەرەکانمان لێستەوە
پەلی بێ پەلی یەکترمان بەکێش ئەکرد
ئاودامانی نەواڵ و هەورازو هەڵەمووتەکانمان ماچ کرد
بەحەسرەتەوە بۆنمان بەفژی - با - و قەپاڵیان لە کوڵی ئەم ئەگرت
چاوی سپیمان قرسایە کەف و لیکی هەرەسی شکێرەکان؛
ڕانەوەستاین.. بەدەست و پێی خاوسمان بەرەو کەوێڵە سەرابی یەکان ڕۆیشتین
عەفدالی کێشوەرێك بووین.. دنیایەك لەخشتی ئاو ڕۆنێین
دوور لە چاوی شەیتان و خوا!

نەمان ئەزانی شەیتان و خوا سەرجوقاوی هێلکەی ئادەمین!!.
ئەی شکۆفەکانی دۆزەخ چرۆ بکەن
لاپاڵی هەر گاشەبەردێکی ئەم وولاتە گەواهی مێژووی مەرگی شالورو کرکوختییەکانە...
لەکەوڵی هەر پەپولەیەکیش خەنجەرێکی تیا پەنهانە
ئەی قوماندارانی جیهان شایلۆغانی شەیتانییانە ساز بدەن
دۆز زانییە... وەرز هەڵوەرینە
هەموو شتێك تامی گەوزین و بەزینی لێ دێ
ئاسۆ.. لەشی برۆنزی فریشتەکان ئەکرۆژێ
کێردی نینۆکی... بەرچێڵەی شۆڕەوە بووی پکیزەکان ئەسمێ
ئایندە.. لاسامەی ئەندێشە
بەسەر ڕەوەزە زامی تەمەنمان ئەبارێنێت
چرکە ئەکاتە بروسکە
لەش ئەکاتە خۆڵەمێش
ڕۆحی زوێڵ زوێڵم گرد ئەکەمەوەو
بەسیخواری تونێلی کۆمۆنە سەرەتاییەکانی ئەسپێرم
بانگەشەی ژیان ئەکەم...
نە ئاسمان پەنجەرەیەك واڵا ئەکا
نە ڕەزمی تەپڵە جەنگییەکانیش خامۆش ئەبێ.

١٩٩١/١٢/١٥

هەوڵنامەی کتێب

شانۆییەکی یەک پەردەیی

# دوو کوێرو گویدرێژێک

نووسینی : ماثرین دوندۆ

وەرگێڕانی / عارف عمر گوڵ
لە ئینگلیزییەوە

## پێویستییەکان

- دەمامکی کەر
- هەگبەی بار
- کورسی بەردین
- پارچە تەختەیەك لەسەر دەرگەی خانەکە دەنوسرێ بەناونیشان The Green Drayon
- جێگەی بەستنەوەی وڵاخ لەپێش دەرگەی خانەکە

## کەسەکان

- نوکتەبازێك
- کوێری یەکەم
- کوێری دووەم
- کەر سوارێك
- خانچی
- کەرێك

شوێن: گۆرەپانێکی گشتی شارێکی خنجیلانەیە لەناوەندی فەرەنسا. لەلای چەپی شانۆکە دەرگای خانێکە بەناوی لەلای ڕاستی شانۆکەش کەوانی دەرگەیەکی کۆن دەردەکەوێ، لەنزیك

دەرگاکەوە، کورسی‌یەکی بەردین لەبن نزرگەیەکی بچکۆلانەوە هەیە، لەپشت دەرگاکەوە ڕێگەیەکی پێچاو پێچ تا دەگاتە خانوویەك لەدوورەوە دەردەکەوێ.

هەرکە پەردە دەکرێتەوە، دوو پیاوی کوێر بەکپی‌و بێ دەنگی بەپێوە لەسەر شانۆ دەبینرێن، دوا بەدوای ئەمە نوکتە بازەکە دێتە ژوورەوە. دەم و دەست هەردوو پیاوە کوێرەکە دەست بەپارانەوەو سواڵ دەکەن:ـ

**کوێری یەکەم:** [بەپارانەوەو لالانەوە] خێر خوایەك... بۆ خاتری خۆشەویستی خوا، بۆ خاتری حەزرەتی مریەم خێرێکمان پێ بکەن.

**کوێری دووەم:** [بەهەمان ئێوە] خەڵکە باشەکە، خێرێکمان پێ بکەن بۆ خاتری حەزرەتی مارتنی گەورەو پارێزەرمان.

**ك ـ ١:** دڵتان بەکوێرێکی هەژار بسووتێ کەچاوەکانی لەشەرێکدا دژ بەموسڵمانەکان نەماوە.

**ك ـ ٢:** ڕەحم بەپیاوێکی هەژار بکەن، لەوەتەی لەدایك بوە کوێرە، کەسێك دوعاو نزای خێرو خۆشیان بۆ دەکات.

**نوکتەبازەکە:** خەڵکە باشەکە، گەر داوای بەزەیی دەکەن، ئەوا لەقوڵایی دڵەوە پێ تان دەبەخشم بەڵام ئەگەر داوای پارەشم لێ دەکەن. ئەوەی کەلەتوانامدا هەبێت پارانەوەیە لەخواوەند پارەو سامانتان زۆرکات بەش بەماڵی خۆم هەژارو داماوم.

**ك ـ ١:** تولاتیکی پیس و پۆخڵ، لەم ناوە مەمێنە.

**ك ـ ٢:** بڕۆ بزر بە، هیچ سواڵکەرێك ئەم شوێنەی بێ ڕەوا نی‌یە.

**نوکتەبازەکە:** ئەوە دیارە بەبڕیاری تایبەتی شاهەنشاە مافی سواڵ کردنتان لەم جێگەیەدا دراوەتێ؟

**ك ـ ١:** ئەوە ماوەی سی ساڵی ڕەبەقە لەم شوێنەدا ئیش دەکەم، کەس نەی وێراوە باسی ئەم شوێنەم لەتەك دا بکات.

**ك ـ ٢:** لەوتەی پاپا بەسواریی بەم ناوەدا تێ پەڕیو بۆئەفگینۆن ئۆغری کرد. من ئەم شوێنەم خافڵ نەکردوە. نەم هێشتوە هیچ سواڵکەرێك لێم داگیربکات.

**نوکتەبازەکە:** هاوڕێکانم، نامەوێ ئەم مەڵبەندە پڕ بێت و بەرەکەتەی ئێوە داگیر بکەم، ئەوەی ووتم هەر بۆ گاڵتە جاری بوو.

**ك ـ ١:** تۆ چۆن گاڵتە بۆکوێرو داماوی وەك ئێمە دەکەیت.

**ك ـ ٢:** ئەوەی گاڵتە بەکوێران دەکات دەبێت بەژانەوە بگری!

**نوکتەبازەکە:** من ئیش وکارم نوکتەبازی‌یە. خوا بم گرێ ووشەکانم گاڵتە پێ کردن و سووکایەتی کردن نی‌یە. هاورێ باشەکانم تکایە پێم بڵێن لەم شارەدا خانێکی باشم لەکوێ دەست دەکەوێت.

**ك ـ ١:** خانێك لەو سووچەدایە، بۆ شاهانێن دەست دەدات.

**ك ـ ٢:** گەورە پیاوان و بازرگانە دەوڵەمەندەکان لەو خانەدا نان دەخۆن

**نوکتەبازەکە:** کەواتە ئەم خانە شایانی ئەوەیە کەخزمەتی نوکتەبازێکی وەك من بکات. ئازیزەکانم وابزانم گیرفانەکانم ئێستاکانە وەك سکم بەتاڵ و حەتاڵن، جا هەموویان پێویستییان بەبیرکردنەوە هەیە. پشت بەنوێژو دوعای ئێوەو فێڵ و تەڵەکەی خۆم دەبەستم، لەخواوەندیش داواکارم ئەم خانە بەرەحم و بەبەرەکەت بێت.

[نوکتەبازەکە دەچێتە دەرەوە].
**کوێری یەکەم:** پیار!
**کوێری دووەم:** چی دەڵێی؟
**کوێری یەکەم:** ئەورۆ دەست کەوتت هەبوو؟
**کوێری دووەم:** تەنها فلسێك چی‌یە نەم بوە، ئەی تۆ؟
**کوێری یەکەم:** لەبویاری شەبەقەوە لێرەدا ڕاوەستاوم منیش دەست کەوتم نەبووە.
**کوێری دووەم:** وا نیوەڕۆیە، زۆرم برسی‌یە.
**کوێری یەکەم:** ئەورۆ پاروویەك چی‌یە نەم خواردووە، ئێستەش وادەزانم کاتی نانی بەیانی‌یە.
**کوێری دووەم:** دەڵێم وا نیوەڕۆیە، بۆنی خۆش خۆشیش لەو خانەوە دێت.
**کوێری یەکەم:** بەڵێ لەبۆنی ئاخنە مراوی برژاو دەچێت.

**کوێری دووەم:** گەر لەخانەکە نزیك بینەوە ئەوا چاکتر هەست بەو بۆنە خۆشە دەکەین.
ك ـ ١: پیار بانزیك بینەوە، تۆ پێش کەوە چونکە لوتی تۆ لەهی من بەهێزترە.
[هەردووکیان لەخانەکە نزیك دەبنەوە].
ك ـ ٢: [بەقووڵی بۆن دەکات] ئم... ئاهـ!...
ئەمە لەشلەی گۆشتی مراوی دەچێت، تامەکەی چۆنە؟
ك ـ ١: [بۆن دەکات] ئم... ئاهـ... ئەمە ئەوەیە کەمن حەزم لێ‌یەتی.
ك ـ ٢: [لاسایی یەکێك دەکاتەوە کەشلە هەڵدەقوڕێنێ] ئاهـ!
زۆر خۆشە. ڕاستەو ڕاست بۆ دڵ دەچێت.
ك ـ ١: [بەهەمان شێوە] ئاهـ! ئەی وانی‌یە! کوا پیاو هەموو ڕۆژێ شلەی وا بەتامی دەست دەکەوێت.
ك ـ ٢: وایە، دەستی ناکەوێت.
[ماوەیەك بەو شێوەیە بەخەیاڵ شلە هەڵدەقوڕێنن.
ك ـ ٢: ئیتر شلە بەسە، وامراوی دێت.
[بەهێزەوە بۆنی دەکات].
ك ـ ١: هێشتا شلەکەی خۆمم نەخواردۆتەوە.
ك ـ ٢: ئەڵێی هیچ نابیستی؟ ئیستا وەختی مراوی خواردنە. ئەڵێی ئاگات لەکەس نی یە، پەلەکە دەی.
ك ـ ١: [ بەهێزەوە بۆم دەکات تاسەو خۆشیەك لەنێوان هەربۆن کردنێك لە ڕووی دەردەکەوێت].
ك ـ ٢: [ بەهەمان شێوە] مراوی برژاو
ك ـ ١: [ برژاو؟
ك ـ ٢: بەڵێ ناوەسکەکەی بە [گوێز، بادەم، هتد] ووردە واڵەی پڕتر کراوە. ئەوە چی‌یە؟ ئەڵێی لوتت نی‌یە؟

ك ـ ١ : [بۆن دەكات] ڕاست دەكەیت ئەوە گوێزو بادەمە.

ك ـ ٢ : [بەزمانی چكە چك دەكات] بەم، بەم ئەڵێم ئەوە تام كە.

ك ـ ١ : [بەهەمان لێتوە] بەم، بەم... ئاهـ! لەو باوەڕەم كە (پاپا) ش بەو شێوەیە تامی خواردنی نەكردبێ.

ك ـ ٢ : هانێ، هەی پیرەمێرد، بەرچاو تەنگ مەبە، بەش خۆت زیاترت وەرگرتووە دەبڵێ وا نییە.

[تەپەتەپی پێ دێت].

ك ـ ١ : پیار یەكێك وا دێت، كورە مشتەریە!

مشتەری!

[هەردووكیان دەچنەوە جێگەكەی خۆیان]

ك ـ ٢ : خێرێك گەر دەتوانن. بۆ خاتری حەزرەتی مارتن كە پارێزەرمانە بەزەییتان بەكڵۆڵ و داماوی وەك ئێمە بێتەوە.

ك ـ ١ : فیزێك گەر لەدەستان دێت، بۆ خاتری حەزرەتی مریەم یی پیرۆز.

[كەرێك بەدەرگای شارەكە دێتە ژوورەوە، ڕوەو پیاوە كوێرەكان دەڕوات].

ك ـ ٢ : بەزەییتان بەكوێرێكی داماو دا بێتەوە كەدوعای چاكەو لەش ساغیتان بۆ دەكات.

ك ـ ١ : بەزەییتان بە كڵۆڵێكدا بێتەوە، لەخواوەندی گەورەی داوایە كەس وكارو منداڵتان بپارێزێ.

[كـەرەكـە لە كوێـری یەكـەم نزیـك دەبێتـەوە. دەوەستێت. ئەوجا ئەو دەستە دەلێسێتەوە كە كوێرەكە بۆ سواڵ ڕای گرتوە.]

ك ـ ١ : ئەی خوا جەزاتی خێرت بداتە وە ژنە باشەكە، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ!

[ كوێری یەكەم كەهەست دەكات ئاژەڵە، بەگۆچانەكەی دووری دەخاتەوە، كەرەكە بۆلای پیاوەكەی دی دەچێت و بەهەمان شێوە دەسی دەلێسێتەوە].

ك ـ ٢ : سوپاس كورەكەم لەخوام داوایە بت پارێزێ.

[ بەهەمان شێوە كەرەكە دوور دەكەوێتەوە. لەلای ڕاستی شانۆكە دەچێتە دەرەوە].

ك ـ ١ : پیار!

ك ـ ٢ : بەڵێ؟

ك ـ ١ : هیچت دەست كەوت ؟

ك ـ ٢ : ئەی تۆ؟

ك ـ ١ : نەت زانی؟

ك ـ ٢ : تۆش نەت زانی؟

ك ـ ١ : ئەوە چی بوو؟

ك ـ ٢ : پێم وابێ مانگا بوو.

ك ـ ١ : هەی بێ مێشك سەگ بوو .

ك ـ ٢ : ئەڵێم مانگا بوو.

ك ـ ١ : كورە خۆت مانگای، پێت ئەڵێم سەگە.

ك ـ ٢ : كوره خۆت سەگی، چەنێ كوێری دوو ئەوەندەش كەری، ناتوانی لووت و ئەژ نوێت لەیەك جیا بكەیتەوە.

ك ـ ١ : كوره تۆش سێ ئەوەندە كەری، دەكا بزانم گۆچانەو قۆنەرەكانم لێك جیا دەكەیتەوە؟

**[هـەردوو گۆچـانـەكانیان بەرزدەكەنەوە، بەراست وچەپ دەی هاون، ئەمانە دەبینرێ: هەردوو یەك لەدوای یەك مفتسان دەكەن.]**

ك ـ ١ ئەنجا كوێری دووەم [ئەوە بخۆ...دەی ئەمە بخۆ... چڵكن ... پۆخڵ ... چەپەڵ ... دزكوژی دز ... فێڵباز ... فەرمەستون ... شەیتان].

**[دەنگی زەڕنی كەرەكە دەبسترێ. هەردوو پیاوە كوێرەكە لە پێك داوان دەكەون].**

ك ـ ١ : ئەوە كەرە!

ك ـ ٢ : ئەوە خۆ كەرە!

ك ـ ١ : خۆم زۆر باش زانیم كەرە

ك ـ ٢ : كوره برۆ، بۆ كەس نەبوو نەزانێ ئەوە كەرە.

ك ـ ١ : هەر گاڵتەم دەكرد.

ك ـ ٢ : خۆم وا پیشان دا كەنازانم.

ك ـ ١ : ئەوەی لە خشتەم دەبا هێشتا لەدایك نەبووە!

ك ـ ٢ : ئەوەی بلیمەتە بابێت هەڵم خەڵەتێنێ!

[ دەنگە دەنگی پێ دێت، هەردووكیان دەچنەوە جێگەی خۆیان ].

ك ـ ١ : خێریك بۆ خاتری خوا بۆ خاتری حەزرەتی مریەم.

ك ـ ٢ : خێریك گەر دەتوانین بۆ خۆشەویستی خواو حەزرەتی مارتن.

[ خاوەن كەرەكە لە دەرگای شارەوە دێتەوە ژوورەوە روەو پیاوە كوێرەكان دەچێت ]

**كەر سوارەكە**:هاورێكانم رۆژتان باش، ئەرێ بەرێكەوت كەرێكتان نەدی بەلم ناوەدا تێپەرێت؟

ك ـ ١ :خاڵە گیان پیاوێكی داماوی كوێرم و بۆ خاتری خوا خێرێكم پێ بكە.

**كەر سوارەكە**:ئۆی! دەبێ قسەكەم بگۆرم! ئەرێ بەرێكەوت گوێتان لەدەنگی كەرێك نەبوو ماوەیەك پێش ئیستە بەم ناوەدا تێپەرێت!

ك ـ ١ :كاكە گیان، بەو رۆژگارە كەر بەم ناوەدا تێدەپەرێ!

ك ـ ٢ :هەموو جۆرە ئاژەڵێك بێرەدا تێ دەپەرێت! ئێمەی هەژاری بێ چاو ناتوانین هەموویان لێك جیابكەینەوە!

**كەر سوارەكە**:دەباشە پێم بڵێن كەرەكەم بەچ لایەكدا رۆیشتوە، ئەوسا منیش بەخشیشتان دەدەمێ.

ك ـ ١ :گەورەم، كەرەكەی جەنابت بەم رێگەیەدا تێ پەرێ.

ك ـ ٢ :لەپێشدا هەستم پێ كرد

ك ـ ١ :نەخێر تۆ نەبووی من بووم

ك ـ ٢ :درۆ دەکات یەکەم جار من گوێم لێ بوو ئەو ناتوانێ کەرو فیل لێك جیابکاتەوە.

**كەر سوارەكە**:بابە ئێوە شەڕێ مەکەن بەخششەکە بە هەردووکتان دەدەم پێم بڵێین کەرەکەم بەکام ڕێگادا ڕۆی؟

ك ـ ١ :[ئیشارەت بۆلای ڕاست دەکات]. گەورەم بەم لایەدا.

ك ـ ٢ :[ئیشارەت بۆلای چەپ دەکات]. بیرم بەم ڕێگەیەدا ڕۆی کەرسوارەکە: چەنێك دەبێت؟

ك ـ ١ :ئهم ... نیو سەعات دەبێت.

ك ـ ٢ :نیو سەعات! ئەوە نازانێ چی دەڵێ؟ میرم پێنج دەقیقە دەبێت. خوا بمگرێ گەر دەقەیەك زیاد یان کەم بڵێم، پێنج دەقە میرم.

[دەنگی زەرینی کەرەکە دەبیسترێ].

کەر سوارەکە: هاورێ کانم، زۆر باشە سوپاستان دەکەم، پەیمانم دا بەخشیتان بدەمێ. هانێ، ئەمە وەربگرە ئەمە لیرەیەکی ئاڵتونیە.

[پشت لە هەردوکیان دەکات وهیچیان ناداتێ].

ئەمە لەنێوان خۆتان بەش بکەن.

ك ـ ١ :سوپاس گەورەم سوپاسی لەخوام داوایە سەد ئەوەندەت بداتێ.

ك ـ ٢ :سوپاس میرە زێرینەکە، خوا بت پارێزێ.

[خاوەن کەرەکە دەچێتە دەرەوە].

ك ـ ١ :پشت بەخوا هەموو پیاو چاکان دەتپارێزن....

ك ـ ٢ :لە خوام داوایە هیدایەتت بدات و پاکت کاتەوە لە هەموو خەوشێك.

## [وەستانێك]

ك ـ ١ :پیاو!

ك ـ ٢ :چی؟

ك ـ ١ :وا دانێ دەچینە ئەوێ؟

ك ـ ٢ :کوێ؟

ك ـ ١ :بۆ خانەکە.

ك ـ ٢ :بۆ ئەم خانە؟

ك ـ ١ :بەڵێ.

ك ـ ٢ :بۆ مراوی خواردن.؟

ك ـ ١ :بەڵێ بۆ ئاخنە مراوی برژاو...

ك ـ ٢ :هەر بۆ ئارەزوو؟

ك ـ ١ :بەڵێ هەر بۆ ئارەزوو، تاتێر دەبین بۆ ئەوەی بەدەمیش نان بخۆین نەك تەنها

به لووت.

**ك ـ ٢** :ئەی خواردنەوەشی لەتەك بێت.؟

**ك ـ ١** :بەڵێ چاکترین جۆری خواردنەوە.

**ك ـ ٢** :ئاخر ئەی پیرە پیاو ئەمە زۆر دەکەوێ لەسەرمان.

**ك ـ ١** :قەیناکە پارەمان هەیە.

**ك ـ ٢** :بەڵێ پارەیەکی چاکمان هەیە، یەك لیرە، بەلیرەیەك دەتوانین داوەتێك بگێرین، ئەوەندە دەبێ بەتەواوی سکی خۆمانی پێ پڕ بکەین، جارێك لە جاران زۆر نی یە.

**ك ـ ١** :دەبێ وەك میران نان بخۆین.

**ك ـ ٢** :وەك قەشەکان بخۆینەوە.

**[هەر دوو پیاوە کوێرەکە دەچنە خانەکەوە و بزر دەبن، کەرسوارەکە لەگەڵ کەرەکـەی دێنــە سەرشا نۆکە، بەرەولای خانەکە دەچن، رەشمەی کەرەکەی گرتــووەو رای دەکێشێ، لەگـەڵ هەر هەنگاوێکدا بە شیتا دەچێتتەوە لەگەڵ قوولپەی پێکەسنیندا].**

کەرسوارەکە: هەجەدەی هەی بێ مێشك هەچە هی هی، هەهە، هۆ هۆ، چ نوکتەیەکم بەو کوێرانە کرد . هەهە، هۆهۆ هەچەهەی کەرهەچە. هیچم نە دا بەو کوێرانە، وا بزانم چوونە ناو خانەکەوەو خواردنێکی چاکیان داوا کرد، خۆمیش دەچمە ژووریێ بۆ ئەوەی پێ یان رابویزم. هی هی!.. گەلێ خۆش دەبێ هەر کە داوای پارەیان لێ دەکەن. هۆهۆ! هەچە. بۆ وەی نوکتەکەم ببینم والێرە دەت بەستمەوە.

**[کـەرەکـە لەشـوێنی بەستنـەوەی وولاخـەکـان دەبـەستێتـەوە ودەچێتە خانەکەوە، نوکتە بازەکە دێتە سەر شانۆ].**

**نوکتە بازەکە : بەجوانی و زیرەکانە ئەم نوکتەیە کرا. لەپشت دەرگاکاوە واگای ئەم نوکتــە بچکـولە یە بووم ـ ئەم کابـرایە لێ زانیکن بەتوانایە ـ خوشکان وبرایان نوکتە بازێکن هەڵە وەرم زۆربەی ناوچەکانی فەرەنسا وئاقاری گەراوم بەڵام نوکتەی واسەیرو سەمەرە نەکراوە ـ ئەم زەلامە سەرنجی راکیشاوم جا خوشکان وبرایان دوای یارمەتی ئێوە دەبی بیکەم بە پاڵە وانی نوکتەیەکی خۆم ـ (لەکەرەکە نزیك دەبێتەوە بەسۆزەوە دەستی پێدا دەهێنێ کە قسەی لەگـەڵ دەکا). کەرە باشەکە ..کەرە جوانەکە ...( وەزانی هەردووکمان تەنها تۆزێـك لەیـەك دەچـین (کەرەکە تێکەڵین سەری دە لەقێنێ). بەڵێ وایە هەر بەبنـامـاڵەش هەردوو هەوای زیـرەکیمان هەیە لەبەر ئەوە خۆشم دەوێ ی هەوڵ ئەدەم خاوەنــەکــەت بگــۆرم بۆوەی نەخــتــێ هەوالی ماڵ بگــۆری**

**(بـــحــەوێنیتـــەوە) تۆش وەك من پەلەرووت ولەری پەڵێ وەك من زۆر ئیش دەكەی؟ (كەرەكە سەری رازی بوون دەلەقێنێ) كەچی خۆراكت پر بەسكی نادەنێ؟ (كەرەكە سەری رادەوەشێنێ)** بەڵێ براكەم هەروەك من كەمێك چاوەروان بە گەر هەڵەم نەكـردبـێ دوا رۆژی تۆ دەبـێ چاكتـر بێو گۆرانی تێ بكـەوێ

**[خانچی یەكە لەنێو دەرگەی خانەكە دەردەكەوێو پیاوە كوێرەكان لەناوەوە بانگ دەكات]**

**خانچی یەكە!**ـ گەر هەر ئێستە پارە نەدەن، پۆلیس بانگ دەكەم!

لەدەرگەی كراوەی خانەكەوە هەردوو كوێرەكە بەشەركردن دێنە دەرێ]

**ك ـ ١** :هەی دزە تۆ لیرەكەت وەرگرت

**ك ـ ٢** :تۆ درۆ دەكەی لیرەكەی بەتۆدا، چاك دەزانم هەی نا پیاو دەتەوێ بۆبەندیخانە راپێچمان كەن؟

**ك ـ ١** :كورە هەی رێگر پارەكە ئەدەی یان دەمم وقەپۆزت بشكێنم

**ك ـ ٢** :گەر پارەكە نەدەی لایە سەرت دێنمە خوارێ

**[هاوارو دەنگە دەنگی لێدان دەبیستریێ.. خانچی یەكە دەرگەی خانەكە پێوە دەدات وبەهەڵپە رادەكات]**

**خانچی یەكە**..پۆلیس، پۆلیس! دز دز پۆلیس!

نوكتە بازەكە چی رووی داوە؟

**خانچی یـەكـە**..هەر ئێستە راكە برۆ بەزوویی پۆلیس بانگ بكە ئەوە دوو دزە لەخانەكەی مندا خۆیان مەلاس داوە، دوو پیـاوی كوێرن ماڵیان كاول كردووم پارەشم نادەنێ؟

**نوكتەبازەكە**..قوربان خۆت تێك مەدە پارەكەت دەدرێ چەندێ قەرزارتن؟

**خانچی یەكە**.. گەورەم، تەنها یەك لیرە، هەموو مراوی یەكەیان خوارد لەگەڵ چاكترین جۆری خواردنەوە

**نوكتە بازەكە**: لیرەیەك؟ ئای لیرەیەك هیچ نیە نا، لەجیاتی ئەوان دەی دەم.

**خانچی یەكە**..گەورەم بەراستی تۆ میهرەبانی ئەوانە ئەوە هەڵناگرن ئەوە دزو قوڵ برن پێویستە لەسێدارە بدرێن.

**نوكتە بازەكە**.. قوربان ئەم كەرە بەڵاش دەبینی بەلای تۆوە چەند دێنێ؟

**خانچی یەكە**.. كاكە من هەقی كەرم چی یە؟ دەمەوێ پارەكەم بدرێ؟

**نوكتە بازەكە**.. هاورێی چاك بە بەهەموو پیاو چاكانی دونیا ئەو پارەی تۆ نافەوتێ بەلام دەڵێم ئەم ئاژەڵە رێك و پێكە، لەهەموو وولاتی فەرەنسا ئاژەڵی وا نادۆزێتەوە.

**خانچی یەكە**.. بەڵێ وایە ئاژەڵی وا رێویلەو نابووت لەهیچ شوێنێ نی یە !

**نوکتـه بازمکـه**.. ئای قوربـان بەڕوخسـاری نەخـەڵەتێی پەئیمانم ئەمە جوانترین گیانەوەرە لەزیرەکیدا زۆرکەس دەناسم ناگاتە قەرەی ئەم کەرە.. گەورەم، باوەڕ دەکەی؟ ئەم کەرە....

**خانچی‌یەکە**.. [ ] ئاوها؟

**نوکتە بازمکە**... بەڵێ گەورەم، لایە لایەش بۆ منداڵ دە کاتا دەنوێ

**خانچی‌یەکە**... ئاوها؟

**نوکتە بازمکە**.. قوربان ئاویش لەبیر دەردەهێنێ؟!

**خانچی‌یەکە**.. ئاوها؟!

**نوکتە بازمکە**.. قوربان سواڵ کەریش لەدەوروبەر دوور دەخاتەوە.

**خانچی‌یەکە**.. بەو شێوەیە؟

**نوکتە بازمکە**.. بەڵێ گەورەم لەدەردو بەڵاش دەتپارێزێ

**خانچی‌یەکە**.. ئاوها؟

**نوکتە بازمکە**.. بەڵێ قوربان ئێستە سەیری بکە

**[کەرمکە کلکی دەلەقێنێ]** بڕوانە کلکی دەلەقێنێ؟

ئەوە دەڵێ ئاگاداربە هەندێ کەس دەیانەوێ لەخشتەت بەرن

**خانچی‌یەکە**... ئەو دوو کوێرە تەڵەکە بازە!

**نوکتـه بازمکە**... جا وایە گەورەم سەیری کە سەیر، دەبینی وا بەئەدەبەوە سەری دەجوڵێنێ؟ **[کەرمکە سەری ڕادەوەشێنێ]** مانای وایە ئاگاداربە هەندێ کەس چاویان لەخێزانەکەت بڕیوە

**خانچی‌یەکە**.. دەزانم ئەو قوتابی‌یە پۆشتەیە قەت متمانەم بەو سەگە سورە نەکردوە، دەبێ ئەمەی لەکونە لووت بێنمەوە

**نوکتە بازمکە**.. بەڵێ گەورەم، ئەم کەرە لەوەیە ئینسان بێت بەسامانی هەموو دونیا نای فرۆشم گەر هێندەی خۆی زێرم بەنێ نای فرۆشم چونکە شتێکی پیرۆزەو گوناهبار دەبم ماڵ و موڵکی دونیام لاناوەو بەتەمام بچمە دێر جا نازانم چ لەم کەرە خۆشەویستەم بکەم؟ حەز ناکەم ئەو کەرە بەنرخە بەهەموو کەسێ بدەم دەترسم بەباشی مامەڵەی لەگەڵ نەکەن. بەڵام وا پیاوێکی بەسۆزو دڵ نەرمی وەك تۆم لێ پەیـدا بوو، تۆ ئەو کەسەی کەلەم ئاژەڵە تێ دەگەی، مامەڵەی چاکی لەگەڵ دەکەی خزمەتی ئەوت لەبەر چاو دەبێ قوربان وا ئەو کەرەم لەڕای خوا پێ بەخشیت ئەوە ماڵی تۆیە زۆر بەهاترە لەنرخی خۆراکی ئەو دوو کوێرە.

**خانچی‌یەکە**... بەڕاستی لەکانگای دڵتەوە ئەو ئاژەڵەم دەدەیتێ؟

**نوکتە بازمکە**.. ئەوە ماڵی تۆیە..

**خانچی‌یەکە**.. ئەوا قبوڵم کرد دڵنیاش بە گەڵێ ئاگاداری دەکەم.

بەڵام نافەرمووی بێیتە ژووری و نانێ بخۆی؟

ئەو ڕۆ مراویم هەن خواردنـەوەی ئەم خانەش بەهیچ شێوەیەك وەسف ناکرێ چاکترین جۆرت دەرخوارد دەدەم

**نوکتە بازمکە**.. قوربان بڕیارم داوە بەڕۆژوو بم، بەڵام لەبەر خاتری جەنابت داواکەت ناشکێنم

**خانچی‌یەکە..** باشە هاورێ وەرە ژوورێ دەمەوێ تامی کونترین شەرابی خواردنەوە بکەی

**نوکتە بازەکە..** باجارێ کەرەکە ببەمە پشتێری خانەکەوە چونکە ئەم کەرە هوگری من بووە گەر ساتێك دوورکەومەوە دەست بەزەڕین دەکات ئەوەندە دەنگی تێژە لەوانەیە مێشکت بەرێت خۆت دەزانی کەرمو چار ناکرێ؟!

جاباشترە هەر ئێستە دووری خەینەوە ئەوجا بێزارمان ناکات پشتێرەکەت لەکوێیە؟

**خانچی‌یەکە..** لەکۆتایی لای دەستە راستەوە زووکە وادەچم ژەمێکی گەرمی رێك و پێکت بۆ ئامادە دەکەم

**[نوکتە بازەکەو کەرەکە دەچنە دەرەوە. خانچی‌یەکە دەرگای خانەکە دەکاتەوەو لەوێوە بانگی پیاوە کوێرەکان دەکات]** برۆ لێرە نەمێنن **[هەردوو کوێرەکە بەترس و لەرزەوە دێنە دەرەوە]** سوپاسی خواوەند بکەن کەئەو پیاوە چاکەی وەك فریشتە بۆ ناردن بۆوەی پارەی ژەمە خواردنەکەتان بدات! بەڵام جارێکی تر تادوونیا دونیایە پێتان بەئاقاری ماڵی مندا نەنێن

**ك ـ ١..** سوپاسی گەورەم خوا پاداشتی خێرت بداتەوە

**ك ـ ٢..** سوپاسی قوربان سوپاسی خوا بتبەخشێ

**[خانچی‌یەکە دەچێتە ژوورەوە]**

**ك ـ ١..** راستم پێ بڵێ پارەکەت وەرنەگرت

**ك ـ ٢..** سەد جار پێم ووتی ئەو پارەیەم وەرنەگرتووە تۆ وەرت گرت و هەڵت لووشی

**ك ـ ١..** ئێستا بەسە ئاژاوەو لێکدان

**ك ـ ٢..** بەڵێ بەسە شەرو دەمەدەم

**ك ـ ١..** ئەوەندەی نەمابوو سەرم بشکێنێ

**ك ـ ٢..** خۆ خەریك بوو پشتم بشکێنێ

**ك ـ ١..** کەواتە بائاشت ببینەوە

**ك ـ ٢..** بەڵێ با ئاشت بینەوە

**ك ـ ١..** نانێکی چاکمان خوارد پێویستمان بەهێمنی‌یە بۆوەی بەباشی هەزمی بکەین

**ك ـ ٢..** راست دەکەی بابێ دەنگ بین دوای نان خواردن حەز بەقسان ناکەم

**ك ـ ١..** با بچینە ئەولا لەسەر سەکۆکان دابنیشین

**ك ـ ٢..** بەڵێ بابرۆین

**[هەردوو کوێرەکە لەدەرگەی شارەکە نزیك دەبنەوە لەوێ دادەنیشن، نوکتە بازەکە دێتە ژوورەوە سەرخۆی دەکاتە نێو رەشمەی کەرەکەوە رەشمەکەش بەشوێنی بەستنەوەی ئاژەڵ دەبەستێتەوە سەری شۆر دەکاتەوەو رووەو دەرگای خانەکە بەبێ دەنگی دەوەستێ].**

**کەر سوارەکە..** **[لەدەرگەی خانەکە دەردەکەوێ لەقاقای پێکەنیندایە]**

**هی هی، هە هە، هۆ هۆ**

**نوکته بازمکه**.. [لاسایی زەرینی کەرەکە دەکات]
هی هاو!
**کەر سوارەکە**.. [ئاور لەدەنگەکە دەدا] کەرەکەم؟
کوا کەرەکەم؟ دیسان رای کردووه
**نوکته بازمکه**.. [جارێکی دی دەزەڕێ] هی هاو!
**کەر سوارەکە**.. ئەوە پێم رانەوبوێری؟ کوا کەرەکەم؟
**نوکته بازمکه**.. [بەلالانەوەو فێڵ بازانەوە]
**بەگەپەسۆزەکەم**.. تورە مەبە.. خوا هەموو شتێك دەکات من کەرەکەی جەنابتم
**کەر سوارەکە**.. هێی چی یی؟ ئەوە شێت بووی؟
**نوکته بازمکه**.. بۆ خاتری خوا گوێم لێ بگرە قوربان.
من کەمکەی تۆم ـ بەلام بەرەحمەتی خوا جارێکی دی بوومەوە بەمرۆکەی جاران
**کەر سوارەکە**.. خوایە بم بەخشی! ئەوە چی دەبینم تۆ بلێی خوا تۆڵەم لێ بسێنێ چونکە گاڵتەم بەو دوو داماوە کرد؟
**نوکتــە بازمکه**.. گەورەم بەسەرهاتی دڵتەزێنی خۆمت بۆ دەگێرمەوە بەڵکو خواوەند بم بەخشێ! کەلەگەڵ دایکم دەژیام زۆر چەتوون و لاساربووم بێ فەرمانی ئەوم دەکرد. قەت شتێکم نەدەکرد ئەو پێی خۆش بێت زۆربەی کاتم بەخواردنەوەو قومار کردن دەبردە سەر.
لەکاتێکدا ئەو داماوە لەبەر ئیش وکار دەرەتانی نەبوو تاوای لێهات لێم زوویر بوو لەماڵ دەری کردم و ئەم دوعایەی لێ کردم «برۆ» ئەو ووتی «ئەم ماڵە بەجێبێڵە تۆ ئاژەڵی، برۆ لەنێو ئاژەڵاندا بژی برۆ وەك ئاژەڵ بژی بۆ ماوەی پێنج ساڵ و پێنج مانگ وپێنج رۆژو پێنج سەعات وەك کەر رەختارم کردو ژیام بەلام ئێستا کێنە ماوەی دوکاکەی تەواو بوو، جارێکی دی بومەوە بە شێوەکەی جارانم خوا گەلی میهرەبانە!
**کەر سوارەکە**.. مەریەمی پیرۆژ (شتی وادەبێ)
شەش مانگ دەبێت تۆلای منی قەت لەبیرمدا نەهاتووە کە مرۆڤ بیت..
**نوکتــە بازمکــه**..شــەش مانــگ لەخـزمــەتی جەنابت، بەڵێ وایە سوپاست دەکەم بۆز مامەڵەی میهرەبانت دەبێ بم بەخشی گەرجارێ لەجاران سەر پێچی جەنابتم کردبێ.
**کەرسوارەکە**.. من داوای بەخشین دەکەم چونکە زۆر جاری عەزێتم داوی بەلام چۆن بزانم بۆ جارێك ئاگاداری ئەم باسەت نەکردم؟
**نوکته بازمکه**.. نەمدەتوانی لە توانام نەبوو بەلام تۆ زیاد لەپێویست میهرەبان بووی هەر بۆیەشە هیوام وایە هەروەك هاورێ لێك دابرێین.
**کەر سوارەکە**.. بەڵێ دەبێ وەك هاورێ بمێنینەوە دەبێی بۆ ماڵەوە نانێکی چاکت بۆ سازدەکەین
**نوکتــە بازمکەی**.. هەوڵ دەدەم خوابم بەخشێ دەبێ بچمە هەجێ بۆ روما بەڵکو بەهۆی باوکی



کەورەی پیرۆزەوە خواوەند لەهەموو حەوشێگ پاکم دەکاتەوە دەبێ بەڕۆژی بم تاکۆتایی سەفەرەکەم.

**کەر سوارەکە**.. دەهانێ ئەم خواردانە بگرە لەو ڕێگاو بانە دوورە پێویستت پێیان دەبێت **[هەندێ پارەی دەداتێ]**

**نوکتە بازەکە**.. سوپاس گەورەم، بەڵکە خواجەزای چاکەت دەداتەوە**[لەناکاوا دەست بەزەرین دەکات]** هي، هاو!

**کەر سوارەکە**...ئەی خوای بانی سەر ئەمەچیء بوو رووید!؟

**نوکتە بازەکە**. ئەوە هیچ نی یە، تەنها خووی سەردەمی کەرێتیمە. هەندێ گرفتم تووش دەبێت تاکو دیمەوە باری خۆم. بەلام بەپێ ی کات نامێنێ. خوات لەگەڵ گەورەم.

**کەرسوارەکە**... خوات لەگەڵ هاورێم. بەڵکە خوا ئاگادارت بێت!

**کەر سوارەکـە دەچێتە دەرەوە. هەردوو کوێرەکە بەبێ دەنگی ئاگاداری ئەم بەشەبوون نزیك دەبنەوەو دەست دەکەن بەزەرین]**

**کوێری یەکەم و دووەم، نوکتە بازەکە [بەیەکەوە]**

**هی، هاو!**

**نوکتە بازەکە**.. هاورێکانم، هیوادارم تیرو تەسەل نۆشتان کردبێ، چونکە بۆ ئێوە خۆم کرد بەکەر. قەرزارتان بووم چونکە ئێوە ئەم خانەتان نیشان دام مراوی‌یەکەیان بەلەزەت بوو، شەرابەکەیان بێ وێنە بوو. ئیتر بەجێتان دێلم بۆ وەی بەردەوام بن لەسەر ئەم کاسبی‌یە پرشنگدارەی خۆتان لای ئەم دەرگـایـە، دەبێ بڕۆم بۆ وەی نوکتـەو گاڵتـە جاری‌یـەکانم بەهەموو شوێنێکی فەرەنسای خۆشەویست پیشان بدەم.

**(پەردە)**

---

سەرچاوە:

Nine One – Act Plays Edited By Philip Walsh P 83 – 103

TWO BLIND MENANDADOONKY

By Mathurin Dondo

# «پارسەنگی نیوەڕۆ»

- بەشی یەکەم -

١٩٨٧



محمد باوەکر

شتە رندەکان لەخەیاڵدا کەرەسیسیان کرد
لێیان دابەخشیمە راوێ
دوا سەمای کەوای فیرعەون
کۆتایی پێ هات
وا تەپڵی حالگرتنیش لەسەماگەی چاوێشدا
دەستیپێکرد
گەیشتینە جڤاتێ، جڤاتێی زەین
خەرمانلۆغەی ئەوێمان تامنەکرد ،
قەولبێژ خەوت
تۆمارە یاداشتی کورە تاقانەی پاکیزە
پێچەوانەی غەریزە سیلاکبوەکانی خرێنە دەجەنگێ
مزگەوتی گەورە بەرەو باشوور
خەلکی تەلقین دا
گوفەکە کەلاکەکان لەوێوە بوژانەوە
خۆزیە بەشێك لەو کەلاکانەمان دەدیت،
مریدەکانی شەمێ
فەرمانیان بەپیرهاتەوە
سکوردی باوەڕە پیرۆزەکانی پێشتریان دادری
سوێندی دەلەسەیان بەهیچ رۆناکیەك نەخوارد
بەر لەچوار هەزارو چار ساڵی دووبارە فەرمانیان گەیشتبووبێ
سەمای هەوا .. شین ئاگر.. پێکەنینی ئاو

هەواڵنامەی کتێب



نوێژیان قووت دەدا.
ڕازەکانی قاژو قیژی بێدەنگی
لەدەفتەرداری تۆفانە ئاگر پژێنی جودی
بەدەنگ دێن
داوەڵە پیاوانی حەوشان ئاگر دران
دەرزیان لێدرا. سەوز مانەوە..
ئەو کاتە ساوێرەکانی مزگەوتی گەورە
فرچکیان دەخوارد.. لە لەوەرگای ئەوێ
بوونە ڕەگاژۆی چەشمە پیاوانی
بەر لەچیرۆکی مرۆیە قورینەکان و
سەرزەنشتی قولفی سەر ماڵانیان کرد
کێ ذاوان دەبەخشێ؟
کێ ماوەی نێوان پەرێزو جۆخینان
دەقەبڵێنێ..
دەپارێزێ..
گالیسکە بەدیلی ئاژەڵ نی‌یە
دیتیتم.. نازانم بەهای تامی چەندە
ئەو ڕێ ێنەوە
ماموشوکەر دێتە دونیایێ
گالیسکە ترپە دڵی مایکرۆیفە ئاژەڵستانی
گەڕاندەوە سەر هیچ.
مەیدانی زمانی دڵ
ئالتونێکی خالاوە
گوللە دلۆقان
میهرەبانیو پرچی کیژان لەسەر پۆپیتە کەڵەشێری
کوشتارگەی هەوارە بابەلیسک
بەگەنجی دابەزی،
دەفەی مامز
بەرۆژووی هوریەکی نەفرەجایە
بەری ڕۆژیان نیشاندا

گوڕی ڕۆژیان دایێ
داوەتی سەدووم و ئامووره کراین
گۆڤەندو تەدارەك سازدرا
ددانەکان خۆیان لەهەسان سویی
جەفتاوی کوندەی بر گەوره
حنچکی لەئاهان دەگرت..
ئاردە هەنارەکانی ئاوازی مەشکە.. مەڵبەندی غەریزەەکانی
گواند
چونکە:
بێ وەجاغن..
شەوتا گرن..
لەشەوانی سێزدەمین.. شەوانی پیرۆز دەردونەوە
ئاواتە پەسندەکان.. ناجسنن..
خەونەکان بەقەڵپی ماچان دەکەن.
قەولبێژ زریکاندی:
ئێمەو خواوەند گاسی خەڵکمان دەکرد
نان و پیازمان خوارد
ئێوەم لەپێنجان بووری.. بارتان سووکە
پشتمان تێککرد.. کڵێشەمان گۆڕیەوە
چوومە گیانی.. هاتە گیانم..
هەرماس پەیامبەری خواوەندانە
قەلکۆژی ئاگر دزە
بێسندمەو گوڵی سپی دەرشێتەوە
لەچواردەمین شەودا
شەوتا بەوشك و سستی بەرەنگارت هات
سواری سکوردت بۆوە
زەمەن دامێنی پەرەستگای ئامونە
هەمبانن سەماگەی تیترواسکە
ئاهەنگی ئەمساڵی پەیکەرتاشیش
لەسواندەی شانت، تەرمەدانێکی مەڕمەڕی بۆخۆ دارێشت

میوانی ئەبەدیمە.. تا
بەندەرەکانی دەریای جەستەت بەیەکجارەکی
دەڕۆن..
ماڵئاوایی دەخوازن
دەستە لەرزۆکەکانی سێزدە.. گشت شەوێ
خەونی دەبەنگی بەڕوومدا.. دەرشێتەوە.
قەوڵبێژ بەئاگا هێنرا
ساتێکی دیکە ڕوو بەڕووی گەورە خوداوەند
تەرازووی ئاشکرا دەبێت..
چۆن قورەلم.. گیانی چووەبەر
چۆن خزیە تەرمگاوە

ئەی چۆن کۆیلەی ئەوبم
فریشتە دۆزەخ
ئاهەنگی درێژە تەمەنی، بۆ پەرستگای ئاموون گێرا
گەلاوێژ چووە شەوێ
گلکۆی پەیکەرتاشی دوانە خرا
ئەسکارسی دەوەنی دۆژە لەنۆژەن
سەرە دیڤانیٚ ی تازە کردەوە
بوومەلەرزە
لەرزە یادگارو هێلانە شەمشەمەکانی خرکردەوە
دەمامکی ئاشکرا نەکرد
کراسگهۆرەکان کێوە چوون
ئەوەندە بەئاگایین.. بزر دەبن
حەزیان لەخوشکانی عەزازیل دەکرد
چوونە کۆشی
ئالۆش دانەمرکا
لەزێد نامەی هاوینە گچکەی کونی شمشاڵ
تۆمار نەکرایە
بەهاری پەز ڕەشدا گەڕا



دەرپێیە بەرادان دراوەکەی شەوینی پووش
نوح ئاخنیە پاپۆرەوە
شایی هاوینە شیعرو دەستشۆر
ئاسنە قەفەس سێ ژەم چۆلك.. لەسێ ژەم شیشبەندا
دووچین مرۆی یەك بەدوو
فراژی گیپەی ریخۆڵە دەبوون.
کەم فرە نین
رێی خواشیان نەدرایێ،
پیاوەکان لەزستاندا.. بیابان دەچوونەوە
بەدەریادا رەت دەبن
کاتێ پێیەکانیان بەپەروانەوە دێنە دەرێ
دەتوانن: زەوی بدۆشن
زەوی کوشتن هەڵبژێرن
دەتوانن: تخووبان بدزن،
پڵینگی سپی چۆلاژۆی بەچاو کونە سوژنەکان کرد
دەیگوت:
[ناراستەقینە هەموو شتێکە][1]
شەوتا بەتەرادانێی بۆشایی
گوناهی خۆی ئازاردا
قەولبێژ ماڵبەدەرە.. هەرەتەی پاقژگەیە
لەمەرگەهی خەیاڵگە
مژۆڵێ کراسگۆرینە
کژۆڵێ شینی تاووسە
جریفۆن ئارەقە دەمژێ.. گڵپە کزە
ئاگراوی گەیشتێ
گەردەنی پێ ئازا کردین
هەواڵی بێسێبەرەکەی زانی
بوومە لەرزەیەکی شاقسی هاتە گوێ
شادبە، شادبە

هەواڵنامەی کتێب

لەهەر دەنکە تۆویکی ئارووی منداڵە دەبەر سێبەر هەڵچووەکە
وروورەی شەمێ هەیە
منداڵ.. دێوەڕ بردیەوە
هورەش چرووسکی وێخست
زەینت بدێ لەشەوی شەوتادا
١ـ من هەبووم هەنووکەش.. کۆتایم نەما
دەسەڵاتم بەسەر ئافەریدەکاندا دەشکێ
٢ـ بڕوا پێکەرەکان.. هانایان هێنا
وا بەخێرایی ئامادە دەبم.
هەتاو شەهوەتی رۆژ بوو
تار لێدانی سەر هەڵقەی تادۆسخوازانی خوای براله
تەپڵی داگیرساند.. دڵ گەرمداهات
پشتی دایە پشتی.. ئەوجا
لەجەرگەی شەهوەتی ئاگری ئاسماندا نژناندرا،
دادوەری خودا لەبەرایی مەرگدا وەستاوە
خوای لێ رازیبێت.. کەسی لێ رازینە بوو
رێی خوای بەکەس نەبەخشی
جەستە بێوەج و مەرگەساتەکە
بەرەو کارە مەرگێکی تۆکمەو کەشکەلان کەوتنە رێ
توانەوە لەرەمەکیدا
بەچی پۆشێکی ئاسمانی خودا پۆشم
بەچی روویکەوە بچمە قوربانگەی هۆش
دیاری دەوەنی شەوین بەکێ بدەم
پرسیارن
زەمین بەکاملای دونیا سوور دەدات؟
سروەدوان بێتاوانە، سپی پۆشە
تاوانخۆر بیابانی ئاسمانە
دارستانی یادی شەو تیژ دەکاتەوە،
مووەکان لەنۆژەنەوە خۆیان سوویی



چاواند یدەکانیش ئاشکرا نەبوون
سێزدە.. بینین [دیتن].. نرخی بێدەنگیە
ئەزموونی نارەحەتی گوێلێبوونە
ناووك.. خەڵوەتکێشی مەزەندەیە
خوردبوونەوە.. [قەبە گچکەکردنەوە]نەرشوشیرینە
وەخت [وەختە].. شتە پیرۆزەکان. دەپلیشێنێتەوە
درناگە لەدەرگای تەسك و تاریکی لەمەچێتران دەگرێت
ئەم کاتە شلکانە

**چەندە بوێرن**
**چەندەش فرەن..**
**(سێ بەشی خودایە، بەشێکی تۆخمی مرۆیە)**
**فرمێسکی کێردەکان خزیە بەرپای بازنە جنسەکانەوە**
**سێ نیوە شەو دەکاتە سێزدە**
**سێ نیوە نیوە ڕۆژ دەکاتە سێزدە**
**هیچیان لەکۆمەڵەی شەر کەراندا تۆمار نەکران**
**بەردە ڕەشۆڵە.. بەردە خاڵدار**
**خۆی لەناوەریزی قەڵەمبەزێك دیتەوە**
**خۆی کەوڵ کرد.. بووە بەردەباز**
**دابەزین**
**شانازیش بەو تەرعە ئاوانە دەکات**
ڕەشسوور ڕەنگی فیردەوسن
بەردە ڕەشۆڵە [سپی تێکەڵە] بزر نەکەن.. **ڕەنگە بەهەشتن**
لەگەڵ ددانی شە ناپێورێت.. **توافەتیان زۆرە**

**خەوشی بەفری پەرێتێ [نیشانەی جوامێرییە]**
دەیویست.. حەزی دەکرد
بێ گەردی ئاو شێلو دەکات
**خڵتی هەستەکان بوروژێنێت.. بشڵەقێنێت**
**هەر ئەمپریوم هەبو.. هیچی تر نا**

دوایی، دەوەنەکان لەورگی نەرمایی زان
منداڵەکان فەیان خوارد
تۆفان هات
فنیان کردەوە
بەبەتێفروسماندنێك گشت دارستانەکان
لەئاسمانی ئاسمانان بەر بۆوە
ئاخ.. ئاسمان پەردەی درا
گیا.. برکی پەڕیتێ
بەفویەکی دێ شاخ و دەشت، ڕێوبان
لەبەری سێزدەمین دایکە نەینۆك تەقیو
ڕەورەوەی قاچیان بۆوە
دڵی ئاو، لەسینگی کۆسە ماسێیکی ڕەشدا
خولقێندرا
خوێنی هەڵقوڵگەی کانیاوی ژەنگاوێیە
جووتە جووتێنی
کەژو گیا.. کەڵەباب و مامز.. دارێژراوی ئاگرە لمن
ددانیان هات.. ددانیان کەوت
ئاردە ددان و سپیاو
خۆراکی کرمەکانی چاوی پەپولەی ڕەشایین،
زریکەی قەولبێژ هات!
گاسیان کرد
[هەندێك مێرووله مووی ئەمیان لەدەمە
ئیدیکەش نینۆکیان وێیە][۲]
بەهەستە نزم و بەرزەکاندا هەڵزنان
نێرەکان دەستیان بەخوێنە
لەژووری ئازار بەخشدا مەستن
بۆ ئاسمان چوونە خوارەوە
زەرد، شین.. کراسی دۆزەخ خوازانە
ئەی ئەم زگە سپییە لەکێیە؟
گوێتان قولاخ بکەن

ئاگر بەردەنە ئاگر
دەستان هەڵبڕن.. بناورێنەوە
شەو لەبان: سەران ببڕە.. بیائبرژێنە،
باوکە «لۆسیڤەر» ڕۆناهی تاریە هەڵگر
ئاخیان بگەینێ، بەسپیاو بیانخنکێنە
وا چرتەی «شەوە» لەکۆسپەی دەرگاوە دێ
هزرمان کردەوە
پێکهاتین.. دیسانەکینێ پێکهاتین.. ئەمجارەش پێکهاتین
با، مرۆ بەشووشە بئاخنرێت
تا، بێچەتر گوزەران بکا.. ببێتە دۆستی باران
هەسارە نەمێ و نەنێرەکانی قەڵات
هەساری گومانن
چاو و زاریان لێکرا.. زاروکان کڕ ناکاتەوە
بەشەوی کاتە شکاوەکانە
میواندارێ شەوان ناکات.. دەڵێ:
قەی بخۆن، قاتی لەرێیە
فن کەنەوە، لەبخووران هەڵدەن
پەرە مووچی خستە تەوقی سەر
بۆ قوڵایی بیرەکان هەڵکشا
بەریان نەگرت
لەهەوای شورەی شوشە بەندێك رشانەوە
ماست، مەی، ئاو
ماستی پزدا، لەپاسەوانی کەوت
قەولبێژیان تاتە شۆر کرد
سێبەر شیاوی پەرستنە، لەگشت ڕۆژی سەرتاڵدا
لەیەکەمین چوارشەمی ساڵدا
خوێن لەکەپووی ئەستێران دەلەرێتەوە
یاخی چۆلکانم

دڕوونی بێتاوی خنکاند
دەرماناو..، کۆڕ بەتاڵە
گەڵایەکان سوێر داگەڕان
گیان لەنینۆکەوە بۆ چۆکەکان تەکانی دا
دوای ناوك گەیشتبنە قەپرغەو گەروو
غەر غەرەلی هاتێ
لەدرێژترین تاڵە مووە سپی قەولبێژ خۆی بەدەرنا
لەش ئامادەی پۆشینی شین و سەوزی نەبوو
پرپۆڵەی بەندە قورەکان هەڵوەرین
ڕەنگاوی باڵندەکانی جیهانە ڕەنگ، لەدوو ڕەنگی
چاوانی پڵینگە سپییەکان
خۆی نواند.



# ئەدەبی بەرەنگاری و چەند بیرێكی راگوزاری

ئەبووبەكر خۆشناو

پێشینان بەجوانی سروشتیان هەڵدەگوت :
بەفرو گوڵ ، مانگ و شنە با،تەم و چیاو رووبارەكان لـەم
سەردەمەش دا :
شیعر لەئاسن و پۆڵا دادەڕێژین،شاعیرەكانیش فێر دەبـن
چۆن ڕێبەڕی هەڵمەتێك بكـەن ! (١)

( هۆشی مین )

كاتێ لەشكرێكی داگیركەر وڵاتێك داگیردەكا، كۆمەڵانی خەڵكـی وڵاتەكـە دەیانەوێ بەهەموو شێوەیەك بكەونە بەرەنگار بوونەوەیان . بەڵام هەڵبژاردنی شێوەیەك لەبەرخۆدان و بەرگری و پاراستنی كەلەپووری گیانی ، پەیوەنـدی بە هەل ومەرجی ئابووری كۆمەڵایەتی ـ سیاسی وڵاتەكەوە هەیە ، بۆیە ئەگـەر بەخەباتی چەكدارانە رووبەرووی داگیركەران دەبێتەوە ، بێ گومان ویستـی بەهێزی چەكداری رەگ وریشەیەكی قووڵی لەزەوی دا توونـد كردووە.ئـەو رەگ داكوتانەش ویستی رزگاربوونی لەسەر دەڕوێ .

هێزی داگیركەر تەنیا بەگرتنی شاخ وشارو گوندو بیرە نەوت واز ناهێنـێ، بەڵكو هێزە ( ئەختەبوتییەكانی ) ، شۆڕ دەكاتەوە ناو بیرو هۆش و مێشكەكان بۆ ئەوەی لەلایەكەوە ئازاری داگیركردن لەجەستەی داگیركراو كـەم بكاتـەوەو لەلایەكی دیكەشەوە درێژە بەهەڵلووشینی ئابووری و كەرەستـە خـاوە

هەرزانەکەی بدا . ئەرکی سەرەکی بەرپەرچ دانەوەی شێواندنی مێــــــژوو، کەلەپوورو زمان دەکەوێتە سەرشانی نووسەرو رۆشنبیرانی گەل . لــەم رووەوە ( ئەندرێ بلانشار ) دەربارەی بارودۆخی فەرەنسا لەکاتی داگیرکرانی‌یەوە لـە لایەن هێزەکانی ئەلمانیای نازیست لەسالآنی جەنگی دووەمی جیهان دا دەڵێ: ( ئێمە زۆر چاک دەزانین ، تەنیا سەر زەمینەکان و گوندوسامانمان نیــە کەرووبەرووی مەترسی دەبێتەوە ، بەڵکوو هەستمان ، بیروباوەرمان ، زمانمان وبلیمەتیمان کەقوولترین رازەکان و ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە ناگەیەنرێــن: شیعر(٢) .

نووسەران و رۆشنبیرانی شۆرشگێر کەلەپێناوی پتەوکردنی گیانی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک دەنووسن ، ناتوانن لەکاتی هەڵمەتی هێزە داگیرکەرەکان دا بەرگری لەو دەسکەوت و ژیان و کەلەپــوورە نەکەن کەبەرهەمو بەری فیکری هەزاران ساڵەی رۆڵەکانی گەلەکەیان ،( لــە سەردەمی شەردا ، نووسەران بۆ بەرگری لەشتە جوانەکان ، دەنووسن (٣) .

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی دروستی ئەدەبی بەرەنگاری بکەین ، رووبەرووی چەند دەستەواژەیەکی دیکەش دەبینەوە کەلەهەندێ رووەوە هاوشانی ئەدەبی بەرەنگارین . هەندێ لێکۆلەرەوە چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگاری گەورەتــر دەبینــــن .

* هەندێ کەس لایان وایە هەر ئەدەبێک دژی بیروباوەری کۆنەپەرستـــــی بنووسرێ و گوری خەباتی لەخزمەتی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا بــێ، بەئەدەبی بەرەنگاری دەژمێردرێ . لای ئەوان ئەدەبێک کەدژی زولم، دواکەوتن، نەخوێندەواری ، بێ مافی ئافرەت ،نەخۆشی و دەردەکوشندەکانی کۆمەڵگــا بنووسرێ ، ئەدەبی بەرەنگارییە ، واتە ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەی واقیعــی بۆگەن ودەست نیشان کردنی رێگاچارەی رزگاری کۆمەڵ .

* هەندێکی دیکە لایان وایە ، ئەو ئەدەبەی لەسایەی رژێمە دیکتاتۆرەکــاندا، جورئەت بەرخۆی دەداو لەسەنگەری بەرگری لەکۆمەڵانی چەوساوە دەدوێ و - دیموکراسی و ئازادیە سیاسیەکان دەکاتە دروشمی بێ چەندو چونی خــۆی، ئەدەبی بەرەنگارییــە .

* دەستەی سێیەمیش ئەدەبی بەرەنگاری تەنیا بەو ئەدەبە دەزانن کەهاوشانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و شەری ناوخۆیی نێوان چینە چەوساوەکــان و زۆردارەکان ، پەیدا دەبێ .

( ئەدەبی بەرەنگاری ئەو ئەدەبەیە کە دەستنووسەکانی لەسەنگەرو بــەرەی شەرو ئوردووگاکان، لەکاتی شەرو بۆردوومان و تەقەدا دەنووسرێ (٤) ) . بــە واتایەکی دیکە ، ئەو ئەدەبە بە ئەدەبی بەرەنگاری لەقەڵەم دەدرێ کــە پێداویستیەکانی ( جەنگاوەر) و ( وشە ) و ( شەر ) ن . هەر بۆیەش ئەدەبــی

بەرەنگاری تەنیا لەگەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان و شەڕی ناوخۆیی و شەڕی بەرگری نیشتمانی ، وەدەرکەوتووە .

لێرەدا دەبێ ( ئەدەبی بەرەنگاری ) لە ( ئەدەبی شەڕ ) جودا بکرێتەوە، دەکرێ لەگەڵ هەر شەڕێک دا ، ئەدەبەکەشی وەدەرکەوێ و جیاوازیشی لەگەڵ ئەدەبی بەرەنگاری لەوەدایە : ئەدەبی شەڕ تەنها بەوەسفی شەڕ چ سەلبی و چ ئیجابی وازدەهێنێ .

لەسەردەمی کۆنەوە بەتایبەتی لەشەڕی یەکەمی جیهانەوەو دواتریش گەلێ نوسەرو هونەرمەند کەوتنە داوی پروپاگەندەی سەرمایەداران و بانگیان بۆ رەوابوونی شەرەکانی دەدا . لەلایەکی دیکەشەوە گەلێ نووسەر نیازی سەرمایەدارانیان ریسوا کردووەو شەڕەکەیان بەشەڕ لەپێناوی زۆرتر گردنی نێچیر ناو بردووەو خەڵک وگەلانیان بۆ رووبەروو بوونەوەی هان داوە .

هەرچەندە ئەدەبی بەرەنگاری ریشەی لەقوڵایی مێژوو داکووتاوەو لەسەردەمە جیاجیاکاندا کەموزۆر دەرکەوتوە ، بەڵام لەساڵانی شەڕی ناوخۆی ( ئیسپانیا) سیمایەکی بەرچاوتری بەخۆوە گرت و نووسەرو شاعیرو هونەرمەندانی جیهان بەکۆمەڵ چەکی بەرگریان هەڵگرتوو هەتا هەندێکیان خوێنیشیان بۆ رشت . ئەدەبی بەرەنگاری لەساڵانی شەری دووەمی جیهانی بەتایبەتی لە شەری بەرخۆدانی فەرەنسادا برەوی پەیداکردو وشەی نووسەرە فەرەنساویەکان ، هاوشانی گوللەی پارتیزانەکان دەیبری ، شیعرو نوسینە ئاگرینەکانی ئاراگۆن و ئیلوار و دیسنۆس و ئەندیرا مالرۆو جاک بریڤەر و ئەوانی دیکە، ئامانیان لەهێزە ئەلمانیەکان بریبوو ، لەخۆڕانەبوو ( پەیمانگای ئەلمانی )، کۆمەڵە شیعری ( شعروراستی ) ی ئیلواریان بەبڵاوکراوەیەکی پڕ لەمەترسی لەقەڵەم دەدا . (٥)

هەروەها ئەدەبی بەرەنگاری شان بەشانی لەشکری رزگاریخوازی ڤێتنام و جەزائیر هێرشیان دەکردە سەر دوژمنانیان . ئەدەبی بەرەنگاری سۆڤیەتیش لەساڵانی شەری بەرگری نیشتمانی دژی فاشیزمدا سەرچاوەیەکی گرنگی ئەدەبی سۆڤیتی پێک دەهێنێ . بەشداری نووسەر لەشەڕداو شەهید بوونی ( ٤٠٠ ) یان ، دەربڕی بەهێزی و پەیوەندی لەپچڕان نەهاتووەی ئەدەبە بە مەسەلە بنچینەییەکانی گەل .

نووسەری شۆڕشگێڕ بەرهەمەکانی گور بەهێزی بەرخۆدان دەدات . ئەوەتا شاعیری ئیرلەنداییی ( فرتیسەر لیدیویچ) لەراپەڕینی ١٩١٦ دا بەشداری دەکا و لە ٣١ تەمموزی ١٩١٧ دا شەهید دەبێ .

**بەجێم هێشتی بەسەر بەرەکاندا دەگەرام**<br>
**بەویستی خۆم چەکداربووم و لەسەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی تر دەچووم**<br>
**تا بەئازادیبتبینم ، وەکو پێشان .**<br>
**یان لەپێناوی رزگاربوونت دا بمرم ! ، (٦)**

**چونکە شاعیری بەرەنگار تەنیا لەمەڕ ( بەرەنگاربوونەوە ) نانووسێ ، بەڵکو بەکردەوە بەرەنگار دەبێتەوە ( بۆیە ئەدەبەکەی تەنیا باس لەبەرنگاربونەوە ناکا ، بەڵکو** بەشێکی پڕ بایەخی لێ پێک دێنێ ( ٧ ) .

ئەدەبی بەرەنگاری لەهەموو ئەدەبێکی دیکە زیاتر رەگی لەسەر زەوی نیشتمانەکەیدا ، قوڵ بۆتەوەو شیعرو چیرۆکەکانی پڕن لەناوی گوندو چیاو رووبارو قارەمانە نەمرەکانی و رەمزەکانی هەڵێنجراوی کەلەپورو گۆرانی میللی . ئەمەش پەیوەندی مرۆڤی جەنگاوەر بەخاکەکەی توندو تۆڵتر دەکاو لەهەمان کاتیشدا پەساپۆرتی گشتی وەردەگرێ و وەک ئەدەبێکی نیشتمانی چاوی لێ دەکرێ .

جگە لەمەش ئەدەبی بەرەنگار هەستی جەنگاوەران دەردەبڕێ و ویستیان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەکاو رەوایی مەسەلەکەیان دەردەخا :

**تفەنگ وبۆمب رێگای ژیانمان نین**
**قەتیش دۆستی ئێمە نەبووینە**
**بەڵام ئەوان بەچەکێکی زۆرەوە هاتن (٨)**
**ئایا خۆمان تەسلیمی بەندەیی بکەین ! ( سانە های )**

**بێگومان** هەموو نیشتمان پەروەرێک بە ( نا ) وەڵام دەداتەوەو بۆجێ بەجێ کردنی ( نا ) کەشی ، هەموو شێوەیەکی خەبات دەگرێتە بەر، تا دەگاتە رادەی شەهید بوون و ویستی ئەدیبە شەهیدەکان کە لەساڵانی بەرەنگار-بوونەوەی فاشیزمدا گیانیان بەخت کرد ، شایەدی ئەم راستیەن .

لەئەلبانیا میتووی گۆرانی بێژ لەساڵانی ١٩٤٤ شەهید دەبێ . نازیستەکان لە١٩٤٤ قارەمانی بەرگری بەلژیک ( مارگریتا پیرڤید) ی ژنە شاعیریان ئیعدام کرد . لەچیکوسلوڤاکیا یولیوس فوجیک، فانجوار ، کارل چاپەک و فاسلافیک ئیعدام کران .

لە فەرەنساش جاک دیکور ، **جورج** پولیتزەر گوللەباران و رینیا نیەن و گابریل پەری ئیعدام کران **و جەستاپۆ** ( مارک ملوش ) ی مێژوونووسی تیرۆرکردو روبیردینۆ و **بنجامین** کریمیو لە زیندان مردن و جان برینۆش لەمەیدانی نەبەردا ، **شەهید بووە** (٩) جگە لەمانە چەندان نووسەرو شاعیری شۆڕشگێڕ لەشەڕی بەرەنگاری دا گیانیان بەخت کردووەو بەخوێنی خۆیان کارایی ووشەیان سەلماندووە .

کاتێ باسی ئەدەبی بەرەنگاری دەکەین ، دەکرێ بەتایبەتی لەئاست ئەدەبی بەرەنگاری فەلەستینی رابوەستین ( هەڵدەگرێ چەندان ووتاری دەربارە بنووسرێ ) .

شەڕی بەرەنگاربوونەوە ئیسرائیل بەتایبەتی دوای دەست درێژی ١٩٦٧ - کارێکی پڕ بایەخی کردە سەر هۆش وویژدانی فەلەستینیەکان لەوکاتەوە ئەوان بەئیرادەیەکی پۆڵایین دەجەنگن و نەبەردەکەشیان لەهەموو بوارەکاندا ، بەرێوەیە .

شیعری بەرەنگاری فەلەستینی بەو شعرانە دەگوترێ لەخاکی داگیرکراوی فەلەستین دا دەنووسرێن ، چونکە ئامرازێکە لەئامرازەکانی بەرخۆدانو بەرەنگاربوونەوەی داگیرکردن (١٠) )) .

لەبەر هەندێ ئەدەبی فەلەستینی بەگشتی سیمای بەرەنگاری بەخۆوە گرتوە. سمیح القاسم و محمود درویش و معین بەسیسوو توفیق زیاد و غسان کنفانی و سالم جبران و خالد ابو خالدو ئەحمەد دحبور و ئەوانی دیکەشوەک قارەمان تەماشایان دەکرێ .

**ئایا ئەدەبی بەرەنگاری کوردی هەیە ؟**

رەنگە وەرام دانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئەوانەی بەچاوو دەست و تفەنگ لەگەڵ روداوەکانی کوردستان دا ژیاون ، هەستیان بەکاریگەری راگەیاندنی وشە کردووە ، ئەوەندەش زەحمەت نەبێ .

کوردستان ، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە لەلایەن دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ دابەش کراو هەر بەشێکی بەبێ رەزامەندی خەڵکەکەیو بەپێچەوانەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان بەچەند وڵاتێک لکێنراو، ئێستاکەش بەهۆی بەردەوام بوونی دەوڵەتەکان دەرهەقیان ، بۆتە وڵاتێکی داگیرکراو، هەر وڵاتێکی داگیرکراویش مافی رەوای خۆیەتی بەهەموو شێوازێکی بەردەست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تێ بکۆشێ .

خەباتی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان ، وێڕای سەرکوتو چەوسانەوەو بێبەش بوونی لەهەموو جۆرە ئازادییەک ، بەردەوام بووەو، ئەمەش جگە لەویستی رزگاری و پێشکەوتن ، شتێکی دیکە نەبووە .

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لەساڵی ١٩٦١ لەئەنجامی هێرشی شۆڤێنییانەی رژێم ، شێوەی خەباتی چەکداری هەڵبژاردو تا ساڵی ٩٧٥ بەردەوام بوو لەهەناوی دا ئەدەبێک دەرنەکەوت کە نووسەرەکانی شان بە شانی پێشمەرگە بەگژ دوژمنەکان دابچنەوە ( هەرچەندە تاک و تەراش هەبووە) لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٦ و دەست پێکردنی بەشێکی تازەی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان ، نووسەرە شۆڕشگێڕەکانیش ریزی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی رژێمیان هەڵبژاردو شان بەشانی پێشمەرگە بەشیعروگوتارو چیرۆک کەوتنە گوڕوەبەردانی هۆش و هەستی پێشمەرگە .

ئێمە لەم گوتارەدا ، تەنیا بەخستنەڕووی چەند بیرۆکەیەک لەمەڕ ئەدەبی بەرەنگاری کوردی واز دەهێنین و هیوادارین لەهەلێکی دیکەدا بەتایبەتی لە سیماو تایبەتمەندییەکانی بکۆڵینەوە . چونکە تائێستا لەلایەکەوە هیچ راو بۆچوون لەم بارەیەوە دەرنەبراوەو بەکورتیش گفت وگۆی لەسەر نەکراوەو لەلایەکی دیکەشەوە پێمان خۆشە ئەم گوتارە ببێتە دەست پێکی گفتو گۆیەکی بەبڕشت بەتایبەتی کە هەموومان بەبایەخ و رۆڵی ئەم ئەدەبە دەزانین .

* بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ، بزوتنەوەی گەلێکی چەوساوەیەو لە پێناوی مافە رەواکانیدا . ( شەڕ ) و ( جەنگاوەر ) هەن و بەشداری نووسەرانیش لەشۆڕش دا واتە ( وشە ) ، کەواتە کوردیش ئەدەبی بەرەنگاری هەیە .

* ئەو ئەدەبەی لەچوارچێوەی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان دا نووسراوە هەمووی بەئەدەبی بەرەنگاری لەقەڵەم نادرێ ، چونکە گەلێ نووسەر تەنیا شوێنی دانیشتنیان لەشارەکانەوە گواستبۆوە ناوچە رزگارکراوەکان و هیچ گۆڕانێکیان بەسەر فیکرو بۆچوون دا نەهاتبوو . بڵاوبوونەوەی چەند چیرۆکێک ( هەر چەندە لەروانگەی ئازادی بیروڕاوە ، کارێکی ئیجابی بوو ) لەمەڕ هەندێ مەسەلەی سیاسەت و ژیانی پێشمەرگایەتی جگە لەساردکردنەوەی گیانی بەرەنگاربوونەوە ئامانجێکی دیکەیان نەبوو . ئەوان بەورووژاندنی هەستە بێزراوەکان وازیان دێناو لەروانگەی شۆڕشەوە ( سەلبی و ئیجابی ) نەیاندەروانییە مەسەلەکان .

* لەگەڵ ئەدەبی بەرەنگاری دا ، دەبێ باسێکیش لەو ئەدەبە بکەین کە شاعیرو نووسەرانی شۆڕشگێڕ ، ئەوانەی ملکەچی سیاسەتی رژێم نین لەسایەی دیکتاتۆریەت دا دەینووسن و کەمێکی لێرەولەوێ بڵاودەبێتەوە . هەرچەندە ئەو ئەدەبە چ لەرووی هونەری و چ لەرووی ناوەرۆکەوە شان بەشانی ئەدەبی بەرەنگاری دەڕوا ، بەڵام دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی سیاسی کە دەرەنجامی هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان واتە وەک وەرام دەرەوەو هاوشان و هەتا نووسەری مێژووش ، خۆی نواندووە .

* ئەدەبی دوورە وڵاتیش هەربەشێکە لەو ئەدەبە سیاسییەی هۆکارە سیاسیو کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەیخولقێنێ .

* ئەدەبی بەرەنگاری لەسەر خواستی لێ پرسراوان و بەپێی بەرنامە نانووسرێ و هیچ پەیوەندییەکی بەسیاسەتی راگەیاندنی حیزبەکانەوە نییەو ئەو نووسەرانەی ئەدەبەکەیان دەکەنە بابەتی پرۆپاگەندەی سیاسەتی رۆژو لە خواستە بنچینەییەکانی گەل دوور دەکەونەوە، مۆرکی ئەدەبی بەرەنگاری لەدەست دەدەن . لەهەمان کاتیشدا ئەدەبی بەرەنگاری ( ئامپولی) وورە نییە بەڵکو هەستی پەنگ خواردووی نووسەرانی پێشمەرگەیە دەربارەی ژیانی رۆژانەی شۆڕش و چۆنیەتی تێ روانینیان .

* شۆڕشی کوردستان زۆر بواری راگەیاندنی پشت گوێ خستبوو . لەکاتێکدا دەکرا ئەو ئامرازانە دەورێکی گرنگ بگێڕن و سیمایەکی هاوچەرخانە بە شۆڕشەکە ببەخشن ، لێ پرسراوانی شۆڕش هەستیان بەدەوری راستەقینەی ئەدەب و راگەیاندن نەدەکرد ، یان بەواتایەکی دیکە بیری ( عەسکەرتاریەت) زاڵ بوو ، هەروەها بەچاوی مشەخۆر ( کەم تا زۆر ) لەنووسەرانیان دەروانی و پێویستییەکانیان دابین نەدەکردن و دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانیشیان لەسەر دەکردنە ( منەت ) .

* شەڕی عیراق ـ ئیران لەڕوویەکەوە کاریگەری سەلبی کردە سەر شۆڕشی کوردستان و خەڵکێکی هێنایە ریزی شۆڕش کە بەویستی خۆیان نەهاتبوون لەوانە هەندێ نووسەریش کەلەگەڵ یەکەم هەل دا ریزەکانی شۆڕشیان بەجێ هێشت .

سەرباری هەندێش بەشداری کۆمەڵێ شاعیرو نووسەری شۆڕشگێر ( هەتا هەندێکیان شەهیدو بریندارێش بوون ) بنچینەیەکی پتەوی بۆ ئەدەبی بەرەنگاری کوردیدا رشت و ئێمە لامان وایە بەلێکۆڵینەوەو ناساندنی وەک بەهێزترین و دەوڵەمەندترین ئەدەبی بەرەنگاری دەردەکەوێ و جێگای شایانی خۆی لەئەدەبی بەرەنگاری جیهانیدا دەگرێ .

تەمموزی /١٩٩٠

ورمێ

**سەرچاوە :**

١ـ هوشي منه ، ت حسن فخر ، الموءسسه العربيه للدراسه والنشر بيروت ١٩٧٣ ، ص ٢٩
٢ـ الادب المقاومه الفرنسيه فيالحرب العالميه الثانيه ، ت محمد علي الكردي،مجله الثقافه الاجنبيه ، عدد (٤) .
٣ـ د. نجاح العطار وحنامينه ، ادب الحرب ، دار الاداب ، ص ٢٦
ـ شاكر نوري ، المقاومه في الادب السوفيتي ، دار الفارابي ١٩٧٩ ، ص ١٩
٥ـ شاكر نوري ، هەمان سەرچاوە ص ٢٢
ـ الشعر الايرلندى ، ت كاظم سعدالدين ، مجله الاقلام ١٩٧٧/١٢
٧ـ ادب المقاومه في فيتنام ، غالي شكرى ٨٩
٨ـ ادب المقاومه في فيتنام ، غالي شكرى ، ص ٨٩
٩ـ پول سيران ، ادب الحرب في فرنسا ، ملامح واتجاهات ، ت نهاد التكرلي ، افاق عربيه ، عدد (٥) ١٩٨٦
١٠ـ غسان كنفاني ، ادب المقاومه في الارض المحتله ، ص ١٨

((تازە گەڕێتی لە شیعردا ))

# ١ هەڵبژاردنەکانی خاک و گروزانەوەی ئیقاعێکی ڕووجود

عبدالمطلب عبدالله

کەدێینە سەر شیعری کوردی ئەمڕۆمان هەست بە دابڕانێک دەکەین لە ئارا دایە ئەوەش خۆی لەخۆیدا پەنجەی گەواهی بۆ گۆڕانکاری‌یە گەورەکە رادەکێشێت، بەڵام لێرەدا ڕاستی‌یەک خۆی قوت دەکاتەوە کە ناتوانرێن خۆی لێ لابدرێت ئەویش ئەوەیە کە نێخواز نابێت کەسایەتی خۆی وون بکاو لە ڕوانینی ڕۆژ ئاوا غەرقی سێبەری کەسانی تر بێت یا خود ببێتە نوسخەی دووەم. شاعیر پێویستە خاوەنی ڕۆشنبیری‌یەکی قووڵ و فرەوان بێت. ئاگاداری گۆڕانکاری‌یەکانی سەردەم بێت ئەویش لەرێی هەوڵ و کۆشش و خۆماندوو کردنی بەردەوام وە دەست دێ لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمی ئەمڕۆ. چونکە بڕوامان بە گۆڕان هەیە پێویستە شاعیری نوێخواز بەمڕۆش ڕازی نەبێت خەیاڵی بەرەو داهاتوو لەباڵە فڕە دابێ.

## ئیقاعی ناوەوە

لەکۆندا شیعر ڕاستەوخۆ لەدەمی شاعیرەوە بەخوێنەر دەگەیشت..... لێرەدا بەتایبەتی لەکۆڕو دیوەخاندا خەڵکەکە سەرنجیان لەجولانەوەی دەستی شاعیر دەدا وەک ئامێری نەغمەیەکی بەسۆز... هەروەها سەرواو کێشی شیعرو زاراوە حەماسی‌یەکان گوێگریان زیاتر دەخرۆشان و هانی وروژانی سۆز دەدرا. بەڵام بەهۆی پێشکەوتن و پەیدابوونی چاپەمەنی وای لێهات شیعر لەدەستی شاعیر ڕاستەوخۆ بۆ بەر چاوی خوێنەر بچێت. جالێرەدا چوار هەستەکان دەرگان بۆ دڵی خوێنەرو پەنجەرەن بۆ دەروون.
سیفەتەکانی مۆسیقاو ئیقاع لەبنەرەتدا ناگۆڕێن بەڵام بە پلە دەگۆڕێن.

ئەو سیفەتانەی کە دەگۆڕێن وەك زاراوەی شیعری‌و ئەبعادی وێنە شیعریەکانن ئەو دوو جۆرە سیفەتانە هەر لەنووسین یەکەم قەسیدەوە خراونەتە ڕوو هەتا ئێستا بەڵام لەهەمان کاتدا شاعیر ناتوانێت کە ئیقاع پێش خات و یان وێنە ڕەت کاتەوە.

جەلال بەرزنجی لەهەڵبزرکانی خاك دا دەڵێت:

**پەلە قاژەی مەرگی ڕوونێ بووەوە**

**وەرسی بڵند**

**دیوار نەوی**

**لەنێوانیشیاندا موو لەگیان دەڕوێ**

دیارە پەلە قاژە لەناو هەڵبزرکانی خاکدا ڕوون بۆوە، "پەلە قاژە"ی مەرگ دەستەواژەیەکی موسیسی ڕووتە تەعبیر لەو جولە خۆنەویستە دەکات کە هێمای ناوەوەی خۆنەدانە دەستە بۆ کۆتایی هاتن ئەگەر ئەو پەیوەندی‌یە ببەستینەوە بەهۆش دەڵێن ئەوە دوا هەوڵدانە بۆ نەمری یاخود ئەو جوڵەیەی مەرگ ڕەمزی داهێنانی دوا ئیقاعی ناوەوەیە کە زمان ناتوانێت تەعبیری بکات.

درێژ بوونەوەی ئەو نەغمەیەش بەسەربەستی دەمێنێتەوە ئەگەر هاتوو تێکەڵی دەنگەکانی تریش بوو... سەربەستی خۆیان دەپارێزن.

لێرەدا هەست بەواتایەکی قووڵ دەکەین کەلەناو پەلەقاژەدا ڕوون بۆتەوە بە ئیقاعێکی خێرا خەمی ڕوودا وێـك دەردەبڕێت ئەو خەمەش تێکەڵ بەباری دەروونی شاعیر دەبێت و خوێنەر واهەست دەکات کەوا شاعیر تووشی جۆرە هەڵچوونێکی ناوەوە بووە بەڵام ئەو ورووژانەش هەر دەبێ ئەنجامی لابەلای شیعر بێت نەك جەوهەری شیعر.

جەلال بەرزنجی هەمیشە لەهەوڵدانێکی بێ ووچاندایە بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی.

وەرسی لای ئەو وەرسی مرۆڤی ڕەمەکی نی‌یە بەڵکو هەست بەوەرسی‌یەکی بڵند دەکات. بڵند تر لەدیـوارەکان ئەوەش یا چاوی تەماشای شاعیرە پۆشتەکان یاخود ڕاکردنە بۆ ناوەوەی دەروون ((باری نەفسی)) دوای هەڵچوونێکی کت و پڕ ((کەگوتمان خوێنەر واهەست دەکات)) ئینجا خاو دەبێتەوە ئەو خاو دەبێتەوە ئەو خاوبوونەوەیە بە ئیقاع گوزارشت لە خەمێکی چڕ دەکات وەسف کردنێکی خەماوی‌یە لەنێوان نەفسی خۆی یان کروزانەوەیەکی ڕۆچووی ناخە، ئیقاعی ناوەوەی قەسیـدەی نوێ لەپـارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆڕێت ئەویش بەهۆی ئیشارەتی جیاجیا لەشیعری نوێدا دێتە پێش چاو. ئەو گواستنەوەیەش نابێتە پاڵنەرێك بۆ ناکۆکی بارو هەڵوێست، چونکە شتێکی کەم نی‌یە کە خوێنەر وای لێ بکرێ هەست بەو ئاڵۆزیەی دەروون بکات ئەویش هەر لەمیـانی ئەو ئیقاعە ڕۆچوانەی مۆخ. لەچوارەم دێردا دەڵێ لەنێوان وەرسی بڵندو دیواری نەوەی مووڵەگیـان دەڕوێ. «فولکلور» ئەوەیە جیاوازی تەماشا لەنێوان وەرسی ناوەوەی شاعیرو دیواری تەماشای ئێمە. لێرەدا دەردە گەورەکە دیاری دەکات کەمووەو لەگیانی‌ دەڕوێ. ئایا ئێمە هەست بەو مووە دەکەین کە لە گیانمان ڕواوە؟. بێ سێ‌و دوو ئەو دەردەمان نەدەبینی هەر چەندە دیواری تەماشا نەویش بێت.

دریـژ بوونـەوەی وشە جۆرێکە لەبەردەوامی نەغمەی وشەکان یاخود دەتوانین بڵێین «کێشی ئیقاعە». دیسانەوە دەبێت بزانین کە ناتوانین کێشی ئیقاع بکەینە هۆیەك بۆ روون کردنەوەی یەکێتی زەمەن لەوێنەیەکی لێکپچراودا چونکە ئەو یەکێتی‌یە ناهاوتایە لەشیعری نوێ دا.

کراس لەقفل لەبەر هەموو شتێ دەکرێ
لەو گیایە خاوە رامە مێنە
خەڵە تێنە.

بێگومان دەنگی شاعیر پەیوەستە بە روو داوێك وەکو گە]تمان ئەویش قفل دانی کراسە بەڵەشەوە بۆ ئەوەی بەروونی و رووتی دەردی ئەو مووە نەبینین کەلە گیان رواوە ئەو قفل دانە نابێتە هەڵگری هەڵچوون وەك خوێنەر لەمەو پێش هەستی پێ دەکرد بەڵکو قفل زیاتر شۆڕمان دەکاتەوە قووڵایی ئەو دیوو بێ هات و هاوارو ڕۆڕۆ هێلگاری بۆ خەمێکی کپ دەکێشێ کە لە ناوەوەی رووداوەکان بەرز دەبێتـەوە. هەرچەندە شیعر لەشارەزایی و هوشیاری و ژیری دابێ باباش بزانین کەوا ئیقاعی ناوەوەش لەبەرژەوەندی ناوەڕۆك دایە.

کە دەگەینە دێری شەشەم هەست بە شێوە حیوارێك دەکەین لەسەر زمانی شاعیر بەشێوەیەکی راستەو خۆ پێمان دەگات. لێرەدا دەتوانین بڵێین وەك رێ نیشاندەری پەنجەی ئاماژە بۆ ناوەوەی خۆی درژ دەکات یاخود کە بروای بەو سیمایە هەڵخەڵەتێن.

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دیوارە نەویەکە خوێنەر بەسانایی ئەو دیوو دەبینێ کە گیایەکە بە خاوی خۆی دەخاتە پێش دیدە بەڵام لەبەر ئەوەی وەرسی شاعیر وەرسی‌یەکی بڵندە هەتا سیمای ئەو دیووی شتە خاوو خەڵەتێنەکانیش دەبینێ بۆیە وەك ئاماژە کەرێك رێگامان پێ‌نیشان دەدات. بەڵام ئایا ئەوە ئەرکی شاعیرە؟......

ئەو لێدانە مۆسیقی‌یە پتەوی کەلەوشەی خەڵەتێنە بەرز دەبێتەوە پێکهاتنێکی زمانی‌و وێنەی دەروونـەکە پارچەکەی پێ گاڵە داوە، خوێنەر کەسەرنج لەدوا وشە دەدات هەست بە ئیقاعێکی خێرایی بیر دەکات بۆ ساتێك رادەمێنێ ئەو لێرامانەش زیاتر بۆ گیایە خاوەکە دەمانباتەوە ئا.. ئەو گیایە خاوە بەرجەستەی هۆش دەبێت... شاعیریش بەو وەستانە پشوویێ دەداتـ ئینجا دەڵێت:-

کورت تر بێتەوە دوو پشك لەجیاتی بەرز
بۆ هەمیشەیی لەناو هێنانەوەت دەخەن
خاکی لەکوێنەوە جێ‌ماویش ناتشارێتەوە

ئەو پارچە شیعرە لە واقیعە رەمەکی‌یەکە دەرچوو. چوتە واقیعێکی هونەری‌یەوەو بەبێ پێویستی روون کردنـەوەی مانـا وشـەکـان دەتـوانن بەکـرداری موسیقی هەڵسن ئەویش لەمـاوەی زری‌ینگـانەوەیاندا جا ئەو نەغمەیە چ لەدەرەوەی زەمەندا بێت "زگماکی" یاخود لەناو رەگەزی زەمەندا بێت ((کێشی ئیقاع)) هەرچۆنێ بێت دەتوانن تەعبیر لەخۆیان بکەن. ((ئەلبرتۆ مۆرافیا)) دەڵێت بەرای من هەموو شتێك لەرێگەی دەنگ و دەربرینەوە پەیدا دەبێ بۆیە من لەجیاتی مێشك پەنا دەبەنە بەر هەستی بیستن.

جلال نایـەوێت ئەوەنـدە کورت بێتـەوە بێتـە کورتە بالا هەتا ـ نەبێ خاکی لەکوێنەوە جێ‌ماو

بیگرێتەوە خۆی. تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

**با ئەو گیایە بومرێت**
**لەسەری راکشێ خەموٚکیە کەشت نامێنێ**
**دیوار بڵند**
**وەرسی نەوی**
**باڵت هەڵدە**
**شەبەنگی مەرگیش لە نێوانیاندا گەشە دەکات**

پیتی (ش) بەردەوامی دەبەخشێ شاعیر لەزۆربەی قەسیدەکانی دا بەکاریان دەهێنێت جا چ بۆ بەردەوامی ئیقاع بێت یان بۆ بەردەوامی پاك بوونەوە بێت. درێژ بوونەوەی سەرەتاش لە کۆتایی یاخود وەسف کردن و گەرانەوە ب. و ئاشکرا کردنی مەرگە ساتەکە وەك تەوەرەیەکە بۆ تەوازنی شیعر، هەروەها روناکی خستنە سەر شتە هەستیارەکانی دەستەوازە دیاری کردنی گرنگی‌یە.

زۆر جار دووبارە کردنەوە چالاکی‌یەکی نەفسی وەردەگرێت وەك لەم قەسیدەدا دەبینرێت یاخود وەك کلیلێکە بۆ بیری شاعیر ئەوەش روناکی‌یەکی بێ ئاگای ناوەوەیە. بەڵام کورتکردنەوەی ژمارەی وشەکان و گرژبوونەوەیان لەسەر جووڵەوە دەربرینی باری دەنگ کار دەکاتە سەر کوتکردنەوەی کات.

بەکورتی لەم قەسیدەیەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە چۆن وێنەی گونجاو بەستراوە بەدەسەڵات لەسەر ئیقاع.

جەلال بەرزنجی هەمیشە کپ و هێمن و خەمبارە... زۆر جارانیش لەمیانی چەند مەرگە ساتێکدا هەڵدەچێت... بەڵام هەمدیسان بە هێمنی بیر دەکاتەوە و هەنگاو دەنێ... ئازارێکی قورس گینگڵی پێ دەدات بەڵام قەت ناوەستێ. شاعـیر لەبەر ئەوە خەمبار نی‌یە کەوون بوو بێت و رێگای بزر کردبێت یاخود تەنگەنەفەسی و بێزار بێت... نەخێر بەڵکاو ئەو خەمباری‌یە ئەرك کێشان و کۆچ و تێ ئاوارە بوونە لە پێناو حەقیقەتدا.

لە دیوارەکان بڵند دەبن.. وەرسی دێتە خوارێ ونەوی دەبێت ئەو وەرسی‌یەی جاران نتمێنێت.. دەبێ چ نهێنی‌یەك خۆی لەم نێوانە حەشار دا بێت؟. وەرسی پێ خەفەکرا بێت.

ئایا دەبێت ئەوە شەبەنگی مەرگ نەبێ؟ «ئەو پەری رەش بینی»

بەڵێ.. بەڵێ خۆیەتی فریاکەوە وباڵت هەڵدە «هیوایەك بۆ گەش بینی»

لەرانەوەی ئەو ئیقاع و نەغمەکەی ناوەوە کەلە سەرە خۆ بەموٚخ دەگات زیاتر لە وروژانێکی بێ گەردی دەروێشـانە دەچێت بەو ئیقاعە تەعبیر لەجولانەوەی خودی شیعر دەکات کەلبەژێ یەك بەستراوە لە نێوان واقیع و خەون ئەوەش تامێکی تایبەتە لە تاقی کردنەوەی شیعری هاوچەرخدا.

ئەم کورتە شیعرە لە ژمارەی (      ) هاوکاری بلاوکراوەتەوە ئەو چەند سەرنجەم لە کاتی خۆی رێی پێ نەدرا لەهەمان رۆژنامە بلاوبکرێتەوە.



هەولێری کتێب

پەراوێزەکان

١ـ دير الملاك/موسيقى الشعر
٢ـ تجربة الخلاقة . ص ١٠ ـ ص ١٧
٣ـ اتجاهات جديدة في شعر الانكليزي ص ١٢ ـ ص ١٨٧
٤ـ جريدة الجمهورية العدد/ ٧٠١١
٥ـ جريدة الثورة العدد/ ٦٧٦٤

## (٧) لەش دژ بە لەشەو .. دولەتبونی خود !

شیعری کوردی هەموو چالاکی‌یەکانی خۆی لە بۆتەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا سەقامگیر کردووە ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سالانێکی زۆر لەم دوریانەدا حەپەساو بین بەرامبەر بەو واقیعە ،، چونکە زۆربەی زۆری شاعیرەکان هەوڵ دەدەن لەسەر مەسەلەی سیاسەت چەپڵەیان بۆ لێ بدرێ جەماوەری شیعری تەنها لەو ئاستەدا دەبینن .. بە شیعاراتی قەبە هەستی چەپڵە لێدانیان لا دەوروژێنن و دوریان دەخەنەوە لە قوڵبونەوە (( التامل )) کە ئەمەش کاری وتاری سیاسی‌یە نەک شیعر .

شیعریش ئەو دەرگایە کراوە نی‌یە هەموو خوێنەریک بێ جیاوازی لێی وە ژورێ کەوێ یان ئە( دەرگا داخراوەیە بی بە هیچ کلیلێ نەکریتەوەو کە کراوەش وەک گوێزیکی ناوک پووچ شتێ نەدا بە دەستەوە بەڵکو پێویستە شیعر لە هەر خویندنەوەیەکدا شتی نوێتر بداتە دەستەوەو خوینەر توشی سەرەگێژی بیر کردنەوەو حاڵەتی نەفسی بکات .

بەو پێودانگە دەکرێ بڵێین شیعری کوردی تووشی بەزینێکی فکری هاتووە .ئایدیۆلوژیا حوکم کەرەو دەستی بەسەر هەموو دورییەکانی شیعردا گرتووە ، ئەوەش بۆتە حالەتێکی دەرونی لای کورد لەبەر ئەوەی بە درێژایی تەمەن نەیویراوە بە ئازادی لە ناو سیاسەتدا کار بکات خەفە کردنی ئەو ئارەزوانە وای کردوە هەموو شتەکان بە سیاسەتەوە گرێ بداو هەموو رێگا کانیش بەرەو ئەیدیولوژیا بەرێ ، ئەم حالەتە لای فرۆید ئەودیو هەست دەگەینێ کە بریتی‌یە لەو خۆزگەو ئاواتە خەفە کراوانەی بە نهێنی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات ، ئایدیۆلوژیاش بۆ چەسپاندنی مەبەستەکان سڵ لە هیچ شتێ ناکاتەوە ، پێویستی بەوەیە لە ئیستادا بوونی خۆی بسەلمێنێ ، بویە هەر جارە بە جۆری دەیەوێت خۆی رەها بکات،بەلام لە راستی‌دا بازنەیەکە دیواری لاری بە دەوری خۆیا کێشاوە. جا چ دوور چ نزیک مەبەست ئاشکرا دەبی کە دوورە لە رەها بوون. جا ئەو شاعیرانەی لەناو ئەو بازنەیە دەخوولێنەوە یان ئەوەتا ناوێرن خۆیان بۆ ئەودیو دیواری بینین تاقی بکەنەوە، یان زور جار بە بەردی بەدی ئایدیۆلوژیا تووشی سەرشکاندن دەبن، چونکە ئایدیۆلوژیا (( نە فەلسەفەیە،نە زانستە،نە ئایینە)). بۆیە هیچ کاتێک ناکرێت شاعیر ببێتە کلکی ئایدیولوژیا بەڵکو ئەوەندە بەسە هەڵگری دروشمی مرۆڤایەتی بێت بە مانا فراوانیەکەی. چونکە هەر شاعیرێک بەو رێگایەدا بروا دەورێکی میژوویی دەبێت بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی نەک شیعر.

ئەدونیس دەلێ : هونەرمەند دەبێ هەمیشە بە سەربەخۆیی تەواو لە حیزب و ریکخراوە سیاسیەکان کار بکات.

ئەمەش دابڕان نی‌یە لە خەمەکانی گەل. هەروەها دەلێ : مـن ملتەزیمم بە کیشەی راستیو سەربەستی لە ئاسۆیەکی سـەربەست نـەک لـە ئاسـۆی ئایدیۆلوژیاو حیزبایەتی . هەروەها ئەو رۆشەنبیریانەی لەسـەر ئایدیۆلوژیا دامەزراون.. وا دەزانن خاوەنی دوا وەلامی هەموو شتێکن بۆیە ناپرسن تەنها وەلام دەدەنەوە. بەلام مرۆڤی راستەقینە لە پێشکەشکردنی وەلامی ئامادەکراودا نی‌یە بەڵکو لە پرسیار کردنە.. هـەر رۆشەنبیرێک پرسیاری گەورەی لێ وون بووبێت بە روشەنبیرێکی مردوو لە قەلەم دەدرێت.

بەلێ شیعر تایبەتمەندیتی هونەری هەیە.. رێگایەکی تایبەتە بۆ تەعبیرکردن خۆ ئەگەر شاعیرێک بابەتێکی نیشتمانی هەلبژارد مەرج نی‌یە شیعرێکی باشی لێ دەربچێ، هەرچەندە مەرجی چەپلە لێدان حاصل دەکـات.. بەلام پێویستە شیعر تیرای هەمووان بکات. هونەری حەقیقیو مەزنیش لە یەک ساتدا بینای هەموو شتەکانە. بویە پێویستە شیعر دوور بێت لـە سیاسەت چونکە شیعر سیاسـەتە.. بەهایەکی ئیستاتیکی هەیە.. ئا لیرەدا ئیلـتیزام هیچ مانایـەک نابەخشی، چونکە شیعر تەعبیر کردنە لە روءیای شاعیر بۆ جیهان. ئەوانەی لای عەقلیش بە مەحال دەوەستی روءیا دەیاندوزیتەوە.. دەکـری هـەر لـەم رووەشەوە پیناسەی داهێنان بکەین .. داهێنەری حەقیقی داهێنەری ئایدیالی‌یە.

داهێنان لای هیگل بریتی‌یە لە حالەتی جـودابوونەوەی هوشـیاری لـە خودبوونی بە شتێک. هەموو هەولەکانی نوسینیش بو مانەوەی خودەو رەتکردنەوەی مانای مەرگـە.. بەم جۆرە دەکرێ نووسەر دوای خوی خودی جیبهێلێو مەرگ بەو هەموو مەزنی‌یەوە رەتکاتەوەو نەهێلێ بە سەریدا زالْ بێت.

شاعیریش ئەگەر نەکەوێتە ژێر کاریگەری هـزر و بیر و بەم دووانە رابەرایی نەکرێن یاخود نەچێتە قۆناغی تێفکرینو ووردبوونەوە لە دونیای دەورووبەرو روءیای تایبەتی خۆی بەرامبەر شتەکان نەبێ ئـەوا هـەر تەنهـا بەهـرەو هەستەکانی هەرزایەتی هەر زوو هێزیان لەبەر دەبرێو ناگەنە قۆناغی گەین.. ووشک دەبنەوە.

لێ ناگـەرێ..
بە هەردوو لەپـان
بە جـوتی چاوان
بە زارکی‌ی دەمان
( چێشتە ـ شیعریک ) لـرفکـەم.

( لەش دژ بە لەشە)هاوکاری
عباس عبدالله ٥ ژ : ١٢٧٩

(( عباس عبدالله )) زۆر بوێرانە بەرەو لایەنە بایۆلوزیەکەی زمان دەچێ. هـەر ئەمەشە وا لە دەقەکانی دەکات هەمیشە رێزو تایبەتی خۆیان هەبی، هەروەها

توانیویەتی رێگای تێفکرین بەرفراوانتر بکاو بە پەچی چەقیتی بداتەوە و لیکدانەوەیەکی دیکە لە سادەیی وەدەست بهێنێ.
بە هەردوو لەپان.. بە جوتی چاوان.. بە زارکـی دەمـان ئەمانە شـاعیر هێناویەتە ناو رووبەری شیعر.

فەروغی فەرخزاد دەلێ : مێ چیم بەوە داوە کـە ئەو وشەیە هێشتا نەبوتـە وشەیەکی شاعیرانە، خۆ خودی وشە گیانی هەیە کەواتە دەیکەمە شاعیرانە.
عەباسیش لە میانی تاقیکردنەوەکانی خۆیدا توانیویەتـی مـانا دەرەکیەکـان بگۆریت بۆ مانا ناوەکیەکان بە پێچەوانەشەوە. ئەویش بە شێوازی تایبەتی خـۆی لە دەربریندا.

گرژە دەمارێکی ناو سەرم
رەقە کارە، ئەرکخوازە، زیرەڤانە
زەقە چرای سوورم بو هەل دەکا
سەریشم بە گویزان لووس کرد و
لە پشتەوە، ئاوینەشم بو راگرت
نەمدۆزییەوە .

هەموو شیوازێکی بیرکردنەوە شێوە زمانی تایبەتی خۆی هەیە بەپێی گۆڕانو پێشکەوتن مانای دیکە دەگرنە خۆ، شیعریش گیانداریکی زیندووە هیچ رەگەزێکی بێ ئەوانی تر ناژی.. هەمووش پیکەوە شیعـرەکە پێک دەهێنن.
هەموو مرۆڤێکیش لە ژیاندا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە گـرنگ لێرەدا ئەوەیە بتوانێ ئەو تایبەتمەندیە بگوازێتەوە بۆ ناو بەرهەمەکانی. ئەلیوت دەلێ: کردەی تێکەلکردنی هەمیشەیی تاقیکردنەوە جیاکان سازدەکا. تاقیکردنەوەکـانی مرۆڤی ئاسایی خەسیەتی ئاژاوەو نارێکیو پرشو بلاویان هەیە (بەیان ژ ١٤٩).

عەباس یەکێکە لەوانەی بەرگری لە کەلەپووری تەتەوایەتی دەکات. بە شێوەیەکی هونەری مامەلەیان لەتەکدا دەکاتو ناوەرۆکە تراژیدیەکان بە شێوەی بەرەلا- کردنی مەودای بێئاگاییو خەون.. بە پێکەنینێکی رەش دەقەکان رەنگریژ دەکات و هەول دەدات زەمەنی ناخ بکاتە پێوەریان. بویە بە درێژایی هەولەکانی زەمەنی شاعیر لە نوێ بوونەوەدایە.
سەریشم بە گویزان لووسکرد و لەپشتەوە، ئاوێنەشم بو راگرت نەمدوزییەوە.
ئەمە رووتکردنەوەی قودسیەتەکانی دونیەو ونبوونی روحی کۆمەلی ئەمرۆیە.. لێرەدا هێزی داهێنەرانە وەبەر چاوان دەکەوی لە زمانی شاعیردا. ئەویش بە یاری کردنی لەفظی عەبەسی خۆ کوژی دەکا لە ناوەندە رەها ونبووەکەدا بـە پێشکەشکردنی وینەی تەرکیبی بە جۆریکی کومیدیانەی عەبەسی.

گرۆمیکو دەلێ : ( ئیمە چارلی چاپلینمان تەنهـا لـە رێگـەی فلیمەکـانەوە

دیبوو، جارێ چاوم پێی کەوت دیتم ئەو زەردەخەنەیەی کە لە فلیمەکان هەر لە خۆی دەهات ئاوا نەبوو کەمتر لە رووخساری دیار بوو، ئیمە تا ئەو کاتە تەنها چارلی دڵخوشمان دەناسی بە غەمباری هەرگیز نەماندیبـوو.. )

ئالێرەدا گرۆمیکو هەستی بە پێکەنینی رەش کرد. جا ئەم خو کوژییەش هیوایەکـە بۆ سەلماندنی بوونی شاعیر لەودیو ژیاندا. چـونکە ئەم خو کوژییە بە هیچ جۆری مانای نـائومیدی نـابەخشـێ چونکـە داهـێنەری حەقیقـی هـەرچەندە نائومێد بێ روونبینە.

نەرمە نەرمە رامدەکێشی
جەستەم شل و خاو دەکـات
دەمباتە هەوارگەی مەستان
شوێنی لە دارستانی بەر تاریکستان
لــەوێ..
کپە کوژ دەکریم و بەس.

سەرتاپای ئەم قەسیدەیە حالـەتێکی دەروونی نیشـان دەدات بـە شێوەیەکی ئۆتوماتیکییانە داریژراوە. دەتوانین بلێین رێک نەکەوتنە لە نیوان گرژدەمار و چێشتەـ شیعری شاعیر ئـەمەش خـودی شـاعیر دوو لەت دەکەن. بۆ خـودی شەرخواز و خیرخواز. دەکرێ بو ئەم لیکدانەوەیە سەیری چیرۆکە بەناوبانگەکەی (( ر.ل. ستیفین )) بکەین لەژێر ناونیشانی (( دکتور جیکل و بەرێز هـاید ))
دکتور جیکل بۆ پاراستنی پایەی خۆی .. سـروشتە ئاژەلیەکـانی و ئـارەزووە هەرە لاسار و شەهوانیە خەفەکراوەکانی بە لایەنی دووەم رەها دەکـات. لـەم چارەسەرکردنە سەردەکەوێت بە هـۆی قەرینەکەی کە بەرێز هایدە. بەم جۆرە سەربەست دەبێ لە تام و چێژ وەرگرتن لە سروشتە ئاژەلیەکەی. بـەم رەنگە نەبێ هەرگیز دکتور جیکل لەبەر ناو و ناتۆرە نەیدەتوانی بەم کارانە هەلسێ.
لیرەدا هاید رووی خراپەکاری دکتۆرە بە سەربەستی کـارەکان ئەنجام دەدات.
نووسەر هەتا لە شێوەشدا گورانیکیان لە نێوان دروستدەکات.
دکتور جیکل بەو قەرینە پارێزگاری لە پلـەو پایەی کـۆمەلایەتی خۆی دەکات.
رووی دووەمی ( هاید ) رەها دەکا لـە چـێژ و خوشـی وەرگرتن لە ئارەزووە ناماقوولە خەفەکراوەکان. دکتۆر جیکل بە شێوەیەکی خۆکار ( تلقائی ) دەبیتە ( هاید ) بۆیە کۆمەل ناتوانێت هاید لەناوبەرن.

دستوفسکی.. ل.هوفمان.. ر.ل. ستیفین هەریەکی بە شیوەی تایبەت بە خۆیان رووی دووەمی کەسایەتی ناو چیروکەکانیان دروستدەکەن. بۆ نموونە :
گوگول لە چیرۆکی لووت (( الانف )) لووتی کونالیف وون دەبێ و دەگورێ بۆ جەنتلمانێکی عەسکەری. بەم شێوەیە بێلووتی کونالیف تووشی نێگەرانی دەکـا بۆیە سەردانی ئافرەتەکانیش ناکـات.

ئەم لیکدانەوەیە دەروونی‌یە لای فـرۆید زیاتر کشـتگیری دەگـرێتە خـۆ لـە (( بەرزەمن ـ نزمە من)) دا. دیارە دژایەتیەکـی نەبراوە لە نێوان بەرزە من و نزمە من دا هەیە ، چونکە نزمە من هەر هەڵپەی تیرکردنی داخـوازییەکانـی ( غەریزە ) یە. بەلام بەرزە من هەوڵی دروسـتکردنی کەسایەتیکی ئایدیالـی و پەیوەندی و چەسپاندنی بەندو باوی کومەڵەو وەک کارێکی بەرەنگاری وەستاوە.

لەم قەسیدەیە حاڵەتی لای شاعیر وا دەکەویتەوە :

گرژە دەمارەکە لێ ناگەرێ شاعیـر بـەر بورکـانی چێژ و خۆشی بکـەویت و چێشتەـ شیعری لرفبکات. ئەم دژایەتیە نەبراوەیە لـە نێوان چیژ وەرگرتن لە شیعر و کرژە دەمار. عەباس بە هەردوو لەپان.. بە جـووتی چـاوان.. بە زارکی دەمان هەڵپەی چێشـتە شیعرەکەیەتی کە داخوازییە ( غەریزەیە) بو شـاعیر. بەلام دەمارەکە وەک کـارکەرێکی بەرەنگـاری دژی ئەو داخوازییە وەستاوە چونکە وا هەست دەکات شیعر کە غەریزەی شاعیـرە.. بـە نەرمـی شاعیر پەلکێش دەکات و شلو خاوی دەکاتەوەو لـە هەوارگەی مەستاندا لەوی لە شوینی کپ کوژی دەکات.

(( گەڕانەوە بو حاڵەتی زیندەگی )) غـەریزە لـیرەدا سـیفەتی دوژمـنایەتی وەردەگرێ. دژایەتیەکەش هەولی دروستکردنی کەسایەتیکی ئایدیالی دەدات.

هەروەها دەکرێ ئەم حالەتە دەروونی‌یە دیسانەوە بە(مرۆڤ ـ وجود) بشوبهێنین وەکو گوتمان دەقی زیندوو رەتکردنەوەی مانای مەرگ دەبەخشێ، بۆیە شاعیر بە شیوەیەکی دەرونشوناسی ئەم حالەتە بەرجەستە دەکات لە بۆتەی ( لـەش دژ بە لەشـە ) بە سەرکەوتووترین شێوە مامەلە لەگەل کرداری دوو لەتبوونی خود دەکا و دژایەتی ناو هزر رەنگرێژ دەکـات.

شاعیر هەر لـە سەرەتای دەست پێکردنی شیعردا هەولی چەسپاندنی شـێوەی تایبەتی خۆی داوە، بەمەش پێشرەفتی کردووە لە تازەگەرێتی شیعری کوردیدا. شان بە شانی هەولە جوربەجورەکانی شـاعیرانی تری نوێخـواز. بۆ زیاتـر شارەزابوونمان دەکرێ بگەرێینەوە بو ( ئاو ) هەولەکان لەوێوە بـەر چـاو دەکەون و لە ( لم نیازمە ) دەگاتە پلەیەکـی سەرکەوتـو تـر. بەلام ئەگەر بمانەوی دوای لم نیازمە سەرژمێری قەسیدەکانی شاعیر بکەین دەکرێ شاعیر لـە دۆخی مت بوون دابنێین. چونکە هەتا ئیسـتاش تـاک تـاک قەسـیدەی نـوێ نـەبێ بەرچاو ناکەون. ئەم خۆ لادانەی لە شیعر هەم کاری کردۆتە سەر ناوبانگی هەم کاری لەسـەر شیعری کـوردی‌دا هەیە.

لەم دواییانەش‌دا چەند هەولێکی جیدی لە دونیـای شـیعری تازەدا بەرچـاو دەکەون بو نموونە : ئەحمەدی مەلا ( کەرکوک ) لە زەردکدا فەزایەکی فراوان و بەرەلایی دەبینرێت بە گشت سوچێکی زانستی‌دا گەراوە، لـە کـەلـەپوور و میزوپوتامیاوە بۆ ئیسلام، سوود لە قورئانیش وەرگیراوە وەک خـۆی گوتەنی هەول دەدات لە گشتی‌یەوە بەرەو تایبەتی وەرچەرخینی واتە دەیەوێ ڕێزمانێکـی

تـايبەت بە خۆی بونيات بنی. هەروەها ( كفن پوش و كەون ) هەولێكـی جيدی شاعيری نويخواز ( صلاح جلال عبدالله ) ( سلـێمانی ). كـەوا لـە فەزايەكی فەلسەفیو ئايينیدا بۆچوونی تايبەت بە خۆی داهيناوە... ديسانەوە شاعيران ( قادر ابراهيم مينه و دانا سەعيد سۆفی و سالار عوسمان...) سەرەرای ئەوەی بەرهەمێكی يەكجار كەميان بەرچاودەكەويت، بەلام لە مـيانی ئـەو يـەك دوو دەقانەوە بوونی خۆيان بە تەواوی لـە رووبەری قەسيدەی نویدا چەسپاندووە ئەگەر هەر وا بە هێمنی هەنگاو بنێنو لە خوێندنەوە دانەبـرێن، دەتـوانين بلێين شيعری كوردی لە قەيرانی دەقی مردوو رزگـار دەكـەن.

---

## سەرچاوەكان:

١/ خەرمانە ـ ژمارە(٣) سپتەمبەری ١٩٩١
ئايديولوژيا ملەی پروژەی روشەنبيرييە.
٢/ الدخول فی حاله الغيمه ـ الفكر و فن تحاور ادونيس
٣/ خەرمانە ـ هەمان ژمارە ـ فروغی فەروخزاد
٤/ ادب الفنتازيا ـ مدخل الی الواقع ـ ت ـ ی ـ آپتر
ترجمه صبار سعدون السعدون ص ٩٦ .

---

# ئەی ئاوازە ڕەسەنەکان
# فووبکەن بە کەڕەنادا



خالید عوسمان

دوو گلێنە،
ڕێچکە هێڵێك
گیان وا لەسەندووقی
گرتوخانەی کۆنکرێتیدا دەتلێتەوە
چرۆی ئومێد
پەپوولەی بێ باڵی
کاتی بێ کاتیی
لێوەکان چوار میخیان
تازە دەکرێتەوە
لە تونێلی گیانەوە
هەناسەی قەترانی سەردەکا .
هەناو خشتێکی مینایی درز بردوو
چەند وێنەیەکی ئاوەژوو
لە دوو گلێنەی گەشکە گرتوو
سەرنجی دەق گرتوو
بوون بە چەمك
بوون بە کولتور
کیمیا بووەتە عەزیای
واقیعی بوون
پەینی شارستانیەت
نغرۆی ووشەیەکە بە نێوی
مێژوو
ئیمساڵ گوڵ و باڵندە
سەمای مردنیان گێڕا

هەواڵنامەی کتێب



حەشرە
ڕەوی ملیۆنان ئاشقە
مێژوو دارەبازەی ڕزیوی
خاکـــــــــە
زارۆك پەیکەری ڕەق هەڵاتووی
داوێنی شاخی گزنگ بەسەرە
ئالێرەدا بۆلا پەرەکانی ڕۆژمێری
زریانی تێکەڵ بە هەناسەو
بەفرو خوێن بگەڕێن
هەڵۆش لە بەرزاییا خنکاو
لاشە مۆمیای
بەفرە شووشە
ئالێرەدا، لە لووتکەدا
بۆ موزەخانەی کەڵە مێردان بگەڕێن
خەم دەستاڕی سەر بڕبڕەی،
پشتی مرۆڤ
پرسیاری لێ مەکە ئاشقێکی شێتە
بە دوای خۆیدا دەگەڕێ
ئەی ئاوازی ژانەکانی
دوا سمفۆنیای بەختی ئەم شارە
وەگڕ کەون
فو بکەن بە کەرەنادا
گوێی ئاسمان کەڕ کەن
ئەربائیلۆ
لە ژێر چەتری قەڵای ڕەسەنایەتی
جووڵەی میلی کاتژمێری
بەختەوەری شارە
دەبا چرکەکان گوڵ بگرن
بۆ بەرۆکی ئاشقە شێتی ،

ائەم شارە
ئەی ئاوازە ڕەسەنەکان
فوبکەن بەکەڕەنادا
گوێی ئاسمان کەڕکەن •

١٩٩١/١١/١٥

هەواڵنامەی کتێب

# ناكۆكی



سامی هادی



( ١ )

سێبەرم
دەروازەی خەواڵووی گریانە
هەنگاوم ،
پەنجەرەی دواماچی بارانە
تەماشام
مردنی بزەی شارێکە
فرینی تەرمی برسێتی
گشت کونجی ماڵێکە

( ٢ )

لەودیوی رابوون
ئاسۆو هەتاو لەپێش برکین
چەمو بنار
بە لوتکەی تەم هەڵدەگەرین
گەرداوی داری تەمەن
هەزار ساڵە ،
لە پایزدا دەیکات بە پەتی
سێدارە !

( ٣ )

ناکۆکـــــیم ،
ژەنگـی زمانـــی مێژووە
باهۆزی خەوێکـی مردوە
کاتـێ هاتـم ، دیـوار رما
پرسـەمان لە چنار هەڵچنی
کاتێ هاتن ، نیگـەرانـی بوو بە چــرا
رووناکـــیمان ،
نـەکرد بە پاڵپشـــتو بــرا .

( ٤ )

پـەریانـی
رەوەزی تـەمتـوومان
لە ترســی هـەورەوە
کەشــەو هـــات ،
دەروانـنــە ئەســتێرەی ئاســمان
ئەســتێرەش ،
نەوەکو چاوی شاخ دوا نیگای بناسێ
بە پرچی تارمایی مانگەوە
هەناسەی هەڵواسێ

هەواڵنامەی کتێب

# ▪ شیعری بۆ تۆ ▪

پێش کەشە بە: (کامیار)ی کوڕم بەئاواتی ڕۆژانی داهاتوو

شیعری / فروغی فرخزاد
کەریم سۆفی
لەفارسی‌یەوە کردوویە بەکوردی



بۆ تۆی دەڵێم ئەم شیعرە
لەئاوابوونێکی تینووی هاوینا
لەم نیوە ڕێیە سەرەتا شوومەدا
لەکۆنە گۆڕی ئەم خەمە بێ کۆتایی‌یەدا

★

ئەمە دوا گۆرانی لایە لایەی
سەر بێشکەی نووستنی تۆیە
تا ئاوازی ترسێنەری ئەم هاوارە
لەئاسمانی گەنجێتی تا بخولێتەوە

★

دە لێگەڕێ باسێبەری سەرگەدانم
لەسێبەرت جیابێتەوە، دوور کەوێتەوە
ئەگەر ڕۆژێ پێك گەیشتین.
جگە لەخوا، کەسی دیمان لەبێن نەبێ.

★

من پاڵم داوە بەدەرگایەکی تاریك
بەنێوچەوانێکی گرژەوە لەتاو دەردم
پەنجە ناسك و ساردەکانم بەو مرازە
بەم دەرگایە کراوەیە دادەهێنم

★

ئەو داغە نەنگینەی کەوا
بەتانە بێ هوودەکان پێدەکەنێ، من بووم

گوتم دەبم بەناوازی بوونی خۆم
بلام مخابن و حەیف کە([illegible]) بووم

★

کەچاوە بێ گوناھەکانت
بەسەر ئەم کتێبە تێك پرژاوە دەخشێن
سەرکێشی ڕیشەکانی زەمان دەبینی!
لەنێو دڵی ھەر ناوازێ، شکۆفەیین.

★

لێرە، ئەستێرەکان ھەمووی خامۆشن
لێرە، فریشتەکان ھەموو لەگریانن
لێرە، خونچەکانی گوڵی (مریەم)
لەدرکەزی بیابانان بێ ڕێزترن!

★

لێرە، لەسەروی ھەموو ڕێگایەك
دێوی درۆو فێڵ و ڕیاکاری دانیشتوە
لەئاسمانی تاریکیا، لەسپێدەی بێداریا
ڕۆشنایی‌یەك بەدی ناکەم

★

لێگەڕێ با، جارێکی دیش چاوەکانم
پڕ بن لەتنۆکی شەونم
لەخۆمەوە ڕێم گرتە بەر، ھەتا پەردە
لەڕووی پاکی حەزرەتی (مریەم)ا لادەم

★

لەکەناری ئاوچاکی‌دا دابراوم
ئەستێرە لەسینەم دا ڕەشەبایە
جێ پەروازی بلێسەی تووڕەییم
حەیف، بۆشایی تاری زیندانە

★

من پاڵم داوە بەدەرگایەکی تاریك
بەنێوچەوانێکی گرژەوە، لەتاو دەردم
پەنجە ئاسك و ساردەکانم بەو مرازە
بەم دەرگایە کراوەیە دادەھێنم

★

خۆ دەزانم دەمەقالە سانا نی‌یە
لەگەڵ دەستەی دووڕوانا
شاری من و تۆ کۆرپەی شیرینم
زۆر لەمێژە کەهێلانەی تێکیمەنە

★

ڕۆژێ دادێ، بەئاهەوەد چاوەکانت
بەم گۆرانی‌یە دەردەدارە بکەوێت و
لەنێو خودی قسەکانم بۆم بگەڕێی
بەخۆت بڵێی، بەڵێ ئەوبوو دایکی من..

---

ژێدەر:
دیوانی «عصیان» چاپی دەیەم ـ چاپخانەی «سپهر» تاران / ۲۵۳۷ هەتاوی لاپەڕە / ۵۵ ـ ۶۰

# بڕگەیەکی تر
# لەگەڕانەوە بۆ خوا



لە مێژە (( من ))
کاوێژ بەسەر تەمەنم دەکەمەوە
ئەو سیمایانە نامگریەنن
چیدی ڕەدوو ئەوانە ناکەوم
تەمەن لێرە
دوو بارە بوونەوەیەو هیچی تر
لەوەتەی من هەم
ڕوژ لێرەوە هەڵدێ و لەوێ ئاوا
بەهار
هاوین
پایز
زستان
بۆ دوو بارە بوونەوەی خۆیان :-
- گەڵا دەگرن
- دەسوتێن
- هەڵدەوەرن
- دەلەرزن
کێ لە چرایەتی .. خوا
شیعر
ئافرەت ... دەگا ! ؟ ...
شیعر : - چر بوونەوەی زەمەنەکان
ئافرەت : - لەزەتی چر بوونەوەی زەمەنەکان
نازانم ..
شیعر نەبێ
ئافرەت نەبێ
من چۆن عیبادەتی تۆ بکەم !! .....

سالار عوسمان

## مۆنۆدراما

# «مەرگەسێی مەملەکەتێ»



دلشاد ئەحمەد قادر

(ئازاد، گەنجێکی ڕۆشنبیرە، لاوازو ڕیشنە، چەند قوماشێکی ڕەنگاو ڕەنگ دیارە، بۆ د٠ ـ کاتێکی جیاواز، یەکێك لەو پارچە قوماشانە بەسەریەوە ئەبەستێ، لەنێوەندی بینەران دا، بازنەیەك و چوار ڕێگـای درێـژ بووەوەی هەیە، لای ڕاست هێندێك پێڵاوی مندالانەو مەمکەشوشەو سەرپۆش و جامانەو بەروانکەی مندالْ لەسەر تەختەیەك لەڕاستی بازنەکە دانراوەو ئەبێت بەجوانی لەبینەرەوە دیار بێت، لەپشت پێڵاوەکانەوە تابوتێك دیارە، ناوەڕاست (بۆرێ)یەکی هێندەی باوەشی زەلامێك درێژبوتەوە بۆ دواوەو، پرۆجکتۆرێکی سوری تیا داگیرساوەو هێندێك ئێسقان و کەللەسەری مرۆڤی تیا دیارە، لای چەپ ڕادیۆیەك و هێندیك کتێب و قەڵەم دانراوە، لەپشتی ئەم شتانەوە کە دیارە، سایکێکی گەورەو بەرز دیـارە. زنجیرێك لە ڕاستەوە بەسەر لولەکەدا درێژبوتەوە، هەتاکو لای کتێبەکان، چەند کڵاوێکی سەربازی و خودەو دارێکی سەربازی لەسەر تەختەکەن، تۆڕێك بەسەر هۆڵەکەدا بڵاوبوتەوە، پۆستاڵ و کڵاوی سەربازیو خودە وجل بەرگی سەربازی لێرەو لەوێ پیا هەڵواسراوە، لای ڕاستی ڕادیۆکە بەتانی لول کراوەو بوخچەیەك، گوێنیەکی نیوەشت دانراوە.

پرۆجکتـورێکی سەوز پانتـایی ناوەندی شوێنی نمایشەکە ئەگرێتەوە، دەنگی تەقەو تۆپ و تەیارەیە ئازاد دیمەنی لە دایك بوونی خۆی نیشان ئەدات، لەگاگۆڵکێ، هەتا گەورەبوون)....

**ئازاد** / ڕۆژێکی پایزی بوو، لەگەڵ فرمێسکی باران وەریم، لەنێو خێزانێکی کۆیلەی سەدەی بیست دا، کەوتمە باوەشی زەوی‌یەکی سوتاوەوە، زەوی‌یەك کە ساڵە هایە، دڕکی جەنگی لێ نابڕێ، هەرچی خەمی مرۆڤ هەیە بەیەك سانی بەشی منیان دا، ئەم خاکە، وەکو ناو لەبی باوکم شەقار، قڵیشاو

وزیر، وەکو مەمکی دایکم بێ شیر، پاش ئەوەی هێندیك هۆش هاتە بەرم و خۆم ناسی، بەچرپە، زۆر بەچرپە، باسی مەملەکەت و ئۆمەتی چیایی یان دەکرد، باوکم زۆر جاران، دووبارەی دەکردەوە..

**...«نمایشی باوکی ئەکات»**

کورم ئازا، بخوێنە وبالەبەری رەنجم بخۆم وهێندێك بحەوێمەوە، نەکەی بکەویە داوی سیاسەت و سیاسەتبازانەوە، دەست بە کڵاوەکەتەوە بگرە، با نەی بات!!!

نمایشی ئازا ئەکات..

ئەزانن ئێرە کوێیە، بەچرپە، زۆر بەچرپە، ئێرە ئەو شارەیە، کە پارچەیەکە لەجەرگی کوردستان بەڵام نەمان ئەوێرا چ بڵێین، ئێرە ئەزانی کوێیە؟ کوێیە؟ کوێیە، بەچرپە، زۆر بە چرپە، ئهگەرنا، عەگالیکی زلیان دەکریتە سەر!!!

باوکم کرێکار بوو، لە کۆمپانیای نەوت کاری دەکرد، خانویەکی بچکولانەمان هەبوو، لەساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی ئازادی لە کەرکوك، ڕۆژێکیان سەرۆکی بە شەکەیان بانگی باوکم و کرێکارە کوردەکانی کردبوو پێی وتبوون....:

**«ئازاد کڵاوێکی کرێکاری کۆمپانیا لەسەر دەکات و لێ پرسراوانە قسە دەکات،،،،»**

-إخواني، بصراحه كلش صراحه، وبصراحه تامه، كلش تامه بدون لف و دوران، كلش كلش صراحه،، بەچرپە،، لاسباب امنيه.. انتم منقولين!!!!!

،، ،، کڵاوەکەی لەسەر داگرێت و دەچێتەوە شوێنی دیاری کراوی خۆی،، ،،

،،(،، پارچەیەك لە پەڕۆ ڕەنگاو ڕەنگەکان بەسەریەوە دەبەستێ،،)،،

**رادیۆ/ پاش ئەوەی رژێمی داگیرکەر بەفێڵ و پیلان لەگەڵ میللەتی کورد، لە باشوری کوردستانا دەستی کردەوە بەکوشت و بری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و کاول کردنی کوردستان، بۆیە بریارمان دا، بجەنگێین لەگەڵ داگیرکەران و دژانی ئاشتی، یان کوردستان، یان کورد نەمان...!!!**

**لەپشت سایکەکەوە بەشێوەی تارمایی، تەعبیر لە شەری پێشمەرگان دژ بە دوژمن دەکرێ و ئازادیش هەروەها، دەنگی تەقوتۆق، بۆمبا دێت، پاشان ئەم گۆرانی یە غەمگینە لێ دەدرێ...!**

**هاوار، هاوار**
**ئەی وڵاتی زەوی سوتاو**
**هاوار هاوار**
**بۆ بێ کەسیو دیلی هەتاو**
**پیلان بوو، پیلان و داو**
**بۆ کوردستانی بەش خوراو**
**هاوار، هاوار شۆڕشم ڕۆ**
**میللەتی کوردم ڕەنج خەسار..**

**ئازاد، خەمناك و بێزار، دارێك بەدەستیەوە بەو شێوەی تەسلیم بونەوە دارەکە تەسلیم**

**تەکلاویکی سەربازی لەسەر دەکات و لە شوێنێکی بەرز قسە دەکاتن.**

**ئازاد** /(مرحبا بعودتكم الى الصف الوطني قد إنتهى جيب العميل في شمالنا الحبيب""

"" کڵاوەکەی فرێ دەدات و دەچێتە شوێنێکی تر""

**ئازاد** /باوکم لە داخا سەری نایەوە، کورد هیوا براو بوو، پەیتا پەیتا نەفی دەکران بۆ باشوری عێراق، بەڵام کوردستـانی کوانوی شۆرش، چۆن پشکۆی تیا خامۆش دەبێ.... نەخێر..!! نەخێر نابێ، پێشمەرگە دەستی کردەوە ملی چیاو کەوتە ململانێیەکی سەختەوە، لەولاشەوە، داگیرکەران کەوتنە سیاسەتی تەعریب و تەبعیس، سەرچاوەیەکی شۆرش رای گەیاند کە زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند خاپور کرا، کانیاویان شەهید کرد، دارستان و گوڵ و گیایان رەش پۆش کرد..!!

شەرو پێك دادان، شەری رزگاری کوردستان، ئالەم کاتەش دا،جەنگی وێران کاری عێراق و ئێران هەڵایسا

**«بەزۆر دەیبەن بۆ جەنگ، دەچێتە بەردەمی لولە سورەکە، پارچە پەرۆیەکی تر لە سەر دەبەستێ ئاخ و ئۆف دەکات»**

**ئازاد** /نا.. نا... ناچم، بە چ هەقێك بەشداری جەنگێکی پیس وخوێناوی بکەم، کە چ پەیوەندیەکی بەخودی منەوە وەکو کورد نیە، دایە ناچم بۆ جەنگ...

"" لەچەکێك دەبەستێ و عەبایەك دەدا بەسەریا و دەبێتە دایکی""

**دایـك**/ کورەکەم، دەتگرن، لەسێدارەت دەدەن، وەکو ئەو هەزاران کەسەی کەلە سێدارە دران عەسکەری چیە؛ بەڵکو شوێنەکەت باش بێ، لەمەتبەخ یان لای ئامرەکەتان داتنێن ئەگەر هەر ناش چی، وەکو ئەو عالەمە، وەرەقەیەك لای ناسیاوێك بکەو بیخەرە گیرفانتەوە...!!!!

**ئازاد**/ "" دەبێتەوە بەئازاد""

ها، دایـە گیان، وەرەقە، ناگرن، ها... ها... ها نەء، نەء، جەنگ «دەچێتە لای بۆری بەسورەکە وتفێکی بەتوندی لێ ئەکات..» جەنگم ناو »، وەرەقەش رەفز دەکەم، دایە گیان ئەمە مەسەلەی فیکرو ویژدان و مرۆڤە!

دەچێتە لای رادیۆکەوەو دەست بۆ بۆغرییەکە درێژ ئەکات لێرە جەنگ، لەماڵەوە ترس و.. گریانی دایکم "دەست بۆ سایەکە درێژ ئەکات" لەوێش، سێ گۆشەی مەرگ، چی بکەم بۆ کوێ بچم، "بیر دەکاتەوە" ها.. دەرەوەی وڵات و سنگ و مەمك و شەهادەی بەرز...

"دادەنیشێ و هەل دەکوربێ" ئەوا وڵاتم بەجێ هێشت و چووم بۆیەکێ لەوڵاتانی ئەوروپا ئێوە، سنگتان بەگوللەوەو منیش سنگم بەسنگی ئافرەتەوە، باشە ئەی دایکم، ئەی ئێوە "لەبینەران ئەپرسی"

ئێوە بۆ ناچن، کێ دەچێ، کێ ئێرە بەجێ دێڵێ، تۆ دەرۆی، ئەی تۆ، ها؟ ئەو مەرگەی لێرە یەخەم دەگرێ، بەژیانی دەرەوەی ناگۆرمەوە...

"دەچێتـە بۆرییـە سورەکـەوە، دوکـەڵێکی زەرد لەئـاسمانەوە دێتە خوارێ، بەپەلە جامانەی بەلوتیەوە دەبەستێ و پەلە قاژێی مەرگ و ژیان دەکات، هانا دەبات سەیری تەرم و خنکاو دەکات

تەمسیل لەگەڵ ئەم شیعرە دا دەکات..

دەنگ:پێشمەرگەیەکی برین پێچی

**هێندی سارغیو دەرمان لەکۆڵ**

**منداڵێکی چاو کیمیا کوێر کردوو**

**لەئامێزدا...**

**راونراون چاو کیمیا کوێر کردوو**

**بەو نوێژی نیوەڕۆیە ئەڵێ**

**دەنگی مناڵ مامە، چ شەوێکی ئەنگوستە چاوە؟**

**خۆرهەڵاتن چەندی ماوە!!!؟**

**ئازاد/** نومایش وەڵام دەداتەوە...

خۆرهەڵاتن سپێدەیە!

خۆرهەڵاتن لەدەم کەلەو ئامادەیە!

"لەپشتی سایکەکەوە پێشمەرگەیەك نیشان دەدات و تفەنگەکەی دەست بۆ ئەوێ رادەکێشێ

خۆرهەڵاتن لەناو خوێن و لولەی یەککرتنی گەل و پێشمەرگەیە!

"ئـازاد کڵاوی سەربـازی لەسـەر دەکـات و رۆڵی یەکێك لەپیاوانی گەورەی داگیرکەر دەبینێو ئەنەرعینێ و پێ دەکەنێ.

إخواني.. ياجيش الامة العربية الباسلة

ياجيش العراق الابى

ابدأوا، لتدمير القرى والانفال...!

"ئازاد تەمسیلی روخانی گوندو گرتنی مانگاو کەڵەشێرو کڵاوێکی خودەی لەسەردایەو لەسایکەکەوە ئافرەتێك دەردەکەوێ..

ئەمانە لەلایەك و ئەو ئافرەتە لەلایەکی تر، ها.. ها.. دەچێتە لای ئافرەتەکە پەلاماری ئافرەتەکە ئەداو ئەی هێنێ لای پیلاوەکان عملیەتی جنسی لەگەڵ دا ئەکات

روناکی ئەکەوێتە سەر رادیۆکە..

**رادیۆ/** ئێرە دەنگی یەکگرتووی گەلی کوردەو هێزی پێشمەرگەی کوردستانە...

گوێ گرانی بەرێز

هاو وڵاتی‌یانی بەشەرەف "ئازاد رادەکاتە لای رادیۆکەوە"

مژدەتان لێ بێ.. مژدە..

مژدەی یەك بونی خوێن و لولەی تفەنگ و گشت حزب و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.. مژدە.. بەهۆی هەست بەلێ پرسینەوەو بەرژەوەندی گەل لەسەرو هەموو شتەکانەوە بەهۆی بەتەنگەوە هاتن و بەرەو پیرچوونی سەرکردە ژیرو بەتواناکانی کوردستانەوە بەرەی یەك سەنگەرو بەرەی خوێن و بەرەی گەل، هاتنە پێشەوەو چەك و زمان و خۆشەویستیمان یەك بووە.. بۆ پێشەوە بەرەو کوردستانێکی ئازادو ئاشتی خوازو دیموکراسی.!!!



هەواڵنامەی کتێب

.. ئازاد دەچێتەوە بۆرییە سورەکەو کلاوێکی سەربازی لەسەر دەکات و دەمی خوار ئەکاتەوەو دەدوێ..

**ئازاد /**

**ایها العراقیون الاماجد**

**یا ابناء الامة العربیة المجیدة**

**یا شرفاء واحرار العالم**

کویت ثم کویت.. عاد الفرع الى الاصل، سنضرب العالم، لن ننسحب من المحافظة التاسعة عشر ،أبدا..

دەنگی تەقەو تۆپ و فڕۆکە دەست پێ دەکات، بەخودەکەیەوە ڕادەکاتە پەنایەکەوەو هاوار ئەکات..

**ئازاد /** هەر تەمسیلی سەرۆکی عیراقی ئەکات..

براله گوم خوارد، ئەی گەلانی جیهـان سەهـوم، قەزاو قەدەر ئەم شتـە ڕوویداو خوا بڕیاری لەسەربوو "وەرەقەیەك دێنێ ئیمزای دەکات"

چیتان بوێ بەسەر چاوانە..

"خودەکە فڕێ ئەدات دێتە ناو خەڵکەوە"

**ڕادیۆ /** زەماوەندە، لەکوردستان زەماوەندە، پەلامار دانە، بەعسی قڕانە، سەفرازی کوردو کوردستانە..

**ئازاد /** ڕاپەڕین..

"سروودی دەمی ڕاپەڕینە لێ ئەدرێ" هەر لەگەڵ ئەم سروودەدا!

"ئـازاد دووگـوێنی بەیـەکـەوە بەستـووە، کارتـۆنێکیشی بەدەستەوەیە، جامانەیەکی بەستووە، زۆپـایـەکیش بەلەقـەپـاڵ ئەنێ "سایکەکە دوبارە دەبێتەوە تەعبیر لەشەڕو ڕاپەڕین و ڕاماڵینی داگیرکەر دەکات"

"ازاد دەچێتە پشتی بینەرانەوەو هاوار ئەکات و دەنگی دەبابەو تۆپ دێت"

**ئازاد /** هەی هاوار دەبابەو جەیش هات، خەڵکی هەمووی ڕۆی پێشمەرگە شەهید بوو، هاوڵاتی شەهید بوو، ئێستا جادەی سلێمانی کەرکوك لەگوندی چیمەنەوە گەلا ڕێزانی شەیدانە، ڕەوە، ڕەوی گەورەی کوردستانە، ماراسۆنە، ماراسۆنی گەدەی برسیو قاچ و قولی هەژارانە..

"سایکەکە تەعبیر لەڕەوەکە دەکات و ئازادیش بەتانییەکی بەپشتەوەیەو بوخچەیەك هەڵ ئەگرێو بەکۆمە کۆم دێتە ناو خەڵکەوەو هاوار دەکات"

**ئازاد /** خەڵکینە نانێك، نانێکم بدەنێ، ژنەکەم لەڕێکا مرد، کۆرپەکەم فڕێ دایە ناو ڕوبارێکەوە نانێك، نانێك، برسیمە، سەرمامە، ئاگرێ، نانێ... نانێ...

"دەچێتەوە سەرەوە، لای ڕادیۆکە، کتێبەکان دەباتە لای پێڵوەکانەوە"

**ئازاد /** لاپـەرەیـەك لەمێژووی ئەتەوەکەم، لەم باشورەوە بۆ نمایشت کردنی خاوەنی ئەم پێڵاوو جامانەو مەمکەشوشانە لەکوێن، بالەبیریان نەکەین، لەوێرانەی کوردستانەوە ویژدانمان بخەینە گەڕ، با ژانەکانمان لەبیر نەکەین و بۆ گیرفان پڕ کردن هەوڵ نەدەین، بایەکگرتووبین، خوێنمان داوە

بۆ ئازادی، بابە خوێنیش ئازادیو سەرفرازی بپارێزین، ئەو چەقۆیەی کەقاچاغ چی و خائنان بەگرانیو دزیو بێ ئاگایی کۆرپەی ڕاپەرینم سەرنەبڕن، چونکە من خاوەنی ڕاپەڕین، دزو جەردەو گران فرۆش و بازرگانەکانی مەرگ، بەڕقی میللەت سەر ئەبڕم، بژی کوردستان.. بژی ڕاپەرین.. بژی شەهیدان.. بژی یەکێتی پێشمەرگەو میللەت.

★

هەواڵنامەی کتێب

# زیندەخەوو تارماییەکان و مێژوو و دەنگی ئەنوەر قادر



عەتا فایەق

ئەنوەر قادر یەکێکە لەو چەند شاعیرە دیارەی لەدوای بەیانی ڕوانگەوە وەکو دەنگی شیعری دەرکەوتن. ئەزموونی ڕوانگە وەکو خیتابی نوێ هێنەر لەئەدەبی کوردی دا، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین پرۆژەی سەرەتای حەفتاکان لەبەرهەمی تەنها چەند دەنگێکدا ئەبینرێتەوە کە بەشی هەرە زۆریـان لەئەزموونەکانی ئەو پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نەبوون، دیارە وەکو ئاشکرایە، لەسەرەتای حەفتاکاندا دوو باری ئاشکرا یان دوو هێڵی ئاشکرا لەو پرۆژە نوێیەدا ئەبینرا، یان شکاندنەوە بەلای ئایدیۆلۆژیای چەپدا یان بەلای وجودیەتدا بوو، زۆرێکی دەنگەکان بەلای چەپدا شکانەوەو دواجار لەڕوانگەی پرۆژەی زیندووکردنەوەی خودی سراوەی کوردییەوە هیچ شتێکی ئەوتۆیان بنیاد نەنـا کەلەڕوانگـەی عەقـڵی کوردی‌یەوە حیسابیان بۆ بکرێت، چرنکە تەنها لە سنووری وەهم و خەیاڵدا مانەوە. هێڵی دووەمیش کە ڕاستەوخۆ بەلای وجودیەتدا (ئەنطولۆژی)دا شکانەوە لەڕووی بنیـادنـانی عەقـڵی کوردی‌یـەوە کەمەبەستمان لەمە گەڕانەوەیە بۆ زاکیرەی خۆمان، واتە خودی کوردایەتیمان کارێکی ئەوتۆیان نەکرد کە جێگای دیاری هەبێت، لەنێوانی هەموو ئەو دەنگانەدا دەنگی شێرکۆ بێ‌کەی هەردوو باری باوی ڕەتکردەوە توانای لەسەر هێڵێکی باریك لەنێوان هەردوو هێڵە سەرەکیـەکـەی تردا خۆی ڕاگرێت دیـارە کەوەستـانەکەی ئەمیش ڕەتکردنەوەی هەردوو ئاراستـەی پێشـوو، باوەش کردن بەمێـژووی کورد دا بوو بەمـەبـەستی ژیـانـەوەی خودی کوردایەتیمان وەکو کەینوونەی عەقڵی کوردی کەئەم وەکو ئەدەب و بەدەقی ئەدەبی بەر لە عەقڵی سیـاسی کوردی ئەمەی ئەنجام دا... یەکێك لەو دەنگانەی تر کەلە ساڵانی حەفتا دا شەقڵێکی

دیاری هەبوو، لەڕووی باوەش کردنە مێژوودا و لەوێشەوە گەڕانەوە بۆ زکیرەی خۆمان و بەمەبەستی بنیادنانەوەی خودی کوردی ئەنوەر قادرە. ئەنوەر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تاکو ساتە وەختی ئێستا ڕەخنەی کوردی نەیتوانیووە خۆی لەقەرەی شیکردنەوەی دەقەکانی بدات. ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان چڕی و ئاڵۆزی بنیادی شیعری ئەنوەر (هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم تەنها کۆمەڵە شیعری زریانەو قسە لەسەر زایەڵە ناکەم) دووەمیش لەبەر نەبوونی عەقڵێکی ڕەخنەیی کەبتوانێت لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیای ئەفرێنەدەری دەق مامەڵە بکات.

ئەزموونی ئەنوەر هەر لەسەرەتاوە لەباوەش کردنێکی توندو بەهێز بە مێژووی کوردو باری کۆمەڵایەتی کورددا بەرجەستە ئەبێت، زیندو کردنەوەی پاڵەوانی کوردی، ئەفسانەی کوردی، سروشتی کوردستان لەسیفەتە دیارەکانی شیعرەکانین، ئەمانەش وەکو کۆمەڵە ڕەمزێك بەمەبەستی زیندوو کردنەوەی خودی کوردی. بەڵام ئەزموونەکانی ئەنوەر زیاتر تراژیدین ولەدواجاردا سیفاتی ئەنطۆلۆژیش تا سنورێ زاڵ ئەبێت کە ئەشێ لە شیعرەکانی دوایدا (چەند شیعرێکی زایەڵە) ئەم ئاراستەیە تەواو ئاشکرا ببێت. ساتەوەختی بەرهەم هێنانی شعرە دیارەکانی ئەنورە لەساڵی (١٩٧٢)ەوە دەست پێ ئەکات بۆ ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ چەند شیعرێکی بێ بەراورد. ئەزموونی شیعری ئەنوەر بەپێچەوانەی هەموو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەوە لەپانتایی واقیع و مێژووی کوردەوە دەست پێ ئەکەن، ئەگەر شێرکۆ لە هێندێ شیعریدا ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کردبێت کەبە شاعیری فلانە حیزب و ڕێکخراوی لەقەڵەم بدرێت و چەند دەقێکی دروشم ئاسایشی پێشکەش کردبێت ئەوا ئەنوەر لە(زریان)دا ئەو شاعیرەیە بەبێ هیچ پاڵپشتێ و بە دروستی لە سەر جووت قاچی خۆی ڕاوەستاوە. ئەم عەقڵی سیاسی ئەو ساتە وەختەی کورد نادوێنێ و گوێشی لەبەرنامەو پەیڕەوی ئشکردنی ئەو عەقڵە ناگرێت، ئەوەتا لە زەمەنێکدا کە ساڵی ١٩٧٣ یەوە باری سیلسی کوردستان ئاسایشەو جۆرێ لە دیموکراتیەکی تا ئەوکاتە نەبینراویش هەیە کەچی لای ئەم وڵات جۆرێکە لەوێرانەو برین و زامە، چەپکێ زامی تازە بۆ گوڵدانی دڵی وشکی ووردیلانی گونەکانی ئەباتەوە. ئەم لەم بارەی کوردستاندا بێ ئومێدە، هەڵبەتە ئەم بێ ئومێدیەش پەیوەستی تێڕوانینی ووردی ئەمە بۆ کەینوونەی مێژووی نەتەوە، کەتا ساتەوەختی خوڵقاندنی دەقە شیعرییەکەی ئەم خاوەنی شوناسنامەی خۆی نییەو خودایەتی کورد خودایەتیەکی سراوەیەو لەڕووی هێزە سراوەکانیدا (ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی یان ئاینی ئیسلامیو ئایدۆلۆژیای خواستراوی ئەورووپیشدا) هیچ بوونێکی نییە، هەر لەم تیشکەنیکیایەو لەسەر ئەم بنامەیەوە ڕووی تێڕوانینی تراژیدیانە لای ئەنوەر بنبەست ئەبێت، ئەزموونی ئەنوەر ئەزموونی وێرانە خاکێکی ئیلیەتیە بەڵام لەپێش هەرەس دا، ئەم هەرەسی ١٩٧٥ی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد نابێتە هۆکارێ هەتا کارەساتی ئەم هەرەسە بکاتە هەوێنی شیعری وەکو شێرکۆ بەیەکەس لە (کۆچ)دا کردوویەتی. بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕووی گەشی جیهان بینی ئەنوەر بەر لەڕوودا وە ئاشکراکانی وەکو هەرەس بۆ شێرکۆو جەنگی جیهانی یەکەم بۆ ئیللەت ئاشکرال ئەبێت، ئەنوەر لەو ساتەی نەتەوە لەبارێکی ئاسایداو بگرە بارێکی پەسەندیشدا ئەژی دەرك بەنەبوونی کەینوونەی نەتەوەو شوناسنامەو عەقڵی سیاسی نەتەوە ئەکات و ئەوکاتەیە ئەزانێت کە سبەینێ گەشاوە نابێت و ئاسۆش ڕوون نییە.

بەلام جارێکی تریش بەپێچەوانەی شێرکۆو ئیللیەتەوە ئەم هەرەسی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد هەرەسی پێ ناهێنێت ئەوەتا هەر نزیکەی حەوت مانگ لەدوای هەرەسە جەرگ برەکە لە هەڵبەستی (وەرە خوارێ... ئەی خواکەی غەریبان)دا ژیانەوەیەکی نوێ بنیاد ئەنێ‌و پێ‌ی وایە ئەم چەمە زستانە نی‌یە هەرکە هاوین هات ووشك بکات. بەڵێ ئەنوەر بەچاوی ووردی ڕەخنەوە لەعەڵی کوردی‌و بزوتنەوەی ڕزگاری کوردی‌و مێژووی کورد ئەڕوانێ‌و ئەم لەقوڵایی ڕووداوەکاندا مامەڵە ئەکات بۆیە نەبە نیمچە دیموکراتی‌و سەربەخۆییەکی چوار ساڵی ۹۷۰ـ ۹۷٤ هێندە دڵخۆش و خەنی‌یە، نەبە هەرەسی بزوتنەوەکەش بێ ئومێد ئەبێ‌و هەرەس بهێنێت، بەڵێ لێرەوە ئەو ڕاستیە ئاشکرا ئەبێت کە ئەنـوەر وەکـو دەنگێکی دیاری پرۆژەی ساڵانی حەفتا دێتە مەیدان و لەناوەوە ڕاو لەقوڵایی مێـژوودا ئەگەڕێت و تنها لە ڕووداوەکانی دەرەوەداو بەساکاری جیهان بینی خوێ بەرجەستە ناکات، بەلام ڕەخنەی کوردی هەتا ئێستاش لەبەر ئەو هێمنی‌و ناپەیوەست بوونەی ئەنوار بەعەقڵی سیاسی کوردیەوەو نەپاشکۆو کمێلرسی لای لە خوێندنەوەی دەقەکانی نەکردوتەوەو بەمەشی ئەنوەر لەپێشـەنگی ئەدیبانی ماف خوراوە لەنێوەندنی ئەدەبی کوردیدا. من لێرەدا هەوڵ ئەدەم یەکێك لەشیعـرە دیارەکانی لەڕوانگەی بنیادی پێکهێنەرانەی زمانی دەقەکەوە بخوێنمەوە بەو هیوایەی دەرگـای داخـراوی ڕەخنـە لە ڕووی دەقی ئەنـوەردا بکـەمـەوە: ئەو شیعرەش « زیندەخەو و ئارامابیەکان » ە کەساڵی ۱۹۷۳ نوسراوەو لەزریاندا بلاوکراوەتەوە

ـ۲ـ

بنیـادی ئەم شیعـرە لەسـەر دووانـەی پرسیـار/ وەڵام بیـانـراوە کەلەمیـانەی پرسیارەکانەوە لەبـەرزبـوونەوە ئیقاعێکدا بەرەو چاوەڕوانی وەڵامەکان تێرامانێك دروست ئەبێت، کەساتەکانی تێرامان کورت و وەڵامی پرسیارەکانیش ئامادەن، ئەمەش لەو بنەمایەوە بنبەست ئەبێت کەخود لە زەمـەنی تەنیـایی‌و شەوانی پێداچوونەوەی کەنیوونەی خۆیدا پرسیارەکان ئاراستە ئەکات. ئەو تەنیـاییـەی کەڕووخسـاری ڕوشنبیرێکی نامۆی پێ بریوە. پرسیارەکان لەسەرچاوەیەکەوە سەر ئەگـرن کە ئەگـەڕێتەوە بۆ ترس و ئازار، ترس و ئازاری شەوانی تەنیایی، کە شەوانی تەنیایی دەلالەتی مێژوویەکی تاریك و ناناشکرا ئەدات و « تەنیایی »ش دەلالەتی بێ کەسی‌و بێ پاڵپشتی خود بەرهـەم دێنێ کە لەبـارێکی تردا خود بریتی لەخـودی بێ کەینـوونەی ئێمە وەکو خودی کوردایەتی. ترس و ئازار خەیاڵی بەربلاو و ئەندێشەی خود هەڵئەمژن و هەموو شتێ لەسنووری ترسناکی ئازارو ترس دا جێگا ئەگرێتەوە هەڵیش ئەمژرێن کە ئەشێ ئاراستە جوڵەی ئەم وێنەیە وەکو خوارەوە بنووێنرێت ئەیدیشە ترس وئازار نیوەگیان مردوویی

مژین (جۆرێك لە) سانسۆر

پرسین [بۆ واماتی؟] بۆ کوێ ئەڕوێ؟

خەیاڵ و ئەنێشەی زیندوو لەلایەن ئازارەوە هەڵئەمژرێن و ترس و ئازار ئەبێتە سانسۆرێك و هەروا بهناسانی خەیاڵ و ئەندێشە لێ‌ی قوتار نابن، سانسۆری ترس گۆڕەو شاری خەیاڵی مەودا فراوانی و ئەندێشەی خود ئەدات و دوای گۆڕەو شار بەهێمنی توریان هەڵئەداتە دەرەوە، خەیاڵ و ئەنـدێشە دوای تێپەڕین و پەڕینەوە بەسەر سانسۆری ترس و ئازاردا شێوەیەکی دەستەمۆیی

وەرگـرن و کەئـەشێ شێـوەیەکی (مألوف) بێت و لەڕاستیدا خود ئەم دەستە مۆکردنی خەیال و ئەندێشەی پێ ڕەوا نی‌یە چونکە لای وایە دوور لە سنووری تێپەڕین بە سانسۆری ترس و ئازاردا (هـەڵژین کە نیوونەیەکی) (نامألوفیان) هەی و لەهەوڵی خۆ هەڵدان و داهێناندان. دوای قوتار بوونی خەیاڵ و ئەندێشە لە سنوورەکانی سانسۆری ترس و ئازار، واتە دوای ماڵی کردنیان ئەنجا بەنیووە مردوویی لێی ئەپرسن.. ترس و ئازار پرسارەکان ئاراستەی ڕێیواری نیوە مردووی خەیاڵ ئەکەن لە وەڵام دانەوەدا دەلالەتی پرسیارەکان ئاشکرا ئەبن لێرەدا ئەبینین دووانەی پرسارو/ وەڵام پرۆسێسـە جوڵەیـەك لە شیعرەکەدا ئەنجام دێنن. ئەم جوڵەیەش سەرجەم لەئەنجامی کارلێکی توخمەکانی بنیادەوە بەئەنجام ئەکات گەئەمەش لە باڵا دەست بوونی ڕەگەزی (فرمان)ەوە بەدی دێت کە دواتر بۆ ئەم خاڵەو ئاراستە جوڵەی شیعرەکە ئەگەڕێنەوە.

دەلالەتی ئەم لقەبنیادە کە کۆپلەی یەکەم پێکی دێنێت لەڕووی دەرەوەی دەقەکەدا واتە تێڕوانینی ئاسایی بۆ شیعرەکە ئاشکرا نابێت کە دوو لێکدانەوەی هەیە یەکەمیان ترس و ئازار بەندییەوانن، ئازاردان و هەڵژینی ئەندێشەی خود (من) ئەشێ ئامادەبوونی (من) خود لەزیندانەکەدا بنووێنێ کە سڕینـەوەی ئازادی‌یـە،پـاشـان دوای ئازارو لێدان بەنیـوە مردوویی فڕێی ئەدەن، پاشان پرسیارەکان دەست پێ ئەکەن [بۆ واماتی؟...]

باری دووەمی لێکـدانەوەی دەلالەتی بەرهەم هاتووی ئەم لقە بنیادە ئەوەیە کە عەقڵی دەرەوەی خۆمان کە بریتی‌یە لەو جووت عەقڵەی کە کاریگەرییان لە سڕینەوەی خودی کوردایەتی ئێمەدا هەبووەو ئێستا وەکو جووت ئایدیۆلۆژیا (ئایدیۆلۆژیای ئیسلام و ئایدیۆلۆژیای خواستراوی بەرهەمی عەقـڵی ئەوروپی) دیـارن بریتـین لە وترس و ئازارەی کە شەقامێکن ئەندێشەی من هەڵئەمژن. ئەندێشەی من گەڕانەوەیە بۆ زاکیرەی خۆمان بۆ بنیادنانەوەی خودی کوردایەتی سڕاوەمان لە لایەن ئەو دوو مێژووەوە کە هاوشانیەکی تەواو لەبنیادی زمانیدا لێرەدا ئاشکرا ئەبێت ترس و ئازار وەکو دوو دال بەرامبەریان دوو مەدلولی مێژووی (ئایدیۆلۆژیای) خواستراوی ئەوروپی هەیە، ئەنێشەی منش وەکـو تاکـە دالێك بەرامبەر مەدلولێك هەیەکە کە نیوونەی سڕاوەی کوردایەتیە.لێرەدا ئەوە ئاشکرا ئەبێت کە مێژوو (واقیع) دالێکە دەقەکە مەدلولە.

دواجار پرسیارەکان بەرز ئەبنەوە [بۆواماتی؟ بۆ کوێ ئەڕۆی؟ ئەم بەوەڵام نایەت بنیادی برسیارو سەرسـوڕمـان بەتێکـەڵاو لەبـاری یەکەمدا بێ ئاگای ئازارو ترس لەهۆی ماڵیو ڕۆیشتنەکەی‌و دووەمیش سارسـام بوون و تێرامان بەو ڕۆیشتن و ماتیە ئەگەیەنن، پرسیارەکان زیاتر خەست ئەبنەوە، (ئەندێشە) کە لەڕاستیدا خودی قسەکەری دووەمە لە شیعرەکەدا و لێرەشەوە شیعرەکە بنیادێکی دراماتێکی هەیە کە لە پرسیارو/ وەڵام دا خۆی دەرئەخات. ئەو پرسیارەی ک[illegible]استە ئەکرێت بارستـەیـەکی قورس یان بانتایەکی دیاری کراو لەدوای خۆیەوە داگیر ئەکات، کەسی بەرامبەر کەپێویستە وەڵام بداتەوە کەچی بەوەڵام نایەت، پرسیارێك و لەگەڵ سەرسوڕماندا بەرز ئەکاتـەوە کە لەگـەوهـەردا وەڵامـەکە لە کەینوونەی ئەوپرسیارەدا ئەشارێتەوە بەڵام دەلالەتی

ت و لەم دووانەیەدا بەرجەستە ئەبێت کە ڕوویەکی تراژیدیی هەیەو ئیمای

اتە مات بوون/ کارەسات بەرهەمدێت، دەلالەتی مات بوونەکە کارەساتی

ئەو وولاتەی کە ئەم تیایدا بۆ تراژیدیایەك فرمێسك ئەرێژێت کەخودی ئەمی تاساتە وەختی نوسینی شیعرەکە بۆ ماوەی هەزارو چەند سەدساڵێکە تیا سڕاوەتەوە.
کەشـەو دادێ، کەئاشکرایە لەرووی (من) دا شەو لەدێر زەمان داهاتووە، ئەو ساتانەش مانگ گۆرانی بێژە، ئەشێ مانگ وەکو توخمێکی سروشتی بەشێك بێت لە وجودی خودی هوشیاری (من) و بۆبنیاد نانی پرۆژەیەك هەڵبدات [دەنگ لە گەروی خوا قەرزبکات] و ئەو ئەستێرە کە دەلالەتی خودی خاوەن وجودی کوردایەتی و ئێستا بەرەو سڕینەوە ئەم داوای ئەرۆیشتن بکات.
بەڵام لە ئەم زنجیرە لێکچواندنانەوە بە توخمەکانی سروشت و پێ بەخشینی سیفاتی مرڤانە پێـیـان خود باری تێروانینـە تراژیدییەکەی بەرزتر ئەبێتەوەو لێرەوە نامۆبوونێکی تەواو بەخودو کەینـوونـەی خۆی ئاشکـرا ئەبێت، خود دوای دەستە مۆکردنی ئەندێشەکانی خەمیشی دەست ناکەوێت تابیکاتە ئیلهامی شیعرە پرسیکانی هەتا ئێستا ئەو یارەی لە خەیاڵیدا وێنەی کێشاوە تەنها تارمـاییـەکـەو بەخـەویش نەیبینیـوە، ئەم لە سورانی شەوو ڕۆژ بەتەمایە جارێ ئەو هەڵبێ..
چاوەڕوانیەکەی روخسارێکی گۆدۆییانەی هەیە، دواجار جیهان لە چاویدا ئەخولێتەوە، ئێستا ئەم گومان لە کەینوونەی خۆیشی ئەکات، تۆپەڵە بەفرێکەو ڕۆژی سەدان جار بییەستێو بتوێتەوە ئێستا ئاراستەی ئەم جوڵە بەردەوامە کەلەسنووری چاوەڕوانیدا ئەخولێتەوە بەم شێوەیە نیشان ئەدرێت.

تارمایی ـــ خۆشەویست ـــ تارمایی

چاوەڕوانی ـــ تارمایی ـــ خەم ـــ تارمایی ـــ پراکتیکی

خود ـــ تارمایی ـــ ئازادی ـــ تارمایی

ئێستا ئەگەر تارمایی هێزێك بێت دەسەڵاتی تەواوەتی لەسەر تێروانینی (خود) دا کردبێت ئەوا بواری پراکتیك کردنی (خود) بوارێکە تەنها لەوەمەدا بوونی هەیە نەتوانینی پراکتیك کردن خود بەرەو ڕۆچـوون بەناخی خۆیدا ئەباتە خوارێ تا ئەو ساتەی کەهەست ئەکات بوونی ئەم تۆپەڵە بەفرێکەو ئەتوێتەو، بەڵام جار لەدوای جار توانای بەستن و دووبارە تواندنەوەی هەیە، ئەمەش دەلالەتی جوڵەیـەکی بەردەوام بەرهـەم دێنێت کەدوای هەمـوو جارێکی توانـەوە سەر لەنـوێ ئەیبەستێتەوە. لێرەدا ئەگەر لەپانتایی سیۆسیولۆژی کوردیدا بۆ دۆزینەوەی هاوشانی ئەم دەلالەتە بگەڕێین ئەوا بەئەو ئەنجامە ئەگەین کەخودی کوردی ئەشێ توانای دروست بوونەوەی جار لەدوای جاری هەبێت، ڕەنگـە ئەمـەش بەڵگـەیەکی چاك بێت بۆ ئەوەی کەسەرباری سڕینەوەیەکی تەواوی خودی کوردایـەتیمان لەلایەن ئاینی ئیسلامەوە لەقۆناغە جیاجیاکاندا پرۆژەی زیـدوکـردنـەوەو گەڕانـەوە بۆ زاکیرەی خۆمان دروست بووەو ئەگەر چ ... ئەم پرۆژانە هەرەسیان هێناوە، بەڵام لەدوایانەوە خودێکی ئیفلیج هەر بەجێماوە.
ئەشێ لەڕوانگەیەکی میتافیزیکیانەشەوە بۆ دەلالەتێ تری ئەم توخمە زەمانیە بگەڕێین بەر لەدایك بوون (عەدەم) و لەدایك بوون دەست پێکردنی ژیان و پاشان مردن و جارێکی تریش ژیان هەمان کردەی توانـەوە، بەستن، توانـەوەی بەفـرەکـەیـە، ئەمـەش ئەگـەر بشوبهێنرێت بەکەینوونەی نەتـەوەیمـان یان خودی کوردایەتی ئەوا ئەوە ئەداتە دەستەوە کەئەو خودە هەرگیز ناسڕێتەوە، ئەمـەش لەگەڵ دەرەوەی دەقەکەدا هاوشانیەکی لەکۆپلەی دووەمدا دیسان بنیادی دەق لەسەر دووانەی پرسیار / وەڵام بنیاد نراوە، کەپرسیارەکان دوای بەرجەستەکردنێکی لێکچوون لەنێوان توخمـەکـانی سروشت و ناخـدا ئاراستـە ئەکـرێن، پرسیارەکان لەتوخمەکانی سروشتەوە بەرز

ئەكرێنـەوە، كەسیفـەتـەكـانی توخمـەكـانی دەرەوە (سروشت) ئەشـوبهێنێ بەناخیو توخمە زینـدووەكـانی سروشتی مرۆڤ. ئاراستەی بەراوردەكان لەنێوان بەشەكانی جەستەی مرۆڤ و سیفاتەكانیو توخمەكانی سروشتدا بەم شێوەیە پێك دێت.

## دڵ / كەژی دڵ

پاشان بنەفرنوك لەناخی (من)دا جێگای گوڵە مەشقانە ئەگرێتەوە ئەنجا پرسیارەكان ئاراستەی (من) ئەكاتەوە، پرسیارەكان پرسیاری ساكار نین، یان لەبارێكی تردا پرسیارەكان توخمێك بەرزی ئەكاتەوە كەلەسروشتدا توخمێكی دزێوەو لەهەمان كاتیشدا جێگای جێگای بەتوخمێكی گەش چۆڵ كردووەو دیسـان لەوێشـەوە پرسیـاری یەك لەدوای یەك بەرز ئەكـاتـەوە، بەڵام بەدوای هەر پرسیارێكدا كۆمەڵێ ڕوونكردنەوە لەشێوەی وێنەی قەشەنگدا بەرجەستە ئەبن، كەوێنەكانی لەنێوان توخمەكانی سروشت و مرۆڤدا ئەفراندووە. هەر وێنەیەكیش كار ئەكات بۆبەرهەم هێنانی دەلالەتی نوێ تر كەدواجار سەرجەم دەلالەتی گشتی شیعرەكە پێك دەهێننەوە. (كەژی دڵ) پانتایی مێژوو وسیۆسیۆلۆژیای كورد ئەنوێنێ، خودی كوردایەتیو بوونی وەكو خودێكی خاوەن كەینوونە گوڵاڵە مەشقانەیە، بەڵام لەو پانتاییەدا (فرنوك) سەردەردێنێ، عەقڵێك، مێژوویەك سەردەردێنێ كەبەلای خودەوە دزێوو ناشیرینە، كەئەشێت دەلالەتی عەقڵی سڕەوەی خودی ئێمە بەرهەم بهێنێت، ئیتر چ ئیسلام یان ئایدیۆلۆژیای خواستراوی ئەوروپی بێت. ئەوەتا گڵۆپی كزی سەرشەقام لەترسی شەو هەڵئـەلەزێت، دەلالەتی ئەم دێڕەیـە زیـاتـر بەرەو حەقیقەتی مێژووی نەتەوە ئەمان گێڕێتەوەو ڕوویـەكی تری ئەو ڕاستیـیـە ئاشكرا ئەكات كەچۆن ئەو تروسكەیەی كەلەپرۆژەی حەفتاكاندا بنیاتراو گەڕانەوە بۆ زاكیرەی خۆمان بوو تا ساتەوەختی نووسینی ئەم دەقە شیعرەییەش لەترسی هێـزی دەرەوە كەلێرەدا تاریكی شەوەو وەكـو توخمێكی سروشتیـیـە هەڵئەلەرزێت، ئەم هێزەیە لەدەرەوی كەینوونەی تروسكەكەوە ئیش ئەكات و هەڕەشە لەمانەوەی ئەكات، ڕەنگە ئەم بارە لای (من) دروست بووبێت كەلەنـەستیـدا هاوشـانیەك لەنێوان هێزی یەكەمی سڕەوەی خودی ئێمە (ئیسلام) و سروشتدا پێك هاتبێت.

یان لەبارێكی تردا ئەگەر یارەكەی شاعیر بریتی بێت لەمێژوو، قەوارەو خودی خاوەن وجودی كوردی، ئەوا تاكو ساتەوەختی ئێستای نووسینی دەقەكە ئەم ناوە نهێنیـیە، نامەیەكی ئاگرینی پێچراوەیە، لەزامی دڵی شەهیدەونەكاندا حەشاردراوە... تا دواجار ناوەكەی ژێر پێ خراوە. دیسان خود هەتـاكـو ئێستا شێوەی ڕاستەقینەو گەشی ئەو مێژوو وقەوارەی نەتەوەیە ناناسێت و وەكو نهێنییەك لێی ئەڕوانێت.

پرسیارەكان بەردەوام ئەبن، بەڵام سەرسوڕمان لەگەڵ پرسیار تێكەڵاو بووە، پرسیارەك اوای
بەرنامەكەی خودی من ئەكات، بۆ كوێ ئەڕوات؟ بەڵام خود وەكو لەشوێنی جێگیری خۆ ڕوو
لەبـەرجـەستەكردنی وێنە قەشەنگەكان ئەكاتەوە، ئەم كۆچێكی لەبەرە، بەڵام كۆچا كی
بەردەوامـە، كەلەڕووی ڕستـەی ڕێزمانییەوە بەردەوامە، بەردەوامێك كەڕیشەی لەڕ ە،
لەرابردووەوە بۆ ئێستا خود لەكۆچێكدایە، كەئەشێ كۆچی نەتەوە بێت بەرەو ژووانی
گەرم و سپی» كەئەم وێنەیە دەلالەتی ئامانجێكی لەبەرچاو گیراوە لای خود كەئاسۆو گ

ئەدات، ئەمەش لەبارێكی تردە ئەو زەمەنەیەكە خود تیایدا ئەبێتە خاوەنی كەینوونەی خۆی كەخودی كوردایەتیە، ئەشێ كۆچەكەش كۆچی گەڕانەوە بێت بۆ زاكیرەی خۆمان و بۆ زیندووكردنەوەی.

خود لەكۆچەكەی دا هیچ دوو دڵیەكی پێوە دیار نی یەو لەپێناوی زیندوكردنەوەی مەبەستەكەیدا مەرگ ئەكاتە دروشم، كەئەشێ مەرگی تاكانەی خۆیی مەبەست بێت، یان لەبارێكی تری تێڕوانینەوە نەتەوە كەشتی یەكە بێت و گەڕانەوە بۆبنیادنانەوەی خودی سڕاوەی لەبەر بگرێت و دوا بڕیاریش یان دروست كردنەوەی ئەو خودەو بنیادنانەوەی بێت یان لەناوچوون سڕینەوەی ئەبەدی.

جارێكی دی پرسیـارو سەرسوڕمان بەرزئەكرێنەوە، ئەویش ئەو توخمانە ئەیپرسن كەلەنێو شەقـامی شەودا هەڵئـەلەرزن، شەقـامی شەو دەلالەتی مێـژووی كورد بەرهەم ئەهێنێت، ئەو مێژووەی لەساتەوەختی سڕینەوەی كەینوونەی كوردایەتیمانەوە تاكو ئێستا وەكو هێڵێكی تاریكە، كەئـەمـەش باری ڕاستەقینەی مێژووی ئێمەیە، لەئامێزی ئەم مێژووە تاریكەدا دەنگ دروست ئەبێت، ئەو دەنگـانەی پرسیار لەخود ئەكەن و جار لەدوای جار دووبارەی ئەكەنەوە، خود وەكو بكەری ڕێزمانی دەقەكە جار لەدوای جار لەمیانەی چەندین وێنەی جوانەوە خۆی ئاشكرا ئەكات و دەلالەتی نێـو پانتـایی ئەو مێـژووە، پەیوەندی یە كۆمەڵایەتیەی كەئەم تێیدا كار ئەكات بەرهەم ئەهێنێت، لەدووانەی پرسیار / وەڵام ی كۆتایدا خود هەموو وەڵامەكان هەڵئەڕێژێت و چی تر بواری پرسیاركردن بۆ خودی پرسیاركەر كەرەگەزەكانی نێو سروشت و خودی خوێن واتە لەبارێكی تردا دەنگە نامۆكانی نێو مێژووی كورد ناهێڵێتەوە. چونكە بەلای خودەوە چ پەلەوەرو چ دڵداران هەركە (شەو) دادێت ئەگەر شەو دەلالەتی ساتەوەختێكی ڕەش بێت لەمێژوودا ئەوا ئەگەڕێنەوە بۆ ئامێزی هێلانەی گەرم و ئامێزی دڵدارانیان كەئامێز لەهەردوو بارەكەدا جێگیری و حكوومی ئەنووێنێت. كەواتە لەدەرەوەی خوددا هەركە هەرەسێكیش بێت ئەوا گەڕانەوە بۆ ئامێزی مێژوو، قەوارەیەكی چەسپـاو هەیـە، بەڵام خودەكـەی ئێمـە كەبریتی یە لەخودی كوردی لەبەرامبەری ئەو ساتەدا دەستەوسانەو بگرە لای ئەم سەرجەمی مێژووەكە هەرەسە. هەر لێرەوەیە كە (من) لەڕوانگەیەكی تراژیـدی یەوە دەرئەكەوێت و كاتێ سەرنج بەكەینوونەی خۆیو زاكیرەی خۆیدا ئەگێڕێتەوە جگە لەكاولەیەك شتێكی تری بەرچاو ناكەوێت، هەركە جار لەدوای جار بەناخی خۆیدا شۆڕئەبێتەوەو كۆمەڵی كارەسات و بەدبەختیو نەهامەتی ئەدۆزێتەوە، هیچ مژدەیەكی پێ نی یە بەگەلی بگەیەنێت، خود وەكـو پاڵەوانێكی مێـژوویی، یان كەسـایـەتیەكی ئەفسانەیی كوردی (فەرهاد) كەخاوەنی كردەیـەكی ئاشكراو دیاربووە لەڕابردوودا خۆی دەرئەخات بەڵام كردەكانی بێ ئەنجامە چونكە لەسەر پانتایی پەیوەندی یە كۆمەڵایەتیەكان هیچ بەئەنجام نایەت، ئەگەر شیرین ڕەمزێكی تر بێت بۆ ئامانجەكەی (من) ئەوا دووری نێوان (من) و ئامانجەكەم ئاشكرایەو بەیەك گەیشتن خەیاڵێكە ئەفسـانـەییـە. دیسان خود وەكو چاودێرێك ڕائەوەستێو تەنها ئەبێت باسی ڕابردوو بكات، ئەو ابـردووەی كەمێـژووی ئێمە خاوەنی شۆڕەسواربووەو ئاوارەكراوە. ئەشێ شۆڕەسوار دەلالەتی ودی خاوەن وجودی ڕابردووی ئێمە بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئێستا ئەزانین كەئەو خودە سڕاوەتەوەو تاكو ئێستا كەساتەوەختی نووسینی دەقەكەیە توانای زیندووبوونەوەی نی یە، بۆیە خودی (من)

لەڕوویەکی تراژیدییەوە کەهیوای بەدی هاتن دوورە تەنها باسی مێژووی لەدەست چوومان ئەکات. ئەو مێژووەی کەتاکو ساتەوەختی ئێستا نەمانتوانیووە بنیادی بنێینەوە.

ناونیشانی شیعرەکەی ئەنوەر «زیندە خەوو تارماییەکان» لەئەنجامی شیکردنەوەی دەقەکەوە دەلالەتەکەی ئاشکرا ئەبێت. تارماییەکان مێژوو و خودی سڕاوەی ئێمەیە کەتەنها وەکو تارماییەك ماوەتەوەو هیچ بوارێکی بەرجەستەی لەڕووی کردەو پراکتیکەوە نییە، زیندەخەو دەلالەتی هیوا خواستنی ئێمەیە لەڕووی گەڕانەوە بۆ زاکیرەی خۆمان بەهیوای بنیادنانەوەو زیندوکردنەوەی خودی سڕاوەمان.

**زستانی ١٩٩٢**
**سلێمانی**

هەواڵنامەی کتێب

# دەقی داهێندراو ئایدیۆلۆژیەتی رەخنە

سامان دزەیی

(( دوای مردنی شاعیرێکی گەورە ، زۆر جار خەڵک دەڵێن رۆی ، رۆیشت و کەس نی‌یە جێگەی بگرێتەوە ، کەچی دوای ئەویش شاعیرێکی گەورەی تر پەیدا دەبێ .
رابەکی تر دێتەکایەوە کە دەڵێن ئەم شاعیرەش سابزانە زادەی چ کۆمەڵە رووداوێکی مێژوویی‌یە ))

- ئالێن بۆسکی - [2]

دەقی شیعری داهێندراو دەقی رەخنەیی داهێنەر گەوهەرە داهێندراوەکانی لەمەداری دەقەکەدا دەدۆزێتەوە ، چڕی گوزارشتکردن و هێما بەکار بردن لەسەردەمی چاودێری تووندو تیژدا رامانی ئەم داهێنەرەیە لەناوەوەی تاقیکردنەوەکاندا هەرەمێکی ئاوەدانە ، بەکاربردنی هێمای رووکەشیش رۆ نەچوونی رامانی ئەم رووکەش ویستەیە لەدەرەوەی تاقیکردنەوەکاندا هەرەمێکی چۆڵە !!
( داهێنەری وورووژاو = دەقی ئاوەدانی شارستانی )
(ناداهێنەری خەفە = دەقی چۆڵی ناشارستانی ) هەریەک لەم هاوکێشانەش بەپێی ئەندازەی هوشیاری رەخنەیی لە مەداری دا ئاوەدانی هەیەنیشتمان هەر گۆڕانێک بەخۆیەوە بگرێت بێ گومان ئەدەبی ئەم نیشتمانەش بە ئەندازەی ئەم گۆڕانە گۆڕانی تێ دەکەوێت و جۆری گۆڕانەکەش بەگۆڕان و ژیانی دانیشتووان و مەسئەلە سەروەکانی چارەنووسەوە بەندە لەهەر پانتایی‌یەکی ژیانیش ورد بینەوە ئەم گۆڕانە راستەوخۆ دیارترین دیاردەی چالاکی‌یەکانی بیری مرۆڤە ، شیعریش هۆیەکە لەئامرازەکانی دەربڕینی چالاکی بیری ئەو مرۆڤانەی لەناوەوەی مەسئەلەکان خەریکی یەکلایی مەسئەلەکانن !!
ئەمارەتی ( بابان ) سیماو خاسیەتی دیاروتۆخی لەدەقەکانی ( نالی)دا نواندو تارادەیەکی دیاریش رۆژانی جوولانەوەی گەشە کردن لەنیشتمانی پەنجەکانی ( نالی ) دا ، داهێنان جوولانەوەی هەرە دیاری فەرمان رەوایی بووە . ئەو جولانەوە سیاسی و نەتەوایەتی‌یە چۆن خۆی بسەلمێنی چۆنیەتی ئەم سەلماندنەش لەدەقدا ئاڵای شکۆمەندی سێبەری دەگرێت . ئەم سێبەر

گرتنی ئالایەش لەهەموو دەقێک دا نا بەڵکوم ئەو دەقانەی لە ( **ئەمرۆ** ) خەملاون و ( **دوێنی** ) و ( **سبەینێ** ) یان تێدا مردووە ، ئێمە ئەگەر شیعر وەک پێویستیەکی رۆژانە بزانین و لەگەڵ هەڵچوون و سووتان یەکان گیری کات تێکیان هەڵکێشین ئەوە ئاوێنەیەکی رووناکی بالا نیشانی گشت لایەکی جوولانەوەکانی رۆژگاری دەقەکەیە کە تێیدا دروست بووەو بنچینەکانی بینا رێژ کراون . سیمای جوانی یا دزێوی خۆی دەبینێ داهێنانی مەزنیش لەشەونخوونی بەردەوامی گرفت و ئازارە دەروونی‌یەکانی داهێنەر هێمنیەتی دەپارێزی و فرە لایەنی خۆی دەنوێنی و رەواش نی‌یە دەق لە دەریایەکی دووری رابردوو هەڵکێشین !!

بەهەمان پێوانگە جوولانەوە سیاسیەکانی شۆڕشی ( **مەهاباد** ) لە دەقەکانی ( **هێمن** ) دا بەگەرمی هەڵچوون و سووتان بەشداری کردوون لە دروست بوونی ( **کۆماری مەهاباد** ) دا دەنگی نەمەییووی ئەم کات و شوێنە بووەو بێینە پێشتریش شۆڕشی ( **ئەیلوول** ) بەشێوەیەکی لەبارو هەڵچوون تاڕادەی نەنیشتنەوە لەدەقەکانی ( **شێرکۆ بێکەس - سامی شۆڕش - عەبدوڵلا پەشێو - ئەنوەر شاکەلی - ئەنوەر قادر محەمەد - رەفیق سابیر** ) کاریگەری هەبووە لەبەهرەی ئەم شاعیرانەو گەشەکردنی بینای شاعیریەتیان ، خۆ ئەگەر رۆژهەلات ناسێکی وردبین بێ لەئەنجامی خوێندنەوەو شیتەڵ کردنی دەقی ئەم شاعیرانەدا چۆنیەتی هەڵگیرسان و نیشتنەوەی مێژوو رەوان دەکات. دواتریش ( **هەرەس** ) بەجۆرێکی تر تەمی هەڵچوونەکەی خەست تر کردەوەو جۆری گوزارشت کردنی شاعیرانەی گۆڕی ئەم شاکارانە کوڕی سکی ئەم سەردەمەن ( **کۆچ - ی شێرکۆ بێکەس / وەرەخوارێ ئەی خواکەی غەریبان لەکلکەی هەوری ئاڵەوە وەرەخوارێ - ی ئەنوەر قادر محەمەد** ) ئەم روون کردنەوانەو تێبینیە بچووکانەی هەڵوەستەیەکێ هێدیمان لەکەناری کردن وەنەبێ ئەم روون کردنەوەو تێبینیانە بەس بۆ دەقی ئێمە لوابێ بە رووی فراوان تری بۆ هەموو نەتەوەیەک گونجاوە . بەهەمان دەستووریش ئەم هەموو مەرگ و خوێنەی لەئەنجامی ئەنفال و ژەهر رژان دووچاری ولاتی مەرگ زادەی ئێمە بوو بێ بەهابوونی مرۆڤ بوون لەدیدگای شاعیردا . خۆ ئەگەر سەرنجێکی ئەم رۆژانە بدەین رۆژانی ئەنفال و کورد بەکۆمەڵ کوشتن ئەم خاکەی ئەم دەقانەی تێدا سەوزبووە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی ژەهر رژان بووە جا ( **سەباح رەنجدەر** ) یێک گەورە بووی ناو ئەم هەموو ئاژاوانەو مەڵبەندی مردن بێو شاعیریش بەشێوەیەکی گشتی دووچاری رەشبینی نەبووە لەبەرئەوەی واقیعەکە خۆی رەش راکشاوەو شاعیریش چەقێکی سەرەکی رۆژگاری خۆیەتی هاتووە بەشێوەیەکی واقیع نەشێواندنانە چۆنیەتی واقیعەکەی لەدوو توێی دەقەکانی‌دا ( **زێوان ، ئاژن ، گرێژینگ** ) نواندووە

نوواندنەکەش ویژدانیکی بەئارامی راستگۆیی خۆیەتی . کاتێک تەوژمێکی تازە خواز یان وەرچەرخانێکی شیعری لەئەدەبی هەر نەتەوەیێک دێتە پێشەوە راو بۆچوونی دژ بەیەک پەیدا دەبن دەستەیەک بستە بالاو سستە رۆشنبیر دەبنە ئاستەنگ بۆ ئەوەی تۆوی نویَ بەخشی بیَ بنج بکەن ، بەلاَم ئەنجام هەر هەموو ئەم هەولَە سستانە بن خۆلَ کراون و بن خۆلَ دەبن و لەبەرژەوەندی گەورە بوونی پرۆژەی داهێنەر ماونەتەوە ( سوریالیزم ) لەئەنجامی بیَ بەهابوونی مرۆڤ لەنێوان هەردوو شەرە وێرانکاریەکەی جیهاندا بووە دیاردەیەکی مێژوویی لە ئەدەبی میللەتاندا بەهەمان شێوەش ئەم تەوژمەی ( سەباح رەنجدەر ) و کۆمەلێک شاعیری تر هونەرو بیری خۆیانی پیَ دەردەبرِن لەئەنجامی ئەنفال و ژەهررژان هاتە ئاراوە ئێمەگەر بمانەویَ لەچونیەتی ئەم تەوژمە بتۆژینەوە پێویستە لەچۆنیەتی ژیانی ئەم رۆژانە وردبینەوە کە ئەم شاعیریەتیو شێوەیەی تێدا ژیاوەو سەری هەلداوە نەک بەشێوەی داپلۆسین . بۆچوونی دوور لەواقیعیبدەینە پالی کە لەراستیدا ئەم بۆچوونانە ئاوەژوون و راستیەکەی لەدەقەکانی شاعیردا نواندراون !!

ئێمە هەندیَ جاران واراهاتووین بیَ ئەوەی تارادەیەکی سەرسام بوون لە دەقێکی ئەدەبی وردبینەوە یەکراست خەتێکی ئەملاو ئەولا بەسەرجەم دەقەکەدا دەکێشین بەبیانووی ئەوەی تیَی ناگەین لەوانەشە ( کەمی ) یەکە لە خوێندەوارەکە دابیَ چونکە تاپلەی چێژو خۆسووتاندن خۆی لەگەل دەقەکەدا رانەهێناوە . ئاخۆ ئێمە چەندمان لەسۆفیگەرێتی ( مەحوی ) گەیشتووین و لەجیهانی سەرتاپا گیری دەقەکانیدا شەپۆلی نەوەستاوین .

( شەمبە بو لاوو ، بەیەک شەمبە بنیادانیَ ، بەدوو
شەمبە ریحلەت کە ، حەجامەت بگرە گەر سیَ شەمبە بوو) - ٣ -

ئێمە بێین بەهەستێکی وریایانە لە ( زێوان ) داماوردکەینەوە بزانین گریَو گۆل لەتیَ نەگەیشتنی چییە کەمن هیچ گریَ و گۆلێکی تێدا نابینم دووچاری تێنەگەیشتنم بکات و کۆئەزموونی کارەساتەکان دیاری ئەنجامن تێدا !!

(( ئەتۆم پژمی
منی داهێشت
ماوەم نادەن لەناوبەژنی درەختی شیعریَ
راکشێم

بەفرێکی واش نەباریوە
ئەو جەستە بچکۆلانەیەی تێشارمەوە )) - ٤ -

یا لە ( ئاژن ) دا چۆن بەئەندازیاریەتی هونەر سروشتی لەم وێنەیەدا چرکردۆتەوەو بالاَی سروشتی لەهەمیشە ئەزموونی لەراندۆتەوە دەراو لەکاتێکدا

کەکوێر کراونەتەوەو گوندەکان بەتاڵ کراون خەمی چەند سەر بەژەهرە کە ژن نایێنە سەردانیو بەروباخەڵی شۆڕناکەنەوە سەرزاری ئەمیش هەڵاوی گەرمییان هەڵمژی و مرۆڤ و سروشتی پێکەوە نووساندوەو یەک جەستەی کردون کەمرۆڤ بەئازارێک رادەچڵەکێ سروشتیش بەهەمان ئازاری مرۆڤە رادەچڵەکێ لەم راچەنینە یەک.تەنیەدا پەیوەندی نێوان سروشت و نەتەوەیەو مرۆڤی تیکەڵ سروشت کردوەو هەردووکیش بەئازارێک رادەچڵەکێن!!

(( ئاوایی خرۆشان ئێوارەیێکی چەماوە
ئاوەدانیێکی نەهاتێ
دڵت دانێ لەتۆ کولتر دەراوەکانی ژنی ناچنێ )) - ٥ -

یان لە ( گرێزینگ ) دا بەبیرێکی ورووژاوی شێوە ویست بەخشندەی بە پێشمەرگە چواندووەو ئارمووشی بەرەخت و فیشەک لەهێڵکاری دەقەکەدا هێڵە سەرەکیەکە وا دەبریسکێتەوە گەر پێشمەرگە ئەم رەختەیە ببەستێ کات دەبێتە یەزدان و هەموو جوولانەوەکان لەبەرژەوەندی کات دا دەبن ، گەرپێشمەرگەش ئەم رەخت و فیشەکە داکەلێنێ کات دەبێتە کابووسێک دەکەوێتە سەرسینگی و بەربینی دەگوشێ !!

((بەخشندە
ئارمووش بئاڵێنێ
کاتیەزدان
سەمای شکۆمەندی ئاوێنە
بەخشندە
ئارمووش داکەلێنێ
کاتکابووس
کۆماری جوانی چرنووکبەندیدا )) - ٦ -

لەم سێ دەقەیدا هێڵی شیعری ( سەباح رەنجدەر ) هەمیشە لەبەردەوامی گەشەکردن لەهەست و بیر نزیک دەبێتەوەو بەبرووسکەیەکی رووناکیش لە دەقی ( یەکەم ) بۆ ( دووەم ) لە دووەم بۆ ( سێیەم ) ئەمبەرزبوونەوەیە رووی دیاری گەشەکردنەکەیە !!

سەرچاوەو پەراویـــز :

١) ئەمە نووسینێکی رەخنەیی نییە بەڵکوم دوای خوێندنەوەی وتارێکـــی کاک ئیسماعیل ئەحمەد رەشید / لەژمارە /٢/ی گۆڤاری /مەم / بنیادی شیعـــرو لێکدانەوەی نادیار / زەمینە بۆ ئەم چەند سەرنجەی ئێمەش رەخـــــــا و هیوادارم بەرێگای بابەتیانە گوزەرم کردبێت .

٢) بەیان / ژمارە /٩ / شوباتی ١٩٨١ لاپەرە /١٨/.

٣) دیوانی مەحوی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریـــسو محەمەدی مەلاکەریم /١٩٧٧ لاپەرە /٣٥٣/.

٤) زیۆان / چامە / سەباح سابیر حەسەن / چاپخانەی حسام / بەغـــــدا ١٩٨٨ لاپەرە /١٥/.

٥) ئاژن / چامە / سەباح سابیر حەسەن / چاپخانەی الحوادث /بەغـــــدا ١٩٩٠ لاپـــەرە /٣١/.

٦) گرێزینگ / چامە / سەباح سابیر حەسەن / چاپخانەی گەل/ شەقـــــڵاوە ١٩٩١ لاپـــەرە /٦ /.

●



# سەمای مەرگ

بۆ ـ فاتح عزالدین ـ شاعیر



وای لەم شەوە
ئەستێرەکان زیزو ماتن
تاریکی بارگەی خستوە
کەمو لورەی ڕەشەبایە
کڕێوەیە
جگە لە سەگوڕی نێو دێ
زیندەوەری دەنگی نایە
وای لەم شەوە
تا ئاسمانیش ماتو غەمگین
پێڵوی چاوی داخستوە
پێدەشتی دێ ژشپۆشیکە
تەم سەرو چاوی گرتوە
وای لەم شەوە

ڕەشەباکە هێور بوّوە
سەگەلی دێش
بە دیار ـ ڕان ـ ی ئاغەلی گەرم
کپ بونەوە
تەنها تروسکەی مۆمەکەمە
مێوی گەرم وەکو لیکی شەوی سامناک
بەلاتیویا دێتە خوارێ
تەنها سیرەی مشکەکانی
لە ناو زاری کتێبخانەکەم
کتێبەکانم لێ دەهاڕێ
گەردون ئێستا سەمای مەرگ
لە بێدەنگی خۆیدا دەکا
ئەمشەوە هێندە سامناکە

خەمی هەمو ئەم زەمینە
لەناو دڵی منا دەخا
وای لەم شەوە بەرخۆڵەکەم
تۆ نابینی لەم شەوەدا
وەکو دەریا
ڕاکشاوم و کفنی سپیم لەبەردایە
وەکو دەریا
نهێنی هەزاران جوگەلەی سەر پەڕینراو
لەدڵانە



# گوڵە شیعر

ئەمشەو لەشت وەکو کورە دادەگیرسێ
کەسێ نیە بیکەیتە بەر
کەسێ نیە قژی درێژو ئاڵۆزاوتی
بکەیتە سەر
کەسێ نیە بەگازگرتن
پشکۆی سینگت . پف . کاتەوە
ئەمشەو گیانە غەریبیکی پەککەوتەیت و
کەسێ نیە ئاورێکت لێ باتەوە
کەسێ نیە ئەمشەو بێت و
لێوەکانت بەلێوانی بشواتەوە
کەئەمشەو کەس لەوێ نەبو
چیتر کەف و کوڵ مەرێژە
توند توند ڕانانت مەگوشە
لەبیرت بێ چەپکێ شیعری منت لایە
ئەمشەو شیعر بەخۆت دادە
ئەمشەو شیعر بسوتێنە
لەتاریکی ژوورەکەتدا
ئەمشەو شیعر داگیرسێنە
شیعر هەناسەی دەرونە
شیعر لوتکەی ئارەزویە
ئەمشەو شیعرێ بخە کۆشتەوەو
تا بەیانی فرمێسکی حەز بەگوناى ئەودا هەڵرێژە
بەڵکو وەکو گوناهی پیرۆز
کراسە تەنکە سورمەییەکەت
هەمو پیت و ووشەکانی ڕەش کاتەوە
بەڵکو شیعر حەزەکانت سارێژ دەکاو
پف لەچاوگەی هەڵچون بکا

هەناسەیەک لە

# چکۆلبوون



سوێی بینین
خێڵی گریان
گەمارۆی رووبەری خود
کێڵگەی روو
رێی رەوتی لێمشتی سروشکی کێماوی
هەڵمی هەنسک
پەردەی میناى نوارینە بوون
میلی کاژێری ئۆکسجین
دلۆپە بارانی پایزیی
کەوتنی
بێدەنگ
بۆنی خاکی رۆح
تێکەڵ زەمەنیخەڵووزاوی
پەلکەدار
کەوتنە زیکری سیسبوون
تەواو
تەواو
تەواو
راوچی نیگا
دووا ئاسکەدیمەنی گرێینەری ئێرە
ئەوێی نەپێکا
ئەسپی بینین
بزنە رێی دونیای دۆزەخ هەڵیخلیسکان
ماشێنی پێ
هەڵکردنەوەی گوریسی شەقامە سەربەهەشەکانی
بەتاڵکرد
ژێیە ژەنگ نەگرتووەکانی کەمانی بیر
ئاوازی دووا ترپەی دڵ بژەنن
قامکە رووسوورەکان
گۆرلێدەن
جەستەم دەنێرمە میوانداری خۆڵی نەگەچراو.

١٩٨٩

قادر ئیبراهیم مینە

# پایزی ئازادی



فەرید ئەسەسەرد

ئەمڕۆ چەتۆ سپێریزی گەڕایەوە. ئەوەندە کول و کەسەر بەدەموچاویەوە دیاربو دەتگوت هەموو پەژارەی دنیای لەئەستۆدایە. خەم کێلاّ بوی. تاقەتیشی نەبو. شۆڕش هەرەسی هێنابو. سەرکردەکانیش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچون و گەلیان وەك مێگەلە مەڕێکی بێ شوان بەجێ هێشت. دەردی سپێریزی واتەنی «بەخۆڕایی بەگورگان خواردیان داین».

کەچە گالیسکەیەکی شڕی بەجیرەجیرو تەقەتەق کەسپێکی لەڕو بنێس رایدەکێشا، ریگاکەی دەبڕی. چەتۆ سپێریزی کەگالیسکەکەی لێ دەخوڕی، کابرایەکی مڕو مۆچ و توڕە دیاربو، دەموچاوێکی درێژکۆلەو پێستێکی تەنك و وشکی ئاوەڵ زەردو لێوێکی شەقار شەقارو لوتێکی رێکی هەبو. جامانەی نەبەستبو. بێجگە لەچەند تاڵە مویەکی سپی لێرەو لەوێ، سەرتاسەری قژی، رەش بو. رێ پەتاکە بەرەو شار دەچو. گالیسکەکە تەپوتۆزێکی زۆری هەڵساندبو. تەپوتۆز بەگژ دەموچاوی چەتۆدا چوبو و سەروسیمای تۆزاوی کردبو. سمێڵە باریکەکەی لەبەر تەپوتۆز بەئاستەم دیاربو. ناو دەمی پڕ تەپوتۆز ببو. کەتفی قوت دەدا، هەستی دەکرد تۆپەڵێك تەپوتۆزی لەگەڵ دا قوت دەدا.

کابرا بست بەبست شارەزای رێگاکە بو بەڵام ساڵێك بو پێیدا تێنەپەڕی بو، ورد لەوەتەی شەڕ لەوڵاتدا هەڵگیرسایەوە. لەرێگا بەچەند لادێیی‌یەکدا تێپەڕی کەلەشار دەهاتنەوە. یەکێکیان بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد:

ـ چەتۆ، بۆ ناوەستیت؟

چەتۆ لەسەرخۆ ئاوڕێکی لێدایەوەو گالیسکەکەی راگرت.

کابرا وتی:

ـ چۆنی، چەتۆ؟ بۆ نەوەستای؟ نامناسیتەوە؟

تاقەتی نەبو بیر لەوە بکاتەوە کە ئایا لەمەوبەر دیویەتی یان نا.

- «بیرم نایەت. رەنگە تۆم دی بێ!» وەلامی دایەوە.
- بێگومان! چەند جار لە گوندەکەمان میوانداریمان کردی! بیرت نایەت؟
چەتۆ ریشمەی ئەسپەکەی راکێشاو وتی:
- ئەرەی رۆیی، رۆیی، ناگەرێتەوە!
ئەمەی وت و بێ خواحافیزی لێیدا رۆیی.

ئەمرۆ رۆژێکی رەشە لە ژیانی چەتۆ سپیریزیدا. هەشت ساڵە بێ تفەنگ نەبوە. ئەمە یەکەم جارێتی بێ تفەنگ دەسورێتەوە. کە شۆرش تێکچو، هەموان چەکیان تەسلیم کرد، بەلام ئەو دلی نەهات. لە داخان چوە سەر پردێکی دارین و چەکەکەی فرێدایە ناو چەم، ئنجا تەسلیم کرد. زۆر لەئۆردوگای نەما. سەربازەکان خەڵکیان بەلێشاو لەئۆردوگا کۆکردبۆوە، ناویان دەنوسین و چەکیان لێ وەردەگرتن. پاشان وردە وردە ئیزنیان دەدان برۆن.

ئەو رێیەی بەرەو شار دەچو پانتاییەکی پاك و بەرین بو، پێچ و پەناو گردو هەتەرو تەپۆلکەی لێ نەبو. بەلام لەهەندێ جێدا گۆماوی گەورەو بچوك دەهاتە بەر رێ. چەتۆ بەکاوەخۆ لێی دەخوری، لەبەر ئەوە رێگاکە دورودرێژتر دەهاتە بەر چاو. ئەم هێواشی‌یە بۆکابرایەکی وەك چەتۆ رەنگ انەوەی بێ هیوایی‌یەك بو کەنەیدەزانی چۆن خۆی لێ دەرباز کا یاخود وردتر هێشتا بیری لەوە نەکردبۆوە کە خۆی لێ دەرباز کا. ئەوانەی چەتۆ دەناسن، دەزانن چەند کابرایەکی بەپەلەو گورج و گۆڵ و بەدەسوبردە، لەهەموو ژیانی‌دا رەنگە ئەمە یەکەم جار بێ لەسەر خۆ گالیسکە لێ خورێ.

چەتۆ بەدرێژایی رێگا هیچ قامچی‌یەکی لە ئەسپە خۆلەمێشی‌یەکە نەسرەواند. ئەمە بۆ خۆی شتێکی ئاسـایی نەبو: چەتۆ هەمیشە بە پەلەپەلکەرو ناو بەناو بە هەلەشە ناوبانگی دەرکرد بو. کابرایەکی توندو بێ سەبر بو. نەك هەر لەژیانی تایبەتی خۆیدا، بەڵکو لە هەموو شتێکدا.

کەیفی بە خاوو خلیچك و تەمەڵی نەدەهات. رەنگە لەهەموو ژیانیدا جارێك هەستی بەرارایی نەکرد بێ. لە پێشمەرگێەتیشدا هەر وابو. دەیویست بەشەوو رۆژێك ولات لە دوژمن پاك کاتەوە. بەلام سەرەرای هەمـو کەمو کوری‌یەکانی، کابرایەکی بەوەفاو راستبێژو قسەلەرو بو. شەریش سەلماندی کە بەراستی کابرایەکی بەجەرگ و مێرخاسە. هەر کە وشەی کشانەوەی دەبیست، دلی دەکەوتە خورپەو خوێن لەدەمارەکانیدا دەهاتنە کوڵ. هیچ شتێك هێندەی ئەم وشەیە نیگەرانی نەدەکرد. دەیویست گوند بە گوند شەر بکاو هیچ بستێك بۆ دوژمن نەهێڵێتەوە. لەمەدا جێی رەخنە بو. هاورێکـانی پێیـان دەوت «تۆ کابرایەکی پەلەپەلکەری. دەتەوێ ولات بەشەوو رۆژێك رزگار
ـەر شەرە. رەڤین و دەسوەشانی تێدایە. تاوێك دوژمن راودەنێیت،
ور جاریش کشانەوە پێویستە. خاك بۆ دوژمن، دەسوەشاندی بۆ
کەیت. شەر شتی وای تێدانیە. شەر شەرە. رەڤین و دەسوەشانی تێدایە. تاوێك دوژمن راودەنێیت، تاوێکی دی دوژمن راوت دەنێ. زۆر جاریش کشانەوە پێویستە. خاك بۆ دوژمن، دەسوەشاندی بۆ ئێمـە. چی لە دوژمن چاوەرێ دەکـەیت؟ بەگـوڵەوە لێت بێتە پێش. گرنگ ئەوەیە گیانی خۆمان بپارێزین تا رۆژ بە رۆژ زیاتر تەنگ بە دوژمن هەڵچنین!». بەلام ئەم قسانە هیچ تەئسیرێکیان نەبو.

چەتۆ کە دەبیستن تەقەی سەری دەهات. سەری رادەوەشاندو دەیوت: وا نیە! بەڵام ئاخرەکەی ملی کەچ دەکردو هیچی بۆ نەدەما ئەوە نەبێ بڵێ: بابزانین ئێوە چی دەکەن، ئاخری خێر بێ!

وائێستاش خەمبار، بەدڵێکی پڕ کوڵ و کەسەر، شەرمەزار دەگەڕێتەوە. ئەو خوێنەی بەدرێژایی چواردە ساڵ رژا، هەموی بەفیڕۆ چو. گیانفدایی هەموو ئەوانەش کە لەشەڕدا کوژران بەفیڕۆ چو. وائێستاش چەتۆ بەتەنیا دەگەڕێتەوە. ئەوانەی ژیانی لەگەڵ دا بردنە سەر، شوێنەواریان نەماوە. هەندێکیان لەشۆڕش دا شەهید بون، هەندێکیان مردن و هەندێکیان بۆ دەرەوەی وڵات تێیان تەقاند.

گالیسکەکە زۆر گران دەجوڵایەوە دەتگوت خەم و خەفەتی چەتۆ باری گران کردوە.

«پەلەی ناوێ. هەر دەگەم» لەدڵی خۆیدا وتی.

هەستێکی وا دایگرتبو کەگوایە لەژیانیدا رۆژێکی تری لەم بابەتەی دیوە. هەستێکی نامۆ بو، دەتگوت ئەو رۆژە لەژیانیدا دوبارە بوتەوە. شکستی شۆڕش رووداوێکی کتوپڕ بو، نەکەس چاوەڕوانی بو نەبەخەیاڵ کەسدا دەهات. شۆڕش لەپەرەسەندندا بو. کەلەنکاو هەرەسی هێنا، هەمو کەسێك تاسا. کەس باوەڕی نەدەکرد شۆڕش ئاوا ئاسان بروخێ. دەیانگوت «هەرفتنی چی؟ ئەمەی هەموی واتە واتە». بەزۆر خۆیان هەڵدەخەڵەتاند. فێڵیان لەخۆ دەکرد. خەڵکانی راستگۆشیان بەدرۆزن یاخود لانی کەم باساویلکەو خۆشباوەڕ دەدایە قەڵەم. دەیانگوت «ئێوە باوەڕ بەدەمگوو واتە واتی دوژمن دەکەن!». بەڵام کەراستی دەرکەوت، واقیان ور ماو دۆش دامان. کارەساتێکی دڵتەزێن بو. بەراستی کارەساتێکی دڵتەزێن بو. بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات لێپرسراوی شۆڕش راکەن و خۆیان لەبەردەمی لەشکرێکی بەزیودا رانەگرن.

لەهەموی ناخۆشتر ئەوە بو کەشۆڕش لەشەڕدا شکستی نەخوارد بو. پێش ئەوەی تفەنگەکەی فرێدایە ناو چەم، سەیرێکی کرد، بینی فیشەگێکی تێدا ماوە. دڵی نەهات تفەنگەکەی بەفیشەگەوە فرێداتە ناو چەم. قوتویەکی بچوکی لەسەر بەرێکدا کردە نیشانەو لەدەرەوە نیشانەی لێگرت. کەس نازانێ لەو ساتەدا هەستی بەچی دەکرد بەڵام روخساری، هیچ رواڵەتێکی زویندوی تێدا نەمابو، دەتگوت وەك کابرایەکی مردو هەست و خوستی لێ براوە. کەپەنجەی بەپەلەپیتکە ناو قوتوەکەی کرد بەئاسمانا، لەناخەوە گریا دەتگوت دەزانێ ئەمە دوا جارە بەکەیفی خۆی تەقە بکا. قورگی وشك و نوسا بو. کەتفەنگەکەشی فرێدایە ناو چەم، ساتێك مات و داماو مایەوە.

تایەکانی گالیسکەکە گەران و لەسەرخۆ ئەرزیان کوتا. هێشتا زۆری مابو بگاتە شار بەڵام ئەو هەستی بەکات نەدەکرد، نەیدەویست زو بگات، نەیدەویست بگات. ئەسپەکە سەری دانەواندبو، هێدی هێدی دەڕۆیی، کەس نەبو پەلەی لێ بکا. ئەویش بەدرێژایی کات داڵغەی لێ دابو. بەچی؟ خۆیشی نازانێ بەڵام لەو کاتەدا هەمو جۆرە بیرێك لەمێشکیدا تێکهرژا بو.

چەتۆ کابرایەکی سیو شەش ساڵی بو بەڵام ماوەیەك بو دەیبینی وردە وردە پیری شاڵاوی بۆ دێنێ. روخساری لەروخساری کابرایەکی بەتەمەن چل ساڵی یا زیاتر دەچو. بەڵام بیری نایە هیچ

کات ئەم مەسەلەیە نیگەرانی کرد بێ. لەسالانی جەنگدا، بۆ هەر کابرایەکی جەنگاوەر، سالێك بەدە ساڵە. ئەوەندەی مرۆڤ لەجەنگدا پیر دەبێ، نیو ئەوەندە لەخۆشیدا پیر نابێ بەلام لەخەڵکانی دی زیاترو باشتر ژیان ژیان تێدەگا. هەر چونێك بێ، چی تێدایە ئەگەر مرۆڤ گەورەتر لەتەمەنی خۆی دیار بێ؟ چەتۆ لەژیانییدا گەلەك دژواریی بینیو بەسەرکەوتویی لێیان هاتەدەر. کەپێشمەرگە بو، لەهێزی دەشتی هەولێردا شەڕی کرد، چەند جارێك بریندار کراو جارێك خۆیو هاوڕێکانی گەمارۆدران و چ نەما بو بگیرێن یا بکوژرێن، خۆشبەختانە دەرباز بون. لەم هەمو دژوارییەدا، زەمان خێراتر دەڕواو سالانی تەمەن بەگورتر هەنگاو دەنێن. چار چیە؟ چەتۆ دەیزانی چۆن لەم گێروگرفتە خۆی دەربازکا. ئەو هیچ کات خۆی بەپیر دانەناوە. گاڵتەشی بەوانە دەکرد کەدەیانگوت: «تۆ لەتەمەنی خۆت گەورەتری!». پێدەکەنیو وەلامی دەدانەوە: «تەمەن؟ تەمەن چی؟ کەتفەنگت بەشانەوە بو، جوانیت ناوی! ئازایەتیت دەوێ!». بەلام ئێستا چەتۆ بەشێوەیەکی دی بیر لەمەسەلەکە دەکاتەوە. وا هەست دەکا ئەم هەمو سالانەی پێشوی تەمەنی، بەخێرایی تێپەڕین. هەستی دەکرد تافی لاوێتیی لێ دزراوە، چار چیە؟ ئەگەرچی لەڕابردوی خۆی پەشیمان نەبو، بەلام ئەوە دڵی لەت لەت کردبو کەهەمو رەنجی بەبا چوە.

ئازار چەتۆی کلۆر کردبو. ڕوخساری خەمناکی، سەر گوزەشتەکی خەمناکی دەگێڕایەوە. سەرەتای بەهار بو. سەوزایی، وردە وردە دنیای دادەپۆشیو دیمەنێکی دڵرفێنی دەدایە زەمین. بەلام چەتۆی خەمبار هەستی بەجوانیی بەهار نەدەکرد. مرۆڤی دڵشکاو خۆشی لەدەوروبەر نابینێ. هەست نەکردن بەجوانیی سروشتی بەهار، ئەوەندەی دی ڕوخساری خەماوییەکەی خەماویتر دەکرد. هەندێ شوێن هێشتا قوڕ بو. بەفر بەلوتکەی شاخەکاندا مابو. هەتاوی ئەوەندە تینی نەبو هەموی بەیەك کەرەت بتوێنێتەوە. لەقەد پاڵەکانیش دا لێرەو لەوێ هەندێ پەڵە بەفری چڵکن بەدی دەکرا. بەلام قەڵەمرەوی پان و بەرین بێ بەفر بو. خاك هێشتا نەرم بو. دەشتی پانوپۆڕی دەوروبەری شار لەو بەهارە درەخشانەدا یەك پارچە کەسك دەچوەوە. شنەبایەك کەهەڵی کرد، بۆنی بەفری لەگەڵ خۆیدا هێنا. بۆن کردنی ئەم بۆنە بۆ چەتۆ مایەی خۆشی بو. بەپەلە سییەکانی پڕ ئەو بۆنە کرد. کەوای کرد هەستی بەلەززەتێکی تایبەت کرد، لەززەتێك وایدەزانی هەمو خەمی پێ ڕادەماڵێ. لەدڵی خۆیدا دەیوت: ئا ئەمەیە بۆنی چیا!

کەشار لەدورەوە دەرکەوت دڵی گوشرا، دەتگوت بەزۆر دەیبەنەوە شار. گەلەك شت، خۆیشی نازانێ لێکیان جیابکاتەوە، نیگەرانیان دەکردو وای دەکرد لەدیمەنی شار سڵ بکاتەوە. نەیزانی چۆن ئاوڕێکی لەشاخ دایەوەو پاشان لەشار.

گالیسکەکەی ڕاگرت و نەختێك لەشوێنی خۆیدا وەستا دەتگوت دەیەوێ بڕیارێکی چارەنوس ساز بدا. «ئەمە چ گەڕانەوەیەکە!». لەناخی خۆیدا هەستی بەشەرمەزارییەك دەکرد. وا پاش ئەم هەمو چەرمەسەریە، بەشەرمەزاری، بەبێ ئەوەی هیچی بەهیچ کرد بێ، دەگەڕێتەوە. ڕێزێك کەمرۆڤی لەخۆی دەنێ، لەلای ئەودا نەما بو. هەستی دەکرد هیچ نیە، یەکەم جار بو لەژیانیدا سڵ

لەشتێکی سەیر بکاتەوە کەخۆیشی نەیدەزانی چیە. بەهار وەك پایزو ئەو هەمو سەوزایی‌یە وەك گەڵای هەڵوەریو دەهاتە بەرچاوی.

ئەمجارە کەگالیسکەکەی لێخوڕی، جیڕو هوڕی گالیسکەکە زیاتر بو. کە گەیشتە ناو شار هەمو ئەندێشەکانی لەگەڵ جیڕو هوڕەکەدا تێکەڵاو بون و بەئەستەم لێك جیا دەکرانەوە.

!

نووسەرە شەهیدەکانمان
چرای ڕێگاو
مایەی شانازی یەکێتیەکەمانن.

# مۆدیل



سابیر صدیق

لەکوێوە دەست پێ بکەم!؟
بە چەند هێڵ، «کانفانس» ی دەروونم دابەشکەم؟
ئەی چەند ڕەنگ پێویستە
تا ژان و ناڵینی مرۆڤێك دەر ببڕن
فڵچەکەم چۆن بگرم بۆ ئەوەی ڕەنگەکان یەکتری سەر نەبڕن!؟
لە کوێدا کۆتایی پێ بێنم...!؟
سەرەتام
«سکێچ» ی سیماتەو
کۆتایم «مۆدێل» ی باڵاتە
ئەو ڕەنگەی کە ژانم دەداتە بەر تیشکی ڕووناکی
«هارمۆن»ی پایزیو هەنگوینی چاوانتە.
ئەی کێشە سادەکە
ئەی بێشە چڕەکە
ئەی گۆمە مەنگەکە
ئەی چۆمە خوڕەکە
ئەی ئافرەت
کاشکا بم توانیبا
جگە لە جوانی تۆ
هیچی دیم نەدیبا
بە ناخی ئارەزوو، چرکەی پەنگ خوار دەوێتا ڕۆ دەچی!
دەتوانیت. لە چڕی دوکەڵی جگەرەی ئاخێکدا
گۆرانیە سرەکان بنێژیت!؟
دەترسیت. پێکەنین بکەیتە ئیقاعی شیعرێك و
بە ماچێ ـ لەزەت و مانایەك
بە شەوی دەیجووری شاعیرێك ببەخشیت!!
ئەی کێشە سادەکە

هەولانامەی کتێب

ئەی بێشە چڕەکە
پەرچەمی خوماریی‌و ڕوخساری «برۆنزیت»
بوونەتە سکێچی سەرەتاو باڵاشت مۆدێلی کۆتایم
هارمۆنی پایزی‌و خوماری چاوانت
بوونەتە دیمەنی کسکۆڵەی شیعرێکی مەلوول و
پارسەنگی غوربەت و تەنیایم.
ئەی گۆمە مەنگەکە
ئەی چۆمە خوڕەکە
ئەی ئافرەت
من سۆزم بلقێکی سەر ئاوەو، ووجودم پووشێکی دەم بایە
گوێم لێیە تۆش بانگم دەکەیت و
ئەم دڵە خورپەیە. ئەم بیم وهەناسە سوارییە
لە تەپە تەپی پێی
ئەم خەونە بێ بۆن و بێ ڕەنگە ..
کۆتایی هەر نایە.
کلیلی نهێنی
شەپۆلی «هستیریا»ی ئەم چاخە چریسکەی نیگاتە
مۆسیقای چرپەشت
«موعجیزە» ی جیهانی عەشقێکە
وەك «مۆرفین» دەرژێتە خوێنمەوە.
ئەفسوونی لەنجەشت
چێژێکی بزر بوو تێکەڵی دڵ تەنگی ئێواران دەکات و گیانێکی بزۆزیش،
دەدا بە ئارەزووی مەلاس بووی ناخی من بۆ ئەوەی لە چڕی دیمەن و لە
تولّی هەناسەی شیعرما
گەرمایی لەشی تۆ ببینرێت
کەچی تۆش دەترسیت
تیرۆژی موفەرکە ماچێکت
بخەیتە سەر سیمای زەبوونی ڕۆژنامەی عومرێکی چەواشەو لەزەت و
مانایەك
بەشەوی دەیجوری شاعیرێك ببەخشیت ..
لە کوێدا .. کۆتایی ببینم!؟
گوێم لێیە. تۆ بانگم دەکەیت و داخ ئەفسووس
هەندێ جار لە «ڕەزم» ی ژێکانی ناختا

نەشازی غروریت وەك چقڵ سەر دەكاو بە مۆخما ڕۆدەچێت ناهێڵێت ...
لە دەریای هەنسكی قافییەی ئەم شیعرە سەوزەدا
تابلۆی جاویدی جوانی تۆ وەك یاقووت دەركەوێت
ناهێڵێت ...



ئەم ڕۆحە دانسقەو ساكارە
ڕەنگی پشت دەنگەكان ببینێت
ناهێڵێت ..
ئەم ڕۆحە شەكەت و زگارە
دەنگی پشت ڕەنگەكان بژنەوێت.
بوونی تۆ
جەوهەری سۆزێكەو
هاوسەنگی هاوكێشەی «میزاج» م ڕادەگرێ
تۆ نەبێت
نە قڵچەی ئەندێشەم دەزانێ بۆ لە دایك بووە!
نە قەوسی «ڤیلۆن» ی زایەڵەی ناخیشم
لە ناڵەی جوانكاری غوربەتی ئەم سەرە تێ دەگا
دوا شیعری لاوازو ئاڵۆزی ئەم دڵەش
ناتوانێ چاوی پڕ لە تیشكی ئارەزوو
لە ووشەی كێویلەو لە نازی سەرباسێك دایگرێ
كە دەستی قەدەری ڕۆژگارێك كردوونی بەسووتوو تۆ نەبێت...
گینگلیش خەجاڵەت
بوونی تۆ بەرماڵی نوێژێكی بەسام وساكارە
ئەو دەمەی تەوێڵم گەیشتە سەر سینەت
پاسكت وەك تەوقی ئەزەلی بكەرە گەردنم و مەهێڵە هەستمەوە
دەستی «چەپ» بكەمە ساپیتەی چاوانم
بۆ زەردەی سیحراوی ترۆپكی چیایەك بڕوانم
ئاگری ئاڵۆشی هەناسەی ڕەوەزی نێوقەدی
هەر شەوە سەری چەند دار بەڕووی بناری خۆی بخوات.
★★★
ئەی ئافرەت
ئەی هێمای تەم ومژ
تروسكەی ئامێزی نیوەڕۆی وێڵ بوونم
غرورو ڕارایی و سنوری «موستەحیل»

نەبوون بە کۆڵەکەی سەرنج وبۆ چوونم

قوڵایی دەریایەك فەرهەنگمە
گەردەن و رووسووریت ئازادە
سڵ مەکە ..
«سڵ مەکە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینی پیاوێك کە»
حەز دەکا ببێتە شاعیرو بە شیعرێ
بۆ خاتری دنیایەك، دنیایەك خاپوورکا
حەز دەکا ببێتە شاعیرو بەشیعرێ
لە ڕقی دنیایەك، دنیایەك دروست کا
سڵ مەکە ...
گەر سڵ کەیت.
نە گوێچکەی عاتیفەت
لە بۆنی تابلۆو، لە کسپەی ئاوازو لە خورپەی شیعر دەگا
نە چێژی چریسکەی نیگاشت
بۆ پیاوێك شەرمن و ترسنۆك دەبێتە پەناگا.
پیاوێکم ..
جوانیە قیبلەگای ئایینم»
ئێ کە تۆش
تروسکەی ئامێزی نیوەڕۆی وێڵ بوونم و بەرماڵی نوێژم بیت
تەوێڵم گەیشتە سەر سینەت
مەهێڵە هەستمەوە
ئەو خوایەش کە دوێنێ لە باخی عەشقما
بە کۆپلەی شیعرێکی عەزرەتی بەستمەوە
دەزانێ دەمێکە چاوەڕێی مەرگێکم
سیمای هەر لە سیمای بەفر چێ
ئەو دەمەی گەیشتە ژوورەکەم
ڕۆشنایی هەناسەی تێکەڵی دوکەڵی جگەرەی خۆزگەم بێ و
چرپەشی لە چرپەی
کچێکی بە نازو گۆشتن و قەیرە چێ.
سەرەتاو
کۆتایی .. ئەم شیعرە، شیعر نا
وورێنەی لەرزو تاو

لە سەر خۆ چوونێکی پڕ مانای دەردێکی کوشندە
تۆ بوویت و
تۆش نەبوویت
تۆ بیت و تۆ نەبیت تۆ دەستم دەستۆکە
با منیش مردنم ببێتە داستانی موحیبەت
مردنێ
وەك «کۆڤان»
بەسام و ... وویقارو بە هەیبەت
ئەی ئافرەت
ئەی هیمای تەم و مژ
دەزانی!!
مردن و، داستان و، ئافرەت و موحیبەت
یەعنی چی!؟

هەواڵنامەی کتێب

# ( ........ )

شۆرش محمد علی

(......)
جلی گڕم کردە بەرو
بەسەر نەوتی بژێوی خۆمدا
قاچم خزان !!
ویستیان بە ناوی مردوان
بمشۆن
پەنگری رۆح و لاشەی زیندووم
ڤەمرێنن !!
هەناسەیەك سواری پشتی زمانم
بە
ووشەی نای بە گوڕ تاودا
نا .. نا .. نا
هەر ئەو نایە .. گڕی لە ئاویشا
بەردا!!

★ ★ ★

ئەی ئەو زەوی‌یەی
لە ئامێزی خۆت گرتم و
نەیانهێشت
قاچم لە پانتایی رۆحتا گیرکەم
دەستم بگرە
با ئەو کزە بایە سووکە نەمبا !!
کە بینیشت جلی گڕم کردوتەبەر
لەسەر رایەخی نەوتی عەشقا
قاچم دەکوتم
لێم گەڕێ بابسوتێم
تا دەبم بە سەمەندەر!
خۆ هیچ نەبێ
خۆڵەمێشی جەستەی ماندووم
بەسەر سینگ و مەمکتا دەبارێنم
دەڵێم گەڕێ

بابسوتێم ... بابسوتێم
با
ب
سوو
تێم ...!!



# تارمایی



سەلاح عومەر

-١-

کاتێ یاساوڵەکە بەژوورکەوت، دڵم داخورپا، زانیم خەبەرێکی نائاسایی پێیەو دەیەوێ بڕیارێکی کت وپڕی ئەنجوومەنی بەناو باڵای بەندیخانە بە یەکێ بگەیینێ. بەواتایەکی دیکە بڕیارەکە بەو بگەیینێ. چونکە لەوەتەی لێرەم نەمبینی بوو ڕۆژێ نێراوێ بەم پەلە پەلی‌یە بە ژوور کەوێ ولەهەمان کاتدا بڕیارێکی وا لەگەڵ خۆبێنێ کەلە ئەنجوومەنی باڵاوە دەرچوو بێ. نێراوەکە لە نزیک دەرگاوە کەوتە خوێندنەوەی بڕیارەکە. ئەوانەی ژوورەوە هێشتا بەشی زۆریان لەنێو نوێندا خۆیان کرموڵە کردبوو، بەڵام کە گوێیان لە دەنگی نێراوەکە بوو، وەك دەرزی بکرێت بەلەشیان، لە شوێن خۆیان ڕاپەڕین و بەرزە پێ وەستان. بەحەپەساوی گوێیان بۆ بڕیارەکە گرت. نەك هەر ئەوان بەڵکو من و (ئەویش) سەرمان لەم بڕیارە کت وپڕە چاوەڕوان نەکراوە سوڕما. چونکە باوەڕمان بەوە نەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان پاش ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژە لێپرساوانی بەندیخانە بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. نەك هەر باوەڕمان پێ نەبوو بەڵکو بەخەیاڵیشمان دانە دەهات. بەڵام تازە شتەکە وا کەوتووەو سبەینێ بڕیارەکە جێ بەجێ دەکرێ. ئەو ئێرە جێ دێڵێ ومنیش ناچار دەبم وەك سێبەر بە دوای کەومەوە. لەچارەم نووسراوە دەبێ بۆ هەمیشە وەك تارمایی یەك بەدواوەی بم تازە کار لە کار ترازاو دەبێ خۆم بۆ کێشەیەکی سەختر لەوەی ئێرە ئامادە بکەم، چونکە مل ملانێی دەرەو کاریگەرو دژوارترە لەسەرجەم مل ملانێیەکەی ئەم کوڵێتە تەنگ وتاریکە ئەوەتا کردیان بەڕاست و هەر بزانە پاش چەند سعاتێکی دیکە وەك باڵدارێك بێ و دەرگای قەفەسی لەسەر بکرێتەوە، لەماوەی چاوتروکانێکدا لەبەر چاوان وون دەبێ، ئەگەر پێی بکرێ نەك بە دەرگا بەڵکو هەر لە پەنجەرەکانەوە دەچێتە دەرێ.

کە نێراوەکە لە خوێندنەوەی بڕیارەکە بۆوە من ئەو کات لە سوچێکی ژوورەکە یا هۆڵە پێنج مەترییەکە وەك خالخالۆکەیێك لە نێو تەونێکی ئاڵۆز خۆم کرموڵە کردبوو، دوور بە دوور ئەرکی

چاودێـری کردنیم گرتبـووه ئەستـۆ. لەمێـژیش نەبوو لەمەیدانی دژایەتی کردنی کشابوومەوە، بەتـەماش نەبووم بەم زووانە بێمەوە گۆڕەپانی زۆرانبازی، چونکە هەم ماندوو بووم وەهەم بێزار ببووم ماندوو وبێزار لەوەی تا ئێستە هیچم لەگەڵ پێ نەکراوە. بەڵام کە گوێم لەم بڕیارە ناوەختە بوو یەکسـەر لە نێـو ئەونـەکە راپەڕیم ووەك مریشكی کڕ کەوتوو سەرم بەرز کردەوە، روانیمە خوارەوە. ئۆقرەم لێ هەڵگیراو کەوتمە خۆ. من بێ ئارامی پەردەی بەسەر ناخمدا دادایەوە، ئەویش وەك قەدو گەڵای دار بەرووێك بێ وا بوژایەوە.

ژوورە پێنج مەتر یەکەی ساڵانێکی دوورو درێژ مەیدانی هەڵبەزو دابەزێکی سەخت و دژوارمان بوو، لەشێوەی لاکێشەیەکی خوارو خێچ بەچەند ژووری دیکەوە گەییزابوو. زنجیرەیەك ڕێڕەویش ژوورەکانی بەگۆڕەپانی ڕووبەر جیاواز دەگەیاند. تەنیا ژوورەکەی ئێمەی تێدابووین بەرێڕەوێکی باریکی تەسك بەژووری پاساوڵەکانەوە نووسێنرابوو. ئەو ڕێڕەوەی هەمیشە لەنێو تاریکیدا نقوم بوو و بەدەگمـەنیش نەبـووایـە ڕووناکی بەژوورەکەمانەوە نەدەبەخشی. ئەمرۆ زیاد لەپێویست ترووسکایی بەسەر دیوارە ڕەش داگەراوەکان و بن میچی ژوورەکە دیاربوو. وەك ترووسکایی چاوی ئەمی بەسەردا بەخش بووبێ ئەوها دەهاتە بەرچاو. ئەو چاوانەی هەمیشە کزو کەم بینا دیاربوون و لەژێـر قورسـایی مانـدووبـوون و چاوەڕێ بوونـدا هەڵنـەدەهـاتن، وا ئێستە بەژن و باڵای هاوڕێکانیشی نقوومی چەپکێ تیشکی درەوشاوە کردوە. کەی وەك ئەمرۆ شادو کەیف خۆش بووەو ڕووخساری وا لەنێو کاەرانیدا گەشاوەتەوە. ئەوەتا چاوەکانی گەش گەشن، وەك دوو ئەستێرەی شەوقدار ئاراستەی ڕێڕەوەکە کراون و قووڵ دەڕوانن و بەناخی نادیاریشدا دەچنە خوارێ کەچی من لەنێـو گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵدا دۆشداماوم، نازانم چیبکەم، بەدوای کەنارێ دا وێڵم نازانم لەکوێیە. مێشکم جەنجاڵە، تا ئێستە بەلەش بوو بووم بەبەردو تارمایی ئەوا مێشکیشمی هاتە سەر. کتوپڕ بەلەمێکی ڕزگار بوون لەم پەیدا بوو و سبەینێ گەردی بەیانی خۆی دەخاتە سەر پشتی، دوور دوور دەڕوات. لەوێ، لەجیهانی دەرەوە پەردە لەسەر کارەسات و سەر بوردەی ژیانی دا هەڵدەرێتـەوەو دەبێتـە بیرەوەریەك بیرەوەریەکی تاڵ یا شیرین گرینگ نییە، لەناچاریدا وام بەخـەیـاڵ دەهـات بریـارەکە هەر لەخۆیەوە نووسرابێتەوەو پەیوەندی بەئەندامانی ئەنجوومەنی بەندیخانەوە نەبێ. لەخۆیەوە پەرە کاغەزێ چوو بێتە بەر قەڵەمی یەکێو ئەمیش بێ سەیرکردن بەنووکە قەڵەمێ ئیمزایەکی کردبێ. یا وەك سیحر لەئەندامێ یا لەقەڵەمەکەی کرابێو بەسیحریش کاغەزەکە چووبێتە دەست پاساوڵێو ئەمیش هێزێکی سیحراوی پاڵی پێوە نابێو لەم هۆڵەش هەر بەدەنگێکی سیحر ئامێز کەوتبێتە خوێندنەوەی ئەی ئەگەر وانەبێ بۆ هەتا ئێستە کەدیار نییە چەند ساڵە یەکێ بیری لەبریارێکی وا نەکردەوە، ئەمێستا کەوا بەم ئاسا نییە بڕیارەکە دراو تەواو بوو. پێش ئەمرۆ نەك هەر شتی وا مەحاڵ بوو بێ بەڵکو بیرکردنەوە لێیو گوێ گرتیش لەووشەیەکی وا بەکفر دەزانرا

پێش ئەمرۆ بەدەیان جار ئەم داواکاری بەدوای داواکاری دەخستە بەردەم لێپرسراوان وهەوڵی بێ ووچـانیشی بۆ گوێ گرتن لەم داواکـاریـانـەی دەدا کەچی نەك هەر گوێیـان بۆ نەگـرت بەڵکو تاتوانیشیان تیان هەڵداو یەك دووجاریش ڕایان پێچایە ژووری تاك و تەراش، ئەمیش ناچار ملی

کەچ کردو لەبیر خۆشی بردەوە کەووشەیەك هەیە ناوی ـ ئازاد بوونە)

★ ★ ★

تاشەو ڕاشکا، ئەو چاوەڕێو من بەدیاریەوە، بەدیار بەژن و باڵای دۆشدا مابووم و سەرقاڵی ڕێگەیەك بووم هەم جەنجاڵی مێشکی پێ بڕەوێنمەوەو هەم بەهۆیەوە بتوانم ڕێ لەبڕیارەکە بگرم تا ئەنجام نەگات.

ئیمشەو وەك چۆن ئەم خەوی لێ نەکەوت منیش هەروا، ئەو بەدیار بۆشایی شیشەکانەوە دیدەی بەو دیو سپاردبوو وەك چۆن گڕڵ بەتیشکی هەتاو پێ دەکەنی ئەمیش بەڕووی ژوورو دیوارەکاندا دەخەینەوە، ئەو بەژن و باڵایەی لەژێر باری ئەشکەنجەو ئازارێکی بێ پایانەوە چەمابۆوە، ئەمێستاکە وا ڕاست بۆتەوەو بەرزە پێ بەسەر خاکەوە وەستاوە، ئەوچاوانەی تادوێنێ مەترسی کوێربوونیان لێ دەکرا وا ئیمشەو وەك مانگ تروسکایی بەسەر زەویدا دەبەخشن، جەستەی بۆتە لێزمەیەك لەنوری پیرۆز لەنێو لێزمەکەشدا هیوایەکی گەورە دەبریسکێتەوە. چرووپیکە، قۆزاغەێیکەو خەریکە دەپشکوێ. بۆیە ناچار بووم تەونە ئاڵۆزەکە لەسەر خۆم لادەم و هەڵیدڕم. دابەزیمە نێو کۆمەڵێ جەستەی ماندوو وشەکەتی کۆست کەوتووی ژێر چەپۆکی ڕۆژگار، بەنێویاندا تێ پەڕیم و خۆم گەیاندە سوچەکەی بەرانبەری. بڕیارم دا هەر لەئێستەوە دەست بەکاربم و ئامادەبم بۆ گێرەو کێشەیەکی تر

کەئەم پێخەفەکەی پێچایەوە زانیم کات لە وەختی دیار کراو نزیك کەوتۆتەوەو پاش کەمێکی دیکە یەکێ دێتە دوای وئەمیش بەهەمان شێوە بەنێو جەستە ماندووەکاندا بەرەو دەرگا ئاسنینەکەی دەرەوە دەکەوێتە ڕێ کەواتە دەبێ منیش پتر لێی نزیك بکەمەوە.

هات و ڕوومەتی خستە سەر شیشە ساردەکان. شێ وساردی شیشەکان وەك خوناوێ تێکەڵ بە وشکی دەم وچاو وڕوومەتەکانی بوون. چاوی بڕیە ڕێڕەوەکە ڕێڕەوەکە لەبەر دیدەیدا ڕووناك دیار بوو، شەیدایانە ڕووانی‌یە سوچە تەنیاکەی لەوێوە سێبەری بەژن وباڵای پاسەوانەکانی لێ دەردەکەوت. ئەو سوچەی ئێستەنا دەمێکی تر مژدەی ڕۆژێکی نوێی لێوە دەردەکەوێ. ئەم لەڕۆژی لەدایك بوونەوە نزیك دەکەوێتەوە، منیش لەمردن، سبەینێ بۆ ئەم وەك لە دایك بوون وایە و بۆمنیش ماندوو بوون و هیلاکی وەهەوڵدنێکی پڕکۆسپ و دەردە سەری ترە، ئەو دارو دەوەن وسروشتی ڕەنگین وڕوناکی وئاو هەوای پاك چاوەڕێن لە باوەشی بگرن، من نا. سبەینێ بۆ ئەم سەرکەوتنە بۆ من ژێر کەوتن ئەو بەهەورازی باڵا بووندا سەردەکەوێ ومنیش پتر بۆ ژێر زەوی دادەبەزم. کەڵیکم دەدایەوە دەهاتمە سەر ئەو باوەڕەی ئەمجارە دواهەوڵدانمە یادەبێ بۆ هەمیشە هەر لەژێرەوە بم، یادەبێ لە نووکەوە دەست پێ بکەمەوە واز هێنانیشم یانێ پاش گەز بوونەوە لەوبڕیارەی کەنیوە شەوە شوومەکە لەگەڵ خۆمدا بەستم. بەشیمان بوونە وەم یانێ مۆر کردنی بوون بەتارمایی بوونی خۆم بەدە پەنجە مۆربکەم

# نەمام



ئاسۆ ئەحمەد

کێ برستی دەدایە لاقی کەنەفت وئەژنۆی شکستی تا شەقاوی گەورە باوێ وپەردەی ئەستووری دوکەڵە پەمەییەکە ببڕێ؟ چۆن هەرمێکەی دڵی لە حەژمەتا لەت وپەت نەبوو؟ خۆیشی نەیزانی ! تائێستاش ئەوپرسە کزە لەجەرگی دێنی.

**تەموزی ١٩٩٠**

کێ برستی دەدایە هەردوو لاقی شل و کەنەفتی تا هەنگاوی گەورە هەڵێنێ و بە قورسایی هەموو جەستەیەوە پێ لە عەردی بکوتێ؟ چ هێزێك وا بەتوندی، هەر دوو تیرۆکە باسکانی لە کەمەری (هێمن و هێرۆ) شەتەك دابوو؟ چۆن هەرمێکەی دڵی لە حەژمەتا لەت وپەت نەبوو؟ خۆیشی نەیزانی! تا چەند ساڵیش دوای ئەو ئێوارە تەماوییە بەردەوام درکی ئەو پرسە کزەی لە جەرگی دێنا.

ئەو ئێوارە پەمەییە، عەردەکە لە ژێر پێ ی دا نەدەسرەوت، هەنگاوە قورسەکانی ئەمی لە کۆڵ نابوو، بەرەو دامێنی شار راپێچی دەکرد. چما هەر ئەم بوو؟! هەزاران شەقاو.. هەزاران لاقی ماندوو.. هەزاران جەستەی لەترسان هەڵ لەزریو، سواری کۆڵی زەوی ببون و بەرەو خوارووی شار رادەکشان. بە پێش چاوی ئەمەوە؛ درەختەکانی نێو باغی میریش دریان بە خەڵکەکە دەداو غاریان دەدا، دار گوێزو دارتووەك ان لەگەڵ هەر خشکە بازێك دا، دەیان گوێزو توویان لێ دەرووری، دەرین ولەسەر خاك، لەبن شەقاوی تۆقیوی حەشاماتەکەدا خوێنیان دەتکاو شلەیەکی سەوزباوی لە دەوسی پێیەکان جێ دەهێشت. (نەمام) یش دوو دوو خونچەی لێ هەڵوەری؛ دوو خونچەی شین!

(نەمام) توندتر کەمەری (هێمن و هێرۆ)ی لەهەمێزی دا گوشی. هێرۆ بێ سرەوت دەیقیژاند، قەتی وا نەقیژاندبوو. چەنەی لەسەر شانی چەپی دایکی چەقاندبوو و هەندێ برستی لەگەروودا مابوو، لەبن گوێی، لەنەعرەتەی دەدا. چما قیژەو زریکە خۆیی دەبیست؟ نەعرەتەی ئەم، هەرکە لەتوێی لێوانیەوە هەڵ دەوەری، لەنێو هاوارو ناڵە خەڵك و گرم و هوڕی ئاسمان و نرکەو نووزەی

قلیشانی زەوی دا ون دەبوو. دەنگی تا دەهات، وەك ئەستێرەیەکی کشاو کزدەبوو.

(هێمن) یش هەردوو باسکی لەگەردنی دایکی گرێ دابوو، هەردوو دەستی هێند بەتوندی لێك ئالابوون، پەنجەکانی دەنووکی کەو ئاسا سوور هەڵگەرابوون، نەقیژە.. نەنرکە.. نەنووزە، کپو مت.. وەك چۆلەکەیەکی تۆقیو زێتر خۆی دەخزاندە بن باڵی دایکیو بەبارتەقای ڕووانینی لەدەوروبەر رادەما؛ ئەو هەمووڕۆژێك لەکۆلان گەمەو هەڵبەزو دابەز، ڕاکە ڕاکەی منالانی دەبینی، بەلام تا ئەو ئێوارە زەردە نەیدیبوو پیرێژن و پیرەمێرد، پێ خاوس و سەر ڕووت، لاقی لەرزۆکیان بێتە باڵی کۆترو بەسەر شەقامەکانی شاردا هەڵیانگرێت. تا ئەو ئێوارەیە نەیزانیبوو درەخت پیرەوکە دەبێو دەرکەو پەنجەرەی مالان پێشبڕکێ لەگەڵ بنیادەم دەکەن و بەشەقام و کۆلانان دا شەقاوی گەورە داوێن. نەیزانیبوو هەور گڕ دەگرێو پەنگر بەسەر شاردا دەبارێنێ.

ورو سەرسام، دەیڕوانی. چاوی دەکزایەوەو نم نم ئاوی لێ دەچۆڕا، ئاوێکی گەرم.. ئاوێکی سوور. بیبیلەی یەك پارچە گڕبوو. پشکۆیەکی گەش. پێلووی لێك نا، چاوی لەنێو بسکی دایکی دا نوقم کرد. لەگەڵ گرمەو هاوارو نالەی ئاپۆرەکە، لوورەی هەناسەی دایکی هاتە گوێ.. لوورەیەکی گڕو تاساو. کەلەتوێی قژی ئالۆزیەوە سەرنجی لەروخساری دا؛ ئەویش وەك ئەم بەنیگای وێڵ لەسیما تیرەوەکانی دەڕوانی... سەردار گیان.. ئاخۆ ئێستا لەکوێ بیت؟ تۆ بلێیت ئەمە خوایە فریا کەوتبیت لەدەواجینەکەوە بەرەو ئەو دیو خۆ دەرباز کەیت؟ بڕوا ناکەم، ناوەللا، ئەستەمە وا بکەیت.. نا.. قەت ئەوە تۆنیت! ئای کەلەوە دەترسم.. دەترسم بەنێو ئەم ئاگرو دووکەڵە سووتێنەرەدا ئەو ڕێ دوورە ببڕیت و بەرەو مالْ بێیەوە.. مالی چۆلی نوقمی تەم. ئاخر چۆن دەتوانیت ئەو ڕێیە ببڕێت بێ ئەوەی پوولەکەی فسفۆرێکت بەجەستە بکەوێو هەناسەی ئەم دووکەڵە پەمەییەت بەگەروودا بکشێ؟ خۆ تۆ جادووگەری نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکان نیت، لەچاو تروکانێکدا لەبەر دیدان ون بیت و لەهەناسەیەکیش دا.. لەجێیەکی تر. لەدووری چەندان فرسەخەوە پەیدا بیەوە! ئاخر چۆن دەتوانیت بەنێو ئاگرە سوورەدا ڕێ بکەیت بێ ئەوەی پەرو باڵت هەڵکرووزێ.. قەلەندەر خۆت؟ چۆن دەتوانیت؟! ئەو هەموو هێشووی مەرگە نابینیت لەئاسمانەوە دەبارێن؟ چت پێ دەکرێ! مەگەر بەپەنا دیواران دا دزە بکەیت و کەشەقاو داوێی.. ئاگات لەخۆ بێ، نەبادا پێت لەخرکە بەردو کەرپووچی ژووری داڕووخاوو لقەداری ڕیشاڵ ڕیشاڵ و لاشەی گرمۆلەی بن دیوار هەڵنووتێ.. لاشەی گەرم.. گەرم و داگیرساو. ڕەنگە هەندێکیان هەناسەیەکی سەرسەخت و یاخی هێشتا لەگەروویان دا جێ مابێو کەدەتەوێ هەنگاویان بەسەردا هەڵێنی، توند هەردوو دەست لەدەرلنگی شەرواڵەکەت گیرکەن. بەلام تۆ چت پێ دەکرێ؟ خۆتۆ ئاوی حەیاتت وێ نیە، هەریەکەو تنۆکە ئاوێکیان لەروو بیژێنیو ئیدی نەو نەمام ئاسا شین ببنەوە! ڕەنگە لەنۆ ئەو دەستانەدا دەستی (هەردی) ش دامێنت بگرێ، ئای دایکت کوێر بێ ڕۆڵە.. وەی نەمێنم، بەجێم هێشتی.. باوانەکەم، چم بکردایە؟ زۆرت لە دوو گەرام، گەلێکیشم چاوەڕێ کرد. بەلام تۆ هەر نەهاتیەوە، لە مەکتەب بوویت.. رەبی . کوێر بێتەوە. نەمزانی.. بابان وێران خۆم، گەر دەمزانی.. نەمدە هێشت لە هەمێزم دوور کەویەوە. گەر دەمزانی.. زێری قارونیشیان لەپێشم دانایا.. لێ نە دەگەرام یەك هەنگاو.. ناوەللا تاقە بستۆکێك پێت لە دەرکەی مالْ بترازایە. ئای کورە گەورەکەی دایە.. بە قوربانی (دارا)

دوو دار) پشت بم ! ئاخۆ ئێستا لە کوێیت.. لە بن کام دیوار بێ ناز کەوتوویت؟! بمرم بۆ ئەو دڵە بچکۆڵەیەت، ئاخر چۆن بەرگەی ئەو ترسە گەورەیە دەگرێ.

رەنگە ئێستا خەمی دەفتەرو کتێبەکەت بێ کە پەڕ پەڕ بوون وەبن دەست و پێیان کەوتوون! رەنگە فرمێسکیان بەسەردا ببارێنیت. (هەردی) یە جوانەکەم.. تۆ بڵێیت ئێستا...

جەستەیەکی تێکسمراو، دێوەزمە بوو.. شانی چەپی ئەمی کوتا. هاوسەنگی ی شێوا.. رەتی برد، ویستی خۆی بگرێتەوە.. لاقەکانی تێکەڵ بوون. (هێرۆ) دەستی لە گەردنی ترازاو وەك بوو کۆکە پەیۆیین پشتی بەرەو دوا شکایەوە، کەمەری لەنێو ئەڵقەی باسکی ئەم ترازا. (هێمن) یشی زەرنەقووتەیەکی ورو کاس.. لەسەر خۆڵەکە تلی داو چەند شەقاوێك لەولاتر گیرسایەوە. (نەمام) کە سەری هەڵبڕیەوە، لە پشتەوە خاوەن نشـانە تێکسمراوەکەی ناسییەوە.. حەمەی مام بایزی هاوسێیان بوو.. بروسکە ئاسا رێی دەبری!

ویستی هەڵسێتەوە، لاقی بزاوت.. لە دووی نەهات، چۆکی خوێنی لێ دەچۆڕا. لەو ساتەدا هەستی کرد دووکەڵە پەمەییەکە نزیك دەبێتەوە دووکەڵێکی بۆنخۆش ختوکەی کونە لووتی دەدا، قەستی بوو هەردوو سی ی لێ پر کات، بەڵام تازێتری هەڵ دەمژی، گەرووی بەسوێتر دەکزایەوە. هێمن وهێرش لە چەقی رێیەکەدا هێندە نەبوو لەژێر شەقاوی شپرزەو وێڵی خەڵکەکەدا بپلیشێنەوە. قیروسیا! لاقی بە دوای خۆیدا کێش کرد.. کەوتە سەر چیچکان. هێمن وهێرۆ بەیەك دەنگ پر بە ئاسمان دەیانقیژاند. سەری قورس وئەژنۆی شکست.. گوری دایە خۆبەرزەیێ هەستێ، بەرچاوی لێڵ بوو.. چوار جار دنیا لەپێش دیدەی سوورا، داوەڵ ئاسا بە لاداهات وپشتی سەری عەردەکەی لەرزاند. گەر هەر کاتێکی دیکە ئاوا بکەوتبایە، رەنگە شەوو رۆژێك لەجێی خۆی راست نەبایەوە، بەڵام لەژێر ئەو مەرگە بارانەدا دەیتوانی؟!

هێمن وهێرۆ ببوونە گەروویەکی واڵاو قیژەیەکی نەبڕاوە.. قیژەی ترس و برین. بەگاگۆڵەو سنگە خشکێ خۆیان خزاندە هەمێزی دایکیان.. سەریان نایە سەر سنگی، ئەویش باسکی لە کەمەر توند کردن و هەردوو گلێنەی بە تاقی ئاسمانەوە هەڵواسران.

هێرۆ چاوی زەق زەق کرانـەوە، هاکا بیبیلەی وەك دوو کەلا شووشەی سەوز.. دوو چرۆی هەڵبزرکاو.. کەوتنە سەر سنگی دایکی، گەرووی تەنگ.. هێندەی کونە دەرزییەکی مایەوە، هەناسە ئەستەم دەکشایەوە نێو سی یەکانی، هەناسەی چی؟ درك و زەروو.. تاڵە دەزوویەکی گر بەگەرووی دا دەچزاو خرۆکەی سپی و سووری دادەگیرساند.

نەمـام، تا دەهـات سەرنجی کول دەبوو، تارماییە تۆقیوەکان بە بەردەمی دا.. بە لوقە بەرەو خوارووی شار دادەکشان.. بەزەحمەت سیمای دەناسینەوە. کەللەشی ئاشی تیا دەگەرا، بیرۆکەی پەرت و بزرکاو. لە کەپەوە بەرێوە بوو؟

سەعاتێك؟ سەدەیەك؟ ویستی بیر بکاتەوە.. بێهودە! نەیزانی.. چۆن بزانێ! لەگەڵ یەکەم گرمەو یەکەم بروسکەدا.. شووشەی سەعاتەکان.. هەموو سەعاتەکان وردو خاش بوون، میلەکانیشیان پچران.

**چیدی کات بە چرکەو دەقیقە نەدەپیورا، لەگەڵ یەکەم گرمەو یەکەم لاشەی قەرەبروت، کات** بەژمارەی هەنگاوو هەناسەو بڵقی خوێن دەپێورا.

گرمەیەکی نزیك.. ڕاپچڵەکاندو خورپەی بە دڵ دا هێنا، کەوتە سەر چۆك، باسکی لە دەوری کەمەری هێمن توند کردەوە.. کەلێی راما.. چاوی گۆمی خوێن و هەناسەی نووزەی نزا بوو. هەڵ دەلەرزی.. لێـوو برۆو بژۆڵێشی هەڵ دەلەرزیـن، لەرزەی ترس و سەرمـاو گرانـەتـا. پێستی ڕوخساری.. ڕوومەت و چەناگەو تەوێڵ.. سوور هەڵگەڕا بوو.. سووریی داگیرسان و سووتان، سووریی کوڵان! ئا.. کوڵان، پێستی دەکوڵا.. قوڵپی دەدا.. قوڵپی خوێن.. قوڵپی کێم وزووخ.

هێشتا، سەرسام و ڕەنگ پەڕیو، لە ڕوخساری هێمنی دەڕوانی، لە هیکرا.. دوو شەقاو لەو لایەوە، جووڵەی تەنیکی ڕەش سەرنجی پەلکێش کرد. ڕوانینی لێڵ.. تەمێکی کاڵ بەسەر گلێنەیەوە لەنگەری گرتبوو چاوی هەڵگلۆفی.. کەمێك تەمەکەی سەر دیدەی ڕەوییەوە... نیگای ئەبلەق بوو.. وەتی بێهـۆش خۆم.. چی دەبینم! پلە گۆشتێك و پەرو باڵی ڕەش دا گەراوی کۆترێك! لەکەیەوە لەسەر خۆڵەکە باڵەتەپەی دەکرد؟ چۆن تا ئەو ساتە ئەم نەبینی بوو؟ ئەوەشی نەزانی! هێشتا داوە باریکـەکەی ڕۆحی نەپچرابوو، قەفەزی سنگی پلی دەدا. بێهودە دەیویست باڵ ببزێوێ سەری بەلارەوە گرتبوو، پێڵووی نیوە والاو.. دوو کزۆڵە خەم لە گلێنەی‌دا دەبریسکانەوە.. دوو ئەستێرەی برین.. دوو قەتـرە فرمێسـك.. ئا.. فرمێسك! ئەم هێندەی تر سەراسیمە بوو، ئەو دوو مرواری فرمێسکە.. ئەو دوو تنۆکە ئاوە سوێرە.. بوونە دوو دڵۆپ تێزاب و داچۆڕانە سەر دڵی ئەم سەرنجی لە هەسان داو تیژتر لەو پلە گۆشتە هەڵکروزاوە راما، سنگی لهزەوی دەخشاندو دەنوکی نوقمی خۆڵەکە دەکرد. هەموو تینی بەدەنی خۆی دەدایە باڵەکانی... باڵی ڕەش وبێ گیان. دەیویست باڵ لەهەوادا بگێڕێ لەنگەر بگرێو بەرز بفرێ. وەلێ باڵی... شکست و هەڵقرچاو. لەعەردەکە جوێ نەدەبۆوەو خۆڵەکەی دەماڵی، باڵ یەك پارچە ڕەژوو، بەڵام جارجارە لەبن پەڕی قەترانی‌دا... وەك تاڵە تیشکی کازیوە.. داوە تووکی سپی دەدرەوشاوە.. سپی وەك لۆکە.. وەك بەفر.. وەك قوماتی مەلۆتکە.. قومات.. قوماتەکەی (هەوراز).. تۆبڵێت هێشتا هەر سپی بێت! ئەوساتەی لەبن پلیکانەی خانوەکەی (حەسەن کەڵەمێرد) بەجێی هێشت.. لەنێو قوماتە کەتانەکەی‌دا دەیزریکاند. نەمام ئەوسا نەمرد.. بەڵام لەهەناسەیەکدا دەستی ڕەق و هیشکی مردنێی لەبەدەنی خشا. تا ئێستاش ئەو زریکە بێ پەروایەی هەورازی لەگۆی‌دا دەزرنگێتەوە. لێو وشك و سپی. پێڵو هێشتا نەتروکاو، کە قوماتەکەی لەبن پلیکانەکە. لەسەرزەویە گەرمەکە دانا.. دڵی خۆشی لەنێو قوماتەکە بەجێ هێشت، بەجێی هێشت و پشتی تێکرد، نەیوێرا ئاوریشی لێ بداتەوە. تەنیا زریکە تیژو نەبراوەکەیی لە دەروون دا.. لەبیر هۆشی‌دا هەڵگرت.. ئاخر چی بکەم؟ خۆ من تەنیا دوو دەستانم هەن، چۆنم هەڵگـرتبا.. لەکوێم دانابا؟ لەسەر تەوقە سەریشم دانابا.. هەر بەرەو خوار دەخزاو ئێسکی وردو خاش دەبوو. گەر (هەوراز)م هێنابا.. هێمن و هێرۆشم لەدەست دەترازان. وەك پەڕی وشکی گ]ڵان.. هەرسێکم لێ هەڵدەوەرین.. نەمام، هەناسەیەك و ترپەیەکی دڵ و قەترە خوێنێکی جەرگی خۆی لەقوماتێك پێچاو لەبن پلیکانەی خانووەکەی حەسەن کەڵەمێردی دانا، لەو ساتەشەوە درکی پرس لەدەروونی هەڵ دەچەقێ.. چۆن توانی؟ بۆ (هەوراز)؟ بۆ هێنی بەجعی نەهێشت؟ یان

هێرۆ؟ نەیزانی.. ئێستاش نازانێ!

ئەم هێشتا گلێنەی بەسەر داوە تووکە سپیەکانی ژێر باڵی کۆترەکەوە روابوو، لەناکاو.. دوا لەرزەی قەفەزی سنگ و دوا گمەی تاساوی کۆترەکە راپچڵەکاند، بەدوو چاوی خۆی مەرگی بینی.. بزە ڕەش و بێ ورشەکەیی بینی. زارمترەك بوو.. ترسا هەناسەی ساردی مەرگ لەگیانی خامۆشی کۆترەکەوە لوورەی بێت و لەڕووی دوو تولفەکەی بیژێ. لە چاوترکانێك دا.. باسکی لەکەمەری هێمن و هێرۆ ئاڵاندەوەو خوێنی چۆك و هەڵقرچانی پێست و برژانەوەی گەرووی فەرامۆش کرد تێکەڵ حەشامەتەکە بۆوەو بەرەو دامێنی شار هەنگاوی هەڵنایەوە. لەهەردوو بەری ڕێگاکەشەوە..، درەختەکانی نێو باغی میریش لقەکانیان دابووە دەم باو دریان بە خەڵکەکە دەدا.



# ئەژدیها



## موکری

-بەشی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

گزنگ .. ئەم بەرە بەیانەش، وەك دوێنێ، وەك لەوەتەی چیا چیایە پێدەشتیش پێدەشت چیاکانی شۆردەوە، چیا بەگزنگ، تاریکی شەو، گەردی پێی ڕێبواران، خوێنی ڕەشهەڵاتووی نیچیرەکانی لە خۆ داماڵی. ئەوا گزنگ، دڕ بە سوکە درەوشانەوەی ئەستێرە نزیك وسەر شێتەکان دەدات لە نێو بوغرایی هێزی خۆیدا دەیانۆێنێتەوە هێزوگوڕ دەبەخشێتە پەلەوەرە کزە کان، کەتاریکیان لەخۆ ئاڵا ندبوو، تێکەڵی بێدەنگی شەو ببوون، ببوونە بێدەنگی و شەو .. ئەوا گزنگ تاریکیە کەیانی شۆردەوە خۆیان بە دەنگ بێدەنگی یەکەی خۆیانیان قوت دا، ئەوەتا بوونەتە دەنگ وجوولە، بوونە بەژیان.

چیـاو پێدەشت پەلەوەر ودرەخت دەدرەوشێنەوە.. سبەینێش بە هەمان دەستور، وەك یەکەم رۆژی پەیـدا بوونیـان گزنگی ئاشنا بە هەموو کەلێن ونهێنیەکانی سروشت، هەندیکیان بەسەر دەکاتەوە و پاقژیان دەکات، وایان لێدەکات بەڕوییکی دییەوە پێشوازی ڕۆژێکی نوێ وپشتت لە شەوی گوزە شتە بکەن..

هەندەکەی دی یان ئەفەرۆز دەکات، چونکە تاریکی وبێدەنگیەکەیان هەند خەسنست وسفتە، پێیان ناوێری بەحاڵ وەزعی خۆیان دەمسپێرێ.. کەریم، ئاسمانێکی کوژەکەیی ساف دەبینێ، کە زەنگی خۆی بەخشیـوە بەو سێ چوار گوڵەی دامێنێ «ئەژدیها و بەرازگر » دوا پرتە پرتی چەند ئەستـزەیێکی نیمچە ڕوٚشنی ڕیوین، دوا پرسەی مەرگی شەو و مژدەی لە دایکبوونی ڕۆژێکی نوێی تێکەڵ بە قاسپەی کەو و جریوەی باڵەندانی سەحەر خوێن کردووە کەریم. چەند حەزی بەسروشت و دەنگی مەلان و تەنهـایی بوو، دوو ئەوەندەش حەزی بەوە بوو لەنزیکەوە «زێرین»

ببینێ.. چل ڕۆژێکـە ـ پاش ئەوەی سەرگـورشتـەی پەریو وەلی یان بۆ گێڕایەوە ـ هەموو بەرە بەیانانێ لە مزگەوتەکە دێتە دەرێ، دوور ببینێ لەپێشمەرگەیێك وەردەگرێ، لەپێشدا بە چاوی ڕووتەوە سەیری ئاسمانی دەکرد، وردە وردە سەرنجی بەرەو چیا ئەوجا بەرەو بنار دەگوازتەوە، گەلێ ڕۆژ بەختەوە دەبوو «زێرینی» دەبینیی.. ئەم بەرە بەیانەش سێ چوار دەقیقەیێکە منەی دەکات، هەنـد ئاشنای بوو گەر لە نێو پۆلە تەوارێکدا بێ بە یەکەم سەرنج دەیناسێتەوە.. ئەو ڕۆژانەی «زێرینی» دیبا، ئەوە بە شەو بە خەون و زیندە خەون دەیدواند، دەرزە، دڵی خۆی بۆ هەڵدەرشت، پرسیاری ئەو شتانەی لێدەکرد کە زێرین بە سەمای فڕین بەرە بەیانان بۆ ئینسان و سروشتی دەگێڕایەوە.. یەکەم ڕۆژ کە زێرین بینی، بەرەبەیانێکی فێنك بوو، کزە بایێك هەڵیکرد بوو «زێرین» بەسەر یەکێ لەگوڵەکانی بناری «ئەژدیها» بەنەرمە فڕی حەوت جار بە دەوریا سوڕایەوە، پاشان لە هەر چوار لای گوڵەکەوە دەنیشتەوە بەردی بەچنگ هەڵدەگرت بەنەرمە فڕی و بەنزمی سنگی بەسەر گوڵەکەدا دەخشاند، بەردی تێدە هاویشت، ئەوجا تا چاو بڕکان بەرەو ئاسمانی گوڵەکە بەرز بووە وە لەچاو ون بوو.. پەژارەیی کەریمی داگرت، بێ ئومێد نەبوو، دەیزانی «زێرین» سەرتای چیرۆکی دەگێڕێتەوە، چیرۆکی یاخی‌یە بە حەرف و کەلیمە بنوسرێت، وەك ئەوەی چیرۆکەکە متمانەی بەکەلیمەکان نەبێ کەبتوانن بە ئەمەکەوە کات و شوێن و ڕەنگی خۆیان بچەسپێنن.. لە پڕ «زێرین» خەم و پەژارەیی کەریمی هەڵژی، لەحەلحەلەی ئاسمانەوە، بەتیژەوی ئەستێرەیەکی داکشاو بەرەو گوڵ هاتەوە، کەریم شاگەشکەی گرت، هەر ئەوە بوو پەرو پۆی لێ نەروا و بفرێ.. دەنوکی زێرین پڕ بوو لە پەڕ.. بەنەردە فڕین ئەمسەرو ئەوسەری گوڵەکەی تەی کرت، لەهەر لایەکەوە چەند پەڕیکی بەر دەدایە نێو گوڵەکە، پاشانێ هەر بەفڕینەوە درووپەری شاباڵی ڕاست و چەپی خۆی بەدەنووك هەڵکێشا، هەڵی دانە ناوەندی گوڵەکە.. بەفڕینە سەمایێك ئەملاو ئەولای کرد، بەرەو ژوور، بەرەو خوار، دەچوو، دەهات، هەندێ جار بۆ چەند ساتێ لەنگەری دەگرت، بەپەلە باڵەکانی لەیەك دەدا، هەندێ جاریش بە فڕین زنجیرە چیای لەسەر گوڵەکە دروست دەکرد

شەوی ئەو ڕۆژە کەریم بە هزری خۆی، هیچی بۆ ئاشکرا نەبوو، بەزیندە خەون وێنەکانی لا تێکەڵ دەبوو. لەخەوندا تەنها دەنگی بیست، دەنگەکە دەنگدانەوەی هەبوو..

**ـوڵاو: خوێن و چڵك و کینە/درۆ و فێڵ و خۆ خۆری/ گزی و ساختە/ زوڵم و ئاه و ناڵە/ ـرمێسکی تێکەڵ بە خوێن بوو گیانی ئەو گوڵە...**

**ـەرێم/ تەنها زەوی و ئاسمان/ درەخت، لم و گل و چیا/ پێدەشت، هەوا ڕووبار و گوڵ/ ـەـ و باران، مێش و ئینشان، درك و حەیوان نەبوو/ هەرێم وڵاتێ بوو وڵات/ زێرینیش ـ زووی نەنوسراو، دەنگی نەگوتراو، ڕەنگی نەبیێنراو، لەخۆو لەهاورەگەز تۆراو. بەڵام ـتا هێـزێکـە مەزن مەیش و ئینسـان، هێـزێکـە مەزن/ پشکۆیە کە گەش/ دەرون ـەمیش/ دڵ ئاسنین/ سەرنجی تیژی پۆڵا سمێ/ زێرین داستانە، ئەفسانەیە، حەرفە، کەـیمەیە مێژوو..**

**حەوت جار فڕین بەسەر گوڵدا/ دووجار حەوت سەدەی بەر لە ئێستایەو هەندێ زیاتر/ لەهەر چوار لا/ هەڵپە و درۆ/ گزی و ساختە/ پەلاماری چڵك و کینە/ گەوجی و لە خۆ**

بایی بوونیان دا/ فرمێسك و خوێن کران بەلەکەی تویڵی دۆڵنشینان/ « زێرین » هێزە/ فامە/ رەوشتە/ زێرین هانای بێ پەنایان و پشتە/ زێرین سۆزە/ زێرین پەنای بردە بەر هەڵو و تەوارانی رۆحی دۆڵنشینـــان/ لەهــەر یەکـەو پەرە چەکێ/ دوو چەکی شابـاڵی خۆیشی/ تێکەڵ بە خوێناوی گوڵ کرد

بوو نە گەرا، بوونە روحی یاخی بوونی پشتاو پشتیان/ زاوزێیان کرد/ جارێکی دیش/ ڕۆج و سۆز گەرانەوە بۆ ناخی دۆڵنشینان/ لەنگەر گرتن بە ئاسمانی گۆمی هەڵچو/ زمینە و دیقەت بۆ ناخ بینین./ پاڵ پێکدادان، دڵنیایی/ بەفرین چیا دروست کردن/ بەردەوامی، سوێند، ماندو بوون.../ چیا رۆحی دۆڵنشینە.. دۆڵ شارە.. شار یەکەم گەردی ولاتە.. دەنگی زێرینیش مژدەیەو ئ.زارە..

کەریم ئەو شەو بۆ بەیانیش لە دەنگەکە حاڵی نەبوو، وردە وردە راهاتە سەر ئەوەی رستەی دەنگەکە لەبەر کات لەگەڵ فرینە سەمای زێریندا بیانگونجێنێ.. ئیدی راهاتە سەر ئەوەی هەر لە بەرە بەیـانـانـدا زێـرینی دیبا، بەشەوقێکی گەورەوە سەیری پاشماوەی چیرۆکە بە سەما فرینەکەی زێرینی دەکرد، شەویش بەکەلیمە پێی دەگوتراو کەریمیش ـەبەری دەکرد.. وای لێهات کەریمیش دەردە دڵی خۆی بۆ زێرین هەڵدەرشت، ئەم لە زەوی، زێـرین لەئاسمان، ئەم داخڤی زێرین گوێ بیستە، ئەم پێی وابوو تاقە کەسێ ئامادە و شایستەی بینینی ئەم بێ زێرینە

(- جێی متمانەم تەنها تۆیت، خۆزیا زمانزان دەبوویت، راستەو راست وڵامت دەدامەوە، دەزانم، زمانزان و ئینسان بوویت، دواوی،بێدەنگیش بویت.. بەبەرچاوتەوە هەردوو کۆرپەکانتیان سەربری بێدەنگ بووی؛ بریا ئێستا قسانت دەکرت زێرین، دڵنیام گەلێ شتی دیش سەخترو قورستر لە سەر برینی کۆرپەکانت بینیوە، دەزانم کە بەرز دەفری، دەتەوێ زیاتر ببینی «زێرین» من نە هاتوومە تە ئێرە ببم بە شۆرشگێر، چ کەسێ ئامادە نییە گوێ بۆ ئەم قسەیەم شل کات چونکە هەموو ئەمانەی ئێرە خۆیان بە شۆرشگێر دەزانن،

پێیان وایە هەر کەسێ بێتە ئێرە ئەوا دەبێتە شۆرشگێر، کەچی قاچاغچی، زاڵم دز، جەردە، پاوکوژ، داوێن پیسی، سیاسەتچی، لەپاك لەخۆبوور دوانی خاوێن لەپاڵ دەم و دەست پاکی بێگەرد، لەپاڵ شۆرشگێرە راستەقینە و پێشمەرگە سادەکەدا، هەمان بەرگیان لەبەردایە و تەراتێن دەکەن، سنـگ دەردەپـەرێنن کەش وفش دەکـەن، سەربـاری ئەمـانـەش خۆبە هەموو شت دەزانن و کەسیشیـان پێ پیاو نیە.. راستگۆ و شۆرشگێرە راستەقینەکان ئەمانە دەبینن، دەشزانن چۆن تێکەڵیان بوون کەچی لێیان بێدەنگن زێرین... زێرین لێرەدا ناچاری گێرساندومیەتەوە،رەنگە زیاتر ناچـارتـر، رەنگـە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، رۆژگاری داهاتوو هەنگاوم بەرەو پێشمەرگایەتی پێ هەڵهێنێ، هەرکـە بەرگـەکە بپۆشم، ئیدی لەبەر چاوی خەڵکەکە دەبمە شۆرشگێر! رەنگە کاری شۆرشگێریش بکەم زێرین.. بەڵام زێرین گەلێ حەز دەکەم تۆیش وەکو خۆم بزانی من ئەو کەسە نیم ئەم ئەرکە سووك و قورسە بگرمە ئەستۆ، نەدەتوانم هەند پاك و خاوێن و دەست و دەم پاك بم،

زیاتر پیرۆزی بەناوی پێشمەرگایەتی ببەخشم ئەڵبتە دەشزانی من پێم ناکرێ، ناوی پێشمەرگە وەك هەندە زۆرەکە بە بەد رەفتاری لەکەدار تر کەم زێرین.. زێرین گوێم بۆ شل کە دڵنیام شەپۆلی قسەکانم دەگاتە تۆ.. دەتۆیش زێرین بە باڵەکانت باوەشینی ئەو وشە گرگرتووانەم بکە، لەدۆزەخی ناخمە دەردەپەرن زێرین.. ئەرێ کە بەرز دەفری چاوە تیژەکانت شەرافەتی دایکم دەبینێ؟ زێرین دەزانم ئێستا دەڵێ: **حەیفێ کورم بەجێمانت هێشت، هیچت بە هیچەوە نەبوو، بێ وەی بووی، دەستت بەکلاوەکەی خۆتەوە گرتبوو.. رەنگە ئێستا، خۆتت تێکەڵ بەوشتانە کردبێ کە هەر لە ئەوەڵەوە حەزت لێ نەدەکرد**...زێرین منداڵەکانم دەبینی؟ خۆ ئەوان لە نەسرینی ژنم بێدەنگ ترن.. زێرین تۆ بڵێی ئێستا هێشتبێتیان لە جێیەکەی خۆیان بمێننەوە، نا.. نا.. زێرین باوەر ناکەم، ئەوا رۆژانە خەڵك دەبینم دەیشیبیستم، حکومەت بە خاو خێزانەوە ئەوکەسانە دەگرێ کە کوریان هاتوونەتە ئێرە، دەست لە منداڵ و پیرێژن و پیرە مێردیش ناپارێزێ ئەوا پانزە رۆژ زیاترە دایك و باوك و خوشك و براکانی حەمە کەریم یان گرتووە،ماڵەکەشیان حجز کردووە، ئەوە شوان، سەعد، ئەبو شەهاب جەلال هەموو کەسوکارێکیان گیراون، ئەوە دارا بە بلدۆزەر ماڵەکەشیان تەختی زەوی کردووە، بەرزان تەنانەت زر دایکەکەشیان گرتووە... زێرین باوەر ناکەم لەوێ مابن، ئەم هاورێیانەی من تەنها حکومەت دوژمنیانە، من دوو حکومەت دوژمن من، زێرین خۆ حکومەتەکەی حاجی رەزای عەلاف چ کەمتر نیە لە حکومەتی کورد بەکورد کوژ و هەرە دوژمنی ئینسان.. زێرین بەرزهەڵفرە بەرز.. دڵنیام ئێستا ژنەکەم و دایکم و منداڵەکانم یا لەزیندانن یا بەرەو بیابانەکانی خواروو بەرێ کراون.. زێرین دایکم گەر روو بەرووی بیابان و زیندان کرابێ دەزانم ئێستا پەشیمان بووەتەوە لەقسەی پێشووی، ئێستا دەڵێ: **کورم کەریم چاکت کرد خۆتت دەرباز کرد، چش لەئێمە. رەنگە ژنەکەم لەدڵدا پرتەو بۆڵەیێك بکات و بڵێت: گەر تۆ نەرۆشتبای ئێمە دەر بەدەر نەدەبووین.. رەنگیشە وریا بێ وبڵێت: چاکت کرد، دەنا حاجی رەزا کەولی دەکردی!**

زێرین منداڵەکانم بێدەنگن، بەبێدەنگی گۆشکراون، ئەوان زیاتر حەز بەبیستن دەکەن.. زێرین خۆ ئەگەر بیانبەنە بیابانەکان ئەوا تێکەڵی کەسوکاری پێشمەرگەکانیان دەکەن، زێرین لەوێدا فێری زۆر شتی گەورەو بەسوود دەبن و وەرەیان بەتین دەبێ، مەشقێکی چاکیان پێدەکەن ژیانی داهاتوویان لەلا خۆشەویست تر دەکەن.. زێرین گەر بیانبەنە زیندان، ئەوا چاکتر بەورەترو قاڵتر دەبن.. زێرین لەوڵاتی ئێمە گەواهی نامەی پیاوەتی لەزیندانەوە دەردەچێ، زێرین حەیفی من ئەو تەجرەبەیەشم نیە.. زێرین زۆربەی هاورێکانم پاش ئەوەی تەجرەبەی زیندانیان بینی، بوونەتە پیاوێکی تر، هێمن، لەسەرەخۆ، زیاتر رێز لەخۆیان دەگرن.. زێرین گریمان نەگیران، بەرەو بیابانیش نەنێران نا زێرین باوەر ناکەم.. نا قەد باوەر ناکەم.. ئەمەیان عەقڵ نایبرێ.. بەڵام زێرین دەڵێم گریمان ها؟ زێرین ئەمەیان نابێ. نا.. لەبەر دوو هۆ نابێ: یەکەمیان نەمانەندی ئەو کەسانەم کەکەسوکارێکی دەسەڵاتداری زەمانسازو خزمێکی زۆرو پارەیەکی مۆڵیان هەیە و «بەپارە مەلا لەمزگەوت بێننە دەر» دووەمیش: نا.. زێرین.. نا.. تەنانەت نامەوێ بۆ تۆیشی باس کەم.. بمبورە زێرین باهەندێ نهێنی لای خۆم بمێنیتەوەو نەیدرکێنم.. دڵنیام تۆ دەیزانی.. تۆ دەیبینی، تۆ دەیبیستی.. ئێ زێرین ببورە.

من نایدرکێنم.. چونکە تۆ چاکتری دەزانی.. زێرین بابێینە سەر ئەوەی حکومەتی کورد بەکورد کوژو حکومەتەکەی حاجی رەزای عەلاف هیچیان لەشەرافەت و نەسرین و منالەکانم نەکرد، زێرین ئەمەیان ناکرێ هەر بەئاستەم سووکە باوەرێ بەخۆم بێنم کەوا بێ بەلام دەلێم گریمان..زێرین تۆ دەزانی گەر وابێ ئەوا شەرافەت تەمەنی دەبێتە تەمەنی شەرافەتی سی ساڵە، بێ منەت، باسکی هیمەتی لێ هەڵئەماڵێ پۆشاکی پیاوان دەپۆشێ، نەك هەر کریکاری و کارەکەری مالان دەکات، بەڵکو وەکو جاران کاتێ کە سمایل باوکم نەخۆش کەوتبو، کاسبی پێ نەدەکرا، نەك هەر مامانی ودەم وچاو هەڵگرتن وجل شوری ونانەوایی دەکرد، بەڵکو تاقە ساتێکی لەدەست نەدەدا تەختەیەکی لەبەر دەرگای ماڵەکەدا دادەنا هەر لەپاکەت و شقارتەو گوڵە بەرۆژەو نوقلی منالان تا نوکاوی دەفرۆشت.
ترشیاتی بۆ فرۆشتن دروست کردبوو، بەدەبەی گەورە بەدوکانەکانی دەفرۆشت بەکیلۆیش بەهاوسێکان.. زێرین شەوانیش لفکەی دەچنی، بەدەستیش کراسی کوردی ژنانی لەمەکینە جوانتر دەدوری.. زێرین من شەرافەت دەناسم چ بێ منەتێکە.. زێرین دەزانی بەو حاڵەیشەوە وەکو پیشەی بەبێدەنگی سەردانی مالانی مانەندی خۆی دەکات و یارمەتیشیان دەدات.. زێرین دەیناسم زێرین، قەناعەتی بەنانە وشکەکە هەیەو مناڵەکانی منیشی وا پەروەردە کردووە.. زێرین ئێستا کەسانێ لەدوزەخێکدان بێ ئەوەی هیچ شتێکیان کردبێ دەسوتێن.. زێرین من بۆ ئەوان ئاگری دوزەخەکەم زێرین.. گوێم بۆ شل کە تاقە کەسی جێی متمانەم تۆیت زێرین..
زێرین بەرز هەڵفرە بەرزتر.. بەرزتر، بەرەخوار بچۆ سەرنج هەڵدە بۆ رۆژهەلاتی عیراق، بەرزەوەبە.. وریا بە زێرین رۆکێتە زەمین بەزەمینەکانی عیراق کایتۆشاو لونات پێ نەگات.. وریای بە ئاگری فروکە جەنگیەکان بە زێرین وریای گوللەو ئاگری پەدافەندەکان بە، بوردیان زۆرە، وریای رۆکێتی سام وبستریلابە، زێرین یەکدوو مانگی دی بەرەو ساڵی دووهەمی جەنگی عیراق و ئێران دەچین، ئەم دوو دوژمنە دێرینە کەسێ چارەکە سەدەیە خۆیان بۆ یەکدی لەمەلاصی ناوەو هەناسەی یەکدی دەژمێرن زێرین دەزانی ئەم دوو دوژمنە سەر سەختەی یەکدی، تەنها بۆ کورد کوشتن لەگەڵ یەکا برای حەوت پشتن زێرین.. زێرین نەك هەر ئەمان.. زۆری دیشن لەگەڵ عیراق و ئێراندا بۆ کورد کوشتن، بران، دۆستن زێرین.. زێرین وریابە بەرزتر هەڵچو، بەرزتر، سەرنجی دوزەخی ئەو جەنگە بدە هێرشەکانیان بەراورد بکە، ئەرێ بۆ سەر کوردان درندەتر نین زێرین کام یەك لەم دووە چکەکانیان کوشەندەترە؟ زێرین عیراق مێك و سوخوو توبولیف ومیراج دژ بەئێران بەکار دەهێنێ، ئێرانیش فانتوم. عیراق تانگی T72 بەکاردێنی ئیران سەنتریون وهەندێ جۆرە تانگی پێشکەوتووتر زێرین عیراق، توکاریوف ومەکاریوف و کلاشنکۆف و دیکتاریوف وبیکەیسی ودوشکا وتۆپی ١٧٥ ملم وکاتیوشا ولوناو سکوت بەکاردێنی.. زێرین، ئێرانیش کۆلت و ژیسێ، کالیبەر وفەدافەند، نور ئەفکەن ومین تۆپی قورسبتر لە ١٧٥ ملمی نەمساوی بەکاردێنێ.

«زێرین» عیراق ئیڤاوزیل، ئیران دۆج ورێو
«زێرین» عیراق مەغاویر و قوات خاصە و جەیشی شەعبی

«زێڕین» ئێران بە سیبح و پاسدار، ئەرتەش، تەکاوەر، نیروی زەربەتیبە شێ لە پاشماوەی تیپی جاویدان

«زێڕین» عیراق بە: یاحوم إتبع لو جرینا

«زێڕین» ئێران بە: «والفتح و لیالی العشرو الشفع والوتد»

«زێڕین» عیراق بە: باسم الامه العربیه

«زێڕین» ئێران بە: باسم قاهر الجبارین

«زێڕین» عیراق بە: بەفەقێ، مەلا، فەتوا

«زێڕین» ئێران بە: ئاخوند

زێڕین.. زێڕین هۆ زێڕین جگە لە کۆی ئەم دوو جۆر چەك وكە سانە هەر دوولا بۆ کورد، زۆڵە کورد، پۆلیس، زینـدان، کەلەپچـە ئەمن، ئێتیـلاعـات، کۆنـە شارەزا کانێ ساواك، موخابەرات، ئیستخبارات سەگی پۆلیسی، پسپۆرانی کیبڵ و پانەکەو بتڵ و مشار، تەنانەت هەندێ منالٚ، قەحپە و گەوادیش دەکەن سەرباری کۆی ئەم دوو جۆر چەك و کەسانە و بۆ کورد دێن

زێڕین سەرباری سەرباریش (ئێران) بەر لەوەی کچە کورد ئیعدام کات کچێنیەکەی ناهێڵێ، پێیان وایە کچ بەکچێنی بمرێ دەچێتە بە هەشت.. زێڕین دۆزەخی ئەو دنیایە شیان بۆ دابین کردووین زێڕین

زێڕین عیراقیش نایەوێ لە زەت لە دەست بدات، دوا هەناسەیشمان دەبێ بۆ قازانج ولەز زەتیان بەکار بهێنن! زێڕین.. ئێستا.. من.. منی بە کەس، بێ پشت و پەنا لێرەدا چ بکەم؟

زێـرین بۆ کوێ بچم ؟ وەك ئەو هەنـدە کەسە رێی ئەوروپا بگرمەبەر؟ نا... زێڕین من تۆ دەناسم، ئاشناو عاشقی مێژووتم .. زێڕین رەنگی تۆ فرینی تۆ بەشێکی تەواوی ئەو روحەی منە کە هەر لەگەڵ خۆ ناسینێدا حەزی بە بەرزە فری وسەمای ئاسمانی کردووە زێڕین... زێڕین...

ئەم بەرە بەیانەش کەریم منەی زێڕین دەکات، وەك نیعەتی ئیلاهی لەپڕ دەرکەوت

**١ ـ ئۆخەی ... ئەوە خۆویەتی .. بەڵێ خۆیەتی «زێڕین» بێ ئەوەی باڵەکانی لەیەکبدات بە خاوە فری وبەنزمییەوە لە دامێنی بەراز گرەوە بەرەو ئەژدیها دەکشێ، ئەوا گەیشتە سەر گولەکـان ئەلبـەتـە رەنگدانـەوەی خۆی لەنێو ئاوە سازگارەکەدا دەبینێ... ئەوا نزمتر بوەوەوە.. لەنێو چاوانی دووربینەکەدا هەر ئەوەیە سنگ و پەرو باڵی لەئاوی گولاوەکە ناخشێ.. چەنـد جوانـە بەگـەمێکی باڵدار دەچێ ئەوا بەلای چەپـا پێچیدایەوە.. بەرز بووەوە، بەرەو گولاوەکانی دی چوو.. ئەوا دوا گولاوی بەسەر کردەوە.. پەڕی شاباڵەکانی** مەیلەو **سوور دەچنـەوە.. (شاباڵەکانی چەند جوانن، چەند بەهێزن)** زێڕین تا دەهات لە ئاوایی نزیك دەبووەوە ( **ئۆخەی ئەوا هەموو جەستەی پراوپڕی چاوانی دووربینەکەیە ئەو دەنـوکە کورتو چەماوەی، ئەو چاوە زیتانەی ئەو گەردنە زراڤەی، پەرە زێڕینەکانی ژێر سنگی، بریقەی پەڕەکانی لا ملی، رەنگی گزنگە زیوینەکە دەدەنەوە، بەگڕی ئاگرێکی پیرۆز دەچی**)کەریم لەخۆشیا هەر ئەوە بوو شاپەڕەکانی کلك و باڵی نەدەژمارد. هەند بەوردی سەرنجی پەڕەکانی دابوو، دەیزانی چ گۆڕانی بەسەر رەنگ و ژاکانی چ پەرێکی هاتووە.. دەیزانی چ پەرێکی

**و لەچ ڕۆژێکەوە قەمچ بووە، ئەوا کەریم خەمی دووپەری باڵی چەپی دەخوات (ڕەنگە چلە بەرزەکانی شا بەڕووەکە وایان لەباڵی کردبێ ئەوا ئەو دوو پەرە نیمچە ژاکاون حەیفێ ئەوەتا لەلای کلکیشەوە پەڕێك لەناو قەدەوە قرتاوە وشاشییێکی خستووەتە نێو سفتی پەرەکانی... حەیفێ.!).**

گەر کەسێك لەو کات و شوێنەدا کەریمی بەو شێوەیە دیبا، دەست و دووربینەکەو سەری بەگوڵە بەرۆژەیەك دەچووان، کە وردە وردە بێ ئەوەی جەستەی ببزوێ، سەری دەبزوا، نیوە کەوانەییکی بەدەوریء زێڕیندا دروست ئەکرد.... زێڕینیش هەند خاو و نزمە فڕ بوو، وەك ئەوەی بزانێ کەسێ سەرنجی دەدات کەسەکەیش خۆشی دەوێ نەیدەویست، بێ ئومێدی کات..

**دەڵێن**: کاتێ پەری گۆزەی دەنایە سەر شان و دەچووە کانی و دەهاتەوە گەلێ خاو ڕەو بوو، هەرکە سووکە ساتمەیەکی دەکرد، هەندێ ئاوی ساردی گۆزەکە بەسەر سنگ و مەمکیا دەهاتە خوارێ، لەیەك کاتدا موچرکی پیا دەهات و دەنگی کوێر بم ـی وەلی دەبیست ـ ئەگەر وەلی لەدووری سەد مەتریکیشدا با، تەنانەت لەدڵی خۆیدا گوتبای کوێر بم، ئەوا پەری هەر دەیبیست!!

**دەڵێن**:هەر کە کراسەکەی پەری تەر دەبوو بەمەمکە قوتەکانیەوە دەنووسا مەمکەکانێ زیاتر بەرجەستە تر دەبوون، گۆپکەکانی هەند یاخی دەبوون دەبوونە دەم، وردە وردە داوە سەرنجەکانی ەلیـان دەمـژی چاوانی وەلیش هەند کەوی و دەستە مۆ دەبوون گۆپکەکان بەداوێکی نادیار بەداوێکی نادیار هەردوو چاویان لەکەڵە سەر هەڵدەکۆڵی، بەرەو خۆیان رایدەکێشان، لەو دەمانەدا وەلی چ کەسێك و چ شتێکی دەدەبینی.. هەرکە چاوانی وەلی دەگەیشتنەگۆپکەکان سەرتا ماچیان دەکرد و گلێنەکانی خۆیان لە گۆپکەکان دەخشان، ئەوجا وەردە چەرخان و خۆیان پیانەوە دەنووساند... ئیدی پەری بەچوار چاوەوە دەکەوتە ڕێ ، تا دەگەیشتنە ماڵێ، چکۆڵە ترین شتی دەبینی و ساتمەی نەدەکرد.. تا جارێکی دی پەری لەماڵێ نەاتبایە دەرێ، وەلی بێ جولە نابینا و نەژنەو دەبوو.. پەری، بەهەر بیانوێیك با، دەهاتە دەرێ یەکسەر، سەیری ئەو شوێنەی دەکرد کە وەلی لێیـە.. بەجۆرێ سەرنجی وەلی دەدا، چاوانی سەری خۆیان جێ دەهخێشت، ڕاستەو ڕاستە بەرەو جێ چاوانی وەلی دەچوون... ئەوجا چاوانی پەری جێ چاوانی وەلیان ماچ دەکرد، پاشان وەردەچەرخان، لەجێی چاوانی وەلدا نیشتە جێ دەبوون

**دەڵێن**:ڕۆژانە چەندین جار بەچاوانی یەکدی، یەکدییان دەبینی

**دەڵێن**:چاوانی ئەو دوانە زمانزان بوون تیشکیان لێوە دەردەپەری چ تاریکێك داینەدەپۆشین

**دەڵێن**:کاتێ کە وەلیو پەری منداڵ بیوون، هەردووکیان بەرخەلەوان بوون لەبەهارە ڕۆژێکدا وەلی نەخۆش دەکەوێ پەری بەتەنها بەرخان دەلەوەڕێنێ وردە وردە شۆڕ دەبێتەوە بۆ خواروی ئاوایی

**دەڵێن**:ئێوارەی ئەو ڕۆژە، لەپڕ ئاسمان ڕەش دادەگەرێ، پەڵە هەورێکی گەلێ ڕەش، سنگ بەسەر ئاواییدا شۆڕ دەکاتەوە ئەو هەرێمە دەکاتە شەوە زەنگ بارانێکی ئەو تۆی بەخوڕ و دڵۆپ زل دەبارێنێ لافاو هەڵدەکات پەری بەرخەکان دەباتە بن کەلوەزێکی گەورە، خۆیشی لەناویاندا دەوەستێ.

**دەڵێن**:تا چەند سەعاتێك پاش بارانەکەش هەورەکە نەرەوییەوە.. ئاوایی دەشڵەژێ. خەڵکێکی زۆر

بەچراوە چوونە هانای باوکی پەری‌و بەدووی کچۆلەدا دەشت و دەریان تەی کرد..

**دەلێن**:هــەر کەوەلی ئەمــەی بیست، بێ چرا کەوتە رێ، بێ ئەمسەرو ئەوسەر ، یەکسەر رووەو کەلوەزەکە ملی نا

**دەلێن**:بەر لەوەی وەلی بگاتە پەری، گوێی لەدەنگی دەبێ و ئاگاداری دەکاتەوە، پێی دەلێ:**وەلی وریابە، لافاو ئەو رەشمارەی راپێچ داو، ئێستا لەبەر پێتە، وریابە پێی بەسەرا نەنێی..**

**دەلێن**: وەلی وڵامی دەداتەوە و دەلێ: **پەری‌دەبینم**..

(زێرین) بەهەمان خاوە فرێ رووە شابەرووەکەی گۆرستانەکە چوو، هەرکە نیشتنەوە لەنێو چاوانی دووربینەکەدا ون بوو.. کەریم چووە پارێزی، زۆری لێ نزیك بووە، زێرین پراو پر چووە نێو چاوانی دووربینــەکــەوە.. بەوردێ سەرنجی چاوە زیتــەکان و چنگە تیژەکانی‌دا (**چنگەکانی بۆ هەند رەشن؟**) ئەوەی زیاتر سەرنجی کەریمی راکێشابوو ئەوە بوو پەلەوەرەکانی سەر شابەرووەکە، لێی نەدەتــرســان، نزیکی دەبوونەوە، تەنانەت چولەکەکانیش لەجریوە نەدەکەوتن، جریوەیان زیادی دەکرد، بەدەورو بەریا ئەم لق و لقیان دەکرد، جوانترین دیمەنێکی زێرین بەلای کەریمەوە ئەوە بوو زێرین ملی بەلادا دەهێنا و سەیری قولایی ئاسمانی دەکرد..( **ئەوەتا... بابە چاوە تیژەکانی.. با... بەهەست.. ئۆخەی ئێستا هەلدەفری**) زێرین بەنەرمە بازێ شا بەرووی جێ هێشت، سێ جار بەدەوری دارەکە سوورایەوە.. پەلەوەرەکانی دیش ـ لاسایی کردنەوەیێك زێرین ـ ئەوانیش بەدوویدا بەدەوری شابەرووەکەدا سورانەوە ئەوجا زێرین بە بازەنەیێکی پێچاو پێچی بەرەوو ژوور هەلچوو، بەرەو قولایی ئاسمان فری.. لەنێو چاوانی دووربینەکەدا ئەوەندەی پەرەسێلکەیێك دیار بوو، ئەوەندە بەرز بووەوە لەو کاتانەدا کەریم لەبەر خۆیەوە دەیگوت (**دەجار بەرازگر لەسەر یەب نێی، هێشتــا ناگاتە نیوەی**)لەو کاتەی کە زێرین بەرز هەلدەچوو، کەریم ئاگای لەدەوروبەر نەدەمــا، خەمی ئەوەی بوو لەنێو چاوانی دووربینەکەشدا ونی کات، هەند بەزەینەوە دەیروانیە زێرین، ترسی ئەوەی هەبوو لەجوانترین دیمەنێ کە ئاسمان لەرێی زێرینەوە دەیبەخشیە چاوانی، بێبــەش بێت.. ئەویش هەر کە زێـرین ئەوەندەی دەنکە نوکێکی لێدەهات، لەپر بەتیژرەوێیکی ئەوتــۆی سەر سورهێنــەر، هەردوو باڵی بەرەو دواوە دەبرد، دەقیقەیێك کەمتری پێدەچوو، شۆر دەبووە نێویەکێ لەدۆلەکانی بەرازگر و ئیدی لەچاو ون دەبوو.)

کەریم گەرایەوە بۆ ئاوایی.

* * *

ئاوایی، دوو دوکانی گەورەو هەشت نۆ دوکانو کەشی هەبوو،جگەلە هەندێ فروشیاری دەسگێرو چایخــانەو چیشتخانەو سەرتاشخانەییکی لی بوو یەکەمیان دوکانیکی گەلێ گەورە بوو هی پیاو. بوویان دەگووت ((قادر ئەفەندی)) کەم کەسیش دەیزانی بۆ پاش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ کەرکوك جێ دەهێلێ‌و ئەم گوندەدا بەهۆی یەکدوو ئاسیاوی خۆی جێ‌گیر دەبێ‌و پارچە زەوییك لەنێو دیدا بەنرخێکی گەلێ هەرزان دەکرێ ··· سەرەتا زۆربەی خەلکی گوند گاڵتەیان بە عەقی دەهات ، بەحیساباتی خەلکی ئاوایی ئەو سەد دینارەی خستووتە روبارەوە ، ئەو روژانە مقۆ مقۆ کەوتیووە

نیـو خەلکـەوەکە حکومەت ئەم دیهاتانە رادەگویزێتەوە ، دارو پەردووی گوند بەباغو بیستانەوە رادەمالی و کانیاوەکانیش کۆنکریت ریژ دەکات ٠٠ ئەم قسانە کەوتبووە بەرگوێی قادر ئەفەنی وەلامی دابـوونـەوە گوتبووی: **راستە بەلام بۆ ئەم چەند سەد گوندەی دەورو بەر هێشتا نۆرەیـان ناگـاتێ رەنگـە دەیان سالێ بوێ تا بەدەوری گوندەکانی سەرسنووری ئێرانو تورکیـایان بەسەر بیت** ٠٠ خەلکەکە زیاتر گالتەیان بەعەقلەکەی دەهات سەرەتا وانێو بانگی دەرکـردبـوو کە قادر ئەفەنی خەلەفاوە ٠٠ قادر ئەفەنی دوکانێکی گەلێ گەورە ٢٥×١٥م و سێ دەنگەی کونکریتی گەورەی کردەبووە سنوور بەتەختە ومعاکس دوکانەکەی کردبووە سێ بەش ، هەر بەشەو دەرگاو سویچی تایبەتی خۆی هەبوو .. بەشەکەی دیی زەوییەکە بەبلوك تادوو مەترێ چوار دەوری هەلدەچنێ لەدیوی ناوەوە گولەباغو لاولاو ترێی رواند تا ئەم دیو، بۆری بلوکەکانی بەرەنگی سەوزی گەلای ئەو رووەکـانە پۆشی بوو، لەگوشەی لای راستی حەوشەکەدا حەمام و ئاودەستی بەبلوك دروست کردبووو، لەلای چەپیشەوە دووژوری چکۆلەی بەخشت و قور دروست کردبوو ،یەکێکیان بۆ کوتر و ئەوی دیان بۆ ئەو ئامێرەی کەبەنەوت کاری دەکردو هێلکەی دەکردە جوجەلە. هەر بیست و یەك رۆژ جارێ ..٣٠ سێسەد هێلکەی مریشکی کوردیی لە گوند دکری.. دوو رەنـگ کۆتری هەبوو سپی سپیو رەشی قەترانی، بە تەختە لە نێو ژوری تایبەتی خۆیاندا هیـلانەی بۆ دروست کردبوون، چ کەسێ نەیبینی بوو کۆترەی سەر دەبری هەموو خەلکی گوند دەیانزانی ئەو کۆترە سەر دەبرێ کە دوو رەنگە، رەش و سپییە، جیایانی دەکردەوە بالی دەکردن، قەلەوی دەکردن، ئەوجا ئێوارانی درەنگ وەخت سەری دەبرین.. حەوت سالێکە قادر ئەفەنی لەم گونـدە دایـە خۆی گوتـەنی: «چالشێرام». پاش یەکدوو سالێ بەسەر دوکانەکەی قادر ئەفەنی، کورەکەی شێخ عومەر کەناوی مەحمود بوو وپێیان دەگوت خولە کۆنە دوکانێکی داتەپیوی میراتی، ەسەر پارچە زەوییەکدا. کەرێك دەکەونە بەرامبەر دوکانەکەی قادر ئەفەنی. ئاوەدان دەکاتەوە، بەهەرەمەکی شتومەکی تێدە ئاخنێ، هەشت نۆ دوکانەکەی دیش چکۆلەو پەرپوت لەنێو ئاواییدا پەرت و بلاو ببونەوە، دەسگێرەکان شتی رۆژانەیان دەفرۆشت، خۆیان لە قەرەی شتێ نەدەدا گەر شەوی بەسەردا هاتبا، ..نەء شتی رۆژانەو نرخێکی هاکەزایی، ئەم کاسبی یەشیان تەنها بۆبژێوی خۆو خێزانیان بوو .. ئەگەر چی هەریەکەو شتێکی دییان دەگوت..

(ـ من حزمەتی ئێوە دەکەم، لەبری ئەوەی بچنە دوکانەکانی دی، من خۆم بۆتانی دەهێنمە بەر دەرگا.. پیوست ناکات ئێوە ئەزیەت بخۆن..نا.. من خزمەتی ئێوە دەکەم!)

دەسگیرەکان ناحەز بوون مۆرەیان لە یەکدی دەکرد و بەیەکتریش نەدەویران! هەر دوکانەو ... دەسگیرەو موشتەرێ تایبەتی خۆیان هەبوو! کەریم زۆربەی کاتەکانی پاش نیوەروان و ئێواران ... دەهەخشیە دوکانەکان، لەوێدا بێ تاقەتی ئەمیان هەلدەمژی و ئەمیش گوێ بیستی ئەجرەبەی خاوەن دوکانـەکـان دەبـوو. کەریم کەمتر دەدوا، زیاتری دەبیست، هەموو خاوەن دوکانەکان سەرتاش ئاسـاکـە ئستوپی خەنناکـەیان شکابوو، کەریمیش تێچێزیکی چاك بوو، قسەی کەسێکیانی نەدەبری، تەنانەت بەسەر ئا ـ و ـ نا ـ ی دەگوت.

قادر ئەفـەنی، پیرێکی دل تەر، تەمەنی حەفتا سالێ دەبوو، کەچی تاقە دکانێکی نەکەوتبوو

خوڵەیش گەنجێکی بیست ساڵەی قیت و قۆز، دگان زەردو شاش و کلۆر، توندە تەبیعەت، پشتاو پشت تەمەنیان لەم گوندەدا بەسەر بردووە.. قادر ئەفەنی هەر جارەو بەشێوەیێکە باسی تەمەنی خۆی دەکرد، چل، پەنجا، هەندێ جار بەرەو ژوورتر، چ جاری نەیگەیاندبووە شەشت، کەچی باسی هەندێ رووداوی دەکرد کە بینویەتی و مێرد منال و هەرزەکار بووە، ئەو رووداوانە تەمەنیان هەشتا نەوەت ساڵی دەبوو، باسی هەندێ کەسی دەکرد کە گوایە موناقەشەی لەگەڵدا کردوون ـ سەد ساڵی زیاتر بوو ئەو کەسانە مردوون قادر ئەفەنی، ئەگەر چی لەلایەن زۆربەی پیرەمێردانی گوندەوە خۆشەویست نەبوو، بەڵام هەر هەموو گوند پێویستیان پێبوو، ئەویشی بەخزمەت کردن دەمکوتی کردبوون.. دوکانە سێ بەشەکەی هەند خاوێن بوو خەڵکێکی زۆر، هەر لەبەر خاوێنیەکەی روویان تێدەکرد. قادر ئەفەنی. بەشی یەکەمی دوکانەکەی هەمووی رەفی شوشەبەند بوو، خاوێن دەبریقانەوە، جگە لەو دەرگایەی کە دەچووە بەشی دووەمی دوکانەکە، تا بنمیچ بەرەف و کەرەسەو تفاق هەڵچنرا بوو.. هەرلە بەشی یەکەمدا، مێزێکی دار ساجی بریقەداری دانابوو، هەرچەند رۆژ جارێک بەئیسپرتو بۆیاغی دەکردەوە، تەرازوێکی زەردی بریقەدار، ئەویشی رۆژانە بە پۆلش دەیبرسیکاندەوە لەسەر مێزەکەیدا دانرابوو کیلۆ و نیوکیلۆو دەکیلۆی بەرێزە بەتەنیشتی یەکەوە، بەر لەوەی هەر شتێکی بکێشابا بەسرکەیێکی دەق کراو، هەردوو تای تەرازووەکە سەنگەکانی دەسڕییەوە، پاش کێشانیش، دووبارەو سێبارە دەیسڕینەوە. کورسیەکی جوانی لە پشت مێزەکەدا دانابوو، دوو کورسی دیش، لەملاو ئەولای مێزەکەدا دانرابوون بۆ میوانە تایبەتەکانی ترمسێکی ئستیلی بریقەدارو سێ کوپ وشەکردانێکی زیوین لای چەپی مێزەکەیان داگیر دەبوو، لای راستی بەشی یەکەمی دوکانەکە جامخانەیێکی شوشە بەندی چوار بەش بوو، هەربەشەو بە سویچی تایبەتی خۆی دەکرایەوە. بەشی یەکەم چەند رەفێك بوو، پربوون لەشووشەی دیتۆل، تەنتریۆك، شروبی کۆکە، هی منال بەجیا هی گەورەش بەجیا، حەبی جۆراوجۆر، لەقاف، پلاستەر، کەپسولو دەیانجۆر ئەمپول، ڤیتامینات، کەپسول، کەرەسەی دانکێشانو مقس وئامێری پێوانی گوشاری خوێن وسەماعەی مل، قەترەی چاو ومەلحەممو دەسکێش وسابونی پزیشکی و سرنج، تەنانەت سرنجی گوێچکە شوشتنی تیا دانابوو. بەشی دووەمی جامخانەکە هەموو جۆرە دەرمانی ئاژەڵو سرنجی تایبەت بەئاژەڵ، بەشی سێیەم کرابووە دوو بەشەوە، دەرمانو حەبی تایبەت بەپەلەوەر لەبەشی سەرەوەدابوو بەشی خواریش، دەرمانو زەهرو سەمادی کیمیاوی، هەمووی لەنێو قوتی رێکوپێکدا بەریز دانرابوون. بەشی چوارەمی جامخانەکە هەموو شوشەی ریز کراو بوون، بەخەتی جوان لەسەر شوشەکان نوسرابوون بۆ نمونە (بۆ منال نەبوون) بەخەتی زل، لەژێریشەوە بەخەتی ورد (تاساڵی.. هەر دانەو بۆ ساڵی، تۆوی گەرچەك) هەموو شوشەکانی دیشی پربوون لە گژوگیاو دەرمانی کوردەواری.. لای چەپی دوکانەکە، بەزەوق و سەلیقەیێکی ئەو تۆی ورد شتومەکەکانی لەسەر ریز کردبوو، دەتگوت دیکۆریستێ بۆی داناوە، شوشە شەربەتەکانی پرتەقال، هەنار، لیمۆ، ترێ بە قەوارەی جۆراو جۆر لەتەك شوشەی دەیانجۆر مورەبا و هەنگوینی هەنگاوی، شوشەی خەیاری شۆر، سیری بەسرکە سوێرکراو ترشیات، دەیانجۆر گۆشتی کونسورت، ساردین، تونا پەنیری کرافت. گلۆسە پاکەتی جۆراو جۆر، وچەرخ و گازی چەرخ دیواری پشتەوەش تایبەت بوو

بە، چرا، لالە، فانوس، لایتی گەورەو چکۆلەو قەلەمی، پاتری گەورەو بچوک، چەند رادیویێکی ترانستۆرو یەکدو ریکۆردەری گەورە و بچوک و کاسیتی بەتاڵ و پڕ، ئامادەیش بوو کاسێت تۆمار بکات.. لەسەربانی دوکانەکەدا هەورە بانیکی مەحکەم و مەنفەزیزی دروست کردبوو، مەکینەیەکی کارەبای لەسەر دانابوو، کە ئیشی دەکرد بەئاستەم دەنگەکەی دەبیسترا، بەچەند نیونێك دوکانەکەی کردبووە چراخان..

بەشی دووەمی دوکانەکەنیش وەرشەبو بۆ هەموو شتێ، چەخماغسازی کەرەسەی فیتەری، پەنچەرچیەتی، نەجاری، ئاسنگەری، مەکینەی چەقۆتیژکردن، کەرەسەی سەعات چاك کردنەوە، وردە کەرەسەی رادیۆ، هیچ شتێکی لەدەست دەرنەدەچوو، بابە جۆری سەقەتی دەکرد وکەڵکی دەبڕی یا چاك چاکی دەکردەوە.. بەشی سێهەمی دووکانەکە، دوو دەرگابوو دەرگایەکیان لەوەرشەکەوە، دەرگاکەی دیش لەحەوشەکەوە بۆی دەچوو کەم کەسیشی بۆی هەبوو ئەو بەشە ببینێ، کەریم بۆی هەبوو بچێتە ئەو بەشە وتا درەنگی شەویشی لەگەڵ قادر ئەفەندی یا بمێنێتەوە.. ئەو بەشە ژوری نوستنی بوو، گەلێ ریکوپێك ودلگیر، رۆشن وخاوێن، کانتۆرێکی نایلونی سەفەری وئاوێنەیەکی گەورە بەتەنیشتی یەکەوە بوون. دیوارەکانی ژورەکە، بەچەند وێنەیێکی گەورەی لەجام گیراو رازابووەوە، رەزا شاە، مارلین مۆنرۆ، مەلیك فەیسەلی دووەم، ستالین، سەمیرە توفیق سێ وێنەی گەورەی خۆیشی، یەکەمیان بە پۆشاکی سەربازی، دووەم کەواو سەڵتەو مشکی سێهەم، بەپۆشاکی ستارخانییەوە، سواری ئەسپێکی سپی ببوو. هەر کەیان مێژوویێکی تایبەتی هەبوو.

پێخەفی سەر قەرەوێڵەکەی هەمیشە چەرچەفی پاکی بەسەرەوە بو، تیبل لامپێك وتۆپی نەخشەی جیهان لەسەر مێزی بەردەم قەرەوێڵەکەدا دانابوون، دوو کتێبی بەپاڵ یەکەوە لەسەر مێزەکە دانرابوون (رحلة جول العالم في ۲۰۰ يوم) و (شمس المعارف الكبرى) چەند کتێب و گۆڤارێکیشی لەناو کۆمەدێیکی بچوکدا کە سەعاتێکی سەرمێز ورادیو وریکوردەرێکی لەسەر دانابوو، جێ یان بۆ خۆ کردبووەوە، دوو دەستە کاغەزی قومار، بەپەرش و بڵاوی بەسەر مێزەکەیەوە دیار بوون وناپلیۆنی پێدەکرد، لەژوور سەری قەرەوێڵەکەوە، تاپڕێکی دوو لولەی هەڵواسیبوو.. دە دوانزە قەڵەمیشی، لەگەڵ چوار شوشە مرەکەب، سەوز، رەش، شین، سوور، لەگۆشەیێکی مێزەکەدا بێ ناز کەوتبوون.. تافە شتێکی نەشاری نێو ئەم ژوورە، تەنەکەیێکی نەوت بوو، سێ رووی ئەنگەکە وێنەی گەورەی رەنگاو رەنگی صباح و ئوم کەلثوم و لەمیعە توفیقی پێوە لکاندبوو، ترومپایێك لەنێو کونی تەنگەکەدا ئۆقرەی گرتبو، ترومپاو کونی تەنەگەکەی بەمۆمی هەنگوین چەسپ کردبوو کلاسێکی تەنکیش بەسەر تەنەگەکەوە بوو، تەنەگەکە «عارەقی» تیدابوو، هەر جارە کە دەچووە لای تەنەکەکە سێ چوار دەقیقەی پێدەچوو، تا گلاسەکەی پڕ دەکرد بەجۆرێکی تایبەت تەلی ترومپاکەی بەرز دەکردەو ودایدەنا، ئیقاعێکی تایبەتی بەدەنگی تەلی ترومپاکە دەدا، هاوزەمان منگە منگێکی گونجاو لەگەڵ رلیمی ترومپاکە، لەدەمیەوە دەهاتەدەر..

قادر ئەفەنی دنیایەکی گەلێ تایبەت بوو، پۆشاك خاوێن، روخسار گەش لوتێکی بەرانی، دگان

سپێ، بەگوڕ، عەترناس ڕۆژانە دوکانەکەی دەرمان پژێن دەکرد، بەرە بەیانان بێدار دەبوو یەکسەر
ڕووی لەحەوزی مزگەوتەکە دەکرد، بەمەعجون وقڵچە دەم و دگانی دەشورد هاوین با یا زستان
بەئاوی سارد وسابونی ڕەقی سەری بەملا دەشۆرد، دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، دەجار شناوی
دەکرد بەدەنگی بەرز دەیژمارد یەك.. دوو.. سێ.. دە پاشان هەندێ دەستی بەرز دەکردەوە، ئەوجا
دەچەمییەوە دەستەکانی دەگەیاندە زەوی دەیژمارد.. دەهاتە دەرێ لەئاوایی دوور دەکەوتەوە،
تەختە زەوییەکی هەڵدەبژارد وهەروەلەی دەکرد، دەگەڕایەوە ریشی دەتاشی و قونەرەکانی بۆیاغ
دەکرد.. ئەو هۆیانەی کە ئاشنایەتی کەریم و قادر ئەفەنی بتەو کردبوو بێدەنگی و گوێگرتن و
بەرپەچی قسەکانی قادر ئەفەنی نەدەدایەوە.. پێدەچوو دانیشتوانی گوند شارەزای خووخدەی
بووبن، کەریم سەرهاتی خۆی و سونگەی هاتنی بۆ ئەم گوندە بەوردی بۆ قادر ئەفەنی گێڕابووەوە
زۆر بەی نیوەڕوان کەریم و قادر ئەفەنی بەیەکەوە دادەنیشتن، گەلێ قسەی ڕێك و لەباری دەکرد،
بەڵام هەر کە پێشمەرگەکانی دیبا بەتایبەت ئەوانەی دەهاتنە دوکانەکەی و دادەنیشتن - چەند
ڕۆژێ بوو حەمە کەریم و هەردوو براکەی ببوونە پێشمەرگە - قادر ئەفەنی دەگۆڕا، دەبووە
کەسێکی دی.. بەگەرمی فەرمووی لێدەکردن، لەژوری وەرشەوە بەرەو ژووری نوستنەکەی دەچوو
دەنگی ترومپا بەرز دەبووەوە، پاش پێنج دەقیقەیێك دەگەڕایەوە، یەکسەر ڕووی لەحەمە کەریم
دەکرد، شێوازی قسەکانی دەگۆڕا، بەگەرمیانێیکی سەرو پوتەلاك شکاو بەحەمە کەریمی دەگوت:
- لەعومر تۆدا ببم لەجەیش عوسمانی بێن باشی بیم، لەحەرب عالەمی لە عوروسیات وەروەری وەلای
قوینمەوە[1] بی. حەرب.. حەرب.. وتیان قادر ئەفەندم دەورمان گیرا، وتم تەفەق لێدەن، وتیان قادر
ئەفەندم نانمان نەما، وتم تەفەق لێدەن، وتیان ئاومان نەما، وتم تەفەق لێدەن.. حەمە کەریم
ئەشکەوتی ژێر کلیسەی گاورەکانی کەرکوکت بینیوە؟
حەمە کەریم گوتی: بەڵێ
قادر ئەفەنی بەزەقییەوە چاوی بڕییە چاوانی حەمە کەریم و هەردوو براکەی و گوتی:
- بەسەری ئێوە، لەوێوە دەرچووین!
یەکێ لەبراکانی حەمە کەریم کە پێیان دەگوت «مەلا» هەر ئەوەندەی لەدەم هاتە دەرو
گوتی: بۆ ئەو کاتەش هەر پێیان دەگوتی قادر ئەفەندی؟
قادر ئەفەنی سوورهوە بوو، بۆی هەڵساو پێی گوت: دەمروت، ئەدەبسز جارێکی تر پێ نەخەیتە
ئەم دوکانەوە.. هەر کە دەری کرد و خۆیشی بەرەو ژوری نوستنەکەی کەوتە ڕێ و دەنگی تومپا بەرز
بووەوە.
خوێنەگەر نەیزانیبا مەلا برای حەمە کەریمە، دۆسییەیێکی بۆ دروست دەکرد و دەیخوێنەوە..
نوینمــەوە: دەنگی ئەم وشــەیــە بەئــەلف و بێی عەرەبی وەکــو خۆی دەرنــاچی qonmewe
دەخــوێنرێتەوە هەرکەسی بەرپەچی قسەکانی قادری ئەفەندی دابا، یەکسەر دەری دەکردو بەم
شێــوەیــە باسی دەکــرد، خوێــرییــە، ئێــوە نایناســن، باپیرەی خوشکێکی هەبوو، ڕەدووکەوت،
لەوکەرکوکەدا، هەموو منالانی گەرەك بەو خوشکەی باپیری بالق بوون.. مامی خۆیشتان قسوری
نەدەکرد.. دایکی ئەم خوێڕییە دوو خوشکی هەبوو، یەکێکیان لە موسل و ئەوی دیان لە بەغا،

کارخانەیان هێنابوو لەرز، ئێوە نایناسن.. لەبەر چ خاڵۆییێکی حەوا دو قوڵبڕی هەیە، گڵ لە بهاو دەرفێنێ. ئێوە نایناسن، لەبەر حەمەکەریم هێچی بەمەلا نەگوت پاش نیوەڕوی ڕۆژێك حەمە کەریم و پێشمەرگەییکی شیك پۆش، ڕانك و چۆغەییکی قاوەیی وکلاشێکی دۆمی و چواردە خۆریکی (ئەبو ئەلقە) لە کەمەر، خۆیان کردە دوکانەکەی قادر ئەفەنی... پاش بیستنی ڕیمی ترومپاکە. یەکسەر قادر ئەفەنی گەڕایەوە بێ پێو نێو بەهاوڕێکەی خەمە کەریمی گوت

- لە عومر تۆ بیم لە جەیش عوسمانلی یوز باشی بیم، حەرب عالەمیەبی گویم لە دەنگ دو تەیارە بی، یەك لای چەپ، یەك لا ڕاست بۆ یکتر چون.. دەستم دایە دووربین، سەیرم کرد یەکێ لە تەیارەکان هی عروس بی ئەوی‌تر هی ئینگریز.. بۆ یەکتری چون.. نزیك بوونەوە.. نزیك.. نزیك، خەریك بو دەعم بکەن، وللا بئنگریزەکە دایە بەگ بەگ وکشایەوە، کەچاك دیقەتم داین، قەیارەچی ئینگریزەکە دوێت بی!
ئەرێ بەسەری ئێوە چەند ساڵ تەیارە چی‌یەتیم کرد، نەمتوانی بیدەمە بەگ جارێکیان هەوڵم دا، کەچی تەیارەکەم لەسەر (جەبل طارق) کەوت و منیش بە پەرەشوت کەوتمە ناو بەحر!
گەلێ جارکەریمی بانگ دەکردە لای خۆی و سەرگوزە شتەکانی خۆی بۆ دەگێڕایەوە پاش دوهەم و سێهەم دەنگی ترومپاکە دەهاتە سەر ئەوەی، تاقانەی دایك و باوکی بوە، تائێستایش ڕەبەنە، نایەوێ مەشخول بێ لەبەر ماڵ و مناڵ کارو باری سیاسی‌ی بۆ نەکرێ. وەك دەیگێڕایەوە سەراپای تەمەنی، هەر بۆ کورد خەباتی کردووە، دەیشیگوت: کورد بێ سیفەتن قەدری خەباتگێری خۆیان نازانن.. ئەمانەی ئێرەیش هەرخەریکی بەزم و ڕەزمن، خۆ دەیبینی چ دەکەن.. باناوی نەهێنم.. مەسئولە.. دەزانی چی لە کچەکەی ڕەشە درێژی دەسفرۆشی کردووە.. کەریم گەر گوتبای بەچ دەزانی، یەکسەر دەیگوت: بەدەرمان بۆیم لەبار برد، لەگەڵ تەواو کردنی یەکەم پێکدا، زۆر شتی لە بیر دەکرد و زۆر شتیشی دروست دەکرد
- ساڵی گرانیە گەورەکە، لە کەرکوکەوە، فەردد خوێ یەکی خەست سورم کردە کۆڵ، تاران خۆت بگرە و هاتم.. هەر گەیشتمە تاران، ئەوەی دەنکە جۆی پاشای خواردبوو لە مەیدانێکدا کۆببوونەوە، پاڵەوانێك دەمامکی کردبوو، هەچ پاڵەوانێکی ئێرانی بۆی دەچووهەر ئەوەندەی بتگوتبا یەك و دوو پاڵەوانەکەی دەشکاندە سەریەك و لەبەر یەکی دەترازان، کابرای پاڵەوانی دەمامکدار دەینەڕاند «نەفەری بەعدی» لەپڕ یەکێ دەستی خستە سەر شانم، لامکردەوە. سەیرم کرد حەمەیە
کەریم بەقادر ئەفەنی گوت: حەمە کێیە
قادر ئەفەنی گەلێ بەخوێن ساردی‌یەوە گوتی: حەمە ڕەزاشا! ئێ.. تۆ پێم بڵێ گەیشتینە کوێ؟
**- حەمە ڕەزاشا دەستی خستە سەر شانت**
**- ئا.. ئەلحەق پیاو.. منیش پێم گوت: مەعز بۆ خوا ئاشکرام مەکە، فایدەی نەبوو.. بردمی‌یە سەر تەخت، لەجێیەکەی خۆیدا دانیام پاشان گوتی:**
**- قادر ئەفەندی نۆرەی جەنابعالیتە شەرق ئێران، ئابڕوی شاهە نشاهی لەسەر دەست و بازووی تۆدا وەستاوە.**
قسەکەیم نەشکاند، ئەویش لەبەر خاتری باوکی.. ئا.. ڕەزا شای کەبیر.. ئێ سەرت نەیێشێنم..

ناوی خواو پێغـەمبـەرم لێهێنـاو بۆی چووم.. کەریم بەسەری تۆ چەنێ پاڵەوان بازیم کردووە، پاڵەوانی ئاوهـام توش نەببوو چنگمان لەیەك گیرکرد، حەوت شەو حەوت رۆژ یەکتریمان هێنا و یەکتریمان برد لەبەر ئارەقی لەشمان تا ئەژنۆ چبووینە ناو قوراو شەوی حەوتەم هێزم لەبەر برا، ناوی ئیمامی عەلیم لێهێنا و پەلاماری دەمامکەکەیم داو دآمماڵی.. ئای کەریم تۆ بڵێ کێم بینی؟
ـ کێ؟
**ـ عومەر ئەفەندی برام! هەرکە حەمە رەزا زانی ئەوە عومەری برامە دەستوری‌دا حەوت شەو وحەت رۆژ کرایە شایی و لوغان...**
**ـ قادر ئەفەندی فەرمووت لەبەر خاتری رەزای شای کەبیر، ئەوەیان چی‌بوو؟**
**ـ ئا راست دەکەی کەوتەوە بیرم.. بەرەحمەت بێت.. لەگەڵ رەزا شادا گەلێ دۆستت بووین..**
دەیشیزانی چ پاڵەوانێکم، زۆر شتی لێ بینیبووم جارێکیان خەریکبوو نێوانمان تێکچی، ئەویش ئەوە بوو، دنیایێك رۆژنامە نووس و وینەگری ئەجنەبی حازر کردبوو ناردی‌یە دوام وگوتی دەی قادر ئەفەندی رووی ئێران سپی‌کەوە، منیش ئیکلام کرد وگوتم ئەمربفەرموو پاشام، وتی دەی هونەری خۆت بنـوێنـە... هەمـوو جارێـك شەفتیکیـان بەئاستەم دە چەقاندە قەد دیوارێ منیش دوور دەکەوتمەوە وبە خێرایی بۆی دەهاتم، بەسەر لە شەفتەکەم دەدا،و دیوارەکەم دەسمی.. ئەورۆژە هەموو شتێکیان حازر کردبوو.. شا وتی دەی قادر ئەفەندی . منیش دوورکەتمەوە، گورم بەست و بۆ شەفت جوم و سەرم پیاکێشا، کەچی خۆم بە پشتا کەوتم، هەڵسامەوە، گەلێ تەریق بووم، رووم لە پاشـا کرد و داوای عوزر خواهیم کرد و گوتم با ئەمجـارەیـان رێم بدات.. رووم لە رۆژنامە نوسەکانە کرد و پێیانم گوت «سۆری» ئەمجارەیان شایە تیمانێکی بەحەقم هێناو دوورکەتمەرە، کەچی وەك جاری پێشو بەپشتا کەوتم، شا لە خەجاڵەتی‌و تورەییدا ئارەقی دەردا، من یەکسەر زانیم ئەم ماستـە موییکی تێـدایـە، چپانمە گوێی شا، من و شاو رۆژنامە نووس وێنەگرەکان بەیەکەرە چووینە ئەو دیوی دیوارەکە، هەر هەموومان حەپەساین، بەچاوی خۆمان بینیمان عومەر ئەفەندی برام، سەری ناوەتە قەد دیوارەکەوە و خەوی لێکەوتووە! بێداریان کرد ئەوجا هەموو هاتینە ئەمدیوی دیوار، گورم بەست و بۆ شەڤت چووم، سەرم پیاکێشا، نەك هەر دیوارەکەی سمی بەڵکو شەفتەگە وەك تیری بێ ولە کەوان دەرچوو بێ سەد مەتریکیشی لە دیوار دوور کەوتەوە... ئەمە بوو دۆستایەتیەکەی من رەزا شای رەحمەتی!
ئەگـەر هەر کچـۆڵەیێـك بە بەردەم دوکانەکەی قادر ئەفەندی تیپەڕیبا، چاك و خۆشی لەگەڵ نەکردبا، یەکسەر دەستی بۆ ناو لنگی خۆی دەبرد ودەیگوت:
ـ ئەو کچەتێوە، لەم سەلکە فانۆسە ئەڵمانییەی مامی خۆت کەوتووەتەوە:! خولەی دوکانداریش کە کەریمی دەدی لەلای قادر ئەفەنی دانیشتووە، لە هیچە مۆڕەی لە کەریم دەکرد.. گەلێ جاریش بەکەریمی دەگوت:
ـ باوەر بە قسەکانی قادر ئەفەنی مەکە، کەس چاك نایناسێ فاتە بێوەژن نەبێ
فاتە بو حونچەی دایکی گێرابووەوە:
ـ نەخوش بووم، بردمی‌یە ژوری، وتی دانیشە، زمانت دەرکە، راکشێ، دەستی بەسەر زگما هێنا،

بەرەو خوارتر چوو.. دەستم گرت، وتی من دکتورم.. پاشان وتی سکت دوو مانگە.. وتم بیوەژنم، وتی بۆتی لەبار دەبەم.. هاتمە دەرێ،

خونچە بەفاتەی وتبوو دەبێ حەیاو ناموسی ببەم..

قادر ئەفەنیش بۆ کەریمی گێڕابووەوە

- ئا.. ڕۆژێکیان خونچە پێی گوتم: چ لەگەڵ فاتەدا دەکەی، دەبێ لەگەڵ منیشی بکەی دەنا حەیا و ناموست دەبەم..

منیش ناچار بووم.. ئا جانم ناچار بووم

خولەیش بۆ کەریمی گێڕابووەوە: فاتە لەناو ئەم دوکانەدا یەخەی گرتووم.. بەڵام من چۆن شتی وا دەکەم.. فاتە پێی وتووم داوە شیت ئەوەندەی قادر ئەفەنیشت لە دەست نایێت؟ تۆکەی پیاوی، قادر ئەفەنی بە زمان هەموو لەشم دەلێسێتەوە ئەوجا لەپاش وپێشەوە ئیشی خۆی دەکات!

کەریم باوەڕی بەم قسەیە نەدەکرد.. ئێوارەیێکی درەنگ لە دوکانەکەی خولە دانیشتبوو، فاتە بە بەردەمیانا تێپەڕی، خولە پێی گوت: بەم ئێوارە درەنگ وەختە بۆ کوێ دەچی؟

فاتەش بێ پەروا پێی گوت: مەترسە بەڵاوەگێرم پێیە

قادر ئەفەندی شتێکی سەیری لەلای کەریم باس کردبوو

(- تا ئێستا لەلای کەس نەمدرکاندووە.. لەلای خەڵك وا باوە کە گوایە میر ئەسەدوڵلا بووە بەبەراز وچووەتە نێو زنجیرە چیای میران و لەو ڕۆژەوە ناوی ئەو زنجیرە چیایە بووەتە بەراز گر.. ئەمە راست نیە.. شتێکی دی‌یە بابۆتی بگێڕمەوە.. چەند ساڵێکە شتێکی سەیر دەبینم.. بەرە بەیانان دێمەدەر. باوەڕ بکە زۆر جار میر ئەسەدوڵلا دەبینم.. چۆنی دەبینم، گوێم بۆشل کە، لەتاریك ورونda لە بەراز گرەوە دادەکشێ، ڕوخسار هەمان ڕوخساری ئەسەدوڵلایە، دووچاوی ڕەش، دوو برۆی سفت، گۆنایێکی گەش، بەڵام جەستەی هەر جارەو لە شێوەی ئاژەڵێکدایە، یەکەمجار لەبەرەبەیانێکدا بینیم، چوار پەلی دێڵە سەگێکی هەبوو، بەزمانی ئینسان دەیلوراند.. فریاکەوە، زووکە، هەرئەمجارەیە زووکە.. هەر کە لورەکەی تەواو کرد، گۆڵێك وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە پەیدا بوبێ، هات، ئەوەندەی گوێرەکەیێك دەبوو، هەستیان بە بوونی من دەکرد، بایەخیان نەدەدامێ.. ئای لەو لورەیە کاتی کە گۆڵەکە یەکەم تەکانی‌دا، بە چاوی خۆم چۆراوگەیێك خوێنی کچێنی دێڵەم بینی.. ئای لەو دێڵە سەگە چ جۆر چەمی‌یەوە وزمانی گەیاندە پاشۆڵی خۆی، خوێنی کچێنی خۆی لێستەوە.. چ جۆر چەکین.. چ لورەیەکیان لێ بەرز دەبووەوە.. هەر کە هەتاو هەڵات لێك بەربوون، زۆر بە بێدەنگی ئەسەدوللا بەرەو بەراز گر، و گۆڵەکەیش بەرەو ئەژدیها ملی ڕێ یان گرتە بەر.. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ کاس بووم، ڕۆژی دووەهەم لەهەمان شوێندا بەهەمان ڕوخسار بەڵام بە چوار پەل و جەستەی ماینێ پەیدا بووەوە، دەیحیلاند، ئەسپێکی کوێت پەیدا بوو، لێی پەڕی، بەهەمان شێوەی دوێنێ بەزمان خوێنی کچێنی خۆی لێستەوە، ئیدی زۆربەی ڕۆژ دەمبینی وەك پشیلە، ماکەر شێر ورچ گورگ ڕێوی پلنگ چەقەڵ، چ زمانێکی هەیە، چ نەوس و حەزێکی بە خوێنی کچێنی هەیە؟ دەمبینێ، بایەخی نەدەدامێ. حەزم دەوروژا، ماڵی خونچە وفاتە

ئاوا بێ، دەنا ئیدارەکردن مەحالە..)
خولە دەیگوت:
**- ئەم قادر ئەفەنیی‌یە جاسوسە!**
قادر ئەفەنیش دەیگوت:
**- خولەکەر پیاوە!**
گەلێ جاریش - لەسەر هیچ - دەمبۆڵەیان دەکرد، زوو زوویش ئاشت دەبوونەوە.

★ ★ ★

بەبینێ بوو کەریم ببـووە پێشمـەرگە، لەگەڵ مەفرەزەکەی حەمەکەریم و سەعد و ئەحمەد جەوهەر دا بوو جەولەیان بەناوچەکە دەکرد. بەشەش مانگێ بەشێکی تەواوی گوندەکانی «شێرکۆ - یان» بینی.

ئەمسەرو ئەوسەری زنجیرە چیای بەراز گر، تەتەری چاپوك بەمانگی ڕۆیشتن، ئەوجا دەیتوانێ بگاتە دوا گوندی پاینی ئەو سەری زنجیرە چیاکە ئەژدیهایش چ کەمتر نەبوو.. کەریم لەهەر گوندەی شتێکی دەبیست و لای خۆی تۆماری دەکرد، ڕۆژانەیش لەهەر گوندێکدا با مەنەی «زێڕینی» دەکرد، گەلێ جار دەیدۆزییەوە..

دەڵێن: ئەسەدوڵلای دوا میر، ئەوە نەبوو واباسی دەکەن، ئەسەدوللا شتێکی تر بوو، پیاوێك بوو بە وقار، باوکی ئەسەدوللا دەژنی دەبێت، لەم دەژنە تەنها ئەسەدوللای هەبوو. کە باوکی دەمری ئەم لەتەمەنی بیست سالان بوو، بە پێی رەسم و دەستوری میران دەبا چل ڕۆژ بەسەر مردنی میردا تیپەڕێ، ئەوسا میراتگری میر حوکمرانی بکات

دەڵێن: سەرتاپای ئەو چل ڕۆژە لە چاو ون بوو.

**هەندێ دەڵێن:** ئەو چل ڕۆژە، بە ڕۆژ نەدەزانرا لە کوێیە، بەهەست خەڵکەکە دەیانزانی شەو لەقەبرستانە و لەسەر گۆری باوکی دایە..

دەڵێن: شەوی چلەم تارمایی باوکی دەبینێ.. بەفانوسێکەوە دێتە لای، خەنجەرەکەی خۆیی دەداتێ وپێی دەڵێ: چ شیرو تیرو رم و حەنجەرێ کارت تێناکات تەنها ئەم خەنجەرە نەبێ، شەو ڕۆژ لەگەڵ خۆتـا هەڵیگـرە.. هەرتـەنها ئەم خەنجەرە دەتوانێ بتسـێنێ، لەبیری نەکەی هەموو ساڵێ لەگەڵ دەمکردنەوەی گوڵاڵە سورەدا، دەبێ زاخاو بدرێ و دەمەزەد کرێتەوە. وریابە ئەم خەنجەرە تەنها بەخوێن زاخاو دەدرێ.

دەڵێن: ئەو شەوە تا بەرە بەیان باوکی قسانی بۆ دەکات..

**هەندێکی دیش دەڵێن:** ئەو چل ڕۆژە چبووە خەڵوەتەوە... چبووە «شێخان» لەوێدا، دوا شەوی چل ڕۆژەکە تارمایی باوکی دێتەلای و خەنجەرەکەی دەداتێ.

دەڵێن: «شێخان» گۆڕستانێکە ئارامگای سیونۆ شێخی گرتووەتە ئامێز. لەوێدا هەر شەوەو شیخی مرسی پێ دەدا.

**[شێخـان، جێیەکی بەرز، لەپانتایی سەد مەترێکدا سیونۆ پیرە دار بەروی کۆك، لە نێو نورمێکی بەردین، ئۆقرەیان گرتبوو - دارەکان گەلێ گەورە بوون، هەندێ لق و چڵێان لێ**

کەوتبووە خوارێ، چ کەسێ بوێ نەبوو، لەو دارانە بینێتەوە.. گەڵێ پەڕۆی سەوز بەقەد چڵەکانیەوە دەلەرانەوە. لە دوورەوە. شێخان یەك پارچە سەوز دەکەوتە روو هەند سفت بوون و چبوونە ناو یەکەوە، لە پایزانیشدا یەك پارچە قاوەییێکی تۆخ دەکەوتە روو، سەدان سمۆرەی زیت لەو ناوە تەراتێنیان دەکرد، چ کەسێ بوێ نەبوو راویان کات و بیا نگرێ.. لەو دەورو بەرەدا سوێند خواردن نەبوو، هەر بەد کارێیك کرابا، پیویستی نەدەکرد گومانلێکراوان سوێند بدەن، پیرە مێردان دەیا نگوت: بیبەن بۆ شێخان، کەسی گومانلێکراو گەرتاوانبار با، ئەوا بەر لەوەی بگاتە شێخان لەرێدا ئیرادەی بەسەر خۆیەوە نەدەما دەستی بەترین دەکرد.. ئیدی دەپارایەوە و پێی لەتاوانەکەی دەنا و داوای لێبوردنی دەکرد..]

**دەڵێن**: هەر شێخەو لەبابەتێ دەرسی دەدەن، هەر شەوەو شێخی فێری عیلمێکی دەکەن.

**دەڵێن**: یەکێ لە عیلمەکان ئەوە بوو: ئەیتوانی وا لە خەڵکانی دەوروبەر بکات، کە هەر یەکەیان لە دەروونی خۆیاندا ئەسەدوڵلا یێك دروست بکەن، دوا هێزی خۆیانی پێ ببەخشن زۆربەی ژنان حەزیان دەکرد زوو شو بکەن، تا شەوی یەکەم لەلای ئەسەدوڵلا بن، گەر مێردی قایل نەبا، ئەوە دەبووە کەڵوەز نشین، ئیدی ئەو ژنە تا لە هێز دەکەوت شینی بۆ خەونە لە دەست چووەکەی دەگێرا...

**دەڵێن**: پاش چلە ئەسەدوڵلا دەردەکەوێ، یەکەم کاری دایکی خۆی دەکوژێ... کوشتنێ، دڵرەقترین و بە جەرگترین زەلامی ناوچەکەی پێ تۆقاند، نوکی خەنجەرەکەی خستە نێو مناڵدانیەوە، لەوێوە بەرەو ژوور هەڵیتلیشاند و کردی‌یە دووکەرتەوە، بڕیار دەدا دوو گۆڕ هەڵکەتن، نێوانیشیان چلگەز بێ هەر کەرتەو لە گۆڕێ دەنێن..

- گۆڕەکان، سەعاتە رێیەك کەوتبووە خوارووی ئاوایی - دوو سەرە بزوت، هی هەنارو هەنجیرێك دەهێنێ، هەنارەکە لە پینی ئەو گۆڕەی کە بەشی راستی تەرمەکەی تیا دابوو، چەقاند، هەنجیرەکەیشی لە پاینی گۆڕی بەشە چەپی تەرمەکەدا چەقاند.

**دەڵێن**: کاتێ کە دایکی شەق کرد هەوڵی دا خوێنی نەتکێتە سەر زەوی، لە کاسەی نا. هەرکە سەرە بزوتەکانی چەقاند، کاسە خوێنەکەی کردە دوو بەشەوە رۆیانی کردە نێو چاڵەکانەوە.. تا چل رۆژی داهاتوویشی هەر رۆژە دوو پارچە پۆشاکی دایکی دەسوتاند، لوتی لەسەر بۆنسۆکان رادەگرت، تا دەبوونە سووتو بۆ نسۆی هەڵدە مژی ئەوسا سووتووەکانی تێکەڵ بەدوو کاسە ئاو دەکرد کە پێش، وەخت خەنجەرەکەی لەنێو ئەو دوو کاسە ئاوەدا دەشۆرد، پاشانیش بە خەنجەرەکە سووتوو و ئاوی کاسەکانی تێك وەردەدا. خەنجەرەکەی بە ئاسپایی دەردەهێنا، هەر رۆژەو بەم شێوەیە، تاچل رۆژ بەرە بەیانان سەرە بزوتەکانی ئاو دەدا.

**دەڵێن**: رۆژی یەکەم و چلەم دەرپێی سوتاند دەنا، رۆژانی دی هەر پۆشاکێکی با دەیسوتاند.

کاتێ ئەم کارانەی دەکرد کەس نەدەوێرا فزە بکات، تەنانەت نەدەوێان بە ئاشکرا سەیری بکەن.

**دەڵێن**: یەکەم رۆژی پاش چلەی دایکی سەرە بزوت بوژانەوە، چرۆیان دەرکرد.

**دەڵێن**: هەشتا ڕۆژی ڕەبەق ئەسەدوڵلا قسانی نەکرد، ئەو ڕۆژەی سەرە بزوتەکان چرۆیان دەرکرد، ئەمیش هاتەگۆ، یەکەم قسەی هەرەشەیەکی ئاشکرا بوو: تا ماوم نامەوێ گوێم لە پرسیار بێ ناشمەوێ کەسی بڵێ بۆ، نامەوی کەس بڵێ نەء..

**دەڵێن**: سالی حەوتەم هەر دوو سەرە بزوتی بوژاوە هاتنەبەر.. هەناری لە هەنجیر موتربە کرد و هەنجیریش لە هەنار. جگە لە خۆی چ کەسێ بۆی نەبوو لەو دوو میوەیە بخوات. بەدەستی هەرکەسێکەوە بینرابا، گەورە با یا بچوك، ژن با یامناڵ، مەرگ بوو ناوی ئەو سزایەشی نابو «سەگ تۆ پی‌کەن»..

**دەڵێن**: دێڵ و گۆڵێکی ڕاهێنراوی بەدارەکان دەبەستەوە.. نەیاندەهێشت پەلەوەر بەو ناوەدا تێپەڕێ، هەر سەگەو بەزنجیری نۆزدە گەزی بەستبووە قەد هەنار و هەنجیرەکە، ڕۆژانە بەدەستی خۆی خۆراکی بۆ سەگەکان دەبرد.

**دەڵێن**: کە دێڵەکە بەبا دەبوو، زنجیرەکەی کورت تر دەکردەوە، ڕۆژانە گۆڵێکی نەپەڕیوی هەڵدە بژارد و پەلی یەکێ لە ژنەکانی باوکی دەگرت، دەیبردنە لای دێڵە بە باکە، ژنەی ڕادەگرت، گۆڵەی بەردەدا، دەبا ژنە سەیرکان و چاو نەتروکێنێ، ژنەیش دەیزانی سەدوڵلا قسەی یەکەو نابێتە دوو، دەبا ژنە بەدیاریانەوە بێ تابەر دەبوون، هەموو کاتێش سەر لە ئێوارە ئەمەی دەکرد، زۆر جاریش شەویان بەسەر دەهات درەنگی شەو بەردەبوون.. دەبا ژنە گوڵەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە.. هەرکە دێڵەو گۆڵە دەچەکین، ئەسەدوڵلا دەگەڕایەوە، دەچووە سەر بالاخانەکەی چاوی دەبڕیە ئەو شوێنە.. هەرکە ژنەو گۆڵە دەگەڕانەوە کات هەر کاتێ با دەستوری دەدا گۆڵە بخەسێنن وگونەکانی دەربێنن، دەبا ژنە بەکاڵی لەبەر چاوی ئەسەدوڵلا گونەکانی خواردبا.

**دەڵێن**: بێ قسە کردن ئەمەی دەکرد.. تەنها بە پەنجەو چاو ئیشارەتشی دەدا.

**دەڵێن**: دەڵێن گۆڵی بە نوزدەگەز زنجیر بەستراو، کە ئەم بەزمەی دەبینی بەجۆرێ شێتگیر دەبو جوڕە وەڕین و لورەیێکی دەکرد تەحەمول نەدەکرا.. هەر کاتەی دێڵە تەرەکی با دێڵەو گۆڵەو گوجیلەکان دەگوازرانەوە بۆ ئاوایی، دوو سەگی دی‌یان دەهێناو دەیانبەستنەوە.

**دەڵێن**: گوڵە بەستراوەکە زنجیری لەمل دەکرایەوە، لەناو ئاوایی و لەناو تەلارەکەی ئەسەدوڵلا ئیداردی نەدەکرد، بەرەو هەنجیرو هەنارەکە دەچو، هەتا بەیانی لەگەڵ گۆڵە تازە بەستراوەکەدا شەڕی دەکرد و دەیلوراند، تا وای لیهات ئەسەدوڵلا لە نزیکی هەنجیرو هەنارەکە کونجێکی دروست کردو چەند حەرەسێکی لێ دانا تا نەهێڵن گۆڵە بێتە ئەو ناوە.. گوڵە ئەو ناوەی بەر نەدەدا، نەدەچووە ئاواییش، هەندیان ڕاو نابوو، ببووە کێوی.. هەموو ساڵێ گۆڵێ هار دەبوو، دەبووە کێوی!

**دەڵێن**: ئەو ڕۆژەی ئەسەدوڵلا دایکی خۆی کوشت «خدرە زلەی» نوکەر، گوند جێ دێڵی بەرەو کەلوەزەکانی پەری یان دەکەوێتە ڕێ. ڕاکردوان کۆ دەکاتەوە ناوی کەلوەزنشینیان لێ دەنێ.

**دەڵێن**: خدر زلە زەلامێکی ئاسایی نەبوو، کەڵەکەت چوار شانە، ناو قەد باریك چاو وبرۆ ڕەش، ئابڵۆی قوز، دلسۆز بۆ میر، گوێ ڕایەڵ، کەمدووی سەنگین، جێی متمانەی میر، تیرهاوێژی ەنگیوە، بەهێز، دەیتوانی هێستری بەبارەوە بخاتە سەر شان ڕۆژە ڕێ یەك بەسەر چیادا سەری نات...

**دەڵێن:** تا حەوت ساڵ بەر لە مردنی میری باوکی ئەسەدوللا.. میر ـ جگە لە کەنیزەکانی ـ هەموو شەوێ هەر دە ژنەکەی بەسەر دەکرد.. لەو حەوت ساڵەی دواییدا میر نەخۆش دەکەوێ..

**دەڵێن:** میر هەند بەکبریابوو نەخۆشی‌یەکەی خۆی لە حەکیمان شاردبووەوە

**دەڵێن:** خدرە زلە وای بۆ کەڵوزەنشینان گێڕابووەوە:

[**دەڵێن:** یەکێ بوم لەو نوکەرانەی کە متمانەی زۆر یان پێدە کردم.. بەرە بەیانێك ـ کە تازە نۆرە ئێکشم تەواو ببوـ دایکی ئەسەدوڵلا پۆشاکی پیاوانەی پۆشیبو، هات لام بێ ئەوەی هیچ قسەیێك بکات، پەلی گرتم. بردمی‌یە ژووری ـ تا ئەو کاتە ئەو ژوورەم نەبینیبو ـ دایگرتم، ئەوی ترس بێ لە چاوانی نە دەخوێنرایەوە، ترس دایگرتبووم، زمانم لە گۆچبو قورگم وشك ببوو، هەناسەم سوار بوو، بێ جولە وەستا بووم. بێ ئەوەی بهێڵێ دەست بۆ هیچ شتێ ببەم رووت و قوتی کردمەوە بەرانبە بە ئاوێنەیەکی گەورە رایگرتم، شەرمم بەخۆدا دەهات ویستم شتی بڵێم بە چاو تێی گەیاندم بێدەنگ بم ورتەم لەخۆم بڕی سەرەتا پەنجەکانی دەستی شانە ئاسا توکی سینگمی شانە دەکرد، بەرەو ژوورتر بەرەو پرچم چو، هەند بە ئاسپایی دەستی پیا دەهێنام، دەتگوت دەست بە مەلوتکەی نەوزادا دەهێنێ، ترس و شەرم کاری تێکردبووم دەمارم نەدەبزاوا، ئەو بەسەر چۆکا کەوت باوەشی بەناو قەدما کرد وردە وردە دەستی بەرەو خوارتر هێنا، گرتیە دەست، ئەمدیو و ئەو دیوی پێکرد، هەڵیدە سەنگاند، توانای دابووە بەر زەین، بەهەناسە هەڵکیشانێ پێدە چوو کە لە مێژ بووە، حەزی بە بینینی کردبێ، بەهەردە پەنجەی دەستەکانی گەمەی پێدەکرد، وەك گوانی مانگایەکی تازە زاو بدۆشێ ئاوها رەفتاری لەگەڵ دەکرد، لەرز و موچرکێکی سەیردایگرتم، چ حەز و ئارەزوویەکم نەبوو، هەڵسا وردە وردە خۆی رووت کردەوە، بەنوکە پێ شەقی لە پۆشاکەکانی دەدا بەناو ژوورەکەدا پەرتی کردن تەنها دەرپێکەی لەبەر داما.. گوتی

ـ دەی!

منیش لە دنیایەکی دیدا بووم، هەر ئەوەندەم لەزار هاتە دەر و گوتم

ـ ها

بەبزەییکێ ئاڵەوە ـ هاو زەمان چاوێکی داگرت و گوتی

**ـ عەیبە ژن دەرپێکەی خۆی داکەنێ**

سەرەتا تێنەگەیشتم ـ هەند حەپسابووم، پێدە چوو درکی بەشلەژانەکەم کردبووبێ بەئیشارەت لێ گەیاندم، چەمی‌مەوە هەردوو دەستم لە پزوی دەرپێکەی گیرکرد، گوتی

**ـ لەسەرە خۆ، بەئاسپایی، ئەمە جەنگ نیەشتێکی دی‌یە**

لەسەرە خۆ، وردە وردە دامکێشایە خوارێ، تاگەیاندمە خوار ئەژنۆی دەنگی ناڵە و ئاهی لەرزەت دروژێنی بەردی دەهێنایە جولە، هەردو دەستم گەیشتە پاژنەکانی، لە پێشیدا پێی راستی بەرزەوە کردە بەنوکە پەنچە دایماڵی وپێی خستە سەر دەستی چەپم، ئەوجا پێی چەپی بەرز کردەوە، لەهەمان دەستور دایماڵی پێی خستە سەر دەستی راستم، من چەمابوومەوە ئەو بەپێوە بوو، پەنگی دەستەکانی گیرکرد لە پرچم سەری بەرز کردمەوە

گوتی:

ـ سەیرکە

وەك دایکی سەری منالەکەی بلکێنێتە قەدسنگی، سەرمی لکانەنێو لنگی بە ئاسپایش دەبستێ بە پرچما دەهێناو دەنگێکی لەدەم دەهاتە دەر، وروژانی بە هەموو تفاقە بێ گیانەکانی ژوورەکە دەبەخشی، ئەگەر چی تا ئەو کاتە دۆخنینی حەرامم نەکردبووەوە، گەلێ خەمم بۆ تەمەنی لە دەست چووم خوارد.. وەك منالی بەرزکاتەوە، هەڵیساندم.. بەجووتە راکشاین گەلێکی پێ خوش بوو لە ئاوێنەکە سەیری خۆمان بکەین.. لەئاوێنەکە دەمبینی کە تەیێك لەسەر پشت راکشاوە، ئەسپە ژنێکی کەڵەگەتی سپی، ناوقەد باریك، هەندێ گۆشتن، پرچ درێژ، روخسار سوور وسپی، سمت ئەستوور، هەردوو دەستی لە شانی زەلامە کەتەکە گیرکردووە چەمیوەتە سەری، بەئاستەم بەرز ونزم دەبێتەوە ودەناڵێنێ، دەستی راستی شانی زەلامەکەی بەردا، بەپرچکەی روخساری زەلامەکە دادەپۆشێ، سەری بەرەو خوارتر هێنا، دەستەیکەی دیشی لەشانی زەلامەکە کردەوە پرچی سەری خۆی و توکی سنگی زەلامەکەی تێکەڵ کرد، بە پەنجە چەپك چەپك بەیەکەوە گرێ یان دەدات.. خاوەوە بوو. سنگی زەلامـەکە بالیف ئاسا لە ژێر سەری ئەسپە ژنەکە ئۆقرەی گرتبوو، هەناسە برکێکانی کەم بووە وە هەند شل و خاو بوو پێدە چوو خەوی لێکەوتبێ ـ خەوەکەی درێژەی کێشا رەنگە خەو ببینێ، زوو زوو هەناسەی هەڵدەکێشا. پێدە چوو خەم بۆ تەمەنی لە دەست چووی بخوات.. بەئاگا هاتەوە.. لەناو ئاوێنەدا باری خۆیان گۆری زەلامەکەتەکە کەوتە سەرێ.. تەواو رۆژ هەڵاتبوو.. لە دەرگایەکی دییەوە ئەسپە ژنەکە ـ پاش ئەوەی وادەی سبەینێ و هەمان کات و شوێنی لێ وەردەگـرێ ـ زەلامە کەتەکە ئاو دیو دەکات...» لەهمان کات و شوێندا ئامادە دەبووم. پاش هەفتەیێك ئەسپەژنەکە پروگرامەکەی گۆری، هەر رۆژەو یەکێ لە ژنەکانی میری لەگەڵ خۆیدا دە هێنا، خۆیشی ژنەی رووت دەکردەوە خۆی دادەنیشت حەزی بەسەیرکردن دەکرد، هەرکە ژنەی بەری دەخست نۆرە دەهاتە سەر خۆی..دەیپرسی

ـ ئەو خۆش بوو یامن؟

ـ ـ دێ چییە تامی تۆی هەبێ.

ـ تامی من لە چیدایە؟

ـ لێدەزانی!

ـ هەرئەوەندە؟

ـ توندو تۆڵتری!

ـ هەر ئەوەندە؟

ـ جوانتری!

ـ هەرئەوەندە؟

ـ خۆت زیاتر لەززەت وەردەگری

ـ ئەی تۆ؟

ـ دە بەرابەر!

**- باوەر ناکەم**

**- درۆ ناکەم**

**- دەزانم بەڵام هێشتا هەر نەتگوت.**

**- تۆ فێرت کردم، یەکە کە سبووی ئەم تامەت پێ بەخشیم**

**- ئەمەیان راستە.. ئێستا راست دەکەی.. یەکەمجار و یەکەم تام قولاپەو پیاو کەمەند کێش دەکات!**

کار گەیشتە سەر ئەوەی شەوێکیان بانگی کردم - تا ئەو کاتە چ شەوێ بانگی نەکرد بووم - بردمی‌یە ژوورێکەوە تا ئەو کاتە ئەو ژوورەم نەبینیبو، هەرکە ئاو دیوی ژوورەکە بووم حەپەسام، هەر نۆ ژن و ئەسپە ژنیش چاوەڕێیان دەکردم، لە نێو بۆنی ژن، سیحری لەش، ئەفسونی بزە خەدەنگی سەرنج، لەرەی مەم، لەنجەی هات و چوو، هەناسە برکێ و ماندوو بوون، تێکەڵ بە ئاە وناڵەی لەززەت پژێنێ یازدە ئینسـان دەبـوو لەنێو ژوورێکدا تا بەیانی، گاە نم نم گاە بەخور لەززەت دادەباری مانگانە، یا ئەو کاتانەی باوکی ئەسەدوڵلا لە جێ یەکی دی دەمایەوە لەززەت، دەستی بەبارین دەکرد.. ئەسپە ژن پێی گوتم:

**عەشقی لەشی، عەشقی لەززەت، راستگۆ ترە لەعەشقی دڵ.. دڵ بۆ پەرستن عاشقی خۆی هەڵدەبژێرێ، لەش بۆ یەکدی پەرستن هەڵدەبژێرن. جیاوازی نێوان ئەم دوو عەشقە وەک جیاوازی نێوان راستی و درۆیە عەشقی دڵ کۆیلەیەتیە. عەشقی لەش هەم کویلەیەتیە و هەم ئازادی. یەکێ دەبێتە کویلەی تۆ، خۆیشت دەبیتە کۆیلەی ئەو، هەر دووش دەبنە کویلەی لەش. عەشقی لەش خاوێنترە، لەگەڵ جووت بووندا، گەرد وچلک خۆ لەبەر بارانی لەززەت ناگرن، دەتوێنەوە.. هەناسەی عەشقی دڵ بۆ گەشانەوەی ئاگری دۆزەخی ناخە. هەناسـەی عەشقی لەش شنەبایە سەمای شێتانە بە گوڵەکانی بەهەشتی ناخ دەکات، گێنگلی عەشقی دڵ بکوژە. لەززەت لەبار دەبات گێنگلی عەشقی لەش لەززەت دەزێنێ. ژیانی بێ لەززەت بێ تامترە لە ژیانی خەساوان، بێ تامترە لە ژیانی بێ ئومێدان!**

**دەڵێن:** دایکی ئەسەدوڵلا کچی میرێ دەبێ هاوسنووری «شێران» و دوستی «شاماران» بوون ئەو میرە لەجەنگێکدا پەنا بۆ باپیری ئەسەدوڵلا دەهێنێ، باپیرەیشی چ بەسوار و پیادە و کەرەسەی جەنگ، چ بە دراو و ئازووقە یارمەتی‌ی دەدات.. پاش حەوت ساڵ جەنگی خوێناوی، سەر دەکەون، میری هاوسنوور هەر لەگەڵ یەکەم رۆژی کۆتایی جەنگ، هەر لەهەمان رۆژی ئاهەنگێراندا لەلایەن براکـەی خۆیـەوە کودەتـایێکی لێدەکەن.. هەر خۆی و کچۆڵەیێکی دەرباز دەبن، روو لەشێران دەکەن، پاش دە ساڵ پەنا هەندەیی، وەک پێزانینێ کچەکەی دەبەخشێتە باوکی سەسەدوڵلا ولێی مارە دەکەن.

**دەڵێن:** تا ئەو کاتە خوێنی «شاماران» تێکەڵی چ خوێنێک نەبیوو

**دەڵێن:** «شاماران» لەسەر ئەو کارە بوون دوو بەشەوە.. دانیشتووانی سەدان گوند دەیانگوت: دیاری رەت ناکرێتەوە، سەدان گوندی دیش دەیانگوت: رەنگ وبۆنی خوێنی خۆمان بە دەستی خۆمان ناگۆڕین.

**دەڵێن**: باوکی ئەسەدوڵلا دەیگوت: مانگی چواردە دیاری خواوەندە

**دەڵێن**: دۆڵی شێران کەوتنە ژێر رکێفی دوا بڕیاری باوکی ئەسەدوڵلا کە کوڕە گەورەی نێوان حەوت برای سوار چاك و چەلەنگ بوو وەك ئەستێرە لەناویاندا دەدرەوشایەوە.



# گیانی تاشەکان



جەبار جەمال غەریب

ئەو هەست وچاو وهەناسانە، ئەو دەنگ ولەرزین وخەمانە شتێکی نوێن، دیارییەکی تازەن، بەکز ولاوازی بە بەردەمتدا دێن، هەرکەسەو لەبەر چاوی ئەوی دی هیچی دەبەردانیە، جەستەی رووتی یەکدی دەبینن، پێستی پڕ چرچی ڕەق هەڵاتووی سەرچەرمە چەقاڵتەو ئێسقانی ڕەق.

چ خاکێکی هیشکە! لم وتۆزێکی بێ دەماری ورد، هەموو هێندە لمیان بەسەردا ـ باریوە، سەرشان وسینگ وسەریان سپی دەچێتەوە. دەبوو دنیا بەو گوزەرەشدا ڕابووری، دەبوو مرۆ ئەو رووپەرەشی ڕەشکردایەوە؟

مام سەعید لەوەتەی گۆچانەکەیان لێ ستاندووە بەجارێ پەکی کەوتووە. ئەگەر پیرێژنەکەشی نەبوایە لەمێژبوو لینگی لێ ڕاکێشابوون.

ـ بەسێ... گۆچانەکەشیان بردم. هێندەشم تین دەژنۆی دانیە ڕاستەوەبم.

ـ بۆ خۆت سەلامەت بی، پارچە دارێکت هەر بۆ پەیدا دەکەم.

ـ ئاهـ... بەسێ ئەگەر دەزانی لەچ دارێکم کرد بۆوە؟ چەند ساڵە پێمە؟ ئەو وەختی ئەو دارەم لەبەلا لووکەکانی خوار ڕەزە ترێکانم کردەوە و ڕام دێنا قەتم ئەو فکرە نەبوو پێی برۆم. جارێ ئەژنۆم هێندە بێ تین نەببوو. لەو هەموو باخ و ڕەزو دارو خۆڵ و بەردە، ئەو گۆجانەم بەدەستەوە مابوو، ڕەزی ترێ سپی، ترێ ڕەش، باخی هەنارو سێوو هەنجیرو.. ئاخ.. پێم وابوو هەناسەو برکی هێند تاڵ و بەکەسەر هەن ڕوحی پیاویان دەگەڵ دەردێ.

بەلام من روحی خۆم دەبین ئەو بنکە هەنارو ترێیانە نابوو، روحی خۆم دەنێو تۆوەکان دەشاردەوە. بەنێو بێستان و ڕەزو کەلێنە بەردو خۆڵم دەکرد. هەموو ساڵێ هەر هێندەی بەفر ڕەش دەبۆوە، لەبن گا بەردەکانی سەرێ، لەکەلێنە بەردی قەڵشیورا، لاسکەکی کەسکی ڕێ ڕێی ورد هەڵدەکشا گۆپکەکی خڕی خونچەی پێچراوەی لەسەر بوو، روحی من، زیندویی‌و تین و زەین و هێزی من دەنێو ئەو گۆپکەی دابوو، دەمزانی کەنگێ دەبێتەوە، بۆمن ڕێژنە بارانی ژیان بوو، دەبوو خۆم لەبەر هەڵخستبا، ڕێژنە بارانی ژیان دەنێو ئەو گۆپکە ئاوسەیدا دەهەژا، هەڵدەچوو، ڕۆژی هەزار جارم تەماشا دەکرد، هێندەی دنکە تۆزەکی زیاد کردبا، دەمزانی، هێندەی موەکی جوولابا دیاربوو، کەدەگەییە کاتی خۆی هێندەی تەونی جاڵجاڵۆکە تەنك دەبوو، ئەو شەوە لەگەڵ ئەو شاخ و چۆم و گابەردانەدا ڕۆژم دەکردەوە، هەرکە نۆبەرە گزنگ بەسەرماندا رادەبرد، خونچە ئاوسەکە هەڵدەچوو، باڵی دەکرد، دەبووە کەفێکی سپی سپی خۆی لەدامانی ئاسمانی دەخشاند.

بەلێواری گزنگێکی زەرد زەرد دا دەهاتە خوار. کەفە سپیەکە بەسەر گابەردو شاخ و دێو مرۆڤدا دەرژاو گزینگەکەش دەنێویدا پێچی دەخوارد.

لەو کاتەدا ئەو دنیایە حەوت جار دەشۆرا، حەوت هەناسەی دەدا، لاسکەکەش حەوت پەلکی سپی دەردەکرد. بنکەی هەر حەوتیان لەو تنۆکە گزینگە دەچەقی کەبەسەر لاسکە سەوزەکەوە گیرسابۆوە.

**یەکەم چلە نێرگز هەموو ساڵێ ئاوا دەبۆوە، ئاوا دەپشکوت، بەیانیانیش هەر کەخەڵکی دێ چاویان هەڵدێنا هەستیان بەبارینی نوورو روناکیو گزینگێکی نوێ دەکرد، باق و بریقێك وەك تیشکە جۆگە بەسەر گونددا دەرژا، حاجی لەق لەق بەنێو ئاسمانی شۆراوەو پر نوور دا، پێ بەخەنەو دەنووك سوور دەهاتن، لەلاچەپەکی دێ باڵی کراومیان رادەگرت، باڵیان درێژو گەورە، دەنێو قوچە بەردان، دەنێو سپیدارەکان جێیەکیان هەڵدەنا، باڵیان جووت بۆ سەرێ هەڵدەکێشاو ملیان دادەکێشاو لاق و قونە جوڵەیان شۆر دەکردەوە، تەق تەق دەنیشتن. ئاسمان هێند بەبریق! دەنکۆکە تۆزێك، تەمە خۆڵەکی پێوە دیاربوو.**

دەنگێکی گڕی بەدرك نێو خەڵکەکەی قەلاشتەوە، شتێکی دەگووت، هەرچی گووتبایەك بوو، بەپێلاوە قورسەکانی بەنێو خەڵکەکەدا دەهات، کەتەیەکی ڕەشی ورگن پێی لەلوولاکی ڕەق وتەقی پیرێژنان دەنا، هەموو وەك بەرد بێ جووڵەو هەناسە، گوێت لەشەقەی قامچی دەبوو، دەتگوت بەتاشە گرنەکی دەکەوێ، بۆجێ قامچیەکە

تۆز قالێك سوور دەبۆوە؟ ئەو ساتانە خوێنیان لەبەندەنی دا نەدەما، یان ڕەنگی خوێنیان سپی هەڵدەگەرا، نووڵاکی مام سەعید وەك کۆتەرە دارێك لەهاتن و چووندا پێیان لێ دەنا، پڕە لووڵاك ئێستاو ئێستاش هەڵنەکشاوە، هێندێکیان ورتکە سەموونی ڕەق لەوێ هەڵدەرشت و وون دەبوون. کەس جوولەی نەکرد. بەرد هەناسەیدا ئەوان نا.. ئەگەر بیورێکی لەتاشەکی دەی بریسکێکی لێ بڵند دەبێ، دەنگێکی لێ دێ، تەڵەزمەکی لێ دەبێتەوە، نەك بیورێك سەد بیوریان لێدا بۆ نوزەکیان لێ دێ؟ هێندەی مووەك دەبزون؟ پیرێژن لەتکە سەموونەکی ڕەقی شین هەڵگەراوی دایە دەست، لەزاری نا، هەتا تۆزەکی بەلیکی لێ دەخوسان هەموو پوکی دەبوونە خوێن، خوێنێکی مۆر بەلێوی قەڵشاوی وەردەبوو، پیرێژن، ئەگەر لویچە ئاوێکی وەگیر کەوتبا قەتی مام سەعید تووشی ئەو سەغڵەتیەی دەکرد؟

هەر وەك لەمێشکی پیرێژن دابێ گووتی،

ـ کچێ ئاوی چی!؟ هەمووی سووتا ئێستا خۆڵە مێشی ڕەگە مێوی سووتاو وەك کیفە مار بەسەر پشت و ناو بەردان داکشاوە. گر لەتەپڵە سەری دار گوێزەکان وەك شڵ نەمام لە بەر کزەبا دەلنگێ. دارهەنارە ناسکەکان زوو دا دەمرکێن. لەبەشی خواری یان تەراییەکی نەرم دەمێنێ، گر هەموو شت دەسووتێنێ.

درەختەکان هەموو دسووتێن، ڕەش هەڵدەگەرێن وەك قەترانی ڕەشیان لێ دێ بەڵام ناکەون بڵند، باڵا، بەدەماخ قیت ڕادەوەستن، بەرگی ڕەشی دنیا لەبەر دەکەن، لەنیوە شەودا تارمایی دارە ڕەشەکان دەبزوون، سەر بۆ نێو کۆشی یەك شۆڕ دەکەن، ناڵینێکی بە ئاستەم، نزم، قوڵیان لەسەر بڵند دەبێ، نەرمە بایەك سوتوە ڕەشەکەی سەریان ڕادەماڵێ، لەسەر و چاو ولووتی پاسەوان و جەندرمەکانی هەڵدەسوێ، هێندەی دەیسرنەوە ڕەشتر دەبێ. تاریك و روون هەر هێندەی سەر وچاوی ڕەسی یەکدی دەبینن، دارەکان دادەگرن، شێتانە تێیان دەکەون بەنێزەکان هەڵیاندەدرن، هەر هێندەی دەروونی سپی وپڕ ڕیشاڵ وزیندووی دارەکان دەبینن، جووڵە وژیان و جوانی دەبینن هەڵدەچن، گردەگرن، مووی سەریان وەك دەرزی ڕاست دەبێتەوە. خاکێك پێی شووم و ڕەشی ئەوانەی بکەوێتە سەر نابێ لە مردن و ڕق و سووتان چیدی لەسەر بڕوێ، کەسەر هەڵدەبرن دوور، لەو شوێنەی خۆری لێ بڵند دەبێ، دەنێو لووتکە دوورە کانرا چڵ و پۆپی درەختە کە سکەکان، گەڵا بە بریسك وتاوتاو بەباق وبریقەکان دەبینن. لەشیان دادەهێزرێ، ئەژنۆیان دەشکێ، لە پیاوەتی دەکەون، چۆك دادەدەن، دەکەونە سەر خۆڵەکە بەڵام قەت بووە ئەو خۆڵە، ئەو تۆزە وردە، هەست و هەناسەی دووکەسی لێ تێك چێ؟ ئەوەی هەناسەبدا دەیناسێ، جێ

چرنـوکی دێله سەیـەکـەی دایکیشیان بەسەر رووی ئەو زەویەوە تائێستا سارێژ نەبووە، روو دەکا بەو دیودا نەکا هەناسەی ئەوانەی بەسەردا بکشێ.

هەندێ جار پیرێژن وای هەست دەکرد مام سەعید قسان دەبزرکێنێ، خەڵکەکەش دەنێو دنیای مامەدا وون دەبوون، گێژە لووکەك تێرە لێکی سووره وەبووی وەسەر کردن. هەناسەیان توونـد بوو، گێژلووکە «حەسەن تاسەی» لوولدا، پێچی دا، بردی لەوێ، لەوگۆرەی فرێ دا، پشتێنێکی لم وقوم وەسەرکرد. هەموو پڕیان دایە، دەریان هێناوە، زاری بێ دەدان و قوپاوی پڕ بوو لە لم، تەکاندیان، خواریان کردەوە، دەست وپێیان جووڵاند، یەك دوو نیوە هەناسەی دان، چاوی بەسەر هەموان‌دا گێرا، لەسەر پوور خاتوونێ گیر بوو بەنووزە گووتی:ـ

ـ گەردنم ئازاد کەن، دەبوو وابوایە؟ نەشاخ، نە سەوزایی، نە ئاو، ئەو روحەی وە دەست کێ دەم؟ نە تۆزە گڵێ... ئەو زاتانە چۆنم گەردن ئازاد دەکەن؟! هەر گا بەردەکی، هەر تاشەکی هەر چنگە خۆڵێکی بگری هێندەی مووی سەری هەموانی قەرز دارم. بێ جووڵە لە دەوری حەسەن تاسەی ئاپـۆڕیـان بەستبـوو، پشتـە سەریان هەڵی لێ هەڵدەستا، ئارەقەیەکی لینجی چەور لە هەموو بەدەنیان شۆڕ دەبۆوە، گڕێکی سوور بە قرچە قرچ لەئاسن وتەل و چیمەنتۆ دەپرینگایەوە ولەسەر وچاوی ئەوان دەئالا.

حەسەن تاسە چاوی لە ئاسمان بڕیبوو نەیدەتروکاند، پارچە هەورێکی چووك، هەرهێندەی مەلۆتکەك، بڵند، سپی دەبریسکاوە، تەیرە کوێستانیەکی لەپشت ڕا پەیدا بوو، تەیرێکی وەك دوکەڵ، پەڕ ووردی و دندوك قنج، دەنێو بۆخەی ئاسماندا خەریك بوو برشی هەڵێ، دادەکشا، حەسەن تاسە چاوی لێ نەدەتروکاند، ڕەنگی چاوی تێکەڵ ببون، چەندی پێ چوو..زۆر..کەم.. دوو کەڵێکی لە چاوان بڵند بوو، تەیرەکە وردە وردە هەڵکشاوە، گێژە لۆکێك تێکەڵ هەورەکەی کرد، دوای تۆزێکیش هیچیان نەمان

تاوێـك بوو حەسنْ گیانی دابوو، زەردەیەکی بێ ڕەنگی لەسەر لێوان بوو،کەس نەگریا، مردنێکی بێ فرمێسك، هەریەکەو لە پەنایەك هەڵکوڕما، بێسرتە، پوور خاتوون دەستی بە هەنیەی دادەهێنا. هەستی بە تەزووی مەرگ نەدەکرد. مەرگ قورسایی خۆی وەلانابوو، سووك و بێ سەنـگ بە سەریـاندا دەکشا، یان ژیان خەون و خەیاڵی دێژ هەڵگەرا بوو. لەگیانی ئەواندا ئەو دوو دنیایە تێکەڵ ببوون تاڵێك بەینی نەدەکردن.

چۆنی بشۆن؟ کفن و دفنی، ئەوە دوازدە ساڵە حەسەن کفنی خۆیو خاتوونێی لەحیجازێ ڕاهێنـاوە، بەدەوری گۆڕی نازداریدا سێ جاران خول داوە، ئاوی موبارەکی لە سندوقی بوراقـدا تەقـەت کردوە، هەتـا ئێستـاش بۆنی ئاوی موبارەکی هەر لێدێ. هەر دەرگای سندوقێی ترازاندبا، بەلای ڕاستدا لەسووچی سەرەوە لەبن هەموو شتانی دانابوو، لە قووماشێکی سووری نابوو نایلونێکی تەنکی شینیشی لەسەرەوە لێ پێچابوو. ئەو دەمی خەیاڵی مەرگ پشووی سوار دەکرد... لەسەر تاتێکی ڕەقی نیو پێی درێژ دەکەن، ئاوی پێدا دەکەن، هەڵمێکی کتوپڕی چڕی لە سەر بڵند دەبێ، ئاو بەکوونە کەپووی داتێدەپەڕێ و

نێو چاوی‌دا ڕادەوەستێ، چوار پەلی تەقەی لە دارە مەیتەکە هەڵدەستێنن.

ئێستا ئەو کفنە سپی‌و سۆڵە نەرمترین ئارامگەیە.. وەك منداڵێك لە شەوی چەژندا بێت بەتاسەوە چاوەڕێ دەکات.

کام کفن؟ کام سوتوو؟ تەنها وێنەی سووتاو و ڕەش هەڵگەڕاوی بووراقی سندوقەکە ماوە، کفنە نەرم وسپیەکەش وەك سوتومکی ڕەشی سەروکەللەی بوراقی باڵداری شار دۆتەوە، بوراق وەك دێو جامەی ڕاوکەرێکی درندە کەوتۆتە ژێر ساپیتەی رووخا و خۆڵەمێشی دنیا... لەو ڕۆژەوەی بووڕاقیان خوێنیان لێ ڕژاند تابتلیسێتەوە وەك هەویری لێ بێ.

حەسەن تاسەو عەولای دۆلێ وگاشینت و چەندانی دی مردن... تەرمی مرۆڤ لەبەر دەستیان گەلاڵە بوون، بەرگی بەریان وەك چەرمێکی ڕەق لێ ئالا بوو. دێراوی هەنیەیان چیدی پڕ ئارەق نە دەبوون، جەستەیان قامیش هیشکتر.

بە دەستان با، بەنینۆکان با، بەبژۆڵی چاوان با، دەبوو چاڵێکیان بۆ هەڵدرن، ئێستایان وەبن لمی دەنان تاوێکی دی شێتە بایەك سەر ماڵی دەکردن و قۆپچەی کورتەکیان و نینۆکی قامکە گەورەیان لەبەر هەتاوێ دەبریسکانەوە.

پوور خاتوون نەیدەزانی ئەو قۆپچە ڕەشەی نێوەڕاستی کورتەکی حەسەنی چەند جاران لێناوەتەوە. لە کورتە کۆنەکی هۆمەرێ کوری کردبۆوە.. هۆمەر هەر ئەو قۆپچەشی لێ بەجێ مابوو.

ئەو بەیانیەی دوکەڵ و بۆنی مردن و گورگ پێکەوە سەریان بەدێ داکرد، هۆمەر تازە لەگابەردە ڕەشەکانی ئاوابیوو، چ خەم و کەسەرێك ئەو گابەردانەی هێندە ڕەش داهێناوە،.. دەڵێن؛ ئەوانە نەبەردن و نەشاخ. ئەوانە مرۆن، مرۆی گەرم و گوڕ.

قسەی چ سەردەمێکە؟ دەڵێن؛ پاشایەکی زۆر دار تەنگ بەو خەڵکی پێ دەشت وگوندانە هەڵدچێ، ئەوانیش پەنایان بەو چیایانەوە داوە، ناپرژێنە سەر هیچ، بەفر و باران هیلاکیان دەکات، هەموو تێك دەچزێن، دەچنە نێویەك، پەراسویان تێکەڵ دەبن، پشتیان پێکەوە دەنوسێ، هەناسەی بە پشتە ملی یەکدا دەکەن، هەتا تووشتر دەبێ زیاتر تێکەڵ دەبن، زوخاوی یەکدی یان بەسەردا دەڕژێ، هەر بەفر دەچێتەوە، پاشا بە دوایاندا دێ تاقە منداڵێکیش نابینێ، نوزەیەك نابیستێ، دەڕوانێ، چ دەبینێ؟ ئەو گابەردانە چن؟ ەپەنایان هەست بەگەرمی و هەناسەی مرۆ دەکرێ، چاویان لەسەر ڕاناگوێزێ، دەبزون ەك ئەوەی هەناسە بدەن، ڕادەمێنێ، ئەوە دەستە لەشتێك ئالاوە! ئەوە بە پشتدا ێکاوەتەوە، چاو و گوێ و... هەمووی لێك جیا دەکاتەوە. دەستیان لێ دەدا هاوارێك، ەدان هاوار، هەزاران هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە، هەتا دێ و گابەردەکان ڕەشتر دەبن، ەڵام کە هۆمەر لێیان ئاوا بوو هێندە و هێندەی دیکە ڕەش هەڵگەڕان، ئاخ ئێوەش بوویانە ابەرد نە دەمردن. نەکەسیش دەیتوانی بتان جوڵێنێ.

بۆنێکی توونـدی قورس لەنێو بۆخەی هەوادا نەفەسی دەگرتن، هەر کەس بەرێ

دادەبرێ، نەتێکەل خۆڵی بۆندار دەبێ، نەقەتیش پنچکە گیایەکی لەسەر شین دەبێ، بالا زەلامێکیان لم لەسەر ڕوکە هەر بەینێکە، دادەشۆرێن، لوولاکی ڕەق و قەپرغەی قوپاویان وە دەردەکەوێتەوە. لێرە ژیان لەسەر ڕمان بەندە! ئەوانەش لە ڕمانی خۆیاندا بۆ تەوس کردن بە ئاسمان هەڵدەشاخێن.

پیرێژن لەپەنا مام سەعید هەڵکورمابوو، هەر دوو باسکی دەژنۆی ئاڵاند بوو، مەچەکی بەپێستێکی مۆرز هەڵگەراوی بە چرچ داپۆشرابوو هەتا نەهاتبوونە ئێرە هەرگیز هەستیان بە پیری یەکدی نەکرد بوو، نزیکەی نیو سەدەیە هەناسەیان تێکەڵە، ئێستاش کە تەماسشای چاوی دەکات نەرمە شەرمێك سرکە خەیاڵێکی دەوروژێنێ، خەیاڵی ئەو دنیایەی تەمەن ڕادەگرێ، تەڵنحر نەرمە تۆزی ڕۆژگار دەسڕێتەوە. مام سەعید لەو بیرانە دابوو دەنگە گرە بەدەرکەکە لەهەستی چەقی. چەتەوڵێك خەیاڵ و هەست و نەستی سڕینەوە.. دوو لێوی ئەستووری قەڵشیو دەدانە ڕەش و کرمێیەکانی دەشاردنەوە، دارێکی لووسی بەگرنجی دەبن باڵی بوو.. مامن سەعید دەستێکی لەسەر شانی پیرێژنەکەی داناو قیت بۆوە، ڕێك ڕاوەستاو ڕووی لەدەنگە دەرکاویەکە کرد.

- ئێوە موسڵمانن؟

- بۆ!؟

- موسڵمان مردو چ لێدەکا؟

دەستێکی بۆ تەرمەکان ڕاداشت.

زلێکی توندی لەبنا گوێی مامە سرەواند، مامە هەر مووشی نەجووڵا، گووتی:-

- بەختی کەچمان دەبوو ئەوەشی دیبا، ئەگەر فەرزەندی ئادەم بان شەرمتان دەبوو؟

لەچ کوڵە سەیەك کەوتوونەوە؟

. بەهەموو هێزی دارێکی لەسەری مامەدا، پارچەی دارەکە کەوتە نێو خەڵکەکە، خوێنێکی گەش فیچقەی کرد، یەك دوو دڵۆپ بەلا ڕوومەتی هەڵوساو ڕەشی کەوتن و بەهێڵێکی نارێك دا چۆران. جۆگەلە خوێنێکیش بەبن ڕیشە بەفرکەی مامەدا داکشا، هێواش وهێواشتر بۆوە. لەبن ڕیشیەوە هەندێکی تك تك چۆڕابە نێو کەلێنە قامکی درێژو رەقی پێی. هەموو وەك لەبەردبن، وەك لە تاشیان داتاشیبن، نووزە هەناشەشیان نەدەدا، دەنگە بە درکەکەش تاسابوو. پارچە دارەکەی نێو دەستی ببووە ئاگر، هێندەی ئێویت قورس بوو، لە قەپرنەی مامەی کونتاو گورج سوورایەوە، بەڵام کە هەستی کرد دارەکە ڕۆنەچوو، وەبەر گۆشت و لەشی نەرمی ئادەمی نەکەوت، هەر پەرۆویشتنەوە خێرا ملی بەرەو مامە باداوە، خوێنی نیوە مەیووی لاجانگی دی. وای هەست کرد، شاخ و دەربەندو زینوەکانیشیان دەبێ دەمارە خوێنی وردیان تێدابێ.

ئەگەر ئەو لم وتۆزوقوومە هیشکەش وردە دەمارەکی تێدا بایە لەمێژ بوو مامە ببوە قوچە بەردێکی سەر بە گوڵینك و حاجی لەق لەق مێزەردەکەی سەریان کرد بۆ هێلانە. تەمێك

بەسەریاندا هەلکشا بوو، هەزار ، دوو هەزار چاو لەمامە رامابوون، بێ هەناسەو جوولە قیت راوەستابوو، نەقەت پشتی کوم بووەو نەکومیش دەبێ، تەمی زەردی تەمەنیش بەسەریدا هەڵناکشێ.

پیرێژن بە پایزەوە لەرووی روانی وەك سەر لەکەرتە شاخێك دا، رووی ببووە بەردێکی گرن گرنی بەگرێی بێ رەنگ، چاوی لەدوڕ چاوی بڕی، دوو چاوی مەیووی رەنگ تێکەڵ، رۆهاتە هەر دوو مەچەکی: ــ سەعید... سەعید...

دەنگێکی قووڵ بەسەدا وەك دەبن بارستایی شاخ و کەڵێنە تاشانرا، رەوان وەك ئاوی روون هەڵرژێ، دەپژا نێو خەڵکەکە، ئەو دەنگە دەنێو گیانی مامەدا سەدای هەبوو، سەدای رمانی چیاو گرگرتنی دنیا، دیسان هاواری کردەوە...

ــ سەعید.. سەعید..

لەهەردوو باسکی ئەوی بوو وەك کوتەرە داریکی، دەماری هەموو ببوونە یەك، لەشی کرژ ببوو، ببوە یەك پارچە، هەمووی لێ رۆهاتن، هەروابێ ئەوەی بچەمێتەوە پالیان خست. دەبوو دڵی لێدا بەلام نا.. دڵی لەهەموو جێیەکی رەقتر بوو...

چێشتەنگاوێکی درەنگ بلدۆزەرێکی زەرد دەنێو لم و قووم دا گرەی دەهات خەتێکی درێژی بالا زەلام قووڵ، بەدەوریاندا لێدا، یەکە یەکە تەرمەکانیان تاو دانێ، تەرمەکان سەریان بە پشتدا شکابۆوە، قژیان تەکە تەکی بوو، وردە لمیان لێ بەردە بۆوە روویان بەلمێکی ورد داپۆشرا بوو، بوور خاتوون لمی سەر رووی حەسەن تاسەی لادەدا، قومی نێو برۆیەکانی دەکراند، لەژێر قامکانیدا خشەی دەهات، تاکە شتی زیندوو بریسکەی قۆپچە رەشەکەی کورتەکەی بوو. هێندەی قامك رێخشاند بوو، باق و بریقی بوو، تەرمەکانیان داپۆشی، لەکەیان وەسەر کردنەوە، بەپێیانیان شێلان.
هەموو دەنێو بۆخەی هەوادا زەرد هەڵگەرابوون.

١٩٨٨

قەلادزێ

# «گرەو»

## ساڵح محەمەد ئەمین

بەر لەوەی دەستی بە گیرفانی قەمسەلەکەدا بکات و ئەو پارەیەی مەبەستی بوو دەربهێنێ، گرمەیەك رایچڵەکاندو بێویستی خۆی یەك دوو هەنگاوێك کشایەوە، رەنگی هەڵبزرکا، دڵی کەوتە پەلە پەل و چاوە زیتەکانی لە دەرگای چادرە بەنایلۆن دروستکراوەکە بری. دوای ساتێك وەك یەکێك پەلی گرێت و رایتەکێنێ و بەرەو لای قەمسەڵەکەی بەکێش بکاتەوە، بەرەنگە زەرد دا گەراوەکەیەوە، زۆر بەخێرایی پڵنگ ئاسا، شاڵاوی پێبردەوە، ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو دەستی بە گیرفانە دیاری کراوەکەدا کردو پەرە کاغەزەکەی لێ دەرکێشا، زۆر بە ترس و لەرزەوە ئاخنی یە گیرفانێکی پانتۆڵە «کاو بۆی» ەکەی بەری، بەدەم ئەوەشەوە گورج لەبن نایلۆنەکە دەرپەڕی.. ئەگەرچی دڵنیایی تارادەیەك رووی گرتەوە، بەلام واش هەر چاوە زیتە بچکۆلە رەشباوەکانی بەدەوری خۆیدا دەگێرا، کەزانی ئەو ناوە تەواو چۆڵەو کەس هەستی بەدزێتی یەکەی نەکردووە، بزەیەکی ژاکاو سەر لێوی کەوت:.(بە هەموو ئەقڵی خۆی وای بۆ دەچوو کە نەزانم ئەو چەند دێرەی لەبارەی منەوە نووسی و ئاخنی یە گیرفانی. جا ئەیستاکە گەرایەوەو دەستی بردو نەیدی یەوە، ئەوسا لە زیرەکیم دڵنیا دەبێ.. کورێکی چەند سەیرە، دەیان دەرفەتم بۆ رەخساندووە تاچی لە دڵدایە بیدرکێنێ، کەچی هەروەك لەتەك ئەویشما نەبێ وایە، خۆی گێل دەکات، چەند جار وا خۆم دەرخستووە کە دوور لە خەڵکم و گۆرانی «یەکەم هەنگاو هی کورم بووە» م بە گوێدا داوە، کەچی بزەیەك چی یە رووی نەگرتوتەوە، بەڵکو نەوەك هەستم بەنزیکی ئەو نەکردبێ، لێم کشاوەتەوە تا شەرمەزار نەبم! بەلام لە بنەوە زۆر بە ووردی سەرنجە.پڕ ترسەکانیم دەخوێندەوەو لێشیان تێدەگەیشتم.. لەم«دە» رۆژەدا، کە ساتێکی چی یە بەبێ کارەسات زانەبردووە، بەقەدەر هەموو ئەو چەند ساڵەی دراوسێتیمان ئەبێ لێ حاڵی بووم و هەستم بە نزیك بوونەوەی کرد.. لەمێژە هەوڵی شڵەقاندنی ئەو گۆمە دەنگە دەدەم ئەویش بەوەی قسەمی بکاتێ و ئەمە خوایە بەوە ئاماژەیەکی من بکات و ەوتی ئاسایی خۆمان بگرین، بەلام من وێرام لای کەسانێکی کارامەی وا کە لەکاکڵی قسەکانم بگەن بیدرکێنم. نەئەویش توانی دەمامکی شەرمنی یەکەی داماڵێ.. دەی بلاوابێ!.. پێدەچێ ئاتەمرۆ خۆشەویستی یەکەمان نەخەملێنێت کێ دەڵێ ئەم رۆژگارە ئازاری بەرەزانی هاتبە دونیای ئەو نی یە!.. تۆ بڵێی هەموو ئەم خەڵکە، ئەم حەشاماتەی کەبەر لەبیری پاککەوتەی نارجێکاوە گیرۆدەیەتی تا دەگاتە ئەو ئافرەتانەی سکیان لەبەرۆو سەعاتی خۆی دایە، بەشداری سوێی ئەو بەرە ژانە بێن؟.. وەنەبێ من وەك ئەو شەرمم لێبوبێتە دەعبایەکی ترسناك و جوولەی لێبڕیم، بەلام ئازانم بۆ گرەوی ئەوەم لەتەك خۆمدا کرد کە دەبێ یەکەم هەنگاو ئەو بێنێ و من پێشوەخت هیچ شتێکی وا نەدرکێنم.. باشە کەمژە ئەم

گرەوە بۆ؟! نازانی بەسەدان جووتەی وەك ئێوە، بەهۆی بۆ چوونێکی پووچەڵی واوە بوونەتە قوچی ڕۆژگارو هەموو تەمەنیان لەناو کڵپەی گڕی پەشیمانی دابەسەر بردووە؟!.. ئەوەتەی فامم کردوتەوە، لەم کێشەیەدا وابیردەکەمەوە کە یەکەم سەرنج مەرجێکی سەرەکی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە، دەمێکە ئەو نیگایەیم لە قافدا گرتووە، بەڵام بوارێکی وا نەڕەخساوە مەبەست بۆ یەکتری بدرکێنین.. ئەو جیاوازییە کەمەی تەمەن و قوتەخی خوێند نمان و شەرمنییە لەرادە بەدەرەکەی ئەو بەتەواوی لێکی دوورخستبووینەوە.. ئەی ئێستا بۆ کوێ دەردەچێ؟ بەوخوایە بستێت بەقەرز نادەم و لەدەستم دەرباز نابێ، دەبێ کارێکت پێکەم نەك هەر دەمامکی شەرمنییەکەت لەڕوودا ماڵم، بەڵکو شەرمنییەکە خۆشی نەزانێ چۆن چۆنی لە دەستم هەڵبێ!!.. ئەو کورە هەر کە خوێندنی تەواو کرد، ئیتر کەس نەیزانی زەوی قووتی دا ئاسمان هەڵیکێشنا، ئەو ون بوونەی ون بوو، تا ڕۆژی وەیشوومەکەو لەسەر ئەم ڕێگە جەنجاڵەی خەڵکی و ئوتومۆبیل میرووڵە ئاساو پڕبەپڕی پانایییەکەی ڕیچکەیان بەستبوو، هەرتاو نەتاوێك لێزمە باران دەیشتتەوە کەس نەیدیی‌یەوە، نازانم لەو کاتەدا خوای گەورە چۆن چاوێکی ئەفسووناوی بەباوکم بەخشی لەو ڕۆژی حەشرەدا بەدی کرد، بانگی لێکردو خۆی و دایکی سوار کرد، تا ئەو ساتە کەس نەیدیبوو، تەنانەت لەو سێ چوار هەفتەیەشدا بەدیار نەکەوت کە زۆربەی سەر هەڵگرتووەکان پەیدابوونەوە، کەچی ئەو شوێنەواری نەبوو. دوای دە دوانزە سەعات ڕێکردن کەڕێگەی بیست دەقیقەیەکی ڕۆژانی ئاساییمان برییبوو، لەپڕێکا باوکم هاواری لـ ـەستاو هەردووکیانی بانگ کردو ئاخنینییە ناومانەوە.. باوکە گیان هەموو ژیانت هەر چاکە بووە، بەڵام بۆ ئەمەیان ئەگەر هەموو تەمەنم بۆ کارەکەریت تەرخان بکەم پاداشتی ئەم «دە» ڕۆژە نادەمەوە، چۆن دە ڕۆژێك؟!.. ناهەموارترین و ناوس بەهەزاران کارەساتی وا کەدوا ڕۆژ مێژوو خۆی بەشەرمەزارییەوە بۆ وەچەکانی دوای ئێمەی دەگێڕێتەوەو دەشیکاتە پەڵەیەکی ڕسوایی بەناوچەوانی هۆکارەکانییەوەو لەئێستاشەوە هەتا هەتایە لەنەفرەتی مرۆڤایەتی بەولاوە هیچی دی بەڕوویاندا نادرێت.. لەو «دە» ڕۆژەی کەتەخۆشی و تووشی و پشێوی و مەرگە سات و بگرە بەهەزاران مەرگی ڕاستەقینە لەتەك تنۆکە ـکە تەرزە تەزینەرەکانی دادەبارین.. کەچی دونیای من جیاواز بوو، گەر ئەوەکەی خۆمم ـایا پێدەخواست، دونیایەکی وام بۆ ڕەخسابوو کەبەم ئافرەتییەی خۆمەوە زۆربەی کارەساتە بیرەکان بۆ ساتە وەختێکی کەم نەبێ شوێنیان لەدڵما نەدەکرت. ئەگەر چی بەسەرهاتەکان ببوونە هاتی ناو زەریا، گەورە، بچووك هەڵدەلووشی و شوێنەواریشی نەدەهێشتەوە، کارەسات چەندە کەتەو زەبەلاح بوایەو بەدەیانی لەخۆی بچووکتری قووت دایە، بەهۆی نزیکیم لەمەوە زوو لەووردە فرمێسکی چاوما دەتوایەوە، مەگەر زوخاوی ئەوەم بچەشتایە کەناسۆرەکەی لەگلێنەی چاوی ئەودا خپ دەبوو.. چاوی ئەو! ئای لەو چاوانە چۆن جووتە چاوێکن؟. ـووچاوی وان لەیەك کاتدا ترس و دڵنیاییت پێ دەبەخشێ، ئەو جووتە چاوەی خوا بەوی داوە تایبەتین. ووتم گرەوم لەتەك خۆمدا کردووە کەدەبێ «یەکەم هەنگاو» هی ئەو بێت، بەڵام ڕاستم نەکرد، چونکە گەلێ جار بڕیارم داوە بچمە لای دڵی بۆ واڵا بکەمەوە، کەچی هەر ئەوەندەی تیلەیەکی چاوی تێدە بڕیم، ئیتر سامێکی وام لێدەنیشت کەنەك هەر مەبەستەکە بەڵکو خۆشم لەبیر دەچۆوە، بۆیە ناچار بەپەلە پاشەکشێم

لیدەکرد.. لەم یەك دوو ڕۆژەی دواییدا ڤیروسیام کردو چوومە لایەوە، سەیرێکی کردم و چاوی تێبڕیم و وتی: «من لەزمانی چاو ناگەم، کەچی پەژارەو ناخۆشیوا لەناو ئەو هەڵاتە هەمە چەشن و جۆرانــەی، تادوێنێ بەلامەوە بێ گیان بوون، ئێستا نەك هەر بەزیندویتی دەیانبینم، بەڵکو لێم بوونەتە کتێبی وا وەك بەقەڵەمی نووسەرێك دارێژرابن کەهەزار ساڵی دی بێتە کۆری نووسینەوە، خوێندنەوەیانن لەنووسینی کەڵە نووسەری ئەم سەردەمەی دونیا ناچێ، چونکە ڕاستگۆیی یەکی وایان تێدایە کەهەموو وشەی ئەم ڕۆژگارە بۆ نووسینی بەکار بهێنرێ هەزار یەکی دەرنابرێ!!»

بەهــەڵم زانی وتم: «هــەمــوو چاوێك دەخوێنیتەوە؟» سەیرێکی کردم، بەڵام چۆن سەیرکردنێك، هەرچی مەبەست و مانایێ تیایدا بەدی نەدەکرا، بۆیە زوو لەوەڵامەکەی گەیشتم ئیتر منیش لەبری ئەوەی گوێ بۆ قســەکانی شل بکەم، وتەکانی ناخێم دەبیست: «من چاوە تۆقیوەکانم مەبەستە، ئەوانەی هەر ڕێك وەك لەڕۆژی حەشردا بن وایە، ئەی نالێن لەو ڕۆژەدا، نەکورو نەماڵ هیچ شتێك بەفریای کەس ناکەوێت، باوك و دایك، سەر جەرگی خۆیان ناپەرژێت، بڕا توانای بەتەنگەوە هاتنی خوشك و لەخۆی خوارتری نییە، بێدەسەڵاتان هەڵپەی خۆهەڵواسین و دانەبڕانیانە لەکەس وکارە بەتواناکانیان.. تەقینەوەی پەژارەی ناو چاوی ئەو باوك و دایکە دەبینم کەمنداڵەکانیان لەرەشکەی بەسیم هەڵواسراو دەپەڕاندەوە ئەوبەری ڕووبارەکە، بەڵام گوریسی ڕەشکەکە بەگەرمی خشاندنی سەر سیمەکە پساو، لەناوەندی ڕووبارەکەدا بەریدانەوە، ئەویش وەك دەمێك بێت خۆی بۆ ئەو نێچــیرە ناسکـۆلانــە مەلاسی دابێت، هەر یەکــەوتنیان گێژی دان و بەلرفە لرف پێش خۆ دان، بەجــۆرێکی وا کەلەســاتــەوەختێــك دا کەس نەیــزانی چۆن چۆنی هەڵیلووشــین و شوێنەواری نەهێشتن، مەگەر هەر مەرگ دوا نیگای ئەو قۆچانە لەچاوی باوك و دایکیان دا بسرێتەوە.. بڵێسەی ئەو کڵپە نادیارە دەبینم کەلەچاوی دایکە هەش بەسەرەکەی دوو ڕۆژ بوو کۆرپە ساوا بێگیانەکەی ببووە چاوگی گەرما بەخشین بۆی، تازە ژنێك پێی دەڵێ: (دادە گیان ئەگەر کۆرپەکەت برسییەتی شیرمان لایە!، بەو کۆرپەی من هەرگیز برسی نابێت!) وەڵامی دایەوە. کەبرسێتیو سەرما زەیفی بۆ هێنــابــوو سەری بەهــەر کون و پەنــایــەکدا دەکرد لەپەرکردن و ـ نیمانە ـ بەولاوە هیچی دی نەدەبیست، کەچی ئێستــا ئەوەتا شیری بەش دەدەن..!! دوو دانە ڕۆژی ڕەبەق کەس پرکێشی ئەوەی نەدەکرد لەژێر چنگی دەری بێنێو بینێژێ، شەوانە لەکۆشی دەناو هەرچی پێی بڵێی ئاگا لەدەوروبــەری نەیــدەمــا، تەنانەت لەتاوە باران و تەرزەکان دا، مەگەر مێردەکەی پەتۆیەك یان نایلۆنێکی بەسەریا بدایە.. هەر کۆمەڵەو ئاگرێکیان دەکردەوەو بۆخۆ گەرمکردنەوە لەدەوری خر دەبوونەوە، بەڵام ئەو بەسزمانە مەلوتکەکەی لێ دەبووە کوا نوویەکی پزیشکێ، بەتینی ئەو بێ گیانە خۆی گەرم دەکردەوە.. سێیەم ڕۆژ دەمەو بەیان بێخەوی شەکەتی کرد، خۆر هەڵات، دەلاقەیەکی گەورەی لەهەورە تەڵخەکەدا کرد، تا ڕێ بۆ تیشکی بەتین و زێڕینی خۆش بکات و خەویش لەو بخات، باوکی منداڵە بێ گیانەکە لەیەکەم ساتەوە بۆ دەرفەتێکی وا دەگەڕا، لەبەر دەستیا هەڵگیرت و لەپــەنایەکدا خستییە چاڵێکی واوە کە دەرهەق بە زەمانە گۆڕبێت، تا ئێستاش ئەو قیژەیە لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە، کەبە ئاگا هات و دەستی کوتا منداڵە نەبوو، وەك چۆن گورگێکی زامدار

هاوەڵە برسی‌یەکانی شاڵاوی بۆ دەبەن و کەرت و پەرتی دەکەن، دەلوورێنێ، ئاوا قیژاندی.. یان چاوی ئەو باوکەی منداڵە گرۆکەکەی بە زەویدا کێشاو بەر پێلەقەی دا، خواو راستان خوێن گەرمێك لە کابرا راپەری و منداڵەی لە ژێر پێ و لیتەکەدا هەڵگرتەوە، داواکەشی کە پاکەتە پسکیتێك بوو بۆی مەیسەرکرا، باوکە بە چاوێك دەیروانی‌یە دەوروبەری کەلە بێودەیی و نەهامەتی و بێدەستەڵاتیدا نوقوم ببوو، ناچار ئەوەی کەنەیدەویست بیڵێ بەدەم جۆگە فرمێسکێکی پڕ لەقینەوە دەری پەراند: «هەرچی پێی بڵێن پارە لە گیرفانما نی‌یە، یەك دوو کەرەتیش پەردەی شەرمم دری و دەستم لەچەند کەسێك پان کردەوە پەریان کردم!!».. جا تۆ ورد بەرەوەو بزانە، ئەو زیندەوەرە بە هەست ودڵ پڕ لە سۆزە چۆن لەکاتی نائاساییدا، بەتایبەتی کەترس لەخۆی نزیك دەبێتەوە، درندەترین و دڵرەقترین بوونەوەری لێدەردەچێ. گەلێکم لەو رووەوە بیستبوو، بروام نەدەکرد، کەچی لەم سەرهەڵگرتنەماندا نەك هەر ئەوە سەلما، بەڵکو چنگێکی تریشی نایەبانی. ئەگینا لەچ کات و رۆژگارێکی ئاسایی دا ئۆتومۆبیلێك لەسەر شتێکی بچووك پەکی کەوتبێ و خاوەنەکەی هانای بۆ خەڵکی بردبێ بەدەنگی‌یەوە نەچوون و چی‌یان لەدەست هاتبێ بۆیان نەکردووە؟ کەچی ئێستا هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو، هەر کە چاوی لێ خافڵ کرا، ئەو خەڵکە مێروو لە ئاسا دەکەونە گیانی و ئۆتومۆبیلەکەش وەك قاڵۆنچەیەکی بێ ووزە قاوغەکەی نەبێ هیچی نامێنێ. چونکە لەم بارو دۆخەدا مرۆڤەکە لە ناخەوە بنکۆڵ بووەو بەرەو داڕووخان دەچێ، بۆیە گەر رۆژگارەکەشی ئاسایی بێتەوە ماوەیەکی باشمان بۆ هەڵچنینەوەو کۆك کردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤە شێواوەکانمان دەوێ!!..» هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: «تۆ دەڵێی چی؟» منیش کە تازە دەستم لە گەردنی ناخی ئەو بەردابوو، وتم: «بۆچی؟» وتی: «ئەی لەبەیانی‌یەوە قسە بۆ کێ دەکەم؟».. بەدەم زەردەخەنەیەکی راستی‌یەوە هاتمە گۆ: «نەتۆقیویکی وەك ئەوانەی لای تۆم دیوە، شەوێك تازە باران خۆشی کردبووە، لە ـ کوڕە کابرا چی دەکەیت؟ ـ راچڵەکیم، چونکە ئاسایی نەبوو، لەپاڵیا بووم. کەسی دووەم زۆر لەسەرخۆ، کە قۆڵی ئەوی بەردا، وتی: ـ ئەوە ماوی؟ بروابکە بە مردووم دانایت! بۆیە دوای ئەوەی جووتە پێڵاوەکەتم لە پێ داکەندی و بردم، مرخم لە قەمسەڵەکەشت خۆش کرد، کەچی کەویستم باڵتی لێ دەربکێشم، وا نەکەوتەوە کەمن بۆی چوو بووم!! ـ بەڵام بروات هەبێ گەر بەووردی لەچاوی ئەو خەواڵووت بروانیایە، ترسێکت تیادا بەدی دەکرد کە سەد ساڵی تریش بمرێ هەر لەو ترسەوەدیە!...» بەبزەیەکی شاراوەوە تێی روانیم و ، وتی: «فەیلەسووفە گچکەکە، بەسەرهاتی فەیلەسووفانەش نەبێ نایبینی.»)

لەبەر خۆیەوە کەوتە وەڵام دانەوەی سەرتاپای مەبەستە شاراوەکانی، ئەویش دوای ئەوەی دوو رۆژ رابوردو لەم کاتەی پەرە نووسراوەکەی ئەوی هەشاردراوە: «باشە ئەی بۆ بەهیچ جۆرێك لە خۆی نادوێ؟ بڵێی ئەوەندە مردوویێت هەرچی مانای ژیانی تایبەتی بێ لەدەروونیا نەبێت؟ دەبێ ئەم کوڕە چۆن چۆنی لە ژیان و رەوتی ژیان گەیشتبێ؟ بڵێی ئاگای لەوە نەبێت و دەرکی پێنەکات کە هیچ بارودۆخێك توانای ئەوەی نی‌یە لایەنێکی بچووکی ژیان رابگرێت و نەهێڵی بەردەوام بێ؟».. ئالەو کاتەدا خۆی خاوەنی دەستە جووڵاوەکەی نەبوو، بەڵکو بەویستی کەسێکی دی بەرەو حەشارگەی پەرە نووسراوەکە بۆوەو دەری بهێنا، خاوەنی راستەقینەی دەستەکەی پەشۆکا،

ترسێکی وا لە قووڵایی چاوی‌یەوە سەری هەڵدا. کەمەگەر لەچاوی نەخۆشە بێ تواناکانی سەر کورسی‌یە چوار چەرخی‌یەکاندا بووبێ، ئەوانەی کەلەو ڕێگەی هات و نەهاتەدا دەبوو کەسێك پاڵی پێوە بنانایە، تۆقینی ئەو جۆرانە زۆر لە ترسی ئەوانەوە نزیکە کە بۆ لە سێدارەدان یان گوللە باران کردن دەبرێن.. ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە شتێکی وای لەپەڕەکەدا نووسیبێ هیچ پێوەندی‌یەکی بەمەوە نەبێ. یان گەر هەشی بێ پێچەوانەی بۆ چوونەکانی ئەم بێت!.. هەر دوو گوێی کپ ببوون، وەك لە خەونێکی سامناکدا بژی و لەدەوروبەر دابڕابێت، نەك هەر هیچی نەدەبیست بەڵکو گشت هەستەکانی سڕببوون.. پەڕە کەوتە بەر چاوی بە خرمانی خاوەنی کاتی دەستەکە، پەڕەکە واڵا کرایەوە ئەمیش بەوترسەوە چاوی تێبڕی و کەوتە خوێندنەوەی: «بێ دەنگی تاکەی؟ ڕەنگە بژوات بەوە هێنابێ کە چاوی تۆم بۆ ناخوێنرێتەوە، وا نی‌یە.. چاوت پەردەی سینەمایەکەو زۆر بە ڕوونی نووسراوە حەشـــاردراوەکـانـــی نـاو دڵت پـەڕە بـە پـەڕە نیـشـــانـــی دەدات،

نهێنی ترینیـــان لام وەك ڕۆژی ڕوونـــاکە، بۆیە بێ دەنگی‌یەکەت لە خۆ خواردنەوە بەولاوە هیچ دادێکت نادا.. ڕوو بەڕوو ئەوەی لە دڵتایە بیخەرە سەر زارت.. ژیان پێنج و دوو ڕۆژێکەو جێمان دێڵێ، توانا تا سەر لە ئامێزی کەسدا خۆی ناگرێ. گەشی و جوانی دەژاکێن و هەڵدەبچرکێن. جابەر لەوەی لە دەست بچن و کاڵەك بە ئەژنۆ بشکێنین، با چی لە دڵتایە بیبیستم، کێ دەڵێ مەبەست ناپێکی؟ کێ دەڵێ پەپوولەی ئاواتەکەت تێرگوڵاو نابێت و گەشە ناکات؟ کێ دەڵێ، کێ دەڵێ؟»

بەدەم خوێندنەوەکەوە تا دەهات شادی ڕووی دەگرتەوە ترسەکەی دەرەوی‌یەوە، کە دوا وشەی پەڕەکەی بە چاو هەڵهێنجا، تەزووی خۆشی وردترین دەماری لەشی گرتبۆوە.. بێ ئاگایانە نامەکەی بەدەمی‌یەوە نا، چاوی نووقاندو بە جۆرێك ماچی دەکرد هەر ڕێك وەك دەستی لەگەردنی ئەو دابێ، لە خۆشیان دا خەو گرتی و کەوتە وڕێنە: «حەز لە خەون دەکەم، توانای خۆگریم نەماوە. باشە ئەی تۆ بۆ قسە ناکەیت؟ پێدەچێ تۆش گرەوت لەتەك خۆتدا کردبێ!.. بەڵام وامەزانە براوەیت، چونکە بەم چەند دێرەی نووسیوتە دۆڕاندت!!» دەنگی نەرمە پێکەنینەکەی خۆی، هێنایەوە دونیای ئەو کاتـەی.. گوێی کرایـەوە، گری‌یـەو قاوو قیژو سنگ کوتان پەردەی بیستنیان لەڕاندەوە. چاوی کردەوە، دیمەنی دوو سێ بەرگ خوێناوی‌یان شتەوە کە لاشەیەکیان هەڵگرتبوو بەرەو پیکابێك ملیان دەنا.. ڕەنگی پەڕی، هەر زوو ناسی‌یەوە، قریشکەیەکی لەدەم دەرچوو وکەوت، هۆشی نەما. ئاویان بەسەر چاویان پرژاند...

ـ بۆ دارهێنان چوو بوو، لوغمی پیادا تەقی‌یەوە، خوا ڕەحم بکات.. ماوە.. بەڵام پەنا بەخوا ئەم هیچ نی‌یە خوێن گرتوێتی، دێتەوە هۆش خۆی..

باوکی لەو قسـانەدا بوو کەئەم خەریك بوو بەئاگا دەهاتەوە، یەکەم وشە «ماوە» ی بەرگوێ کەوت.. هەناسە ساردی‌یەکەی خووی پێوە گرتبوو هەڵکێشا، دەستی بۆ سەری برد، وای هەست دەکرد پێوەی نەمابێ، یان لە قورسی‌دا بۆی هەڵنەبڕێ...

. ئیان

٢٥-٣٠ حوزەیرانی ١٩٩١

# ئەندامی وەرگیراو

لێژنەی ئەندام وەرگرتن کە بریتیە لەم ئەدیبانە
عبدالله سەراج، سعدالله پەرۆش، عبدالله جندی، کەمال غەمبار، کەریم شارەزا.

پاش چەندین کوبوونەوەی پێشنیاری وەرگرتنی ئەم ئەدیبانەیان کرد وەلەبەندی گشتی لەدوا کوبونەوەیدا بریاریدا بەئەندام وەرگیرێن وپیرۆزباییان لێدەکەین.

| ناوەکان | |
|---|---|
| ١- عادل حسن علی | دهوك |
| ٢- عارف جیتو عبدالرحمن | = |
| ٣- طیار سلیم کرمافی | = |
| ٤- حسن یوسف صوفی | = |
| ٥- سعید نعمان مبارک | = |
| ٦- حسن ابراهیم عبدالله | = |
| ٧- بحری رشید درویش | = |
| ٨- عبیدۆحجی اسماعیل | = |
| ٩- خالد صالح حسن | = |
| ١٠- حسن حجی حسن | = |
| ١١- مجید حسو مراد | = |
| ١٢- عبدالستار علی یاسین | = |
| ١٣- محسن عثمان عبدالله | = |
| ١٤- محمد عبدالله احمد | = |
| ١٥- هاشم محمد مصطفی | = |
| ١٦- محمد حسن بنافی | = |
| ١٧- عبدالوهاب خالد موسی | = |
| ١٨- عسلان هادی صالح | = |

هەواڵنامەی کتێب

١٩- دلدار حسين =
٢٠- معصوم ئەنوەر مائی =
٢١- زكی حسن عومەر =
٢٢- دكتور خيری نعمو علو =
٢٣- دخيل شمو الياس =
٢٤- همزه طاهر محمد =
٢٥- حاجی عبدالله محمد =
٢٦- جميل محمد انور =
٢٧- اسلام محمد عمر =
٢٨- احمد حسن احمد =
٢٩- ابراهيم رسول =
٣٠- اسماعيل احمد رشيد هەولێر
٣١- علی ابراهيم يعقوب =
٣٢- عبدالخالق عبدالكريم =
٣٣- مجيد علی رحمن =
٣٤- نجاه عبدالله =
٣٥- مدحی مندلاوی =
٣٦- زادوق ادم =
٣٧- شوان عثمان =
٣٨- عبدالمطلب عبدالله =
٣٩- ئاسو رشيد =
٤٠- شورش عزيز محمد =
٤١- سلام قادر حمد =
٤٢- محمد حسين طه =
٤٣- محمد فتح الله =
٤٤- احمد محمدامين قادر حيران =
٤٥- فاتح حەمەشين خورشيد =
٤٦- كازم عبدالله توفيق =
٤٧- داود محمد شرول =
٤٨- محمد عبدالجبار رمضان =

| | |
|---|---|
| ٤٩- عبدالرحمن کاکل عبدالله | = |
| ٥٠- هاشم علی عزیز | = |
| ٥١- حسن مولود جاستانی | = |
| ٥٢- عبدالواحد عزیز پیرداود | = |
| ٥٣- نورالدین انور بوتانی | = |
| ٥٤- مدیحه صابر صوفی | = |
| ٥٦- جبار جمال غریب | = |
| ٥٧- قوباد صابر ابراهیم | = |
| ٥٨- کوکب هەورامی | سلیمانی |
| ٥٩- سیروان هەورامی | = |
| ٦٠- غریب رووف رشید | = |
| ٦١- صابر حمە علی | = |
| ٦٢- عمر حسن دەولەت | = |
| ٦٣- یونس غەمبار | = |
| ٦٤- سەردار محمد عەزیز | = |
| ٦٥- هەورامان محمد رشید | = |
| ٦٦- شازاد انور رسول | = |
| ٦٧- احمد رسید محمد | = |
| ٦٨- اسماعیل عبدالرحمن | = |
| ٦٩- همزه حسن عبدالله | = |
| ٧٠- عبدالرحمن قادر غفور | = |
| ٧١- عمر نورالدین | = |
| ٧٢- بختیار بازیانی | = |
| ٧٣- فاروق فتاح احمد | = |
| ٧٤- صلاحالدین حسن پالەوان | کەرکوک |
| ٧٥- فخرالدین نصرالدین گەرمیانی | = |
| ٧٦- ئاوات محمدامین | = |
| ٧٧- ئاوات کامل | - |
| ٧٨- کوردو کاروان | = |
| ٧٩- بەختیار عەلی | سلیمانی |

هەواڵنامەی کتێب

٨٠- علی محمد صالح فتاح =
٨١- سعید علی رشید ع . ع شادمان =
٨٢- ئاوات کامل =
٨٣- عائشه میرزا عبدالله =
٨٤- طارق رشید نادر =
٨٥- ئومید کاکه رەش =
٨٦- عبدالخالق احمد قەرەداخی =
٨٧- بکر حسن قادر =
٨٨- سەلاح محمد مجید =
٨٩- اسماعیل محمدامین =
٩٠- حمەتوفیق محمد علی =
٩١- فائق عمر توفیق =
٩٢- محمد قادر محیالدین =
٩٣- قاسم سابیـــر =
٩٤- گوران بابه عەلی =
٩٥ - محمد جواد مستەفا =
٩٦ - دکتور یاسین کریم =
٩٧ - یوسف عزالدین =
٩٨- ئەحمەد حەسەن مەعروف =
٩٩- ریبوار ئیدریس حەسەن =

١ - تکا دەکەین لە لقەکان ئابوونەی سالانەو ئابونەی ناسنامەیان لێ وەرگرن هەر یەکەو دوو وێنە بنێرن بۆ مەلبەندی گشتی.
٢ - ئەو برایانەی کە وەرنەگیراون تکایان لێدەکەین بەرهەم بنێرن وئەم ناوانەن

| | |
|---|---|
| ١ - ادریس ابراهیم سرحان | دهوك |
| ٢ - سعید تحسین سعید | دهوك |
| ٣ - لوەند سعدی اسماعیل | دهوك |

| | |
|---|---|
| ٤ ـ شيخ موسىٰ احمد ديوالى | دهوك |
| ٥ ـ احسان سليم احمد باجلورى | دهوك |
| ٦ ـ عبدالله سليمان عبو | دهوك |
| ٧ ـ ميران فرج عبدال | دهوك |
| ٨ ـ فايق على ايبو | دهوك |
| ٩ ـ يحيا محمد عبدالله | هەولێر |
| ١٠ ـ جەزا طالب توفيق | سلێمانی |
| ١١ ـ گوهدار فتحى معصوم محمد على | هەولێر |
| ١٢ ـ غربت فتاح عبدالله | هەولێر |
| ١٣ ـ طاهر رحمن ابابكر | هەولێر |
| ١٤ ـ سەرباز مجيد عمر | هەولێر |
| ١٥ ـ سەردار مەردان | هەولێر |
| ١٦ ـ قادر حاجى عەزيز | سلێمانی |
| ١٧ ـ ئاوات حسن امين | سلێمانی |
| ١٨ ـ قاسم صابر مصطفى | هەولێر |
| ١٩ ـ خدر ابراهيم خدر | هەولێر |

هەواڵنامەی کتێب



Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Bibliotek • Kurdish Library

**یەکێتی نوسەرانی کورد**
**اتحاد الأدباء الاکراد**
**UNION OF THE KURDISH WRITERS**

ژ / —
رۆژ ١٤/٢/١٩٩٦

بۆ / مەلبەندی رۆشنبیری کوردی ــ لەندەن

رێز و سڵاو وخۆشەویستیمان

پڕ بە دڵ سوپاستان دەکەین . یارمەتیەکەی ئێوە نەبا ئەم دوو ژمارەی
نووسەری کورد ڕۆشنایی نەدەبینی بۆ ئاگاداریتان لقی کەرکوك و لقــی
هەولێری یەکێتیەکەمان هەزار دۆلارەکەیان گەراندەوە بۆ مەلبەن[illegible]
تا گۆڤارەکەمان چاپ بکەین . لقی سلیمانی هەزار دۆلارەکەیان [illegible]ش
کردە سەر ئەندامەکانیان . لقی دهۆك وەعدیان داوە بیگەڕێننەوە بەلام
تا ئێستا نەیانگەراندووەتەوە .
دوبارە سوپاستان دەکەین . لەگەل ئەم نووسراوەدا (٢٠ د[illegible] نووسەری
ژمارە (١ ــ ٢ ) و ( ٢٠ دانە لە نووسەری ژمارە ( ٣ ــ ٤ ) تان بــۆ
دەنێرین . بۆ ئاگاداریتان ژمارە (٥ ــ ٦ ) نووسەر تەنزید [illegible]ەی
پلێت وکاغەز وکەرەسەکانی دیی چاپکردنیمان نیە چونکە لە[illegible] مانگی
چواری ئەمسالەوە لە هیچ لایەنێکەوە یارمەتی نەدراوین

یەکێتی نووسەرانی کورد

Kurdish WriterUnion



Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket • Kurdish Library